# ئاش و ئەنفال

## بەرگی دووهەمی پەرتوکی سێبەری شمشێرەکان

نوسینی: چێنەر

چاپی سێهەم
بەهاری ٢٧١٦ کوردی

**سوپاسنامە**

زۆر سوپاسی سێ هاوڕێی دڵسۆزم دەکەم بۆ ئەو ئەرکە قورسەی خستیانە سەرشانی خۆیان بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و چاپکردنی بەرگی دووهەمی سێبەری شمشێرەکان بە ناوی ئاش و ئەنفال. بێگومان گەیاندنی بەچاپ و دەستی خوێنەر ئەرکێکی قورسە مایەی پێ زانینە بەقەد نرخی ماندوبوونەکەم ڕەنگدانەوەی ماندوبوونیان پێوە دیارە، کە هەوڵیاندا بە زووترین کات ئەم کتێبە بگاتە دەستی خوێنەر. لەگەڵ ئەو بەڕێزەی وێنەی بەرگی کتێبەکەمی کێشا، دووبارە سوپاسیان دەکەم.

هەروەها سوپاسی هاوبیر و هاوڕێ و هاوسەرم دەکەم هاوکاریەکی زۆری کردم، پاڵپشت و هێزی دەرونم بوو، ڕێنماییەکی زۆری کردم لە کاتی بەشداری کردن و خوێندنەوە و بەسەرداچوونەوەی. بێگومان هەڵسەنگاندنی شیکار و بۆچوونەکانم ئەرکێکی ویژدانی و مێژویی بوو. بۆیە زۆر بە هەستیارانەوە لەگەڵ بابەتەکان دەجوڵایەوە و هەرگیز ئەقڵی دەرگای بۆ سۆز نەدەکردەوە. ئەمەش ئەرکێکی قورسە چونکە ئەو مێژوە خوێناویە دەخوێنیەوە و شیکاری دەکەی زۆر جار سۆز لە دەرگای ئەقڵ دزە دەکات و هاوسەنگی تێکدەدات. بەڵام هاوسەرەکەم لەوە زۆر سەرکەوتووبوو و دەستخۆشی لێ دەکەم چونکە زۆرجار لە سنوری ئارامی دەردەچوم ئەو پەرژینێکی قایمتری بۆ دائەنام تاوەکو قەلەمەکەم بە ویژدانەوە لەسەر پەڕەی مێژو بچەقێ. بۆیە ئەو پەرتوکە بە ڕق و قینێکەوە نەنوسراوە تەنها مێژوێکە و وەک خۆی نوسراوەتەوە هەرچەندە بابەتی هەستیاری تێدا باس کراوە بەڵام بۆ تانە نەوروژاندراوە. خوێنەر خۆی دادپەروەرە و ئەقڵی خۆی ڕێگا نیشاندەرە. ئەوەی لەسەرم بوو ئەرکێکی زۆرم لەسەر شانی خوێنەر سوککرد ئەگەر ئەو دەرفەتی ئەوەی نەبووە بەسەر ئەو هەموو سەرچاوانە دابڕوات من هەمویم بۆ ئاسان کرد و دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بەسەریان دابچێتەوە. من نەهێنیەکانم بۆ خستە ناو پەرتوکێکی کراوە ئەوەی باس نەکرابوو من باسم کرد، ئەوەی شیکار نەکرابوو من شیکارم کرد. خوێنەریش خۆی خاوەن بڕیارە من ناتوانم ئەقڵی بکەم بە ئەقڵی خۆم نە زمانی بکەم بە زمانی خۆم.

چێنەر

**پێشەکی چاپی یەکەم و دووهەم**
ئەم کتێبە بەرگی دووهەمی 'سێبەری شمشێرەکان'ە، تەواوکەری خوێن و لافاوەکانە، دەستپێکردنی ئەنفالەکانە، هێرشبەری سەر شارستانیەتیەکانە، زیندوبوونەوەی باوکی هەتیوەکانە، ناسینەوەی خاکی باپیرانە، کردنەوەی گرێکوێرەکانە.
خوێنەری ئازیز: ناوم لەم کتێبە نا 'ئاش و ئەنفال' چونکە دوو وشەیە ئەبێ هەتا ڕۆڵەی نەوەی زاگرۆس مابێت نابێ ئەو دوو ناوە لە بیربکات. کام ئاش و کام ئەنفال؟ چاوێک بەم کتێبە دابخشێنە باوکی ڕاستەقینە و ئاشە بە خوێن گێڕەکان و ئەنفالی یەکەم بناسە! بۆ ڕێزلێنانیان بوو بۆیە ئەو ناوەم لێنا. بەقەد ژمارەی ڕۆڵەی میدیەکان ستایش لە ئێوە ئەی ئەنفالکراوەکانی نەوەی میدیەکان. بەقەد هەموو نرخەکانی تەکنۆلجیای ئیمڕۆ ستایش لە تۆ ئەی بابەگەورەی میدی کە تۆ بیرمەند و زانای بەبلیمەتی بیرکاری و فیزیک بوو، دروستکەری ئاش و تۆڵەسێنی ئەنفالەکان بویت. بەقەد وشە بە نرخەکانی ئاڤێستا ستایش لە گیانی پاکی ئەنفالکراوەکان و بابە گەورەی کوردان.
کاتێک سێبەرەی شمشێرەکان و پەرستگا سوتاوەکانی دایکی شارستانیەت بە ڕوخاوی ئەبینم، کۆت و زنجیر لە ملی گەردوون ئەبینم. کێ هەیە وەک ئێمە هاوژین بووبێ لە گەڵ نەتەوەکانی تری بێگانە؟ کێ هەیە وەک ئێمە ئاشتیخوازبووبێ لەسەر ئەم ئەرزە؟ کێ هەیە بەقەد ئێمە هەوڵی کۆمەڵکوژی لەسەر کرابێ؟ کێ هەیە بەقەد ئێمە خۆڕاگر بووبێ لەگەڵ ئەو هەموو ستەمکارانەی دونیای تاریکی؟! هەر ئێمەین خۆڕاگرین بەرامبەر دونیای تاریکی چونکە خۆر لەسەر دەستی ڕاستەمانە و ئاگری پیرۆز لەسەر دەستی چەپەماندایە و ئەستێرەکان لەسەر تۆقەلەی سەرماندایە.
ئاهورامەزداش سەرووی هەموو دونیای سروشتی ڕوناکی.
هەتا یەک مۆم لەسەر شاخی زاگرۆس مابێت ئاگری ئێمە ناکوژێتەوە. هەتا یەک ئەستێرە لە ئاسمان بەشەو مابێت خۆرمان لێ ون نابێت. هەتا یەک پێنوس مابێت ڕووی ئەهریمەن هەر لە تاریکی دەبێت و ڕوناکی تاونادات. هەتا یەک دڵۆپە خوێن لە دڵی ئێمە مابێت هزری میدی لەناوناچێت. لەسەر ئەو هەموو ستەمکاریەی لەگەڵ ئێمە کرا هێشتا پەڕەکانی ئاشتی لە ئاڤێستا لای ئێمە نەدڕاوە و بە شمشێر سورنەکراوە، لەسەر ئەو هەموو ستەمکاریەی لەگەڵ ئێمە کراوە هێشتاش سنوری دڵ و ویژدان

نەپچراوە، ویژدان و پێنوس لە جێگای شمشێر لە لەپی دەستمان هەڵگیراوە، ژین و ژیان بۆ دۆژمنیشمان ڕەوا کراوە.
ئەم پەرتوکە لە حەوت بەش پێکهاتوە بەشی یەکەم لەسەر ژیان و فەرمانرەوایەتی خەلیفەی یەکەمە. بەشی دووهەم کورتکراوەی پەرتوکێکی خوێنەری بەرگی یەکەممە، ئەو بەڕێزە پێش ئەوەی چاپی بکات بۆ منی نارد و منیش لەسەر ڕەزامەندی خۆی لە کتێبەکەم بڵاوم کردەوە. ئەوەی ڕاستی بێت بیروبۆچونەکانی لەگەڵ بابەتەکانی من یەکیدەگرتەوە هەر بۆیە ئ ەو بەشەم بە پێویست زانی بخرێتە ناو ئەم پەرتوکەم چونکە ئەنفالەکانی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدون و ئەمەویەکان لەسەر نەتەوەی کورد بووە. هەندێک لە هێزی ئیسلامی سیاسی ئیمڕۆ دەیانەوێ مێژوی ئیسلام چەواشە بکەن پێش چەواشەکردنی مێژوی کورد؛ پروپاگەندەیەکیان بڵاوکردۆتەوە کە گوایا کورد بە ئاشتی بۆتە ئیسلام بۆیە بە پێویستم زانی ئەو ڕاستیە بۆ خوێنەران ڕوونکەمەوە بەڵکو ئەنفال و زۆرەملێیی لەسەر نەتەوەی کورد بووە نەوەک فارس.
بەشی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەسەر خەلیفەکانی عومەر و عوسمان و عەلی و حەسەنە. بەشی هەوتەم لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و سوننەیە.
لە کۆتایدا داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەرگی یەکەمی ئەو پەرتوکە دەکەم زۆر بە دڕەنگی پەرتوکەکەیان کەوتە دەست.

چێنەر
سویسرا
بەهاری ٢٧١٢ کوردی
chenar.med@facebook.com
cheanr_med@yahoo.co.uk

**ڕوون کردنەوەیەک:**

خوێنەر ئازیز، بە درێژای مێژوو خوڵ کراوەتە چاوی کورد، پێمان دەڵێن ساسانیەکان فارس بوون، کورد هیچ کاتێک دەوڵەتێکی نەبووە بەناوی کوردستان هەمیشە چەوساوەی ژێر دەستی فارس و ڕۆمەکان بووە، بۆیە لە کاتی هاتنی لەشکری ئیسلام کورد بە خۆشی خۆی بۆتە موسلمان تاوەکو لە ژێر زەبروزەنگی فارس و ڕۆم ڕزگاری بێت. لە دوو چاپی ڕابوردودا بەشێکی زۆرم تەرخان کرد بەوەی کە کورد مێژوویەکی دێرینی هەبووە و ساسانەکان کورد بوون. بەڵام لەم چاپەدا لام برد تاوەکو قەبارەی کتێبەکەم کەم بکەمەوە و هەروەها خوێنەریش بیری تێکەڵ نەبێ لە دوو بابەتی جیاوازدا. ئەو کتێبە تایبەتە بە سەردەمی ڕاشیدین و ئەو بەشەی کە لام برد تایبەت بوو بە مێژووی کورد. بە پێویستم زانی ئاماژە بەوە بکەم کە ساسانیەکان نەتەوە نەبوون بەلکو دەسەڵاتدارێک بوون ئیمبراتۆریەتەکەیان بەڕێوە دەبرد وە هیچ میللەتێکیش بەقەت ڕێژەی میللەتی کورد زیاتر بووە.

ساسانیەکانیش ناوەکەیان لە ساسان هاتووە، ساسان مۆغێکی زەردەشتی بووە کە نەوەی ماد بووە. بۆیە هەم دەسەڵات و هەم ئیمبراتۆریەتەکە کوردی بووە. بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتە شارەزا بین تکایە بگەرێنەوە بۆ سەرچاوە مێژوویەکان.

بۆچی ئەو چەواشەکاریە کراوە کە کورد هیچ مافێکی نەبووە لەناو ئیمبراتۆریەتی ساسانی یاخود ساسانیەکان فارس بوون؟ دوو تەوەری سەرەکی هەیە لە مێژودا بە جوانی شیتەڵ نەکراوە یاخود فەرهەنگ و کەلتور بە تەواوی بۆ مێژو هەڵنەسەنگێندراوە. بابەتە مێژوییەکان لەسەر زاری خەڵک گوزارشت بووە لە هەمان کاتدا زانستی ئاسەوارناسەکان زۆر جار لەسەر بەردەنەخشکراوەکان و نوسینە هەڵکۆڵراوەکان بۆتە پاڵپشتی مێژوە گێڕراوەکان یان ڕەتکردنەوەی. هیچ کاتێک ویژدان و لۆجیک و فەرهەنگی زیندو بایەخی پێ نەدراوە.

نوسینە هەلکۆڵراوەکانی سەربەرد و مەڕمەڕی کۆشک و سەرای پاشاکان واقیعەتی مێژوی ڕاستی ناسەلمێنن. لە هەموو سەردەمێک خەڵک و دەستنوسەکان بە باڵوشانی پاشاکانیان هەڵداوە یان بە فەرمانی پاشاکان نوسینەکان هەڵکەندراوە. ئەوەی نوسرا لەسەر کۆشکی زوکسیس مەرج نییە بەرخودان و ویژدانی ناخی بێت.

ئەوەی لەسەر بەردەکان و کۆشک و سەرای کورش نوسراوە مەرج نییە ڕاستی هەبێ لە مێژودا. گێڕانەوەی مێژوش یان نوسینی لە کۆشک و دیوانی پاشاکان تۆمار کراوە. لە مێژودا چاپخانە نەبووە تا نوسەران زۆر بن و پەرتوک بە ئارەزوی خۆیان

چاپبکەن، بۆ کتێبێک هەزارانی لێ چاپکرابێ و کەوتبێتە دەستی خەڵکی ئەو سەردەمە و ئیمڕۆش لە ژێر خاکدا بیان دۆزینەوە. ئەوەی هەبووە یەک یان دووان لە کۆشک هەبووە.

سەربازەکان ئەنجامی شەڕیان بەدەستهێناوە، جەنەڕاڵەکان تاکتیکی شەڕیان داناوە، پاشاکانیش سەرکەوتنەکەی بۆ نوسراوە.

بەڵام یاساکانی پێغەمبەران لەسەر بەردەکان کە هەڵکێندراوە یان لەناو پەرتوک نوسراوە جێگای شانازین چونکە زۆر لە پێغەمبەران لەگەڵ چینی ژێردەستە بوون، ئەکرێ یاساکان و فەرمان و ڕێنمایەکان ناخی دەرونیان بێت بەڵام ئەستەمە بۆ پاشاکان جێگای بڕوا بێت.

لەسەردەمی ساسانیەکانیش هیچ نوسراوێک نییە باسی ئەوە بکات کە ساسان فارس بووبێ، بەڵام کە دەسەڵاتی عەرەبی و فارسی لە پاش ئیسلام دەسەڵاتی وەرگرت ئیتر ساسانیەکان بوون بە فارس.

کەوابوو چی لە مێژو وەردەگیرێ، ئەوەی لێ وەردەگیرێ ئیمڕۆ دەیبینین. ئیمڕۆ دەتوانێ دوێنێ زۆر بە ئاسانی بخوێنێتەوە. ئەو فەرهەنگ و ناسنامە و کەلتورەی ئیمڕۆ کورد هەیەتی دەتوانرێت دوێنێ و هەزار ساڵی تریشی پێ بخوێندرێتەوە. ئەو مێژوەی لەسەر ئیسلام نوسرا لە واقیعیەتی ئیمڕۆ دەیبینین. ئەو یاسایانەی لەژێر سێبەری ئەڵڵادا کە خەڵکی پێ سەردەبڕدرێت مەحاڵە لە ڕابوردوودا واقیعیەتی نەبووبێ. ناکرێ مێژوێکی درۆ لە ڕابوردوودا لەسەر ئیسلام نوسرابێ واقیعیەتی زیندوی ئیمڕۆی پێ دروستکرابێ. ئەو بەرخودانەی ئیمڕۆ لە کورد و فەرهەنگ و ناسنامەی دەیبینین مەحاڵە لە ڕابوردوودا بوونی نەبووبێ. چونکە ئەگەر بەرخودان و خۆ ڕاگری نەبوایە ئەوا ئیمڕۆ کورد نە دەبوو. ئەوەیە هەڵەی مێژو واقیعیەت هەڵناسەنگێندرێت چونکە ململانەی ویژدان لە ناخی خویدا نوسەری یەکلایی کردۆتەوە بەلای چەوتیەکەیدا.

ئەو واقیعەتە ئێستا دەیبینین لە پاش ئەو هەموو پڕوپاگەندەیە ئیسلام دەیکات لە ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامە و سایتە ئەلیکترۆنیەکان، هێشتا کورد لە ئیسلام تێ نەگەیشتوە لە کاتێکدا لە زۆربەی شوێندا کورد بە عەرەبی خویندویەتی. ئەی کاتی خۆی عەرەب بە زەبری شمشێر هاتن بۆ کوردستان چەند کەس عەرەبی زانیووە؟ ئیمڕۆ دەبینین کورد ئەو ئاینەی لە مێشکی چەسپیوە، بە دەگمەن بە دوای ڕاستی

ئیسلام و مێژوەکەیدا دەگەڕێ تا هەڵگەڕێتەوە مەحاڵە لە ڕابوردوودا کە ئاینی زەردەشتی لە مێشکیدا چەسپیو بووە بە ئاسانی تەسلیمی ئیسلام بووبێ. ئەگەر جەنگ ملکەچی نەکردبێ. کەواتە تەنها شمشێر بووە بۆ ئیسلام بوونی نەوەک بە دەعوا بووبێتە ئیسلام. ئەو تیۆرە یەکلایی کەرەوەیە لەلای من لە کاتێکدا مێژوی خۆشیان هەر وا دەڵێ کەواتە من ئەو برگە لە مێژوی ئەوان وەردەگرم. نەوەک کەسێکی وەک ئەمین زەکی بەگ دەڵێت کورد بە ئاشتی لەسەردەمی پەیامبەر بۆتە موسوڵمان لە کاتێکدا هیچ کتێبێکی مێژوی ئیسلام باس لەو قسەی زەکی ناکات تەنانەت ئەو هەرچی سەرچاوەیە فەرامۆشی کردوە نازانم بۆچ 'جاحظ'ی هەڵبژاردوە کە دەڵێت پەیامبەر لە ڕێگای 'گاوان'ی هاوڕێی کوردی کردوە بە موسوڵمان.
دەیان بەڵگە و شیکاری لە چاپی یەکەم و دووهەم خرایە بەر چاوی خوێنەر کورد میللەتێکی زیندوە بە درێژایی مێژو ناوی ون نەبووە بەڵام لە قۆناغەکاندا ناوی بە جۆراوجۆر هاتووە و ساسانیەکان خێزانێکی کورد بوون و دانیشتوانی خاکەکەش زیاتر کورد بووە نەوەک فارس. لەم پەرتوکەدا چەند ناوێکت بەرچاو دەکەوێ دەبێ بزانێ مەبەستمان لە چییە:
**ساسان مەبەست لە دەوڵەتی کوردە نەوەک فارس.**
**ئێران واتە ناوچەی ئێرانی ئیمڕۆیە چونکە لە رابوردوودا ناوی ئێران نەبووە. لەبەر ئەوەی لە هەندێک دەق بە ئێران نوسراوە بۆیە وشەکەم وەک خۆی بەکارهێناوە ئەگینا لە بنەڕەتدا نابێ بنوسرێ.**
**زاگرۆس واتە ڕۆڵە بنەڕەتیەکانی شارستانیەتی زاگرۆسی کە لەو شاخەوە دەیان تیرەی بەهێزی لێ پەیدا بوو.**
**مەبەست لە مید یان مێد، میدیەکانە کە نەوەی زاگرۆسیەکانن.**
**عێراق مەبەست لە میزۆپۆتامیایی سەرو و خوارو.**
ئەوەی لە مێژودا باس کراوە ساسانیەکان فارس بوون ئەوا هەڵەیکی مێژوییە دەبێ ڕاستبکرێتەوە بە فەرمی و بە جیهان بناسرێت. ئەو باجەی سەبارت بە ئەنفال دەبێ بدرێتەوە کورد هەروەک چۆن ئەلمانیا باجی هۆلۆکۆست دەداتە جولەکە ئێمەش دەبی باجی ئەو ئەنفالەی سەردەمی عومەر و هاتنی ئیسلام لێیان وەربگرینەوە ئەگەر سعودیە خۆی بە خاوەن ئیسلام و عومەر دادەنێت.

لە کاتێکدا یەهودیەکانیان لە هۆلۆکۆست دەسوتاند و ئەڵمانیا لەو پەڕی بەهێزیدا بوو لەوانەیە جولەکەیەک وتبێتی ڕۆژێک دێت دەبێ باجی سوتاندنمان بدەنە نەوەکانمان خەڵک بە قسەکانی پێکەنیبێت. بۆیە ئێستاش لەوانەیە کوردێکی بێ هیوا گاڵتە بەو باجە بکات نەزانێت ڕۆژێک دێت ئیسلام باجەکە دەدات و بە ملکەچی (حتی یعطوا الجزیة عن ید وهم صاغرون).

**١. خەلیفەکانی ڕاشیدون ' الخلفاء الراشدون'**

لە سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدون گۆڕانکاریەکی خێرا بەسەر جیهاندا هات، مێژوی دوو شارستانیەت بۆ ماوەی چەند ساڵێک توشی سڕبوون بوو، بەڵام خانە زیندوەکانی دایک و داپیرانیانی  ئەو دوو شارستانیەتە لە ناو جەستەی نەوەکانی داهاتوویان هەر بە گەشاوەیی مایەوە سەر لەنوێ شارستانیەت زیندوو بۆوە بەڵام مەخابن ئەو شارستانیەتە بەناوی عەرەب و ئیسلام ڕۆیشت. ئەوەی زانا بوو ناوەکەی عەرەبی بوو بوو بە عەرەب و مۆرکی ئیسلامی لێدرا.

هۆی ئەو شکستیە چی بوو  عەرەب دوو شارستانیەتی لەناو برد؟ هۆکار زۆرن و لەم کتێبە ڕوونکردنەوەی زۆرم داوە، هەندێ لەو هۆکارانە برسیەتی عەرەبی بیابان بوو، هەروەها ناکۆکی و شەڕی نێوان دوو زلهێزی دوونیای ئەو کاتە بە ناوی  ڕۆم و ساسان کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەردووکلای ماندوو کردبوو، لەوانەیە ئەو دوو خاڵە ڕای زۆر کەس بێت بەڵام چەندین هۆکاری تریش هەیە باس نەکراوە بە ئومێدی ئەوە بتوانین لەو پەرتوکەدا ڕوونکردنەوەیەکی لۆجیکی بخەینە بەر دەستی خوێنەر.

پەیامبەری ئیسلام ژیر و زانا بوو دونیا و ئاخیرەی دا بە موسوڵمانانی عەرەب. ئەنفال و تاڵان و کەنیزەکی لە دونیا بۆ حەڵاڵ کردن لەهەمان کاتدا بەهەشتیشی بۆ مسۆگەر کردن. کەواتە هێرشبەر زەرەرمەند نابێ نەکوژرێ بەهەشتی لەسەر دونیا کڕیوە ئەگەر بشکوژرێت ئەوا بەهەشتی بۆ ئامادەکراوە.

بەپێی سەرچاوەکانی ئیسلام وەک لە طبری هاتووە ئەگەر  شارستانیەت و ناوچەی بە پیتی ئێمە لەگەڵ شام نەبوایە ئەوا عەرەب لە سەردەمی هەژدەی کۆچی واتە لە ٦٣٩ی زاینی لەناوئەچوون و لەسەر ئەرز ڕەش ئەبونەوە، بە بەڵگەی ئەوە کاتێک دورگەی عەرەبی توشی قەیرانی برسیەتی بوو، خەڵکانێکی زۆر بە برسیەتی لەناوچون. خەلیفەی دووهەم 'عومەری کوڕی خەتاب' نامەی نارد بۆ سەردارانی عەرەب کە ئەو کاتە ناوچەکانی میزۆپۆتامیا و شامیان گرتبوو تاوەکو هاوکاریان بکەن. 'عمری کوڕی عاص' نامەیەک بۆ خەلیفە دەنێرت و دەڵێت من کاروانێکت بۆ دەنێرم کە سەرەکەی لای من بێت و سەرەکەی تری لا تۆ بێت، هیوا دەخوازم ڕێگایەکی ئاوی بدۆزمەوە تاوەکو بۆتان بنێرم. هەربۆیە کۆمەکی سەرەتایی بریتی دەبێت لە هەزار باری حوشتر، لە ڕێگای ئاودا  ٢٠ پاپۆڕی پڕ لە ئارد و ڕۆن لەگەڵ

هەزار پۆشاک بۆ خەلیفە دەنێرێت. طبري دەڵێت یەکەم کۆمەک کۆمەکی 'عوبیدەی کوڕی جەراح' بوو کە چوار هەزار بار بوو. 'معاویەی کوڕی سوفیان' باری سێهەزار حوشتری نارد، لە عێڕاقیش باری هەزار حوشتر ئارد ناردرا. [1] پرسیار و هەزارجار پرسیار، ئایا ئەمە قوتی کێ بوو کرا بە زاری عارەبان. ئەبێ هەتا ماون عەرەب ستایشی جوتیارەکانی بابوباپیرانی کورد بن. ئەوان بوون ڕەنجیان کێشا و لە **ئاشی** کوردان گەنم و جۆیان بۆ هاڕین و عارەبیان ڕزگار کرد. ئەوانیش لە بڕی ئەودا کەللەسەری بابوباپیرانی کوردیان هاڕی و کردیان بە خۆراکی ئایەتەکانی قورئان. پەیامبەری ئیسلام هانی خەڵکی برسی دەدا بۆ جیهاد تاوەکو خێراتر هێرش بکەن، خۆی ئەیزانی میللەتی خۆی چۆن ڕازی بکات و خاڵی لاوازیان بگرێت، چاو برسیەتی عەرەب بەڕاستی ئەبوایە هەر بە شتومەک چاویان بنوسێندرێت. لە کاتێکدا پەیامبەر دەیویست هۆزەکان بکات بە ئیسلام و ڕازی نەدەبوون، ئەو بە ژن و سامانی دوونیای ڕازی دەکردن هەرچەندە هەموو هۆزەکان ڕازی نەبوون تەنها دوو هۆز نەبێ، مێژوی ئیسلام پێمان دەڵێ کاتێک پەیامبەر چوو بۆ لای هۆزێک دەیوست ڕازیان بکات وتی ( پێم بلێن! ئەگەر لە ماوەی کەمێکی تردا، ئەڵڵا خاک و سامانیان بخاتە ژێر دەستتان، ژنەکانیان لەماڵەوە جێگاتان بۆ ئامادە بکەن، ئاخۆ ستایشی ئەڵڵا دەکەن و بە پاک و بێگەردی دادەنێن؟ أرأيتم إن لم تلبثوا إلا قليلا حتى يورثكم الله أرضهم وأموالهم ويفرشكم نساءهم أتسبحون الله وتقدسونه).[2]

هەر لەهەمان سەرچاوەدا بۆ جارێکی تر کە خۆی پێشکەش بە تیرەکانی عەرەبی دەکات کە بڕوای پێ بهێنن پێیان دەڵێ ئێوە پارێزگاریتان لەگەڵ فارسەکان چۆنە، ئەوانیش دەڵێن نە پارێزگاریان لێ دەکەین و نەپارێزگاریمان لێ دەکەن پەیامبەریش دەڵێ: ئەڵڵا بکەن بە باڵادەستی (ڕەهەندی) خۆتان، ئەو ئەتان پارێزێ تا ئەو ڕۆژەی دەست دەگرن بەسەر ماڵەکانیاندا، ژنەکانیان........ کوڕەکانیان کۆیلە دەکەن، ئینجا ستایشی ئەڵڵا بکەن سێ جار و سی جار، بێگەردی بکەن سێ جار و سی جار، گەورەی بکەن چوار جار و سی جار، پێیان وت تۆ کێی وتی من پەیامبەری ئەڵڵام. فتجعلون لله عليكم إن هو أبقاكم حتى تنزلوا منازلهم، وتستنكحوا نساءهم، وتستعبدوا أبناءهم

[1] تأريخ الطبري ج ٤ ل ٢٦١ ـ ٢٦٤// الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٣٩٥
[2] الروض الانف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، عرض الرسول نفسه على العرب في المواسم، ج ٤ ل ٣٨ // البداية و النهاية، ج ٣ ل ١٧٦

أن تسبحوا الله ثلاثا وثلاثين، وتحمدوه ثلاثا وثلاثين، وتكبروه أربعا وثلاثين " قالوا ومن أنت ؟ قال أنا رسول الله.[3]

بەڕاستی هەرواش دەرچوو چونکە هاندەریان زۆر بە هێز بوو، تالانیەکانی سەر ناوچەی میزۆپۆتامیا لەچاو سامانی ئەو کاتەدا بێ سنور بوو، زەویەکانی کیسرا کە دەستی بەسەردا گیرا بریتی بوو لە ٣٦٠٠ باڵی چوار گۆشە، زەویەکەی بە فەرشی زێر و نەقش ونیگار ڕازاندرابۆوە. گەلاکانی ئاوریشم بوون، نرخەکەی بە ٢٠٠٠٠٠ درهەم فرۆشرا. غەنیمەیەکی زۆریان لە جەلەولا بەدەستکەوت کە پێنجیەکی بریتی بوو لە پێنج ملیون درهەم. دەغلو دانەکانی گەیشتە ٧ ملیون درهەم. ئەو تالانیە قوتی کێ بوو؟ عەرەب دەڵێن قوتی ئەو خەڵکە بوو دەسەلاتدارانی فارس بۆ خۆیان بردبوو خەڵکەکەش برسی بوون بۆیە پێشوازیان لە ئێمە کرد تاوەکو ڕزگاریان بکەین؟

ئەگەر وابێت بۆچ پیاوەکانتان کوشت و منداڵ و ژنانتان بردن؟ بۆچ بە لەقە دەرگاکانتان شکاندو قوتی مندالانتان دزی؟ ئەگەر ئێوە ڕزگارکەربان ئاشتیتان بەرقەرار ئەکرد؟ ئەگەر میللەتەکە لەگەڵ ئێوە بایە و ژێردەستی ئێوەی قبوڵ کردبا بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ لەگەڵ ئێوە نە دەجنگین تاوەکو ڕزگار بن. موسوڵمانی ئیمڕۆی سەر ئەو خاکە پرسیار ناکات چۆن ئەو کەنیزەکانەیان دەستکەوت. تۆ بڵێی جەنگاوەرانی موسوڵمانان جارِیان دابێ و ژنانیان کۆکردبێتەوە و گوتبیان. ئا ئەو تەرمە لە ژێر پێمانە هاوسەری کێیە با بێتە دەرێ و بیکەین بە کەنیز ەک. بە نێر منداڵەکانیان وتوە ئەو پیاوەی ژێر پێمان کە خوێنی لێ دەچۆرێ باوکی کێی تا بیبەین و بیەکین بە غولامی بیابان. وەک 'علی وەردەی'ش دەڵێ تۆ بڵێی جەنگاوەرانی موسوڵمان لە دەرگای مالانیان دابێ گوتبێتیان لە ڕاهی خودا کچەکانتان بە ئێمە بدەن.[4]

ئایا موسوڵمانی سەر ئەو خاکە بۆچ پرسیار ناکات بۆ جارێکیش بێت جورئەت بکات لەناو مێشکی خۆی ڕاوێژی بکات پێویست ناکات لە مەلایەک بپرسێ. هەر خۆت ڕاوێژی خۆت بکە!

## ١.١ ئەبوبەکری سدیق (أبوبكر الصديق) و كەسايەتی

[3] البداية و النهاية، ج ٣ ل ١٧١// لەسەرچاوەكەدا دەڵێ تستنكحوا نسائهم، واتە ژنەكانیان .... چونكە وشەی نكاح بە مانای ئەو وشە ناشیرنە دێت كە شیاو نییە بنوسرێ لە كتێب.
[4] واعیزەكانی سوڵتان، ل ٢٥٦


**ئەبوبەکر ناوی تەواوی بریتییە لە** ( عبدالله کوڕی عثمان کوڕی عامر کوڕی کعب کوڕی سعد کوڕی تیم کوڕی مرة کوڕی لوئی کوڕی قورەیش کوڕی تیمی) هەروەها چەند ناوێکی تریشی هەیە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم تاوەکو خوێنەر خۆی بڕیار بدات ئایا ئەو ناوانەی بۆی ئەشێت (العتیق-ڕزگار-، الصدیق-ڕاستگۆ-، الصاحب-هاوڕێ-)!

ناوی دایکی(سلمی کچی صخر کوڕی عمرو کوڕی کعب بن سعد کوڕی تیمی)بوو. واتە دایکی هاوسەری کوڕی مامی خۆی بووە بە پێی سەرچاوەی المعاریف لابن قتیبة[5]

بەڵام بە پێی سەرچاوەی طبراني [6] دایکی ئەبوبەکر هاوسەرگیری لەگەڵ مامی خۆی کردوە چونکە دەڵێ دایکی واتە سلمی کچی (صخر کوڕی عامر کوڕی عمرو کوڕی کعب)ە. سەیری داری خێزانی دایک و باوکی ئەبوبەکر بکە:

---

[5] المعاریف لابن قتیبة ل ١٦٨
[6] المعجم الكبير الطبراني ج ١ ل ٥١ ـ ٥٢




بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو بابەتە دەبێ 'یەکگرتنەوەی ئیسلامی جیهان' بە دوای سەرچاوەکان دابچنەوە و خۆیان شیاو و ناشیاو جیابکەنەوە. هەرچەندە زۆر ئەستەمە هەموو مەزهەبەکانی ئیسلام یەکبگرێتەوە و یاساوڕێسایەکی یەکگرتوی هەبێ.

**بە پێی مێژووەکان ئەبوبەکریش بتپەرست نەبووە** و بەدوای ئاینێکی تاکخوایی گەڕاوە وەک پەیامبەر. هەروەها 'سعد بن قیس بن عبادة' مێردی خوشکی بووە بە ناوی 'قریبة'، ئاماژەش بەوە دەکەن کە هاوڕێیەکی نزیکی بووە. لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەمان باسی 'سعد بن قیس بن عبادة'مان کرد یەکێک بووە لە کۆمەڵەی 'حنفاء'یەکان.

ئەبوبەکر پێش ئەوەی ببێتە موسوڵمان کاری بازرگانی لەگەڵ پەیامبەری ئیسلام دەکرد. بە هۆی ئەو بازرگانیەوە توانیویەتی تەواوی ناوچەکانی میزۆپۆتامیا شارەزا ببێت، هەروەها توانیویەتی پەیوەندیەکی بەتین پەیدا بکات لەگەڵ خاوەن ئاینەکان بە

تایبەتی مەسیحیەکان هەروەک هاوڕێیەتی زۆر لەوانەی دەکرد کە بڕوایان بە یەکتاپەرستی هەبوو هەروەک لە بەرگی یەکەمی کێبەکەمان ئاماژەمان پێدابوو.

**خاڵێکی تریش سەبارەت بە ئەبوبەکر** کەسێکی بە بلیمەت بووە لە ڕەچەڵەکناسین وەک مسلم ئەڵێ (...ئەبوبەکر شارەزاترین کەسە لە ناسینی ڕەچەڵەکی قوڕەیش.... **فَإِنَّ أَبَا بَكْرٍ أَعْلَمُ قُرَيْشٍ بِأَنْسَابِهَا.....)**[7]

**ئەبوبەکر خاڵی هاوبەشی لەگەڵ پەیامبەر هەبووە** وەک لەکاتی لاوازی ئەگەر سوکایەتی پێکرابا قبوڵی دەکرد بەڵام ئەو کاتە هێزی پەیدا کرد وەک پەیامبەر توندو تیژ بوو، کاتێک ئاینەکەیان ئاشکرا کرد بە نەعل و لێدان کەوتنە سەر گیانی ئەبوبەکر چونکە ئەمە قۆناغی مەککە بوو هەر سەرنەوی کردنی قەبول بوو بەڵام لە چەند پەڕێکی ئایندەدا ڕوون دەکرێتەوە ئەبوبەکر چەند توندو تیژ بووە، دیارە ئەم ڕەوشتە لە پەیامبەر بۆیان مابۆوە چونکە پەیامبەری ئیسلام جارێک زۆر بە خەستی لێیاندا تەنانەت بورایەوە بەڵام ئارامی گرت تا ئەو کاتە لە مەککە دەرچوو.
ژیانی ئەبوبەکر کە لەناو ژیانی پەیامبەردا ئەخوێنیەوە تەنها چەند جارێک دەردەکەوێ بەوەی کابرایەکی توندوتیژ بووبێ، لە 'أسماء'ی کچی ئەبوبەکر دەگێڕنەوە لەگەشتێکیدا بۆ حەج لەگەڵ پەیامبەری ئیسلام و باوکی و 'عائیشە'دا دەبن، أسماء دەڵێ: لەگەڵ پەیامبەری ئیسلام دەرچووین کاتێک گەیشتینە گوندی عەرج، پەیامبەر دادەنیشێ و عائیشە لە تەنیشتیدا دائەنیشێ و منیش لە تەنیشت ئەبوبەکر دانیشتم. بارەکەمان و بارەکەی ئەبوبەکر لای کۆیلەکەی ئەبوبەکر بوو، کاتێک کۆیلەکەی دەرکەوت حوشترەکەی لەگەڵ نەبوو. ئەبوبەکر وتی کوا حوشترەکە ئەویش دەڵێ دوێنی بزرم کرد. ئەویش دەڵێ یەک حوشترت پێ بوو بزرت کرد، ئەویش دەست دەکات بە لێدانی، پەیامبەریش دەڵێ سەیری ئەم پیاوەکەن چی دەکات کە لە ئیحرام دایە. عن أسماء بنت ابى بكر قالت، خرجنا مع رسول الله صلى الله عليه و سلم حتى اذا كننا بالعرج نزلنا فجلس رسول الله صلى الله عليه و سلم و عائشة الى جنبه و أنا الى جنب أبي بكر فكانت زمالتنا و زماله أبي بكر واحدة مع غلام أبي بكر قال فطلع الغلام وليس معه بعيرة فقال له أين بعيرک قال أضلته البارحة قال معك

[7] صحيح مسلم، كتاب فضائل الصحابة ( بە هۆی دورودرێژی وتەکە هەر ئەوەندەی لێوەرگێراوە)

بعير واحد تضله قال فطفق يضربه و رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول إنظروا الى هذا المحرم ما يصنع)[8].

هەروەها دەبێ ڕەچاوی ئەو خەڵەش بکەین بە پێی دەقی ئایەتی ١٩٧ سوڕەتی البقرة دەبێ خەڵکی لە کاتی حەج کردندا دەمەقاڵێ نەکات و توندڕەو نەبێ. ئەو ئایەتە دەڵێ: حەجکردن لە چەند مانگێکی دیاریکراودایە. جا هەر کەسێ بڕیاری حەجیدا، ئەوا دەبێ نەچێتە لای ژنەوە و بەدکاری نەکات. **وە دەمەقاڵێ لە کاتی حەج کردن نییە** . هەر چاکەیەک بکەن ئەڵڵا پێ دەزانێ. نانوزادی خۆتان پێ بێت. باشترین نان و زادیش لە خودا ترسانە. لە منیش بترسن ئەی خاوەن بیروهۆشمەندەکان. **الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ ۚ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ ۚ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ.** البقرة ١٩٧

ئەوەی سەیر بوو پەیامبەری ئیسلامیش تەنها وتی سەیری ئەو کابرایە بکەن چی دەکات لە ئیحرامدا. ئەمەش نەرمی پەیامبەر دەنوێنێ کەچی ئەبوبەکر توندڕەوە! جارێکی تریش ئەبوبەکر لە زانایەکی جولەکە دەدا کە ناوی فحناس دەبێ. لەسەر ئەوەی کە جولەکەکە پێی دەڵێ ئەڵڵای ئێوە هەژارە و هی ئێمە دوڵەمەندە، بەڵام دیارە ئەو جولەکەیە مەبەستی خودی پەیامبەرە کە دەوری ئەڵڵا دەبینێ ئەگەرنا لێکدانەوە نییە بۆچ جولەکە دەڵێت ئەڵڵای ئێوە هەژارە.[9]

لە ژیانی پەیامبەردا هەر ئەو دووجارە توندڕەوی لە ئەبوبەکر بە زەقی دەبیندرێت. بەڵام ئەو کاتە بوو بە خەلیفە وتی" هەر گەلێک جیهاد و قوربانی بە گیان واز لێبهێنێت، ئەڵڵا سەرشۆڕی دەکات. [10] واتە شەریعەتی ئەڵڵا و پەیامبەری پەیرەوکرد هەرچەندە لە ژیانی پەیامبەردا ئەو بڕبڕەی پشتی پەیامبەر بوو، هەر شتێکی وتبا ئەی وت ڕاست دەکات، بۆنمونە لە بەرگی یەکەمدا چەند نمونەیەکمان باس کرد، کاتێک پەیامبەر دەڵێ مانگایەک قسە دەکات خەڵک هەموو دەڵێن "سبحان الله" پەیامبەریش ئەڵێ ئەبوبەکر و عومەر پێم بڕوا دەکەن، جارێکیان گورگێک قسە دەکات هەموو ئەڵێن " چۆن گورگ قسە دەکات" ئەویش ئەڵێت " ئەبوبەکر و عومەر پێم بڕوا دەکەن"

---

[8] سنن أبي داوود، المناسک: التوقي في الاحرام. لەسەرچاوەی تردا هاتووە پەیامبەر پێ دەکەنێ کە ئەبوبەکر لە کۆیلەکە دەدات.

[9] تفسير ابن كثير، سورة ال عمران اية ١٨١

[10] البداية و النهاية ج ٦ ل ٣٠٥

گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە لە سەرچاوەکانی 'بخاري' و 'مسلم'دا بەم جۆرەیە.
لە 'بخاري'دا: پیاوێک سواری مانگایەک دەبێ و لێی دەدات، مانگاکە وتی ئێمە بۆ ئەوە دروست نەبوین بۆ کێڵان دروست بوین، خەڵکەکە وتیان مانگا قسە دەکات!
پەیامبەریش وتی من بڕوام پێیەتی و ئەبوبەکر و عومەریش بڕوایان پێیە،-هەرچەندە ئەبوبەکر و عومەر لەوێ نەبوون- هەروەها وتی جارێکیان شوانێک لەناو مەڕەکانی بوو گورگێک هات ومەڕێکی برد، شوانەکە بەدوای کەوت و تا دەربازی کرد لە چەنگی گورگەکە. گورگەکە بە شوانەکەی وت ئەوە مەرەکەت لەدەستی من ڕزگار کرد، باشە کێ پاسەوانیان دەکات لە ڕۆژی ئاژەڵە دڕندەکان لە کاتێک هیچ شوانێک پاسەوانیان ناکات جگە لە من. خەڵکەکە وتیان سبحان الله گورگ قسە دەکات، پەیامبەر وتی من بڕوام پێیەتی و ئەبوبەکر و عومەریش بڕوایان پێیەتی- هەرچەندە ئەبوبەکر و عمر لەوێ نەبوون-. بينا رجل يسوق بقرة إذ ركبها فضربها، فقالت: إنا لم نخلق لهذا، أنما خلقنا للحرث، فقال الناس: سبحان الله الله بقرة تكلم، فقال أؤمن بهذا أنا و أبوبكر و عمر. وما هما ثم- وبينما رجل في غنمة إذ عدا الذئب فذهب منها بشاة، فطلب حتى كأنه استنقذها منه، فقال له الذئب هذا، استنقذها مني، فمن لها يوم السبع، يوم لا راعي لها غيري. فقال الناس: سبحان الله ذئب يتكلم، فقال فأني أومن بهذا أنا و أبوبكر و عمر وما هما ثم)[11]

لە 'مسلم'دا: پەیامبەری ئەڵڵا وتی: جارێک پیاوێک مانگایەکی بارکرد بوو، مانگاکە ئاوری دایەوە وتی: من بۆ ئەوە دروست نەبومە، بەڵام بۆ کێڵان دروست بووم. خەڵکەکە بەسەرسامیەوە و ترسان وتیان 'سبحان الله' مانگا قسە دەکات، ئەویش وتی من بڕوام پێیەتی و ئەبوبەکر و عمریش بڕوایان پێیەتی. ابوهريرة وتی : پەیامبەر وتی: لەوکاتانەی شوانێک سەرقاڵی لەوەڕاندنی مەڕەکانی بوو، گورگێک هێرشی کرد و مەڕێکی برد. شوانەکە بەدوای کەوت و مەرەکەی ڕزگارکرد. گورگەکە بە شوانەکەی وت: کێ پاسەوانیان دەکات جگە لە من لەو ڕۆژەی لەناو ئاژەڵە دڕندەکان بێت. خەڵکەکە بە سەرسورمانیەوە وتیان گورگ قسەدەکات. پەیامبەر وتی من بڕوام پێیەتی و ئەبوبەکر و عومەریش بڕوایان پێیەتی. قال رسول الله: بينما رجل يسوق بقرة له قد حمل عليها، التفتت اليه البقرة، فقالت: إني لم أخلق لهذا، لكني إنما خلقت

[11] صحيح البخاري، كتاب أحاديث الانبياء، باب حديث الغار.

للحرث، فقال الناس سبحان الله تعجبا و فزعا أبقرة تكلم، فقال رسول الله فاني أومن به أنا و أبوبكر و عمر. قال ابو هريرة فقال رسول الله بينا راع في غنمه، عدا عليه الذئب، فأخذ منها شاة، فطلبه الراعي استنقذها منه، فالتفت اليه الذئب، فقال له: من لها يوم السبع، يوم ليس لها راع غيري. فقال الناس سبحان الله فقال رسول الله فاني أومن بذلك و أبوبكر و عمر.[12]

بۆمان دەردەکەوێ ئەبوبەکر کەسێک بووە زۆر جێگای متمانەی پەیامبەر بووە و هەر زوو بڕوای پێ هێناوە خۆی دەڵێت( بانگێشی هەرکەسێکم کردبێ بۆ ئیسلام سستیەک و دوودڵیەکی هەبووە تەنها ئەبوبەکر نەبێ، قەت ئەو دوانەکەوتوە لەوەڵامدانەوەم. روي عن النبي، صلى الله عليه وسلم، أنه قال: ما أحد عرضت عليه الاسلام الا كانت له عنده كبوة غير أبي بكر فانه لم يتلعثم.[13]

**هەروەها ئەبوبەکر وەک پەیامبەری ئیسلام خاوەنی** هیچ شیعرێک نییە تۆمارکرابێ ئەوەش جێگای پرسیارە بۆچ لە دوورگەی عەرەبی کە شیعر زۆر باو بووە کەچی ئەبوبەکر و پەیامبەر و عومەر و عوسمان خاوەنی هیچ شیعرێک نیین.

بەڵام دەردەکەوێ ئەبوبەکریش کەسێک بووە لەگەڵ موحەمەد قورئانی نوسیوە باشترین بەڵگەش ئایەتی ١٤٤ی سورەتی 'ال عمران'ە. ئەو ئایەتە ئەڵێت : موحەممەد تەنها پێغەمبەرێکە ، بێگومان لەپێش ئەو پێغەمبەرانی تر ڕابورد وون جا ئایا ئەگەر وەفاتی کرد یان کوژرا، ئێوە هەڵگەڕانەوە(واتە لە ئاینەکەتان هەڵگەڕانەوە)؟ هەر کەس هەڵگەڕێتەوە بۆ دواوەی خۆی(بت پەرستی) ئەوە هەرگیز (ئەو کەسە) هیچ زیانێک ناگەیەنێت بە ئەڵلا وە بەزوویی ئەڵلا پاداشتی سوپاس گوزاران دەداتەوە. **وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِنْ مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ.**

بۆ شیکارکردنی ئەم ئایەتە با چاوێک بە لێکدەرەوەکانی ئیسلامی بخشێنین. لە سەرچاوەکانی طبري و ابن كثير و قرطبي وای بۆ دەچن ئەو ئایەتە لەشەڕی ئوحود هاتۆتە خوارێ کاتێک ناموسوڵمانەکان وتیان موحەمەد کوژرا و بانگێشی

---

[12] صحيح مسلم، كتاب فضائل اصحاب النبي، باب في قول النبي: فاني أومن به أنا و أبوبكر و عمر

[13] البداية و النهاية ج ١ ل ١٢٠ / مانای كبوة و تلعثم: بە مانای ئەوە دەێت کاتێک داوا لە کەسێک دەکەی، ئەو بۆ ماوەیەک مت دەبێ و هەلوێستی نابێ واتە سستی دەنوێنێ. لە شوێنێکی تر دەستەواژەی 'ما عكم فيه' بە کاردەهێنێت ئەوەیش بە مانای ئەوە دەێ قەت دوانەکەوت لە بانگێشکردنم بۆ ئیسلام

موسوڵمانانیان کرد کە بگەڕێنەوە سەر ئاینی ڕەچەڵەکی خۆیان. بۆیە ئەو ئایەت هاتۆتە خوارێ.

**<u>شیکار</u>**: ئەگەر ئەمە دروست بێت چۆن ئایەتێک دێتە خوارێ لە کاتی جەنگ. ئەگەر هاتبێتە خوارێ کەواتە ئەو ئایەتە بانگێشی ئەو کەسانە دەکات کە نازانن موحەمەد مردووە یان کوژراوە. ئەگەر موحەمەد مردبێ یان کوژرابێ بۆ کێ دێتە خوارێ و لە ڕێگای کێوە دادەبەزێ؟ ئەگەر موحەمەدیش زیندو بێ سودی چی بوو. مەگەر تەنها بۆ دوای نەبووبێتە ئامۆژگاری. کەواتە ئەبوایە ئەو ئایەتە یەکسەر دانەبەزیبا ئەگەر بۆ ئامۆژگاری موسوڵمانان بێت کە لە دوارۆژدا هەڵنەگەڕێنەوە.

هۆکاری گەڕانەوەم بۆ ئەوەی بلێم ئەو ئایەتە ئایەتی ئەبوبەکرە سەرچاوەی 'بخاري'ە. لەو سەرچاوەدا ئاماژە بە کاتی مردنی پەیامبەر دەدات ئەڵێت: عومەر ئەیوت ئەوەی بڵێت موحەمەد مردوە سەری ئەپەڕێنم، ئەو وەک موسا چووە بۆ چاوپێکەوتنی ئەڵڵا و دەگەڕێتەوە، ئەبوبەکر دەچێتە ژوورەوە کە ئەبینێت موحەمەد مردوە دێتە دەرەوە و ئەم ئایەتەی سەرەوە دەڵیت. **عائیشە دەڵێت خەڵکەکە وایان دەزانی کە ئەم ئایەتەیان نەبیستوە ئەو ساتە نەبێ کە ئەبوبەکر** وتی.....والله لكأن الناس لم يكونوا يعلمون أن الله انزل الآية حتى تلاها أبوبكر فتلقاها منه الناس..[14]

عومەر زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە پەیامبەر نەمردووە بەڵکو دێتەوە دەستی و قاچی ئەو کەسانە دەبڕێتەوە کە بڕوایان بە مردنی هێنابێ. ئەبوبەکریش دەڵێ ئەوەی پەیامبەری دەپەرست ئەوا پەیامبەر مرد ئەوەی ئەڵڵای دەپەرست ئەڵڵا زیندووە. پرسیار دروست دەبێ ئایا کەس پەیامبەری پەرستووە لە سەردەمی خۆی؟ ئایا قەت پەیامبەر باسی لە نەمری خۆی کردووە؟ ئەگەر باسی نەکردبێ چۆن ئەو بیرە دروست بوو کە پەیامبەر نەمردووە لە کاتێکدا تەرمی لە جوڵە کەوتبوو! کەواتە خەڵکی کەوتنە گومڕایی بۆ ماوەیەک بەڵام ئەبوبەکر زوو فریای کێشەکە کەوت، ئەگەر ئەو ئایەتە بە تەواوی شیبکەینوە دەردەچیت ئەو ئایەتە هی ئەبوبەکرە و خۆی یەکسەر دایناوە بۆ ئەوەی خەڵکی پێ ڕزگار بکات لە لادان و هەڵگەڕانەوە، چونکە ئەو ئایەتە مۆرکی تازەکی پێوە دیارە و کە تازە موحەمەد مردووە. واتە ئەبێ ئەوە ئایەتە لەلایەن ئەبوبەکر هاتبێتە خوارەوە نەوەک موحەمەد. بۆ کەسێکی عەرەب لە ژینگەی ڕەوانبێژی لە دایک بووبێ ئەستەم نییە ئایەتێک وەک قورئان دابنێ، ئەوەتا

---

[14] صحيح البخاري. كتاب الجنائز، باب الدخول على الميت بعد إذا أدرج في كفنه

عومەری کوڕی خەتاب دەڵێ ئەی خەڵکینە پابەندی دیوانی شیعری جاهیلی خۆتان بن، ڕاڤەی کتێبەکە و مانای قسەکانی ئێوەی تێدایە. یا أیها الناس، علیکم بدیوانکم شعر الجاهلية فان فیه تفسیر کتابکم و معاني کلامکم.[15]

هەروەها ابن عباس بە تەواوی ئەو بابەتە ڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: شعر دیوانی عەرەبە، ئەگەر پیتێک لای ئێمە شاراوە بوو لەو قورئانەی ئەڵڵا کە دایبەزاندووە بە زمانی عەرەبی، دەگەڕێنەوە بۆ دیوانەکەی، ڕوونبوونەوەی زانیاریەکانمان لەو ڕێگایەوە دەبێت. هەروەها لەلایەن عکرمة گێڕدراوەتەوە لەسەر ابن عباس وتویەتی ئەگەر لەسەر نامۆی قورئان لێم بپرسن لە شعردا بە دوای ئەکەوم، چونکە شعر دیوانی عەرەبە. الشعر دیوان العرب، فاذا خفي علینا الحرف من القران الذي أنزله الله بلغة العرب رجعنا الی دیوانها فالتمسنا معرفة ذلک منه، ثم أخرج من طریق عکرمة عن ابن عباس قال اذا سألتموني عن غریب القران فالتمسوه في الشعر، فان الشعر دیوان العرب.[16]

کەواتە شیعری سەردەمی پەیامبەر و قورئان زۆر نزیکی یەکترن و ئاوێتەی یەکترن، کەواتە بۆ کەسێکی وەک ئەبوبەکر کە بتوانێ موسوڵمانان ڕزگار بکات لە گومڕایی ئەستەم نییە ئایەتێکی وەک قورئان دابنێت.

**ئەبوبەکر لە ڕووی تاکتیکی سەربازی دەستێکی باڵای** هەبو هەمیشە بە هێزێکی گەورە لە هێزە بچوکەکانی ئەدا و لە ڕووی دەروونی دەروونناس بوو، بۆ نمونە سوپای 'عکریمة' و سوپای 'شرحبیل'ی بەیەکەوە سازدا تاوەکو بەیەکەوە هەردووک سوپا یەکبگرن هێرشبکەنە سەر 'مسیلمة' بەڵام 'عکریمة' پەلە ئەکات و زووتر هێرشەکە دەست پێ دەکات پێش ئەوەی سوپاکەی 'شرحبیل' بگاتەجێ، بۆیە تێک دەشکێ و نامەیەک بۆ 'ئەبوبەکر' ئەنێرێت و شکستیەکەی خۆی باس ئەکات. لە وەڵامی 'ئەبوبەکر'دا ئەڵێ "نە بم بینە و نە ئەمەوێت بت بینم، **بەو شێوەیە نەیەوە تا موسوڵمانان بتوقێنی**"[17] لە ڕاستیدا ئەیزانی ئەگەر بەم شیوەیە موسوڵمانەکان بیان دیبا ئەوا ورەیان ئەڕوخا و هێزی خۆکۆکردنەوەیان نەئەما بۆ جارێکی تر تا

---

[15] تفسیر القرطبي، سورة النحل اية ٤٧.
[16] الاتقان في علوم القران، النوع السادس و الثلاثون، ل ٨٤٧ ـ ٨٤٨
[17] الکامل في التاریخ، ذکر مسیلمة و أهل الیمامة، ج ٢ ل ٢١٨ـ ٢١٩

بەرەنگاری موسەیلیمە ببنەوە. لە برِگەکانی داهاتوودا زیاتر کەسایەتی ئەبوبەکرمان بۆ دەردەکەوێ.

**لەگەڵ ئەوەی ئەبوبەکر تاکتیکی سەربازی بە هێزبووە** بەڵام خۆی لە مەیدانی جەنگ بە هێز نەبووە بۆیە لە شەڕی ئوحود ڕائەکات و پاشان بۆ لای پەیامبەری ئیسلام دەگەڕێتەوە لە عائیشە دەگێڕنەوە دەڵێت: ئەبوبەکر گێڕایەوە وتی من یەکەم کەس بووم گەڕامەوە لای پەیامبەری ئەڵڵا لە ڕۆژی ئوحود. عن عائشة أم المؤمنين قالت حدثني أبوبكر قال كنت في أول من فاء إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم يوم أحد.[18]

هەروەها لە ڕۆژی خەیبەر دیسان ئەبوبەکر دەشکێ و هەڵدێت بۆیە پەیامبەری ئیسلام ئاڵاکەی ئەداتە عەلی و دەڵێت(ئەو ئاڵایە ئەدەمە پیاوێک ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی خۆشیان دەوێ و ڕاناکات.. **.. قَالَ لَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ رَجُلًا يُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيُحِبُّهُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ لَيْسَ بِفَرَّارٍ...** )[19]

لەوانەیە خوێنەر بلێت لەو وتەیەدا باس لە ڕاکردنی ئەبوبەکر ناکات. بەڵام لە مێژوی ئیسلامدا تۆمار کراوە ئەبوبەکر لە شەڕی خەیبەر دەشکێ و دەگەڕێتەوە ئینجا بۆ بەیانیەکەی پەیامبەر عومەر دەنێرێت ئەویش دەشکێ و دەگەڕێتەوە، بۆیە بۆ بەیانیەکەی عەلی دەنێرێت و سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت.[20]

هەر بۆیە ئێمە ئەو ئایەتە دەهێنینەوە جا نازانین هەتا چەند لەسەر خەلیفەی یەکەم جێ بە جێ دەبێ: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە ئەگەر ڕووبەرووی ئەو بێباوەڕانە بوونەوە، پشتیان تێمەکەن و ڕامەکەن. هەر کەسێک لەو ڕۆژە هەڵبێت و پشتی لە بێباوەڕان بکات، مەگەر بۆ هونەری جەنگ بێت، یان خۆی بگەیەنێتە دەستەیەکی تر، ئەوا جێگای دۆزەخە و خراپترین چارەنوسە . **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا زَحْفًا فَلَا تُوَلُّوهُمُ الْأَدْبَارَ . وَمَنْ يُوَلِّهِمْ يَوْمَئِذٍ دُبُرَهُ إِلَّا مُتَحَرِّفًا لِقِتَالٍ أَوْ مُتَحَيِّزًا إِلَىٰ فِئَةٍ فَقَدْ بَاءَ بِغَضَبٍ مِنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ. الانفال ١٥ ـ ١٦**

---

[18] الطبقات الكبرى ابن سعد. ج ٣ ل ١٢٤، ذكر وصية أبي بكر// فتح الباري شرح صحيح البخاري، كتاب المغازي، باب اذ همت طائفتان منكم ان تفشلا و الله وليهما وعلى الله فليتوكل المؤمنون. وشەی فاء بە مانای گرانەوە پاش هەڵاتن دێت.

[19] مسند أحمد، مسند العشرة المبشرة بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، فتفل في عيني و قال اللهم أذهب عنه الحر و البرد.

[20] تاريخ الطبري ج ٣ ل ١٤٦، غزوة خيبر

**٢.١ هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق**

هەروەک لە بەرگی یەکەمدا باسی ئەوەمان کرد، پاش ئەوەی موسوڵمانان کۆچیان کرد بۆ مەدینە، پاش  ١٢ مانگ یان  ١٧ مانگ یەکەمین شەڕ لەگەڵ بێباوەڕەکان دەستی پێکرد، هەر لەو ڕۆژەوە تا ئیمڕۆ موسوڵمانان بە ئاشتی دانەنیشتون هەر لە جولەکە و مەسیحی و خەڵکانی چواردەوری خۆیان دەستیان پێکردووە و دەستیان نەپارستوە تەنها ئەو ڕۆژانە نەبێ دەسەڵاتیان نەبووە.

لە پاش کۆچیدوایی پەیامبەری ئیسلام، ئەنسارەکان و کۆچکەرەکانی مەککە کەوتنە ناکۆکی لەسەر ئەوەی کێ دەسەڵات بگرێتە دەست، دەتوانین ئەمە بە یەکەمین ناکۆکی دابنێن کە موسوڵمانان بە شێوەیەکی زەق و بەرچاو بکەونە ناکۆکێ.

ئەم ناکۆکیە دەستی پێکرد پێش ئەوەی پەیامبەری ئیسلام بەخاک بسپێردرێت. تەرمی پەیامبەر لە ڕۆژانی گەرمی بیاباندا بە نەشۆراوی لە ماڵی عائیشە داندرابو موسوڵمانان خەریکی هەرەشە و گورەشە بوون لە یەکتری. بە پێی زۆرینەی سەرچاوەکان[21]، موسوڵمانەکان بوون بە سێ بەش: بەشی یەکەم نەوەی 'ساعدة' لە کەپرەکەی خۆیان کۆبوونەوە کە 'سعد بن عبادە'یان هەڵبژاردبو تاوەکو ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان [22]، بەشی دووەم زۆرینەی کۆچەرەکانی مەککە بوون بە سەرپەرشتی ئەبوبەکر و عومەر. بەشی سێهەمیش بەشێک لە کۆچەرەکانی مەککە وەک 'الزبير بن العوام' و 'طلحة بن عبيد الله' لە چواردەورەی 'علي بن أبي طالب' لە ماڵی 'فاطمة' کۆبوبونەوە. موسوڵمانێک هاتە لای ئەبوبەکر و عومەر وتی ئەنسارەکان لە کەپرەکەی ساعدة کۆببوونەوە و 'سعد بن عبادة'یان هەڵبژاردوە تا کار لە کارنەترازاوە بچنە لایان. عومەر وتی" با بچین بۆ لای براکانمان". کاتێک ئەبوبەکر و عومەر گەیشتن بۆ لای کۆبوونەوەی ئەنساریەکان، 'سعد بن عبادة'یان بینی خۆی پێچابۆوە بە هۆی نەخۆشیەکەی. بە ئەبوبەکر و عومەریان وت" ئەی کۆچەرەکان!

---

[21] تأريخ الطبري، ج ٣ ل ٢٥٣- ٢٦٩ // السيرة النبوية لابن هشام، ج ٤ ل ٢٢٦- ٢٢٨// الروض الانف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، ج ٧ ل ٥٨٢// السيرة الحلبية في سيرة الأمين المأمون، ج ٤ ل ٧٣-٧٨// السيرة النبوية، ابن كثير، ج ٤ ل ٤٨٥ – ٤٩٥// الكامل في التاريخ، ج ٢ ل ١٨٩ – ١٩٥//

[22] ئەو کەپرە پێی ئەوترا 'سقيفة بني ساعدة' کە تایبەت بو بەو تیرە کە زۆرجار تێیدا کۆئەبونەوە بۆ ڕاوێژکردنی کاروباری خۆیان.// لسان العرب لابي منظور.

ئێوە هاتن بۆ لای ئێمە، ئێمە ئێوەمان حەواندەوە و یارمەتی ئێوەماندا، ئێستا دەتانەوێ لە ڕەگەوە دەرهەڵکیشمان بکەن و هێزمان لێ زەوت بکەن".
عومەری کوڕی خطاب دەستی کرد بە قسەکردن، بەڵام ئەبوبەکر وتی" بە نەرمی ئەی عومەر، توڕەیان مەکە"، عومەر وتی" ئەبوبەکر کەسێکە زانیاری و توانای لە من زیاترە، سەبارەت بە باشی ئەو پەیامە کە لەناو قوڕەیش دەرکەوت، ئەوان باشرین ڕەچەڵەکن لە ناو عەرەب، کۆچەرەکان یەکەمین کەسبون بوون بە ئیسلام، ئێمە خاوەنی پێغەمبەرایەتی و خەلافەتین، ئێوە یەکێک لەو دوو پیاوە بەوەجە هەڵبژێرن 'أبوبكر الصديق' و 'أبوعبيدة الجراح'"، بەپێی سەرچاوەیەی طبري گوایە 'ئەبوبەکر' بە ئەنساریەکانی وتووە "ئێوە یەکێک لەو دوو پیاوە بەوەجە هەڵبژێرن: ئەوە 'عومەر'ە و ئەوەش أبو عبيدة" ئەوانیش وتویانە لە تۆ باشترمان دەست ناکەوێ لە کۆچەریەکان-موهاجیرەکان-.
لەوکاتە دەنگ بەرزبۆوە یەکێک لە ئەنساریەکان وتی" میرایەتی بۆ ئێمە و شالیاریەتی بۆ ئێوە".
یەکێکی تر وتی "ئەمیرێک لە ئێمە و ئەمیرێک لە ئێوە". عومەر وتی" هەرگیز دوو شمشێر لەیەک کالآن جێگای نابێتەوە، [23] عەرەب بەوە ڕازی نابن ئێوە فەرمانڕەوایی بکەن و پێغەمبەرەکەی لەخۆتان نەبی. بەڵام بەوە ڕازی ئەبن ئەگەر کەسێک ڕابەرایەتی بکات پێغەمبەرەکەی لە نەوەی خۆیان بێت"
دوابەدوای ئەمە، عومەری کوڕی خەتاب یەکسەر مشتی ئەبوبەکری کردەوە و دەستی خستە ناو دەستی کردی بە خەلیفە لەوکاتەش کۆچکەرەکان یەک لە دوا یەک دەستیان خستە ناودەستی و پاڵپشتی خۆیان دەربڕی بە ناچاری. بەپێی هەندێک سەرچاوەی تر ئەنساریەکان بە ئەبوبەکریان وت دەستت درێژ بکەوە تا هەڵتبژێرین!
ئا بەم شێوەیە ئەبوبەکر و عومەر ئەنساریەکانیان هەڵخەڵەتاند، بێئەوەی ڕازی بن بۆیە یەکێک لەوان وتی" ئێوە 'سعد بن عبادة'تان کوشت".
عمر وتی" ئەڵلا کوشتی".
سەرچاوەکان زیاتر گرژیەکانی نێوان ئەنساڕیەکان و موهاجیرەکان باس دەکەن تەنانەت حباب کوڕی منذر وتی ئەی ئەنساڕیەکان کاروباری خۆتان بگرنە دەست و

[23] لەسەرچاوەی تریش هاتووە عومەر وتویەتی لا يجتمع اثنان في قرن. قرن بە لوتکەی شاخیش دەڵێت، ئەشێت مەبەستی ئەوە بێت دووکەس لەسەر لوتکەی شاخێک جیگای نابێتەوە. مانایەکی رونی نییە ئەو رستەیە!

گوێ لە قسەکانی ئەو پیاوە و هاوەڵەکانی مەگرن، بەشی ئێوە لەم کارەدا بە فیرۆدەدەن. ئەگەر ڕازی نەبوون، لەم وڵاتە دوریان خەنەوە خۆتان فەرمانرەوایەتی وەرگرن، بە ئەڵڵا ئێوە لەوان زیاتر هەقتان هەیە(شیاوترن)، ئەوان بە شمشێری ئێوە خەڵکیان بەو ئاینە ڕازی کرد. من کارامەم[24] شێری ناو لانەی شێرانم. بە ئەڵڵا ئەگەر دەتانەوێ با دەستپێکەینەوە ( إن شئتم أعدناها جذعة ).[25] عومەر وتی کەواتە ئەڵڵا دەتکوژێ، ئەویش وتی تۆ دەکوژێ. ابوعبدیة وتی ئەی ئەنسارەکان ئێوە یەکەم کەس بوون پشتیوانی ئەو ئاینەتان کرد. یەکەم کەس مەبن ئاینی خۆتان بگۆڕن. 'بشیر بن سعد' وتی ئەی ئەنسارییەکان، بە ئەڵڵا ئەو پایەی ئێمە هەمانە لەو ئاینە و ئەو پێشینەی ئێمە هەمانە لە جیهادکردن لەگەڵ بێباوەڕان تەنها بۆ ڕازی بوونی خوا و ملکەچی پێغەمبەرەکەمان بووە، باشیەکەش لە ئێمەوە بووە. ئێستا لەم بارییەوە شیاو نییە دژایەتی خەڵک بکەین و چاومان لە پاداشتی دونیا بێت. موحەمەد لە قورەیشە و خەڵکەکەی شیاوترن بۆ ئەم کارە. بە ئەڵڵا من هیچ دژایەتیەک ناکەم، لە ئەڵڵا بترسن، دژایەتیان مەکەن.

ئەبوبەکر وتی ئەوە عومەر و ئەوە ابوعبیدة کامەتان دەوێ بەیعەتی لەگەلی بکەن. ئەوانیش(عومەر و ابوعبیدة) وتیان بە ئەڵڵا ئێمە ئەو فەرمانە لە تۆ وەرناگرین، تۆ باشترین کەسی لە کۆچەریەکان، جێگری پەیامبەر بووی لە نوێژ، نوێژ باشترین دیدەنی موسوڵمانانە. دەستت بکەوە تا بەیعەت لەگەڵ تۆ بکەین. پێش ئەوان بچن بەیعەتی لەگەڵ بکەن 'بشیر' پێش کەوت و بەیعەتی لەگەڵ پێ کرد. تیرەی 'اوس' کە دیتیان بەشیر بەیعەتی لەگەڵ کرد ئەوانیش زانیان ئەگەر پارسەنگی هێز بکەوێتە دەستی خەزرەج ئەوا خێریان بۆ نامینێتەوە بۆیە ئەوانیش بەیعەتیان لەگەڵ ئەبوبەکر کرد تاوەکو هاوسەنگی لە دەست نەدەن.

---

[24] لەسەرچاوەکان ئەلێت " أَنَا جُذَيْلُهَا الْمُحَكَّكُ وَعُذَيْقُهَا الْمُرَجَّبُ " جذيل: درەختە، المحک: ئەو کۆڵەکەیە کە حوشتر خۆی لێ دەخشێنێ لەکاتی خورانی پێستی. العذق: دارخورمایە. المرجب: ئەو بردانەیە لە چواردەورەی درەخت دادەندرێت وەک کۆڵەکە بۆ ئەوەی رەشەبا هەلینەکێشێ. هەروەها بەوەش لێکدراوەتەوە کە ئەو کەسە وا خۆی داناوە لە هەموو شتێک دەزانێ. یاخود وەک چلێکی بەرزی پتەوی دارخورمایە. ئەو رستەیان لە 'مالک' پرسی مانای چییە ئەویش وتی مەبەستی لەوەیە کارامەیە. فَقُلْتُ لِمَالِكٍ مَا مَعْنَى أَنَا جُذَيْلُهَا الْمُحَكَّكُ وَعُذَيْقُهَا الْمُرَجَّبُ قَالَ كَأَنَّهُ يَقُولُ أَنَا دَاهِيَتُهَا. مسند أحمد، مسند العشرة المبشرة بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، ورجم رسول الله صلى الله عليه وسلم ورجمنا بعده.

[25] جذعة: کاتێک شەڕ لە نێوان دوولایەن تەواو دەبێ، ئەگەر بیانەوێ دەستپێکەنەوە هەروەک پێشتر دەستیان پێکردبوو. دەڵێن إن شئتم أعدناها جذعة.

له ئەنجامی بەیعەتەکەدا خەڵکی ئەوس و کۆچەرەکان بە لێشاو چوون دەست بخەنە ناو دەستی ئەبوبەکر، خەریک بوو 'سعد بن عبادة' لەبن پێیان بپڵیشێتەوە، یەکێک وتی ئاگاداری 'سعد' بن!

'عومەر' وتی بیکوژن تا ئەڵڵا بیکوژێت. پاشان عومەر چووە سەر سەری وتی دەمویست بەسەرتدا برۆم و بازوت بشکێنم!

'سعد' ڕیشی 'عومەر'ی گرت وتی 'سوێند بە ئەڵڵا ئەگەر یەک تاڵ مووت دەردەکێشا ئەوا نە دەچویتەوە بەو ددانانەت'[26].

بەڵام 'سعد بن عبادة' چۆوەماڵەوە ئەو پلانەی بۆی دانابوو سەری نەگرت. بۆیە وتی بە پشتیوانی بنەماڵەکەم هەتا تیرەکانم لە تیردان مابن دەبێ بۆ ئێوە بیهاوێم، دەبێ سەری ڕمەکەم بە خوێن بێت، ئەگەر جن و مرۆڤەکان لەگەڵتان بن من بەیعەت بە ئێوە ناکەم.

ئا بەم شێوەیە بە پێی سەرچاوەی موسوڵمانەکان باسی چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر کراوە. پاش ئەوەی ئەبوبەکر سەپێندرا بە خەلیفەی ئیسلام هەندێک سەرچاوە ئەڵێن بۆ بەیانیەکەی 'موحەمەد' بە خاک سپێردرا، هەندێکی تر ئەڵێن پاش سێ ڕۆژ لە کۆچکردنی نێژرا.

بە پێی سەرچاوەی طبري، عەلی و نەوەی 'هاشم' بۆ ماوەی شەش مانگ دەنگ نادەن بە هەڵبژاردنی ئەبوبەکر. هۆکارەکەی بۆ ئەوە ئەگێڕنەوە گوایە 'فاطمة' هاتۆتە لای ئەبوبەکر بۆ وەرگرتنی میراتی باوکی ئەویش نەیداوەتێ بۆیە فاطمة تا مردیش قسەی لەگەڵ ئەبوبەکر نەکرد کە ماوەی مردنی پەیامبەر و فاطمة شەش مانگێک بوو.

هەروەها لەسەرچاوەی طبري هاتووە عومەر چۆتە ماڵی 'علي' وتویەتی یان دێن بەیعەت دەدەن بە ئەبوبەکر یان ماڵتان ئەسوتێنم. [27] هەر بۆیە زوبیر شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و بۆیان دەردەچێت بەڵام شمشێرەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارێ.

[26] مەبەستی لەو ددانانەیە لەکاتی پێکەنین بەدەر دەکەوێ، واتە ددانەکانی پێشەوەی عومەری دەشکاند، لسان العرب

[27] لە چەندین سەرچاوەی تری ئەهلی سوننە هاتووە عومەر ویستویەتی ماڵی عەلی و فاطیمە بسوتێنێ ئەگەر بەیعەت لەگەڵ ئەبوبکر نەکەن. سەرچاوەکان(أورده أبو الفداء إسماعيل في المختصر فيأخبار البشر، ابن قتيبة الدينوري فيالامامة والسياسة، البلاذري لە أنساب الاشراف، المسعودي لە کتابی اثبات الوصية بابەتی حكاية السقيفة، المتقي الهندي لە کتبێ كنز العمال في سنن الافعال و الاقوال).

بەم شێوەیە 'بەیعەت' [28] درا بە ئەبوبەکر تاوەکو ڕابەرایەتی ئیسلام بکەوێتە ژێر دەستی قورەیشیەکان، ئەو بریق و باقەی ئیسلام هەی بوو کە جیاوازی نییە لە نێوان مرۆڤەکان تەنها بە خواپەرستی نەبێ هەموو پوچ دەرچوو تەنانەت لە ناو عەرەبیشی پلەی یەک و دوو بەدی کرا. ئەو فەرمودەی موحەمەد پێشێل کرا کە ئەی وت "ئەگەر خەڵکی هەموو بە دۆلێک دابرۆن و ئەنسارەکانیش بە دۆلێکی تر دابرۆن، من بەو دۆڵەدا ئەڕۆم کە ئەنسارەکان پێیدا دەرۆن. لو سلك الناس واديا و سلك الانصار واديا، سلكت وادى الانصار.)[29]
هەموو کەسێک ئەو ڕاستیە ئەزانێت ئەگەر ئەنسارپەکان نەبووبان قەت ئیسلام لە مەککەوە گەشەی نەدەکرد هەروەک لەبەرگی یەکەمی ئەو کتێبە ڕوونم کردۆتەوە. کەچی ئەنسارپەکان بێبەش بوون لە خەلافەتی ئیسلام. ئەوەی سەیرە موسوڵمانان بیر لەوە ناکەنەوە ئایا سود و حیکمەتی ئەوە چییە هەر دەبێ خەلافەت لە قورەیش بێت! تەنها لەبەر ئەوەی پێش هەموو کەسێک ببوون بە ئیسلام؟ ئەگەر وابێ کەس پێش عەلی نەبوو بە موسوڵمان کەچی ئەو فەرامۆش کرا. ڕامیاریەکەی ئەبوبەکر و عومەر دەبێ لە چی بێت کە نەیان هێشت ئەنسارەکان خەلافەت وەربگرن. ئەبوبەکر ویستی ڕابەرایەتی ئیسلام لەناو قورەیش دەرنەچێ یاخود لە نێوان کۆمەڵی خۆیان دەرنەچێ یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەبوبەکر خۆی یەکێک بوە لە دەستەی دامەزاندنی ئەم ئاینە [30] بە پاڵپشتی ڕاهیبی بحيري و وەرەقەی

---

[28] مەبەست لە بەیعەت بریتیە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی بەرامبەر خەلیفە، لە بنەڕەت و ناوەرۆکیدا بریتیە لە پەیمانبەستن لە نێوان دوولایەندا. لایەنی یەکەم پێشرەوە ، لایەنی دووهەم میللەتەکەیە. پێشرەو دەبێ لەسەر حوکمی قورئان و سوننەت بڕوات. ملکەچی تەواوی شەریعەتی ئیسلام بێ. میللەتیش ئەبێ لە سنوری یاساکانی ئیسلامدا ملکەچی بنوێنێ.

[29] مسند أحمد- مسند العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين.

[30] هەروەک لە بەرگی یەکەم باسی چۆنیەتی دروست بوونی ئاینی ئیسلاممان کرد، ئێستاش زۆر بە کورتی باسی ئەکەینەوە، ئەبوبەکر لەگەڵ پەیامبەر بازرگان بووە، ناوچەکانی میزۆپۆتامیایان بینیبوو کە چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان خۆیان و ئەوان. زۆرجاریش شعری شاعیرەکانی ئەخوێندەوە، هەمیشە چاوەڕێ بو پێغەمبەرێک دەرکەوێ و کۆمەڵگایەکەیان ڕزگار بکات. لەوانەیە خوێنەر بپرسێ ئەی بۆچ ئەبوبەکر خۆی نەبوو بە پێغەمبەر، وەڵامدانەوەکە زۆر سادەیە، ئەگەر ئەبوبەکر بووبا بە پێغەمبەر ئەوا ئەو ئەبووە خاوەنی قورئان و پێغەمبەرایەتی، ئەو ئەبوو بە خاوەن 'فاطمة'ی کچی موحەمەد، لە پاشی مردنی موحەمەد ئەبوو بە خەلیفەی یەکەم. کێ بوو بە پێغەمبەر یان نەبوو، کێ بو

کوڕی نوفل بۆیە ئەستەمە کەسێکی تر بێتە شوێنی. نەهێنی ئاین و قورئان لای خۆیان بووە. تەشریع لای خۆیان بووە. بۆیە زۆر ئەستەمە خەلافەت بخرێتە دەستی بێگانە. لەو ڕاستیە مێژوییەدا بۆمان دەردەکەوێ و دەرئەنجامی دەکەین و دەڵێن: بەهیچ جۆریک با ناعەرەبێک خۆی لەو ئاینە نەکاتە خاوەن. چونکە ئەوان پلەی یەک دەدەن بە قورەیش ئینجا تیرەکانی تری عەرەبی، بۆ ناعەرەبێک قەت بۆی مەپرسە و خۆتی لێ مەکە بە خاوەن ئەگەر عەرەب نیت!

ڕازی بوونی ئەنساریەکان بە خەلافەتی ئەبوبەکر بە شێوەیەکی کاتی کێشەیەکی سەختی دامرکاندەوە بەڵام کێشەی هەندێ کۆچەریەکان کە لە چواردەوری عەلی کۆبوبونەوە لە ناخیاندا کۆتایی پێ نەهات و دەرئەنجامەکەی هەر تەقینەوەی بەسەر هات و تا ئیمڕۆش ئیسلامی کردۆتە ئاوێنەیەکی شکاو، چاک بونەوەی مەحالە ئەگەر پارچە شکاوەکانیش بەیەکەوە بنوسێتەوە قەت بەیەک ڕووەوە ئیسلام نابینی هەمیشە بەدەیان روو ئیسلام دەبینی.

**٣ .١ غەزوەکان و شمشێرە نە خەوتوەکان**

لە کاتێکدا تەرمی پەیامبەر لە گەرمای بیاباندا کەوتبوو، شمشێرەکانی موسوڵمانان ببوون بە سێبەش و ددانیان لەیەکتری جیرئەکردەوە، حەسرەتیان بە دەست و مەچەکێکی تۆکمە ئەخواست کە لە کالانیان دەریان بهێنن و ملەکان بۆ جارێکی تر بپەڕێنن. شمشێرەکان لە ناو تاریکایی کیفەکانیان-کالان- نەخەوتبوون بەڵکو لە تورەییان لەرزەلەرزیان گرتبوو هاواری خوێنیان ئەکرد.

خەلیفەی یەکەم پاش ئەوەی ناکۆکیەکانی بە شێوەیەکی کاتی دامرکاندەوە، شمشێرەکانی وەک گورگی هار بەرەڵا کرد، بە شێوەیەک کەس نەی ئەزانی شمشێر دەست و مەچەکی موسوڵمان ڕائەکێشێ یان دەست و مەچەک پاڵ بە شمشێرەوە ئەنێ. نەخێر نە ئەمیان و نە ئەمیان، بەڵکو ئەڵلا و وتە زیندوەکانی پەیامبەر هەردوکیان بەیەکەوە گرێ ئەدات و هێزی عەرەب نیشانی سەر ئەم زەمینە ئەدات تاوەکو گەردون و خواکەی بە چۆک دابێن بۆ ئەڵلا و نەتەوەی عەرەب. دوا قسەی پەیامبەر ئەوە بوو کە نابێ دوو ئاین لە دورگەی عەرەبی هەبێ. لا یترک بجزیرة

---

بە خەلیفەی یەکەم یان نەبوو، ئەوەی گرینگە کۆمەڵەی 'حنفاء' هەبوو لەو سەردەمە نەخشەی پێغەمبەرایەتیان کێشاو و موحەمەدیان کرد بە پێغەمبەر.

العرب دينان"[31]، هەر بۆیە غەزوەکان بە بەرنامە دەستی پێکرد، بەڵام پێش ئەوەی خاوەن کتێبەکان قەلاچۆ بکرێن هەڵگەڕاوەکانیان لەناو برد بۆ ئەوەی هێزی عەرەبی بەیکجارەکی یەکبگرێتەوە و ئینجا بە هێزێکی تۆکمە پەلاماری ناعەرەبەکان و ناموسوڵمانان بدەن.

### ١. ٣. ١ هەڵگەڕاوەکان

بەر لە مردنی پەیامبەری ئیسلام، بۆ جارێکی تر هێزێک ئامادەکرا تاوەکو بەرێبکرێت بۆ سەر ڕۆمەکان، ئەو هێزە بە سەرپەرشتی 'أسامة' بوو پەیامبەر پێی وت: برۆ بەرێکەوە بۆ ئەو شوێنە کە باوکتی لێ کوژرا. با ئەسپەکەت بگاتە ناو خاکی دوژمن، من تۆم کردۆتە سەرکردەی ئەم لەشکرە. سر إلى موضع مقتل أبيک فأوطئهم الخيل فقد وليتک هذا الجيش.[32]

بەڵام پاش ئەوەی پەیامبەر کۆچی کرد ئەم هێزە گەڕایەوە بۆ مەدینە بەڵام ئەبوبەکر سور بوو لەسەر ئەوەی هێرشەکە بەردەوام بێت چونکە ئەم خەلیفەیە لەسەر شەرع و سونەتی پەیامبەر دەڕۆیشت. زۆرینەی موسوڵمانان ئارەزوی ئەم شەڕەیان نەبوو دیارە هۆکارەکەی ئەوە بوو لە خۆیان ڕانەئەدی ڕووبەڕووی هێزی ڕۆمیەکان ببن. یەکێک لەو کەسانەی نەی ئەویست ئەم هێرشە بکرێت عومەری کوڕی خطاب بوو بەڵام نەک لەبەر ئاشتی خوازی بەڵکو ئەترسا شاری مەدینە چۆڵ بێت و هەڵگەڕاوەکان هێرش بکەن. چەند کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ ئەبوبەکر کرد تاوەکو ئەم هێرشە ڕابگرێت بەڵام ئەو هەر سور بوو لەسەر ڕاکەی خۆی، لە یەکێک لە کۆبوونەوەکان وتی ئەگەر شاری مەدینە بکەوێتە ژێر دەستی أعرابەکان من ئەو هێرشە هەر ئەکەم. هێزی ئوسامە گەیشتە 'قضاعة' و پاشان بەسەر (ابل)ی دادا و گەڕایەوە. ئەم ڕویشتن و گەڕانەوەیە چل ڕۆژی پێ چوو. ئینجا خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکان و ناوچەکانی تر بکەن بە ئیسلام. یەکەمین هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام خەڵکی 'بحرين' بوو پاش مردنی 'المنذر بن ساوي' خەڵکەکە هەلگەڕانەوە.[33]

[31] الروض الانف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، ج ٧ ل ٦٠٠، تاريخ الطبري، ج ٣ ل ٢٦٢
[32] فتح الباري شرح صحيح البخاري، كتاب المغازي، بعث النبي صلي الله عليه وسلم أسامة بن زيد في مرضه.
[33] سيرة أبي بكر الصديق ل ١٢٩

زۆرینەی خەڵکی دوورگەی عەرەبی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە و هەندێکیشیان بە ئیسلامەتی مانەوە. بە پێی سەرچاوەیەک هەڵگەڕاوەکان چەند جۆرێک بوون[34]:
هەندێکیان بە تەواوی وازیان لە ئیسلام هێنا و بڕوایان بە موحەمەد نەما، چوونەوە سەر ڕێچکەی جارانی خۆیان واتە بتپەرستی. جۆرێکی تریان کەسانی وەک 'مسیلمة' و 'الأسود العنسي' و 'سجاج' داوای پێغەمبەرایەتیان ئەکرد و خەڵکیان لە چواردەورەی خۆیان کۆکردبۆوە. جۆری سێهەمیش بڕوایان بە ئیسلام مابوو بەڵام ئەرکەکانی ئیسلامیان بە جێ نەئەهێنا، هەندێکیان وازیان لە نوێژ هێنا و زەکاتیان ئەدا، هەندێکیان زەکاتیان نە ئەدا و نوێژیان ئەکرد. بەڵام چونکە ئەبوبەکر ئەیزانی ئابوری بڕبڕەی دەوڵەتە بۆیە لە پێناوی بە هێزکردنی ئابوری هێرشیان کردە سەر ئەوانەی زەکاتیان نەدەدا. ئەبوبەکر کەسێکی ڕامیارزان بووە نەی دەویست جیاوازی بکەوێتە ناو شەریعەتی ئیسلام لەناوچەی جیاوازدا. هەرچەندە عومەری کوڕی خەتاب ڕازی نەبوو شەڕ لەگەڵ ئەو موسوڵمانانە بکرێ کە زەکات نادەن.
لە یەکێک لە ڕێچکەکانی پەیامبەر کوشتنی هەڵگەڕاوە بوو بۆیە ئەبوبەکر ئەو ڕێچکەیەی بەرنەدا. ئەگەر چەند نمونەیەک بهێنینەوە لەسەر کوشتنی هەڵگەڕاوە لەسەر زاری پەیامبەر وەرگیراوە ئەوا ناخی و ڕاستی ئەبوبەکرمان سەبارەت بە ئیسلام بۆ دەردەکەوێت:
خوێنی کەسی موسوڵمان حەڵاڵ نییە کە شایەتمان بەوە بهێنێت هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەڵڵا و من پەیامبەری ئەڵڵام تەنها بە سێ بابەت نەبێ: گیانێک لە بری گیانێک، زیناکەرێکی بێوەژن، **وازهێنان لە ئاینەکەی**. لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ النَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالثَّيِّبُ الزَّانِي **وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ**.[35]
هەروەها لە صحيح البخاري هاتووە عەلی کۆمەڵێک دەسوتێنێ کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە کاتێک ئەو هەواڵە دەگاتە ابن عباس دەڵێ "ئەگەر من بام نەم دەسوتاندن، چونکە پەیامبەر لە وتەیەکدا ئاوای وتووە کە ئەشکەنجەیان بە ئاگر مەدەن. دەمکوشتن وەک پەیامبەر وتویەتی، **ئەوەی ئاینی بگورێ بیکوژن**. انه لما بلغ ابن عباس أن عليا ابن أبي طالب أحرق قوما لأنهم ارتدوا عن الاسلام قال لو كنت أنا لم

---

[34] سيرة أبي بكر الصديق، ل ١٣٧ – ١٣٨

[35] سنن الترمذي، كتاب الحدود عن رسول الله صلى اله عليه و سلم، باب ما جاء من شرب الخمر فاجلدوه و من عاد في الرابعة فاقتلوه. ثيب: واتە ئەو ژنەیە مێردی نەبێ و پێشتر مێردی هەبوبێ جا چ تەلاق درابێ یان هاوسەری مردبێ.

أحرقهم لان النبي صلى الله عليه و سلم هكذا ذكرت في الحديث قال: لا تعذبوا بعذاب الله و لقتلتهم كما قال النبي صلى الله عليه و سلم أيضا (**من بدل دينه فاقتلوه**).[36]

هەروەها لە چەند فەرمودەیەکی تردا دەڵێ: ئەگەر پیاوێک هەڵگەڕایەوە بانگێشی بکەوە بۆ ئیسلام ئەگەر گەڕایەوە باشە، ئەگەر نا لە ملی بدە. ئەگەر ژنێک هەڵگەڕایەوە بانگێشی بکەوە بۆ ئیسلام ئەگەر گەڕایەوە باشە، **ئەگەر نا لە ملی بدە**. أَيُّمَا رَجُلٍ ارْتَدَّ عَنِ الْإِسْلَامِ فَادْعُهُ فَإِنْ عَادَ وَإِلَّا فَاضْرِبْ عُنُقَهُ ، وَأَيُّمَا امْرَأَةٍ ارْتَدَّتْ عَنِ الْإِسْلَامِ فَادْعُهَا فَإِنْ عَادَتْ **وَإِلَّا فَاضْرِبْ عُنُقَهَ**.[37]

ڕۆژێک 'معاذ' سەردانی 'أبي موسى'ی کرد لە یەمەن، بینی کەسێکی لابوو وتی ئەو پیاوە کێ یە؟ وتی جولەکەیەک بووە و بۆتە ئیسلام پاشان بۆتەوە جولەکە. ئیمەش دەمانەوی ببێتەوە ئیسلام. بۆ ماوەی دوو مانگ زیندانی دەکەم. 'معاذ' وتی بە ئەڵڵا دانانیشم هەتا لە ملی نەدەن. پاشان لە ملیان دا. ئینجا وتی ئەوە فەرمانی ئەڵڵا و پەیامبەر بوو **ئەوەی لە ئاین هەلگەرێتەوە بیکوژن یان وتی ئەوەی ئاینی بگۆڕێ بیکوژن**. قَدِمَ عَلَى أَبِي مُوسَى مُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ بِالْيَمَنِ فَإِذَا رَجُلٌ عِنْدَهُ قَالَ مَا هَذَا قَالَ رَجُلٌ كَانَ يَهُودِيًّا فَأَسْلَمَ ثُمَّ تَهَوَّدَ وَنَحْنُ نُرِيدُهُ عَلَى الْإِسْلَامِ مُنْذُ قَالَ أَحْسَبُهُ شَهْرَيْنِ فَقَالَ وَاللَّهِ لَا أَقْعُدُ حَتَّى تَضْرِبُوا عُنُقَهُ فَضُرِبَتْ عُنُقُهُ فَقَالَ قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ **أَنَّ مَنْ رَجَعَ عَنْ دِينِهِ فَاقْتُلُوهُ أَوْ قَالَ مَنْ بَدَّلَ دِيْنَهُ فَاقْتُلُوه**.[38]

لە گێڕانەوەیەکی 'جابر'دا سەبارەت بە ژنێک بە ناوی 'ام مروان' کە لە ئیسلام هەڵگەڕایەوە، پەیامبەر فەرمانی کرد بانگێشی ئیسلامی بۆ بکرێ ئەگەر بگەڕێتەوە باشە، **ئەگەر نا بکوژرێت** حديث جابر أن امرأة يقال لها أم مروان ارتدت عن الإسلام، فأمر النبي صلى الله عليه وسلم أن يعرض عليها الإسلام فإن رجعت **وإلا قتلت.**[39]

ئەبوبەکر بڕیاریدا هێزی موسوڵمانانی چواردەوری مەدینە کۆکاتەوە و بە گورزێک لە هەڵگەڕاوەکان بدەن، لە شاری مەدینە (علي کوڕی طالب، زبير بن العوام، طلحة بن عبيد الله، سعد بن أبي وقاص، عبد الرحمن بن عوف، عبد الله بن مسعود) دانا بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو شارە بکەن، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو هەلگەڕاوەکان

---

[36] صحيح البخاري، كتاب الجهاد و السير// تفسير ابن كثير سورة النحل، اية ١٠٥

[37] فتح الباري شرح صحيح البخاري، كتاب استتابة المرتدين و المعاندين و قتالهم - تقتل المرتدة

[38] مسند أحمد، مسند الانصار رضي الله عنهم، من رجع عن دينه فاقتلوه او قال من بدل دينه فاقتلوه.

[39] سنن البيهقي الكبرى. باب قتل من ارتد عن الاسلام اذا ثبت عليه رجلا كان أو امرأة، ج ٨ ل ٢٠٣

هێرش بکەنە سەر مەدینە. مەزەندەکەی ئەبوبەکر ڕاست دەرچوو، هۆزەکانی 'أسد' و 'غطفان' و 'عبس' و 'ذبيان' و 'بكر' نیازی هێرشیان هەبو بۆ سەر شاری مەدینە بەڵام موسوڵمانەکان لە دەرەوەی مەدینە ڕووبەڕوویان بونەوە. هەروەها خەڵکی 'ذي القصة' هێرشیان بردە سەر شاری مەدینە بەڵام موسوڵمانەکان ڕووبەرویان بوونەوە و 'حبال' کوژرا کە ئەکاتە برای 'طليحة الاسدي'. ژمارەیەکی زۆریش لە موسوڵمانان کوژران بۆیە ئەبوبەکر بڕیاریدا ئەبێ لە هەر تیرەیەک کە دەستیان هەبووە لە کوشتنی موسوڵمان بە ژمارەی موسوڵمانە کوژراوەکان بە زیادەوە خەڵک بکوژن.
ئەو بڕیارەی خۆی هێنایە جێ و هەروەها زەکاتی لە هەلگەڕاوەکان وەرگرت و دابەشی کردە سەر موسوڵمانەکان، وەک وەرگرتنی زەکات لە خەڵکی دۆلەمەندی وەک 'صفوان' و 'زبرقان بن بدر التميمي' و 'عدي بن حاطم الطائي'.
ئەبوبەکر هێزێکی گەورەی کۆکردەوە بەرەو 'ذي حس' و 'ذي القصة' بەڕێکەوت تاوەکو ئەو ناوچانە داگیر بکات، پاش داگیرکردنی ئەو ناوچانە بەرەو خەڵکی 'ربذة' بەڕێکەوت و لە' أبرق' ڕووبەڕووی هۆزەکان بوونەوە و هەندێکیان ڕایان کرد و هەندێکیش تێکشکێندران. ئەبوبەکر بۆماوەی چەند ڕۆژێک لە 'أبرق' مایەوە.

ئەو هێرشەی کە کرا بۆ سەر 'ذي القصة'، پاش دوو مانگ یان هەندێک ئەڵێن چل ڕۆژ بوو لە دەرچوونی لەشکرەکەی 'اسامة' و گەڕانەوەی. هەربۆیە بە گەڕانەوەی لەشکرەکەی 'اسامة' ئەبوبەکر بڕیاریدا کە هێزێکی تۆکمە دروستبکات و هێزەکەی بکات بە چەند ڕەتلێکی سەربازی، بۆ هەر ڕەتلێک سەرکردەیەکی بۆ دابنێت و هەریەکەی بۆ ناوچەیەک بەڕێبکات. لێرەدا زۆر بە ڕوونی بۆمان ئاشکرا ئەبێ ئەبوبەکر خاوەن ئەقڵێکی سەربازی بووە و شارەزایی تەواوی لە جوگرافیای ناوچەکە هەبووە، لەشکری ئیسلامی دابەشکرد بەم جۆرە:

1 -لەشکری 'خالد بن الوليد'ی نارد بەرەو 'بني أسد' ئینجا بەرەو 'تميم' پاشان بۆ 'اليمامة'
2 -لەشکری 'عكرمة بن أبي جهل'ی بۆ 'مسيلمة' نارد لە 'بني حنيفة'، پاشان بۆ 'عمان' و المهرة'، لە دواییدا بەڕێبکەوێ بۆ 'حضرموت' لە 'يمن'.
3 -لەشکری 'شرحبيل بن حسنة'ی بۆ 'يمامة' نارد بۆ هاوکاری عكرمة لە دواییدا بەڕێبکەوێ بۆ 'حضرموت'.

4 -لەشکری 'طريفة بن حاجر'ی نارد بۆ 'بني سليم' لە 'هوزان'.
5 -لەشکری 'عمرو بن العاص'ی نارد بۆ 'قضاعة'.
6 -لەشکری 'خالد بن سعيد بن العاص'ی بۆ تیرەکانی ناوچەی 'الشام' نارد.
7 -لەشکری 'العلاء بن الحضرمي'ی نارد بۆ 'البحرين'.
8 -لەشکری 'حذيفة بن محصن الغلفائي'ی بۆ 'عمان' نارد.
9 -لەشکری 'عرفجة بن هرثمة'ی بۆ 'مهرة' نارد.
10 - لەشکری 'مهاجر بن أبي أمية'ی بۆ یمن(یەکەمجار بۆ 'صنعاء' پاشان بۆ 'حضرموت').
11 - لەشکری 'سويد بن مقرن'ی بۆ 'تهامة'ی 'اليمن' نارد.

بەم شێوەیە 'ذي القصة' بوو بە یەکەمین لێدانی سەربازی و سەرکەوتنەکەی بووە هۆی هێرشی بەردەوام بۆ ناوچەکانی تر.

ئەگەر تیشک بخەینە سەر ڕێنماییەکانی ئەبوبەکر بۆ موسوڵمانان، چەند خاڵێکی گرینگمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەویش کەسێکی ڕامیاررزان بووە، لە نامەیەکدا بۆی نوسین:

ا) هیچ دانوساندنێک لەگەڵ هیچ ئاینێک نەکەن تەنها ئیسلام نەبێ.
ب) دابەشکردنی تالانی بەسەر سەربازەکان و بەشی 'بيت المال' بدەن.
ج) تێکەڵی لەگەڵ کەسی نامۆ دروست مەکەن نەوەک سیخوری بکات.[40]

هەروەها دەیزانی کێ هێزی سەربازی و ڕامیاری هەیە، بۆیە خالیدی کوڕی وەلیدی لە زۆربەی شەڕەکان کردە سەرلەشکر. خالید خاوەن ئەزمونێکی زۆر بوو هەم لە سەربازی و هەم لە ڕامیاری. لە بەشەکانی ئایندە هێزی 'خالید'مان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە نمونەیکدا چەند کەسێک بە قۆل بەستراوی بۆ خالید دەهێنن ئەویش لەسەر فەرمانی ئەبوبەکر دەجوڵێتەوە کە دەڵێت ئەگەر چوونە هەر شوێنێک مۆڵەت بخوازن و داوایان لێبکەن بۆ ئیسلام ئەگەر نەبوون بەسەریان دابدەن. ئەویش ئەو کۆمەڵە زیندانی ئەکات ئەو کاتە سەرمایان دەبێت ئەڵێت' أدفئوا أسراكم'. لێرەدا خالید یاری بە وشەی عەرەبی کرد. ئەو وشەیە لە زاراوەی هەندێک تیرەی عەرەبی بەمانای ئەوە دیت بیانکوژن. واتە دیلەکان بکوژن. بەڵام خالید ئەگەر مەبەستی ئەوە بوایە کە خەڵکەکە گەرم بکەنەوە ئەبوایە بیوتبایە 'دثروا أسراكم' چونکە لە زاراوەی

[40] سيرة أبي بكر الصديق، ل ١٤٤ – ١٤٨، ل ١٥٣// تاريخ الطبري، ج ٣ ل ٢٨١

تیرەی کنانة ' دثروا' بە مانی گەرم کردنەوە دێت و وشەی 'دفئة' بە مانای کوشتن دێت. هەر بۆیە ئەو شەوە دیلەکان هەمووی دەکوژن. خالیدیش لە خێوەتەکەی لە دەنگی کوژراوان دێتە دەرێ و دەڵێ ئەڵلا مەبەستی خۆی دێنێتە دی.[41]

بە پێی سەرچاوەی الطبري، ئەبوبەکر نامەیەکی دورودرێژ بۆ خالیدی کوڕی وەلید ئەنێرێ تێیدا ئەنوسێت شەڕ مەکەن و بانگێشی خەڵک بکەن بۆ ئیسلام تاوەکو پەیامی ئەڵلا ئاشکرا بکەن ئینجا دەنوسێ ( **ئەوەی وەڵامی نەبێ ئەبێ شەڕی لەگەڵ بکرێت و بە ئاگر بسوتێندرێت، ژن و منداڵەکانیان ببن بە سەبایە، کوشتاری تەواویان بکەن، لە ئیسلام زیاتر هیچ شتێکی تر قبوڵی نییە)**[42]

لە نامەیەکی تردا هاتوە ئەڵێت "لە ئیسلام زیاتر هیچ ئاینێکی تر قبوڵ نییە، ئەگەر دەستتان بەسەریان داڕۆیشت بەهەموو شێوازێکی کوشتن بیانکوژن! بە چەک! بە ئاگر! ئینجا ماڵیان بەسەر سەربازەکاندا دابەشبکەن جگە لە پێنجیەکی کە بۆ 'بیت مال'ە".

هەر لەسەر ئەم دەستورەی ئەبوبەکر چەند کەسێک بە قۆڵبەستراوی لە هەڵگەڕاوەکان بۆ ئەبوبەکر دەهێنن یەکێکیان ناوی 'قرة بن هبیرة' دەبێت، موسوڵمانە بەبەزەییەکانی نەوەی پەیامبەر ئەو هەڵگەڕاوانە ئەسوتێنن و بەردبارانیان ئەکەن و پاشان لەسەر شاخێک هەڵیان ئەدەنە خوارێ.[43]

لەو پەیامەی ئەبوبەکر یەک نەخۆشی دەروونیمان بۆ دەردەکەوێ ئەویش سوتاندن بوو، بۆیە کەسێکی تریش بە ناوی 'إیاس بن عبدالله بن الفجاء السلمي' دەبێت کە ناسراو بووە بە 'الفجاءة'، ئەویش ئاگرێکی بۆ ئەکەنەوە و بە فەرمانی 'ئەبوبەکر' ئەی سوتێنن.[44]

هەرچەندە لە مێژوی طبري نوسراوە ئەبوبەکر لە کاتی سەرمەرگیدا پەشیمانی بۆ چەند بابەتێک خواستووە. یەکێک لەوانە دەڵێ بریا 'فجاءة سلمي'م بە زیندویەتی نەدەسوتاند.[45]

---

[41] تاریخ الطبري ج ٣ ل ٢٩٨- ٢٩٩ //هۆی سەرەکی خالد ئەوە بوو کە 'مالک' بکوژرێت و ژنەکەی داگیر بکات.

[42] تاریخ الطبري ج ٣ ل ٢٨٢.

[43] تاریخ الطبري ج ٣ ل ٢٨٩ // الکامل في التاریخ ج ٢ ل ٢١١

[44] تاریخ الطبري ج ٣ ل ٢٩١

[45] تاریخ الطبري ج ٤ ل ٧٩، ذکر استخلاف عمر بن الخطاب

هەنگاوی دووەم، ئەبوبەکر ویستی ئەوانەی خۆیان کردوە بە پێغەمبەر لەناویان بەرێت، بۆ ئەوەی تۆوی فیتنەیی نێوان ئیسلام و فرە پێغەمبەرایەتی دروست نەبێت. ئەو پێغەمبەرانەی لە پاش پەیامبەری ئیسلام دروست بوو ناویان لێنان درۆزنەکان، لێرەدا زۆر بە کورتی باسیان دەکەین:

یەک: **پەیامبەر الاسود العنسي**، ناوی عبهلة بن کعب بوو ناسرابوو بە 'ذي الخمار' چونکە چارۆگەی بەسەرەوە بووە و بە ڕەشیش ناسراوە چونکە دەموچاوی ڕەش و جەربەزە بوە. بە هۆی جادووەوە خەڵکی باوەڕ پێ هێنابوو هەروەها چەند سحربازو جادوگەرێکی لە چواردەورەی کۆبۆوە. لە کاتی نەخۆشی موحەمەد ئەو داوای پێغەمبەرایەتی کرد و ناوی لە خۆنا 'رحمان اليمن'، ئەم پەیامبەرە بڕوای بە پەیامبەرایەتی موحەمەد ئەکرد تاوەکو ئەویش بڕوای پێبکات.

وەحیەکانی ئەم پەیامبەرە بە هۆی دوو فریشتە بوون ناویان 'سحيق' و 'شفيق – شريق-' بوو. خێڵەکەی خۆی بە ناوی 'عنس' لەگەڵ چەند تیرەیەکی تر بڕوایان پێ هێنابوو. لە مێژو بۆمان دەردەکەوێ پێغەمبەرایەتی لە ناوچەی عەرەبی ئەبێ زەبرو زەنگی لەگەڵ بەکاربهێندرێت، ئەم پێغەمبەرە درۆزنە هەروەک پێغەمبەری مەککە- موحەمەد بن عبدالله- زەبروزەنگی بەکارئەهێنا بۆ ئەوەی ئاینەکەی خۆی بەرپا بکات. ئەو کەسانەی لە 'صنعاء' ببوون بە موسوڵمان لەگەڵ ئەو پێغەمبەرە کەوتنە شەڕێکی خوێناوی، لەشەڕی یەکەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا و 'شهر بن باذان الفارسي' کوشت کە کاتی خۆی لەگەڵ باوکی ببوون بە موسوڵمان. ئەم شەڕە پێش مردنی پەیامبەری ئیسلام ڕوویدا، کاتێک پەیامبەری ئیسلام لەسەرەمەرگ دەبێ نامە بۆ هۆزەکانی چواردەورەی خۆی نارد تاوەکو هێزێک کۆ بکەنەوە بۆ لەناو بردنی الاسود. بەڵام موسوڵمانان لە ڕووی سەربازیەوە نەیان دەتوانی ڕووبەڕووی الاسود ببنەوە بۆیە بە پلان دانانێکی تۆکمە توانیان لەلایەن چەند کەسێکی متمانەپێکراوی خۆیدا لە خەودا سەری ببڕن. ئەوانەی لەو کارە بەشدار بوون: 'فيرۆزی دەیلەمی' و ئامۆزاکەی بە ناوی 'ئازاد' هاوسەری 'شهر بن باذام' بوو لە پاش مردنی بوو بە هاوسەری الاسود. چیرۆکەگێڕەوەکانی وەک طبري و ابن الاثير زۆر بە دڕندانە باس لە کوشتنی دەکەن

که چۆن له خەودا سەریان بڕیوه لەبەر دوورودرێژی بابەتەکە خۆێنەر دەتوانی خۆی بەسەربابەتەکاندا بچێتەوه.[46]

له پاش کوشنی پەیامبەری دووەمی درۆزن'الاسود'، پەیامبەری یەکەم 'موحەمەد' کوچی دوایی کرد. دیسان شەڕ هەڵگیرسایەوه له نێوان هاوەڵانی هەردوو پەیامبەری کۆچکردوو. ئەبوبەکر به ژیرانه توانی به تەواوی لەناویان ببات.

ئەگەر له ڕووی خوداوەندیەوه سەیری بابەتەکان نەکەین و شیکاری ڕامیاریانه بدەین، ئەلێین زۆرجار شمشێر و پێنوس هاوتەبای یەکتر نین، شمشێر سەرئەبرێت و پێنوسیش تۆماری ئەکات. زۆرجار شمشێر و پێنوس دژی یەکن، بۆیه دەبینین موسوڵمانێک دەستێکی پێنوسه و دەستەکەی تری شمشێره بێ ئەوەی ئاگای له خۆ بێت پێنوس ناهەقیەکانی شمشێر تۆمار دەکات. ئێمەش ئەو ناهەقیانه بۆ جیهان دەردەخەین.

پێنوس مێژوی زەبروزەنگی موحەمەد و هاوەڵانی نوسیەوه بەسەر هەڵگەڕاوەکان و ناموسوڵمانەکان. بەڵام ئەگەر ئەوان بەسەر کەوتبان ئەوا پێنوس 'رحمان اليمن'ی ئەنوسیەوه و ئێمەش ڕەخنەمان لێئەگرت له کاتێکدا ئەوانیش به موحەمەدیان ئەوت پێغەمبەره درۆزنەکەی مەککە. بۆ کەسێک موسوڵمان نەبێت و ئەو شەڕانه ببێنێت لای ئەو شەڕی دوو لایەنه، شەڕی نێوان هاوەڵانی دوو پەیامبەره کێ درۆزنه یان ڕاستگۆیه، ئەوا شمشێر یەکلایی دەکاتەوه بۆ لایەنێک بەڵام له دیدی ناموسوڵمان بابەتەکان هەریەکە. ئەوەی سەرکەوتبا ئەبوو به پێغەمبەری ڕاستەقینه و ئەوەی ژێرکەوتبا ئەبو به پێغەمبەری درۆزن، بۆیه شەڕەکە شەڕێکی حەماسی بوو، ئەبوبەکر زۆر ژیرتر بوو له کۆکردنەوەی هێزو تاکتیکی سەربازی. سەرکەوتنی ئەم شەڕه ورەی هاوەڵانی موحەمەدی بەرزکردەوه بۆ شەڕێکی تری دژ به هەڵگەڕاوەکان.

ئەبوبەکر لەشکری 'عكرمة'ی نارد به هێزێکی ٧٠٠ سوار بۆ 'مهرة'، ئەوەی بڕوای به ئیسلام نەمابوو کەوته شەڕ لەگەڵیان و لەناوی بردن. پاشان له نزیک 'صنعاء' لەگەڵ لەشکری 'المهاجر بن أبي أمية' یەکیان گرتەوه ئەوانیش ٥ هەزار جەنگاوەر بوون

---

[46] تأريخ الطبرێ ج ٣ ل ٢٤٤-٢٤٥// ج ٤ ل ١٥ - ١٧// البداية و النهاية، ج ٦ ل ٣٣٨ - ٣٤١، باب خروج الاسود العنسي.

ئینجا بەڕێکەوتن بۆ 'کندة'. پاش شەڕێکی قورس ئەو ناوچانەیان گەڕاندەوە بۆ ئیسلام و ناموسوڵمانانیان لەناوبرد کە خۆیان لە قەڵایەکدا مەڵاس دابو نزیکەی ٧٠٠ کەس بوون، ژن و منداڵەکانیان برد و پێنجیەک لە دەستەکەوت و کەلوپەلەکەیان بۆ 'بیت مال' ڕەوان کرد. [47] هەروەها ئەبوبەکر نامەی نارد بۆ 'مهاجر' وتی بیستومە چەند ژنێک سوکایەتی بە موحەمەد دەکەن، کاتێک ئەم نامەت بەدەست گەیشت جەنگاوەرەکانت ڕێکبخە و نەگەڕێتەوە تا دەستی ئەم ژنانە نەبڕی. ئەوەی ڕەچاوی دەکەین ئەبوبەکر زۆر بە وردی سوننەتەکانی پەیامبەری پەیڕەو دەکرد. چونکە کاتی خۆی 'ام قرفة'یان هەڵزراند بە بەستنەوەی هەردووک قاچی بە دوو وشتری جیا تاوەکو هەڵیزرێنن. 'مهاجر'یش بە فەرمانی ئەبوبەکر دەستی ئەو ژنانەی هەموو بڕی ئەوەی مرد مرد و ئەوەی ژیا ڕایکرد بۆ 'کوفة'.

پاش ئەم شەڕانە ناوچەی یەمەن یەکیگرتەوە و کەوتە ژێر سایەی ئیسلام و کرایە سێ ئیدارە ( صنعاء، جند، حضرموت)

دووهەم: **هێرشکردن بۆ سەر پەیامبەرێکی تری درۆزن بە ناوی 'طليحة الاسدي'.**ئەو پەیامبەرە کاتی خۆی سەردانی پەیامبەری ئیسلامی کردبوو و بڕوای پێهێنابوو پاشان دەگەڕێتەوە ناوچەی خۆی ئەویش پەیامبەرایەتی خۆی ئاشکرا دەکات.

خەڵکانێک بە دوای ئەو پێغەمبەرە کەوتن لەسەردەمی موحەمەد، چونکە کەسێکی بە توانا بوو لە شعر و دانانی ئایەت لەگەڵ نواندنی موعجیزەی غەیبی، لەیەکێک لە موعجیزەکانی لەگەڵ کۆمەڵێک دەبێت کە تینویان دەبێت، ئەویش ئەڵێت سواری 'اعلال(ناوی ئەسپەکەی)'بن لە دوری چەند میلێک ئاو دەدۆزنەوە، ئەم موعجیزەیە وای لە خەڵک کرد بڕوای پێ بکەن. موحەمەد لە سەردەمی خۆی هێرشی کردە سەری بەڵام تا کۆچکردنی خۆی نەیتوانی پێغەمبەرایەتی یەکلابکاتەوە لە نێوان خۆی و ئەو، هەربۆیە بە مردنی پەیامبەری مەککە ئەبوبەکر بڕیاریدا پەیامبەرە نەیارەکەی بە بەڕێکردنی هێزی خالید بن وەلید لەناو بەرێت.

کاتێکی ئەو دوو هێزە ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، شەڕێکی سەخت ڕوویدا و چەند ڕۆژێکی خایەند بە شەڕی 'بزاخة' ناسراوە. لەو شەڕە سەختەدا موسوڵمانان سەردەکەون و پەیامبەرە نەیارەکەیان لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو شام ڕائەکەن ئەوانەی ئەمینێنەوە هەندێک ئەسوتێندرێن هەندێکیان بە بەرد ئەکوژرێن و هەندێکیان

---

[47] تأريخ الطبري، ج ٤ ل ١١ – ١٢

لەسەر شاخەکان هەڵئەدرێنە خوارەوە تاوەکو ببن بە پەند بۆ هەموو ئەو عارەبانەی لە ئیسلام هەڵگەڕابوونەوە.[48]

پاشان 'طليحة' ئەچێتە ناو تیرەی 'كلب' لەوێش بۆ جارێکی تر ئەبێتەوە موسوڵمان، ئەوەی جێگای باسە ئەگەر پێغەمبەرە درۆزنەکەی دووەم سەرکەوتبا هەمان کارەسات ڕووی ئەدا کە لە پاش پەیامبەرەکەی یەکەم ڕوویدا وەک ئەنفال و بەسەرردادانی تیرەکانی تر. چونکە لە ئایەتێک لە ئایەتەکانی ناخی 'طليحة'مان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئامانجی داگیرکردنی عێراق و شامی هەبووە دەڵێت " بە کۆتری کێوی و ماڵی، بە ***سرد و سوام***، بەچەند ساڵێک بێش ئێوە دابینی کردوە کە پاشایەتیمان دەگاتە عێڕاق و شام. الحمام و اليمام، **<u>والصرد الصوام</u>**، قد ضمن قبلكم بأعوام، ليبلغن ملكنا العراق و الشام" [49] واتە ئەگەر ئەو پێغەمبەرە درۆزنەیە سەرکەوتبا هەمان کارەسات ڕوویدەدا و هێزی عەرەبی کۆدەبوونەوە بۆ داگیرکردنی عێڕاق و شام. لە پاش ئەم شەڕە خالیدی کوڕی وەلید ئەنێردرێت بۆ شەڕی 'أم زمل' ئەوەش ئەو ژنە زادەیە بوو هەمیشە کوشتنی دایکی 'أم قرفة' لە بیر نەدەچوو کە بەدەستی پەیامبەری ئیسلام کوژرا. لەم شەڕەش خالید سەرئەکەوێ 'أم زمل'یش بە دەردی دایکی دەبەن و سەد کەس لە چواردەوری حوشترەکەی ئەکوژن. [50]

سێهەم: لە ڕاستیدا دەبێ ئەوەمان بۆ ڕوونبێتەوە خەڵکی عەرەبی ئەو کاتە تا ڕادەیەک ساویلکە بوون چونکە لە پاش مردنی موحەمەد چەند پێغەمبەرێک دروست بوون. پێغەمبەرێکی تر بە ناوی 'لقيط بن مالك الازدي' لە عەمان دەرکەوت، پێش ئیسلام بوونی بە ناوی 'الجلندي ملك' بانگ ئەکرا لە پاش کۆچیدوایی پەیامبەری ئیسلام خۆی کرد بە پێغەمبەر و ناوزەد کرا بە 'ذو التاج' چونکە دەیزانی کاری پێغەمبەرایەتی ئاسانە! ئەم پێغەمبەرە درۆزنە، خەڵکی عمان بڕوایان پێکرد و خەڵکی

---

[48] الكامل في التاريخ، ج ٢ ل ٢٠٦ – ٢١٠

[49] الصرد: باڵندەیەکی سەر زلە، نیوەی ڕەشە و نیوەکەی تری سپیە. صوام: باڵندەیەکی ڕەنگ تۆزاوی مل درێژە. باڵندەی الصرد لە توانای داهەیە زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کم بە نێو کیشوەرەکاندا کۆچ بکات. دیارە مەبەستی طليحه ئەوە بووە کە ئەو باڵندانە مسۆگەری پاشایەتی عیراق و شامی پێداوە. لە هەندێک سەرچاوەی تردا دەستەواژەی 'والصرد الصوام' بە مانای باڵندەی 'صرد'ی برسی لێکیان داوەتەوە. بە ڕای من مانای یەکەمی زیاتر لە ڕاستی نزیکە.

[50] تاريخ الطبري ج ٣ ل ٢٩٠. البداية و النهاية ج ٦ ل ٣٦٢ – ٣٦٤

زۆری لە چواردەورەی خۆی کۆکردەوە هەر بۆیە ئەبوبەکریش لەشکرێکی بەهێزی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نارد.
هەردووک لەشکری هاوەڵانی موحەمەد و پەیامبەرە درۆزنەکە بەیەک گەیشتن، شەڕێکی سەختیان دەست پێکرد. موسوڵمانان لە شکاندن دابوون چونکە ئەو هێزەی 'لقیط' ژن و ماڵ و منداڵیان لە پشت سەربازگەکەی خۆیان دانا بوو، چونکە جەنگاوەرەکان لەوە دلنیا بوون ئەگەر بشکێن ئەوا ماڵ و منداڵیان هەمووی ئەفرێندرێت، بەڵام لەسەروبەندی شکاندنی موسوڵماناندا، هێزێکی تری گەورەی موسوڵمانان گەیشتە مەیدانی جەنگ و سەرکەوتنی جەنگ بەلای موسوڵمانان داشکایەوە. لە ئەنجامدا دە هەزار کەسیان لێکوژرا، وە ئەو ژن و منداڵانەی کە لە پشت سەربازگەکە داندرابوون هەر هەموو بە تاڵان چوو و پێنجیەکی بۆ ئەبوبەکر ناردرا کە بیخاتە 'بیت المال' ئەمەش هەروەک پیشەی ئیسلامی سەردەمی موحەمەد بوو.
بەڕاستی ئەبێ ئەوە بزانین گیا لەسەر بنجی خۆی شین ئەبێ، دەستوری موحەمەدی ئەڵلایی ڕێگای داوە بۆ هەتا هەتایە هەر لەسەر خوێنی خەڵک بژین و ژن و زارۆکیش ببن بە کۆیلەی موسوڵمانان، ئەو شەرعە شەرعێکی هەمیشەیە بۆ هەموو سات و شوێنێک دەگونجێ. پەنا بە یەزدان بە دووربین لەو شەرعە.

لە پاش ئەم شەڕە ئەبوبەکر هێزێکی تری نارد بۆ هەڵگەڕاوەکانی ناوچەی 'بحرين'. خەڵکی بەحرێنیش لە پاش مردنی موحمەد پاشگەز بوونەوە ئەمانیش ڕوو بەڕووی موسوڵمانان بوونەوە. پێش ئەوەی جەنگ دەست پێبکات هەردووکلا تاوەڵەکانیان بەرامبەر یەکتری هەڵدابوو، شەوێکیان ناموسوڵمانان هەر هەموو سەرخۆش ئەبن و ئەوانیش بە شەو بەسەریان دائەدەن و هەموویان ئەکوژن. ئەوانەی هەڵاتن چوونە دوورگەیەک بەڵام موسوڵمانان بە دوایان کەوتن و لەوێش ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوەی بوو بەدەستکەوت بوو بەدەستکەوت. واتە ئەوەی هەڵگەرابۆوە ملیان پەڕاند. [51]
چوارەم: پێغەمبەر لە دوا پێغەمبەر ڕاستەقینەی ژیانی پێغەمبەرانی دوورگەی عەرەبیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، عەرەبی ئەو کاتە چونکە لە ڕەوانبێژی باڵادەست بوون بۆیە کە زانیان موحەمەد سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و موعجیزەکەی تەنها

[51] تأريخ الطبري ج ٤ ل ٩ – ١١

ڕەوانبێژەیە بۆیە دوو پێغەمبەری تر هەبوون و بەهێز بوون کە یەکێکیان ژن بوو بە ناوی سجاح و ئەوی تر موسەیلیەمە بوو. لەبەر ئەوەی سجاح سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا بۆیە تەنها ئەو دوو ئایەتی ماوە (سواری ئەسپەکانتان ببن و ئامادەبن ، ڕابن بۆ تالآنی، پاشان بەسەر رباب دابدەن، هیچ بەربەستێک لە پێش ئەویَ نییە. أعدوا الركاب، واستعدوا للنهاب، ثم أغيروا على الرباب، فليس دونهم حجاب.) هۆی دابەزاندنی ئەم ئایەتە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە بەسەر 'رباب' دابدات بەڵام پلانەکەی گۆڕدرا بۆیە بڕیاریان دا بەسەر 'اليمامة' دابدەن بۆیە ئایەتێکی تری بۆ دابەزی کە ئەڵێت" بەرەو یەمامە، وەک کۆترەکان لە شەقەی باڵ بدەن، هێرشێکی بوێرانەیە، پاشان هیچ لۆمەیەکتان لەسەر نامینیَ. عليكم باليمامة، ودفوا دفيف الحمامة، فانها غزوة صرامة، لا يحلقكم بعدها ملامة) دیارە نیازی ئەوە بووە ئەگەر موسەیلیەمە لەناو ببات پێغەمبەرایەتی تەنها بۆ خۆی ئەمینێتەوە. کاتتێک موسەیلیەمە بە هێرشەکەی سجاح ئەزانێت نامەی بۆ ئەنێریَ ئەڵێ با ڕێکبکەوین و نیوەی موڵکی عەرب ئەدەم بە تۆ، ئینجا هەردووکلا بەیەکەوە دائەنیشن. کاتێک موسەیلیەمە چاوی بە سجاح دەکەویَ دەڵیَ با عەرەب دابەش بکەین و نیوەی بۆ من نیوەی بۆ تۆ. هەر لەویَ داوای ئەکات و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات. سجاح ڕازی دەبیَ و موسەیلەمەش دەڵیَ: دەی هەستە بۆ (گ ا ن د ا ن) جێگا ئامادەکراوە بۆ تۆ. ئەگەر حەز دەکەی لە خانو، ئەگەر حەز دەکەی لە ژووری بچوک، ئەگەر حەز بکەی لەسەر پشت داتدەنێین، ئەگەر حەز دەکەی هەر چوار پەلت لە عەرد بێت، ئەگەر حەز دەکەی سێیەکی ئەگەر حەز دەکەی هەموو تیَ (د ە خ ە م) الا قومي الى النيک * فقد هيي لک المضجع ، وان شئت ففي البيت * وان شئت ففي المخدع، وان شئت سلقناک * وان شئت على الاربع، وان شئت بثلثيه * وان شئت به أجمع. سجاح وتی با هەموو بێت، موسەیلیەمە وتی ئاوا وەحی بۆم هاتووە. سجاح بۆ ماوەی سیَ ڕۆژ لەلای ئەمینێتەوە و لە دواییدا بە جێی دەهێڵیَ. کاتێک گەڕایەوە بۆلای هۆزەکەی وتیان مارەییت چەند بوو؟ وتی هیچ، ئەوانیش گوتیان شیاو نییە بۆ تۆ بەبیَ مارەیی هاوسەرگیری بکەی بۆیە نوێنەرێکی خۆی دەنێرێتە لای موسەیلیەمە تاوەکو مارەییەکەی بدات. موسەیلیەمەش دەڵیَ ئەو نوێژەی موحەمەد بۆی هێناون من دوو نوێژم لا برد، ئەمەش مارەییەکەیەتی.
سجاح بەلەشکرەکەی گەڕایەوە وڵاتی خۆی و وازی لە موسەیلیەمە هێنا، چونکە دەیزانی خالید هێزی کۆکردۆتەوە بۆ سەر موسەیلیەمە. لەو کەین و بەینەدا سجاح

دەستتێکەڵ دەکات لەگەل پیاوێکی تر بە ناوی 'مالک بن نویرة'، بەڵام ئەو شوێنەش بەجێ دەهێڵێ بەر لەهاتنی خالید دەچێتەوە لای هۆزەکەی 'بني تغلب'. ئەوەی زانراوە پاش کوشتنی موسەیلیەمە دەبێتە موسوڵمان و لەسەردەمی موعاویەی بن سوفیان دەمرێ.

سەبارەت بە گەیشتنی خالیدیش بۆ لای 'مالک بن نویرة' دەگێڕنەوە خالید بەشەو هێرش دەکات بەڵام هەردووکلا هاوار دەکەن دەڵێن موسوڵمانین. بۆیە جەنگ ڕوو نادات و دەیانەوێ بگەن بە چارەسەریەک بەڵام کاتێک خالید مالک لەگەڵ ژنەکەی دەبینێ بە ناوی 'ام تمیم' دەڵێ قۆڵبەستیان بکەن. پێش ئەوەی مالک سەری لە لەشی جیاکەنەوە تەماشایەکی ژنەکەی کرد و وتی ئەوە منی کوشت واتە جوانی ژنەکەی بووە هۆی کوشتنی. ئینجا خالید سەری مالک و چەند کەسێکی تر دەکولێنن تا بیخۆن و عەرەبە هەڵگەڕاوەکانی پێ بتۆقێنن.[52]

خالید زەم دەکرێت لەلایەن 'ابو قتادة'، بە 'ئەبوبەکر' ئەڵێ خالید لابەرە شمشێرەکەی خوێن ڕێژە، بەڵام 'ئەبوبەکر' دەڵێ لای نابەم ئەڵڵا شمشێرەکەی بۆ سەر بێباوەڕان هەڵکێشاوە.[53] ئەمەش وەک دەقی موحەمەد بوو کاتێک هێرشی کردە سەر تیرەکانی جولەکە و ژنەکانیان لەهەمان شەودا لەگەڵ موسوڵمانان خەوێندران. بۆیە خالید کارێکی ناشەرعی ئیسلامی نەکردوە تاوەکو لۆمە بکرێت!!

پێنجەم: ئەبوبەکر کەسێکی زۆر ڕامیارزان بوو، هێرشەکانی دەستپێکرد لەسەر ئەو خەڵکانەی کە هێزیان کەم بوو بەڵام پاش ئەوەی هەموو خستەوە ژێر ڕکێفی خۆی ئینجا لەگەڵ گەورەترین هێزی هەڵگەڕاوەکان دەستی پێکرد کە ناسرابوو بە 'الرحمن الیمامة' ئەم کەسە لەسەردەمی موحەمەد خۆی کرد بە پێغەمبەر و نامەی بۆ موحەمەد نارد کە پەیامبەرایەتیەکە بە هاوبەشی بەرنە سەر بەڵام موحەمەد ڕازی نەبوو تاوای لێهات ناوی لێنا 'مسیلمة الکذاب'. پێغەمبەرانی درۆزن زۆر بوون بەڵام ئایەتی موسیلمە لە ڕووی ڕەوانبێژیەوە شانی لە شانی ئایەتەکانی موحەمەد ئەدا، هەر بۆیە لە پاش مردنی چەند ئایەتێک بێ مانایان خستە پاڵی تاوەکو سوکی بکەن. لە شەڕی هەڵگەڕاوەکاندا موسوڵمانان ڕووبەڕووی سەختترین هێزی موسلیلمە

[52] البداية و النهاية، ج ٦ ل ٣٥٤
[53] عبقرية خالد، ل ٧٨

بونەوە کە بەپێی هەندێک سەرچاوە لە ساڵی ١١ کۆچی و هەندێکیش ئەڵێن لە ساڵی ١٢ کۆچی ڕوویداوە، هەندێکیش ئەڵێن لە ساڵی ١١ کۆچی دەستی پێکردو و لە دوانزە کۆتایی پێهات.
هێزەکەی خالید کوڕی وەلید لە ناوچەی 'عقرباء'دا کەمپیان دامەزراند، ئەو ناوچەیەش دەوروبەری 'الیمامة' بوو، ئەبوبەکر نامەیەکی دووردرێژی بۆ نوسی و وتی: **__بدە لە ملی دیلەکان، بیانکوژە و بە ئاگر بیان سوتێنە__**. هەر بۆیە پێش ئەوەی جەنگ دەست پێبکات هێزێکی موسەیلەمە دەگرن کە چل تا شەشت کەس ئەبن و هەر هەموویان بە دیلی ئەکوژن جگە لە یەکێکیان بە ناوی 'مجاعة' تاوەکو سیخوریان بۆ بکات. لە وتووێژێکی نێوان مجاعة و خالیددا دەردەکەوێ موسەیلیەمە هێزێکی زۆری هەبووە و ئایەتی ڕەوانبێژی هەبووە، بەڵام لە سەرچاوەکان دەڵێن ئایەتەکانی پروپوچ بووە، چونکە هەر خالید دەڵێ خەڵکی بڕوایان بەو ئایەتانە دەکرد؟ مجاعەش دەڵێ ئەگەر بڕویان نەکردبا چون سبێی دەهەزار کەس بۆی دەجەنگێ. بەڵام دیارە ئەو ئایەتە پروپوچانەی مجاعة خۆی وتوویەتی تاوەکو خالید نەیکوژێ و بە ڕق دانەکەون. ئەو ئایەتانەیان خستۆتە پاڵی: ئەی بۆق کچی بۆق، دەقیرێنی چ دەقیرێنی، بەشی سەرەوەت لە ئاوە بەشی خوارەوەت لە قوڕە، نە ڕێگری لە کەس دەگری ئاو بخواتەوە نە ئاو شلوێ دەکەی. يا ضفدع ابنة ضفدع، نقي ما تنقين، أعلاك في الماء و أسفلك في الطين، لا الشارب تمنعين، ولا الماء التدركين.
سوێند بە تاریکی شەو، بە گورگە ڕەشەکان، بە بزنە کێویەکان، ئەسید بێ حورمەتی ناکات بە پیرۆزیەکان(حەرام). والليل الاطلم، والذئب الادلم، والجذع الازلم، ما انتهكت أسيد من محرم. هەروەها چەند ئایەتێکی تر ماوە کە لە بەرگی یەکەم ئاماژەمان پێداوە.
دەبێ مرۆڤ بە ژیرانە بیربکاتەوە، ڕەوانبێژی موحەمەد تاڕادەیەکی زۆر هێزی تێدایە ئینجا خەڵک زۆر بە سەختی دوای موحەمەد کەوتن کەچی موسەیلیەمە بە بێ زەبرو زەنگ خەڵکی یەمامە هەموی دوای کەوتن کەواتە ئەبێ بزانین ڕەوانبێژی موسەیلیەمە زۆر بەهێزتر بووە لە موحەمەد، ئەگەرچی ئەبێ ئەوەش ڕەچاوبکەین موسەیلیەمە کەسایەتیەکی زۆر بەهێزی هەبووە!
هێزەکەی موسیلمة هێرشیان کردە سەر خالید تا نزیکی هەوارەکەی خالید بونەوە، کاتێک جەنگێکی سەخت دەستی پێکرد، خالید بەوە ڕازی بوو کە نیوەی

دەستکەوتەکان بدرێتە موسەیلیەمە تەنها بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ئیسلام، بەڵام موسەیلیەمە ڕازی نەبوو، شەڕەکە چەند ڕۆژێکی خایەند. ڕۆژێکیان موسوڵمانێک خۆی هەڵدایە ئەودیوی باغەکەی موسەیلیەمە و دەرگاکەی بۆ موسوڵمانان کردەوە جەنگێکی سەخت ڕوویدا و لە ئاکامدا 'وحشي' بە ڕمەکەی لە موسەیلیەمەی داو کوشتی هەربۆیە هاوەلانی موسەیلەمە هیچیان نەما کە شەڕی بۆ بکەن بۆیە تێکشکان هەروەک چۆن لە ئوحود گوتیان پەیامبەر کوژرا موسوڵمانەکان ورەیان ڕوخا. ئەمەش هەمان هۆکار بوو هاوەڵانی موسەیلیەمە هێزی بەرخودانیان نەما.
بە پێی سەرچاوەکان لە هەردوکلا کوشتارێکی زۆر کەوتەوە، زیاتر لە بیستویەک هەزار کەس کوژران لە هێزی مسیلمة و لە هێزی موسوڵمانانیش زیاتر لە هەزار ودووسەد کەس کوژران چلیان لە قوڕئان خوێندنەکانی ئیسلام بوون کە بووە هۆی زەرەرێکی زۆر لە ئیسلامدا. ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوی فڕێندرا فڕیندرا، هەروەک پیشەی ئیسلام کە باسکرا، خوێنەکانی موسوڵمانەکان وشک نەبۆوە خالید بن ولید دەستی کرد بە ژنخواستن، تەنانەت ئەبوبەکر نامەیەکی بۆ ئەنێرێ ئەڵێ خوێنی موسوڵمانان وشک نەبۆوە تۆ خەریکی ژنهێنانی![54]
هەرچەندە لە کوژرانی موسوڵمانان گومانمان هەیە ئەبێ زیاتر بێت لەوەی باسکراوە یاخود ژمارەی کوژراوانی موسەیلیەمە بەو شێوەیە نەبووە تەنها ئەگەر دیل نەبووبن و بە دیلی نەکوژرابن.

### ١. ٣. ٢ فتح کردن

مێژوناسانی ئیسلام خۆیان دەڵێن ئەو هێرشانە بەناوی غزو بووە بەڵام لە دواییدا وشەی 'غزو'یان کردوە بە 'فتح' واتە ئازادکردن. پاش ئەوەی ئەبوبەکر دڵنیا بوو دورگەی عەرەبی ئارام بۆوە لە هەڵگەڕاوەکان، پلانی دووەمی دەستپێکرد بۆ لەناو بردنی ناعەرەبە ناموسوڵمانەکان. لە سەردەمی ئەبوبەکر هێرشکرا بۆ سەر دووناوچەی گرینگی ناعەرەبی عێراق و شام. ئەبوبەکر لەسەر ڕێنمای پەیامبەری ئیسلام دەڕۆیشت چونکە خۆی یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەری ئیسلام، لە

[54] الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٢١٣ – ٢٢٤ // تاريخ الطبري ج ٣ ل ٣٠٠ – ٣١٠// البداية و النهاية ج ٦ ل ٣٥١ – ٣٦٢

هەمان کاتدا لەگەڵ پەیامبەر بازرگان بووە، دەیزانی ڕۆڵی شارستانیەت چەند گرینگە بۆیە هێرشی دەست پێ کرد بۆسەر عێراق و شام.

بۆ ئەوەی شارستانیەت پێش بکەوێ پێویستی بە کات و فەلسەفە و مرۆڤی زیرەک هەیە، ئەو دوو شارستانیەتە بناغەکەی بۆ ساڵانێکی دووردوودرێژ دەگەڕێتەوە بۆیە بە یەکسانکردن و گەیشتنەوە لەگەڵ عەرەبستاندا تەنها بە تەخت کردن و وێرانکردن دەبێ. ئەو دوو شارستانیەتە فەرهەنگی ئاینی زەردەشتی و مەسیحی بەرێوەی دەبرد. ئەگەر ئیسلام فەرهەنگی شارستانیەتی پێشخستنی هەبوایە، ئەوا پێویستی بە ماوەیەکی زۆر دەکرد تا بگەیشتبایەوە ئەو دوو شارستانیە. هەرچەندە ئێمە نازانین شارستانیەتی عەرەب پێش دەکەوت یان نا چونکە ئەو مێژوە ڕووینەدا! لەوانەیە بۆچوونمان ڕاست بێت ئەگەر بڵێین نەخێر پێشی نەدەخست چونکە لە عەرەبستان شارستانیەت پێش نەکەوت تەنها لە عێراق و شام بۆ جارێکی تر پێشکەوتەوە چونکە خانە زیندوەکانی باوباپیرانیان جارێکی تر لە عێراق و شام و ئیسپانیا پێشخستەوە بەڵام مەخابن ئەو شارستانیەتە بەناوی عەرەب و ئیسلام ڕۆیشت. ئەمەش ناهەقیەکی بێ وێنە بوو بەرامبەر مێژوی ئەو ناوچانە کرا و قەت ئەوە لێکنادرێتەوە ئەگەر عەرەب و ئیسلام ڕۆڵیان هەبووبێ بۆچ مەککە و مەدینە پێش نەکەوت. ئێمە نەمان دی لە مەککە منارەیەکی وەک سامەرا و هەولێر دروست کرابێ یاخود کۆشکێکی وەک کۆشکە هەڵواسراوەکەی بابل دروست کرابێت لە کاتێکدا بنکەی پێکگەیاندنی موسوڵمانانی جیهان مەککە بوو! هەروەک گوتمان شارستانیەت فەلسەفە و مرۆڤی ژیر و کات دروستی دەکات. کەچی ١٤٠٠ ساڵ زیاتر تێپەریووە، بەڵام دیارە فەلسەفە و مرۆڤی ژیری تێدانییە.

هەربۆیە ئەبوبەکر دەبوایە ئەو دوو شارستانیەتە تێکبدات تاوەکو هەموو وەک یەکی لێ بێت، بەڵام عومەر لەسەرەتادا ڕازی نەبوو چونکە لە خۆی و هێزەکەی ڕانەدەدیت. ئەبوبەکر جەختی کرد و هێرشەکان دەستی پێ کرد و چەند ناوچەیەکی عێراقی گرت، بەڵام نەیتوانی بەرنامەکانی تەواو بکات بە هۆی مردنەکەی، بەڵام خەلیفەی دوای خۆی بەرنامەکەی بۆ تەواو کرد وەک لە بەشەکانی تردا باس دەکرێت.

### ١. ٣. ٢. ١ فتح کردنی عێراق

بەپێی سەرچاوەکان[55]، لەساڵی ١٢ی کۆچی، ئەبوبەکر لەشکری ئیسلامی ئامادە کرد بە دوو هێزی گەورە تاوەکو هێرش بکەنە ناوچەکانی عێراق واتە میزۆپۆتامیای کۆن. ئەم ناوچەیە لە کۆنەوە دوژمنان چاویان تێبڕیوە و هەموو دوژمنێک ویستویەتی درێژترین هەناسەی تێدابدات. موحەمەد پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات پلانی بۆ دانابوون کە ڕۆژێک دێت خەزێنەکانی کیسرا دەکەوێتە بن دەستی عارەبان. لە فەرمودەیەکی پەیامبەردا ئاماژە بەو خەزێنە دەکات.

لە 'عدي بن حاتم' دەگێڕنەوە: کاتێک ئێمە لای پەیامبەر بووین کەسێک هات سکاڵای برسیەتی خۆی کرد و پاشان کەسێکی تر هات سکاڵای چەتەی سەر ڕێگای کرد. پەیامبەر وتی ئەی 'عدي' تۆ 'حیرة'ت بینیوە؟ وتم نەخێر بەڵام بیستومە. پەیامبەر وتی ئەگەر تەمەنت درێژ بێت ژن لە کەژاوەیەکدا دەبینی لە 'حیرة' دێت بۆ 'کەعبە' بۆ تەواف کردن و لە هیچ کەسێک ناترسێ جگە لە ئەڵڵا نەبێ. منیش بە خۆمم وتی ئەی ئەو چەتانەی 'طيئ' کە بە هەموو وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە؟ پەیامبەر وتی ئەگەر تەمەنت درێژ بێت خەزێنەی کیسرا' دەکەنەوە-واتە دەکەوێتە بن دەستتان-، وتم 'کسرا بن هورمز'. وتی 'کسرای بن هورمز'. ئەگەر تەمەنت درێژ بێت دەبینی پیاوێک چنگی پڕ لە زێڕە یان زیوە داوا دەکات یەکێک لێی وەربگرێ کەس لێی وەرناگرێ. هەر یەک لە ئێوە، کاتێک چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەڵڵا دەکات، ئەی بینن بە بێ وەرگێر. ئەڵڵا پێی دەڵێ من پەیامبەرێکم بۆ نەناردن بۆ ئەوەی فێرتان بکات. ئەویش ئەڵێ بەڵێ، ئەڵڵا دەڵێ ئەی من سەروەتم نەدانێ، دەڵێ بەڵێ. پاشان تەماشای ڕاستەی دەکات هیچ نابینێ تەنها دۆزەخ نەبێ، پاشان تەماشای چەپەی دەکات هیچ نابینێ تەنها دۆزەخ نەبێ.

'عدي' وتی خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بە نیو دنکە خورماش بێت(واتە بۆ خێرکرن) ئەگەر نیو خورماشتان نەدۆزیەوە بە قسەیەکی خۆش. 'عدی' وتی: من دیتم ژن لە کەژاوەیەکدا لە 'حیرة' هات بۆ کەعبە بۆ تەواف، من خۆم خەزینەی کیسرای کوڕی هورمزم کردەوە. ئەگەر تەمەنتان درێژ بێت ئەوەش دەبینن کە پەیامبەر باوکی قاسم وتی پیاوێک چنگی پڕ لە زێڕە یان زیوە . بَيْنَا أَنَا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذْ أَتَاهُ رَجُلٌ فَشَكَا إِلَيْهِ الْفَاقَةَ ثُمَّ أَتَاهُ آخَرُ فَشَكَا إِلَيْهِ قَطْعَ السَّبِيلِ فَقَالَ يَا عَدِيُّ هَلْ رَأَيْتَالْحِيرَةَ قُلْتُ لَمْ أَرَهَا وَقَدْ أُنْبِئْتُ عَنْهَا قَالَ فَإِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ لَتَرَيَنَّ الظَّعِينَةَ تَرْتَحِلُ مِنْ الْحِيرَةِ حَتَّى

[55] الكامل في التاريخ، ذكر مسير خالد بن الوليد الى العراق و صلح الحيرة الى ذكر وفاة أبي بكر، ج ٢ ل ٢٣٨ - ٢٦٧ // بداية و النهاية، بعث خالد بن الوليد الى العراق الى خلافة عمر بن الخطاب ج ٦ ل ٣٧٥ - ج ٧ ل ٢١ // تاريخ الطبري، مسير خالد الى العراق و صلح الحيرة الى ذكر مرض أبي بكر و وفاته، ج ٤ ل ٢٦ - ٧٢

تَطُوفَ بِالْكَعْبَةِ لَا تَخَافُ أَحَدًا إِلَّا اللَّهَ قُلْتُ فِيمَا بَيْنِي وَبَيْنَ نَفْسِي فَأَيْنَ دُعَّارُ طَيِّئٍ الَّذِينَ قَدْ سَعَّرُوا الْبِلَادَ وَلَئِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ لَتُفْتَحَنَّ كُنُوزُ كِسْرَى قُلْتُ كِسْرَى بْنِ هُرْمُزَ قَالَكِسْرَى بْنِ هُرْمُزَ وَلَئِنْ طَالَتْ بِكَ حَيَاةٌ لَتَرَيَنَّ الرَّجُلَ يُخْرِجُ مِلْءَ كَفِّهِ مِنْ ذَهَبٍ أَوْ فِضَّةٍ يَطْلُبُ مَنْ يَقْبَلُهُ مِنْهُ فَلَا يَجِدُ أَحَدًا يَقْبَلُهُ مِنْهُ وَلَيَلْقَيَنَّ اللَّهَ أَحَدُكُمْ يَوْمَ يَلْقَاهُ وَلَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تَرْجُمَانٌ يُتَرْجِمُ لَهُ فَلَيَقُولَنَّ لَهُ أَلَمْ أَبْعَثْ إِلَيْكَ رَسُولًا فَيُبَلِّغَكَ فَيَقُولُ بَلَى فَيَقُولُ أَلَمْ أُعْطِكَ مَالًا وَأُفْضِلْ عَلَيْكَ فَيَقُولُ بَلَى فَيَنْظُرُ عَنْ يَمِينِهِ فَلَا يَرَى إِلَّا جَهَنَّمَ وَيَنْظُرُ عَنْ يَسَارِهِ فَلَا يَرَى إِلَّا جَهَنَّمَ قَالَ عَدِيٌّ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقَّةِ تَمْرَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ شِقَّةَ تَمْرَةٍ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ قَالَ عَدِيٌّ فَرَأَيْتُ الظَّعِينَةَ تَرْتَحِلُ مِنْ الْحِيرَةِ حَتَّى تَطُوفَ بِالْكَعْبَةِ لَا تَخَافُ إِلَّا اللَّهَ وَكُنْتُ فِيمَنْ افْتَتَحَ كُنُوزَ كِسْرَى بْنِ هُرْمُزَ وَلَئِنْ طَالَتْ بِكُمْ حَيَاةٌ لَتَرَوُنَّ مَا قَالَ النَّبِيُّ أَبُو الْقَاسِمِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُخْرِجُ مِلْءَ كَفِّهِ.[56]

ئەو دوو هێزەی ئەبوبەکر ئامادەی کرد یەکیان ١٨ هەزار جەنگاوەر بە سەرپەرشتی 'خالد بن ولید' بوو، بۆ ئەوەی هێرش بکاتە باشوری خۆرهەڵاتی میزۆپۆتامیا کە بە زمانی عەرەبەکانی ئێستا بە 'عێراق' ناوزەد دەکرێ. هێزەکەی تری بە سەرپەرشتی 'عیاض بن غنم' ئامادەکرد تاوەکو لە باکوری خۆرهەڵاتی میزۆپۆتامیا هێرش بکات. ئەبوبەکر بە هەردوکیانی ڕاگەیاند لە 'حیرة' یەکبگرنەوە بەڵام کامتان زووتر گەیشتن ئەوا ئەبن بە 'أمیر'ی ئەم ناوچەیە. شاری حیرة ستراتیجیەکی بێ وێنەی هەبوو بۆ موسوڵمانان بۆیە بە گرتنی دەستکەوتێکی مەزنی ئەنجامدا. ئەو شارە لە پایەتەختی ساسانیەکان نزیکی کردنەوە چونکە سێ میل لە باشوری 'کوفة' دوور بوو، هەروەها بۆ ماوەی یەک کاتژمێری ئەسپسوار دوور بوو لە باشوری ڕۆژهەڵاتی 'نجف'، ئەم شارۆچکە ناوچەیەکی بایەخەدار و سەرەڕێ بوو، هەموو شارۆچکەکانی بەیەکەوە ئەبەستەوە، لە ڕۆژهەڵات بە 'مدائن'، لە خۆرئاوا بە 'شام'، لە باکور بە 'هیت'. کەواتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ 'ئەبوبەکر' کەسێکی سەربازی ڕامیارزان بووە زۆر بە وردی شارەزای ئەم ناوچانە بووە.

[56] صحيح البخاري، المناقب، علامات النبوة في الاسلام+ فتح الباري شرح صحيح البخاري// طي تیرەیەکی بەناوبانگ بوون لە نێوان ئیراق و حجاز نیشتەجێ بوون و رێگر بوون، بۆیە 'عدي' پێی سەیرە چۆن ژن بە تەنها دەتوانێ لە حیرة بۆ مەککە گەشت بکات. خوێنەر لەوانەیە بلێت پەیامبەر پێشبینی هەبوە لەلایەن خوداوەندەوە ئەگینا چۆن زانی خەزێنەی کیسرا دەکەویتە دەستی عارەبان، بەڵام هەر لەو بەشەی بوخاری چەند فەرمودەیەکی پەیامبەر دەگێرێتەوە هیچی نەهاتۆتە دی، وەک دەلی کۆتای دونیا نایەت هەتا شەڕ لە گەل کەسانێک نەکەن پێلاوەکانیان لە مو دروست بوە، یان دەڵێت ترک، لە شوێنێکی تر دەڵێت کۆتای دونیا دێت پاش شەری خوزا و کرمان. لە ڕاستیدا ئەو شەرانە لەسەردەمی عمر و عثمان کرا واتە ١٤٠٠ ئەم شەڕانە کراوە و کۆتایی دونیاش نەهات.

لەو کاتانەدا 'مثنی بن حارثة' ئەبوبەکر هان ئەدات تاوەکو هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی ساسانیەکان، ئەبوبەکریش ئەینێرێت. پاشان براکەی 'مسعود بن حارثة' ئەنێرێت بۆ لای ئەبوبەکر تاوەکو هێزێکی بۆ ڕەوان بکات، ئەویش 'خالد بن ولید' ئەنێرێت و ئەڵێ " ئەوە من خالیدی کوڕی وەلیدم بۆ ناردی، ئەبێ یارمەتی بدەیت و لە فەرمانی لانەدەیت".

یەکەمین شەڕ دەستی پێکرد و هێرشیان کردە سەر 'الابلة'، دەسەلاتداری ئەم ناوچەیە ناوی 'هرمز' بوو، لەم شەڕە هێزی موسوڵمانان سەرکەوتن و ناویان لێنا شەڕی 'ذات السلاسل' چونکە بەرگریکەرەکان بە زنجیر خۆیان بەستبۆوە تاوەکو ترس نەیان گرێت و هەڵبێن، تا دوا دڵۆپە خوێن بجەنگن دژ بە هێزی موسوڵمانان. لەو شەڕەدا موسوڵمانان بەسەرکەوتن و سەروەت و سامانیان بە تالان برد.

پێش ئەوەی ئەم شەڕە دەست پێبکات هرمز نامەی نارد بۆ کسرا تاوەکو یاریدەدەری هێزەکەی بکات. ئەویش هێزێکی بۆ ئەنێرێت بەلام ئەو هێزە درەنگ ئەگات و فریای هرمز ناکەوێت بۆیە دەشکێت و ڕائەکات بۆ ناوچەی 'المذار'. ئەو هێزە هەلاتوە لەگەڵ لەشکری ساسانیەکان یەک ئەگرێتەوە تاوەکو بەرپەرچی هێزی موسوڵمانان بدەنەوە. بەلام ئەمجارەش موسوڵمانان بەسەر دەکەون، وەک مێژونوسانی ئیسلام دەڵێن زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسیان لە هێزی ساسانیەکان کوشتوە، ئەم شەڕەش ناسراوە بە شەڕی 'المذار'.

کاتێک ئەردەشێر هەواڵی تێکشکاندنی هێزی ساسانیەکان ئەبیستێت لە 'المذار'، هێزێکی تر ئامادە ئەکات بە سەرپەرشتی 'ئەندەرزەغەر = الاندرزغر' بە یاردەدەری هێزێکی تر بە سەرپرشتی 'بهمن'. ئەندرزغر بەرەو 'کسکر' بەڕێکەوت و لەوێشەوە بۆ 'الولجة'. وە هێزی بهمن بەرەو ناوچەی 'السواد' بەڕێکەوت تاوەکو هەردووک هێز لە 'الولجە' بەیەک بگەن. بەلام خالیدی کوڕی وەلید دووهێزی نارد بۆ پشتی هێزەکانی ناموسوڵمانان و خۆشی لە پێشەوە هێرشی بۆ کردن. بەم شێوە 'خالد بن ولید'ی شەڕزان توانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

کاتێک خالید سەرکەوتنی بەدەستهێنا لەم شەڕانە هەندێک لە عەرەبەکان بوونە پاڵپشتی ساسانیەکان تاوەکو بەرگری لە 'حیرة' بکەن. خالید سوێندی خوارد ئەبێ دەریا سور بکات بە خوێنی ناموسوڵمانان.

ئەردەشێر نامەی نارد بۆ بەهمەن تاوەکو لەگەڵ سوپاکەی بەرەو 'ئولەیس =الیس' بەڕێکەون. ئەو هێزە جابان سەرپەرشتی دەکرد، بەهمن نامەی بۆ نارد پەلە نەکات لە شەڕ تاوەکو خۆی و هێزەکەی دەگاتە جێ.
بەگەیشتنی بەهمەن بۆ لای جابان عەرەبە مەسیحیە گوندنیشینەکانی چواردەورەی 'حیرة' لە جابان کۆبوونەوە دژ بە موسوڵمانان. هەندێک لە فەرماندەکانی جابان وتیان با نان بخۆین و خوان ئامادە بکەین تاوەکو موسوڵمانەکان بزانن ئێمە گوێیان پێ نادەین. جابان وتی ئەگەر ئەمە بکەن لەوانەیە هێرش بکەنە سەرتان. بەڵام گوێیان بە قسەکانی جابان نەداو خوانەکانیان ئامادەکرد تاوەکو نان بخون. خالیدیش بە هەلی زانی کە کاتێکی باشە بۆ هێرش کردنە سەریان. کاتێک نزیک بۆوە وتی 'أبجر = ئەبجەر' لە کوێیە عەبدالاسود لە کۆێیە، مالک بن قیس لە کوێیە؟
مالک هاتە پێش، خالید پێی وت ئەی کوڕی پیسکە(خبیث) بۆچی لەناو ئەوانی دژ بە من، هەی بێ وەفا، یەکسەر کوشتی. هەر بۆیە هیزەکەی جابان زانیان هێرش دەستی پێکرد دەستیان لە نان خواردن هەڵگرت. جابان وتی بە قسەی منتان نەکرد بێ ئاگا بوون لەبەر نانخواردن، ئێستا پێتان دەڵێم ئەو خۆراکانە ژەهراوی بکەن، ئەگەر سەرکەوتین زیانێکی کەمان لێ دەکەوێ ئەگەر ئەوان سەرکەوتن ئەوا لەناویان دەبەین. بەڵام لەوەش بەقسەی جابانیان نەکرد. جابان دەیزانی عەرەبەکان برسین ئەگەر سەرکەوتن پەلاماری خواردنەکە دەدەن و بە هۆی ژەهرەکەوە لەناو دەچن!
هەردووکلا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە شەڕێکی زۆر سەخت دەستی پێکرد. خالید نەزری کرد و وتی ئەبێ هێندەیان لێبکوژم ڕوبار سور بکەم. لەو شەڕەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا خالید بە جاڕچیەکەی وت هاوار بکە کەس نەکوژن بەس دیل بگرن.
هەربۆیە دیلەکانیان بۆ خالید هێنا ئەویش چەند کەسێکی موسوڵمان دائەنێ بۆ سەرپەڕاندنیان. سەربڕینی ئەو دیلانە شەو و ڕۆژێک دەخایەنێت. پاشان بە دوای هەڵاتوەکان دەکەون تاگەیشتنە 'نهرین' لەوێش هەموویان دەکوژن.
وەک وتمان خالید سوێندی خواردبوو ڕوبار سوربکات بە کوژراوانی جەنگ، قعقاع' بە خالیدی وت با سوێندەکەت لێ نەکەوێ چونکە ئەگەر کەسێک بمرێ خوێنەکەی لە لەش دەمەیێ و خاکیش خوێن ئەمژێ بۆیە ئاو بەربدەنە ناو ئەم دۆڵە و تاوەکو ئاوی

ناو دۆڵەکە بچێتەوە ناو ڕوبارەکە و سوربێت. بەمشێوەیە ڕوبارەکە سور بوو، هێشتاش ئەو ڕوبارە بە ڕوباری خوێن بەناوبانگە.
خالید هاتە سەرخوانی ئەوان وتی ئەمەم بە ئێوە بەخشی و تایبەتە بە ئێوە. عەرەبە موسوڵمانەکان ئەو نانە ناسکانەیان نەدیبوو دەیان وت ئەم ناسکە سپیە چییە؟ بۆیە ئێستاش عەرەب بە ناسکە نانە دەڵێن 'خبز رقاق'
موغیرە **دەڵێت چەندین ئاش بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە ئاوی خوێناوی دەگەڕا** . دەڵێن ژمارەی کوژراوان ٧٠ هەزار بوو. خالید هەزاران ژنی کرد بە سەبا و پێنجیەکی غەنیمەکەیان بۆ خەلیفەی یەکەم نارد.

لە پاش شەڕی ئولیس خالید بەڕێکەوت بۆ 'أمغیشیا' و بڕیاری دا وێرانی بکات و هیچی تێدا نەهێڵن. ئەمغیشیا هاوشێوەی شارێکی وەک 'حیرة' بوو. تاڵانیەکی یەکجار زۆریان بەدەست کەوت. 'بحر بن فورات العجلي' لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە: ئەو تاڵانیەی موسوڵمانان دەستیان کەوت لە نێوان شەڕی ذات الاسلا سل تا گرتنی ئەمغیشیا، هیچیان بەقەد بڕی تاڵانیەکەی ئەمغیشیا نەبوو. هەر سوارێک هەزار و پێنج سەد درهەمی بەسەردا دابەش کرا. ئەبوبەکر وتی ئەی قوڕەیشیەکان شێرەکەی ئێوە پەلاماری شێریدا و سەرکەوت بەسەر پارچەگۆشتەکەی، ژنان چیتر ناتوانن کەسێکی وەک خالید بهێننە سەردونیا.[57]
ئەبێ بپرسین کە جەنگاوەرەکانی ساسانی چەند ڕێکوپێک و تێر بوون وە نانی ناسکیان هەبووە، ئەبێ ئەوەش بزانین لە هیچ سەربازگەیەکدا خواردنی زۆر بەتام نییە و هەر خواردنی ئاساییە. ئەگەر ئەم خۆراکەی سەربازگا ئەوەندە بەتام بووبێ ئەبێ خواردنی هاوڵاتیان چۆن بووبێ!! خاکی بە پیتی میدیا چەند بە پیت و پەزاو(پەزاڤ) بووە و خاکی عەرەبیش چەند وشک و چەند گیانگیر بووە بۆیە هێندە برسی بوون و شەڕکەر بوون.
کاتێک خالید دەستی بەسەر ئەم ناوچانە داگرت، دەسەڵاتداری 'الحیرة' بە ناوی 'الآزاذبە' کوڕەکەی نارد تاوەکو بەندەرەکانی [58] ئاوی فرات بگرێتەوە بۆ ئەوەی

---

[57] تأریخ الطبري ج ٤ ل ٢٦ – ٣٦
[58] خوێنەردەبێ لەوە تێبگات دەبێ چ شارستانیەتێک هەبوبێ لە کاتێکدا بەنداوی وا گەورەیان هەبوبێ ئاوی فورات بگرێتەوە. دەبێ چۆن دروست کرابێ، ئەوەش جێگای سەرسورمانە و دەتوانرێت ئەو بەنداوانە بۆ سەردەمی میدیەکان بگەڕێتەوە، چونکە میدیەکان بە هۆی بەنداووە توانیان دیوارەکانی نەینەوێ بروخێنن.

بەلەمەکانی موسوڵمانان لە کاربخات. بەڵام خالید زوو گەیشتە بەنداوەکە و کورەکەی کوشت. کاتێک باوکی بە کوشتنی کوڕەکەی زانی ئەویش هەڵات و خەڵکی 'حیرة'ی بە جێهێشت. ئا بەم شێوەیە خالید ئەتوانێت چواردەورەی 'حیرة' بگرێت، ئینجا نامەیان بۆ ئەنێرێت یان ئەبن بە ئیسلام یان جزیة یان شەڕکردن. بەڵام خەڵکی 'حیرة' ڕازی ئەبن جزیة بدەن کە ساڵانە سەد و نۆهەد هەزار درهەم بدەن بە ئیسلام تاوەکو بە ئاشتی وازیان لێبێنن. ئابەم شێوەیە حیرة ئەبێتە جێگایەکی ستراتیجی و بنکەی سەربازەکانی موسوڵمان تاوەکو لە دواڕۆژدا هێرش بکەنە سەرناوچەکانی ساسان.

پاش خۆ قەیمکردنیان لە شاری حیرة خالید بەڕێکەوت بۆ 'الانبار'. سەرکردەی ئەنبار ناوی 'شیرزاذ' بوو بە کەسێکی ژیر ناسرابوو. خەڵکی شارەکە چاڵێکیان بەدەوری ئەنباردا هەڵکەند بۆ پارێزگاری لە خۆیان. خالید بە تیرهاوێژەکانی خۆی دەڵێت تیرەکان بۆ چاویان بهاوێن. لەو شەڕەدا هەزار جەنگاوەر چاوی کوێر بوو. هەربۆیە شیرزاذ دەکەوێتە مەسڵەت کردن لەگەڵ خالید. خالیدیش بەیەک مەرج ڕازی بوو کە ئەبێ پارە و سەروەت و سامانیان لەگەڵ خۆیان نەبەنە دەرێ. ئا بەم شێوەیەش الانبار کەوتە دەستی موسوڵمانان و شەڕەکەش بە شەڕی الانبار یان بە 'ذات العیون' ناسراوە.[59]

لە داگیر کردنی ناوچەیەکی تردا، خالید بەرەو 'عین التمر' دەڕوات، عەرەبی ئەو ناوچەیە بە سەر لەشکری ساسانیەکان دەڵێت" ئەو شەڕە بۆ ئێمە بە جێ بهێڵە ئەوان عەرەبن و ئێمەش عەرەبین ئەزانین چۆن شەڕیان لەگەڵ ئەکەین" مهرانیش سەرکردەی ئەو لەشکرە دەبێ ڕازی ئەبێ.

ئەو هێزە عەرەبیەی کە هاوپەیمانی ساسانیەکان بوو سەرکردەکەی ناوی 'عەقە=عقة' دەبێ هەر زوو شکست دەهێنێت بەرامبەر هێزەکەی خالید و بە دیل دەگیرێ.

مهرانیش بەمە ئەزانێ ناوچەکە بە جێ ئەهێڵێ و خالیدیش 'عین التمر' ئەگرێ و لە کەنیسەیەکدا ٤٠ منداڵ دەرئەهێنێ و دابەشی ئەکاتە سەر سەرکردەکان و دەنگ خۆشەکان، یەکێک لەوانە ناوی حمران ئەبێ ئەبێتە خزمەتکاری عثمان بن عفان. سیرن ئەبێتە خزمەتکاری 'مالک بن انس'.

---

[59] سوپاس بۆ خوێنەرێک بە ناوی کاک هەڤاڵ کە تێبینی خۆی بۆ نوسیم، لە چاپی پێشودا ناوی 'ذات العیون'م نە نوسی بوو.

خالید هەرچی دیل دەبێ لە ملیان دەدات. ئەو دیلانەی لەناو قەڵاکان دەگیرێن هەرهەموویان سەریان ئەپەڕێندرێت. بێگومان پینجیەکی غەنیمەکە دەنێرێت بۆ ئەبوبەکر. لە ڕاستیدا سەربڕینی دیلەکان کاری موسوڵمانان دەبێ هەتا ئێستا لە مێژوی ئیسلامدا بۆ جارێک نابینین ئەبوبەکری خەلیفەی یەکەم دژی دیل کوشتن بووبێ. بەڵکو لە نامەکانی زیاتر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە بشیان سوتێنن.

**شەڕێکی تر پاش شەڕە خوێناویەکەی خالید کرا بە ناوی 'دومة الجندل'.**پاش ئەوەی خالید لە شەڕی خوێناوی 'عين التمر' تەواو بوو بەرەو 'دومە = دومة' بەڕێکەوت. خەڵکی 'دومە' بە دوای هاوپەیمانە عەرەبەکانیان نارد لە تیرەکانی بهراء، کلب، غسان، تنوخ، ضجاعم. کاتێک خالید نزیک بۆوە لە دومە، ئەوان دوو سەرکردەیان هەبوو و کێشە کەوتە نێوانیان، یەکێک لە سەرکردەکان ناوی 'ئەکەیدر = أكيدر' بوو وتی من خالید دەناسم باشترە شەڕی لەگەڵ نەکەین، بەڵام ڕاکەی ئەویان ڕەتکردەوە، بۆیە ئەویش سەنگەری چۆل کرد، کاتێک خالید بەوەی زانی 'عاصم بن عمرو'ی نارد تا ڕێگەی لێ بگرێ و بە دیلی بیگرێ. ئەو وتی من هاتووم قسە لەگەڵ خالید بکەم بەڵام خالید یەکسەر دەیکوژێ.
ئەوانەی هاتبوون بۆ هاوکاری خەڵکی دومە سەنگەریان لێدا لە چواردەوری قەڵاکەدا. لەناو قەڵاکەش پر جەنگاوەر ببوو. موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بە جۆرێک کوشتاریان کردن ئەوانەی دیلیش بوون لەناو قەڵاکانیان سەریان پەڕێندرا. دیلەکانی تیرەی 'کلب' هەر هەموویان لە ملیان درا. تەنها چەن دیلێکی 'تيميم' ئازاد کران. کچە گەنجەکان بوون بە کەنیزەکی موسوڵمانان. خالید کچی 'جودي' کڕیەوە و خۆی گەڕایەوە بۆ 'حيرة'.
پاش ئەوەی موسوڵمانان لە 'دومة الجندل' سەرکەوتن زیاتر کشان بۆ ناوچەکانی تر و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا وەک ناوچەی ( الحصيد، مصيخ، الفراض). ئەو ناوچانە بە شەڕێکی سەخت و دژوار ناسراوە و دیلێکی زۆریش بە دەستی موسوڵمانان سەر دەبڕدرێن وەک خۆیان دەڵێن وەک مەڕ سەربڕاون. کوشتارەکانی جەنگی 'الفراض' بە سەدهەزار کەس داندراوە. هەندێک لە ژنەکان و پێنجیەکی تاڵانیەکان بۆ مەدینە دەنێردرێت.

پاش ئەوەی خالید 'الفراض' ئەگرێ بۆ ماوەی دە ڕۆژ لەوێ ئەمینێتەوە ئیجا ئەچێتەوە 'حیرة' پاشان دەگەڕێتەوە بۆ مككە بۆ حەج كردن. دیارە كوشتاری ئەو هەموو كەسە بە حەجێك پاك دەبێتەوە.
بەڵام ئەبوبەكر نامەیەكی بۆ نوسی كە بچێت ناوچەكانی شام بگرێت و جارێكی تر بە پێی فەرمانی خەلیفە نەگەڕێتەوە.[60]

لێرەدا مەبەستی ئەبوبەكر ڕوون نابێتەوە بۆچ فەرمان دەدات بەرەو شام بڕوات بۆچ هەر بەردەوام نابێت بۆ ناوچەی ساسانیەكان، ئایا لە توانستی خۆیان ڕانەدەدی كە زیاتر پێشرەوی بكەن، ئایا مەبەستیان تەنها ناوچە عەرەبیەكانی ژێر دەستی ساسانیەكان بووە؟ ئەم بیركردنەوەی ئەبوبەكر لێڵە و نازانین مەرامی سینەی چی تێدا بووە!!!!



نەخشەی عێراقی كۆن و ناوەی شارەكان بە پێی سەرچاوەی ئیسلام.
www.dorar-aliraq.net/threads/8103-(خرائط-متحركة-للفتوحات-الاسلامية-(المجموعة-الاولى

[60] تأريخ الطبري ج ٤ ل ٣٦- ٥٣

**١. ٣. ٢. ٢ فتح كردنی شام**

له ساڵی ١٣ی كۆچی ئەبوبەكر لەشكری ئامادەكرد بۆ هێرشكردنه سەر ناوچەی شام. زۆر ڕوون نییه لەسەر ئەو مێژوه چونكه هەندێك دەڵێن لەساڵی ١٢ی كۆچی لەشكری ئامادەكرد بەسەرپەرشتی 'عمروبن العاص' تاوەكو بەرەو فەلەستین بەڕێكەوێ. ئەویش ڕێگای 'العرقة' ی گرتوه بەرەو 'أيلة'. هەندێكی تر دەڵێن لەسەرەتای ساڵی ١٣ی كوچی یەكەم لەشكری ئامادەكرد بەسەرپەرشتی 'خالد ابن سعيد بن العاص' بەڵام ئەوی لابردووه له جێگایدا 'يزيد بن أبي سفيان' ناردوه به هەفت هەزار جەنگاوەرەوە. له پاش ئەوەدا موسوڵمانان هێزیان له ناوچەی 'یەرموك'دا كۆكردەوە، لەو كاتانەشدا ڕۆمیەكان هێزیان كۆكردەوه تاوەكو ڕووبەڕووی موسوڵمانان ببنەوە. هێزی ڕۆمیەكان ٢٥٠ هەزار بوون و موسوڵمانان به كۆی گشتی ٣٦ هەزار بوون و ڕۆمیەكانیان شكاند. پێش گرتنی یەرموك به ١٠ ڕۆژ ئەبوبەكر مرد. لەو گێڕانەوەیەدا زۆر زیادەڕۆیی كراوه به حساب لەشكرێكی ٢٥٠ هەزاری بەرامبەر ٣٦ هەزار شكاوە.

مێژونوسان به موسوڵمانان و ناموسوڵمانەوه دان بەوه دائەنێن خالید شەڕڤانێكی زیرك بووه و خاوەن ئەزمون و تاكتیكی سەربازی بووه. كاتێك ئەزانێ لەشكری ڕۆم له ناوچەی سەرسنوریەكان كۆبونەتەوه ئەو بڕیاریدا له پشتی سوپاكەیانەوه بێته ناو شام، بۆیه بڕیاریدا هێزەكەی به شێوەیەكی ڕێكوپێك و بەدزیەوه بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ به ناوچەی بیاباندا ڕێگابگرنەبەر تاوەكو بگەنه سەر سنوری شام. له ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا هەندێك له حوشترەكانیان سەربڕی بۆ ئەوەی ئاوی كۆكراوەی لەشی بخۆنەوه و تینویەتی جەنگاوەرەكانیان بشكێنن. ڕێبەرەكەی خالید پێی وتبو ئەبی حوشترەكان تێر ئاو بكەی و دەمیان ببەستی تاوەكو لەكاتی كاوێژكردندا ئاوەكه تەواو نەكەن، ئەمەش كارێكی ڕامیارزانانەی عەرەبی بیابان بوو، له ماوەی ئەم پێنج ڕۆژه سنوری عێراقیان بڕی كه گوندی كوتایی 'قراقر' بوو. پاش تاڵانكردنی ئەو گونده و ئینجا پێیان نایه بەرەو یەكەم گوندی شام كه ناوی 'سوى' بوو.

موسوڵمانەكانی خاوەن پەیامی ئەڵڵا پەلاماری ناوچه سنوریەكانی شامیاندا، یەكەمین ناوچه پێ دەگوترا 'أرك' پاشان 'تدمر' و 'القريتين' پاشان بەرەو 'حوارين' چوون لەوێ گەیشته ناوچەیەك ئاڵای ئیسلامیان داكوتی كه موحەمەد كاتی خۆی پێ ئەگوت

'العقاب'. پاشان بەرەو 'مرج' ڕۆیشتن و بەسەر 'غسان'یان دادا و کوشتاری خەڵکێکی زۆریان کرد و کەنیزەکێکی زۆریان دەست کەوت ئینجا بەرەو دەربەندی 'بصرى' ڕۆیشت و دەستی بەسەر داگرت کە ئەمیش یەکەمین شاری شام بوو دەستی بەسەر داگیرا.

هێزی خالید زیاتر بەرەو ناوەوەی شام ڕۆیشت و تووشی شەڕ و پێکدادانێک بوون لەشکرەکەی شکستی هێنا و کوڕی خالید کوڕی سعید کوژرا و 'عکرمة'ش لەشکرەکەی کشاندەوە سەر سنوری شام.

پاش ئەوەی هێزی موسوڵمانان زانیان هێزی ڕۆم زۆر لە هێزی خۆیان گەورەترە و بە تواناترە، ئەبوبەکر کۆبۆوە لەگەڵ عومەر و عوسمان و عەلی و کۆچەرەکان، پاشان نامەی نارد بۆ خەڵکی 'یمن' تاوەکو یارمەتیان بدەن بۆ جیهاد. لە ١٢ی کۆچیدا پاشاکانی یەمەن و تیرەکانی یەمەن هەر هەموویان پەیوەندیان بە هێزی موسوڵمانان کرد و بوونە لەشکرێکی بەهێزی ئیسلام.

لەشکرەکەی دابەشکرد بۆ چوار بەش، لەشکرێکیان ٧ هەزار موسوڵمان بوو کە 'یزید بن أبي سفیان' سەرپەرشتی دەکرد تاوەکو بەرەو 'دیمشق' بڕوات و بیگرێت.

لەشکری دووهەم ٣ تا ٤ هەزار موسوڵمان بوو، 'شرحبیل بن حسنة' سەرپەرشتی دەکرد تاوەکو بەڕێبکەوێت بۆ 'تبوک' و 'البلقاء' و پاشان بۆ 'بصرى'.

لەشکری سێهەم 'أبي عبیدة بن الجراح' سەرپەرشتی دەکرد کە پێکهاتبوو لە سێ بۆ چوار هەزار مجاهد تاوەکو بەڕێبکەون بۆ 'حمص'.

لەشکری چوارەم 'عمرو بن العاص' سەرپەرشتی دەکرد و نزیکەی ٦ تا ٧ هەزار موسوڵمان بوون تاوەکو بەڕێبکەوێت بۆ 'فلسطین'.

ئەبوبەکر پێی ڕاگەیاندن هیچ لەو لەشکرانە بە دوای یەکدانەچن و هەریەکەیان ڕێگایەکی تایبەت بگرێ هۆکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ بەرفراوانکردنی هێزی موسوڵمانان، هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد ئەوەی بەرەنگارتان ببێتەوە لەناویبەرن. کاتێک ڕۆمەکان بەو کارەی موسوڵمانانیان زانی ئەوانیش خۆیان کۆکردەوە و سوپاکانی خۆیان کرد بە چوار بەش و هەریەک لەم بەشانەدا بەرەنگاری بەشێکی موسوڵمان ببنەوە. لە ئاکامدا موسوڵمانەکان هەست بەو ترسە ئەکەن و نامەیەک بۆ ئەبوبەکر ئەنێرن، أبوعبیدة نامەیەک بۆ ئەبوبەکر ئەنێرێت و بارودۆخی خۆیان ڕوون دەکەنەوە. بە هۆی ئەو شڵەژاویەوە موسوڵمانەکان بڕیار ئەدەن هێزەکانی خۆیان لەو

شوێنانەی داگیریان کردوە پاشەکشە پێ بکەن و هەر هەموویان لە یەک شوێنی دیاریکراودا کۆببنەوە، هەروەها خالید کوڕی وەلیدیش بە خۆی و هێزەکەی بەهانای هێزەکانی موسوڵمانانەوە بچێت. بڕیاریاندا لە 'یرموک' کۆببنەوە تاوەکو بە گۆرزێکی توند بەرِنگاری ڕۆمیەکان ببنەوە. ئەبوبەکر نامەی بۆ سەرکردەکانی موسوڵمانان نارد و ئاماژەی تێدا کردبوو کە خالیدی کردوە بە سەرلەشکر و ئەبێ هەموویان گوێڕایەڵی بن.

کاتێک خالید لەگەڵ ( ابوعبدة و شرحبيل و يزيد) کۆبۆوە و چاوەڕێ هێزی عومەر بوون، هێزەکەی عومەر لە پاشەکشەدابوو لە کەناری دەریای ئەردەندا. لەشکری ڕۆمیەکان بە دوای ئەم هێزەوە بوون کە لە دیمەشقەوە بەڕێکەوتبوون، خالید خۆی گەیاندە ئەم هیزە بەیەکەوە بوون بە سیهەزار جەنگاوەر. ئینجا تووشی شەڕێکی توند بوونەوە کە تێیدا سەرلەشکری ڕۆمیەکان کوژرا بەمەش هێزی ڕۆمیەکان ورەیان بەردا. ئەم شەڕە ناسراوە بە شەڕی 'أجنادين' یەکەمین شەڕی گەورەی موسوڵمانان و ڕۆمیەکان بوو.

لە پاش سەرکەوتنیان لە شەڕی 'أجنادين' هێزی موسوڵمانان لە 'یرموک' کۆبوونەوە کە بوون بە چل یان چڵ و پێنج هەزار کەس. هێزی ڕۆمیەکان بە پێی سەرچاوەکان نزیکەی ٢٤٠ هەزار جەنگاوەر بوون. هەشتا هەزار لەو جەنگاوەرانە بە زنجیر خۆیان بەستبۆوە بۆ ئەوەی ڕانەکەن.

خالید شێوازێکی نوێی بەکار هێنا لەو شەڕەدا کە پێشتر عەرەب بەو شێوەیە شەڕی نەکردبوو، هێزەکەی خۆی کرد بە پێنج تیپ.

تیپی یەک لە هەژدە بەش پێک هاتبوو هەر بەشێک هەزار جەنگاوەر بوون و ئەمیرێک و سەرکردەیەکی ئەبێت. ئەم تیپە بە سەرپرشتی (أبوعبيدة بن جراح و عكريمة بن أبوجهل و قعقاع کوڕی عومەر) بوو. ئەم تیپە لەناوەڕاستی لەشکرەکە پێک هاتبوو.

تیپی دوو تیپی دەستە ڕاستی لەشکرەکە بوو کە لە ١٠ بەش پێک هاتبوو بە سەرکردایەتی عمری کوڕی عاص و شرحبيل کوڕی حسن بوو.

تیپی سێ تیپی دەستە چەپ لە ١٠ بەش پێک هاتبوو بە سەرکردایەتی یەزید کوڕی سوفیان.

تیپی چوار تیپی پێشەوەی بوو کە هێزی ئەسپ سوارەکان بوون.

تیپی دواوه له پێنج بەش پێکهاتبوون، سەعدی کوڕی یەزید سەرکردایەتی دەکردن و ٥ هەزار جەنگاوەر بوون.
ئەم شەڕە شەڕێکی حەماسی بوو شەڕ لە نێوان دەستکەوت و حۆریەکانی بەهەشت لەگەڵ بەرگریکردن لە خاک بوو، ورەی جەنگاوەرەکانی خۆیان بە سورەتی ئەنفال و حۆریەکانی ناو بەهەشت بەرزئەکردەوە. ئەبوهورەیرە بە موسوڵمانانی ئەوت خێرا کەن وا حۆریەکانی بەهەشت چاوەڕێی ئێوەن، ئەبن بە میوانی ئەڵلا لە بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت، ئەڵڵا حەز ئەکات بتان بینێ. ئەبوسوفیان ئەی وت: ئەڵڵا ئەڵلا لە پارێزگارانی عەرەب و ئیسلام.
ڕۆمەکان نیازی موسوڵمانانیان زانی بۆیە پێیان ووتن ئێمە سەرو دە دینارتان ئەدەینێ لەگەڵ جل و بەرگ و ساڵی ئایندەش بەهەمان شیوه پارەتان ئەدەینێ.
خالیدیش وتی بۆ ئەمە نەهاتوین، ئێمە میللەتێکین حەزمان لە خوێن خواردنەوەیە و بیستومانە لە خوێنی ڕۆم بە تام و چێژتر نییە.
پاش ئەوەی وتوویژ کۆتایی هات شەڕ هەڵگیرسا لە نێوان هێزی هەردووک، بەڵام لە ناو جەرگەی شەڕدا یەکێک لە گەورە سەرکردەکانی ڕۆمی بە ناوی 'جرجة' لەگەڵ خالید ڕوو بە ڕووی یەکتری دەبنەوە، بەڵام لە جیاتی شمشێر گفتوگۆ دەست پێدەکەن. 'جرجة' داوا لە خالید ئەکات لەگەڵی بە ڕاستگۆیانە قسە بکات و هەڵینەخەلەتێنێ. جرجة وتی بۆچ ناوت لێنراوە (شمشێری ئەڵلا)، خالیدیش وتی کاتی خۆی پێغەمبەرێک لەناو ئێمە هەڵکەوت زۆر کەس باوەڕیان پێ نەهێنا و دژایەتیان ئەکرد و منیش یەکێک بووم لەو کەسانە، کاتێک باوەڕم پێکرد پێی وتم (تۆ شمشێری ئەڵلا، بۆ سەرگەردەنی بێباوەڕان هەڵکێشراوی). جرجة وتی: ئێوە خەڵک بۆچی بانگ ئەکەن، خالید وتی بۆ ئەوە بانگێشی ئەکەین بڵێت هیچ خوایەک نییە جگە لە ئەڵلا نەبێ و موحەمەد نێردراوی ئەوە. لەگەڵ ئەوانەی بۆی هێنراوەتە خوارێ. جرجة وتی ئەی ئەوانەی بە دەنگتانەوە نەیەت ئەویش وتی سەرانەی لێ ئەستێنین و پارێزاگاری لێ ئەکەین، ئەویش وتی ئەگەر ئەوەی نەکرد وتی شەڕی لەگەڵ ئەکەین. ئا بەم شێوەیە جرجة دڵی بۆ ئیسلامەتی نەرم بوو بڕیاری دا زیاتر قسە بکەن، هەر بۆیە بە یەکەوە چوون بۆ هەوارەکەی خالید و هەر لەوێ بوو بە موسوڵمان. بەم کارەی جرجة ورەی ڕۆمەکان ڕوخاو هەرچەند ڕۆمەکان توانیبوویان تا نزیک تاوڵەکانی موسوڵمانان بێن کە لەقۆڵی چەپی هێزەکانیان بۆ سەر قۆڵی ڕاستەی موسوڵمانان

هێرشیان کردبوو وه لە قۆڵی ڕاستی بەرەو قۆڵی چەپەی موسوڵمان کشان، بە شێوەیەک نزیک بوونەوە گەیشتنە ناو خێزانەکانی موسوڵمانان و ئەوانیش بە بەرد و دار وەلامی ڕۆمیەکانیان ئەدایەوە. بەڵام خالید و هێزەکەی بەرپەرچی ڕۆمەکانیان دایەوە و بە 'عمری کوڕی عاص'ی وت کە بوارێک بۆ سەربازە هەڵاتوەکان بکاتەوە تاوەکو بتوانن ڕابکەن و قورسایش لەسەر خۆیان لا بەرن. لە ئەنجامدا سوارەکان هەڵاتن ئەوانەی بە پیادە بوون و خۆیان بەزنجیر بەستبۆوە پاشەکشەیان کرد بۆ ناوچاڵەکان، بەمشێوەیە کە یەکێکیان ئەکەوتە ناو دۆڵەکە کۆمەڵێکی بە دوای خۆیدا ڕائەکێشا. بۆیە ئەوەی خۆی بە زنجیر بەستبۆوە هەر هەمووی کوژران. کە هەشتا هەزار بوون و چل هەزاریش کەوتنە ناو دۆڵێک.

لەو شەڕو پێکدادانە سێ هەزار موسوڵمان کوژرا و ١٢٠ هەزار ڕۆمیش کوژرا، ئەوانی تریش هەڵاتن بەرەو فحل یان بەرەو دیمەشق.

لەو جەنگانەدا بۆمان دەردەکەوێ خالید قەت بڕوای بە دیل نەبووە هەربۆیە ئەوەی دەستی کەوتبا سەری ئەپەڕاند. تالانیەکانیش پێنجیەکی بۆ ئەبوبەکر دەنارد.

لە کاتی سەرکەوتنی ئەم شەڕە هەواڵی کۆچی دوایی ئەبوبەکر گەیشتە خالید و نامەی عومەری کوڕی خەتتابی پێگەیشت کە "أبي عبيدة بن جراح' بوو بەسەرلەشکری موسوڵمانان.[61]

ئەم نەخشەی خوارەوە شاروناوچەکانی شامە بۆ خوێنەر پێویستە بزانێ شێوازی لەشکرکێشی ئیسلام چۆن بەرەو شام هەڵکشاوە.




تەخشەی کۆنی شام و ناوەکانی بە پێی سەرچاوەی ئیسلام

www.dorar-aliraq.net/threads/8103-(خرائط-متحركة-للفتوحات-الاسلامية-(المجموعة-الاولى

[61] الكامل في التاريخ ... شخصيته و عصره ل ٢٤١ - ٦...

### ١. ٣ کوچیدوای ئەبوبەکر

لە مانگی 'جمادی' ساڵی ١٣ی کۆچی ئەبوبەکر نەخۆش ئەکەوێ، بانگێشەی کۆچکەرەکان و ئەنسارییەکان ئەکات تاوەکو کەسێک هەڵبژێرن بۆ خەلافەتی ئیسلام لە پاش خۆی. ئەبوبەکر بە (عبدالرحمن بن عوف، عثمان بن عفان، سعد بن زید)ی وت کە لە پاش خۆی عومەری کوڕی خطاب هەڵبژێرن وەک خەلیفەی دووهەمی ئیسلام. هەر هەموویان ڕایەکەی ئەبوبەکریان پێ باش ئەبێ. لە هەموو گێرانەوەکانی ئیسلامیدا باس لەوە ناکەن کە پرس بە عەلی کوڕی طالب کرابێ بۆ ئەوەی جێگرەوەک لەپاش خۆی بەجێ بهێڵێ. دیسان لە هەڵبژاردنی خەلیفەی دووهەم فێڵ لە عەلی ئەکەن. ئەبوبەکر پەیماننامەیەک ئەنوسێ بۆ موسوڵمان پێشنیاری عومەری کوڕی خەتتاب دەکات تاوەکو ببێتە خەلیفە موسوڵمانان، عومەریش واژۆی ئەوە ئەکات و پۆستەکەی قبوڵ ئەکات. پاش ١٥ ڕۆژ لە نەخۆشیەکەی کۆچی دوای ئەکات و لەلای پەیامبەری ئیسلام دەنێژرێت. تەمەنی ئەبوبەکر ٦٣ ساڵ ئەبێ و خەلافەتەکەشی ٢ ساڵ و سێ مانگ دەبێ.

بە پێی سەرچاوەکانی تر دەردەکەوێت ئەبوبەکر نانی لەگەڵ 'حارث بن كلدة' خوارد، کە یەهودیەک خۆراکەکەی ژەهراوی کردبوو، ئەبوبەکر بە حارث دەڵێت خواردنێکی ژەهراویمان خوارد.[62]

بەڵام هەر لەهەمان سەرچاوەکاندا ئێمە دەتوانین کوشتنی ئەبوبەکر زیاتر بە دەستێکی ناوخۆی موسوڵمانەکان دابنێین. ئەوەی گرینگە سەرچاوەکانی ئیسلام ئاماژە بەوە ناکەن ئەو یەهودیە کێ بووە ئەبوبەکری دەرمانخوارد کرد. خەلیفەی یەکەم باش دەیزانی یەهودیەکان دوژمنی سەرسەختی موسوڵمانان بوون، ئەی چۆن متمانەی بە یەهودی کرد دەستی بگاتە چێشتخانەی ماڵی خۆی. ئەمە مەحالە دەستی

---

[62] الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد. ل ٧٤ // تاريخ الطبري ج ٤ ل ٧٢ - ٧٥

یەهود بگاتە ناو ماڵی ئەبوبەکر، ئەگەر واش بێت کێ بوو؟ بۆچ نەیان کوشت؟ بەڵام ئەوانە بەڵگەن کە ئەهلی سوننە دەیەوێت کوشتنی ئەبوبەکر بشارێتەوە چونکە دەزانن بە دەستی نزیکی هاوڕێکانی بووە. دەبێ ئەوەش بزانین لە کوشتنی ئەبوبەکر زیاتر کێ سودمەند بووە و کێ ناکۆکی لەگەڵی هەبووە؟

عمری کوڕی خەتتاب یەکێکە لەو کەسانەی سودی لە کوشتنی ئەبوبەکر وەرگرتوە تاوەکو خۆی ببێتە خەلیفەی ئیسلام. بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی نێوان عومەر و ئەبوبەکر گریمانەکان دروست دەبن، هەرچەندە نازانین ئەو ناکۆکیانە تا چەند گرژی تێدا بووە بۆ ئەوەی هاوەلێکی خۆی تێدا تیرۆر بکات. بۆیە دەقەکان دەنوسینەوە و بڕیار لای خوێنەرە.

لە مێژوی ئیسلامدا، زۆر جار دژە-ڕا دەبینین لە نێوان عومەر و ئەبوبەکر زۆرجاریش بۆتە هۆی گرژی لە نێوانیاندا. لەو نمونانەی خوارەوە ئەو گرژی و دژبەڕایانە باس دەکرێ:

یەک) لە سەرچاوەی بخاری ئاماژە دەکرێ جارێکیان چەند سوارچاکێک لە هۆزی تەمیم بۆ لای پەیامبەر دێن، ئەبوبەکر وتی 'قعقاع بن معبد بن زرارة' بکە ئەمیر، عومەر وتی نا 'اقرع بن عابس' بکە بە ئەمیر. ئەبوبەکر وتی تۆ تەنها ویستت لە دژی من بی. عومەر وتی من لە دژی تۆ نەبووم. دەمەقاڵیەکی زۆریان کرد هەتا دەنگیان بەرزبۆوە. ئەو ئایەتە هاتە خوارێ_ الحجرات ١ _. **أَنَّهُ قَدِمَ رَكْبٌ مِنْ بَنِي تَمِيمٍ عَلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ أَمِّرْ الْقَعْقَاعَ بْنَ مَعْبَدِ بْنِ زُرَارَةَ قَالَ عُمَرُ بَلْ أَمِّرْ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ قَالَ أَبُو بَكْرٍ مَا أَرَدْتَ إِلَّا خِلَافِي قَالَ عُمَرُ مَا أَرَدْتُ خِلَافَكَ فَتَمَارَيَا حَتَّى ارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُهُمَا فَنَزَلَ فِي ذَلِكَ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُقَدِّمُوا.**[63]

دوو) عومەر و ئەبوبەکر لەسەر پارچە زەویەکی موسوڵمانان دەیکەنە دەنگە دەنگ.[64]

سێ) لەشەڕی هەڵگەڕاوەکان وەک باسمان کرد عومەر ڕازی نەبوو شەڕیان لەگەڵ بکرێ بەڵام ئەبوبەکر جەختی کرد دەبێ ئەو شەڕە هەر بکرێ.

چوار) یەکەم کاری ئەبوبەکر کە دەستی پێکرد 'أسامة'ی وەک خۆی هێشتەوە بۆ جەنگی ڕۆمیەکان بەڵام عومەر داوای لێکرد ئەو لابەرێ چونکە کەسێکی گەنجە، بەڵام ئەبوبەکر ڕیشی عومەری گرت و وتی وون بی لە دایکت چۆن کەسێکی لادەدەم لە

---

[63] صحيح البخاري، كتاب المغازي، هم أشد أمتي على الدجال و كانت فيهم سبية.
[64] كنز العمال، ج ٣ ل ١٤٩٦

کاتێکدا پەیامبەر دایناب . **وأخذ بلحية عمر وقال ثكلتك أمك يا بن الخطاب استعمله رسول الله وتأمرني أن أعزله.** [65]

پێنج) عومەر ویستی قورئان کۆبکرێتەوە و بکرێتە پەڕاوێکی کۆکراوە بەڵام ئەبوبەکر ڕازی نەبوو.

شەش) کاتێک ئەبوبەکر هەڵبژێردرا لە وتارێکدا وتی من شەیتانێکم هەیە و منی گرتوو(لە کوردیدا دەڵێن جنۆکە دەستیان لێ وەشاندوە یاخود شەیتان گرتویەتی) ئەگەر تورە بووم لێم دورکەونە. **وإن لي شيطانا يعتريني ، فإذا غضبت فاجتنبوني.** [66] ئایا ئەو شەیتانە کێ بووە مرۆڤ بووە یان شەیتانی جنۆکەکان بووە؟

شەش) ئەو خاڵەی کە زۆر گرینگە ڕەچاوی بکەین، کاتیک عومەری کوڕی خطاب بوو بە خەلیفە ئەو کارانەی ئەبوبەکر کردبووی ئەو بە پێچەوانەوە جوڵایەوە، بۆ نمونە خالیدی کوڕی وەلید لەفەرماندەیی لادا. هەروەها زیاتر کەوتە خزمەتی بني اميە. کاتی خۆی عومەر داوای لە ئەبوبەکر کرد خالید کوڕی وەلید لەسەر کار لابەرێت چونکە 'مالك بن نويرة'ی کوشت. بەڵام ئەبوبەکر لای نەدا. لە کاتێکدا 'خالید بن سعيد'ی لابرد چونکە درەنگ بەیعەتی دا بە ئەبوبەکر، بەڵام چونکە خالید دژی عومەر بوو لاینەدا. ئیتر نازانین لەبەر بەرژەوەندی ئیسلام لاینەدا یاخود لەبەر عومەر بەڵام گریمانەکە زیاتر بۆ ئەوە دەچێت لەبەر عومەر لاینەداوە.

تەنانەت ڕووداوێکی تر هەیە ئەویش لەکاتی پرسەی ئەبوبەکر، عومەر بانگی خوشکی ئەبوبەکر 'ام فروة' دەکات و بە قامچی لێی دەدات. [67] عومەر حەز ناکات پرسە بۆ ئەبوبەکر دابندرێت، پرسیار ئەوەیە بۆچ عومەر پێ ناخۆش بوو ئەو پرسەیە بۆ ئەبوبەکر دابندرێت؟

هەروەها پاش ئەوەی عومەر دەبێتە خەلیفە گرینگی دەدات بە تیرەی امية وەک سعيد بن العاص و الوليد بن عقبة دەکاتە والی، هەروها موچەی ام حبيب کچی ئەبوسوفیان زیاد دەکات، لەگەڵ ئەویش ابوسوفیان و موعاویە پایەیان زیاد دەکات. ئایا بەرژەوەندی عومەر لەو بایەخدانەی بەنی ئومەیە چی بوو؟ میژوش ئەوەی باس

---

[65] الكامل في التاريخ، ذكر انفاذ جيش أسامة بن زيد. ج ٢ ل ١٩٩

[66] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عما جرى بين المهاجرين و الانصار في امر الامارة في سقيفة بني ساعده، ج ٣ ل ٢٥٦

[67] تاريخ الطبري ج ٤ ل ٧٥ ذكر الخبر عمن غسله و الكفن الذي فيه ابوبكر و من صلى عليه و الوقت الذي صلي عليه فيه والوقت الذي توفي فيه.

کردوە بەنی ئومەیە لە تیرۆر کردنی خەڵک شارەزا بوون. هەروەک چۆن موعاویە دەڵێت ئەڵڵا سەربازی لە هەنگوین هەیە. چونکە هەنگوینیان ژەهراوی دەکرد و دەرخواردی نەیارانیان دەدا وەک کوشتنی 'مالک بن الاشتر' هەروەها کوشتنی حسن کوڕی علی هەر بە ژەهر کوژرا. بێ گومان عوسمانی کوڕی عەفانیش لە هۆزی ئومەیە.

حەفت) لە ڕستەیەکی ئەبوبەکر تێ ناگەین لە کاتی سەرەمەرگیدا پەشتمانی بۆ سێ بابەت ئەخوازێت یەکەمیان باس کرا، سوتاندنی ژنێک بوو بە زیندوویی. بابەتی دووهەم دەڵێ بریا کە خالیدم بۆ شام نارد عومەریشم بۆ عێراق دەنارد. [68] ئایا: بۆچ عومەر بنێرێت بۆ شەڕ؟ بۆچ پەشیمان بۆتەوە لەوەی لە ناوشار بەجێی بهێڵێت؟ لەبەر ئەوەی بە کوشت بچێت؟ یاخود بەشیکی زۆرتری عێراق بکەوێتە دەستی موسوڵمانان؟ ئەوەیان زۆر ڕێی تێ ناچێت چونکە لەشکری موسوڵمان هێندە زۆر نەبووە تاوەکو بەگژ دوو زلهێزی ئەوکاتە بچێتەوە بێگومان لە شەڕێ عێراقدا عومەر دەکوژرا!

ئەگەر بێتو باسی عوسمان بکەین ئەو چ ڕۆڵێکی هەبووە، ئەوەی دەیزانین ئەو وەسیەتەی ئەبوبەکرە کە دەیکات. لە مێژوی 'طبري'دا نوسراوە ئەبوبەکر عوسمان بانگ دەکات بۆ ئەوەی وەسیەتنامەکەی بنوسێ، پێی دەڵێت: ئەوە پەیمانی 'ئەبوبەکری کوڕی ابي قحافة'یە بۆ موسوڵمانان، یەکسەر لە هۆش خۆی دەچێت بۆیە عوسمانیش پەیماننامەکەی تەواو دەکات و دەنوسێ من عمری کوڕی خەتابم کرد بە خەلیفەی ئێوە لە پاش خۆم. لە خێری ئێوەدام. پاش ئەوەی ئەبوبەکر بەهۆشخۆی دێتەوە وتی چیت نوسیەوە ئەویش نوسراوەکەی بۆی خوێندەوە. ئەبوبەکر وتی لەوە ترسای کە خەڵکی گومرا بن ئەگەر لەو بێهۆشیەم ڕزگارم نەبوایە؟ عوسمان وتی بەلێ. [69] ئێمە نازانین تا چەند ئەو ڕووداوە ڕاستە ئایا کە عوسمان و ئەبوبەکر هەر خۆیان بەیەکەوە بوون ئەو ڕووداوە تا چەند متمانەیە، لە کاتێکدا وەسیەتنامەکە بەدەستوخەتی عوسمان نوسراوە، پرسیار دەکەین بۆچ ئەبوبەکر خۆی ئەو وەسیەتنامەی نەنوسیەوە. خۆ ئەو نەخوێندەوار نەبووە تاوەکو بەدوای میرزایەکدا بنێرێت!!

---

[68] تاريخ الطبري، ج ٤ ل ٧٩، ذكر استخلافه عمر بن الخطاب.
[69] تاريخ الطبري ج ٤ ل ٧٨، ذكر استخلافه عمر بن الخطاب

ئەو ناکۆکیانە گریمانەی ئەوە دەکات عومەر و عوسمان دەستیان هەبێت لە کوشتنی ئەبوبەکر. لە بەشەکانی تردا زیاتر ناخ و دەروونی هاوەڵانی پەیامبەرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن بوون لەگەڵ یەکتری.

**کورتکراوەی بەشی یەکەم**

لەو بەشەدا زۆر بە کورتی باسی ژیان و ڕەچەڵەک و کارەکانی ئەبوبەکرمان کرد.
ئەوەی زۆر گرینگە ئێمە باسی بکەین کۆمەڵگای دواکەوتی عەرەبی ئەوکاتە تەنها ١٠ ساڵ حوکمی پەیامبەری ئیسلامیان دیت چونکە ئەو ١٣ ساڵەی سەردەمی مەککە هیچ حوکمێکی نەکرد، ئینجا هەر زوو کۆچی دوایی کرد تەنانەت هۆزەکانی دوورگەی عەرەبی بە تەواوی یەکی نەگرتبوو. پەیامبەر ئارەزووی ئەوەی دەکرد تیرەکانی دوورگەی عەرەبی یەکبگرنەوە و لە ژێر فەرمان و ڕێنمانی یەک خودا کۆببنەوە ئەویش ئەڵڵا بوو نەوەک هەر هۆزێک بتێکی خوداوەندی هەبێ. هۆزەکانی عەرەبی بە زەبری شمشێر هاتبوونە ناو ئیسلام بەڵام بە بڕوایەکی تەواو نەهاتبوون، هەربۆیە کە پەیامبەر کۆچیدوایی کرد زۆربەی زۆریان هەڵگەڕانەوە. بەڵام ئەبوبەکر توانی ئەو کارە بکات بەوەی هەرکەسێک لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام نەیەتەوە لەناوی بەرێت و بیسوتێنێت. هەر بۆیە سەروەری یەکبوونەوەی دوورگەی عەرەبی بۆ بیرمەندی ئەبوبەکر دەگەڕێتەوە تەنانەت هاوەڵانی تری وەک عمری کوڕی خەتاب و عەلی نەیان دەویست شەڕی هەڵگەڕاوەکان بکات. بەڵام ئەبوبەکر لەوە زۆر ژیر تر بوو کە خەڵکی موسوڵمان و ناموسوڵمان مەزەندەی دەکەن چونکە هەر خۆی پلان دارێژەری ئیسلام بوو. سەبارەت بە خەلافەتیش دوو خاڵی زۆر گرینگ هەیە:
یەک) بێگومان خەلافەتیش دەبوایە کەسێکی نزیکی پەیامبەر بوایە و لە شەریعەتی ئیسلام زۆر شارەزا بووایە. ئەگەر عەلی بووبا بە خەلیفە ئەوا ڕەوڕەوەی دونیا بە جۆرێکی تر ئاڕاستەی دەکرد وەک ئەو مێژوە نەدەبوو کە ڕوویدا لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوبەکر. لەوانەیە ئیسلام گەشەی نەکردبا، لەوانەشە وەک مەسیح بە ئاشتی پەرەی سەندبا چونکە لە پاش عەلی ئەبوبەکر و عومەر نەدەهاتن و شەڕ و پێکدادان ڕوووینەدەدا. چونکە لەو بڕوایە دابووم عەلی شەڕی غەزوەکانی دەست پێ نەدەکرد. هەروەک چۆن هەڵوێستی عەلی لە شەڕی هەڵگەڕاوەکان بەدەرنەکەوت هەتا ئامادەباشی بۆ نەکرا.

دوو) خەلافەت دەبوایە بۆ عەلی بێت لەسەر ئەو وتانەی پەیامبەری ئیسلام تۆمار کراوە هەرچەندە ئەو وتانە لەسەر زاری ئەهلی سوننە و کتێبەکانیان تۆمارکراوە.
یەکێک لەو وتانە پەیامبەر دەڵێ: ئەوە برامە و جێگرەوە و جێنیشی من بۆ ئێوە، گوێڕایەڵی بن و پابەندی بن. ان هذا أخي و وصيي و خليفتي فيكم فاسمعوا له و أطيعوا.[70]

بەڵام ئەوەی سەیر بوو ئەبوبەکر و عومەر گووتیان دەبێ خەلافەت لە کۆچەرەکان بێت و قورەیشی بێت. کەچی عەلیان فەرامۆش کرد و خۆیان بوون بە خەلیفەی ئیسلام هەرچەندە چەندین فەرمودەی پەیامبەر هەیە لە بەشەکانی تر باسی دەکەین کە دەبوایە عەلی بووبایە خەلیفەی یەکەمی ئیسلام.

[70] الكامل في التاريخ، ذكر أمر الله تعالى نبيه بأظهار دعوته، ج ١ ل ٥٨٦ // وشەی وصي: بەمانای سەرپەرشتیار دێت واتە جێگر و راپەڕندنی کارەکانی.

### ١.٢ عومەری کوری خەتاب 'عمر بن خطاب'

کاتێک خەلیفەی یەکەم لە ساڵی ١٣ی کۆچیدا بەژەهر کوژرا عومەری کوڕی خەتاب جێگای گرتەوە بێ ئەوەی ڕەزامەندی عەلی کوڕی طالب و هاوەڵانی تر وەربگرن.
عومەر کوڕی (خطاب کوڕی نفیل کوڕی عبدالعزي بن ریاح بن عبدالله بن قرط بن رزاح بن عدي بن کعب بن لؤي)ە. دایکی ناوی (حنتمة کچی هاشم کوڕی المغیرة بن عبدالله ابن عمر بن مخزوم)ە.[71]

بەڵام لە سەرچاوەی المعاریف لابن قتیبة تەنها زانیاریەکی کەم باس کراوە. دەڵێ دایکی خطاب لە پاش مردنی هاوسەری 'نفیل' هاوسەرگیری لەگەڵ کورەکەی 'عمرو' دەکات و زید لە دایک دەبێ، ئەو زەیدە یەکێکە لە عشرة المبشرة. تەنها باسی ئەوەش دەکات دایکی عومەر ناوی 'حنتمة'یە.[72]

لە سەرچاوەی ابن قیم بە پاڵپشت بە ڕەچەڵەکناسی سونی 'الزبیر بن بکار' کە ڕەچەڵەکناسی قورەیش بووە. دەڵێ عومەر (کوڕی خطاب کوڕی نفیل کوڕی عبدالقری)ە. ناوی دایکی حنتمة کچی (هاشم بن المغیرة کوڕی عبدالله کوڕی عومەر)ە. مغیرة کوڕێکی تری دەبێ بە ناوی هشام کە دەبیتە باوکی حرث و ابي جهل، واتە دایکی عومەر 'حنتمة' ئامۆزای 'أبي جهل'ە.[73]

بەڵام بە پێی سەرچاوەکانی شیعة لە ڕەچەڵەکی عومەر بەدگومانن، ڕەچەڵەکێکی زۆر نەشیاویان خستۆتە پاڵ کە خوێنەر توشی هیستریایەک دەبێ کە قەت قبوڵی ئەوە نەکات کەسێک لەو ڕەچەڵەکە ببێتە سەرکردە و خەلیفەی ئاینێک. هەرچەندە بۆ سەرکردەیەکی عەرەبیش شیاو نییە. بەڵام نازانین ئەو سەرچاوەی شیعە تا چەند ڕاستە.

عومەر لە ژیانیدا چەندین ژن و منداڵی هەبووە و هەندێک منداڵی لە ژنە کەنیزەکەکان هەبووە.

ناوی ژنەکانی بە پێی ئەو سەرچاوانە:[74]

---

[71] تاريخ الطبري ج ٥ ل ٥٥ ـ ٥٨ ذكر نسب عمر رضي الله عنه
[72] المعاريف لابن قتيبة ل ١٧٩ ـ ١٨٠
[73] عمر بن الخطاب، للامام أبن الجوزي، الباب الثاني في ذكر نسبه رضي الله تعالى عنه.
[74] الطبقات الكبرى، ابن سعد، ومن بني عدي بن كعب بن لؤي، ج ٣ ل ١٥١ ـ ١٥٢// الكامل في التاريخ، ذكر اسماء ولده و نسائه، ج ٢ ل ٤٥٠// تاريخ الطبري، ذكر اسماء ولده و نسائه، ج٥ ل ٦٠ ـ ٦١

**'قريبة الاصغرى بنت أبي أمية'** له پاش گرتنی مەککە تەڵاقیدا، پاشان موعاویە مارەی کردەوە ئینجا ئەویش تەڵاقی دا، پاشان عبدالرحمن کوڕی ئەبوبەکر مارەی کردەوە.
**'ام کلثوم بنت جرول الخزاعیة'** ، دوو منداڵی لێ بوو ناوی زید صغیر و عبیداللە.
ئەویش لە پاش گرتنی مەککە تەڵاقدرا، پاشان ابوجهم مارەی کردەوە.
ئەو دوو ژنە لەسەر دەقی ئایەتی ١٠ سورەتی الممتحنة تەڵاق دران.[75]
**'زینب بن مظعون'** منداڵەکانی عبداللە ، حفصة، عبدالرحمن الاکبر.
**'جمیلة بنت ثابت بن أبي الاقلح'** ، ناوی منداڵەکەی عاصم، پاشان تەڵاقیدا و زید بن حارث مارەی کردەوە ئەویش عبدالرحمن لێ بوو.
**'عاتکة بنت زید بن عمرو بن نفیل'** منداڵەکەی ناوی عیاص بوو.
**'ام حکیم بن الحارث بن هشام'** ناوی منداڵەکەی فاطمة بوو.
**'ام کلثوم کچی عەلی بن أبي طالب'** ناوی منداڵەکەی زیدا و رقیة بوو.
ئەو دوو کەنیزەی منداڵی لێ بوون بەبێ هاوسەرگیری یەکیان ناوی 'لهیة'یە کە 'عبدالرحمن الاوسط'ی بوو، ئەوی تریش ناوی دیار نییە تەنها ناوی منداڵەکەی دیارە ئەویش 'عبدالرحمن الاصغر'ە.

### ٢.٢ ژیانی عومەر پێش ئیسلام

عومەر باوکێکی زۆر خراپی هەبووە و زۆر جار شوانیەتی پی کردوە ئەگەر کەم تەرخەمی بکردبا ئەوا لێی دەدا. هەروەها خۆشی ئەڵێت زۆر جار شوانیەتیم بۆ ماڵی خاڵم کردووە کە 'بەنی مەخزومە' لە بری ئەوە خورمایان داوەتە من. لە یەکێک لە خوتبەکانی لە سەرمینبەر باسی خۆی دەکات و دەڵێت من شوانیەتیم کردووە بۆ ماڵی خاڵۆزام زۆر جار لە بری ئەوە خورمام وەرگرتووە کاتێک لە مینبەر دێتە خوارێ عبدالرحمن کوڕی عوف پێی دەڵێت ئەی ئەمیری باوەڕداران تۆ شتێکت نەوت کە پلەو پایەت بەرزبکاتەوە بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەت کرد. واتە خۆت ڕسوا کرد و خۆت نزمکردەوە.
عومەر دەڵێ من ژیانم زۆر سەخت بووە زۆر جار شوانیەتیم کردوە و هەندێک جاریش دارم کۆکردۆتەوە.

---

[75] تفسیر البغوي، سورة الممتحنة ایة ١٠

هەروەها کەسێکیش بوو کە زۆرانبازی دەکرد لە بازاڕەکانی مەککە، هەروەها خولیای شیعریش بوو  بە تایبەتی شیعری جاهیلی بەمەش بۆمان دەردەکەوێت عومەر دەستێکی هەبووە لە دانانی چەند ئایەتێک لە قورئان پاش موحەمەد بەڵگەیەک هەیە دەڵێ: پێویستە لەسەرتان لە دیوانەکانی خۆتان لانەدەن، ئەوانیش وتیان کام دیوان، ئەویش وتی شیعری جاهیلی، چونکە لەو جۆرە شیعرانەدا ڕاڤەی قورئانتان و مانای قسەکانتانی تێدایە.[76]

بە پێی سەرچاوەکانی سوننەش پێش ئیسلام بوونی کەسێکی سوک و ڕیسوا بووە و لە سەرچاوەی شیعەش دەڵێن پێی وتراوە 'عسیف'، ئەم وشەیە لە فەرهەنگی عەرەبی بە مانای کەسێکی ڕسوا و سوک دێت کە ئیشی پێ بکرێت. جارێکیشیان خۆی سەرزەنشتی خۆی دەکات بە هۆی هەڵەیەک کە لە پیاوێک دەدات. بە خۆی دەڵێت ئەی کوڕی خەتاب تۆ کەسێکی سوک و ڕسوا بویت پاشان ئەللا تۆی کردە پاشا لەسەر گەردەنی موسوڵمانان، تۆ چۆن وەڵامی ئەڵلای خۆت دەدەیتەوە کاتێک دەچیتە بەردەمی؟

**٢. ٣ بە ئیسلام بوونی عومەر**

کاتێک عومەر ناموسوڵمان بوو کەسێکی توندڕەو بوو دژی موسوڵمانان بوو بە جۆرێک جارێک کەنیزەکێک دەبێتە موسوڵمان ئەو بە قامچی هێندی لێدەدات تا دەستەکانی شل ئەبن. توندڕەویەکەی ببوو بە هۆکارێک تا موسوڵمانان لێ بترسێن. بەڵام هەندێک موسوڵمان بڕوایان نەدەکرد کە قەت ببێت بە موسوڵمان بۆ نمونە عامری کوڕی ڕەبیعە وتویەتی هەتا کەرەکەی عومەر موسوڵمان نەبێت ئەو موسوڵمان نابێت. [77] توندڕەویەکەی عومەر لە سەر موسوڵمانان زۆر کاریگەری ترسناکی لەسەر دروست کردبوون بە چەشنێک خۆیان لێ نەدەداو خودی موحەمەد نزای دەکرد تاوەکو عومەر ببێت بە موسوڵمان. پەیامبەر نزای کرد و وتی: ئەی ئەڵلا ئەم ئیسلامە سەرفراز بکەیت بە یەکێ لەم دووانە، کە کامەیان لای تۆ ئازیزترە: ئەبو جەهلی کوڕی هیشام یان عومەری کوڕی خەتاب. وتی عومەری لەلا ئازیز تر بوو. أنَّ

---

[76] المعجم الكبير للطبراني،

[77] إمام أحمد، فضائل الصحابة // السيرة النبوية لابن هشام، ج ١ ل ٢٦٢- ٢٦٦

**رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ اللَّهُمَّ أَعِزَّ الْإِسْلَامَ بِأَحَبِّ هَذَيْنِ الرَّجُلَيْنِ إِلَيْكَ بِأَبِي جَهْلٍ أَوْ بِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ قَالَ وَكَانَ أَحَبَّهُمَا إِلَيْهِ عُمَرُ.**[78]

کاتێک عومەر دەزانێت خوشکەکەی و هاوسەرەکەی بوون بە موسوڵمان، هەڵدەکوتێتە سەر ماڵیان لە هەردوکیان ئەدات و خوشکەکەی ئەڵێت لەسەر ئەوە لێم ئەدەیت کە بووم بە یەکتاپەرست. ئەویش ئەڵێت بەڵێ. لەو کاتەدا خوشکەکەی شایەتمان بە موحەمەد دێنێت و عومەریش دڵی نەرم دەبێت و دەڵیت ئەم کتێبەم بۆ بێنن. خوشکەکەی دەڵیت هەتا خۆت خاوێن نەکەیتەوە دەستنۆێژ هەڵنەگری دەست لە کتێبەکە نادەی. ئا بەم شێوەیە عومەر خۆی خاوێن دەکاتەوە و سورەتی 'طه'ی دەدەنێ بیخوێنێتەوە.

لە پاشان بەرەو لای پەیامبەر بەڕێکەوت و ئیسلام بوونی خۆی ڕاگەیاند. عومەر سێ ڕۆژ پێش 'حمزة'ی مامی پەیامبەر بۆتە ئیسلام. لەو کاتەی عومەر بۆتە موسوڵمانان ٣٩ کەس موسوڵمان بوون و بە عومەریش بۆتە ٤٠ کەس. هەندێکیش دەڵێن پاش ٤٠ پیاو و ١٠ ژن موسوڵمان بوون. هەندێکیش دەڵێن پاش ٤٥ پیاو و ١١ ژن بۆتە موسوڵمان.

کاتێک عومەر بڕوای بە ئیسلام هێنا، پەیامبەری ئیسلام هێزێکی دەرونی بۆ پەیدا بوو، تەنانەت لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێن: جوبرائیل هاتە لای پەیامبەر وتی بە ئیسلام بوونی عومەر ئەهلی ئاسمان دڵخۆش بوون.[79] ئەوەمان بۆ دەسەلمێندرێت عومەر تا ڕادەیەک بۆتە پشتی ئیسلام. هەتا عومەر نەهاتە ناو ئیسلام موسوڵمانان بوێری خۆئاشکراکردنیان نەبوو. عومەر داوای لە پەیامبەر کرد بڕژێنە کۆڵانەکان و بە ئاشکرا بانگەوازی ئیسلام بکەن.

موسوڵمان و ناموسوڵمان ناتوانێ ڕۆڵ وگرینگی عومەر بۆ ئیسلام کەم بایەخ دابنێت، ئەو بوو بە بڕبڕەی پشتی موسوڵمان و شمشێرێک لەسەر گەردەنی ئەو کەسانەی پەیامبەر فەرمانی پێبکردبا. یاخود بوو بە گەواهیدەر بۆ قسەکانی پەیامبەر بە هەرجۆرێک بوایە. وەک پێشتر باسمان کرد پەیامبەر گفتوگۆی نێوان مانگا و شوانێک دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی عومەر لەوێ بێت بە خەڵکەکە دەڵێت عومەر و ئەبوبەکر

[78] سنن الترمذي، كتاب المناقب، باب في مناقب عمر بن الخطاب رضي الله عنه.

[79] عمر بن الخطاب، للامام ابن الجوزي، باب العاشر في ذكر استشار اهل سماء، کە ئەویش لە الطبقات الکبرێ لابي سعد وەری گرتووە.

بڕوادەکەن بە من. ئەم جۆرە پاڵپشتیەی عومەر بێ بایەخ ناکرێ بۆ پەیامبەری ئیسلام.
هەر بۆیە خۆشی وتویەتی ئەگەر لە پاش من پێغەمبەری تر هاتبا ئەوا عومەر دەبوو. لو كان بعدي نبي لكان عمر بن الخطاب.[80]
لە هەمان کاتدا ئەو توڕەییەی عومەر پاڵپشتی موسوڵمانان بووە. لە گێڕانەوەیەکی مێژوی ئیسلامدا سەبارەت بە عومەری کوڕی خەتتاب خاڵێک دەرئەنجام دەکەین نازانین لە خۆشەویستی پەیامبەر ئەو هەڵوێستەی هەبووە یان لە بێباوەری.
دەگێڕنەوە کاتێکی پەیامبەری ئیسلام کۆچیدوایی دەکات. عومەر بڕوای بەوە نەدەکرد پەیامبەر بمرێ. وتی " چەند پیاوێک لە دووڕوەکان بانگێشی ئەوە ئەکەن کە پەیامبەری ئەڵلا کۆچی دوایی کردوە، ئەو نەمردوە بەڵام چۆتە لای ئەڵلا وەک موسای کوڕی عمران چو بۆ لای، بۆ ماوەی چڵ ڕۆژ وون بوو لە نەتەوەکەی، پاش چل ڕۆژ گەڕایەوە کە ئەیان وت مردوە. بە ئەڵلا پەیامبەری ئەڵلا ئەگەڕێتەوە وەک موسا، دەست و قاچی ئەو پیاوانە ئەبڕێت کە وتیان پەیامبەر مردوە. إن رجالا من المنافقين يزعمون أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قد توفي وإن رسول الله صلى الله عليه وسلم ما مات ولكنه ذهب إلى ربه كما ذهب موسى بن عمران، فقد غاب عن قومه أربعين ليلة ثم رجع إليهم بعد أن قيل قد مات ووالله ليرجعن رسول الله صلى الله عليه وسلم كما رجع موسى، فليقطعن أيدي رجال وأرجلهم زعموا أن رسول الله صلى الله عليه وسلم مات. "[81]
ئێمە ئەبێ ستایشی قەدەر بکەین خوێنەری ئازیز، با بۆ جارێکی تریش بیڵێمەوە با ئێمە ستایشی قەدەر بکەین، با ئێمە ستیایشی قەدەر بکەین: کە موحەمەد مرد لەبەر چاوی موسوڵمانان، خۆ ئەگەر موحەمەد و عومەر لە گەشتێک بان و موحەمەد مردبا. ئەوا عومەر مردنەکەی موحەمەدی ئەشاردەوە و بە خەڵکی ڕائەگەیاند کە چۆتەوە لای ئەڵلا. ئەو کاتەش موحەمەد وەک مسیحی لێ دەهات، خەڵکیش دەبوون بە دوو بەش، بەشێک لە گۆڕی موحەمەد دەگەڕان و بەشێکیش دەیان وت گۆڕی نییە وەک مەسیح. کێشەکە قەت کۆتایی نە ئەهات، بیرمەندەکان ئەڵێن ئەگەر ئێسقانی مردوێک بدۆزینەوە کە مێژوەکەی ٢٠٠٠ ساڵێک بێت و نیشانەی لە خاچدان و تاجە

[80] عمر بن الخطاب، للامام ابن الجوزي، باب السابع عشر، سياق قوله لو كان بعدي نبي لكان عمر.
[81] الروض الأنف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، ج 7 ل 582

درکاوی پێوە بێت [لەگەڵ نیشانەیەکی تر کە پێویست ناکات لەم کتێبە باس بکرێت] ئەوا زانست ئەیسەلمێنێ کە مەسیح مردوە نەک لە ئاسمان بێت، ئا بەم شێوەیە کێشەی ئاینی مەسیح و جولەکە حەل ئەبێ.
بەڵام پەیامبەری ئیسلام نە لە خاچ درا و نە هیچ نیشانەیەکی تری هەبوو، ئایا چۆن گۆڕی موحەمەد ئەدۆزرایەوە و چۆن کێشەی ئاینی ئیسلام حەل ئەبوا!، بەڵام قەدەر بۆ جارێک تر بەختی مێژوی سپی کرد کە پەیامبەری لە بەرچاوی خەڵک مراند نەوەک لەبەر چاوی عومەری کوڕی خطاب.( خوێنەر ئەگەر تەنها لەو دەقە تێبگەی، لەگەڵ کلیلێک لە بەرگی یەکەم دامەدەستت. هەردوکیان لێک بدەی سەدان کلیلی میزۆپۆتامیات دەست ئەکەوێ، دایکی شارستانیەتت بۆ دەردەکەوێ.)

### ٢. ٤ 'عومەر'ی کوری خەتاب و توندڕەویەکەی

ئەگێرنەوە "عومەر"ی کوری خەتاب لە پاش ئیسلام بوونی ڕۆژێک ئەگریا و پێ ئەکەنی وتیان بۆچی یا "عومەر" پێ ئەکەنی و ئەگری وتی بۆ ئەو ڕۆژە پێ ئەکەنم خوامان لە خورما دروست ئەکرد کە برسیمان ئەبو دەمان خوارد، بۆ ئەو ڕۆژەش ئەگریم کاتێک کچەکەی خۆمم زیندە بەچاڵ 'الوأد' کرد، کاتێک خۆلم پێ دادەکرد هەندێک ریشم خۆل و تۆزی پێوە نووسا، کچەکەم دەستی بەرزکردەوە و ڕیشی تەکاندم، بەڵام من هەر زیندە بە چاڵم کرد. [82] هەرچەندە نوسەر 'عباس' دەڵێ ئەوە لە عومەر ناوەشێتەوە و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە بەڵام ئەوەی لە بیر دەچێ ئەو کوڕێکی خۆی دەکوژێ لەسەر خواردنەوەی کهول و بابەتی تر ئەوەی سەیرە خۆشی ئەو بابەتەی لە کتێبەکەی باس کردووە. ئەگەر عومەر بۆ وەفایەک بۆ ئیسلام کوڕی خۆی بکوژێ زۆر ئەستەم نییە ئەگەر کچێکی خۆی زیندەبەچال بکات لە سەردەمی جاهیلی. بۆ ئیسلام ئەوە گرینگ نییە چونکە ئەوان دەڵێن ئەوەی لەسەردەمی جاهیلی ڕوویدا بە ئیسلام بوونی خاوێن بۆتەوە و لۆمە ناکرێ. بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوە نییە لە جاهیلیەت ئەوەی کردبێ و لۆمە بکرێ پرسیارمان لەسەر ویژدانە. دەبێ چ ویژدانێکی هەبووبێ بۆ زیندەبەچال کردنی کچێکی بچکۆلانە، ئەی دەبێ چ ویژدانێکی هەبووبێ بۆ کچی نەتەوەکانی تر و ناموسوڵمانان.

---

[82] عبقرية عمر، عباس محمود العقاد، ل ٢٢١// الوأد: وشەیەکی عەرەبییە بە مانای ئەوەیە کە کەسێک بە زیندوی بنێژی

هەتا عومەر ناموسوڵمان بووە زۆر ئازاری خەڵکی داوە تەنانەت عومەر ژنێکی موسوڵمانی ئازار ئەدا تاوەکو واز لە ئیسلام بهێنێت.[83] ئا بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ خەڵک ئەکرد بەڵام کە بوو بە موسوڵمان هەمان توندوتیژی بەکار هێنایەوە، ز ۆر جار عومەر ویستویەتی لە گەردەنی خەڵکانی موسوڵمان و ناموسوڵمانان بدات بەڵام موحەمەد نەیهێشتووە بۆ کاری ڕامیاری خۆی. بۆ نمونە لە شەڕی بەدر ویستی لە ملی دیلەکان بدات بەڵام پەیامبەر نەیهێشت تاوەکو ئایەتەکەی بۆ دابەزاند.

جارێکیان کەسێک ڕازی نابێت بە بەشەکەی لە تالانی غەزوەکەی حنین، بە پەیامبەر دەڵێ تۆ دادوەر نەبووی ئەویش دەڵێ ئەگەر من دادوەر نەبم کێ دادوەرە، عومەر دەڵێت با لەگەردەنی بدەم.[84]

هەرچەندە عومەر کوڕی خەتاب توندڕەو بووە بەڵام لە مەیدانی جەنگدا کەسێکی بوێر نەبووە وەک عەلی کوڕی تالب، بۆ نمونە لەشەڕی حنین یەکێک دەبێ لەوانەی هەڵدێن و پشت دەکەنە پەیامبەری ئیسلام. **وَانْهَزَمَ الْمُسْلِمُونَ وَانْهَزَمْتُ مَعَهُمْ فَإِذَا بِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ فِي النَّاسِ فَقُلْتُ لَهُ مَا شَأْنُ النَّاسِ قَالَ أَمْرُ اللَّهِ ثُمَّ تَرَاجَعَ النَّاسُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ**.[85]

چەند نمونەیەکمان باسکردوە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەم. تەنانەت لەگەڵ پەیامبەریش توندرەو بووە و موحەمەد لێی ترساوە. وەک لە پەیماننامەی حودەیبییە کاتێک ئێخەی پەیامبەر دەگرێ زۆر لێ تورە دەبێت. دەڵێت تۆ پێغەمبەری ئەڵلا نیت؟ ئەویش ئەڵێت بەڵی ئەڵێ ئەی تۆ پێت نەوتین دەچین بۆ حەج ئەویش دەڵێت بەڵێ بەڵام پێم نەوتی ئیم ساڵ. بەم شیوەیە موحەمەد لەکۆل خۆی دەکاتەوە.

پاش ئەوەی عومەر دەبێتە موسوڵمان دەبێتە شمشێر هەڵکێشی پەیامبەر، چەند ڕووداوێک رودەدات داوا لە پەیامبەر دەکات کە لەگەردەنی خەڵک بدات. وەک ئەو کەسەی بە ناوی 'حاطب' هەوال بۆ قورەیشیەکان دەبات کە موسوڵمانان تەمای هێرشیان هەیە، کاتێک ئەیگرن بە پەیامبەر دەڵێت با لەگەردەنی بدەم، بەڵام ئەو ناهێڵێت.[86]

---

[83] السيرة النبوية لأبن هشام ج ١ ل ٢٤٤
[84] ابن كثير، تفسير اية ٥٨ی سورەتی التوبة
[85] صحيح البخاري، كتاب المغازي، فامره النبي صلى الله عليه و سلم بوفاته// المنتقى شرح موطأ مالک، كتاب الجهاد، السلب في النفل، باب ما جاء في السلب في النفل
[86] السيرة النبوية لابن هشام، ج ٤ ل ٢٩ - ٣٠

له هێرشەکەی سەر 'بني المصطلق' کێشە دروست دەبێ لە نێوان موهاجیرەکان و ئەنسارییەکان، 'عبدالله بن أبي سلول' وتی سوێند بە ئەڵلا کە گەڕاینەوە شار ئەوەی پایەبەرزو دەسەڵاتدارە دەبێ بێ ڕێز و بێ دەسەڵاتەکان دەربکات –مەبەستی لە موهاجیرەکان بوو– ئینجا وتی ماڵی خۆتان بەش کرد لەسەریان، بە ئەڵلا ئەگەر لێیان بگرنەوە ئەوا دەچنەوە زێدی خۆیان. عومەر داوا دەکات لە گەردەنی بدرێ بەڵام پەیامبەر ڕازی نابێت.[87] ئەو ڕامیاریەی پەیامبەر بەکاری هێنا تەنها لەبەر ئەوە بوو ئەوان دەسەڵاتدار بوون و ئەوانیش بێدەسەڵات بوون، ئەوکاتە هیچ شوێنێکیان نەدەما کە تیدا بسرەوێن. نەوەک لەبەر نەرم و نیانی پەیامبەر بووبێت.
دڵسۆزی عومەر بۆ ئیسلام بە هێزی توندرەوی دەیکرد، بۆ نمونە لە سەردەمی خەلافەتی کاتێک ویستی حەرەمی مەککە فراوان بکات بە کڕینی چەند ماڵێک لە چواردەورەی، هەندێک ڕازی نەبوون بۆیە ماڵەکەی لێ ڕوخاندن بە زۆری زۆرداری. پاشان نرخەکەی لە پێشی دانان. ئەمەش ئەوە دەگەینێت سازشکردن لەلای عومەر نەبووە، هەرشتێک لە قازانجی ئیسلامدا بووە ئەو کردویەتی.[88]

لە ڕیوایەتی 'بەجالە=بجالة'دا دەڵێت  عومەری کوڕی خەتاب بۆی نوسین کە ژن و پیاوی ساحر بکوژن. ئێمەش ٣ ساحرمان کوشت.[89]

ئافرەتێک هاوسەرگیری لەگەڵ کۆیلەیەک دەکات، عومەریش لێکیان جیادەکاتەوە و سەد جەڵدەی لێدان. ئەو ئافرەتە لەسەر دەقی ئایەتی 36 نساء ڕۆیشت. عومەر وتی ئەمە بۆ پیاوە نەوەک بۆ ژن.[90]

لە وتەکانی پەیامبەری ئیسلامدا هاتووە دەڵێ: بە سڵاو لەگەڵ ئەهلی کتاب دەستپێ مەکەن، ئەگەر کەوتنە بەرامبەریان ڕیگایان لێ تەسک بکەنەوە. لا تبدوا اليهود و النصارى بالسلام و اذا لقيتم أحدهم في طريق فاضطروهم الى أضيقه. هەربۆیە ابن

---

[87] السيرة النبوية لابن هشام، ج ٣ ل ٢٠٥ ـ ٢٠٩
[88] الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٣٨١ ذكر بناء المسجد الحرام و التوسعة فيه// تاريخ الطبري ج ٤ ل ٢٤٣
[89] تفسير ابن كثير، اية ١٠٣ سورة البقرة// فتح الباري شرح صحيح البخاري، كتاب الطب، الساحر لايقتل حدا اذا كان له عهد.
[90] المصنف، كتاب الحدود، في المرأة تزوج عبدها.

کثیر دەڵێ عومەر ئەهلی کتابی بچوک دەکردەوە و حقدی لەسەر هەبوون و زەلیلی دەکردن. عومەر لەسەر هەمان ڕێچکە دەڕوات. عبدالرحمن بن غنم الاشعری مەرجەکانی نێوان مەسیحیەکانی شام و عومەر دەنوسێتەوە کە تێیدا نوسرا: لە ئەمیری باوەڕداران بەندە عومەری کوڕی خەتاب. لەلایەن مەسیحیەکانی ئەو شارە و شارەکان، ئێوەی موسوڵمان کە دێنە لای ئێمە، ئێمە داوای سەلامەتی لە ئێوە دەکەین بۆ خۆمان و منداڵەکانمان و شوێنکەوتوانی ئاینەکەمان. ئێمە مەرج لەسەر خۆمان دادەنێین کە هیچ دێرک، کلێسایەک و شوێنی پەرستنی مەسیحی دانامەزرێنین بۆ ڕێبەری ئاینەکەمان(قەشە یان ڕاهیب)، هیچ نۆژەنێکی دێرەکان ناکەین لەوەی وێران بووە، وە بەکاری ناهێنین لە دژی موسوڵمانان. ئێمە قەدەغەی ئەوە ناکەین ئەگەر موسوڵمان بێتە ناو کلێساکانمان بۆ حەوانەوە ئەگەر بە ڕۆژ بێن یان بە شەو بێن. ئێمە دەرگاکان دەکەینەوە بۆ کاروانەکان و هەژاران. ئەو موسوڵمانانەی بۆ میوانی دێن ئیمە بە خۆشحاڵیەوە خواردنیان بۆ سێ ڕۆژ دەدەینێ. ئێمە ڕێگای هیچ سیخوڕێک نادەین لە دژی موسوڵمانان لەناو کلێساکانمان، خائینانی دژ بە موسوڵمانان لە ماڵی خۆمان حەشاریان نادەین. منداڵانی خۆمان فێری قوڕئان ناکەین، هاوەڵ بۆ ئەڵڵا دروست ناکەین، ڕێگا لەکەس ناگرین ببێتە موسوڵمان ئەگەر ویستی. ئێمە ڕێز لە موسوڵمان دەگرین، لەو شوێنەی کە دانیشتوین بە جێ دەهێڵین ئەگەر ئەوان بیانەوێ لەوێ دانیشین. ئێمە بە هیچ شێوەیەک خۆمان بە وان ناچوێنین، جلی ئەوان ناپۆشین، کڵاوی ئەوان لەسەر ناکەین، پێڵاوی ئەوان لە پێ ناکەین، شێوازی قژ وەک ئەوان داناهێنین، بە زمانی ئەوان قسە ناکەین، نازناوی ئەوان هەڵناگرین، ناونیشانی ئەوان بەکارناهێنین، سواری کورتانی وەک هی ئەوان نابین، شمشێر بە شانمان هەڵناگرین. هیچ چەکێک هەڵناگرین یان وەرناگرین. مۆرەکانمان بە عەرەبی دروست ناکەین، ئارەق نافرۆشین، پەرچەممان دەبرین، جلی خۆمان دەپۆشین ئەوەی هەمانە، قایش لە کەمەرمان دەبەستین. خاچی بەردەم کلێساکانمان لادەبەین، نمایشی نە خاچ دەکەین نە نمایشی کتێبی لەبەر ڕێگای موسوڵمان و بازاڕیان دەکەین. دەنگی زەنگی کەنیسەکانمان نایەت تەنها دەنگێکی کەم نەبێ. دەنگمان بەرز ناکەین لە کاتی خوێندنی کتێبی پیرۆزمان لە کڵێساکانمان ئەگەر موسوڵمانی لێ بوو. دەنگمان بەرز ناکەین بۆ خوێندنی نوێژەکانمان لە پرسەی مردندا، یان ئاگر بکەینەوە لە کاتی ناشتنی مردوماندا لە ڕێگای موسوڵماندا یان لە

بازاڕیاندا. مردوەکانمان له تەنیشت موسوڵمان نانێژین. یان کۆیلەیەک بکڕین که موسوڵمان گرتویەتی. ئێمە دەبین بە ڕێنیشاندەرانی موسوڵمانان، له تایبەتمەندیەکانی ناو ماڵی خۆیان خۆمان به دوردەخەیەن. کاتێ عبدالرحمان پەیماننامەکەی نوسیەوە و دایە عومەر ئەویش چەند خاڵێکی تری لێ زیاد کرد: ئێمە له موسوڵمان نادەین. ئەمانە مەرجن لەسەر خۆمان و شوێنکەوتوانی ئاینەکەمان، که ئەمان [91] مان پێ دراوە. ئەگەر هەر خاڵێک لەو مەرجانە بشکێنین ئەوا له بەرژەوەندی ئێوە له دژی ئێمەیە، وە ئەمان و پاێزگاری بەرامبەر ئێمە دەشکێ، ئێوە سەرپشکن لەوەی هەرچیەک دەیکەن بەرامبەر ئێمە، وەک ئەوەی سەرپشکن بەرامبەر ئەو کەسانەی هەڵگەڕاوەن.[92]

ئایا لەو زەلیلیەی زیاتر بەرامبەر ئەهلی کتاب دەبێ چی بێت!!! وە ئەو خاڵەی دواتر عومەر خستیە ناو پەیماننامەکە ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر هەر بەندێک بشکێنن ئەوا بە هەڵگەڕاوە هەژمار دەکرێن، هەڵگەڕاوەش مانای مل پەڕاندنە هەروەک دیتمان چیان له هەڵگەڕاوەکانی سەردەمی ئەبوبەکر کرد.

له تەفسیری ئایەتی ٥٤ی سورەتی النساء باسی هۆکاری دابەزینەکەی کراوە که دوو پیاو کێشەیان دەبێ و کێشەکەیان دەبەنە لای پەیامبەر، ئەویش دادوەریان دەکات به سودی لایەنێکدا. ئەوەی سودمەند نەبوو دەڵێ با بچین بۆ لای ئەبوبەکر، کێشەکەیان باس دەکەنەوە، ئەویش دەڵێ ئەوەی پەیامبەر وتویەتی هەر ئەو ڕاستە، پاشان ئەوەی زرەرمەند بوو وتی با بچین بۆ لای عومەری کوڕی خەتاب، دیسان کێشەکەیان بۆ گیڕایەوە و ئەوەشیان باس کرد که چونەتە لای پەیامبەریش. ئەویش دەڵێ لێرەدا بووەستن. دەچێتە ماڵەوە شمشێرەکەی دێنێت و سەری ئەو پیاوە دەپەڕێنێ. ئەوەی تر بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە لای پەیامبەر. دەڵێ عومەر منیش دەکوژێت.[93]

---

[91] وشەی 'أمان = ئەمان' بۆ ئەو کەسانە یاخود بۆ ئەو ناوچانە بەکاردێت کە موسلمانەکان داگیریان دەکرد و سەرانەیان لێ وەردەگرتن لە بری ئەوەی لەسەر ئاینی خۆیان بمینێنەوە. بە هۆی ئەو باجەی موسلمانەکان وەریان دەگرت پەیماننامەی ئەمانیان دەدا بەو خەلکانە کە ژیانیان پارێزراو بێت لەلایەن موسلمانەکان بە مەرجێ سەرانەکە بدەن.

[92] ابن كثير، اية ٢٩ سورەتی التوبة.

[93] تفسير ابن كثير، اية ٦٥ سورەتی النساء.

ئەو تورەییەی عومەر دەبێتە هۆی نارازی بوونی ئەبوبەکر و پەیامبەری ئیسلام، لە تەفسیری ابن کثیر هاتووە جارێکیان ئەبوبەکر و عومەر دەمەقاڵێیەکیان دەبێ بەجۆرێک عومەر تورە دەبێ، ئەبوبەکر بە دوای دادەچێت تاوەکو لێیببورێ، کەچی عومەر دەرگای بەسەر دەموچاویدا پێوەدەدات. بەمەش ئەبوبەکر دەچێتە لای پەیامبەر و بۆی دەگێرێتەوە ئەویش دەڵێ کەسێکی حاقد و تورەیە. پاشان عومەر پەشیمان دەبێتەوە لەوەی کردویەتی.[94]

پەیامبەر دەڵێ ئەو رێگایەی عومەر پێی دادەروات شەیتان پێیدا ناروات. واتە شەیتانیش لە عومەر دەترسێ، چیرۆکەکەش بەم شێوەیە روویداوە، عومەر داوای مۆڵەت دەکات تاوەکو پەیامبەری ئەڵڵا ببینێ، لەو کاتانە چەند ژنێکی قورەیشی لەلای دانیشتبوون داوای خەرجی زیاتریان دەکرد و دەنگیان بەرزتر کردبۆوە لەسەر دەنگی پەیامبەر. کاتێک عومەر داوای مۆڵەت دەکات دەستبەجێ بە خێرایی ژنان سەرپۆشی خۆیان دەکەن، پەیامبەر داوای عومەر دەکات بێتە ژورێ و بەدەم پێکەنینەوە بوو. عومەر دەڵێ ئەی پەیامبەری ئەڵڵا، هەموو کات ئەڵڵا ئەو دڵخۆشیەت بداتێ. پەیامبەر وتی، سەیرم لەو ژنانە دێ کاتێک گوێیان لە دەنگت بوو دەست بەجێ سەرپۆشیان کرد. عومەر وتی مافی خۆی بوو لە تۆ زیاتر بترسابان نەوەک لە من. ئینجا بە ژنەکانی وت ئەی دوژمنانی نەفسی خۆتان شکۆمەندی زیاتری من دەکەن لە پەیامبەر. ئەوانیش وتیان بەڵێ تۆ لە پەیامبەر رەقتر و توندوتیژ تری. پەیامبەریش وتی ئەی کورِی خەتاب ئەوەی گیانی منی بەدەستە شەیتان بەو رێگا فراوانە دانارۆات کە تۆ پێیدا دەرۆی . **اسْتَأْذَنَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَعِنْدَهُ نِسْوَةٌ مِنْ قُرَيْشٍ يُكَلِّمْنَهُ وَيَسْتَكْثِرْنَهُ عَالِيَةً أَصْوَاتُهُنَّ عَلَى صَوْتِهِ فَلَمَّا اسْتَأْذَنَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ قُمْنَ فَبَادَرْنَ الْحِجَابَ فَأَذِنَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَدَخَلَ عُمَرُوَرَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَضْحَكُ فَقَالَ عُمَرُ أَضْحَكَ اللَّهُ سِنَّكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَجِبْتُ مِنْ هَؤُلَاءِ اللَّاتِي كُنَّ عِنْدِي فَلَمَّا سَمِعْنَ صَوْتَكَ ابْتَدَرْنَ الْحِجَابَ فَقَالَ عُمَرُ فَأَنْتَ أَحَقُّ أَنْ يَهَبْنَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ثُمَّ قَالَ عُمَرُ يَا عَدُوَّاتِ أَنْفُسِهِنَّ أَتَهَبْنَنِي وَلَا تَهَبْنَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقُلْنَ نَعَمْ أَنْتَ أَفَظُّ وَأَغْلَظُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِيهًا يَاابْنَ الْخَطَّابِ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ مَا لَقِيَكَ الشَّيْطَانُ سَالِكًا فَجًّا قَطُّ إِلَّا سَلَكَ فَجًّا غَيْرَ فَجِّكَ.**[95]

---

[94] تفسير ابن كثير، اية ١٥٨ سورەتی الاعراف.
[95] صحيح البخاري، كتاب فضائل الصحابة، أريت في المنام أني انزع بدلو بكرة على قليب.

هەروەها پەیامبەر دەڵێ: خۆتان لە توڕەیی بپارێزن، ئەڵڵا توڕە دەبێ ئەگەر عومەر توڕە بێت. اتقوا غضب فان الله يغضب إذا غضب عمر.[96]

توڕەیی عومەر زۆر جار بێ هۆ بوو بەڵکو وای لە موسوڵمانان کردبوو جەسارەتی ئەوە نەکەن پرسیاریشی لێ بکەن. بۆ نمونە ڕۆژێکیان 'ضبيع التميمي' پرسیاری مانای (والذاريات ذروا. فالحاملات وقرا. الذاريات ١ - ٢)ی لێ کرد عومەر بە جۆرێک لێی دەدات هەتا عەمامەکەی دەکەوێتە خوار. پاشان دووریدەخاتەوە و نامە دەنێرێت بۆ خەڵکی 'بەسرە=بصرة' تاوەکو کەس گوێی لێ نەگرێت و کەس لەگەڵی دانەنیشێ. لە گێڕانەوەیەکی تردا بەم جۆرە باس کراوە: کەسێک بەناوی صبيغ بن عسل دێتە لای عومەر پرسیاری سوڕەتی 'الذاريات'ی لێ دەکات، عومەریش بە جۆرێک دارکاری دەکات کە برینەکەی ساڕێژ دەبێتەوە دیسان دارکاری دەکات، ئەویش بە عومەر دەڵێ ئەگەر دەمکوژی بە کوشتنێکی جوان بمکوژە! پاش ئەشکەنجەیەکی زۆر دووری دەخەنەوە بۆ کوفە، عومەر بەوەش ناوەستێ نامەیەک دەنوسێ بۆ ابوموسای ئەشعەري ئەڵێ لە مەجلیسی خۆتان دەری بکەن، ئیشی مەدەنێ.[97]

هەروەها دەگێڕنەوە: لەکاتی مردنی ئەبوبەکر عائشە پرسەی گریانی دانا، عومەر پێی ڕاگەیاندن واز بهێنن بەڵام وازیان نەهێنا. بە 'هشام بن الوليد'یان وت برۆ بۆ ماڵی 'ابي قحافة' واتە 'ام فروة' بە قامچی لێیدا (واتە لە ام فروة'دا. پاشان ئەوانەی لە وێ بوون چۆلیان کرد. لە موسنەدی اسحاق ابن راوية بە جۆرێکی تر باسی دەکات ئەویش یەکە یەکە لە ماڵ دەریان دەهێنێ و بە قامچی لێیان دەدات. لَمَّا تُوُفِّيَ أَبُو بَكْرٍ أَقَامَتْ عَائِشَةُ عَلَيْهِ النَّوْحَ ، فَبَلَغَ عُمَرَ فَنَهَاهُنَّ فَأَبَيْنَ فَقَالَ لِهِشَامِ بْنِ الْوَلِيدِ : اخْرُجْ إِلَى بَيْتِ أَبِي قُحَافَةَ - يَعْنِي أُمَّ فَرْوَةَ - فَعَلَاهَا بِالدِّرَّةِ ضَرَبَاتٍ فَتَفَرَّقَ النَّوَائِحُ حِينَ سَمِعْنَ بِذَلِكَ وَوَصَلَهُ إِسْحَاقُ ابْنُ رَاهَوَيْهِ فِي مُسْنَدِهِ مِنْ وَجْهٍ آخَرَ عَنِ الزُّهْرِيِّ وَفِيهِ فَجَعَلَ يُخْرِجُهُنَّ امْرَأَةً امْرَأَةً وَهُوَ يَضْرِبُهُنَّ بِالدِّرَّةِ.[98]
ئەگەر ئەوە ڕاست بێت هشام یەکە یەکە ژنانی هێنابێتە دەر واتە عایشەش بە قامچی لێیدراوە.

---

[96] عمر بن الخطاب، للامام ابن الجوزي، الباب السابع عشر، سياق الخبر بان الله يغضب اذا عضب عمر.
[97] تفسير القرطبي ، سورة الذاريات، اية ١//الاتقان في علوم القران، جلال الدين السويطي النوع الثالث و الاربعون في الحكم و المتشابه
[98] فتح الباري شرح صحيح البخاري، كتاب الخصومات، اخراج اهل المعاصي و الخصوم من البيوت.// درة عمر بن الخطاب: سوطه الذي يضرب به.

له مێژوی طبري به جۆرێکی تر باس کراوەتەوە دەڵێ: کاتێک ئەبوبەکر مرد عائشە پرسەی دانا. عومەر چووە لای دەرگاکەی و داوای کرد واز بهێنن لە گریان. ئەوان سەرپێچیان کرد عومەر بە 'هشام بن ولید'ی گوت برۆ ژوور کچی أبي قحافة 'خوشکی ئەوبکر' بێنەدەر، کاتێک عائشە قسەی عومەری بیست، بە هشامی وت ناهێڵم بێیتە ژوور. عومەر بە 'هشام'ی وتی برۆ ژوور من مۆڵەتم داویتێ، ام فروة خوشکی ئەبوبەکر هاتەدەر عومەریش بە قامچی لێیدا، بەمشێوەیە پەرتەیان لێکرد.[99]

ئێمە دەبێ پرسیار بکەین ئایا عائیشە سەرپێچ بووە لە شەرعی ئەڵڵا ئەگەر وابێت چۆن پەیامبەر دەڵێ نیوە ئاینتان لە عائشە وەربگرن. ئەگەر پرسەش دروست بێ ئەوا عومەر نا بەجێیی کردوە لەو ژنانەی داوە،لەو ژنانەی قامچیان بەرکەوت خوشکی ئەبوبەکر و عائیشەی کچی بوو.

توندڕەوی عومەر تەنانەت لەگەڵ منداڵەکانی خۆشی بوو، ڕۆژێکیان کوڕی عومەر بەناوی عبدالرحمن ناسراو بە 'أبي شحمة' لەگەڵ کەسێک بە ناوی عبدالله بە ڕووتی لەلایەن کابرایەک دەبینرێن و بەرەو شوێنێک شۆر دەبنەوە. ئەویش هەواڵەکە بۆ 'عمرو بن العاص' دەهێنێت، پێ دەڵێت بۆ کوێ ڕۆیشتن، ئەویش دەڵێ چوون بۆ ئەو شوێنە. لە کورتکراوەی چیرۆکەکەدا عمرو بن العاص بانگیان دەکات و ئەوانیش سەرخۆشن. 'عمرو' لەوە دەترسێ سزایان نەدات و پاشان عومەر ئەو سزا بدات و کارەکەی لەدەست بچێت. بۆیە سزای خۆی دەدات. پاشان بۆ عومەری دەنێرێتەوە و عەبایەکی پێ دادەدات لەسەر داواکاری عومەر. عومەریش دیسان سزای دەداتەوە لە ماڵەوە زیندانی دەکات. لە دواییدا عبدالرحمن کوڕی عومەر دەمرێ. خەڵکی کەوتنە ئەوەی گومان بکەن کە ئەو زینای کردبێ چونکە سزادان تەنها یەکجار دەبێ بۆ ئەو کارە نابێ دووجار سزا بدرێ. بۆیە دەڵێن سزای یەکەم بۆ سەرخۆشبوونەکەی بووە و سزای دووهەم بۆ زیناکەی بووە. بەڵام هەندێک لە زانایانی خواناس دەڵێن سزای دووهەم بۆ توڕەییەکەی عومەر بووە.[100]

[99] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عمن غسله و الكفن الذي كفن فيه ابوبكر ومن صلى عليه. ج ٤ ل ٧٤
[100] عمر بن الخطاب، للامام ابن الجوزى، باب السابع و السبعون، في ذكر ضربه لولده على شرب الخمر.

ئەو بابەتە زۆر هەستیارە بۆیە نە عومەر باسی کردووە و نە زانایانش باسی لێوە دەکەن. بۆ نمونە ابن قتیبة دەڵێت هۆکاری مردنی لە ژێر سزای عومەر بووە بە هۆی خواردنەوەی ئارەق و کارێکی تر. بۆیە ئێمەش نازانین کارەکەی تر چییە؟ بۆیە ئێمەش دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ دەنگی زانایانی ئیسلام هیچ قسەیەکی لێوە ناکەین.

### ٢. ٥ عومەری کوڕی خەتاب و دڵنەرمی

عەرەب و موسوڵمانی سوننە هێندە پیرۆزی دەدەن بە هاوەڵانی پەیامبەر، زۆر ئەستەمە ڕەخنە قبوڵ بکرێ لای موسوڵمانی سادەش ڕاستیەکان داپۆشراوە بۆیە نا هەقیان نییە چونکە وەک فریشتە باس لە ٤ خەلیفەکەی ڕاشیدون دەکرێ تەنانەت زۆر موسوڵمانیش هەیە لاری نییە کەسێک بکوژێ ئەگەر ڕەخنە لە خەلیفەکانی ئەمەوی و عەبباسی و عوسمانیش بگێرێت یاخود هەر پیاوێکی ئاینی ڕەخنەی لێ بگیرێ. پیرۆز کردنی ئەو فریشتانەش چەند چیرۆکێک دەخەنە پاڵیان ئەگەر ڕاستیش بێت لایەنی پاسیڤەکەی قەت باس ناکرێ مەگەر هەر دەبێ شیکاری بۆ بکرێ.
کتێبەکانی ئیسلام چەند نمونەیەک دەگێڕنەوە لەسەر دڵنەرمی عومەری کوڕی خەتاب و باس و پاساوی غەمۆکی عومەر بە خوێنەر دەناسێنن کە چەند بەزەیی بوو لەگەڵ هەژاران. نمونەی هەژارێک دەهێنەوە کە مەنجەڵێکی-لەسەر ئاگر بوو و-تەنها ئاوی تێدا بوو بۆ ئەوەی منداڵەکانی وابزانن خواردنە و لێی دەنێت. عومەر دەست بە جێ ئاردی بۆ دەهێنێت. هەروەها دەڵێن خۆی عومەر بە دەستە موبارەکەکانی خەریکی ئامادەکردنی خۆراک بووە بۆ ئەو منداڵە برسیانە. کاتێک پرسیار دەکرێ ئەی منداڵەکانی تری هەژاران. عەلی وەردەی گیانی شاد بێت و ئیمڕۆی لە هەموو ڕۆژێک خۆشتر بێت پاساو بۆ عومەر دەهێنێتەوە دەڵێت خۆ عیلمی غەیبی نەبووە بزانێت چ ماڵێک هەژارە تاوەکو یارمەتی بدات. بەڵام دەبێ ئێمە بپرسین خۆ عومەر ئاگاداری شەرعی ئیسلام بوو، بوونی کۆیلەی بە ڕەوا داناوە لەهەمان کاتدا ڕووتاندنەوەی میللەتانی بە ڕەوا دانا ئەگەر عومەر دادپەروەر بایە یەکسانی بۆ خەڵک دروست دەکرد نەیدەهێشت دەوڵەمند و هەژار لە تەرازوی بەرزو نزم بایە. سەروەت و سامان لە وڵاتی مەگوس و ڕۆمیەکان لە خاوەنەکانیان نەدەفرێندرا بۆ بیابان

ببردرێت. بەڵام دیارە خەتای کوڕی خەتاب نییە بەڵکو ئەو لەسەر بەرنامەی پەیامبەری ئەڵلا رۆیشتەوە.
بەرزی عومەر لەوە دەنرخێنن کاتێک لە شام دەگەڕێتەوە دەبینێت کۆمەڵەیەک لە ژێر خۆر سزا دەدرێن چونکە سەرانەیان نەداوە عومەر دەڵێ لێیان گەرێن چونکە دەزانێ نیانە. بەڵام دڵنیام ئەگەر هەیان بوایە چاوپۆشی دەکرد. بەرزیەکەی ئەوەیە لێبوردنیان بۆ دەردەکات. کەچی خاوەن شەرعی سزادەرەکان کێ یە و کێ ئەو هەلەی دروست کردوە کە مرۆڤێک سەرانە بدات ئەگەر جیاوازیەکی لە ئاین هەبێ! عومەر چەند جەربەزە بووە شەرعی 'مؤليفة القلوب'ی نەهێشت کەچی نەیتوانی شەرعی کۆیلە نەهێڵێ و کۆیلایەتی ڕزگاری بێت. چونکە بەرژەوەندی خۆیان بوو. دەبێ بپرسین ئەو کۆیلانە لە جەنگ گیرابوون یان لە ماڵی خۆیان بوون و بەسەریان دادان. ئایا ڕێی تێ دەچێت ئەو هەموو کۆیلە بە دیل گیرابن و خۆیان بەدەستەوە دابێت. شمشێری عەرەبەکان هەورە تریشقە نەبووە تاوەکو شمشێری مەگوس و ڕۆمەکان لەت بکات و جەنگاوەرەکان توانای شەڕیان نەمابێ. بەڵام دەردەکەوێ ئەوەی کوژرا لەسەر خاکی خۆی کوژرا و ئەوەی هەڵات بۆ شاخەکان هەڵات. ئەی ئەو دیلانە لە کوێ هاتن. چونکە هەر لە مێژوی خۆیان دەگێڕنەوە دەڵێن بڕواداری موسوڵمان هەبووە کە خاوەن ١٠٠٠ کۆیلە بێ. باوکی لؤلؤە 'پیرۆزی نەهاوەندی' لە جەنگدا نەگیرا ئەگەر لە جەنگدا گیرابێت چۆن منداڵێکی ٦ساڵی لەگەڵ خێزانی دەگیرێ خۆ ئەوانیش لە شەڕدا نەبوون. شەڕی نەهاوەند ساڵی ٢١ی کۆچی بوو واتە کچەکەی ٣ ساڵ بووە کە لەگەڵ باوکی بەدیلی گیران. باوکی لؤلؤە هێندە جەربەزە بوو بە دەستی خۆی خۆی کوشت خۆی نەدا بەدەستەوە کاتێک عومەری کۆشت ئەی چۆن لە شەڕدا بە دیلیان گرت. دەبێ خۆێنەر لەوە تێ بگات ئەو کۆیلانە لە ماڵی خۆیان بوون و گیران و لەناو جەنگدا نەگیران. چونکە جەنگاوەرەکان خۆیان بە زنجیر دەبەستەوە بۆ ئەوەی ڕانەکەن نەوەک مردن زۆریان بۆ بێنێت. کەچی لەو لاوە دەبینی بە سەدەها کۆیلە بۆتە مولکی خاوەن موسوڵمانەکان. ئەقڵ ڕێگا بە بابەتی نالۆجیکی نادات تاوەکو بڕوا بکەین ئەو کۆیلانە جەنگاوەر بووبن و ئەزمونی چەند ساڵەی جەنگیان هەبووبێ. ئەگەر کەسێ ئەو جەنگاوەرە بووبێ ئەی چۆن خاوەندارەکەی ناکوژێ و بۆی دەربچێت. بەڵام هەروەک خۆشیان ئاماژە دەکەن

کۆیلەکان خاوەن پیشە بوون. واتە جەنگاوەر نەبوون. هەموو کاتێکیش خاوەن پیشە کاری یاخی بوون بەسەر سەخت دەزانن تەنها باوکی کوردان نەبێ باوکی لۆلۆە.

**٦.٢ ڕەنگدانەوەی عومەر لەناو قورئان**

لێرەدا زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت قورئان شەرعێکی مرۆڤە و لە خوداوەندەوە نەهاتووە. چونکە لەسەر پرسیارەکان و ویستەکانی عومەر چەند ئایەتێک دابەزیوە کە لەبەشی یەکەمی کتێبەکەم بە ناوی 'سێبەری شمشێرەکان' نوسیومە. ئەو ئایەتانەی لەبەر خاتری عومەر دابەزیووە:

ئایەتی حجاب لەسەر داواکاری عومەر بووە.

نوێژ کردن بۆ مەقامی ئیبراهیم.

سەرزەنشتەی ئەو ژنانەی پەیامبەر کاتێک لێیان زویر بووکە ئایەتی ٥ی سورەتی التحریم دابەزی.

هەروەها نوێژ لەسەر منافق نەکرێ. ئایەتی ٨٤ی سورەتی التوبة.

لەسەر دیلەکانی بەدر کە بکوژرێن. الانفال ٦٧

لەسەر ئارەق خواردنەوە تا ئەڵلا شتێکیان بۆ بەدەربخات. النساء ٤٣

ئیزن وەرگرتن کاتێک کەسێک دێتەماڵی کەسێک. النور ٥٨.

بۆ زیاتر بەسەر داچونەوە بگەڕێوە بۆ بەرگی یەکەمی ئەو کتێبە.

ئەوەی سەیرە زانای بەناوبانگ امام ابن جوزي، بەشێکی لەسەر ئەو بابەتە نوسیوە ئەویش بەناوی 'نزول القران بموافقته' [101] ئەوەش ئەوە دەردەخات ئەڵلا لەسەر پێشنیار و ڕازی بوونی عومەر ئەو ئایەتانەی دابەزاندوە و شەرعیشی لێ وەرگیراوە.

عومەر لە کاتێکدا دەبێتە خەلیفە باسی چۆنیەتی خەلافەت بوونی ئەبوبەکر دەکات ئینجا دەڵێ چەند ئایەتێک هەیە لەوانیە خەڵک بڵێن زیادەڕۆیی کرد ئەمانە لە کتاب دانەبووە، موسوڵمانان ڕێگایان لێ تێکبچێت بە وازهێنان لەو فەرزە. بەڵام ئێمە لەسەردەمی پەیامبەر خوێندومانەتەوە و کارمان پێکردووە وەک ئایەتی ڕەجم، ئەو دوو ئایەت دەڵێت:

**الشيخ والشيخة إذا زنيا فارجموهما البتة نكالا من الله والله عليم حكيم.**

---

[101] عمر بن الخطاب، للامام ابن الجوزي، باب السادس عشر، في نزول القران بموافقته

**ولا ترغبوا عن آبائكم فإنه كفر بكم أن ترغبوا عن آبائكم.**
پرسیار ئەوەیە قورئان لەسەردەمی عوسمان بە تەواوی کۆکرایەوە ئایا عومەر چۆن ئەو کاتە زانی کە ئەو دوو ئایەتە ناکەوێتە ناو قورئان؟؟؟؟
هەر بۆیە لەسەر بنەمای ئەو وتەی عومەر ڕەجم کاری پێ دەکرێت و بۆتە شەرعێک لە کاتێکدا ئەو ئایەتەش لە قورئاندا نییە. ئەو ئایەتە کەوتۆتە بەشی ناسخ و منسوخ، بە پاساوی ئەوە ئایەتەکە لەناو قورئان نییە بەڵام شەرعی ماوە.

**٧.٢ هەڵبژاردنی عومەری کوڕی خەتاب بە خەلیفەی دووهەم**
لەکاتی کۆچکردنی ئەبوبەکر خەلیفەی یەکەم، نوسەری وەسیەتنامەکە عوسمانی کوڕی عەفان بوو تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو، عومەری کوڕی خەتاب ببێتە خەلیفە. هەرچەندە پێش نوسینی ئەو وەسیەتنامەیە ئەبوبەکر نەیدەویست عومەر ببێتە خەلیفە بە هۆی ئەو توندڕەویەی کە هەیبووە یاخود لەسەر ئەو ناکۆکیانەی کە هەیان بووە. لەسەرچاوەی طبري باسکراوە ئەبوبەکر عبدالرحمن بن عوف بانگ دەکات دەڵێ سەبارەت بە عومەر بۆم باس بکە. عبدالرحمن دەڵێ باشترە لەوەی کە تۆ ڕات لەسەری هەیە، بەڵام توڕەیە. ئەبوبەکریش دەڵێ: کاتێک من لە کەسێک توڕە دەبم ئەو ڕێگای نەرمیم نیشان دەدات، کاتێک من نەرمم ئەو ڕێگای توڕەیم نیشان دەدات. ئەوی من وتم باسی مەکە لای کەس. پاشان عوسمان بانگ ئەکات سەبارەت بە عومەر ڕای خۆی بدات. ئەویش دەڵێ ناخی لە ڕووکەشی پاکترە. دیسان دەڵێ ئەوەی باسمان کرد لای کەس باسی مەکە.[102] ئەمانە ئەوە دەردەخات کە دوودڵ بووە لە هەڵبژرادنی عومەر بۆ خەلافەتی ئیسلام. بەڵام ئەوەی سەیر بوو ڕوویدا بۆچ ئەبوبەکر خۆی وەسیەتنامەی نەنوسی بۆچ بانگی عوسمانی کرد بۆ نوسینی. ئەو وەسیەتە بە دەستوخەتی عوسمان نوسرا. ئایا تا چەند ڕاستە ئەبوبەکر ویستویەتی عومەر ببێتە خەلیفەی ئیسلام. بۆچ ڕاوێژ بە عەلی نەکرا. بۆچ دیسان عەلی فەرامۆش کرا هەم لە خەلافەت و هەم لە ڕاوێژکاریدا.
عومەر لە ڕۆژی سێ شەم لە ٢٢ی جمادی الاخرة ساڵی ١٣ی کۆچی بوو بە خەلیفە. لە ڕۆژی چوارشەم ڕێکەوتی ٢٦ی ذو الحجة کۆچی کرد واتە ١٠ ساڵ و ٦ مانگ و چەند ڕۆژێک لە خەلافەتی ئیسلامەتی مایەوە.

[102] تاريخ الطبري، ج ٤ ل ٧٨ ذكر استخلافه عمر بن الخطاب // الكامل في التاريخ، ج٢ ل ٢٧٦-٢٧٧

**٢. ٧. ١ کارەکانی عمری کوڕی خطاب لەسەر دەمی خەلافەتیدا**

کاتێک عومەر بوو بە خەلیفەی ئیسلام چەند کارێکی ئەنجامدا:

یەکەمین کار بۆ بەیانیەکەی هاتەدەر و داوای جیهادی کرد، بەڵام کەسێک نەهاتەدەر و وەڵامی داواکاریەکەیان نەدایەوە چونکە خەڵکەکە لەو بڕوایە دابوون شەڕی ساسانیەکانیان پێ ناکرێ. بۆ ڕۆژی دووهەم و سێهەم هەمان وتاری دوبارە کردەوە و دیسان کەس ڕانەپەری پاشان موسەنای کوڕی حارس پێی ڕاگەیاندن 'خالد بن ولید' چەند شوێنێکی ڕزگار کردوە و غەنیمەی دەست کەوتووە، لە ڕۆژی چوارەم کەسێک هەستایە سەر پێ بە ناوی ئەبوعوبیدەی کوڕی مسعودی سەقەفی ڕەزامەندی خۆی دەربڕی لەپاشان عومەر کردی بە نوێنەری موسوڵمانان. لە پاش هەڵوێستی ئەبوعوبیدە موسوڵمانەکان وردە وردە هاتنە دەرەوە و ڕازی بوون بەوەی شەڕی ساسانی بکەن.

کاری دووهەم لە پاش مردنی ئەبوبەکر، لابردنی 'خالد بن ولید' بوو، لەسەر فەرمانڕەوایەتی لەشکری ئیسلام لایبرد و 'أبوعبیدة بن الجراح'ی دانا. هەندێ لە نوسەرانی ئیسلام هۆکاری لابردنی خالید دەگەڕێننەوە بۆ ئەو دەستدرێژیەی کردیە سەر مالک بن نویرة و هەمان شەو لەگەڵ ژنەکەی خەوت. لە نامەکەی عومەردا کە بۆ أبوعبیدة نوسی "ئەگەر خالید خۆی بە درۆزن دانا ئەوا ئەمیرە لەسەر ئەوەی کە هەیە، ئەگەر خۆی بە درۆزن نەزانی ئەوا تۆ ئەمیری لەسەر ئەوەی کە هەیە و مێزەرەکەی لەسەر سەری لابەرە و پارەکانی لێ دابەش بکە. نیوەی بۆ خۆت و ئەوەی تر بۆ خۆی. أبوعبیدة ناوەڕۆکی نامەکەی بە خالید گوت و ئەویش پرسی بە خوشکەکەی 'فاطمة' کرد کە هاوسەری 'عبدالحارث بن هاشم' بوو، ئەویش وتی عومەر قەت تۆی خۆش ناوێ ئەو هیچی ناوێ تەنها ئەوە نەبێ کە خۆت بە درۆ بخەیتەوە، پاشان لەسەر فەرمانڕەوایت لائەبات. خالید نەیویست خۆی بە درۆزن بخاتەوە. ئەبوعبیدە بوو بە ئەمیر. مێزەرەکەی لەسەر سەری لادا و پارەکانی دابەش کرد. **إن أكذب خالد نفسه فهو الأمير على ما كان عليه وإن لم يكذب نفسه فأنت الأمير على ما هو عليه وانزع عمامته عن رأسه وقاسمه ماله، فذكر ذلك لخالد فاستشار أخته فاطمة وكانت عند الحارث بن هشام فقالت له والله لا يحبك عمر أبدا وما يريد إلا أن تكذب نفسك ثم**

**ينزعك فقبل رأسها وقال صدقت، فأبى أن يكذب نفسه فأمر أبو عبيدة فنزع عمامة خالد وقاسمه ماله.**[103]

کێشەیەکی قوڵ دەردەکەوێ لە نێوان عومەر و 'خالد'دا ڕێی تێناچێت تەنها لەبەر ئەوەی بووبێت 'مالک بن نویرة'ی کوشتبێ و لەهەمان کاتدا لەگەڵ ژنەکەی خەوتبێ. چونکە زۆر جار خالید بە عومەری گوتوە کوڕی 'حنتمة'. بۆ نمونە عکرمة کوڕی ئەبی جهل کاتێتک کوژرا خالید سەری خستە سەر ڕانی گووتی کوڕی حنتمة وا دەزانێ ئێمە شەهید نابین.[104]

زۆر ڕوونە خالید زۆر عومەری بە سوک زانیووە و ڕێزی لێنەگرتووە لە سەردەمانی پێش و پاشی ئیسلامی بوونی عومەر. هەرچەندە کەسێکی وەک علی وەردی بۆچوونی ئەوەیە لابردنی خالید لەلایەن عومەرەوە تەنها بۆ ئەوەی جلەوی ئیسلام بکەوێتە دەستی قوڕەیش. ئەم بۆچوونەش هیچ بەڵگەیەکی لۆجیکیمان ناداتە دەست. ئەو لابردنەی خالید کوڕی سعید لەلایەن ئەبوبەکر ڕێک هەر هەمان هەڵوێستمان بۆ دەردەخات سەبارەت بە لابردنی خالیدی کوڕی وەلید لەلایەن عومەری کوڕی خەتاب. عومەر هانی ئەبوبەکر دەدات خالید کوڕی سعید لابەرێ چونکە ئەو ٢ مانگ لە بەیعەت دواکەوت و ئارەزوی ئەوەی دەکرد عەلی ببێتە خەلیفە. یەکەمجار ئەبوبەکر ڕازی نەبوو بەڵام عومەر پێی گوت تۆ چۆن متمانە بەو کەسە دەکەی لە کاتێکدا ئەوەی وت و ئەمەی وت.[105] چونکە خالیدی کوڕی سعید هەڵوێستی بەرامبەر ئەبوبەکر خراپ بوو بۆیە لایبرد بەڵام خالیدی کوڕی وەلیدی لانەبرد. ئەو هاندانەی عومەر تەنها ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گیانی تۆڵەی هەیە و لەبیرکردنی نییە، هەر بۆیە ئەو سوکایەتیەی کە پێی دەکرا لەلایەن خالید دەستبەجێ لای برد کە بووە خەلیفەی ئیسلام. عومەر گوێی نەدا بە سەرکەوتنەکانی خالید لە کاتێکدا هەموو دەستکەوتەکانی شەڕ بەرهەمی ئازایەتی خالید بوو ئەگەر ئەو نەبوایە سەرکەوتنی ئیسلامیش قەت نەدەگەیشتە ئەو دەستکەوتانەی کە ئیمڕۆ ئیسلام پێی دەنازێ.

---

[103] الكامل في التاريخ، ج ٢ ل ٢٧٧ // تاريخ الطبري، ج ٤ ل ٨٣ خبر دمشق من رواية سيف. لەو گێرانەوەیە باسی ئەوەش دەکات تاکێک پێلاوەکەی لێ دەبەن، پاشان ئەبوعوبیدە دەڵێ تاکە پێلاو بەکەڵک نایە بە تەنها، بۆیە تاکە پێلاوەکەی دەداتەوە خالد.

[104] الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٢٦١، ذكر وقعة اليرموك// تاريخ الطبري ج ٤ ل ٦١ ـ ٦٢

[105] تاريخ الطبري ج ٤ ل ٥٣ ـ ٥٤

پاشان چەند کارێکی تری ئەنجامدا لە ماوەی حوکمی خەلافەتیدا وەک ئەوەی لە وەسیەتنامەی پەیامبەری ئیسلام بۆ هاوەڵانی کردبووی کە نابێ دوو ئاین لە دورگەی عەرەبی هەبێ، بۆیە عومەر ئەو جولەکە و مەسیحیانەی ئەهلی نەجران مابوون لە حجاز دەریکردن.[106]

عومەر گوێی لە وەسیەتنامەکەی پەیامبەر ببوو کە دەڵێت: دەبێ جولەکە و مەسیحی لە دوورگەی عەرەبی دەرکەم رێگا تەنها بە موسوڵمان دەدەم- واتە تەنها موسوڵمان لە دوورگەی عەرەبی دەبێ بژیەت – **سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ لَأُخْرِجَنَّ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ حَتَّى لَا أَدَعَ إِلَّا مُسْلِمًا.**[107]

هەر بۆیە عومەریش هەمان فەرمودە لەسەر زاری خۆی دەڵێتەوە ئەویش دەڵێت: ئەگەر بژیم بە پشتیوانی ئەڵڵا من دەبێ جولەکە و مەسیحی لە دوورگەی عەرەبی دەربکەم. **عَنْ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ لَئِنْ عِشْتُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَأُخْرِجَنَّ الْيَهُودَوَالنَّصَارَى مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ.**[108]

یەکێک لەوکارانەی تری عومەر ئەوە بوو: ماوەی سکپری بۆ چوار ساڵ درێژ کردەوە واتە ئەکرێ ژنێک منداڵی ببێت کە چوار ساڵ لە پیاوەکەی دابڕابێت. هۆکەی ئەوە بوو ڕۆژێک پیاوێک دێتە لای عومەر دەڵێ ئەی ئەمیری باوەڕداران من بۆ دوو ساڵ لە ژنەکەم دوور بووم، کە هاتمەوە دووگیانی بوو، عومەر راوێژی خەڵکی کرد بەردبارانی بکات، 'معاذ بن جبل' وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران، ئەگەر پاساوێکت هەیە بۆ ژنەکە بەڵام هیچ پاساوێکت بۆ ئەوەی ناو زگی نییە وازی لێ بێنە هەتا کۆرپەکە لە دایک دەبێ. ئەویش وازی لێهێنا هەتا کوڕێک لە دایک بوو کە ددانی هەبوو، بەوە پیاوەکە زانی لە خۆی دەچێ وتی بە خوداوەندی کەعبە ئەوە کوڕمە. عومەریش وتی ژنان ناتوانن کەسانی وەک معاذ بێنە سەر ژیان، ئەگەر معاذ نەبوایە عومەر بە هەلاکەت دەچوو. جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ، فَقَالَ : يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ ، " إِنِّي غِبْتُ عَنِ امْرَأَتِي سَنَتَيْنِ فَجِئْتُ وَهِيَ حُبْلَى , فَشَاوَرَ عُمَرُ النَّاسَ فِي رَجْمِهَا , قَالَ : فَقَالَ مُعَاذُ بْنُ

---

[106] الطبقات الكبرى، ابن سعد، ج ٣ ل ١٦٢، ذكر استخلاف عمر رحمه الله.// الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٢٨٢، ذكر خبر المثنى بن حارثة و أبي عبيد بن مسعود

[107] مسند أحمد، مسند العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، لاخرجن اليهود و النصارى من جزيرة العرب حتى لا ادع الا مسلما

[108] مسند أحمد، مسند العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، لئت عشت ان شاء الله لاخرجن اليهود و النصارى من الجزيرة العرب

جَبَلٍ : يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ ، إِنْ كَانَ لَكَ عَلَيْهَا سَبِيلٌ فَلَيْسَ لَكَ عَلَى مَا فِي بَطْنِهَا سَبِيلٌ ، فَاتْرُكْهَا حَتَّى تَضَعَ , فَتَرَكَهَا فَوَلَدَتْ غُلامًا قَدْ خَرَجَتْ ثَنِيَاهُ فَعَرَفَ الرَّجُلُ الشَّبَهَ فِيهِ , فَقَالَ : ابْنِي وَرَبِّ الْكَعْبَةِ , فَقَالَ عُمَرُ عَجَزَتِ النِّسَاءُ أَنْ يَلِدْنَ مثل مُعَاذٍ لَوْلا مُعَاذٌ هَلَكَ عُمَر.[109] ُ
بۆیه عومەر بڕیاری دا تا چوار ساڵ کاری لەو جۆره ئاسایی بێت.

جارێکیان ژنێک دێنن بۆ لای عومەر تاوەکو بەردبارانی بکەن چونکه به ٦ مانگ منداڵی بووه، خوشکی ژنەکه دەچێته لای عەلی تاوەکو ڕێگا چارەیەکی بۆ دابنێت. ئەویش دوو ئایەت بۆ عومەر دەهێنێتەوه و ژنەکه ڕزگار دەکات ئەویش ئایەتی ٢٣٣ سورەتی البقرة دەڵێت(والوالدات یرضعن اولادهن حولین کاملین، واته دایکان شیر بدەن به منداڵانتان بۆ ماوەی دوو ساڵی تەواو). هەروەها ئایەتی ١٥ سورەتی الاحقاف دەڵێ(... وحمله و فصاله ثلاثون شهرا. ماوەی دووگیانی و له شیر برینەوەی ٣٠ مانگه) به پێی ئایەتی یەکەم ٢٤ مانگ بۆ شیردانه واته له ئایەتی دووهەم تەنها ٦ مانگ بۆ دووگیانی دەمینێتەوه.[110]
بەمشێوەیه عومەر بەردبارانی ژنەکه ناکات، لەسەر ئەو بنەمایه شەرع لەسەر ئەو کارەی عومەر وەردەگیرێ.

یەکێک له کارەکانی ع ومەر نەی دەزانی سەرانه له مەگوس وەربگرێ یان نا. له چەند گێڕانەوەیەکدا دەڵێن:
عومەر وتی نازانم چی بکەم سەبارەت به مەگوس، عبدالرحمن بن عوف وتی من گەواهی ئەدەم بیستومه له پەیامبەری ئەڵڵا دەڵێ به ڕێچکەی ئەهلی کتاب مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. مَا أَدْرِي كَيْفَ أَصْنَعُ فِي أَمْرِهِمْ؟ فَقَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ : أَشْهَدُ لَسَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُول سُنُّوا بِهِمْ سُنَّةَ أَهْلِ الْكِتَابِ.[111]

له گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێ: بجلة بن عبده دەڵێ من کاتبی جەز بن معاوية بوم له مەنازیر، کاتێک نامەی عومەر بەدەستمان گەیشت که دەڵێ ڕەچاوی ئەو مەگوسیانەی دەوربەرت به، سەرانەیان لێ وەربگره، عبدالرحمن بن عوف پێ گوتم

[109] سنن الدارقطني، كتاب النكاح، باب المهر
[110] سنن البيهقي الكبرى، باب ما جاء في أقل الحمل، ج ٧ ل ٤٤٢
[111] موطأ مالک، كتاب الزكاة، اهل الكتاب.

پەیامبەری ئەڵڵا درودی لەسەر بێ، سەرانەی لە مەگوسی هەجەر وەرگرتووە . بَجَالَةَ بْنِ عَبْدَةَ قَالَ كُنْتُ كَاتِبًا لِجَزْءِ بْنِ مُعَاوِيَةَ عَلَى مَنَاذِرَ فَجَاءَنَا كِتَابُ عُمَرَ انْظُرْ مَجُوسَ مَنْ قِبَلَكَ فَخُذْ مِنْهُمْ الْجِزْيَةَ فَإِنَّ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ عَوْفٍ أَخْبَرَنِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَ الْجِزْيَةَ مِنْ مَجُوسِ هَجَرَ.[112]
لەگێڕانەوەیەکی تردا ئەوەشیان زیاد کردوە کە بە ڕێچکەی ئەهلی کتاب مامەڵەیان لەگەڵ بکەن تەنها ژنیان لێ مەخوازن و ئاژەڵی سەربڕاو لەسەر دەستی ئەوان نەخۆن.

کەنیزەکەکانی شەڕی هەڵگەڕاوەکان کە عەرەب بوون هەمووی گەڕاندنەوەوە بۆ لای کەسوکاریان.[113] بۆ ئەوەی دڵی عەرەبەکان زیاتر رابکێشێ. ئەمەش هەڵوێستێکی نەتەوایەتی بوو هەرچەندە ئەبوبەکر بیری لەو خاڵە نەکردبۆوە.

هەروەها یەکەم کەس بوو بەرواری دانا و ختمی دروست کرد لە قوڕ، هەروەها دیوانی دروست کرد، بە عومەریان وت وەک کیسراکان دیوانیان هەیە و هەموو شتێکی لێ تۆمار دەکەن وەک ئابوری و ناونوسی سەربازەکان. ئەوەش بەرماوەی شارستانیەتی ساسانیەکان بوو بۆ عەرەب بە جێما.[114]
هەتا سەردەمی عومەر عەرەبی ئیسلام نەیان توانی کارگەی دراولێدان دروست بکەن بۆیە لەسەردەمی پەیامبەر و ئەبوبەکریش هەر مامەلەیان بە دراوەکانی ساسانی و ڕۆمیەکان بوو. ئەو دراوانەش رەمزی زەردەشتی و مەسیحیەتی پێوە بوو.
دراوەکانی مەگوسی هێمای ئاگری لەسەر بوو، عومەر دراوی ئیسلامی دروست کرد کە هەر هێماکانی ساسانی بوو تەنها وشەی الحمد لله و لەسەر هەندێکان لا اله الا الله زیاد کرد. کەوا بوو نەیان توانی ڕەمزی زەردەشتی لابەرن لەگەڵ ئەوەی دژیان بوو. ئەمەش وەک ئەوە وایە ئسلامی ئیمڕۆ دژی ئەمریکان و دراوەکانی ئەمریکی بەکاردەهێنن.
خاڵێکی تریش ئەوەیە ئیسلام و عەرەب کەوتنە ژێر شارستانیەتی زەردەشتی هەرەوەک زۆر وشەیان وەک دیوان لێ وەرگرت تا ئیمڕۆ ئەو وشە لەناو فەرهەنگی

[112] سنن الترمذي، كتاب السير عن رسول الله صلى الله عليه وسلم، باب ما جاء في اخذ الجزية من المجوس.
[113] تاريخ اليعقوبي، ج ٢ ل ١٣٩
[114] تاريخ الطبري ج ٥ ل ٦٤ ـ ٦٨، الكامل في التاريخ ج ٢ ل ٣٧٠

زمانی کوردی هەیە کە دەڵێن دیوەخان، لە ئامارکردنی پارەش فێربوون چۆن ژمێریاری بکەن. کاتێک ئەبوهورەیرە غەنیمەیەکی زۆری هێنایەوە لە وڵاتی بەحرێن بۆ لای عومەر وتی ئەمە چەندە وتی ٥٠٠ هەزارە، عومەر وتی تۆ دەزانی چی دەڵێت ئەویش دەڵێت بەڵێ ١٠٠ هەزار، ١٠٠ هەزار، ١٠٠ هەزار، ١٠٠هەزار، ١٠٠ هەزار. عومەر ئەڵی دیارە تۆ خەوالی برۆ بۆلای کەس و کارت دوای وەرەوە. ئەو کاتە ژمارەشیان نەگەیشبووە ئەو ئامارە. بۆیە چەند جارێک حسابی دەکەن بە پەنجەکانی دەستی کە هەر پەنجەی بە ١٠٠ هەزار دادەنێت .[115] بێگومان ئەگەر ئەو غەنیمە نەبوایە ژمارەی ٥٠٠ هەزاریش نەدەهاتە زمانی عارەبان بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەو ئامارکردنە لە فەرهەنگی مەگوسیەکان هەبووە چونکە خاوەنی ئەو سەروەتوسامانە زۆرە بوون. هەروەک لەسەرەوە باس کرا پەیامبەریش سەرانەی لەناوچەی هەجەر وەرگرتوە کە دەکەوێتە نزیک بەحرێن وا پێ دەچێ لەسەردەمی عومەر لەناو چووبن و سەروەتیان تالآن کرابێ، ئەگەرنا بەناوی غەنیمە باس نەدەکرا!

**٢. ٧. ٢ لادانی عومەر لەسەر شەرعی ئیسلام**

عومەر کەسێکی جەربەزە بووە لە ڕووی دەستکاریکردنی شەرعی ئەڵڵا بە بەراورد لەگەڵ خەلیفەکانی تر. عومەر چەند شەرعێکی قورئانی هەڵوەشاندەوە ئەگەر چی زانایانی ئیسلام پاساوی بۆ دەهێننەوە کە دەڵێن فقیهێکی بە توانا بووە. لە ڕاستیدا ئەو ئایەتەی لە خوارەوە ئاماژەمان پێداوە قسەیەکی ئەڵلایە و پێویست بە تەئویل و ڕاڤە ناکات تاوەکو کەسێکی فەقیە یاسای بۆ دابنێت.

لە ئایەتی ٦٠ی سوڕەتی التوبة. باسی زەکات دەکات کە بۆ هەژاران و نەدارانە لەگەڵ ئەو کەسانەی زەکات کۆدەکەنەوە لەگەڵ 'المؤلفة القلوب' (–ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئیسلام نیین بەڵام پارەیان دەدرێتێ بۆ ئەوەی دڵیان بۆ ئیسلام نەرم بێت–)، ئازادکردنی کۆیلەکان، لە پێناو ئەڵڵا، بۆ ڕێبواران. ئەو زەکاتە فەرز کراوە لەلایەن ئەڵڵا. ئەڵڵاش زاناو دانایە. **إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ ۖ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ**

[115] الطبقات الكبرى، ذكر استخلاف عمر رحمه الله، ج ٣ ل ١٦٩

عومەر ئەو بەندەی کە ئەڵڵا بە فەرزی داناوە کە پارە بدرێتە ئەو کەسانەی دڵیان بۆ ئیسلام نەرم ببێت واتە 'المؤلفة قلوب' یاساغ کرد. وتی ئەوە سەردەمانێک بووە ئێمە لاواز بووین بەڵام ئێستا بەهێزین.

هەروەها عومەر هاوسەرگیری کاتی 'زواج المتعة' قەدەغەکرد، ئەمەش دەقێکی قورئانی بوو پاشان بە هۆی چەند فەرمودەیەکی پەیامبەر قەدەغەکرا. بەڵام دەقی فەرمودەکان ئاماژە بەوە دەکات تا سەردەمی عومەریش هاوسەرگیری کاتی ڕەوا بووە. دەقەکانی وەک مسلم ئاماژە بەوە دەکات ئەو هاوسەرگیریە لەسەردەمی پەیامبەر ڕەوا بووە بەڵام لەشەڕی خەیبەر قەدەغەی کردوە. لە شوێنێکی تریش ئاماژە بەوە دەدرێت کە سێ جار ڕەوای کردوە و قەدەغەی کردوە. لە شوێنێکی تریش ئاماژە بەوە دەکات عومەر قەدەغەی کردوە. وەک ئەم فەرمودەیە نوسراوە لە صحیح مسلم: ئێمە موتعەمان دەکرد بۆ چەند ڕۆژێک بە بڕی چنگێک خورما و ئارد، لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلام و سەردەمی ئەبوبەکر، هەتا عومەر یاساغی کرد بە هۆی کێشەی عەمرو بن حورەیث. عن جابر بن عبدالله رضي الله عنهما، قال: كنا نستمتع بالقبضة من التمر و الدقيق الايام، على عهد رسول الله و أبي بكر، حتى نهى عنه عمر رضي الله عنه في شأن عمرو بن حريث.[116]
هیچ فەرمودەیەک نییە بۆ یاساغکردنی ئەو دوو جۆرە موتعە (ژن و حەج)ئەگەر هەبوایە لە شوێنێک دەوترا 'نهى النبى عنهما' یاخود هەر یەکێکیان یاساغ کرابا، ئەوا وشەی 'نهى' بەکار دەهات بەڵام ئەو وشەیە بۆ عومەر بەکار هاتووە.

لە موسنەدێکی تردا، دەڵێت: لەسەردەمی پەیامبەری ئەڵڵا دوو موتعەمان کرد، موتعەی حەج و موتعەی ژنان. حماد وتی موتعەی حەج و موتعەی ژنان کاتێک عومەر قەدەغەی کرد ئێمەش وازمان هێنا. **تَمَتَّعْنَا عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُتْعَتَيْنِ الْحَجَّ وَالنِّسَاءَ وَقَدْ قَالَ حَمَّادٌ أَيْضًا مُتْعَةَ الْحَجِّ وَمُتْعَةَ النِّسَاءِ. فَلَمَّا كَانَ عُمَرُ نَهَانَا عَنْهُمَا فَانْتَهَيْنَا.**[117]
لە 'مسند احمد' باسی ئەو هاوسەرگیریە کراوە و دەڵێ هەتا مردنی پەیامبەریش یاساغ نەبووە. ئەو فەرمودە دەڵێ: ئایەتی موتعە دابەزی و کارمان پێکرد لەگەڵ

[116] مسلم، باب في نكاح المتعة
[117] مسند أحمد، باقي مسند المكثيرن، تمتعنا على عهد رسول الله صلى عليه و سلم متعتين الحج و النساء.

پەیامبەری ئەڵڵا هیچ ئایەتێک دانەبەزی بۆ نسخ کردنی و پەیامبەر یاساغی نەکرد هەتا مرد. نَزَلَتْ آيَةُ الْمُتْعَةِ فِي كِتَابِ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى وَعَمِلْنَا بِهَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَلَمْ تَنْزِلْ آيَةٌ تَنْسَخُهَا وَلَمْ يَنْهَ عَنْهَا النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى مَاتَ.[118]

له مسند احمد باسی عومەر کراوە دەڵێت: أبي نضرة وتی: بە 'جابر بن عبدالله'ی وت کە ابن زبیر 'متعة' قەدەغەدەکات و ابن عباس ڕەوای دەکات. أبي نضرة وتی: جابر پێی وتم: ئەو قسەیە لەلای منەوە کراوە، لەگەڵ پەیامبەر موتعەمان کردووە.(عفان وتی: لەگەڵ ئەبوبەکریش کردومانە. کاتێک عومەر بوو بە خەلیفە، وتاری بۆ خەڵک داو وتی: قورئان قورئانە، پەیامبەری ئەڵڵا پەیامبەرە، دوو موتعەمان هەبوو. موتعەی حەج و موتعەی ژنان –واتە هاوسەرگیری کاتی–). **إِنَّ ابْنَ الزُّبَيْرِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَنْهَى عَنْ الْمُتْعَةِ وَإِنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ يَأْمُرُ بِهَا قَالَ فَقَالَ لِي عَلَى يَدِي جَرَى الْحَدِيثُ تَمَتَّعْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ عَفَّانُ وَمَعَ أَبِي بَكْرٍ فَلَمَّا وَلِيَ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ خَطَبَ النَّاسَ فَقَالَ إِنَّ الْقُرْآنَ هُوَ الْقُرْآنُ وَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هُوَ الرَّسُولُ وَإِنَّهُمَا كَانَتَا مُتْعَتَانِ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِحْدَاهُمَا مُتْعَةُ الْحَجِّ وَالْأُخْرَى مُتْعَةُ النِّسَاءِ.**[119]

پرسیار ئەوەیە ئەگەر لەسەردەمی پەیامبەر یاساغ بووە بۆچ ئەبوبەکر موتعەی لەسەردەمی خەلافەتەکەیدا کردووە. ئەگەر ئەمە حەرام بیت چۆن ئەبوبەکر کردویەتی و بە چی پاساوێک؟!

باشترین بەڵگەش لەسەر نەسخ کردنی ئەو ئایەتە لەلایەن عومەر قرطبي لە تەفسری ایە متعة واتە ئایەتی ٢٤ی سوڕەتی النساء دەڵێ: متعة تەنها ڕەحمەتێک بووە لەلایەن ئەڵڵا بۆ بەزی هاتنەوەی بەندەکانی، ئەگەر عومەر یاساغی نەکردبا لە کەسێکی نەگبەت زیاتر کەس زینای نەدەکرد. وَرَوَى عَطَاء عَنْ اِبْن عَبَّاس قَالَ : مَا كَانَتْ الْمُتْعَة إِلَّا رَحْمَة مِنْ اللَّه تَعَالَى رَحِمَ بِهَا عِبَادَهُ وَلَوْلَا نَهْي عُمَر عَنْهَا مَا زَنَى إِلَّا شَقِيٌّ.[120]

هەرچەندە ابن کثیر لە تەفسیری هەمان ئایەت دەڵێ لە کاتی پێویست روخستت بەو هاوسەرگیریە دەدەرێت. ئەوانی تر دەڵێن جارێک ڕێپێدرا و نەسخ بوو، پاشان ڕیگای پێ نەدرایەووە. و لە ابن عباس و چەند هاوەڵێکی دەگێڕنەوە کە ڕێی پێ

---

[118] مسند احمد، اول مسند البصريين، نزلت اية المتعة في كتاب الله تبارك و تعالى و عملنا بها مع رسول الله صلى الله عليه و سلم.

[119] مسند أحمد، مسند العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، ان القران هو القران وان رسول الله صلى الله عليه و سلم هو رسول.// هەروەها لە دوو سەرچاوەی تر بەهەمان شێوە گێردراوەتەوە بە جیاوازیەکی کەمەوە وەک(السنن الكبرى للبيهقي باب نكاح المتعن + صحيح مسلم باب متعة في الحج و العمرة)

[120] تفسير القرطبي، اية ٢٤ سورة النساء

دەدرێت لە کاتی پێویستدا.  قَالَ آخَرُونَ : إِنَّمَا أُبِيحَ مَرَّة ثُمَّ نُسِخَ وَلَمْ يُبَحْ بَعْد ذَلِكَ وَقَدْ رُوِيَ عَنْ اِبْن عَبَّاس وَطَائِفَة مِنْ الصَّحَابَة الْقَوْل بِإِبَاحَتِهَا لِلضَّرُورَة.[121]
ئەوەی گرینگە دەبێ بپرسین لە ئەهلی سوننە و شیعە ئایا هاوسەرگیری کاتی لەگەڵ زینا چ جیاوازی هەیە. ئەگەر لەلایەن ئەهلی سوننەش ئێستا یاساغ بێت خۆ سەردەمانێک یاساغ نەبووە و کاری پێ کراوە!! ئەگەر ئەو کاتە چنگێک خورما برەکەی بووبێ چ جیاوازە لەگەڵ سەردەمی ئێستا کە برێک پارەیە بۆ سۆزانیەکان!

هەروەها کارێکی تر ئەویش هەڵگرتنی سەرانە بوو لەسەر کابرایەکی پیروپەککەوتە، سواڵی دەکرد بۆ بژێوی و ئەو سەرانەی لەسەر دانرابوو.[122] هەندێکیش دەڵێن نامەی نوسیوە بۆ شارەکان تاوەکو سەرانە لەسەر پیروپەکەوتە هەلبگرن. بەڵام سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە نییە لەوبارەیەوە ئەگەر هەشبێ تاکە خاڵێکی پۆزەتیڤە کە بەرچاوم کەوتبێ بۆ بەرژەوەندی خەڵکی ناموسوڵمان!!!

بە پێی شەرعی ئیسلام بە دەقی ئایەتی  ٥ی سورەتی المائدە: پیاوی موسوڵمان دەتوانێت ژنی ئەهلی کتاب بێنێت بەڵام عومەر دژی ئەو ئایەتی جولایەوە، دەگێرنە: حذیفة ژنێکی جولەکە دەهێنێ، عومەریش نامەیەکی بۆ دەنوسێ لێی جیابێتەوە ئینجا وتی دەترسم پیاوان واز لە ژنی موسوڵمانان بهێنن و ژنی لەشفرۆش بهێنن.  تزوج حذيفة رضي الله عنه يهودية فكتب إليه عمر رضي الله عنه أن يفارقها فقال إني أخشى أن تدعوا المسلمات وتنكحوا المومسات.[123] ئەم کردارەی عومەر بیانوی ئەوە بوو نەوەک ژنی موسوڵمان بمینێتەوە، هەرچەندە ژنی جولەکە لەشفرۆش نین و لە قوڕئان بە ئەهلی کتاب ناویان هاتووە. الله و اعلم

عومەر دەستی ئەو کەسەی نەبڕیوە کە پارەی لە 'بيت المال' دزی چونکە وتویەتی هیچ کەسێک نییە کە بەشی لەو ماڵە نەبێت.

---

[121] تفسير ابن كثير، اية ٢٤ سورة النساء
[122] موسوعة فقه عمر، ل ٢٣٩
[123] سنن البيهقي الكبرى ، باب ما جاء في تحريم حرائر أهل الشرك دون أهل الكتاب و تحريم المؤمنات على الكفار، ج ٧ ل ١٧٢

له شوێنێکی تر دەڵێت تەنها ئەوانەی بوونەتە کۆیلە مافی 'بیت المال'یان نییە. قال عمر ما احد الا وله في هذا المال حق. الا ما ملكت أيمانكم.[124]

عومەر ئەو ئایەتەی جێ بە جێ نەکرد کە دەڵێت: پیاو و ژنی دز دەستیان ببڕن لە تۆڵەی ئەو دزیەی کردویانە، ئەمە تەمێ کردنێکە لەلایەن ئەڵڵاوە، ئەڵڵا باڵادەست و زانایە. **وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ . التوبة** ٣٨

کەواتە ع ومەر چەند شەرعێکی ئەڵلای ڕەتکردۆتەوە و پابەندی نەبووە و بە دەقی ئایەتی قورئان **<u>کافرە</u>** چونکە ئایەتی ٤٤ی سورەتی المائدة دەڵێت هەر کەسێک بەوەی ئەڵڵا دایبەزاندوە حوکم نەکات ئەوا لە کافرەکانە. **إِنَّا أَنْزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ ۚ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا لِلَّذِينَ هَادُوا وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالْأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُوا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ وَكَانُوا عَلَيْهِ شُهَدَاءَ ۚ فَلَا تَخْشَوُا النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلَا تَشْتَرُوا بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا ۚ <u>وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ</u>**..المائدة ٤٤

عومەر نەک جێبەجێکەری چەند شەرعێک نەبوو بەڵکو نەسخی کرد هەروەها لە قودسیەتی ئیسلامی داوە ئەگەر موسوڵمان بە خۆی بزانێ. ساڵانە ملیۆنەها موسوڵمان بۆ حەج دەڕۆن و ئەو کاتەیان بەختەوەریە کە دەست دەگەیەننە بەردەرەشی کەعبە، کەچی لە گێڕانەوەیەکدا باسی عومەر کراوە و دەڵێت: عومەرم دیت ڕەزای ئەڵڵای لەسەر بێت بەردەڕەشی ماچ دەکرد و دەیوت من ماچت دەکەم و دەزانم تۆ بەردی ئەگەر پەیامبەری ئەڵڵام نەدیبا ماچت بکات ماچم نەدەکردی.
**رَأَيْتُ عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يُقَبِّلُ الْحَجَرَ وَيَقُولُ إِنِّي لَأُقَبِّلُكَ وَأَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُكَ لَمْ أُقَبِّلْكَ.**[125]

هەر لەهەمان مسندا دەڵێت: ئەو سەرڕوتاوە هات واتە عومەر بەردەکەی ماچ دەکرد و دەیوت من ماچت دەکەم و دەزانم تۆ بەردی نە زیانت هەیە نە زەرەر، ئەگەر پەیامبەری ئەڵڵام نەدیبا ماچت بکات ماچم نەدەکرد. **أَيْتُ الْأُصَيْلِعَ يَعْنِي عُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يُقَبِّلُ الْحَجَرَ وَيَقُولُ إِنِّي لَأُقَبِّلُكَ وَأَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ لَا تَنْفَعُ وَلَا تَضُرُّ وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُقَبِّلُكَ لَمْ أُقَبِّلْكَ.**[126]

---

[124] عمر بن الخطاب، الباب التاسع و الثلاثون، في ذكر قوله و فضله في بيت المال

[125] مسند أحمد، مسند العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشيدين، يقبل الحجر و يقول انی لاقبلک و اعلم انک حجر ولولا انی رایت رسول الله صلی الله علیه وسلم يقبلک لم اقبلک

[126] مسند احمد، مسن العشرة المبشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشيدين، يقبل الحجر و يقول انی لاقبلک و اعلم انک حجر لاتنفع ولا تصر

هەروەها لەزۆر فەرمودەی تر ئەو هەڵوێستەی عومەر سەبارەت بەو بەردەڕەشە پیرۆزەی موسوڵمانان باس کراوە.
لە چەند سەرچاوەیەکیش باسی ئەوە دەکات عومەر مەی خواردۆتەوە لە پاش موسوڵمان بوونی.
لەکاتی بریندار بوونی مەییان دایە و پاشان ماستاویان دایە.[127] پرسیار ئەوەیە دیارە مەی لە ئەو کاتانە لەناو بازاڕەکاندا هەبوو ئەگینا چۆن وا زوو دەستیان کەوت.
لەسەرچاوەی فتح الباري زیاتری لەسەر داندراوە پزیشکەکەی دێتە ژور دەڵێ چ خواردنەوەیەک زیاتر ئارەزوی دەکەی ئەویش دەڵێ مەی، مەییان بۆ هێنا و خواردیەوە وە لە برینەکەی هاتە دەرێ. دخل عليه الطبيب فقال: أي الشراب أحب إليك؟ قال النبيذ، فدعا بنبيذ فشرب فخرج من جرحه.[128]

لە گێڕانەوەیەکی تردا: خەڵکی'ثقيف' بە مەییەوە بە خێرهاتنی عومەریان کرد، عومەر زانی کە زۆر خەستە داوای ئاوی کرد و تێیکرد دوو جار یان سێ جار. تلقت ثقيف عمر رضي الله عنه بنبيذ فوجده شديدا فدعا بماء فصب عليه مرتين أو ثلاثا.[129]

هەمان گێڕانەوە بە چەند جۆرێکی تر باس کراوە لە سەرچاوەی 'مصنف' دەڵێن:
(١) مەییان لە مێوژ بۆ هێنا لە مەی مێوژی طائف، کاتێک تامی کرد و تێکیدا وتی: مەی مێوژی طائف خەستە، پاشان داوای ئاوی کرد و تێیکرد ئینجا خواردیەوە. وتی ئەگەر خەست بوو ئەوا ئاوی تێکەن و بیخۆنەوە. حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ قَالَ حَدَّثَنَا أَبُو مُعَاوِيَةَ عَنْ الْأَعْمَشِ عَنْ إِبْرَاهِيمَ عَنْ هَمَّامٍ قَالَ : أُتِيَ عُمَرُ بِنَبِيذِ زَبِيبٍ مِنْ نَبِيذِ زَبِيبِ الطَّائِفِ ، قَالَ : فَلَمَّا ذَاقَهُ قَطَّبَ فَقَالَ : إِنَّ لِنَبِيذِ زَبِيبِ الطَّائِفِ لَغُرَامٌ ، ثُمَّ دَعَا بِمَاءٍ فَصَبَّهُ عَلَيْهِ فَشَرِبَ وَقَالَ : إِذَا اشْتَدَّ عَلَيْكُمْ فَصُبُّوا عَلَيْهِ الْمَاءَ وَاشْرَبُوا.

(٢) چەند کەسانێکی خەڵکی ثقيف گەیشتن بە عومەری کوڕی خەتاب کە ئەو نزیکی مەککە بوو. بانگێشی کردن بە مەیەکانیانەوە، ئەوانیش ئەوەی تێیدا بوو لە جامەکە و هێنایان و نزیکیان کردەوە، ئەویش داوای ئاوی کرد و خستیە ناوی دووجار یان سێ

[127] صحيح البخاري، كتاب فضائل أصحاب النبي، باب قصة البيعة و الاتفاق على عثمان بن عفان.
[128] فتح الباري بشرح صحيح البخاري، كتاب فضائل أصحاب النبي، باب قصة البيعة و الاتفاق على عثمان بن عفان
[129] سنن البيهقي الكبرى، باب ما جاء في الكسر بالماء.

جار، وتی به ئاو خەستیەکەی لابەرن . حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ قَالَ حَدَّثَنَا عَبْدَةُ بْنُ سُلَيْمَانَ عَنْ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ أَنَّ قَوْمًا مِنْ ثَقِيفٍ لَقُوا عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ وَهُوَ قَرِيبٌ مِنْ مَكَّةَ ، فَدَعَاهُمْ بِأَنْبِذَتِهِمْ ، فَأَتَوْهُ بِقَدَحٍ مِنْ نَبِيذٍ فَقَرَّبَهُ مِنْ فِيهِ ، ثُمَّ دَعَا بِمَاءٍ فَصَبَّهُ عَلَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا فَقَالَ: اكْسَرُوهُ بِالْمَاءِ.

(٣) عومەری کوڕی خەتاب بە لای خەڵکی 'ثقیف' تێپەری، وتیان مەییەکانتان بشارنەوە و ئاوی بدەنێ. عومەر وتی لە مەیەکانتانم بدەنێ ئەی خەڵکی 'ثقیف'، ئەوانیش مەیەکەیان دایە، فەرمانی بە منالێک کرد کە ئاوی تێکا و پاشان دەستی گرت. وتی ئەی خەڵکی 'ثقیف' ئێوە لەو شەڕابە خەستە دەخۆنەوە. ئەگەر گومانتان لە خواردنەوەی خۆتان بوو بە ئاو خەستیەکەی لابەرن. حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ قَالَ حَدَّثَنَا عُبَيْدَةُ بْنُ حُمَيْدٍ عَنْ أَبِي مِسْكِينٍ عَنْ هُذَيْلِ بْنِ شُرَحْبِيلَ قَالَ : مَرَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ عَلَى ثَقِيفٍ فَاسْتَسْقَاهُمْ ، فَقَالُوا : أَخْبِئُوا نَبِيذَكُمْ ، فَسَقَوْهُ مَاءً ، فَقَالَ : اسْقُونِي مِنْ نَبِيذِكُمْ يَا مَعْشَرَ ثَقِيفٍ ، قَالَ : فَسَقَوْهُ ، فَأَمَرَ الْغُلَامَ فَصَبَّ ثُمَّ أَمْسَكَ بِيَدِهِ ثُمَّ قَالَ : يَا مَعْشَرَ ثَقِيفٍ ، إِنَّكُمْ تَشْرَبُونَ مِنْ هَذَا الشَّرَابِ الشَّدِيدِ ، فَأَيُّكُمْ رَابَهُ مِنْ شَرَابِهِ شَيْءٌ فَلْيَكْسِرْهُ بِالْمَاءِ

لە زۆر سەرچاوەی تر جەخت لەسەر خواردنەوەی عومەر کراوە و تێ ناگەین بۆچ! ئایا ئەویش لەسەر ڕێچکەی پەیامبەر ڕۆیشتووە. لە هەمان سەرچاوەی 'المصنف' باسی پەیامبەر دەکات ئەویش بە هەمان شێوەی عومەر مەی خواردۆتەوە.
(٤) پەیامبەر درودی ئەڵلای لەسەر بێت هاتە شوێنی ئاو پێدەران وتی لەوەم بۆ تێکەن، عباس وتی لەوەت نەدەینێ کە لە ماڵان دروست دەکرێ؟ وتی نەخێر، بەڵکو لەوەم بدەنێ کە خەڵک دەیخواتەوە. جامێکیان لە مەی بۆ هێنا و تێکی دا وتی ئاوم بۆ بهێنن، ئاوی تێکرد وتی دووجار یان سێ جار ئاوەکە زیاد بکە، ئینجا وتی ئەگەر لەوەتان دەستکەوت بەم شێوەی لێ بکەن. اتَى النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ السِّقَايَةَ ، فَقَالَ : اسْقُونِي مِنْ هَذَا فَقَالَ الْعَبَّاسُ : أَلَا نَسْقِيكَ مِمَّا نَصْنَعُ فِي الْبُيُوتِ ؟ قَالَ : لَا ، وَلَكِنْ اسْقُونِي مِمَّا يَشْرَبُ النَّاسُ قَالَ : فَأُتِيَ بِقَدَحٍ مِنْ نَبِيذٍ فَذَاقَهُ فَقَطَّبَ ثُمَّ قَالَ : هَلُمُّوا مَاءً فَصَبَّهُ عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ : زِدْ فِيهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا قَالَ : إِذَا أَصَابَكُمْ هَذَا فَاصْنَعُوا بِهِ هَكَذَا.[130]

لە سەرچاوەی تردا بەهەمان شێوە باس کراوە دەڵێن: لەگەڵ پەیامبەری ئەڵلا بووین، داوای شتێکی کرد بیخواتەوە. پیاوێک وتی ئەی پەیامبەری ئەڵلا مەیەکت نەدەینێ؟

[130] المصنف، كتاب الأشربة، في الرخصة في النبيذ و من شربه، ژمارە ١٣، ١٤، ١٧، ١

وتی بەلێ. پیاوەکە چوو بە جامێک مەی هاتەوە. پەیامبەر وتی ئەی بۆ سەرت دانەپۆشیوە ئەگەر بە چیلکە دارێکیش بێت داپپۆشن. ئینجا خواردیەوە. كنا مع رسول الله صلى الله عليه وسلم فاستسقى فقال رجل يا رسول الله ألا نسقيك نبيذا فقال بلى قال فخرج الرجل يسعى فجاء بقدح فيه نبيذ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم ألا خمرته ولو تعرض عليه عودا قال فشرب.[131]

ڕۆژێک پیاوێک هاتە لای پەیامبەری ئەڵڵا بۆنێکی زۆری لێ دەهات. پەیامەر وتی ئەو بۆنە چییە؟ وتی بۆنی مەیە. وتی بۆم بێنن کاتێک بینی زۆر خەستە داوای ئاوی کرد و تا تێی بکەن ئینجا خواردیەوە. ئینجا وتی ئەگەر شلەمەنیەکان لەسنور دەرچوون (واتە خەست بوو) ئەوا بە ئاو خەستیەکەی لابەرە. جاء رجل إلى النبي صلى الله عليه و سلم فوجد منه ريحا فقال ما هذه الريح فقال نبيذ قال فأرسل إلي منه فأرسل إليه فوجده شديدا فدعا بماء فصبه عليه ثم شرب ثم قال إذا اغتلمت أشربتكم فاكسروها بالماء ورواه أيضا إسماعيل بن أبي خالد عن قرة العجلي عن عبد الملك وقال فاقطعوا متونها بالماء.[132]

لەو گێڕانەوانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئەگەر خەستی شەڕاب لابەری خواردنەوەی ئاساییە. واتە ڕەچاوی ئەوە ناکرێ ئەو مادە سەرخۆشکەرە بچێتە لەشی تەنها ئەوکاتە حەرامە کە خەستوخۆڵ بێت و سەرخۆشکەر بێت. بۆیە هەندێک لەموسوڵمانان دەڵێن سەرخۆشکەر حەرامە، ئەوە ڕەچاو ناکەن ئەگەر ئەو بڕە سەرخۆشکەریە بچێتە ناو لەشی.

**٨.٢ عومەر و لەدەستدانی وەحیەکی ئەڵڵا**

بە پێی چەندین سەرچاوەی گرینگ وەک بخاري و مسلم باس لە کاتی سەرەمەرگی پەیامبەر دەکەن لە کوڕی عەباس دەگێڕنەوە: ئەو کاتەی پەیامبەر لە مەرگ نزیک بۆوە چەند پیاوێک لەماڵەکەی بوون، لە نێو ئەواندا عومەری کوڕی خەتابی لێ بوو. پەیامبەر وتی لێم نزیک ببنەوە با من نوسراوێکتان بۆ بنوسم لە پاش ئەوە گومڕا نەبن. عومەر وتی نەخۆشیەکەی زۆری بۆ هێناوە، قورئانتان هەیە، کتێبی ئەڵڵا بەسە بۆ ئێمە. بنەماڵەکەی (اهل بيت) جیاوازی ڕایان دەربڕی و ناکۆک بوون، هەندێکیان دەیان وت لە پەیامبەر نزیک ببنەوە بەڵکو شتێکتان بۆ بنوسێ لە پاش ئەوە گومرا

[131] صحيح مسلم، كتاب الأشربة، باب في شرب النبيذ و تخمير الإناء
[132] سنن البيهقي الكبرى، باب ما جاء في الكسر بالماء.

نەبن. هەندێکیان هەمان ڕای عومەریان هەبوو. کاتێکی دەنگە دەنگ بەرزبۆوە و جیاوازیەکی زۆر دروست بوو لەلایەن پەیامبەر. پەیامبەر پێی وتن بڕۆن و بەجێم بهێلن. کوڕی عەباس وتی کارەساتێکی گەورە بوو ئەو جیاوازیە و گەڕەلاوژەیە نەیهێشت پەیامبەر ئەو نوسینە بنوسێ. عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ لَمَّا حُضِرَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ وَفِي الْبَيْتِ رِجَالٌ فِيهِمْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ قَالَ هَلُمَّ أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ قَالَ عُمَرُ إِنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ غَلَبَهُ الْوَجَعُ وَعِنْدَكُمْ الْقُرْآنُ فَحَسْبُنَا كِتَابُ اللَّهِ وَاخْتَلَفَ أَهْلُ الْبَيْتِ وَاخْتَصَمُوا فَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ قَرِّبُوا يَكْتُبْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كِتَابًا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَقُولُ مَا قَالَ عُمَرُ فَلَمَّا أَكْثَرُوا اللَّغَطَ وَالِاخْتِلَافَ عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ قُومُوا عَنِّي قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ فَكَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ يَقُولُ إِنَّ الرَّزِيَّةَ كُلَّ الرَّزِيَّةِ مَا حَالَ بَيْنَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَبَيْنَ أَنْ يَكْتُبَ لَهُمْ ذَلِكَ الْكِتَابَ مِنْ اخْتِلَافِهِمْ وَلَغَطِهِمْ.[133]

لە چەند گێڕانەوەیەکی تردا، ئەوەش زیاد کراوە هەندێک لەو کەسانە وتویانە 'هجر رسول الله' واتا پەیامبەر وڕێنە دەکات. هجر واتە 'هذی، لغا' واتە کەسێک قسەی بێ مانا بکات یان قسەی ناڕاست بکات. کەوابوو لەو گێڕانەوەیەدا شیکاری و قسەی زۆر هەڵدەگرێ:

عومەر بووە هۆی دروست بوونی ناکۆکی و ڕادەربڕینی جیاواز لە نێوان ئەهلی بەیت و هاوەڵانی. ئەگەر پەیامبەر ئەو نوسینەی بنوسیبا چ زیانێک بە موسوڵمان دەگەیشت، ئەگەر پەیامبەر نێردراوی ئەڵلایە و لە هەموو هەڵەیەک بەدەرە، لە کاتێکدا لە قورئان گوتراوە بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات. هەرچی ئێژێ، لە ئەڵلاوە تێگەیانراوە. **وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ** النجم ٣ – ٤

کەوابوو عومەر نەی هێشت وەحیەکی ئەڵڵا بنوسرێتەوە، بۆچ نەیان هێشت ئەو قسەیە بنوسێت لەکاتێکدا دەیان زانی وەحیە لەلایەن ئەڵڵاوە؟

هەندێک لە زانایان دەیانەوێ ڕاستی ئەو ڕووداوە بشارنەوە و بە نیوە ئایەتی ٣ی سوڕەتی المائدة پاساوی بۆ دەهێننەوە کە گوایە ئەڵڵا ئاینەکەی تەواو کردوە ( الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ) ئەگەر ئەوە ڕاستی هەبێ کەواتە پەیامبەر وەسیەتێکی گرینگی کردوە و پەیوەندی بە شەریعەتەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە خەلافەتەوە هەیە چونکە دەڵێ لە پاش ئەو نوسینە گومڕا نەبن. دیارە ئەو نوسینە بایەخێکی زۆری هەیە و کوڕی عەباسی جەخت دەکاتەوە لەسەر بایەخی ئەو نوسینە. لە هەندێک فەرمودەی تردا زیادەی بۆ زیاد کراوە بە حیساب لە وەسیەتەکەی وتویەتی ئەهلی کتاب دەرکەن لە

[133] صحيح البخاري، كتاب الاعتصام بالكتاب و السنة، هلم أكتب لكم كتابا لن تضلوا بعده

دوورگەی عەرەبی. ئەم وەسیەتە ئەگەر کرابێ پەیوەندی بە نوسینەکە نییە چونکە قسەکەی پەیامبەر زۆر ڕوونە دەڵێ لە پاش ئەو نویسنە گومڕا نەبن، بە دەرکردنی ئەهلی کتاب یان دەرنەکردنی گومڕایی لە ئیسلامدا دروست نابێ. کەوابوو ئەو وەسیەت نامەیە دەبێ چی بووبێ. ئایا عومەر بۆ ئەو ناکۆکیەی دروست کرد.
ئەگەر ئەڵڵا ویستبای شتیک بڵێت بۆچ بە جوبریل داینەبەزاند بۆچ بە قسەی عومەر نەوترا؟ ئایا ئەڵڵا نەیتوانی بەربەستی عومەر بشکێنێ و بۆ ماوەیەکی کورتیش با پەیامبەری تەندروست بکردبا و هەستابایەوە سەرپێی و ئایەتەکەی بە خەڵکی موسوڵمان بگوتبا. یان ئەڵلا لە ڕێگای عومەر نەیویست پەیامبەر شتیک بڵێت کە دژی ئیسلام بێت.
بابەتەکان دژە ئاراستەی یەکن. لەلایەک ئەللا دەڵێت ئەوەی موحەمەد بیڵێت وەحییە و لە ئەڵلاوە دێت لەلایەکی تریشەوە پەیامبەر ویستویەتی شتێک بڵێت عومەر نەیویستووە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیامبەر پێغەمبەر نییە ئەگەر وا نەبێ چۆن عومەر لە ئەڵلا بە هێزتر دەبێت.

## ٩ .٢ غەزوەکانی عومەری کوڕی خەتاب

پاش بە خەلیفە بوونی عومەری کوڕی خەتاب موسوڵمانان خۆیان ئامادەکرد بۆ جەنگێکی چارەنوسی و بەگژ ساسانیەکان داچوون، [134] وا دەردەکەوێت هەواڵ هەڵگرەکانی مولسمانان زانیاریان کۆکردبۆوە کە ساسانیەکان کەوتبوونە ناو بارێکی سیاسی دژوارەوە بە هۆی کوژران و شەڕی ناوخۆی نێوان بنەماڵەی پاشایەتی. مێژوی ئیسلام دەڵێ ئێرانیەکان ئاگاداری موسوڵمانان نەبوون چونکە کێشەی ناوخۆیان هەبوو. شەهریار مرد و ماوەیەکی پێچوو تا سابوری کوڕیان هێنایە سەر تەختی پاشایەتی. ئازەرمیدوخت'آزرمیدخت' دژی راپەری و کوشتی، 'فەروخزاد=فرخزاد'یش کوژرا. بۆران بوو بە پاشا.
طلحة دەڵێ: کاتێک سایوەخش'سیاوخش' فەروخزادی کوشت، ئازەرمیدوخت پاشایەتی گرتە دەست. بوران ئەو هەواڵەی بۆ ڕوستەم نارد تا بە سوپایەکەوە بێت و پەلە بکات ئەو کاتە ڕۆستەم لە خوڕاسان بوو. ڕوستەم نزیک مەدائین بۆوە و

[134] ئەو شەڕو روداوانە لەو سەرچاوانە وەرگیراوە( تاریخ الطبري ج 4 ل 88 – 266 + ج 5 ل 1 - 52) // الکامل في التاريخ ج ٢ ل ٢٨٢ ـ ٤٤٥ // البداية و النهاية ج ٧ ل ٢٤ ـ ١٥٠

خۆی ئامادەی جەنگ کرد. تووشی هەر هێزێکی ئازەرمیدوخت بۆوە شکستی پێ هێنا، هەتا هێرشی کردە ناو شار و سیاوەخشی کوشت و پاشان ئازەرمیدوختی گرتو چاوی کوێر کرد. لەو کاتە بۆران بووە پاشای ساسانیەکان. بەڵام بۆران بۆ ماوەی ١٠ ساڵ پاشایەتی دایە ڕۆستەمی کوڕی فەرخزاد بە مەرجێک کاروباری جەنگ ڕاپەڕێنێت پاشان پاشایەتی بداتەوە بنەماڵەی کیسرا. ئەو پەیماننامەیە بە فەرمی نوسراو لەبەرامبەر سەردارانی ساسانی خوێندرایەوە. یەکێک وتی ئەو کارەت کرد دەتزانی کاروبارەکان چۆن دەڕواتە پێش. ئەویش وتی بۆ ڕێزگرتن لە شەرەف و تەماح ئەو کارەم کرد. ڕۆستەم کەسێکی ئەستێرەناس بوو. بەڵام ناکۆکی نێوان ڕۆستەم و فیرزوان دەستی پێکرد، ئەمەش وای لەگەورە پیاوانی فەرمانڕەوای ساسانی کرد بکەونە بیرێکی تر بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکیانە چارەسەربکەن و ئێرانیەکان یەکریز بکەنەوە. هەربۆیە بە بۆران دەڵێن ناوی ژنەکان و کەنیزەکەکانی خەسرەومان بۆ بنوسە. ئەوانیش ژنەکان کۆ دەکەنەوە داوای ئەوەیان لێدەکەن ئەگەر کوڕێکی هەبێ لەو ژنانە. تەنها ژنێک دەدۆزنەوە کوری هەبێ لە خەسرەو ناوی یەزدەگیر 'یَزدَجِرد'ە. هەر بۆیە ئەو دەکەنە پاشای خۆیان تا بەم شێوەیە ڕیزەکانی دەوڵەتی ساسان یەک بخەنەوە.

کاتێک عومەر دەبێتە خەلیفە، خەڵکەکە هاندەداات بۆ جیهاد لە دژی ساسانیەکان، بەڵام کەس ناچێت بە دەنگیەوە چونکە لەو بڕوایە بوون ش ەڕی ساسانیەکانیان پێناکرێت.

بەڵام عومەر بۆ ڕۆژی دووهەم و سێهەم موسوڵمانان بانگێش دەکات بۆ شەڕ بەڵام دیسان کەس ناچیت بە دەنگیەوە، دواتر 'موثنی کوڕی حارث'ە هەستا وتی ئەڵلا لەسەر دەستی خالید زەویەکی زۆری ئازادکردوە. ڕۆژی چوارەم یەکەم کەس ئەبوعوبیدەی کوڕی ثقفی بوو کە هاتە دەرەوە و پاشان خەڵکەکە وردە وردە هاتنە دەرەوە.

شەڕەکانی شام و دەوڵەتی ساسان لە ساڵەکانی کۆچیدا زۆر بە تێکەڵی باس کراوە زۆر جار لە هەمان ساڵ شەڕ لە شام و لە ناوچەی عێراق و ئێرانی ئێستا کراوە. بۆیە خۆێنەر تێکەڵیەک دەبینێ لە نێوان شەڕەکانی موسوڵمانەکان و ناموسوڵمانەکان. ئەوەی لەسەرمانە تا بکرێ گێڕانەوەکان وەک سەرچاوەکانی خۆیان بنوسینەوە.

سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشم بۆ سەرچاوەیەکی زۆر گرینگ کە زۆر بە ڕاشکاوانە باسی ئەنفالەکانی سەر کورد دەکات. بەڵام من لەو کتێبە بە هیچ شێوەیەک وەک بەڵگە نەمهێناوەتەوە تەنها لەبەر یەک هۆ، ئەویش ئەهلی سوننە واقیدی بە کەسێکی درۆزن دەزانن و دەڵێن کتێبەکانی جێگای بڕوا نییە هەرچەندە کاتێک کتێبەکانی دەخوێنیەوە لە ڕاستی مێژویی نزیکە. بەڵام بۆ خاتری ئەهلی سوننە من وەک سەرچاوەیەکی بەڵگەیی نەمهێناوەتەوە!!

### ۲. ۹. ۱ شەڕی فیحل و داگیرکردنی شام' غزوة فحل و فتح الشام'

لە چەند گێڕانەوەیەکدا، ئەبوعوبیدە هەواڵی کۆچیدوایی ئەبوبەکر و هاتنی عومەری کوڕی خەتابی بۆ خەلافەتی ئیسلام ڕانەگەیاند، ئەو نامەیەی ئاشکرا نەکرد کە عومەر خالیدی لابردووە لەسەر کار هەتا ئەو ڕۆژەی دیمەشق کەوتە دەستی ئیسلام.
کاتێک موسوڵمانان لە شەڕی ئەجنادین تەواو بوون بەڕێ کەوتن بۆ فیحل لە خاکی ئوردن. ڕۆمەکان چوونە بەیسان 'بیسان' و ئاوەکانیان بەردایەوە تاوەکو خاکەکە ببێتە قوڕ و لیتە بۆ ئەوەی بەربەستێک بۆ ئەسپسوارەکان دروست بکەن هەربۆیە سوپای ئیسلامیش نەیتوانی پێشرەوی بکات. بەیسانیش لە نێوان فەلستین و ئوردنە. ڕۆمەکان هێرشیان کردە سەر موسوڵمانان و سەرکردەکەیان کوژرا و و سوپاکەیان پەرتەوازە بوو. موسوڵمانانەکان لە قوڕو لیتەکە هەڵسانەوە و شکستیان بە ڕۆمەکان هێناو و فیحلیان گرت، ڕۆمەکانیش پاشەکشەیان کرد بەرەو دیمەشق. ئەو شەڕە لە مانگی 'ذي القعدة' ساڵی ١٣ی کۆچی بوو. واتە شەش مانگ پاش بە خەلیفە بوونی عومەر بوو.
پاش ئەوەی چەند شەڕێک لە چواردەورەی دیمەشق ڕوویدا، ڕۆمەکان چوونەوە بۆ ناو دیمەشق و دەروازەکانیان داخست بە ڕووی موسوڵمانان. پاشان بڕیاریان دا خۆبەدەستەوە بدەن و سەرانە بدەن. ئەو پەیماننامەیەش لەسەر دەستی خالید کوڕی وەلید واژۆ کرا. ئەبوعوبیدە پێی شەرم بوو ئاشکرای نامەکەی عومەر بکات کە خالید لابراوە لەسەر کار. هەرچۆنێک بێت نامەکەی ئاشکرا کرد و خالید لابراو و ئەبوعوبیدە بوو بە میری لەشکری ئیسلام.
لە چەند گێڕانەوەیەکی تردا جیاوازی زۆرە لەگرتنی فیحل و دیمەشقدا، ڕووداوەکان پاش و پێشی هەیە. هەرچۆنێک بێت وا دەریناخەن شەڕێکی سەخت کرابێ لە گرتنی

دیمەشقدا، تەنها ئەو شەڕە نەبێ خالید بەسەر دیواری لای دەروازەیەک دەکەوێت و دەروازەکە بۆ موسوڵمانان دەکاتەوە و شەڕ لەگەڵ دەرگەوانەکان دەست پێ دەکات. پاشان دەروازەکانی تر هەمووی دەکرێنەوە و خەڵکەکە بە ئاشتی ڕێککەوتننامە مۆر دەکەن و سەرانەی'جزية' خۆیان دەدەن.

پاش ئەوەی شەڕی فیحل و دیمەشق تەواو دەبێ شورەحبیل و عەمرۆ بەرەو بەیسان بەڕێکەوتن. خەڵکی بەیسان خۆیان مەلاس دا لە شارەکەی خۆیان.

شورەحبیل بۆ چەند ڕۆژێک گەمارۆی دان، پاشان هەندێک لەوان هاتنە دەر بۆ شەڕی موسوڵمانان و کوژران ئەوانەی مانەوە پەیماننامەی ئاشتیان مۆر کرد. بە هاوشێوەی دیمەشق.

لە پاش ئەوەی پەیماننامەی بیسان مۆر کرا، خەڵکی تەبیریە 'طبرية' بەهەمان شێوە ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ موسوڵمانان مۆر کرد کە سەرانەکەشیان ساڵانە یەک دینار بێت. بەمشێوەیە موسوڵمانان لە گوندەکانی ئوردن بڵاوەیان لێکرد و هەواڵەکانیان بە عومەر گەیاند.

پاش ئەوەی دیمەشق کەوتە دەستی موسوڵمانان ئەبوعوبیدە خالیدی نارد بۆ بیقاع بە زەبری چەک داگیرکرا، لەشکرێکی نارد لە ناوچەی عەین مەیسنون لەگەڵ سوپای ڕۆم بەیەک گەیشتن. ڕۆمەکان لەژێر فەرمانرەوای پیاوێک بوون بەناوی 'سنان' لە بەرزاییەکانی بەیروت هاتە خوارێ. ژمارەیەکی زۆری لە موسوڵمانان کوشت، بۆیە ناویان لێ نا عين الشهداء.

**٢. ٩. ٢ شەڕی ئەلنەمارق 'النمارق'**

پاش ئەوەی ڕۆستەم سەرکردایەتی شەڕی کەوتە ئەستۆ پاش دە ڕۆژ موسەننا گەیشتە حیرة و ئەبوعوبید الثقفي مانگێک پاش ئەو گەیشتە جێ. ڕۆستەم بۆ ناوچەکانی نوسی تاوەکو ڕاپەڕن لە دژی موسوڵمانان. جابانی بۆ 'بهقباذ' ڕەوانە کرد و نەرسی بۆ کەسکەر ڕەوانە کرد. خۆشی لەشکرێکی ئامادە کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی موسەنا. جابان لە نەمارق دابەزی، موسەننا حیرەی بەجێ هێشت و چوو بۆ خفان. بۆ ئەوەی لە پشتەوە زیانی پێ نەکەوێ. پاش دەستپێکردنی جەنگێکی سەخت جابان بە دیل دەگیرێ لەلایەن 'مطر بن فضة' بەڵام جابان هەڵی دەخەڵەتێنێ دەڵێ کۆیلەی موولێنەڕواو بۆ دێنم ئەویش ئازادی دەکات و هەڵدێت بۆ

کەسکەر. مردانشاه بە دیل دەگیرێ کە ئەویش سەرکردەیەکی سوپا دەبێ بەڵام لە ملی دەدەن و تاڵانیەکان بەرەو مەدینە دەبەن.

### ٢. ٩. ٣ شەڕی ئەلسەقاتیە لە کەسکەر 'السقاطية بكسكر'

پاشماوەکەی لەشکری ناوچەی ئەلنەمارق بەرەو کەسکەر هەڵاتن. سەرکردەی لەشکری کەسکەر ناوی نەرسی بوو خالۆزای کیسرا بوو. پاش ئەوەی هەواڵ گەیشتە ڕۆستەم جابان هەڵاتوە و تێکشکاوە، ڕۆستەم سوپایەکی نارد بە سەرکردایەتی جالینوس.

لە خواری کەسکەر ناسراوە بە سقاتیە، لەو شوێنە ئەبوعوبید ڕووبەڕووی لەشکری ساسانیەکان بۆوە. بۆ جارێکی تر ساسانیەکان شکستیان خوارد بەرامبەر لەشکری موسوڵمانان و نەرسی هەڵات. موسوڵمانان خەزێنەیەکی زۆریان دۆزیەوە و غەنیمەیەکی زۆریان دەستکەوت. بەم شێوەیە ئەبوعوبید لە کەسکەر مایەوە و لەشکرێکی نارد بۆ ڕاودونانی سوپای ساسانیەکان.

### ٢ ٩. ٤ شەڕی باروسما

پاش ئەوەی سوپاکەی موسوڵمانان سەرکەوتینان بەدەست هێنا لەشەڕی سەقاتیە، ئەبوعوبید موسانناى نارد بەرەو بارسوما. پاش شەڕێکی سەخت ناوچەی بارسومایان وێران کرد و غەنیمەیەکی زۆر لە خۆراکیان دەست کەوت. هەروەها ناوچەکانی ڕوباری جەوبر'جوبر' و دەوروبەری داگیرکران و 'زەندورد'یان تاڵان کرد. بە جۆرێک تواندرا ناوچەکانی مەدە و جیزە کۆنترۆڵ بکرن. پاش شکاندنی جالینۆس ئەبوعوبید چووە ناو باروسما. مێژوی ئیسلام باس دەکات دەڵێت کاتێک چوونە ئەو گوندانە موسوڵمانەکان سەریان سوڕما لە خواردنی خۆش.

### ٢. ٩. ٥ شەڕی پرد

پاش ئەوەی شەڕی بارۆسمان تەواو بوو، جالینوس مەیدانی جەنگی بەجێهێشت و گەڕایەوە لای ڕۆستەم. ڕۆستەمیش بەهمەنی کردە سەرکردەی لەشکرێک و ناردی بۆ بەرەنگاربوونەوەی موسوڵمانان. لەشکری هەردووکلا ڕووبەڕووبونەوە و پردێک لە نێوانیان بوو، ساسانیەکان ئالای کسرایان هەڵکرد کە پێی دەگوترا (ئالای گەورە)

له پیستەی پڵنگ دروستکرابوو. پانیەکەی ١٢ باڵ و درێژیەکەشی ٨ باڵ بوو. ساسانیەکان وتیان یان ئێوە وەرن بۆ ئەم بەر یان ئێمە دێین بۆ ئەو بەر. موسوڵمانەکان وتیان ئێمە دێین ئەو بەر. بەم شێوەیە شەڕێکی سەخت ڕوویدا لە نیوان هەردووک هێز. فیلەکانی ساسانیەکان ئەسپی موسوڵمانانیان تۆقاند و شکستێکی زۆریان پێ هێنان. ئەبوعوبید خۆی چوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی فیلەکان بەڵام کەوتە ژێر پێی فیل و بەم شێوە سەرکردەی موسوڵمانان کوژرا، پاشان براکەی ویستی ئەبوعوبید ڕزگار بکات و ئالاکەی هەلگرێتەوە فیلێک ئەویشی شێلا، پاشان حەکم ویستی فیلەکە بکوژێت بەڵام ئەویشی کوشت. بەم شێوەی ئاڵاکە گوازرایەوە بۆ هەرسێک کوڕی ئەوانیش کوژران. لە کۆتایی ئەو ڕۆژەدا ئاڵا کەوتە دەستی موسەننای کوڕی حارس و موسوڵمانان پاشەکشەیان کرد، بەڵام عبدالله کوڕی مەرسەبینی پردەکەی قرتاند تاوەکو کەس هەڵنەیەت و بجەنگن بەمەش چەندین موسوڵمان ژێر ئاو کەوتن. بەڵام موسەنا فەرمانی دا پردەکە بۆ جارێکی تر قایم بکەنەوە تاوەکو موسوڵمانان بە هێواشی پاشەکشە بکەن. پێنج هەزار کەس پاشەکشەی کرد و چوار هەزار کەس کوژران. لەو کاتانەی ساسانیەکان موسوڵمانەکانیان ڕاودەنا، جەنگاوەرە موسوڵمانەکان بە خێرایی بەسەر پردەکە ئەپەڕینەوە هەواڵێک گەیشتە لای ساسانیەکان کە ناکۆکی کەوتۆتە نێوان ڕۆستەم و فیرزان.

**٢. ٩. ٦ شەڕی بوەیب**

کاتێک خەلیفە بەوەی زانی موسوڵمانان شکاون، هەستا بۆ کۆکردنەوەی هێزێک لەناوچەکانی یەمەن و تیرەکانی تری عەرەبی کە هەندێکیان مەسیحی بوون تا بگەن بە موسەننا، کاتێک ڕۆستەم بەوەی زانی میهرانی هەمەدانی بە سوپاکەیەوە نارد بەرەو حیرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی موسوڵمانان.

موسوڵمانەکان لە بوەیب کۆبوونەوە نزیک کوفەیە، میهرانیش لەوبەری ڕوباری فوڕات ئۆردوی لێدا. میهران نامەیەکی نوسی وتی یان ئێوە بپەڕنەوە بۆ ئەم بەر یان ئێمە ئەپەڕینەوە ئەو بەر. موسوڵمانان وتیان ئێوە بپەڕنەوە ئەم بەر، بەم شێوەیە ساسانیەکان ئەپەڕنەوە و شەڕ دامەزرا و سەرکردەی فارس میهران کوژرا. مێژوناسەکانی ئیسلام ئەڵێن سەد هەزار کەس لە لەشکری ساسانیەکان کوژرا. کە

ئەمەش جێگای گومانێکی زۆرە، چونکە ئەگەر سەد هەزار کەس بووبن ئەبێ بەلای کەمی عەرەبەکان زیاتر بووبن لە سەد هەزار. بەڵام مەحالە بیست هەزار کەسێک بتوانێت سەد هەزار کەسێکی جەنگاوەر بکوژێت. موسوڵمانەکان تاڵانیەکی زۆریان دەستکەوت و هەندێکیان نارد بۆ ژن و منداڵەکانیان کە لە مەدینەوە هاتبوون.
هەروەها موسوڵمانان خۆیان گەیاندە 'سابات' و تاڵانیان کرد.

**٢. ٩. ٧ تاڵانی بازاڕی خەنافس 'خنفاس'**

پاش ئەوەی موسوڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر بازاڕێکی گرینگ کە پێیان دەگوت خەنفاس. موسەننا پەلاماری ئەو بازاڕەی داو وێرانیکرد هەرچیەک دەستیان کەوت تاڵانیان کرد و پاسەوانەکانیشیان کوشت. لە دواییدا بەرەو ئەنبار کەوتنە ڕێ و خەڵکەکەش لە قەڵاکان خۆیان حەشاردا. پاش ئەوەی خەڵکەکە ئەویان ناسیەوە هاتنە لای و ئەویش ڕێنیشاندەرەکانی هەڵگرت و بەرەو بەغداد بەڕێکەوت. پاش ئەوەی لە ڕوباری دیجلە پەریەوە بەرەبەیان بوو بازاڕەکە پڕ بوو لە کاسبکاران، دیسان بەسەری دادا و وێرانی کرد و چەندەها کەسی کوشت. بە موسوڵمانەکانی وت تەنها لە زیو و زێڕ و کاڵای سوک هیچی تر نەبەن، شتێک نەبەن کە پێتان نەچێت. دەست و مەچەکتان لە زێڕ و زیو پڕ کەن. ئینجا گەڕانەوە تا گەیشتنەوە ڕوباری سەیلیحین 'سیلحین' لە ئەنبار.
پاشان موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر خەڵکەکانی تغلیب 'تغلب' و نەمیر 'نمر' لە سیففین 'صفین'. شەڕکەرەکانیان هەموی کوشت و ژن و منداڵەکانیشیان بە دیل گرتن.

**٢. ٩. ٨ شەڕی قادسیە**

یەکێک لە شەڕە یەکلاکەرەوەی نێوان موسمانانەکان و ساسانیەکان جەنگی قادسیە بوو، شەڕێکی خوێناوی و ماڵوێرانی بوو بۆ هەردووک لایەن. ناتەبایی ڕێزەکانی ناودەسەڵاتی ساسانیەکان هێزی پتەوی لەشکرەکەیانی تێکدابوو. لەو مێژوەوە دەردەکەوێ یەزدەگیرد توانستی جەنگ و ڕامیاری نەبووە چونکە ئامۆژگاریەکانی ڕۆستەمی وەرنەگرت و ڕەوانەی جەنگی کرد لە کاتێکدا ڕۆستەم داوای کرد جالینۆس بنێرێتە بەرەی جەنگ. پێشنیاری و تێڕوانینی ڕۆستەم ئەوەبوو، پێی وت تا

ئەو کاتەی منت ڕەوانەی جەنگ نەکردووە عەرەبەکان لە ئێمە دەترسن. پێشنیاری کرد جەنگ لەگەڵ عەرەبەکان بە چەندین شەڕی یەک لەدوای یەک دەست پێ بکات، دیارە مەبەستی لە ماندوبوونی هێزی موسوڵمانان بووە. بەڵام یەزدەگیرد ڕازی نەبوو بە پێشنیارەکەی ڕۆستەم و فەرمانی پێدا بەڕەو جەنگی عەرەبەکان بڕوات.
عومەری کوڕی خەتاب بەو ئامادەباشیەی ساسانیەکان ئاگادار دەبێتەوە بۆیە ئەویش هەرچی توانستی خۆی بوو بەکاری هێنا بە کۆکردنەوەی عەرەباکان. عومەر پەیوەندی بە هەموو هۆزە عەرەبەکان کرد تەنانەت بە زۆرەملەیی سەربازی دروستکرد چونکە ئەیزانی ئەو شەڕە شەڕێکی یەکلاکەرەوەیە. تەنانەت ئەو هێزانەی بۆ جەنگی شام چووبوون زۆربەی گەڕاندنەوە بۆ عێراق تاوەکو هەموویان لە یەک شوێن چر ببنەوە.
لە ساڵی ١٤ی کۆچی سەعدی کوڕی وەققاس دەبێتە فەرماندەی لەشکری ئیسلام بۆ جەنگی عێراق. عومەر نامەیەکی دوورودرێژی بۆ نوسی یەکێک لەو خاڵانە دەڵێ ئەوەی لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆ نەبوو ئەوا لە ملی بدە بەمەش دوژمنی تۆ و دوژمنی ئەڵڵا دەتۆقێنی. هەروەها لە یەکێک لە خاڵەکان دەڵێت تۆ خۆت جێگیر بکە با دوژمن بێتە لات.
هەروەها عومەر داوا لە سعد دەکات شاندێک بنێرێت بۆ لای یەزدەگیرد تاوەکو ڕێکبکەون یان ببن بە موسوڵمان یان سەرانە یان جەنگ. ئەو شاندە پێک هاتبوو لە چەندین گەورە پیاوانی عەرەبی بە سەرۆکایەتی نوعمان بن موقرن.
پاش ئەوەی یەزدەگیرد پێیان دەڵێ ئێوە بۆچی هاتوون بۆ سەر خاکی ئێمە. ئایا لەبەر ئەوەی ئێوەمان پشتگوێ خستوە و سەرقاڵی کاروباری دیکە بووین. بۆیە بەم شێوەیە چاونەترس بوون؟ نەعمان کوڕی موقەرن پەیامی خۆی دەڵێت یان موسوڵمان بوون، یان سەرانە، یان جەنگ.
یەزدەگیر دەڵێت من گەلێک لە سەرزەمین ناناسم لە ئێوە ڕەنجبەرتر و بەدبەختر و کەم ژمارە بێ، ئێمە پێشتر گوندەکانی دەوروبەرمان فەرمانڕەوایی ئێوەیان دەکرد و کاروبارەکانی ئێوەیان ڕادەپەڕاند لە جێتی ئێمە. شەڕی فارس مەکەن و چاومەبڕنە سامانیان. ئەگەر کەمتەرخەمی کراوە با نەبێتە هۆی فریودانتان. ئەگەر ژیانی دژواری ئێوەی گەیاندوتە ئێرە ئێمە خواردنتان پێ دەبەخشین هەتا کاتی سەوزبونی دانەوێڵەتان. ڕێزتان لێ دەگرین و جلوبەرگتان پێ دەبەخشین. پاشایەکتان لەسەر

دادەنێین بە باشی لەگەڵتان بجولێتەوە. **إني لا أعلم في الأرض أمة كانت أشقى ولا أقل عددا ولا أسوأ ذات بين منكم قد كنا نوكل بكم قرى الضواحي فيكفوننا أمركم لا تغزوكم فارس ولا تطمعوا أن تقوموا لفارس فإن كان غرر لحقكم فلا يغرنكم منا وإن كان الجهد دعاكم فرضنا لكم قوتا إلى خصبكم وأكرمنا وجوهكم وكسوناكم وملكنا عليكم ملكا يرفق بكم.**

هەردووکلا لە گەورەی خۆیان نەدەهاتنە خوارێ، یەزدەگیرد بە هۆی ئەو هێزەی و ئیمپراتۆریەتەی کە زاگرۆسیەکان بۆ ماوەی چەند هەزار ساڵێک هەیبوو، بەو لەشکرەی خۆی دەنازی کە ڕۆمەکانی شەکەت کردبوو، وای دەزانی عەرەبەکان هێزێکی کەمن و شارەزای شەڕ نیین. بۆیە زۆر بەبێ بایەخانە ئەیڕوانی.

عەرەبەکانیش لە گەورەیی خۆیان نەدەهاتنە خوارێ چونکە فەرمانی پەیامبەرێکیان جێ بەجێ دەکرد کە ئەڵڵا ناردویەتی. ئەو ئەڵڵایە پێی بەخشیون بەهەشتی سەرزەمین و بەهەشتی دوارۆژ. بۆیە ئەو هێزە لە توانستی عەرەبەکان گرمۆڵەی کردبوو و بە هێزیکی خوداوەندیان دادەنا. هەر بۆیە زۆر بە بێ شەرمانە و نەترسانە پەیامی خۆیان گەیاندە یەزدەگیرد.

لەشکری ڕۆستەم بەڕێ کەوت تا ڕووبەڕووی موسوڵمانەکان ببێتەوە. پاش ئەوەی چەند وردە شەڕێک لەلایەن هێزی هەردووکلا ڕوویدا، ڕۆستەم لە قادسیە جێگیر بوو و لەشکرەکەی لەوێ ئامادەباشی کرد بۆ جەنگێکی ماڵوێرانی.

ڕۆستەم سەربازەکانی سوپاکەی دابەشکرد بەسەر چەند سەرکردەیەک، هەروەها چەند فیلێکیش پێشرەویان لە سوپاکان دەکرد. بیرزان و، بەهمەن [135] و جالینوس هەریەکە سەرکردایەتی لەشکرێکیان دەکرد و ٦ فیلیش پێشرەویان لە سوپاکانیان دەکرد. مەهران بە سوپایەکی ٧ فیلەوە پێشرەوی دەکرد، هرمزانیش بە سوپایەکی ٨ فیلەوە پێشڕەوی دەکرد.

سوپاکەی سعدیش دابەش کرابوو بەسەر چەند سەرکردەیەک لەوانە عبدالله بن المعتم، عاصم، زهرة، شرحبیل.

هەردووکلا سەنگەریان بەرامبەر یەک دامەزراند و ئامادەی شەڕ بوون. پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات، سێجار ڕۆستەم لەگەڵ نوێنەری ئیسلام یەکتریان بینی تاوەکو ئەو جەنگە نەکرێ یاخود بگەنە ئامانجێکی ئاشتی. نە ڕۆستەم ڕازی بوو بە

---

[135] بهمن جاذوية ناسراوە بە ذي الحاجب، واتە خاوەن برۆ، برۆکانی خۆی بەستبوو بەهۆی چریەکەی.

داواکاریەکانی ئیسلام کە بریتی بوو لە یان موسوڵمان بوون یان سەرانە بە رسوایی، یان شمشێر.

نە موسوڵمانەکانیش ڕازی بوون بەو داواکاریەی ڕۆستەم، داواکاریەکەشی ئەوە بوو عەرەبەکان بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان هەریەک لە فەرماندەکان وڵاخێک و هەزار دەرهەمیان بدرێتێ لەگەڵ بارێک خورما و دوودەستەجلیش بۆ جەنگاوەرەکان.

ڕۆستەم پێی وتن بڕۆنەوە وڵاتی خۆتان نامانەوێ ئێوە بکوژین. هەروەها ئەو ڕۆژە ئەستەمەی بەبیری عەرەبەکان دەهێنایەوە کاتێک وشکەساڵی ڕوویدا و هەموویان توشی هەژاری و نەداری بوون، داوای هاوکاریان لە سنورەکانی ساسانی دەکرد. پاشا بڕیاری دا خورما و جۆیان بدەنێ. [136] ڕۆستەم فەزڵی ساسانیەکان بە چاوی عەرەبەکان دادەدایەوە. بەڵام لەو گفتوگۆیانەدا چارەسەری ئاشتی ڕووینەدا، کەس بە قسەی کەسی نەکرد هەربۆیە جەنگێکی ماڵوێرانی ڕوویدا.

جەنگی قادسیە بە سێ ڕۆژ کۆتایی هات هەر ڕۆژێک ناوێکی بۆ داندرا:

**ڕۆژی ئەرماس(أرماث):** ئەو ڕۆژە موسوڵمانان کەوتنە خوێندنەوەی سورەتی الانفال کە بەهۆی ئەوەوە ورەی خۆیان بەرزکردەوە، کە چاوەڕێی پاداشتبوون. ڕۆستەمیش لە هەیوانەکەی خۆی دەیڕوانیە مەیدانی جەنگ، لە نێوان خۆی تا یەزدەگیر جارچی دانابوو، هەر کاتێک کارێکی بکردبا پەیامەکەی ڕادەگەیاند جارچیەکەی خۆی ئەویش دەیگەیاندە جارچیەکی لە خۆی دورتر، ئەم بەمشێوەیە پەیامەکان دەگەیشتە یەزدەگیرد.

ئەو شەڕگەیە لە ڕۆژی دووشەمی مانگی موحەرمی ساڵی ١٤ی کۆچی ڕوویدا. سوپای هەردووکلا تێکهەڵقرژان، سوپایەکی رۆستەم بە ١٧ فیل هێرشی کرد بۆ سەر بەشێکی سوپای موسوڵمانان کە هۆزی بەجیلەی تێدا بوو. فیلەکان تا ڕادەیەکی زۆر شکستی بەسەر ئەسپەکانی موسوڵمانان هێنا بوو. سعد داوای لە هۆزی تەمیم کرد کە فێڵێک بۆ فیلەکان ببینێتەوە. ئەوانیش تەکبیری ئەوەیان کرد پشتێنی کەمەرەکەیان

[136] لەو گفتوگۆیەدا، ڕۆستەم چونکە ئەستێرەناس بوو پێشبینی هەبوو، چەند رستەیەکی بە عەرەبەکان گوت تا ئێستاش وتەکانی ڕەنگدەداتەوە لەسەر ژیانی عەرەب و موسلمانان. ڕۆستەم وتی ئەوەی بەسەر ئێمە زاڵ بێت تەنها چەند مانگێک دەبێ و بارودۆخێک بۆ دوژمنان دروست دەبێ هیچ کات لەوە خراپتریان نەبینیوە. هەر بۆیە لەو ڕۆژەوە موسلمانەکان سەرکەوتون یەک ڕۆژ خۆشیان نەبینیوە هەر لە کوشتنی عومەرە دەست پێ دەکات ،عوسسمان و علی و حسن و حسین. شیعە و سوننە دەستیان سور بووە بە خوێنی یەکتری. لە سەردەمی جاهیلی زۆر خراپتریان لێ بەسەرهاتووە.

بپچرێنن تاوەکو کەژاوەی سەر فیلەکە بکەوێتە خوارەوە. ئەو ڕۆژە شەڕ بەردەوام بوو هەتا ڕۆژئاوا بوو. ئەوەی باسی لێدەکرێ ٥٠٠ کەس لە موسوڵمانان کوژران.

**ڕۆژی دووەم ناسراوبوو بە ڕۆژی ئەغواس(اغواث)؛** لەو ڕۆژەدا قەعقاعی کوڕی عمرو تەمیمی گەیشتە مەیدانی جەنگ، لەسەر فەرمانی عومەر لە شامەوە ناردرابوو بۆ جەنگی عێراق. لەو ڕۆژەدا قەعقاع زۆرانبازی لەگەڵ سەرکردەی ساسان 'بەهمن=برۆبەستراو' کرد و کوشتی پاشان دوو سەرکردەی تری ساسان هاتنە دەرەوە یەکیان ناوی بیرزان بوو بۆ قەعقاع هاتە پێش و ئەوی تریش ناوی بەندەوان بوو کە حارسی کوڕی زەبیر بەرەنگاری بۆوە و هەردوکیان بەدەستی عارەبان کوژران. بەمەش ساسانیەکان سێ سەرکردەیان لەناوچوو کە ورەی لەشکرەکە ڕوخا. ئینجا شەڕ بەردەوام بوو هەتا شەو داهات. لەو ڕۆژەدا فیلەکان شەڕیان نەکرد، چونکە ڕۆژێک پێشتر بە شمشێری موسوڵمانەکان پشتێنی کورتان و کەژاوەکانیان قرتا بوو، بۆیە نەیان توانی تا ڕۆژی داواتر بچنەوە مەیدانی جەنگ. عەرەبەکان جلێکی ڕەنگاوڕەنگیان کردە بەری حوشترەکان تاوەکو ئەسپەکانی سوپای ڕۆستەم بترسێنن. ئەوەی فیلەکان کردیان و سەرکەوتنیان هێنا لە ڕۆژی یەکەم ئەوا حوشترەکانی موسوڵمانان ڕۆژی دووهەم کردیان و سەرکەوتنیان هێنا.

**لە ڕۆژی سێهەمدا جەنگ بەردەوام بوو، ئەو ڕۆژەیان ناو لێنا ڕۆژی عماس** : لەم ڕۆژەدا چەند فیلێکیان هێنا کە چەند جەنگاوەرێک پاسەوانی دەکرد و چەند سوارێکیش پاسەوانی جەنگاوەرەکانی دەکرد. موسوڵمانان پرسیان لەو خەڵکانە کرد کە ببوون بە موسوڵمانان کە فێڵێک بۆ فیلەکان بدۆزنەوە، ئەوانیش وتیان قرتاندنی لوتەکانیان و کوێرکردنی چاویانە. موسوڵمانان پێشرەویان کردو تەرکیزیان لەسەر فیلێکی سپی کرد کە فیلەکانی تر هۆگری ئەو فیلە بوون. کاتێک چاویان کوێر کرد لوتەکەیان قرتاندن، فیلەکە پاشەکشەی کردو فیلەکانی تریش بەدوایدا پاشەکشەیان کرد. ئینجا لەشکری هەردووکلا بەیکداچوون و شەڕێکی سەخت ڕوویدا.

**شەوی هەریر و کوژرانی ڕۆستەم یان ناسراو بە شەوی قادسیە** : لەو شەوەدا موسوڵمانەکان و ساسانەکان تا بەرەبەیانی شەڕیان کرد، بۆ ماوەیەک هەدووکلا حەسانەوە. دیسان موسوڵمانان ئامادەباشیان کرد بۆ شەڕ و چەرخی گەردون لە

بەختی ئەوان هەلیکرد و بە هەڵکردنی ڕەشەبایەکی توند وەک ڕەشەبای بیابان. عارەبەکان چونکە ڕاهاتبوون بە ڕەشەبا ی تۆزاوی و ساسانیەکان ئەو ڕاهاتنەیان نەبوو. بە جۆرێک موسوڵمانان هێرشیان کرد هەتا ناو قوڵایی لەشکری ساسان چوون. لەو کاتانەدا تاوڵەکەی ڕۆستەم بە هۆی رەشەباو هەڵفریبوو، ڕۆستەم لە ژێر سێبەری ئێسترێکی بارکراو دانیشتبوو. یەکێک لە موسوڵمانەکان بە ناوی هیلال قایشی کورتانەکەی قرتاند و بەسەریدا ڕوخاندی. کوشتنی ڕۆستەم لەلایەن موسوڵمانەکان ورەی لەشکری ساسانیەکانی ڕوخاند لە کاتێکدا دیتیان سەری ڕۆستەم لە لەشی جیاکرایەوە هەروەک پیشەی بیابانیەکان پاش کوشتنی هەرکەسێک سەری لە لاشە جیادەکەنەوە.

جالینۆس سەرکردەی دووهەمی ساسان هاواری کرد بۆ ئەوەی پاشەکشە بکەن بە سەر پردەکە پەڕینەوە زۆربەیان کەوتنە ناو ئاوی عەتیقەوە ئینجا موسوڵمانان بە تیرو ڕم لێیان دان نزیکەی سێ هەزار کەسیان کوشت لەگەڵ جالینوسی سەرکردەیان کە بە دەستی زوهرة کوژرا. لەو ڕۆژەدا ١٠ هەزار کەس لە سوپای دەوڵەتی ساسانیەکان کوژران ٦ هەزار موسوڵمانیش کوژرا.

هەندێک لە فەرماندەکان و سەربازانی دژ بە ئیسلام پێیان شەرم بوو مەیدانی جەنگ چۆل بکەن بۆیە بەرامبەر ئەو سوپایەی ئیسلام خۆ ڕاگریان کرد تا مردن جەنگین.

کاتێک موسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر لەشکری ساسانیەکان، ستەمی موسوڵمانان لە پاش چەند ڕۆژێک بەدەرکەوت، کاتێک زاگرۆسیەکیان دەدیت بە پەنجەیەک بانگیان دەکرد تا بێتە بەردەمیان ئینجا بە شمشێر ئەیان کوشتن، یاخود بارێکی قورسی تاڵانیەکانی پێ هەڵدەگرت و بەو ئەشکەنجەوە دەیکوشت زۆرجاریش دوو پیاوی زاگۆرسیان بانگ ئەکرد ئەیان وت یەکتان دەبێ ئەوی تر بکوژێ و سەری ببرێ. ئەو هەمەجیەتە کە لەشارستانیەتی زاگرۆسی نەبوو عەرەبەکان وەک کەلتور دەیانخزاندە ناو فەرهەنگی زاگرۆسی.

ئەم شەڕە چارەنوسیە دەڵێن لە ساڵی ١٤ کۆچی بووە هەندێک دەڵێن ١٥ یان ١٦ بووە. سەیر لەوەیە ئەو ساڵە دیار نییە کەچی ڕووداوی زۆر ورد باسکراوە!!

**٢. ٩. ٩ شەڕی مرج الروم**

له ساڵی ١٥ی کۆچی جەنگێکی تر ڕوویدا له نێوان موسوڵمانان و ڕۆمەکان له ناوچەیەک پێ دەوترا مرج الروم. ڕووداوەکه بەم شێوەیه بوو خالید کوڕی ولید و ئەبوعوبیدەی کوڕی جەراح نیازی 'حمص'یان هەبوو و بەڕێکەوتن تا گەیشتنه 'ذي الكلاع'، کاتێک هەرقل بەمەی زانی ئەویش 'توذرا'ی ڕەوانەکرد بۆ هاوکاری لەشکرەکەی ڕۆم، ئەو گەیشته مرج دمشق و ڕۆژئاوای. ئەبوعوبیدەش گەیشته مەرج ڕوم. له هەمان شەودا هێزێکی تری سوپای ڕۆم به سەرکردایەتی 'شنس' گەیشته ناوچەکه و بنکەی سەربازی لێدا. ئەو هێزه کەوته بەرامبەر لەشکرەکەی ئەبوعوبیده، لەشکرەکەی 'توذرا'ش کەوته بەرامبەر خالیدی کوڕی وەلید.
هێزەکەی توذرا پاشەکشەیان کرد و خالید دوایان کەوت، لەو کاتانەشدا هێزەکەی یەزیدی کوڕی موعاویه له دیمەشق بوو بەڕێ کەوت و پێشی لەشکرەکەی گرت له هەردووکلا هێزی ڕۆمیەکانیان تێکشکاند و سەرکردەکەیان کوشت. سەروەت و سامانیشیان به تاڵان بردن. یەزید گەڕایەوه دیمەشق و خالیدش گەڕایەوه بۆ لای ئەبوعوبیده. ئەبوعوبەیدەش هێرشی کرده سەر لەشکرەکەی 'شنس' له مرج ڕوم هەموویان کوشتن و پێنجیەکی تاڵانیەکەیان بۆ عومەری کوڕی خەتاب نارد.

### ٢. ٩. ١٠ شەڕی 'حیمس'حمص

پاش ئەو سەرکەوتنه موسوڵمانان بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی حیمس، خەڵکی حیمس خۆیان له قەڵاکان ماتدا دا به هیوای ئەوه بوون زستان لەشکری ئیسلام تێکبشکێنێ. ڕۆمیەکان مەزەندەی ئەوەیان دەکرد موسوڵمانەکان تێکبشکێن چونکه پێپەتی بوون و پێکانیان بەرگەی ساردی نەگرێت. کاتێک زستان تێپەڕی و موسوڵمانەکان هەر له شوێنی خۆیان بوون بۆیه خەڵکی شارەکه بڕیاریان دا به ئاشتی لەگەڵ موسوڵمانەکان پێکبێن. هەروەک چۆن ڕێککەوتن لەگەڵ دیمەشق که هەریەکێک ساڵانه یەک دینار بدەن.

### ٢. ٩. ١١ شەڕی قیرەسرین 'قِنَّسرين'

ئەبوعوبێدەی کوڕی جەراح، خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بەرەو قینەسرین، کاتێک گەیشتە نزیک شارەکە، ڕۆمیەکان پێشرەویان کرد بە سەرکردایەتی 'میناس'، پاش شەڕێکی قورس لەشکرەکەی میناس تێکشکاو هەموویان کوژران. خەڵکەکەش لە قەڵاکانی قینەسرین خۆیان حەشار دا و داوای ڕێککەوتنی ئاشتیان کرد لەگەڵ خالید، بەڵام خالید ڕازی نەبوو وتی دەبێ ئەو شارە وێران بکەم. هەربۆیە پەیمانی خۆی گەیاندە جێ و وێرانی کرد. کاتێک حیمس و قینەسرین دەستی بەسەرداگیرا هەرقل کشایەوە بۆ قوستەنتینیە 'قسطنطينية'.

### ٢. ٩. ١٢ داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی تری شام

کاتێک هەرقل ناوچەی رەها'الرهاء'ی بە جێ هێشت و بەرەو قوستەنتینیە ڕۆیشت، ویستی خەڵکەکەی لەگەڵ خۆی ببات بەڵام کەس لەگەڵی نەچوو، وتیان باشترە ئێمە لێرە بین نەوەک لەگەڵ تۆ بین. کاتێک هەرقل شاری ڕەهای بەجێ هێشت، عەرەبەکان خۆیان گەیاندە ئەو شارە و بە شێوەیەکی ئاشتی دەستیان بەسەر داگرت. پاشان چەندین شاری تریان کەوتە دەست لە ڕێگای ڕێککەوتننامەی ئاشتیانە بە مەرجێ باج بدەنە موسوڵمانان وەک شارەکانی حلب و ئەنتاکیە 'أنطاكية'، معرة مصرين، گوندەکانی 'جومة'، 'سرمين'، 'بيرين'، 'قورس'، 'تل عزاز'، 'منبج'، 'دلوك'، 'رعبان'، 'بالس'،'جرجرومة'.

هەروەها خالید کوڕی ولید ناوچەی 'مرعش'ی بە شەڕێکی خوێناوی داگیرکرد و تاڵانیەکی زۆری دەستکەوت.

کاتێک ئەبوعوبیدە و خالید لە فحل ڕویان کردە حمص، عمرو و شرحبيل لای بیسان دابەزین و دەستیان بەسەرداگرت. خەڵکی ئوردون بە ئاشتی لەگەڵ سوپای ئیسلام ڕێککەوتن بە مەرجی باجدانی ساڵانەیان. لەو کاتانەدا سوپای ڕۆم لە ئەجنادین 'أجنادين' و بیسان و غزة کۆبوونەوە. پاش ئەوەی ئەو هەواڵە بە عومەری کوڕی خەتاب گەیشت فەرمانیدا موعاویە بۆ قیسارية بنێرێت و داگیری بکات. پاش ڕووبەڕووبوونەوەی هەردووکلا شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا نزیکەی ١٠٠هەزار سەربازی ڕۆمی کوژرا.

پاش ئەوەی علقەمة گەمارۆی 'غزة'ی دا، عمرو کوڕی عاص بەرەو لەشکری ئەرتەبون 'الارطبون' ڕۆیشت. ئەرتەبون لەشکرێکی زۆری کۆکردەوە و 'عمرو بن

عاص'یش بەرامبەر ئەجنادین دابەزی، پاش ماوەیەک شەڕ دەستی پێکرد. پاش تێکهەڵقرژانی هەردووک سوپا، لەشکری ڕۆمیەکان شکا بە هەڵاتنی ئەرتەبون بۆ ئیلیا 'إيليا'، 'عمرو'ش لە ئەجنادین نیشتەجێ بوو.

لەدواییدا هێزێکی گەورە بەرەو ئیلیا بەڕێکرا تاوەکو گەماڕۆی ئەو شارە بدات. گەماڕۆیەکی سەختیان سەپاند بەسەر ئەو شارەدا. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ گەماڕۆیان داو ئینجا شەڕ دەستی پێکرد. بەمشێوەیە ١١ ڕۆژ شەڕ کرا، موسوڵمانەکان هێزێکی تریان بۆ هات ئینجا بۆ ماوەی ٤ مانگ گەماڕۆیان دا. پاش ئەو گەماڕۆدانە خەڵکی ناوچەی ئیلیا ویستیان ڕێککەوتن لەگەڵ ئیسلام بکەن لەسەر دەستی عومەری کوڕی خەتاب. بۆیە ئەویش بەڕێکەوت بەروە 'بيت المقدس' و بە شێویەکی ئاشتیانە ڕێککەوتن بە مەرجی باجدانی سالانەیان.

بەمشێوەیە موسوڵمانەکان بەسەر زۆرینەی شار و شارۆچکەکانی شام زاڵ بوون.

### ٢. ٩. ١٣ داگیرکردنی مەدائین

کاتێک سەعد لەشەڕی قادسیە تەواو بوو بۆ ماوەی ٢ مانگ لەوێ مایەوە، چاوەڕێی فەرمانی عومەری کوڕی خەتتاب بوو، عومەر فەرمانیدا موسوڵمانەکان هێرش بکەنە سەر مەدائین. موسوڵمانەکان گوندەکانی دەوروبەری 'مەدائین'یان لەگەڵ ناوچەکانی بورس و کوسی و بابلیان، بوهورەسیر'بهرسير'، داگیرکرد.

مەدائین دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی ڕوباری دجلە. ئەو بەشەی دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوا ناسراوە بە 'بوهورەسیر'، ئەو بەشەی دەکەویتە بەشی ڕۆژهەلاتی ناسرا بوو بە 'ئەسبانیر' و 'طیسفون'.

لەسەرەتادا زوهرە گەیشتە دەوروبەری بوهورەسیر و گەماڕۆیدا، پاشان سەعدی کوڕی ئەبی وەققاس بەرەو هەمان شوێن بەڕێکەوت، لەوکاتانەدا یەزدەگیری پاشا لە مەدائین بوو.

سەعد بۆ ماوەی دوومانگ گەماڕۆییدا، لە زۆربەی ڕۆژەکاندا شەڕ بەردەواوم بوو، لەماوەی ئەو دوومانگە مەدائین کەوتە ژێر بارانی مەنجەنیق کە ٢٠ دانەیان بۆ دروستکرا.

کیسرا بە کەشتی پەریەوە بۆ مەدائنی ڕۆژهەلات، موسوڵمانەکان بۆیان پەڕینەوە و شەڕێکی سەخت ڕوویدا و مەدائنی ڕۆژهەلات کەوتە ژێردەستی موسوڵمانان.

یەزدەگیرد هەڵات چوو بۆ ناوچەی حەلوان. بە تەواوی مەدائین کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانان، سعد چووە کۆشکە سپیەکەی کیسرا.
موسوڵمانەکان شمشێر و شەرواڵ و کراس و تاجەکەیان بۆ عومەر نارد. عومەر هێندە خۆی و میللەتەکەی پێ سوک بوو کاتێک سەیری جلەکانی کیسرای کرد گەڕا لە کەسێکی عەرەبی بە شان و شەوکەت تاوەکو جلەکان لەبەر بکات. کاتێک سوراقە دەبینێت دەڵی وەرە ئەم جلانە لەبەر بکە، ئەویش لەبەری دەکات، ئینجا دەڵێت بسوڕێوە. ئەویش بە جلەکانیەوە دەسوڕێتەوە. عومەر دەڵێت بخ بخ عەرەبێکی دەشتەکی لە هۆزی مدلج کراس و شەرواڵی کسرای لەبەر دایە. ئەی سوراقە ئەگەر ئەو جلانەت هەبوایە ئەوا دەبویە شەرەفێک بۆ خوت و بنەماڵەکەت، ئینجا دەڵێت جلەکان دابکەنەوە.
ئەو تالانیەی موسوڵمانەکان بەدەستیان کەوت لە داگیرکردنی مەدائین نرخەکەی بێ ئەنداز هەڵدەسەنگێندرێت. موسوڵمانەکان جگە لە کۆکردنەوەی کەلوپەلی ناومالان هەر کەسێکیان لەگەڵ چوارپێیەک بدیبا دەیان کوشت و بارەکەیان دەبرد بۆ شوێنی کۆکردنەوەی تالانیەکان. بۆ نمونە 'کلج' دوو ئێستری بینی بە دوو پیاوی زاگرۆسی هەردووکی کوشت و باری ئێسترەکانی برد کە بریتی بوو لە دوو سەبەتەی پڕ زێر وگەوهەر و جلەکانی کیسرا. قەعقاع کوڕی عمرو پیاوێکی زاگرۆسی بینی دوو کەشکۆڵی پێ بوو کوشتی و کەلوپەلی برد کە بریتی بوو لە چەند شمشێرێک و قەلغانێکی گرانبەهای پاشاکانی خاقانی تورک و پاشای داهری هیند و سیاوەخش، قوباد، خوسرەو و هورمز و بەهرام و فیرۆز.
هەروەها عصمة پیاوێکی لەگەڵ کەرێک دیت و کوشتی و باری کەرەکەی برد کە پڕ بوو لە زێر و گەوهەر.
ئەو تالانیەی لای سەعد کۆکرایەوە بێ ئەندازە بوو، هەر سوارێک ١٢ هەزار درهەمی بەرکەوت کە سوپاکەی ٦٠ هەزار سەرباز بوو. واتە ٧٢٠ ملیون درهەم بوو. جگە لەوەی پێنجیەکی ناردرابوو بۆ مەدینە.
ئەو فەرشەی لە کۆشکی سپی بوو درێژی و پانی و نەخشونیگارەکەی چاوی عەرەب و هاوسەنگی مێشکی تێکدەدا. درێژی و پانی ٦٠ باڵ[137] بوو. وێنەی سروشتی ڕوبار

[137] لەکۆندا ذراع بەکارهاتووە بۆ پێوانەی درێژ و پانی. لەلای حنفیة کان ١ ذراع( ٣،٤٦ سم. لەلای مالکیة ٥٣ سم، لەلای حنبلە و شافعیة ٨،٦١ سم)ە.

و کەنارەکانی لێ چێندرابوو، بە زێرو گەوهەر گوڵەکانی نەخشێنرا بوو. کاتێک گەیشتە لای عومەری کوڕی خەتاب لەت لەتی کرد و دابەشی کرد لەسەر هاوەڵانی پەیامبەر. ئەو بەشەی علی کوڕی تالیب کە باشەکەشی نەبوو ئەو بە ٢٠هەزار درهەم فرۆشتی.

### ٢. ٩. ١٤ شەڕی جەلەولا و حلوان و خانقین

پاش ئەوەی یەزدەگیرد مەدائینی بەجێ هێشت، زاگرۆسیەکان لە جەلەولا کۆبوونەوە و یەزدەگیردیش بەرەو حولوان 'حـ ُلوان' ڕۆیشت. سەرکردایەتی شەڕ لە ئەستۆی مهران ڕازی دابوو. لە دەوروبەری شاردا چاڵێکیان هەڵکەند و لە دەورەیاندا درک و داریان دانا تەنها لەو ڕێگایانەدا نەبێ کە خۆیان بێنە دەرێ. موسوڵمانان بە سەرکردایەتی هاشمی کوڕی عمر ڕوویان کردە ئەو شارە. کاتێک موسوڵمانان بە سەردرک ودالەکان داهاتن ڕۆڵەی میدیەکان بۆیان هاتنە دەرەوە شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا. بەختی موسوڵمانان دیسان هەڵیکرد بە ڕەشەبایەکی زۆر توند بە جۆرێک میدیەکان پاشەکشەیان کرد و خۆیان بەسەر دڕکو داڵەکان کەوتن. ئەوانەی لەناو چالەکە بوون بڕیاریاندا چالەکە پڕبکەنەوە تاوەکو ئەسپەکانی ساسانەکان بەسەریدا بپەڕنەوە و بەرەنگاری سوپای ئیسلام ببێتەوە. بەڵام ئەمەش بووە زیانی خۆیان. مێژوناسانی موسوڵمانان ئەڵێن لەو ڕۆژە ١٠٠ هەزار کەس کوژرا. بۆیە بەو ڕۆژە گوترا جەلەولای کارەسات. یەزدەگیرد حلوانی بەجێهێشت و مهرانیش بەرەو خانەقین ڕۆیشت. هێزی موسوڵمانان بەرەو حلوان بەڕێکەوتن ئەو کاتە یەزدەگیرد خسرسنومی لە شوینی خۆی دانابوو. پاش شەڕێکی خوێناوی دەستیان گرت بەسەر حلوان و پاشان قەعقاع خۆی گەیاندە خانقین و مهرانی کوشت.

غەنیمەیەکی زۆر بۆ عومەر دەنێرن و لە حەوشەکەی بۆی دادەنێن و پەردەیەکی ڕەشی بەسەر دادەدەن. غەنیمەکە پڕ بوو لە زێر و یاقوت و گەوهەر. عومەر دەست دەکات بە گریان و ئەوانیش پێی دەڵێن بۆچ دەگری ئەڵێت بۆ ئەوە دەگریم ئەڵڵای گەورە ئەوە ناداتە هۆزێک ئەگەر لەناو یەکتری ڕژدی بەیەک ببەن و دوژمنی یەکتر بن. ئەگەر تیشک بخەینە سەر قسەکانی عومەر ئەوە دەگەیەنێت زاگرۆسیەکان ناتەبا بوون بۆیە خوای گەورە ئەوەی بەسەر هێنان و ماڵاتیان بوو بە غەنیمەی ئیسلام. ئەگەر ئەو هاوکێشەیە ڕاست بێت کەواتە ئەو ناکۆکیانەی نێوان سوننە و شیعە

شکستێکی زۆری بە دواوەیە ئەو کاتە سەروەت و سامانیان دەڕوات بۆ ئاینێکی تر یان هۆزێکی تر. هەرواشە بۆیە لەوەتەی سەردەمی شۆرشی پیشەسازی گەشەیسەندوە بە تەواوی ئۆمەتی ئیسلام کەوتۆتە دەستی ڕۆژئاوا. سعودیە ناوەندی ئیسلامە بۆتە کۆیلەی فەرمانبەرانی ئەمریکاو ڕۆژئاوا.

**٢. ٩. ١٥ گرتنی چەند شار و شارۆچکەیەکی تر**

لەو ساڵەدا واتە ساڵی ١٦ی کۆچی شەڕی نەبڕاوە لە شوێنی جیاجیا ڕوویداوە. هەم شەڕی ساسانیەکان کراوە هەم شەڕی ڕۆمیەکان کراوە. شاری تکریت بە خۆێن گیرا و شاری موسلیش پاش شەڕێک هەر دووک قەلاکەی گیراو و بە ئاشتیانە ڕێککەوتن بە باجی سالانە.

پاش شەڕی جەلەولاش، ماسەبەزان ' ماسَـبَـذان' و قەرقیسیا 'قـَـرقِیسیاء' بە خوێن دەستی بەسەرداگیرا.

**٢. ٩. ١٦ گرتنی جەزیرە 'الجزيرة' و ئەرمینیا**

ناوچەی جەزیرە چەند شارو شارۆچکەیەک دەگرێتەوە وەک حران، نصیبین، الرقة، ماردین، بدلیس رئس العین و چەندین شوێنی تر، زۆربەی زۆریان بە ئاشتیانە ڕێککەوتن کە سالانە باج بدەن. مێژوی ئیسلام دەڵێت جزیرة ئاسانترین شوێن بوو بۆ دەستبەسەرداگرتنی. پاشان لەناوچەی جەزیرە بەرەو ئەرمینا ڕۆیشتن. ئەوێش وەک جزیرە دەستی بەسەر داگیرا.

**٢. ٩. ١٧ گرتنی ئەهواز و مەنازیر'مـَنـَاذر' و ڕوباری تیرەی'تیر َی' و رامهرمز و تەستەر و سوس، گوندەیسابور 'جُـنْـدَیسـَابور'**

کاتێک هورمزان لە شەڕی قادسیە شکستی هێنا بەرەو ئەهواز ڕۆیشت، ئەو یەکێک بوو لە حەوت بنەماڵە گەورەکانی ئێران. شوێنکەوتوانی لە ناوچەی ئەهواز و میهرەجان قەزەق 'مـهرَجان قَذَق' بوون. هورمزان هێرشی کردە دەشتایی 'میسان و دستمیسان' لە مەنازیر و ڕوباری 'تیرەی'. موسوڵمانەکانیش هێرشیان بردە سەر ساسانیەکان مەنازیر و ڕوباری 'تیرەی'ان گرت ئەوەی دەستیان کەوت کوشتیان و کەلوپەلەکانیشیان وەک تالانی دەستکەوت. کاتێک هورمزان بەوەی زانی بڕیاری دا

ڕێککەوتنامەی ئاشتی واژۆ بکات بە مەرجی سەرانە. بەڵام هەندەی پێنەچوو ئەو ئاشتیە سەقامگیر نەبوو بۆیە هورمزان شان بە شانی کوردان بەرپەرچی موسوڵمانەکانیان دایەوە و بەڵام شکستیان هێنا و ئەهوازیش کەوتە دەستی موسوڵمانەکان.
هورمزان سەنگەری چۆل کرد و چوو بۆ ڕامهورمز تاوەکو جارێکی تر ڕووبەڕووی موسوڵمانەکان ببێتەوە. سەعدی کوڕی وەققاس ئەم هەواڵەی گەیاندە عومەری کوڕی خەتتاب ئەویش فەرمانیدا کە سەعد سوپاکەی لە کوفەوە بەڕێبکات بۆ جەنگی هورمزان بە سەرکردایەتی نوعمان کوڕی موقرن. هەروەها فەرمانیدا موسای ئەشعری لە بەسرە سوپایەک بەڕێ بکات بە سەرکردایەتی سەهیلی کوڕی عودەی. کاتێک هورمزان بەوەی زانی بەڕێکەوت بۆ بەرەنگاری عەرەبەکان. هەردوو سوپا لە ناوچەی ئەربەک بەیەکگەیشتن و شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا. هورمزان ناوچەکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ تەستەر. کاتێکی سهێل بەوەی زانی بەدوای داچوو بەڕێکەوت بۆ تەستەر و گەمارۆیاندا. کاتێک فشاری گەمارۆکە زۆری بۆ خەڵکەکە هێنا کە ٨٠ شەو بوو، دووکەسی فارسی هاتنە دەرەوە ڕێگای داگیرکردنیان بۆ موسوڵمانان خۆشکرد. بە شێوەیەک کە بتوانن دزە بکەن لە شوێنی ئاوەڕۆی شارەکە. ئەوانیش لەو ڕێگایەوە هاتنە ناو شار و دەرگەوانەکانیان کوشت و دەرگایان واڵا کرد بۆ موسوڵمانان. بەمشێوەیە شاری تەستەر کەوتە دەستی موسوڵمانان. هورمزان خۆی دا بەدەستەوە و ئەوانیش بردیان بۆلای عومەری کوڕی خەتاب ئەویش مانگانە ٢٠٠٠ درهەمی بۆ بڕاندەوە. تاڵانیەکەی شاری تەستەر بریتی بوو لە ٣٠٠٠ درهەم بۆ هەر سوارچاکێک، ١٠٠٠ درهەمیش بۆ هەر پیادەیەک.
موسوڵمانەکان گەمارۆی شاری 'سوس'یاندا، چەندجارێک هێرشیان هێنا بۆ سەر ئەو شارە کەچی هەر شکستیان دەهێنا. ئەو شارە سەردەمانێک پاشای پاشاکان لەوێ نیشتەجێ بوو ئەو شارەیە گۆڕی دانیالی جولەکەی لێیە. یەزدەگیرد هێزێک لە سوپاکەی بە فەرمانداریەتی 'سیاە' دەنێرێت بۆ شەڕی موسوڵمانەکان بەڵام ئەو پەیوەندی دەکات بە موسوڵمانەکان و بەخشیش وەردەگرێت.
پاش ئەوەی سیاە دەبێتە موسوڵمان، شەوێک دەچێتە لای دیواری قەڵاکە و جلی خوێناوی دەکات. پاسەوانەکانی سەردیواری قەڵاکە دەرگای لێ دەکەنەوە. پاش ئەوە

دەچێتە ناو قەڵاکە پاسەوانەکان دەکوژێت و دەرگا بۆ موسوڵمانەکان دەکاتەوە. بەم جۆرە شاری سوس دەکەوێتە دەستی موسوڵمانەکان.
پاش ئەوەی عەرەبەکان کۆنترۆڵی شاری 'سوس'یان کرد بەڕێکەوتن بۆ گەمارۆدانی شاری گوندی سابور. لەوکاتانەدا کۆیلەیەک کە خەڵکی ئەو شارە بوو نامەیەکی ئەمانی لەناو سوپای ئیسلام هەڵدایە ناو خەڵکەکە. خەڵکەکەش ڕازی بوون سەرانە بدەن و دەروازەی شاریان بۆ موسوڵمانان کردەوە. ئەوانیش لایان سەیر بوو کە بەمشێوەیە دەرگاکان کرایەوە. کاتێک لێیانکۆڵیەوە دەبینن کویلەیەک ئەو کارەی کردووە. زاگرۆسیەکان وتیان لای ئێمە کۆیلە و ئازاد جیاوازی نییە و وتەی خۆمان ناگۆڕین ئەگەر ئێوەش ڕازی نابن پەیمانی خۆتان بشکێنن. بەمجۆرە ئەو شارەش کەوتە دەستی موسوڵمانەکان.

**٢. ٩. ١٨ گرتنی میسر و ئەسکەندەریە**

کاتێک فەلەستین و ناوچەکانی شام گیرا، ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆم بوو بە دووکەرتەوە، هێزێکیان لەسەروی ئەفریکا مایەوە ئەوی تر لەناوچەی قستەنتینیە و ئەورپا مایەوە. دیارە موسوڵمانان ترسی ئەوەیان هەبوو لە دوولاوە هێرشیان بۆ بێت بۆیە ویستیان ناوچەکانی باکوری ئەفریکا لە ژێر دەستی ڕۆمیەکان دەربهێنن ئەویش بە گرتنی میسر و ئەسکەندەریە بوو کە بە ناوچەیەکی ستراتیجی ڕۆمەکان دادەندرا.
پاش ئەوەی عومەر 'بیت المقدس'ی گرت، 'عمرو بن عاص'ی بەرەو میسر بەڕێکرد. ئەرتەبون لەشکری ئامادە کرد تاوەکو بەرەنگاری موسوڵمانەکان ببێتەوە چونکە بەو مەرجە ڕازی نەبوو کە سەرانە بدەن. بۆیە جەنگێکی تر ڕوویدا لە نێوان هەردووک هێز. لەو جەنگەدا ئەرتەبون تێکشا و موسوڵمانەکان 'عين الشمس'یان گرت.
پاش ئەو تێکشکانە عەرەبەکان بەرەو قولایی میسر ڕۆیشتن و کۆنترۆڵیان کرد. موسوڵمانان هەموو شورەکانیان ڕوخاند تاوەکو جارێکی تر ڕۆمەکان نەی خەنەوە ژێردەستیان. بەم شێوەیە شارەکە کەوتە دەستیان.
پاش گرتنی میسر عەمرو بەڕێکەوت بۆ ئەسکەندەریە و قیبتیەکان هاوکاری موسوڵمانەکانیان کرد و بوون بە ڕێنیشاندەر هەروەها چەند پردێک و ڕێگایەکیان دروست کرد بۆ موسوڵمانەکان.

**٢. ٩. ١٩ شەڕی نەهاوەند**

پاش چوار ساڵ لە شەڕی قادسیە، ڕۆڵەی میدیەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی عەرەبەکان. ئەم خۆئامادەکردنە و جەنگە لە ٢١ی کۆچی ڕوویدا.
سوپای موسوڵمانان لەو بیروباوەڕەدا بوون تا چیای زاگرۆس بڕۆن هەرچەندە عومەر دەیوت بریا لە نێوان ئێمە و ئەوان کێوێکی ئاگرین دەبوو نە ئێمە دەگەیشتین بە ئەوان نە ئەوان دەگەیشتنە لای ئێمە.

یەزدەگیرد نامەی نارد بۆ ناوچەکانی دەروازەی سوسجستان و خوراسان بۆ ئەوەی بە هێزێکی تۆکمەوە ڕووبەڕووی موسوڵمانان ببنەوە و هەرهەموویان لە شاری نەهاوەند کۆببنەوە، سوپایەکی گەورەی میدیەکان پێکهات لە ناوچە جیاکان، ٣٠ هەزار لە حیلوان و ٦٠ هەزار لە خوراسان و ٦٠ هەزار لە سوجستان بەڕێکەوتن بەمشێوەیە ١٥٠ هەزار جەنگاوەر کۆبۆوە،

فیروزان بووە سەرکردەی لەشکرەکەیان. کاتێک سعد زانی ئەو لەشکرە کۆبۆتەوە نامەی نارد بۆ عومەر تاوەکو ئەویش سوپایەک بنێرێت بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو لەشکرە. لەشکرێک لە ٣٠ هەزار جەنگاوەر بەڕێکرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەشکری یەزدەگیرد.

سوپای میدیەکان چاڵێکیان بەدوری شاری نەهاوەند هەڵکەند و بە تەل ودڕک چواردەورەیاندا.

موسوڵمانان پلانێکی تۆکمەیان دانا، ئەویش هێزێکیان بەڕێ کرد تاوەکو لەگەڵ سوپاکەی یەزدەگیر شەڕ هەڵبگرێسێنن و خۆیان بە لاوازی نیشان دا تاوەکو ئەوانەی لە چاڵەکەدا بوون بێنە دەرو بە دوایان بکەون. ئەو پلانە سەری گرت و لە کاتی هاتنە دەرەوەیاندا کەوتنە ناو بۆسەی موسوڵمانەکان و سەرکردەکەیان فیروزان کوژرا بەمەش جەنگاوەرەکان ورەیان ڕوخا پاش شەڕێکی خوێناوی شاری نەهاوەند گیرا و پێنجیەکی تاڵانیەکانیان نارد بۆ مەدینە.

پاش شاری نەهاوەند، چەندین شاری تر دەستی بەسەر داگیرا وەک شاری دیندەوەر و هەمەدان لە ڕێگای ڕێککەوتن لەسەر باجدانی ساڵانە.

لە دوای ئەو سەرکەوتنانە، عومەری کوڕی خەتاب بڕیاریدا زیاتر بچنە ناو قوڵایی ناوچەکانی میدیا لە هەرشوێنێک میدیەکیان بینی دوای بکەون.

هەر بۆیە سوپاکەی ئیسلام لە ئەسفەهان ڕووبەڕووی سوپایەکی نەوەی میدی بۆوە بەڵام توانیان سەرکەوتوبن و شارەکە بگرن. بەدوای ئەمەدا شاری 'کرمان'یان گرت. خەڵکەکە لەگەڵ ئیسلام ڕێککەوتن کە ساڵانە باج بدەنە موسوڵمانەکان بە مەرجێ سەروەت و سامانیان پارێزراو بێت.

**٢. ٩. ٢٠ داگیرکردنی شاری هەمەدان و رەی و قومس و گورگان و ئازربیجان**

پاش ماوەیەک لە خۆبەدەستەوەدانی خەڵکی هەمەدان، خوسرەوشنوم ڕێککەوتنامەکەی شکاند و دژی موسوڵمانەکان خۆیان کۆکردەوە بۆ جەنگێکی تر. نوعمانی کوڕی موقرن بە ١٢هەزار جەنگاوەرەوە بەرەو هەمەدان بەڕێکەوت و شارەکەی گەمارۆدا. خەڵکی ڕێککەوتنیان لەگەڵ بەست.

خەڵکی دەیلەم و ڕەی و ئازربیجان نامەیان بۆیەکتری نوسی کە کۆبنەوە و بەرەنگاری داگیرکردنەکەی موسوڵمانەکان و ڕووبەڕووی نوعیم ببنەوە. هەردووک هێز لە ناوچەی (واج الروذ) بەیەکگەیشتن و شەڕێکی سەخت لە ئاستی شەڕی نەهاوەند ڕوویدا. کوشتارێکی زۆری میدیەکانیان کرد و غەنیمەیەکی زۆریان دەستکەوت و پێنجیەکیان بۆ عومەر نارد.

هێزی موسوڵمانەکان بەوە نەوەستان بەڕێکەوتن بەرەو قەزوین و زنجان، خەڵکی دەیلەمیەکان بڕیاری هاوکاری ئەو کەسانەیان دا دژ بە ئیسلام بجەنگن.

موسوڵمانەکان کوشتارێکی زۆری دەیلەمیەکانیان کرد تا ناچاریان کردن باج بدەن. ناوچەی قەزوین و زنجان ڕێککەوتن لەسەر بنەمای باجدانی ساڵانە.

ئینجا بەڕێ کەوتن بۆ شاری 'رەی' کە نزیک قەزوینە. پاشا بە ناوی سایوەخش داوای هاوکاری لە خەڵکانی دنباوند و تەبرستان و گورگان و قومس کرد، پاش گەیشتنی ئەو هاوکاریە لە نزیک چیاکان شەڕ هەڵگریسا و میدیەکان تێکشکان و کەلوپەلەکەیان بوو بە غەنیمەی موسوڵمانان کە هاوشێوەی غەنیمەی مەدائین بوو.

لە دواییدا عومەر نامەی نارد تاوەکو سوید کوڕی موقرنی برای نوعیم ڕەوانەی قومس بکات کە دەکەوێتە ناوچەی کۆتایی چیاکانی توبرستان لە نیوان ری و نیسابورە. خەڵکەکە ڕێککەوتن لەگەڵ موسوڵمانەکان کە باجی خۆیان بدەن و شەڕ نەکەن. پاش ئەو ڕێککەوتنە ناوچەی گورگان و 'توبرستان'یش هەمان ڕێککەوتنیان واژۆ کرد. بەمشێویە ئەو ناوچانە خۆیان بەدەستەوە دا.

پاش ئەوەی نوعیم دەستی بەسەر رەی داگرت، 'سماک بن خرشة الانصاری' بە هاوکاری 'بکیر بن عبدالله' ڕەوانەی ئازربیجان کرا. کاتێک بوکیر بۆ ئەم ناوچەیە بەڕێکەوت ڕووبەڕووی ئیسفەندیاز کوڕی فەروخزاد بۆوە لە کویستانەکانی جەرمیزان. شەڕێکی توند ڕوویداو لە ئەنجامدا لەشکرەکەی ئیسفەندیاز شکستی خوارد و خۆی بەدەستەوەدا. لە ئەنجامدا ڕێککەوتنامەی ئاشتی ڕوویدا بۆ خەڵکی ئازربیجان.

**٢. ٩. ٢١ ڕزگارکردنی بەرقە و تەرابلس**

پاش ڕزگارکردنی میسر، عمرو بەرەو باکوڕی ڕۆژئاوای ئەفریکا پێشرەوی کرد. ئەو ساڵە ساڵی ٢٢ی کۆچی بوو، هێزەکەی گەیشتە بەرقە و خەڵکەکە لەسەر پەیمانی ئاشتی ڕێککەوتن بە مەرجی سەرانە. پاشان بەرەو تەرابلس ڕۆیشتن و بۆ ماوەی یەک مانگ گەمارۆیان دا. ئەو شارە دیویکی بەدەریاوە بوو بۆیە موسوڵمانان نەیان ئەزانی لە کوێوە بۆی بچن. بۆیە بڕیاریان دا لە دەریاوە بۆیان بچن، لە ڕێگای ماڵەکانەوە هاتنە ناو شار چونکە لە نێوان دەریاو ماڵەکاندا هیچ شورەیەک نەبوو ببێتە بەربەستێک بۆیە بۆ ئەوان ئاسانتر بوو لەو ڕێگایەوە بچنە ناوشارەکە. بەم شێوەیە تەواوی شارەکەیان گرت و غەنیمەیەکی زۆریان دەستکەوت و بۆ عومەریان نارد.

**٢. ٩. ٢٢ داگیرکردنی باب**

موسوڵمانەکان بەڕێکەوتن بەرەو باب، پاشای ئەو ناوچەیە بە بێ شەڕ پەیوەستی موسوڵمانان دەبێ چونکە خۆی بە خزم و خاوەن نەتەوەی ئەرمەنیەکان نەدەزانی، دیارە خۆی بە خاوەن میدیش نەدەزانی. هەربۆیە ڕێکدەکەون. پاشان ناوچەی ئەرمینیا و موقان ڕێکدەکەون لەسەر ئاینی خۆیان بمینێن بە مەرجی ئەوەی باج بدەن.

پاش ئەوەی عومەری کوڕی خەتاب ئاگاداری ئەو ڕەوشە دەبێتەوە نامە دەنێرێت کە شەڕی تورک لە بەلەنجەر بکەن. عبدالرحمن بەرێدەکەوێت و ٢٠٠ فەرسەخ دەچێتە ناوچەکەیان بەڵام سەرکەوتو نابێت لەو جەنگە هەرچەندە هیچ زیانێک بە موسوڵمانان ناکەوێ. تێڕوانینی تورکەکان ئەو بووە کە موسوڵمانان لەگەڵ

فریشتەکان شان بەشانی یەکتری دژ بە ناموسوڵمانەکان دەجەنگن بۆیە هیچ زیانێکیان پێ ناکەوێ، ئەوان وایان دەزانی ئەو جەنگاوەرانە نامرن. لە ڕۆژگاری عومەری کوڕی خەتتابدا، چەند جارێک موسوڵمانان دەجەنگن بە سەرکردایەتی عبدالرحمن بەڵام سەرکەوتو نابن بەڵام لەسەردەمی عوسماندا جارێکیان یەکێک لە جەنگاوەرانی تورک تیرێک دەهاوێژێ و موسوڵمانێک دەکوژێت بۆیە دەڵێن ئەوانیش وەک ئێمە دەمرن بۆیە بۆیان دەردەپەرن و شەڕێکی قورس دەکەن و عبدالرحمن دەکوژن.

## ٢. ٩. ٢٣ جەنگی خوراسان

ئەحنفی کوڕی قس ئاماژەی بە عومەردا کە ڕزگارکردنی وڵاتی عەجەم فراوان بکات تاوەکو فشار بخاتە سەر کیسرای یەزدەگیرد. بۆیە عومەر فەرمانیدا وڵاتی خوراسان ڕزگار بکات. ئەحنفیش سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد، هێزەکەی پێشڕەوی کرد و هەڕاتی گرت. 'صحار بن فلان العبدي' کردە ئەمیری، پاشان بەرەو ناوچەی مەروشاهجان کەوتەڕێ کە یەزدەگیردی تیدا نیشتەجی بوو. کاتییێک ئەحنەف نزیک بووە یەزدەگیرد چووە مەروروز کە دەکەوێتە سەر ڕوباری گەورە.
ئەحنەف 'مەروشاهجان'ی گرت، یەزدەگیرد نامەیەکی نارد بۆ خاقانی پاشای تورک داوای یارمەتی لێکرد. یەزەگیرد ڕوویکردە بەلخ کە دەکەوێتە سەر ڕوبار. پاشان لەگەڵ سوپای ئەحنەف کەوتنە شەڕ یەزدەگیرد لە ڕوبارەکە پەڕیەوە. کاتێک عومەر بەوەی زانی پێی ڕاگەیاند لە ڕوبار نەپەڕێتەوە و پارێزگاری لە ناوچەی خوراسان بکات. ئەویش گەڕایەوە لە مەرئەلروز نیشتەجێ بوو، نامەی بۆ عومەر نارد کە وڵاتی خوراسان هەموی ئازادکراوە.
یەزدەگیرد هەردەم لە هەوڵی ئەودا بوو ئەو ناوچانەی بە پەیمانی ئاشتی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوچەکانی تر یەکبگرنەوە و ڕاپەرن. دیارە مەبەستی لەوە بوو سوپای موسوڵمانەکان سەرقاڵی شەڕی بەردەوام بکات تاوەکو هێزەکەی نەپرژێتە هەموو ئێرانی ئیمرۆ. لە هەمان کاتدا نامەی بۆ پاشای دراوسێکان دەنارد بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن. پاشای چین دەڵێ دەتوانم لەشکرێک بنێرم سەرەکەی لای تۆ بێت و دواکەی لای من بەڵام ئەنجامی نادات. ئەو هۆکارەی من دەیبینم ئەو زلوڵاتانەی تر

ویستویانە زلوڵاتی دەوڵەتی ساسان بروخێ و لە شاهینشاهی بکەوێ. بەڵام هەتا چەند ئەو خۆشیە و ئاواتهاتنەدیە بۆ وڵاتانی دراوسێ هاتەدی!!

### ٢. ٩. ٢٤ شەڕی شارەزور

کاتێک عومەر 'عزرة بن قیس'ی کردە فەرمانڕەوا حیلوان، هەوڵیدا شارەزور بگرێ بەڵام سەرکەوتو نەبوو، بۆیە داوای یارمەتی کرد لە عتبة بن فرقد ئەو هێرش بکاتە سەری. پاش شەڕێکی سەخت توانی ئەو ناوچانە بگرێت و پەیمانی ئاشتیانە بە شیوەی حیلوان ببەستێت لەگەلیان. موسوڵمانەکان بە هۆی پێوەدانی دوپشکەوە دەمردن. هەروەها خەڵکی سامغان و داراباز پەیمانی ئاشتیان واژۆ کرد بە مەرجی باجدان. بە بڕیاری عومەر ناوچەی شارەزوری پەیوەستی موسل کرد.

### ٢. ٩. ٢٥ گرتنی توج

پاش تێکشکاندنی سوپای ساسانیەکان بەرامبەر عەرەبەکان، نەوەی میدیەکان بە گشتی شلەژاوی بەخۆوە بینی، چونکە سیستەمی میدیا لەسەرەتای دروست بوونی هەتا سەردەمی کۆتایی هێنانی ساسانیەکان لەسەر شێوازی کۆنفیدرالیزمی بووە، هەر ناوچەیەک خۆی حوکمرانی خۆی کردوە بە پەیوەست بە فەرمانرەوایەتی ناوەند. بۆیە هەڵگەڕانەوە ڕوویداوە لە هەموو کاتێکدا و زۆرجار بە بێ فەرمانی یەزدەگیرد شۆرشیان کردوە. بۆیە جارێکی تر ئەو هێزە لە ناوچەی توج کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی شەڕێکی چارەنوس بکەن. بەڵام بە داخی گرانی دەوڵەتی میدیای گەورەوە ئەو هێزە تێکدەشکێ و توج دەکەوێتە ژێر دەستی ئیسلام و تاڵانیەکی زۆریش بۆ عومەری کوڕی خەتاب دەنێردرێتەوە.

### ٢. ٩. ٢٦ گرتنی ئەستەخەر و فەسا داربەجرد و سیستان و مەکران

عوسمان بن أبي العاص بەرەو ئەستەخەر بەڕێکەوت لە ناوچەی 'جور=گور' ڕووبەڕوویان بۆوە. لە ئەنجامی شەڕێکدا موسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەریاندا و ناوچەی گوریان گرت و هێرشیان بردە سەر ئەستەخر. شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا بە جۆرێک موسوڵمانەکان تا پێیان کرا کوشتاری ئیرانیەکانیان کرد و دەستیان گرت

بەسەر سەرەوت و سامانیان. هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشانە ناوچەی کازرون، نوبندجان، شیراز، ئەرجان و چەند ناوچەیەکی تر دەستی بەسەرداگیرا.
هەر لەو ساڵەدا واتە ٢٣ی کۆچی موسوڵمانان بەسەرکردایەتی 'سارية بن زنيم' بەرەو فسا و دارابجرد بەڕێکەوتن، کوردەکان شان بە شانی فارسەکان بەرەنگاریان بوونەوە و سەرکەوتن بەسەر موسوڵمانەکان. دەڵێن عومەر خەوێک دەبینێ هەردووک سوپا بەرامبەر یەکن، کێوێک لە پشتی موسوڵمانان دەبێ، بەیانی خەوەکە بۆ مولسمانانی مەدینە دەگێڕێتەوە و هاوار دەکات ئەی کوڕی زنیم پشت بە کێوەکە ببەستە. ئەڵڵای گەورە ئەو هاوارە ئەگوازێتەوە بۆ مەیدانی جەنگ. کاتێک کوڕی زونەیم ئەو هاوارە دەبیستێ پشت بە کێوەکە دەبەستێ و سەردەکەون بەسەر کوردەکان و فارسەکان. ئەو ناوچەیە بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەستیان و کوشتارێکی زۆریان دەکەن و تاڵانیەکی زۆر بۆ عومەر دەنێرنەوە.
پاشان 'سهيل بن عدي' شاری 'کەرمان'ی بەشەڕ گرت و 'عاصم کوڕی عمرو'ش بەرەو سجستان ڕۆیشت. لەناوچەی 'زەرەنج =زرنج' ڕووبەڕووی زاگرۆسیەکان بونەوە، پاش کوشتارێکی زۆر ئەو ناوچەیە کەوتە دەستی موسوڵمانان و ڕێککەوتن بە مەرجی باجی ساڵانە. بەڵام ئەو باجەی کە سەپێندرا زۆر بوو بۆ خەڵکی سیستان بۆیە لەگەڵ خەڵکی قەندەهار و تورکان و خەڵکی تر پەیمانەکەیان شکاند و شەڕیان دەستپێکردەوە. ئەو ناوچەیە هەر بەو شێوەیە مایەوە هەتا سەردەمانی پاش مردنی موعاویە هەر ئاژاوەی تیدا بوو.
هەر لەو ساڵەدا شاری موکران پاش شەڕێکی خوێناوی لەسەر دەستی 'حكم بن عمرو' داگیرکرا و غەنیمەیەکی یەکجار زۆریان دەستکەوت.

### ٢. ٩. ٢٧ هەواڵی پیرود لە ئەهواز و کوردەکان.

ئەو ناوچانەی سەروی بەسرە کە لەلایەن موسوڵمانەکان گیرابوون، هەندێکیان بەزەبری شەڕ و هەندێک لە ڕێگای باجی ساڵانە بدەن بە موسوڵمانان. ئەو ناوچانە ببووە مەترسیەک لەسەر عومەری کوڕی خەتاب. ئەترسا هەڵگەڕانەوە ڕووبدات و لە پشتەوە لە موسوڵمانەکان بدەن. بۆیە هێزێکی ڕەوانەکرد تاوەکو پێشڕەوی بکات بۆ ئەو ناوچانەی ئەمانیان پێدرابوو، ئەو هێزە لە پیرۆد دابەزی، کوردەکانیش

بەرەنگاریان بونەوە، کوشتارێکی یەکجار زۆری کوردان کرا و غەنیمەیەکی زۆریان دەست کەوت و ناوچەکەش بەتەواوی کەوتە دەستی موسوڵمانەکان.
'سلمی بن قیس الاشجعی'ش ڕووبەڕووی هێزێکی کوردان دەبێتەوە و داوایان لێدەکات یان ببن بە موسوڵمان یان باج بدەن. کوردەکان بە هیچیان ڕازی نابن بۆیە شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا پیاوەکانیان هەمووی کوشت و ژن و منداڵەکانیشیان وەک تالانی جەنگ برد.
هەتا کوژرانی عومەر بەو شێوەیە خەڵکی زاگرۆس و عێراق و شام لەسەر دەستی ئیسلام ئەنفال کران. ئەوەی شایانی باسە وەک پێشتر باسمان کرد ئەو ناوچانەی عێراق و ئێرانی ئیمرۆ زۆرینەی کورد بوون. ساسانەکان دەسەڵاتداری کوردی بوون و بەشە زۆرەکەی ئەنفالیش هەر بەسەر کورد دابڕاوە.

**٢. ١٠ کوشتنی عومەر**

لە دیدی بێلایەنی و ئاشتیخوازدا، هەمیشە شەڕ ماڵوێرانی بە دوادا هاتووە و هیچ کاتێک سودی نەبووە نە بۆ داگیرکەر و نە بۆ داگیرکراو. مێژو وەک دراوێکی ئاسنە چۆن هەلی بدەی دیوێک بەدەردەکەوێ و دیوەکەی تر شاراوەیە. داگیرکەران ڕووکەش دەبینن و هەر ئەو دیوە دەردەخەن بۆ جیهان بەڵام نازانن ڕۆژێک دێت دیوی ژێر ڕووکەش ئەبینرێ. بە داخەوە ڕووکەشی سەرکەوتو بیر لە وێرانی خۆی ناکاتەوە، بیر لە جەنگاوەرانی خۆی ناکاتەوە چۆن ئەوانیش دەبن بە قوربانی سەرکردەیەک یان پەیامێکی بەڵین پێدراو. جەنگاوەرەکانی ئیسلام بۆ پاداشتی بەهەشت جەنگین ژیانێکیان بەدەست بوو هەردووکلای بەهەشت بوو، بکوژرێ بەهەشتی پر لە حۆری، نەکوژرێ بەهەشتی پر لە کچانی جوانی. ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە ماڵوێرانی تەنها بۆ ناموسوڵمانانە، کەچی خۆشیان لە ماڵوێرانی زیاتر چیان بۆ نەمایەوە. بۆ بەهەشتە بەڵێن پێدراوەکە هەروا چاوەڕێن و نەیان دیوە، ئایا سبەێنێ یە؟ یان دەبێ بۆ هەزاران ساڵی تریش هەر چاوەڕێ بن! ئایا خەوتون و ئاگادار نین! تۆ بڵێی هەڵبستنەوە و ببینن! لە دیدی ئیسلامدا هەروا چاوەڕێن!
ئەوانەی نەشکوژران و کچە شۆخ و شەنگەکانیان برد تۆ بڵێی خۆشیان لێ دی بێ؟ بڕوا ناکەم ئەو بەهەشتەی لە میزۆپۆتامیا دیتیان بەقەد ئەو ڕۆژانەی خۆیان خۆش بووبێ کە لە ژێر دەوارێکی بیابان ئالودەی شیعر و دڵداری بوون، ئەوەی ناڵێم هەر

خۆیان نەخۆشی خوێن فرکردنیان هەبووبێ و شمشێرەکەیان گیرۆدەی ملپەڕاندن بووبێ. ئەو خۆشیانەش هێندەی نەخایەند و لە شەڕی موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان کوژران و مایە بەتاڵ مانەوە. ئەوەی کوژرا خۆشیە کاتیەکەی نەما ئەوەی نەکوژرا بەهەشتی لەدەست چوو، چونکە موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان خوێن بڕێژێ هەردووک بۆ دۆزەخن. کەواتە ماڵوێرانی بۆ داگیرکەرانیش وەک داگیرکراوەکانی لێهات.

ئەو ماڵوێرانیە کێ ئەنجامی دا و کێ سودمەند بوو، ئەگەر لە بنەچەی ماڵوێرانیەکە بکۆڵینەوە پەیامبەری ئیسلام دایهێنا و ئەوبوبەکر درێژە پێدەری بوو، عومەریش تەواوکەری داگیرکردنەکان بوو. توندوتیژی عومەر بێ وێنە بوو هەم لەگەڵ موسوڵمان هەم لەگەڵ ناموسوڵمان. ماڵوێرانی بۆ عەرەب و ناعەرەب، بۆ موسوڵمان و ناموسوڵمان دروستکرد، ئەبێ بپرسین دوارۆژی چی لێ بەسەردێت! عومەری کوڕی خەتتاب بە فەرمانی ئەڵلای ئیسلام، هەزاران منداڵی هەتیو کرد، هەزران ژنی بێوەژن کرد، هەزاران کەڵەپیاوانی بە کوشتدا.

ئەگەر کەسێک عەرەب نەبێت و موسوڵمان نەبێت شمشێرەکەی عومەر وەک گورگ دەبینێ بۆ گەردەنی خەڵک و ئەو دیوە دراوەی ژێرەوە دەبینێ، خۆی پێ ناگیرێ بە نوکی قەڵەمەکەی دراوەکە هەڵدەستێنێتەوە، وەک میزراح دەیخولێنێتەوە بۆ ئەوەی هەموو خەڵکێک دیوەکان ببینێ و سەردەمی تاک ڕووکەشی زیندەبەچاڵ بکات. کاتی ئەوە هاتووە دیوە شارراوەکە کە مێژوێکی خوێناوییە بۆ خوێنەر نمایش بکات و ڕاستی عومەر و کورد بەدەربخەات.

یاسای سروشت هەروایە و بەدەستی ئێمە نییە بکوژان زۆرینەی جار لەسەر زەمین تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە و خاوەن هەڵوێستەکان ناهێڵن ئەو ستەمکارانە لەسەر ئەو ژینە بۆی دەربچن. ئەو کەڵە پیاوانە دەڵێن چاوەڕێی سزای دوارۆژ ناکەین، کێ دەڵێ دادگا دەبێ و داواکار و داوالەسەرکراو کۆدەبنەوە، ئەوان دەڵێن با مێژو تۆمار بکەین و لە سەرزەمین تۆڵە بکەینەوە. لە دیدی ستەملێکراوەکانی سەردەمی ساسان بەرامبەر عومەر هەر وابوون و چاوەڕێی کەڵەپیاوێک بوون دەرکەوێ تا تۆڵەی شارستانیەتێکی سوتاو بکاتەوە. کەسێک دەبێ تۆڵە بکاتەوە لە دژی چەوسانەوەی ستەمکاران بێت. ئەو کەڵە پیاوە خاوەنی خەنجەری دووسەر، نەوەی میدیەکانی نەوەی زاگرۆسیەکان، باوکی کوردان تۆماری کرد بۆ مێژو، تۆڵەی سوتاندنی

شارستانیەتێکی کردەوە. ئەو هەتیوە چاوگەشانەی کە بێبەش بوون لە باوکیان ببوون بە خزمەتکاری خاوەن شمشێرە هارەکان، ئەو ژنە بە شەرەفانەی کە لەباوەشی شارستانیەت لە دایک بوون بە دەستی بیابانیەکان هاوسەرەکانیان کوژران و خۆشیان بران بۆ عەرەبستان و شەوان بە فەرمانی ئەڵلا لاقە دەکران. کۆمەڵگایەک ژیانی جاهیلی و ناجاهیلی گیرۆدەی نێربازی بووبێ دەبێ چیان لەو نێرمنداڵانە کردبێ، کە خۆشیان پیر بوون هاوکێشەکەیان پێچەوانە کردۆتەوە. ئەم کارە جەرگبڕانە کێ دەبێ تۆڵەی بۆ بکاتەوە!! بابە گەورەی کوردان دەبێ بە خەنجەری دووسەر جەرگی عومەر ببڕێت کە جەرگی بابەگەورەی خوراد بوو کاتێک منداڵە چاوگەشەکانی ئەدیت کە چۆن ببوون بە کویلەی دواکەوتووترین میللەتی سەر ئەرز، دەستی بەسەریاندا ئەهێنا و دەیگوت عومەر جەرگی خواردم.[138]

ئەبێ چەند گرفتاری شاخ و کێوەکان بووبێت. ئەبێ چۆن شەوانە بە ئاخی کۆیلە نێرمنداڵەکانەوە ناڵاندبێتی. ئەبێ ڕۆژانە چەند جار جگەری خورابێ لەلایەن عومەری کوڕی خەتاب. ئەبێ چ ئاگرێک لە دڵی بەربووبێت. هەزار و چوارسەد ساڵ زیاتر تێپەریوە لەو مەرگەساتە هێشتا گر لە ناخماندا هەڵئەقوڵێ ئەبێ بابە گەورە چۆن دڵی لەتوپەت نەبووبێ.

ئەو کەڵە پیاوە ناوی پیرۆز بوو بە باوکی لوئلوئە 'أبو لؤلؤة' ناسرا بوو. لە شەڕی نەهاوەند بە دیل دەگیرێ. ئەو کەڵە پیاوە زانایەکی گەورە بوو لە زانستی دارتاشی و ئاسنگەری و نەقاش و دروستکەری ئاش، بێگومان دروستکەرێکی ئاش دەبێ زانای فیزیک و بیرکاری بێت تا بتوانێ بە هەوا و ئاو ئاش بگێڕێ. هەندێک لەسەرچاوەی شیعەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن پیرۆز کوڕی یەزدەگیردی حاکمی نەهاوندە لەگەڵ خوشکەکانی (مهربانو =مەرجانە، شهربانو، کیهان بانو، شاهینازبانو) بەدیل دەگیرێ. مهربانو دەدرێتە زید بن ابي سفیان ئەویش دەیبات بۆ پالاسی هەزاردار.[139] شهربانو دەدرێتە حسین بن علي، کیهان دەدرێتە محمد بن ابي بکر، شاهینازبانو دەدرێتە عبدالله کوڕی عومەری کوڕی خەتاب. ئەو سەرچاوانە پیرۆزی نەهاوەندی دەچوێنن بە 'هرمزان فیروز' واتە کارێکتەری هرمزان و پیروز دەکەنەوە یەک کەس. ئەڵێن لەگەڵ ٦ خوشکی بەدیل دەگیرێ و هەر بۆیە ٦ خەنجەر لە عومەر دەدات تاوەکو

[138] تأریخ الطبري، ج ٥، ل ٥٢–٥٥ // البدایة و النهایة، ج ٧ ل ١٥٠ – ١٥٨
[139] المعاریف لابن قتیبة، ل ٣٤٦

هەر لیدانەی لە پێناوی خوشکێک بێت. هەندێک سەرچاوەی شیعە وەک سەرچاوەی سوننە پیرۆزی نەهاوەندی بە حاکمی نەهاوەند دانانێن تەنها دەڵێن کەسێک بووە وەستای دارتاشی و ئاسنگەری و دروستکەری ئاش بووە.

پاش ئەوەی پیرۆز دیل دەکرێ دەبێتە کۆیلەی موغیرە، ئەویش کاری پێ دەکات بە دروستکردنی خەنجەر و شمشێر، ڕۆژانە ٤ درهەمی ئەدایە. موغەیرە ژیانی زۆر سەخت کردبوو، ڕۆژێک عومەر دەبینێت ئەڵێ موغەیرە ژیانی زۆر سەخت کردومە، عومەریش دەڵێت لە ئەڵلا بترسە و ڕێزی گەورەت بگرە واتە ملکەچ بە. پاشان بانگی دەکات کە ئاشێکی بۆ دروست بکات بە هەوا کاربکات. ئەویش بە توڕەیی پێی دەڵێت بۆت دروست دەکەم. عومەر دەڵێت ئەو کۆیلەیە هەڕەشەم لێ دەکات و پەیمانیشم دەداتێ. هەندێک سەرچاوەی تر دەڵێ وتویەتی وا بۆت دروست دەکەم هەتا ڕۆژی قیامەت نەوەستێ. لأدیرن لک رحی لا تسکن الی یوم القیامة. هەندێکیش دەڵێن ئاشێکت بۆ دروست دەکەم لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەنگ بداتەوە. لاعملن لک رحی یتحدث بها من بالمشرق و المغرب.[140]

بەڵێ ملکەچی کاری کۆیلەیە، بەڵام دەبێ بپرسین ئایا هەموو کۆیلەیەک خاوەن یەک هەڵوێستە. کەسێکی زانا لەو شارستانیەتە پەروەردە بووبێت و ئێستا لە بیابان ملکەچ بێت. ئەو هەتیوانە ببینێت خزمەتکاری لاقەکەری دایکیان بن. ئەمە مەحالە بۆ کەسێکی خاوەن هەست ئەوە قبوڵ بکات. عومەریش چاک دەیزانی هەڵوێستی ئەو کۆیلانە چۆن دەبێ بەرامبەر خەڵکی عەرەبی موسوڵمان بۆیە دەیوت با کۆیلە نەیەتە ناو شاری مەدینە بەڵام هەندێک موسوڵمانی بەرژەوەندی خواز ویستیان کۆیلە بهێننە ناو شاری مەدینە.

لە سەرچاوەی 'الطبقات الکبری'دا مغیرة نامە بۆ عومەر دەنێرێت کە ڕوخسەتی بداتێ تاوەکو باوکی لؤلؤە بێتە مەدینە چونکە خێری بۆ خەڵک دەبێت چونکە نەقاش و دارتاش و ئاسنگەرە.

کۆشتنی عومەر لەلایەن پیرۆز بۆ ئەو ئازارە نەبووە کە موغیرە ژیانی لێ سەخت کرد بوو ئەگەر وابوایە ئەوا موغیرەی دەکوشت نەوەک عومەر. هۆکاری ئەوە نەبوو کە بەم شێوەیە وەڵامی داوەتەوە کە ملکەچی موغیرە بێت بەڵکو تۆڵەی ئاش و ئەنفال بووە. تۆڵەی ئەو ئاشانە بووە کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە خوێنی ڕۆڵەکانی گێڕدرا.

---

[140] الکنی و الالقاب، ج ١ ل ١٤٧ ـ ١٤٨

پیرۆزی نەهاوەندی خاوەن هەڵوێست بوو ئەو دەیتوانی ئاشێک بۆ عومەر دروست بکات خۆی و خوشکەکانی ڕزگار بکات بەڵام لە بری ئەو ئاشە خەنجەرێکی دوو سەری دروست کرد تاوەکو تۆڵەی شارستانییەتێکی سوتاو بکاتەوە.
لە چەند سەرچاوەیەکدا باسی ئەوە دەکەن چوار کەس بەشداری کوشتنی عومەر دەکەن:
هورمزان پاشای ئەهواز لە ساڵی ١٨ی کۆچی خۆی دەدات بە دەستەوە، خوشکەکەی دەبێتە ژنی حسین کوڕی علی.[141]
کعب جولەکەیەکی یەمەن بووە هاتۆتە شاری مەدینە.
ابو لؤلؤة ناوی 'پیرۆزی نەهاوەندی' بووە بەڵام لە زمانی عەربی هەموو 'پا'یەک بۆتە 'فاء' کچەکەشی ناوی لوءلوء بووە. لەشەڕەکانی ناوچەی میزۆپۆتامیا بە دیل دەگیرێ.
جفینە کویلەیەکی مەسیحی بووە لەناوچەی حیرە بە دیل دەگیرێ.
لێرەدا موسوڵمان یەهود بە تاوانبار دائەنێن کە بەشداری کوشتنی عومەریان کردووە بەڵام ئەمە هیچ بناغەیەکی نیە بەڵکو کعب ویستویەتی کوشتنەکەی عومەر ئاشکرا بکات چونکە هاتۆتە لای عومەر وتویەتی سێ ڕۆژت ماوە وەسیەتنامە بنوسە. عومەر پێی دەڵێ چۆن دەزانی ئەویش دەڵێ لە تەورات هاتووە.
عومەر بە سەرسوڕماویەوە دەڵێ ناوی من لە تەورات هاتووە ئەویش دەڵێ نەخێر بەڵکو سیفاتی تۆ لە تەورات هاتووە. بۆ ڕۆژی دووەهەم دەڵێت تەنها دوو ڕۆژت ماوە.
لێرەدا دەردەکەوێت کعب ویستویەتی ئەو پلانە ئاشکرا بکات، دەردەکەوێ دەستی لەو پلانەدا نەبووە بەڵکو لە ڕێگەیەکەوە زانیویەتی، ئەگەر دەستی هەبوایە ئەوا قەت نەدەهاتە لای عومەر تاوەکو ئاگاداری بکاتەوە. ئەکرێ لە پلانەکەدا بووبێت بەڵام بە خیانەتکارانە.
ڕۆژێک عومەر بە پیروز دەڵێ ئەڵێن کارزانێکی باشی دەتوانی ئاشێکمان بۆ دروست بکەی، ئەویش دەڵێ ئاشێکت بۆ دروست دەکەم بە هەوا کار بکات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بێنە لات.
شەرفی کوشتنی عومەر بە دەستی کەسێک دەبێت کە شایستەی باوکی کچە جوانەکەی ڕۆڵەی میدیای چاو یاقوتەکە بێ. باوکی کوردان خەنجەرێکی تیژی

[141] معجم النورين، الشيخ أبو حسن المرتزى ل ٢٢٢

ژەهراوی دووسەر دروست دەکات وەک بڵێی 'وان'ە و فوڕات و دووگێلی [142] لێ هەڵدەقوڵێ تاوەکو لە عومەر بدات بە قورسایی میژوی ('فوڕات' و 'دجله = دووگێل') خوێن لە مێژوی ئیسلام بچۆڕێت.
بابەگەورەی کوردان هێندە بە داخ بوو بۆ منداڵە کویلەکان کاتێک دەستی بەسەریان دادەهێنا دەی وت جگەری خواردم عومەر. ئەستەمە ئێمە لە فرمێسکە مردووەکان تێبگەین بەڵام بابەگەورە لە سەردەمی خۆی لەو فرمێسکانە تێدەگەیشت. ئەستەمە ئێمە لە هەستە بێ لانەکان تێبگەین بەڵام ئەو لە ڕوح سوتاوەکان تێ دەگەیشت.
هەندێک سەرچاوە دەڵێن بابەگەورەی کوردان لە کاتی نوێژکردنی عومەردا حەوت خەنجەری لێدا و ١٣ کەسیشی زامدار کرد کە حەوتیان بە هۆی زامەکەوە دەمرن، هەندێکیش دەڵێن سێ خەنجەری لێدا دیارە ویستویەتی مۆرکی زەردەشتیەت بە هێمای خەنجەری دووسەری لە مێژو بدات. پاشان کەوتە ناوگیانی موسوڵمانانی ناو مزگەوتەکە، موسوڵمانەکان نەیانتوانی بەرەنگاری ئەو کەڵە پیاوە ببنەوە بۆیە تۆڕێکیان بۆ هەڵداو تاوەکو بە دیلی بیگرن. ئەویش زانی دیلی لەم چەشنە کاری دەستی نامەردانە بۆیە خۆی کوشت.
هەندێکیش دەڵێن لە پەنا مزگەوتەکە خۆی مەلاس دابوو هەتا عومەر هات لە بەرەبەیاندا لەگەڵ هەڵهاتنی تیشکی خۆر لێی هاتە پێش و بەخەنجەر کەوتە سەری لە ناوکیەوە دەستی پێکرد. پاشان لە هاوەڵەکانیدا کە ١٣ کەس بوون. دیارە هەر واش بووە ئەگەر لە نوێژ بایە ئەوا خەنجەرەکانی لە پشتی دەدرا نەوەک لە سنگ و ناوکی.
پاش ئەو زەبرە قورسەی دەیوەشێنێت هاوەڵانی عومەر دەیانەوێ بیگرن ئەویش دیلی بەسەرشۆڕی دەزانێ بۆیە پێش گرتنی خۆی دەکوژێ. عومەر بە ئیبن عەباس دەڵێت سەیرکە کێ منی کوشت تورفرۆش، خزمەتکارەکەی موغەیرە، تۆ و باوکت و کورەکەی عبدالله پێتان خۆش بوو کە زۆرترین کۆیلە بێتە ناوشار.
لە پاش کوشتنی عومەر، عبداللەی کوڕی هەڵدەستێت بە کوشتنی هورمزان و جوفیە و کچە بچکۆلانەکەی پیروز واتە لؤلؤە کە تەنها تەمەنی ٦ ساڵ بوو. 'عبدالرحمن بن عوف' سەری لە لاشەکەی جیا دەکاتەوە، پاشان کوڕی عومەر ویستی هەموو

[142] مەبەست لە روباری دیجلە و فوراتە

کۆیلەکانی فارس و ڕۆم بکوژێ بەڵام ئەیگرن و زیندانی دەکەن هەتا عوسمان دەبێتە خەلیفە.[143]

بابە گەورە باش ئەیزانی ئەگەر بگیرێ هەر ئەکوژرێ و کچە بچکۆلانەکەشی بە کەنیزەکی لاقە دەکرێت و دەفرۆشرێت. عائیشە ٩ ساڵان بوو بە شویان دا ئەی چۆن لۆلۆە لاقە ناکرێ گەر بگاتە تەمەنی عائیشە هەربۆیە بابەگەورە کارەکەی زوو ئەنجامدا تاوەکو خۆی و کچی زوو لەو دونیا ستەمکارە ڕزگاریان بێت. ئیتر ئاهورامەزدا و ئەڵڵا بەرامبەر سروشت داداگایی دەکرێن کێ بچێت بۆ دۆزەخ و کێ بۆ بەهەشتی ناو ئامێزی سروشت بچێت. ئەوە قەڵەم و سروشتی گەردون و مرۆڤایەتی بڕیار دەدات، نابێ چاوەڕێ و بڕیاری ابن تیمیە بکەین کە دەڵێت بە ئیتفاقی گشتی لەلای زانایان ابولۆلۆە کافرە.

بەڕاستی بابەگەورە تۆ توانیت مۆرکی زەردەشتیەت و فەرهەنگی هەزار ساڵەی زەردەشتیەت بە خەنجەری دووسەری وەک زمانی مار دەربهێنی و عومەری کوڕی خەتابی پێ بنێری بۆ بەهەشتی ئیسلام کە دۆزەخێکی سروشتی زەردەشتیەکانە. تۆ توانیت تۆڵەی ئەنفال و ئەو ئاشانەی بکەیەوە کە بە خوێنی جەنگاوەران سێ ڕۆژ گێڕدرا لەشەڕی ئولیس.

دەبێ لەو لێدانەی پیرۆز شیکاری بکرێت بۆچ بە خەنجەرەکەی ٣ جار لێیدا، بۆچ لە ناوکیدا. ئایا پەیوەندی بە (بیر و وتە و کاری) چاک هەبوو یان لەگەڵ ناوکەپەتکی ژینی ئەهریمەن هەبوو؟ تێناگەین لە ناخ و دەرونی کەسێک لە دونیا تێگەیشتبێ بە تایبەتی لە شارستانیەتێکەوە هاتبێ بۆ ناو بیابان. ئەو هەستە هەر خۆی دەتوانێ دەریببڕێ هەروەک گۆرانی شاعیر دەڵێ قسەی زمان و دەرون زۆر لێک دوورن. وشە نییە بۆ دەربڕینی هەستەکانی هەربۆیە هەستەکەی بە خەنجەری دروستکراوی دەستی خۆی دەربڕی و تۆڵەی بەرو دوای کردەوە.

ئەوەی ماوە باسی بکەین با شیعەکان [144] خۆیان بەو کەڵە پیاوە شۆرنەکەنەوە وەک دەڵێن موسوڵمانێکی موجاهید بووە. ئەوان تەنها لە ڕقی عومەر دەیانەوێ بیکەن بە شیعە و ناویان لێناوە 'بابا شجاع' ئەگینا کەی لۆجیکە ئەو موسوڵمان بووبێ. ئەگەر پیرۆزی نەهاوەندی شیعە بوایە و فارس بوایە ئەوا عومەری نەدەکوشت لەگەڵ

---

[143] الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد. ل 85 – 88

[144] فرحة الزهراء، ل ١٢٣ ـ ١٢٦ // سفينة البحار، ج ٧ ل ٥٥٩ ـ ٥٦٠

سەلمانی پارسی دەبوون بە هاوڕێی هەمیشەیی. پێمان نالێن بابا شجاع لە چ شەڕێک شان بەشانی موسوڵمان بەشداری کردووە تاوەکو بلێن موسوڵمانێکی موجاهید بووە. ئەو تەرمە پیرۆزەکەی لە مەدینە پارچە پارچەکرا بەچی تەرمەکەی گەیشتە کاشان تاوەکو لەوێ بنێژرێت و ببێتە مەزار. ئەگەر فارس بوایە ئەوا لەگەڵ سەلمانی فارس هاوشان دەبوو، بەڵام سلمانی پارسی نەوەی کورش بوو هەربۆیە دەستی خستە ناودەستی ئیسلام بۆ لەناو بردنی ساسانیەکان کە ڕۆڵەی میدیا بوون. بەڵام پیرۆزی نەهاوەندی نەوەی میدیەکانی کوڕی دیاکۆ و کەیخسرو بوو.

**٢. ١١ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر عێراق و شام**

ئەوەی من ئاگاداری مێژوی ئیسلام بم تا ئێستا شیکاریەکی لۆجیکانە و ئەکادیمیانە نەکراو بۆ ئەوەی بزانن سەرکەوتنی موسوڵمانەکان بەسەر ساسانیەکان و ڕۆمیەکان هۆکاری چی بوو. لەبەرئەوەی ئەو شیکاریە نەکراوە ئیسلامەکانیش سەرکەوتنەکەیان داوەتە پاڵ ئازایەتی و ویستی ئەڵلا. ئەو سەرکەوتنانە لەلایەن موسوڵمانەکان بۆتە موعجیزەیەکی ئیلاهی هەروەک عباس محمود عقاد پێی لەسەر دادەگرێ و هیچ پاساوێکی تری بۆ ناهێنێتەوە. بۆیە دەبێ چەند خاڵێک باس بکەین و بە وردی لێکی بدەینەوە هەروەک چۆن لە مێژوەکە باس کراوە ئەو کاتە ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە سەرکەوتنەکان لە کارێکی خوداوەندی نەبووە بەڵکو کەش و هەوا و کاتی گونجاو و ژینگە ئەو سەرکەوتنەی دروست کرد:

یەک) هێزی ساسانیەکان لە بارێکی ڕامیاری زۆر نائاسایی بوون بەهۆی گۆڕانی پاشاکانیان. سەرچاوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخات ناکۆکیەکی زۆر هەبووە لە نێو دەسەڵاتدارانی ساسانیەکان. چەند پاشایەک لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هاتنە سەرحوکم و کوژران، پاشان ناکۆکیەکانی نێوان ڕۆستەم و فێرزان تەشەنەی کرد. تەنانەت مۆغەکان پییان وتن ئەگەر ئێوە واز لە ناکۆکیەکان نەهێنن ئەوا ئێمە لێتان دەدەین. کەواتە لە زۆربەی زۆری شەڕە سەرەتاییەکان ساسانیەکان هیچ ئامادەباشیەکیان نەبووە بۆ ئەوەی لەشکرێکی تۆکمە دابنێن و بەرەنگاری عەرەبەکان ببنەوە و شوێنە داگیرکراوەکان بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان، هەتا شەڕی قادسیە لەشکری ساسانیەکان بە خۆ نەکەوتن.

خاڵێکی تر وا دەردەکەوێ ڕۆستەم زۆر جدی نەبووە لەو شەڕە ئینجا چ بە هۆی ئەوە بێت یەزدەگیرد پێش ١٠ ساڵەکە پاشایەتی لەڕۆستەم وەرگرتەوە یاخود بە هۆی ئەو ناکۆکیانەی کەوتبوە نێوان خانەوادەی پاشایەتی. وادەردەکەوێ یەزدەگیرد کەسێکی سەرکێش بووە و ئامۆژگاریەکانی ڕۆستەمی بەهەند وەرنەگرتوە. لە ڕاستیدا ئێمە نازانین ئەو مێژووە چۆن بووە، ڕۆستەم کوژرا و نەبوو بە موسوڵمان تاوەکو سەربردەی خۆی بۆ مێژوی ئیسلام بنوسێتەوە وەک سەلمانی پارسی.
موسوڵمانەکان مێژویان نوسیەوە، ئەوەی دەیبیستین زۆر جار سەربردەکانی ناو کۆشکن، ئایا تا چەند متمانەی هەیە ئەو مێژوە، لە کاتێکدا مێژوی ئیسلام خۆی پاش چەند سەدەیەک نوسرایەوە. بۆیە گومان لەو مێژوانە هەیە. تا چەندی ڕاستە یان ناڕاستە.
دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکەین عەرەبەکان دەزگای جاسوسی و پڕوپاگەندە و میدیایان نەبووە چۆن پەیان برد بەو کێشانەی ناو خانەوادەی ساسانیەکان لە کاتێکدا سەرکردەکانی ناو کۆشک هەمووی کوژران.
واقیعەتی ئیمڕۆ دەیسەلمێنێ و مێژوی لێکچوو دەیسەلمێنێ. ئێمە ناتوانین سەرکەوتنی موسوڵمانان بە هیچ شێوەیەک بیخەینە پاڵ خوداوەندەوە. چونکە جەنگیزخان و هۆلاکۆش بە لەشکرێکی کەم و لە تیرەیەک دەستیان پێکرد. ئەوەی دیتمان لە مێژوی مەنگۆلیەکان وەرچەرخانێکی سەرسورهێنەر بوو. کەوابوو هۆی چی بوو مەنگۆلیەکان ئەو ئیمپراتۆریەتە دروست بکەن لە ئیمپراتۆریەتی ئیسلام بەرفراوانتر بێ. بێگومان تەماحکاری و دەستدرێژی بوو. ئەی بۆچ ئیسلام ڕەگوڕیشەی داکوتا و مەنگۆلیەکان توانەوە. ئایا خوداوەند لە پشتی موسوڵمانەکان بوو؟ نەخێر قورئان و ڕامیاری ئیسلامی هێشتیەوە؟ ڕەگەزپەرستیەتی عەرەبی لە پشتی پەردەی خوداوەندەوە بوو! برسیەتی و تەماحکاری عەرەبی بیابان و خۆسەپاندنی بەسەر میللەتان هێشتیەوە! پاداشتی بەهەشتی دواڕۆژ و سەرزەمین هێشتیەوە، جەنگاوەرەکانی بە گڕ و بە تین کرد، ئارەزوەکانی دونیایی بۆ زیاد کردن ئەوەی نەیان بوو لە دونیا ئیسلام لە دونیا و ژیانی پاش مردن بۆی دابین کردن. ئەو هۆکارانە توانی بەردەوامی بە ئسیلام بدات و نەبوونی ئەو هۆکارانە بەردەوامی بە داگیرکردنی مەنگۆلیەکان نەدات.

دوو) ساسانیەکان لە باشوری وڵاتیاندا متمانەیان بەچەند تیرەیەکی عەرەبی بوو وەک جێکەرەوە لە نیوان سنوری خۆیان و دوورگەی عەرەبی، لە هەمان کاتدا ساسانیەکان شارەزا و ئاشنای بیابان نەبوون.
ئەوەی زۆر گرینگە دەبێ ڕەچاوی بکەین، پایتەختی ساسانیەکان نزیک سنوری بیابان بوو. چونکە لە کۆنەوە مدائین پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکان بوو. ئەوانیش ئەو شوێنەیان وەک خۆی هێشتەوە.
بۆیە جیاوازیەک بەدی دەکەین لە نێوان جوگرافیای ساسانیەکان و عەرەبەکان، پشتی عەرەبەکان بیابان بوو، هیچ کاتێک هێزیان لە پاش خۆیان بە جێ نەدەهێشت لەوە دڵنیا بوون لە پشتەوە ساسانیەکان یان ڕۆمیەکان پەلاماریان نادەن. بۆیە هێزەکانیان گورزێکی یەکگرتوو بوو زۆر جیاواز بوو لە هێزە پەرشوبڵاوەکەی ساسانیەکان و ڕۆمیەکان. عەرەبەکان پێشڕەویان دەکرد و پێش خۆیان دەجنی و گەڕانەوە بۆ دواوەیان نەبوو.

لە کاتێکدا ساسانیەکان لە باشور پاشایەکی عەرەبیان لە حیرة دانابوو لەگەڵ لەشکرێکی بچوک بە ناوی 'دوشیر =دووشێر' کە لە نەوەی عەرەب پێک هاتبوو. بێگومان تیرەی 'غسان'یش لایەنگری ڕۆمەکان بوون. [145] ئەکرێ ئەو دوو هۆز و ناوچە عەرەبیە یارمەتیدەری موسوڵمانان بووبن!

سێ) تالانی فاکتەرێکی زۆر گرینگ بوو بۆ موسوڵمانان. هەم لە ڕووی تێربوونی زگ و جلوبەرگیان هەم لە ڕووی تێربونی سێکسیان. موسوڵمان بکوژرابا لە بەهەشت حۆری وەردەگرت، نەکوژراباش حۆری سەر ئەرزی دەبوو کە کچە چاوکاڵ و چاورەشەکان و رەنگ پێستی سپی و گەنمیەکانی ڕۆمی و ساسانی بوو.
برسیەتی عەرەب هاندانێکی زۆر بە تین بوو، هەمیشە گورگی برسی تاودانی زیاترە، لە ئاسک خێراترە و ددانی تیژترە، کاتێک ددانی شمشێرەکانیش بەدەستی برسیەکانەوە بێت زۆر تیژتردەبێ لە ددانی شمشێرێک برسی نەبێ. ئەوەتا خالید کوڕی ولید کە دەست دەگرێ بەسەر سەربازگەکانی ساسانی بە جەنگاوەرەکانی ئەڵێ: ئەوە نابینن لێرە چ خۆراکێک هەیە؟ بە ئەڵڵا ئەگەر جیهاد و بانگەواز بۆ ئەڵڵای

[145] عبقرية خالد، ل ٧

گەورە ئەرک نەبوایە لەسەرمان، ئەمە هەر بۆ بژێوی ژیان بوایە. ڕام وا بوو بە شمشێر لەسەر ئەو خاکە هەر بجەنگین تاوەکو ئێمە زیاتر شایەنی بین. برسیەتی نەهێڵین و ئەوەی لەسەر شانی ئێوە قورسی کردووە لایبەرین. ألا ترون ما هاهنا من الاطعمات ؟ وبالله لو لم يلزمنا الجهاد في سبيل الله والدعاء إلى الاسلام ولم يكن إلا المعاش لكان الرأي أن نقاتل(نقارع) على هذا الريف حتى نكون أولى به، ونولي الجوع والاقلال من تولاه ممن أثاقل عما أنتم عليه.[146]

ئەو تاڵانیە بوو بە هاندەرێکی پتەو بۆ هێرشکردن، لە نمونەیەکی تردا. کاتێک عومەر ویستی جرير بن عبدالله البجلي بنێرێتە عێراق ئەو ڕازی نەبوو هەتا عومەر لە چواریەکی پێنجیەکەکەی تاڵانی نەداتێ. ئەو دەیوت من دەچم بۆ شام. بەڵام عومەر دەیویست بچێت بۆ عێراق و یارمەتی موسەنا بدات. بەهۆی تیرەی بەجیلە بوو سەرکەوتنیان هێنا لە شەڕی بویەب.[147]

ئێمە ناتوانن نکۆڵی لە ئازایەتی خالید کوڕی وەلید بکەین کەسێکی جەربەزە و شەڕڤان بووە. هەر ئەو توانی شەڕی ئوحود بۆ کافرەکان بباتەوە دژ بە ئیسلام و هەر ئەویش شەڕەکانی ئیسلامی بردەوە. لەوەش نازانین چیرۆکەکان چەندینی بە قەڵەمی ناوکۆشک نوسراو تاچەند ڕاستینەی هەبووە. ئەگەر ڕاستینەی هەبووبێ دەبێ ئەوەش ڕاستبێ کە خۆیان باسی دەکەن چ دڕندەیەک بووە. ئەگەر دڕندەیی بخەیتە سەر مرۆڤی ئازا بێگومان کاری سەرسورهێنەری لێ ڕەچاودەکرێ ئەگەر کەسێکی پاڵەوانی بەرامبەری خاوەن بەزەیی بێت و دڕندەیی لە ناخیدا نەبێ. ئەگەر خەیاڵ بمان باتە مەیدانی جەنگێکی ئەفسوناوی کە دوو پاڵەوان بکەونە بەرامبەر یەک، هەلومەرجێک وایان لێ بکات کاتێک ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و بەرەو یەکتری دێن و تاوی یەک دەدەن، دەبێ بەسەر سنگی مناڵی شیرەخۆر و ژن و پیاوی پەککەوتە بکەون. ئەگەر پاڵەوانە دڕندەکە بێ بەزەیی بێت و گوێ لە قرچە قرچە شکانی پەراسوەکانی ژێر پێی نەبێ زۆر ئاسانە و ئەستەم نییە ئەگەر شمشێرەکەی نەلەرزێ و ڕووبەڕووی بەرامبەرەکەی ببێتەوە. پاڵەوانی خاوەن بەزەیی ئاساییە و ترسنۆکی نییە ئەگەر لەو مەیدانە پاشەکشە بکات و مەیدان چۆڵ بکات. چونکە لەوە

[146] البداية و النهاية، وقعة الولجة، ج ٦ ل ٣٧٩ - ٣٨٠// تاريخ الطبري، ذكر وقعة الولجة، ج ٤ ل ٣٣// لەسەرچاوی طبري وشەی نقارع لە جێتای نقاتل هاتووە کە مەبەستی ئەوەیە بەشمشێر بجەنگی.
[147] تاريخ الطبري، ج ٤ ل ١٠٥ غزوة البويب

ناترسێ مێژو بۆی بنوسێ پاڵەوانێکی ترسنۆک بوو بۆیە مەیدانی چۆل کرد! چونکە پاڵەوان و ترسنوک لە تای تەرازوی یەکدا نایەتەوە بۆیە بێ باکە لە چۆڵکردنی جەنگ هەرگیز لەوە ناترسێ مێژونوسێکی لەرزۆک تف لە ڕابوردی بکات چونکە دەزانێ پاڵەوانیەتی تەنها وەشاندنی شمشێر نییە بەر لەوەی جەستە لەت بکات گفەی با لەت دەکات. پاڵەوانی جەنگ ناتوانێ قرچەی پەراسوە شکاوەکانی ژێر پێی بە خریشەی بەیەکدادانی شمشێرەکان لە گوێچکەکانی کپ بکات، ئەوە ئەو نییە تەنها شمشێر لای مەبەست بێت و مەیدان چۆڵ نەکات. هەمیشە گوێ ناداتە کات، ئەوەی لای گرینگە ویژدانە. قاچەکانی کات ویژدانە بەبێ ویژدان کات جوڵەی نییە بۆیە باش دەزانێ ڕۆژێک قاچەکانی کات دەکەوێتە جوڵە و پێنوسێکی خاوەن ویژدان هەڵدەکەوێ و سەرزەنشتەی ناکات و گیانی ئاسودە دەکات.

خوێنەر! بەڕاستی ئەوەی پێت دەڵێم نمونەی جەنگێکی ئەفسوناوی نییە ئەوە ڕاستینەی چۆڵکردنی پاڵەوانەکانمان بوو هەرچەندە سەدەها لە مەیدانی جەنگ خۆیان خستە ژێر پێی داگیرکەران و نەیان هێشت لەوە زیاتر منداڵی کورد ژێر پێ بکەوێ. پاڵەوانەکانی ئێمە خودایان کرد بە ویژدان و گیانیان بە بەهەشت و دۆزەخ هەڵنەفرێواند بۆ نەوەی پاش خۆیان. ئەگەر ئەوان نەبان بەو فەلسەفە جوانیە ئێمەش نە ئەبوین. ئەوان دڵنیابوون ڕۆژێک دێت داستانەکانیان ئەنوسینەوە، ئەو کاتەش گیانیان لە کاتی ژینیان زیاتر ئاسودە دەبێ.

دڕندەیی خالید بێ هاوتا بوو، ئەگەر بەسەر مێژوی خۆیان دابچینەوە بزانین ئەو قارەمانە چ زاتێک بووە، ئایا کارامە بوو وەک عباس محمود عقاد دەڵێ یان دڕندە بوو وەک من دەڵێم.

لە تەفسیری ابن کثیر دەڵێ جارێکیان پەیامبەر خالید دەنێرێتە غەزوێک، کاتێک ئەو ناوچەیە دەزانن هێرشی موسوڵمان بەڕێوەیە پیاوەکانیان هەمووی هەڵدێن و تەنها یەکێکیان هەڵنایەت و دەبێتە موسوڵمان. کاتیک خۆی دەگەینیتە لای 'عمار بن یاسر' دەڵێ من بوم بە موسوڵمان ئەویش ئەمانی دەداتێ. بەڵام خالید دەچێ تالانیەکان کۆ دەکاتەوە و ماڵی ئەو پیاوەش دەبات، عەمار بە وەڵام دێت و ناهێڵێ کەچی هیچ نرخێکی بۆ عەمار دانانێت ئەویش گازاندەی خۆی دەگەینێتە لای پەیامبەر، پەیامبەریش خالید سەرزەنشت دەکات ئەویش دەڵێ تۆ بوار دەدەی ئەو کۆیلە

ڕەشتاڵە جنێو بە من بدات. ئەویش دەڵێ ئەوی جنێو بە عەمار بدات ئەڵڵا جنێوی پێ دەدات. لیرەدا تەنها تالآنچیەتی خالید دەردەخات کەسێکی چەتە و ماڵپەرست بووە.[148] هەرچەندە پەیامبەر لایەنگری عەمار بوو کەچی لەولاشەوە بە خالیدی دەوت شمشێری ئەڵڵا.

گێڕانەوە زۆرە لەسەر کوشتارکردنی خالید بەرامبەر ئیسلام و نائیسلامدا، ئەگەر بچینەوە بەشی یەکەمی ئەو کتێبە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان دەزانین خالیدی کوڕی وەلید لەبەرچی سەری مالک بن نویرەی پەراند و گۆشتەکەی خوارد کە تەنها لەبەر جوانی ژنەکەی بوو کە سەرنجی خالیدی ڕاکێشا. ئێمە ئەوەش دەزانین مالک بن نویرة موسوڵمان بوو بەڵام کێشەی نیوان ئەبوبەکر و مالک ئەوە بوو ویستیان زەکات نەدەن بۆیە خالیدی نارده سەریان.

هەر لەسەردەمی پەیامبەریش خالید جارێکیان کوشتاری خەڵکی بني جزيمة دەکات پاش ئەوەی دەبن بە موسوڵمان. بەڵام وتەی پەیامبەر تەنها ئەوە دەبێ: ئەی ئەڵڵا! من بێتاوانم لەوەی خالیدی کوڕی ولید کردی. اللهم اني أبرأ اليک مما صنع خالد بن الوليد."[149]

لە درێژەی باسەکانمان لەناو ئەو پەرتوکە ڕۆڵی خالید و دڕندایەتی دەبینین ئەوسا دەزانین دڕندەیی هۆکارێکە بۆ بردنەوەی جەنگ.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە کەسانی ڕۆشنبیری عەرەبی ناتوانن لە ڕاستینەی مێژوو دادپەروەر بن ئەگەر سەیری عەلی وەردی بکەین باسێکی پێکەنیناوی دەخاتە ناو پەرتوکەکەی دەڵێ پاڵنەرە ئارەزوەکان پێچەوانەی رواڵەتە دەرەکیەکانە ئەمەش دەبێتە هۆی نیفاق و دوو ڕوویی، هەر بۆیە نەتەوەی عەرەب زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی تر توشی دووڕوویی و ئیزدیواجیەتی بوون.[150]

عەلی وەردی دەیەوێت ئیسلام و موسوڵمان جیا بکاتەوە موسوڵمان لە پێگەی ئیسلام دەربهێنێت و بە پاکی نیشانی بدات ئەو دزیەو تالآنی و دەستدرێژیانە بخاتە ئەستۆی عەرەبی دەشتەکی بە جۆرێک دەشتەکیان تەوانبار دەکات کە نەیانتوانیەوە لە ئارەزووەکانی خۆیان لە ئیسلامدا پاکبکەنەوە.

---

[148] تفسیر ابن کثیر، سورة النساء، ایة ٥٩

[149] صحيح البخاري. المغازي. بعث النبي صلى الله عليه وسلم خالد بن الوليد إلى بني جذيمة // سنن النسائي. آداب القضاة. الرد على الحاكم إذا قضى بغير الحق

[150] واعیزەکانی سولتان، ل ٢٧ ـ ٢٨

موسوڵمانان بە دوو جەمسەری لە قەڵەم دەدات بەڵام من پێم وانییە ئەوە ئەسڵی هەبێ ئەو ویستویەتی بەرگری لە عێراق و ئیسلام بکات لە دژی ئەوانەی کە گەلی عێراق بە ئەهلی نیفاق و دووفاقی دادەنێن ئەو موعاویە و هۆزەکەی تۆمەتبار دەکات بەڵام ئەوانەی لەبیر دەچیت ئاینی ئیسلام هەڵقوڵاوی ناخی عەرەب بوو هەروەها ئەو یاسا تالانیە پاشماوەی کەلتوری عەرەبیە و لەناو ئیسلامدا ڕەنگی داوەتەوە و بە شەرعی ئەڵڵا تالانی و هەبوونی کەنیزەک ڕەوا کراوە بۆ موسوڵمانان. ئەگەر ئیسلام بیتوانیبا دیاردەکانی کەلتوری عەرەب لە شەریعەتدا نەهێڵێ ئەوا حەتمەن ئاینی ئیسلام بەرەو ڕێچکەیەکی تر دەچوو. ئەگەر ئیسلام هەڵقوڵاوی ناخی عەرەبیەت نەبووبا ئەوا کەلتوری عەرەبی نەدەهێشت نەوەک کەلتوری عەرەب لەناو ئاینی ئیسلام ڕەنگ بداتەوە.

چوار) موسوڵمانان بە بێ پشوو هێرشەکانیان دەست پێکرد، هەر لە شەڕی هەڵگەڕاوەکان تەواو بوون شەڕیان دەست پێکرد لەسەر ناعەرەبەکان. بەردەوامی شەڕیش موسوڵمانەکانی بە هێز کرد. لە هەمان کاتدا عەرەب یەکی گرتەوە بێ گوێ دانە ئەوەی کێ بتپەرست بووە یاخود هەڵگەڕاوە بووە یان لەسەر ئاینێکی تر بووە. بۆ نمونە مێژوی ئیسلام ئاماژە بەوە دەکات مەسیحە عەرەبەکان بەشداری شەڕیان کردوە دژ بە ساسانیەکان. بۆ نمونە گەنجێکی مەسیحی هۆزی تغلب میهرانی سەرکردەی ساسانیەکانی کوشت. واتە ئەوە شەڕی عەرەب و نەتەوەکانی تر بووە دژ بە ساسانیەکان. خۆ بە پێی شەرع مەسیحیەکان تەنها جزیە دەدەن بەڵام لەسەریان نییە شەڕبکەن شان بە شانی موسوڵمان.[151]

پێنج) لەبەر ئەوەی شارستانیەتی ئەو کاتە وەک ئێستا هەواڵگری و تەکنەلۆجیا و پەیوەندی گەیاندنەکان نەبووە تاوەکو بە هێرشی عەرەبەکان ئاگادار بن تاوەکو هێزێکی تۆکمە بنێرن و بەرامبەر موسوڵمانەکان بوەستن. تاوەکو ساسانیەکان هێزەکانیان بەرامبەر ڕۆم بکشێنەوە یاخود بە پێچەوانەوە ڕۆمەکان هێزیان بەرامبەر ساسانیەکان بکشێنەوە و هێرشکەنە سەر بیابان. لەشکری ساسان و ڕۆمەکان هەردووک بەرامبەر یەکتری بوون و لە باشوری ناوچەکانی خۆیان هیچ هێزێکی

[151] تاريخ الطبري، ج ٤ ل ١٠٥ غزوة البويب

بەرگریان دانەنا بوو، هیچ حیسابیان بۆ هێزی دوورگەی عەرەبی نەکردبوو چونکە دەیانزانی هیچ شارستانیەتێکی پێشکەوتووی تێدا نییە و هەر مەزەندەی بیابانی وشکیان کردبوو.
ئەگەر لە هەواڵی هێرشی عەرەبەکانیش ئاگادر بکرابانەوە هەردووک سوپا نەیان دەتوانی هێزی بەرامبەر یەکتری بکشێننەوە و بیگوێزنەوە بۆ شەڕی عەرەبەکان چونکە هەردووک سوپا ڕۆم و ساسان متمانەیان بەیەکتری نەبووە ئەگەر یەکیان هێزەکە بکشێنێتەوە ڕووبەڕووی هێرشی بەرامبەر نەبێتەوە. بۆیە ئەو دوو هێزە بەرامبەر یەکتری مانەوە عەرەبەکانیش لە باشورەوە بۆیان هاتن. ئەوەی گرینگە دەبێ بیزانین ماوەی هێرشەکەش زۆر کورت بووە لە پاش شەڕی هەڵگەڕاوەکان یەکسەر هێرشی سەر عێراق و ڕۆم ڕوویداوە کە نزیکەی ٢ ساڵێک بوو. بەو دوو ساڵە ئەستەمە سوپاکان جێگۆڕکێی پێ کرابێ.
لە ڕاستیدا بە هۆی کتوپری هێرشەکانی خالید ناموسوڵمانەکان نەیان ئەتوانی هێزەکانی خۆیان لە شوێنە جیا جیاکان بکشێنەوە و بە هێزێکی تۆکمە ڕووبەڕووی خالید ببنەوە. هێزی ئەوان وەک هێزی موسوڵمانان نەبوو کە کۆکراوەی هێزی دوورگەی عەرەبی بوو. لە چیرۆکەکانی ئیسلامدا وا دەری ئەخەن هێزی موسوڵمانان زۆر کەم بوون و هێزی ناموسوڵمان زۆر بووە و هەر تێکشکاون. ئەمە بە هیچ شێوەیەک لۆجیک نییە، کاتێک هێزی موسوڵمانان چل هەزار ئەبن و هێزی ڕۆمیەکان سەدوچل هەزار ئەبن، بەرامبەر ئیسلام ئەشکێن و چل هەزاریان لێ ئەکوژرێ.
زیادەڕۆییەکەی بێشومار لە ئاماری ئیسلامدا تۆمار کراوە بە مەزەندەی خۆیان بە هێزێکی زۆر کەمەوە پەلاماری هەردووک زلهێزیان داوە و ژمارەی ئەوانیش ڕادەبەدەر بووە. لە کاتێکدا موسوڵمانانیش سەرکەوتنیان بۆ تۆمارکراوە.
لە شەڕی قادسیە، موسوڵمانان ئەڵێن فارسەکان ١٢٠ هەزار بوون و خۆشیان سی هەزارو شتێک بوون. بەڵام ٨٥٠٠ جەنگاوەریان کوژرا. کەواتە چۆن بە ژمارەیەکی کەم دەتوانن نزیکەی ١٢٠ هەزار بکوژن لە کاتێکدا ٨٥٠٠ لە ئیسلام بکوژرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هێزەکانی ساسانی لە سەر سنوری عەرەبستان بەو ڕێژەیە نەبووە بەڵکو لە باکوری ڕۆژئاوای میزوپۆتامیا بووە. هەروەها کەسێکی وەک سەلمانی پارسی توانیویەتی هەموو خاڵە سەربازیەکان و لاوازیەکەی بۆ موسوڵمانان ئاشکرا بکات، بە پێی شارەزابوونی لە جوگرافیای میزۆپۆتامیا توانیویەتی نەخشەی

شەڕ بکێشێ. سەلمان ڕۆڵێکی گرینگی هەبووە بۆ خزمەتکردنی ئیسلام و ئەنجامدانی سەرکەوتن بەسەر ساسانیەکاندا. هەروەک چۆن ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لەشەڕی خەندەق دژ بە خەڵکی مەککە. ئەو بۆ دەسەڵات و خەونی فەرمانڕەوایی ئەو کارەی کرد، ئەوەتا بوو بە والی مەدائین و ٣٠ هەزار کەسی لەژێر دەستی بوو بەخشیشەکەی ٥ هەزار دەرهەم بوو. ڕۆڵی سەلمان لە شەڕدا دەبینین بەڵام ڕۆڵی نابینین لە بوارەکانی تردا، لە بەیعەتی ئەبوبەکر نوتقی لێوە نەهات لە کاتێکدا هاوڕێی عەلی بوو، هیچ هەڵوێستێکی نەبوو وەک زوبیر و هاوەڵانی تری عەلی. وا پێ دەچێ تێ گەیشتبێ خەلافەت تەنها بۆ عەرەبی پلە یەکە بۆیە لە ملکەچی زیاتر بۆ خەلیفەی نوێ زیاترمان لێ نەدی. دەبێ پیرۆزی نەهاوەندی بە چ چاوێک سەیری کردبێ!!!
بۆمان دەردەکەوێت عەرەبەکان بە کتوپڕ هێرشیان کردوە بۆ سەر ناوچەکانی ئێرانی ئیمڕۆ و شام، ئەو کاتەش موبایل و سەتەلایت نەبووە تاوەکو ئاگاداری هێرشەکانی عەرەب بن. کەواتە ئەو شەڕانە بەم شێوەیە نەبووە کە باس ئەکرێ بەڵکو هەر ئەو بۆچونە ڕاستە هێزی ئیسلام کتوپڕ بەسەر هێزی ساسانیەکان و ڕۆمیەکانیان داداوە هەرگیز ئەوان ئاگاداری هەموو شوێنەکان نەبوون. عەرەب پیشەی خۆیان بوو بە دزیەوە بەسەر کاروانەکانیان دادەدا بەڵام ئەو جارەیان کۆکراوەی هێزی عەرەبی بەسەر کاروانی شارستانیەتیان دادا.

شەش) هەردووک هێز بۆ ساڵانێکی دووردوودرێژ لە جەنگدا بوون، هەر لەسەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا لە ماوەی ١٠ ساڵدا دوو جەنگی زۆر گەورە ئەکەوێتەوە و لە قورئانیش ئاماژەی پێدراوە کە جارێکیان ساسانیەکان زاڵ ئەبن بەسەر ڕۆم و پاش دە ساڵ ڕۆمەکان زاڵ ئەبن بەسەر ساسانیەکان. بەڵگەشیان سورەتی 'روم'ە.
کەوابوو هەردووکلا زۆر هیلاکی شەڕی خوێناوی بوون و هێزێکی زۆریان لە ناوچوە. لە ڕاستیدا ئیسلام لە فرسەتی ناکۆکی نێوان ساسانیەکان و ڕۆمیەکان گەشەی سەند.

حەفت) لە داگیرکردنی عێراقدا کاتێک لەگەڵ ئەلسیدا ئیمزایان کرد، یەکێک لەو مەرجانە کە ببن بە دەلیلی موسوڵمانان لە ناوچەی میدیادا. هەروەها خۆشیان لەکاتی

بازرگانیدا ناوچەکان شارەزابوون. لەوەش گرینگتر سەلمانی فارسی یەکێک بووە لە دەلیل و چاوساغی موسوڵمانان.

هەشت) گومان لەو مێژوە زۆرە، چونکە مێژوی گرتنی فیحل و دیمەشق و شەڕی شام زۆر جێگای گومانە، بۆ نمونە دەڵێن گرتنی فیحل لە مانگی ذي القعدةی ساڵی ١٣ی کۆچی ڕوویداوە، دیمەشقیش لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤ی کۆچی ڕوویداوە. ابن کثیر دەڵێت پێدەچێت ئازادکردنی شاری دیمەشق ساڵی ١٣ی کۆچی بووبێت.
یاخود گەمارۆدانی شارێکی گرینگی وەک قودس کە بایەخێکی زۆری هەیە بۆ موسوڵمانەکان مێژوەکەی دیار نییە ئایا گەمارۆی قودس لەلایەن عمری کوڕی عاص بووە یان ئەبوعوبیدە بووە. مێژوی ئیسلام ئاماژەی بەوە داوە گوایە ئەبوعوبیدە ٣٥ هەزار جەنگاوەری ناردوە بە سەرکردایەتی ٧ سەرکردە. لەگەڵ هەریەکێکیان ٧ هەزار جەنگاوەری لەگەڵ بووە سەرکردەکانیش ئەمانە بوون( خالیدی کوڕی وەلید، یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان، شرحبیل کوڕی حسنە، مەرقالی کوڕی هاشمی کوڕی ئەبی وەقاش، موسەیبی کوڕی نەجبەی ئەلغەزاری، قەیسی کوڕی هوبیری ئەلعوار، عوەری کوڕی ئەلموهەللەلی) هەروەها هەندێک لە مێژوناسان دەڵێن شاری قودس واتە ئیلیا لە ١٧ی کوچی بووە.
تێڕامانی ئێمە لەوەیە، ئەو شەڕانەی دژ بە ساسانیەکان ئەنجام دراوە ساڵەکانی بە تەواوی گوتراوە کەچی شارە گرینگەکانی شام وەک دیمەشق و قدس و میسر و چەندین شوێنی تر ساڵەکەی زۆر بە ڕوونی دیار نییە. ئەبی هۆی چی بێت مێژوێک بە تەواوی تۆمار کرابێ کە ڕووداوەکانی زیاتر خوێناوی تر بووە، کەچی ڕووداوەکانی شەڕی شام وەک عێراق خوێناوی نییە و تۆمارەکەی تەواو نییە.
ئەگەر نەزانین شەڕەکانی شام لە چ ساڵێک بووە ئەی چۆن مەزەندەی هێزی زاگرۆسیەکان کراوە ، یان ژیانی خانەوادەی ساسانیەکان چۆن بووە. لە کاتێک عەرەب سیخوریان نەبووە، لە کتێبە مێژوییەکاندا ژینێکی زۆر وردەکارانەی ساسانیەکان دەخوێنینەوە، تەنانەت باسی پلانگێرەکانی دژ بە یەک دەبیستین. مێژوناسان دەڵین هەردووسەرکردە ڕۆستەم و جالینۆس کوژران، واتە سەرکردەکانیان نەگیران تاوەکو دانیشن چیرۆکی بەسەرهاتەکان بگێڕنەوە بۆ موسوڵمانان ئەی ئەو موسوڵمانانە چۆنیان زانی لە کاتێکدا میژوی خۆیان

نەنوسیوەتە کە لە چ ساڵێک دیمشق و فەلەستین ڕزگار کراوە یاخود بە دەستی کێ ڕزگاری بووە. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە پێی زانستی لۆجیک عەرەبەکان بە هەوای خۆیان مێژویان نوسیوەتەوە و مێژوناسانی جیهانیش لەسەر زاری ئەوان هەمان قەوانیان لێداوەتەوە. هەربۆیە مێژوە ڕاستەقینیەکە ون بووە و هێزی تێکشکاندنی هەردوو ئیمپڕاتۆڕی ساسانی و ڕۆمی خراوەتە سەر قالبێکی خوداوەندی.
لەو خاڵانەی سەرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەو ڕووداوانەی سەبارەت بە هێزە کەمەکەی موسوڵمانەوە پەلاماری ساسانیەکانی داوە جێگای گومانە و ئەبێ یارمەتیدەرێکیان هەبووبێ ئینجا چ لە ڕێگای حەبەشەوە بووبێت یان لە فارسەکانی ناوچەی کەنداوی فارسی بووبێ. ئەو دەرئەنجامەش لەسەر بنچینەی ئەو پەیوەندیانەی ئیسلام بوو لەگەڵ حەبەشە و فارسەکانی یەمەن. ئەو پەیوەندیەش زۆر بە زەقی باس نەکراوە بەڵام پرسیار نەکراوە عەرەب مەنجەنیقی لە کوێ بۆهات. بەر لەوەی شەڕی ساسانیەکان دەست پێ بکات عەرەب لەساڵی ٨ی کۆچی لە شەڕی طائف (منجنیق و دبابة و ضبرة)ی [152] بەکار هێنا. لە بیابانێکی وشکانی ئەو جۆرە چەکانەی لە کوێ بۆهات؟

نۆ) موسوڵمانەکان بە موعجیزەیەکی زۆر گرینگی دەزانن کاتێک سەرکەوتن بەسەر دوو زل هێزی ئەو کاتە، ئەو دوو زلهیزە هیچ تەکنەلۆجیایەکی وایان نەبووە کە عەرەب نەیبووبێ. هەردووکلا شمشێر و ڕم و بەردهاوێژیان هەبووە، چەک لەوە زیاتر تێپەڕی نەکردووە جگە لەوەی ساسانیەکان فیلیان هەبووە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لەگەڵ تەلی دڕکاوی و گۆی دڕکاوی بۆ ئەسپ سوارەکان. بەڵام ئەوەی لەو شەڕانە بەکار هات تەنها لە چەند فیلێک زیاتر نەبوو. هاوسەنگی شەڕەکە بەلای عەرەب داشکایەوە بۆیە بوو بە موعجیزە، بەڵام ئەگەر ئەوان سەرکەوتوبان ئەوا نە عەرەب دەما و نەکەس قورئانی ئەبیست چونکە کەس نەبوو کۆی بکاتەوە. ئەو

[152] منجنیق: ئامێرێکی گەورەی شەڕکردنە هەڵگری بەردی ئاگرینە بە قیرسواغ دراوە وەک دارلاستیک بەرد ئەهاوێژێ. دبابة: ئامێرێکە لە دار دروست دەکرا تاوەکو جەنگاوەرەکان لە تیر بپارێزێ و بەم شێوەیە ئەچونە نزیک دیواری قەڵاکان. ضبرة: وەک دبابة وایە جەنگاوەرەکان ئەچونە ناوی تاوەکو لە قەڵاکان نزیک ببنەوە.

دونیایە هەر وایە جەنگیزخان هیچ هێزێکی سەروی سروشت و خوداوەندی لەگەڵ نەبوو توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت، هەروەک لە کورشی مەزنیش ئەو جۆرە سەرکەوتنەمان دی.
ئەوەی ئیسلامی هێشتەوە خۆ زاڵ کردن بوو بە زەبری شمشێر، کۆنترۆڵکردنی بیری مرۆڤ بوو بەستیانەوە بە ئەڵڵایەک کە هەردەم ڕەقیبە لەسەری. ترسی ئەشکەنجە و سوتانی دۆزەخیان خستە بەردەمیان تاوەکو نەتوانن لە بیر و هزری ئیسلام دەربچن، باشترین بەڵگەش ئەوەیە ناعەرەبێک کە زمانی عەرەبی نازانێ و بڕوای بە ئەڵڵا هەیە، ئەگەر عەرەبی نازانێ و لە قورئان تێنەگا بۆچ بڕوای پێهێناوە ئەگەر ترس و زۆرەملەیی نەبێ، ئەو هاوکێشەش بۆ رابوردوو و ئێستا و داهاتووە.
مرۆڤ بڕوای بە خودا کردوە پێش ئیسلام، ئیسلامیش هاتووە و خوداکەی کردووە بە ئەڵڵا بێ ئەوەی لە ئاینەکەی تێ بگات. با ئێمە کەسێکی ناعەرەبی موسوڵمان بە نمونە بهێنینەوە، بزانین چۆن ئەو ئاینەی وەرگرتوە، بێگومان لەسەر زاری مەلایەک ئەو ئاینەی وەرگرتووە هەروەک دایکی و باوکی، ئەو مەلایانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان نەهێنیەکان هەمووی دەشارنەوە. من لە چەندین کەسم پرسیوە کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ هاتوچۆی مزگەوتیان دەکرد و ڕۆژانی هەینی نوێژی بە کۆمەڵیان لەدەست نەچووە قەت ئایەتی ٥، ٦ سورەتی 'المؤمنین'یان گوێ لێ نەبووە کە دەتوانی لەگەڵ کەنیزەک سێکس بکەی و زینا نەبێ. ئەو نەهێنیانە بۆچ باس ناکرێ بزانین کێ بڕوا بەو ئاینە دەهێنێ. بۆچ کورد ٤٠٠ ساڵ شەڕی ئیسلامی کرد و قبوڵی نەکرد چونکە لەناو واقیعەتەکە ژیا و دیتیان کەنیزەک چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ. بەڵام کە هێز نەما و تەسلیمی ئیسلام بوو. خۆی ئەو کەلتورەی نەهێشت پێش ئەوەی ئەمریکا و ئەورپا کۆیلایەتی قەدەغە بکەن. سەلاحەدین کۆیلەکانی ژێر دەستی 'متوکل'ی هەمووی ڕزگار کرد قبوڵی کۆیلایەتی نەکرد ئینجا سەلاحەدین ئیسلام بووبێ یان نەبووبێ فەرهەنگی شارستانیەتی میدی لەناوخۆیدا نەمراند.

لەگەڵ ئەوەی هۆکاری سەرکەوتن و ڕوخاندنی زلوڵاتەکانی میدیا و شام تۆمارکراوە لەسەر دەستی ئیسلام، بەڵام زۆر سەختیش بووە ئیسلام توانیبی هەموو ناوچەکان داگیر بکات یاخود توانیبی بە تەواوی کۆنترۆڵی خەڵکەکەی کردبێ، ئیسلام نەی توانی تەواوی ناوچەکانی کوردستان کۆنترۆڵ بکات لەبەر چەند هۆکارێک:

یەک: ناوچە شاخاویەکان ناوچەی سارد و بەستەلەک بوون بۆ عەرەب ئەستەم بووە لەو شوێنانە شەڕیان کردبێ یان خۆیان ڕاگرتبێ بۆیە ئەو ناوچانە بۆ ماوەیەکی زۆر وەک خۆی مایەوە ئەوانیش نەیان دەتوانی هەر لەوناوچانە بمێنێنەوە بۆیە پەیمانی ئاشتی ڕوویدا هەندێکیان سەرانەیان دا و هەندێکیان کە نەیان توانی ئەو سەرانە بدەن بوون بە ئیسلام. ناوچەیەکی زۆر لە کوردستاندا لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە وەک هەرمۆتە نزیک کۆیە، شەقلاوە، یەزیدیەکان، ناوچەی هەورامان کە هەندیکیان لەسەر ئاینی زەردەشتی مانەوە و هەندێکیان بوون بە موسوڵمان.

دوو: بنی پێی عەرەب تەختە و پێ پەتی بوون بۆیە ئەستەم بوو لەناوچە بەردەڵانیەکان خۆڕاگر بن. سروشتی عەرب دەبێ لەگەڵ سروشتی وشتر لێک نزیک بێ ئەگینا ژیانیان سەخت دەبێ. لە سەرچاوەکان باسکراوە کاتێک لە ناوچەی مەدائین دەبن ڕەنگ و ڕوخساریان دەگۆڕێ، بۆیە دەیانەوێ شارێکی تر دروست بکەن و نامە بۆ عومەر دەنێرن دەڵێن عەرەب لەو وڵاتانە ناگونجێ هەتا وشترەکەی تێیدا نەگونجێ. ان العرب لا یوافقها الا ما وفقت ابلها من البلدان.[153]

**کورتکراوەی بەشی سێهەم**

لەم بەشەدا باسی ئەنفالی ئیسلاممان کرد لەسەر ناوچەکانی شام و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ساسان کە زۆرینەی کورد بوون. بێگومان ئەو دەستکەوتانە کە دەستیان کەوت شەرعی ئەڵلا بۆی ڕەخساندن. بازرگانی بوو بە خوێنی خەڵکی هەژار لە پێناوی ئەڵڵایەک کە خاوەن ئەرز و ئاسمانە. ئەقڵ قبوڵ ناکات خودایەک هێندە بێ ویژدان بێت هەژاری لە ڕێگای خوێن ڕشتن ڕزگار بکات. ئەڵڵا بە عەرەبەکانی دەوت: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، **من ڕێگای بازرگانیەکتان نیشان بدەم ڕزگار بن لە ئازاری توند؟** بڕوابهێنن بە ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی، جیهاد بکەن لە پێناوی ئەڵڵا بە گیان وماڵتان ئەمە باشترە بۆ ئێوە ئەگەر بزانن. لە گوناهەکانتان خۆش ئەبێت و دەچن بۆ بەهەشتێک ئاوی بە ژێردا دەڕوات و خانوی جوان و باش لە بەهەشتی عەدەنی لێیە ئەمە گەورەترین سەرکەوتنە. شتێکی تریش کە حەزتان لێیە، سەرکەوتنێک لەلایەن ئەڵڵاوە هەیە، **گرتنێکی نزیکە**، موژدە بدە بە باوەڕداران. یَا أَیُّهَا

---

[153] الكامل في التاريخ، ج ٢ ل ٣٧١، ثم دخلت سنه سبع عشرة، ذكر بناء الكوفة و البصرة // تاريخ الطبري ج ٤ ل ٢٢٤، ذكر سبب تحول من المسلمين من المدائن الى الكوفة و سبب اختطاطهم الكوفة في رواية سيف.

الَّذِينَ آمَنُوا هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَارَةٍ تُنْجِيكُمْ مِنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ . تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنْفُسِكُمْ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ . يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ ۚ ذَٰلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ . وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا ۖ نَصْرٌ مِنَ اللَّهِ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ۗ وَبَشِّرِ الْمُؤْمِنِينَ. الصف ١٠ - ١٣.

لەو ئایەتەی سەرەوە باشترین بەڵگەمان دەست دەکەوێ کە ئەو فتح کردنە تەنها بازرگانی بوو لەسەر مل و خوێنی میللەتان. لەو ئایەتەدا دوو ڕێگای نیشانی موسوڵمان داوە ئەگەر بکوژرێت ئەوا پاداشتی بەهەشت وەردەگرێ. لە ڕاستیدا هیچ بازرگانێک بەقەد پاداشتەکانی بەهەشت سامانی دەست ناکەوێ. ئەگەر ئەو موجاهیدەش نەکوژرێ ئەوا **گرتنێکی نزیک** هەیە ئەویش گرتنی شارەکانە واتە غەنیمەیەکی یەکجار زۆر.

لە ئایەتێکی تردا ئاماژە بەو مەرگەساتە دەکات کە لە دوارۆژدا ڕوودەدات ئەویش ئایەتی ٦٠ی سورەتی ئەنفالە کاتێک موسوڵمانان ئامادەی جەنگ دەبن بۆ سەر کافران. لە هەمان کاتدا باسی کەسانێک دەکات کە نایان ناسن واتە لە دوارۆژ دەیان ناسن. مەبەست لەو کەسانەش ناوچەکانی ژێر دەستی ناعەرەبەکانە، ئەو ئایەت دەڵێت:

ئەی ئیمانداران ئامادەی بکەن بۆیان ئەوەی لە تواناتاندا هەیە لە هێز وە لە ئەسپی دابەستراو تا <u>بتۆقێنن</u> پێی دوژمنی ئەڵلا و دوژمنی خۆتان وە <u>کەسانێکی تریش بێجگە لەوان ئێوە نایان ناسن ئەڵلا دەیانناسێ</u> وە هەرشتێک ببەخشن لەڕێ ی ئەڵلادا (پاداشتەکەی) بەتەواوی دەدرێتەوە پێتان وە ئێوە هیچ ستەمتان لێ ناکرێت . وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لَا تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ ۚ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لَا تُظْلَمُونَ . الانفال ٦٠

موسوڵمان دەبێ بپرسێ ئەگەر ئەو ئاینە ئەرکی داوەتە سەر موسوڵمان بجەنگێ لە پێناوی ئەڵلادا بۆچ دەبێ جزیە واتە سەرانە بخرێتە سەر ئەو کەسانەی نەبن بە موسوڵمان. ئایا ئەو ئابوریە لە بەرژەوەندی ئەڵلایە یاخود تاکی موسوڵمان. ئەڵلا چۆن دەبێ بازرگانی لەگەڵ ئاین تێکەڵ بکات لە کاتێکدا ئاین پەیوەستێکی ڕوحیە. ئەمە شەرعی ئابوریە نەوەک شەرعی خوداوەندی. گەورەترین بڕبڕەی ئاینی ئیسلام

لەسەر بنەمای پاداشت دامەزراوە. ئەو پاداشتەش لەسەر ملی من و تۆ بێ یان هەر میللەتێکی تر.
ئەو غەزوانەی کراوە زۆرینەی لەسەر بنەمای شەرعی ئیسلام بووە هەرچەندە زۆر کەس هەیە ئەو شەڕانە دەخاتە ملی موسوڵمان نەوەک ئیسلام، هەرچەندە لای من هەر یەکە. شەڕعی ئیسلام ڕەوای کردووە دیل کوشتن هەبێ ئەوەی هاوپەیمان نەبێ لەگەردەنی بدرێ هەربۆیە عومەری کوڕی خەتاب بە سعدی کوڕی وەقاس دەڵێت:
ئەگەر هەر دیلێکت گرت ئەگەر لەگەڵ پەیمانی تۆ هاودەنگ نەبوو لەگەردەنی بدە بەمەش دوژمنی تۆ و دوژمنی ئەڵلا دەتۆقێنی.
ئامۆژگاریەکانی عومەر لەسەر بنەمای شەرعی ئیسلام بوو سوڕەتی ئەنفالیش باشترین پاڵنەری موسوڵمانان بوو. بۆ نمونە سعدی کوڕی وەقاس کاتێک جەنگی قادسیە تەواو بوو و غەنیمەی کەوتە دەستیان فەرمانیدا بە ئەوانەی سوڕەتی ئەنفال دەخوێنن بیخوێنن بۆ موسوڵمانان تاوەکو پاداشتی خۆیان بزانن و پاشان وتارێکیدا پاداشتی ئەڵلا و نیعمەتی ئەڵلای هێنانەوە یاد پێی وتن جیهاد باشترین شتە لە دونیا. هەرەها عەمری کوڕی عاس بە سەربازانی فەلەستینی وت ئەوەی کوژرا شەهید بوو، ئەوی ماوە بەختەوەرە، و فەرمانی دا قورئان بخوێنن و پاداشتەکانی ئەڵلا وەدەرخەن.
لە ڕاستیدا عومەر و شەرعی ئەڵلا هاوتای یەک بوون هاوەڵەکانیش باش دەیان زانی کە ئیسلام بە زەبری شمشیر ڕاگیراوە، عبدالله کوڕی مەسعود دەیوت بەڕاستی عومەر وەک قەڵایەک بوو بۆ ئیسلام، کە مرد درز و دەروازەی تێکەوت و خەڵکی لە ئیسلام هاتنەدەرەوە. ئەبو عوبیدە جراح دەیوت ئەگەر عومەری کوڕی خەتاب بمرێت ئیسلام ناسک و تەنک دەبێت. ئەمەش دەلالەت بوو لەسەر توند و تیژی و زەبروزەنگی ئیسلام دژ بە فەلسەفەی ئاشتی خواز.
خوێنەری ئازیز، ئێستا دەزانی لەگەڵ کام ئەنفالم بوو! ئەنفالی یەکەم بە دەستی موسوڵمانەکانی ئەو سەردەمە بوو، ئەنفال کردنی شارستانیەت. ئەنفال کردنی ژن و زارۆک. کوشتنی کەڵەپیاوانی سەردەمی ساسانیەکان.
ئەو ئەنفالەی سەدەی رابوردوو تەواوکەری ئەنفالی ئەبوبەکر و وعومەر بوو. ئەوان تاوانباری یەکەمن کە لە ژێر یاساو ڕێسای پەیامبەری حجاز ئەنجامیاندا. سەرشۆریە ئێمە دەرهەق بەو کوژراوانە و خۆبەختکەرانە متبین. هەتا خوێنی قەڵەم مابێت دەبێ

پەرتوكی میدیەكان سپی نەبێت هەتا خوێن لە جەستە مابیت دەبێ هزری نەژادماد بەتاڵ نەبێت.
ئەوەی ماوە دەبێ بیزانین لەسەر دەستی زەردەشت شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە بەرگی ئاشتی دروست بوو، هەر ئەوە ئێمەی تاكو ئێستا هێشتۆتەوە بەڵام هەر برگەیەكی وتەكانی ئەو بوو ئێمەی لە خاچدا كاتێک پێی وتین لەگەڵ هەموو كەسێک وتە و رەفتارتان باش بێت. ئێمە عارەبمان بەرەو مرۆڤایەتی برد، جلمان كردە بەریان و كەسێكی باشمان لەسەر كردن بە پاشا، بەڵام ئەهریمەن لە بەرگی ئەڵڵا و بە یارمەتی رۆمیەكان خۆی خستە بیابان و ئاینێكی دروستكرد بۆ لەناو بردنی ئێمە. بەڵام تاوەكو ئێستا ئەهریمەن نەیتوانیوە خۆی زاڵبكات بەسەر ئێمە و قەت براوە نەبووە، ئەوان دۆڕاوێكی ماوەن ئێمەش زیندوێكی بە رۆح و كەلتورین قەت تیشكی ئازادی و رزگاریمان لێ ون نابێ.

### ٣.١ عوسمانی کوڕی عەفان 'عثمان بن عفان'

یەکێک لە هاوەڵە نزیکەکانی پەیامبەری ئیسلام عوسمانی کوڕی عەفان بوو. ئەو زاتە پێنج ساڵ پاش ساڵی فیل لە ڕەچەڵەکی قوڕەیش لە دایک بووە، کوڕی 'عفان بن أبي العاص بن أمية بن عبدالشمس بن عبد مناف بن قصي کوڕی کلاب'ە.

دایکی ناوی 'أروى بنت كريز بن ربيعة بن حبيب بن عبدالشمس بن عبد مناف بن قصي'ە.

نەنکی عوسمان ناوی 'أم حكيم'ە، کچی 'عبدالمطلب'ە کە دەکاتە خوشکی باوکی پەیامبەر. عوسمان هەشت ژنی هەبووە د ووانیان کچی پەیامبەر بووە، 'رقية' و 'أم كلثوم'.[154]

عوسمان یەکێک بووە لە هاوڕێکانی پەیامبەری ئیسلام و هەر زوو بڕوای پێهێناوە، لە پاش ئەبوبەکر و عەلی و زەیدی کوڕی حارث بۆتە موسوڵمان، واتە عوسمان چوارەم پیاو بووە کە بڕوای بە ئیسلام هێناوە.

عوسمان یەکێک بووە لە هاوڕێ نزیکەکانی پەیامبەری ئیسلام، ئەویش بە کاری بازرگانی ژیانی بردۆتەسەر. لەو کاتەوە ئاینی ئیسلام قبوڵ دەکات دەبێتە یەکێک لە یاریدەدەرەکانی موسوڵمانان بەو داهاتەی کە هەی بووە، بۆیە پەیامبەریش وتویەتی لە بڕی ئەوە ئەڵڵا بوکێکی لە بەهەشت بۆ ڕازاندۆتەوە.[155] بەڵام لە ڕووی سەربازیەوە ئەو توانستەی نەبووە وەک هاوەڵەکانی تری پەیامبەر. هەربۆیە زۆر جار ڕەخنەی لێگیراوە و تومەتی ئەوەی خراوەتە پاڵ کە لەجەنگ ڕای کردووە. بۆ نمونە دەڵێن لە شە ڕی بەدر بەشداری نەکرد بە بیانوی ئەوەی کچەکەی پەیامبەر نەخۆش بووە و پەیامبەر فەرمانی پێداوە کە لەلای بمینێتەوە. هەرچەندە لەو شەڕە پاساوی بۆ دەهێننەوە بەڵام لە شە ڕی ئوحد ناتوانن هیچ پاساوێکی بۆ بهێننەوە کاتێک بەشداری کرد بەڵام لە ڕیزی هەڵاتوەکان بوو خۆی دەگەیەنێتە شاخێک بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خۆی حەشار دەدات و ئینجا دێتەوە لای پەیامبەر.[156] لەو شەڕەدا

---

[154] معجم الكبير، الطبراني، نسبة عثمان بن عفان رضي الله عنه، ج ١ ل ٧٤ // الكامل في التاريخ ، ج ٣ ل ٧٠ ـ ٧٤ // تاريخ الطبري، ج ٥ ل ١٨٤ ـ ١٨٩

[155] سەیر لەوەیە زۆربەی جار پاداشتنی ئیسلام ژنە

[156] تاريخ الطبري ج ٣ ل ٧٢

زۆربەی هاوەڵانی پەیامبەر سەنگەر بە جێ دەهێڵن بۆیە ئەڵڵای ئیسلام ئایەتێک دادەبەزێنێ کە بە ئایەتی لەعنەت ناوزەد دەکرێ:
ئەوانەی پشتیان هەڵکرد و هەڵاتن لە جەنگی ئوحود لە ڕۆژی بەیەکگەیشتنی هەردووک دەستەی باوەڕداران و بێباوەڕان، شەیتان هەڵیخلیسکاندن بە هۆی ئەو گوناهانەی پێشتر کردبوویان. ئەڵڵا لێیان خۆش بوو، ئەڵڵا لێخوشبووە و ئارامگرە. **إنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْا مِنْكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا ۖ وَلَقَدْ عَفَا اللَّهُ عَنْهُمْ ۗ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ. ال عمران ١٥٥.**
هەرچەندە لەم ئایەتەدا دووفاقی تێدا دەبینین هەم تانەیان لێدەگرێت و هەم لێیان خۆش دەبێت. واتە عوسمانیش کە یەکێک دەبێ لەو هەڵاتوانە ئەبێ گوناهێکی کردبێ بۆیە شەیتان هەڵیخلیسکاند.

بە پێی سەرچاوەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن عوسمان لە ڕەچەڵەکێکی زۆر باش و خانەدان بووە. بۆ نمونە کاتێک لەشکری موسوڵمانان لە مەککە نزیک دەبنەوە پەیامبەری ئیسلام داوا لە عومەر دەکات کە بچێت لەگەڵ خەڵکی مەککە قسە بکات کە ئەوان هاتوون بۆ حەج کردن، ئەویش دەڵێت من دەتوانم کەسێکت بۆ دەستنیشان بکەم لە من بە ڕێزتر بێت و هۆزەکەشی زۆرتر بێت و بیپارێزن. بۆیە عوسمان دەستنیشان دەکات. هەروەاش دەرچوو کاتێک چوو بۆ مەککە خەڵکی مەککە ڕێزیان لێگرت و ژیانی پارێزراو بوو لەلایەن بێباوەڕانی مەککە.

مێژو بۆمانی نوسیوە عوسمان زۆر دڵ نەرمتر بووە لە عومەر هەم لەگەڵ موسوڵمان و هەم لەگەڵ ناموسوڵمان. بەڵام ئەویش هەر بوو بە درێژەپێدەری غەزوەکان، بێگومان لە غەزوشدا موسوڵمان و ناموسوڵمان دەکوژرێت.
لەژیاننامەی عوسماندا چەند جارێک توندڕەویمان لەگەڵ موسوڵمانەکان بەدیکردووە، بۆ نمونە لە ساڵی ٢٦ی کۆچی عوسمان مزگەوتی 'حەرام'ی فراوان کرد بۆیە هەستا بە کڕینیماڵەکانی دەوروبەری ئەوەی ڕازی نەبوو ماڵەکەی بەسەردا ڕوخاند.
خەڵکەکە هاواریان کرد ئەویش وتی کاتێک عومەر ئەوەی کرد هاوارتان نەکرد بۆیە

زیندانیان دەکات، پاشان عبدالله کوڕی خالید داوای لە عوسمان کرد ئازادیان بکات.[157] لە بڕگەکانی تردا هەندێ لە توندڕەوییەکانی عوسمانمان بۆ دەردەکەوێ.

### ٢.٣ عوسمان و شێوازی هەڵبژاردنەکەی بۆ خەلیفەیسێهەمی ئیسلام

کاتێک عومەر بریندار دەبێ بە دەستی پیرۆزی نەهاوەندی، ٦ کەس دادەنێت بۆ ئەوەی خەلیفەیەک لە پاش خوی هەڵبژێرن. عومەر کارێکی ڕامیاررزانانە دەکات دەڵێت ئەگەر پێنجیان ڕازی بوون بۆ هەڵبژرادنی یەکێک و یەکیان ڕازی نەبێت ئەوا لە ملی بدەن ئەگەر دوانیان ڕازی نەبوون ئەوا لەگەردەنی هەردووکیان بدەن. ئەگەر ڕایەکان سێ بە سێ بوون ئەوا عبدالله کوڕی عومەر بکەن بە دادوەر. ئەگەر بە ئەو ڕازی نەبوون با لەگەڵ ئەو کەسانە دابن کە عبدالرحمان کوڕی عەوف لە گەڵیان دایە.
ئەگەر ئەو سێ کەسە لەگەڵ ئەو ڕایە نەبوون ئەوا بیانکوژن.
لەسەرچاوەی ابن سعد لە 'طبقات'دا دەڵێت بیان کەن بە ژورێکدا بۆماوەی سێ ڕۆژ وازیان لێبهێنن ئەوەی ناتەبا بوو بیکوژن ئەگەر هەموویان ناتەبا بوون لەگەردەنی هەموویان بدەن. هەندێکیش دەڵێن ئەوانەی تەبابن لەسەر یەکێک لێیان گەڕێن و ئەوەی تەبا نەبێت لە ملی بدەن. ( ئەمەش شیکاری ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەگەر دوو ڕا هەبوو بۆ دوو کەسی جیاواز ئەوا دەبێ لەگەردەنی هەردوکیان بدرێت واتە دەبێ ڕایەک بۆ ڕایەکی تر ملکەچ بێت ئەگینا کەس بەدەستی خۆی چاڵ بۆ خۆی هەڵناکەنێ) ژیری عومەر لەوە دابوو نەیدەویست ناتەبایی هەبێت هەربۆیە لەو ڕۆژەوە تا ئێمرۆ موسوڵمان شانازی بە دیموکراسیەتی مەجلیسی شوڕا دەکات دەڵێن ئێمە شوڕامان هەبووە پێش ١٤٠٠ ساڵ کەچی ئیمڕۆ ئەورووپیەکان ئەو شوڕایەیان هەیە و پێی دەڵێن دیموکراسی.
ئەو شەش کەسەی عومەر وەسیەتی کرد بخرێنە ژورێکەوە بریتی بوون لە (عثمان بن عفان، علي بن أبي طالب، طلحة بن عبدالله، زبير بن العوام، سعد بن أبي وقاص، عبدالرحمن بن عوف)
عەلی زانی ئەو جۆرە هەڵبژاردنە لە بەرژەوەندی ئەو نییە بۆیە بە عەباسی مامی وت هەموو شتێک لە دەست ئێمە دەرچوو. عەباس وتی چۆن دەزانی، وتی بەنی عوسمانیان هێنایە سەرکار، چونکە عومەر وتوبووی بە دوای زۆرینە بکەون و

[157] الكامل في التاريخ، ذكر الزيادة في الحرام، ج ٢ ل ٤٨١

گوێڕایەڵی عبدالرحمن بن عوف بن. ئاشکرایە سعد بەرهەڵستکاری کوڕەمامەکەی عبدالرحمن ناکات. 'عبدالرحمن'یش زاوای 'عوسمان'ە. ئاشکرایە ئەو دوانەش بەرهەڵستکاری یەکتر ناکەن و بێگومان یەکێک لەوان ئەوی تریان هەڵدەبژێرێت. ئەگەر ئەو دوانەی دیکە لەگەڵ من بن هیچ سودێکی بۆ من نییە. عەباس بە عەلی وت: هیچ کاتێک ئامۆژگاریەکم نەکردی تۆ بە دەرنگی وەڵامی منت نەدابێتەوە. پێم وتی کاتێک پەیامبەر لەسەر مەرگ بوو کێ ببێە خەلیفە، نەتکرد، دوای مردنی پەیامبەر داوام لێکردی پەلە بکە (واتە لە بەدەستهێنانی خەلافەت) نەتکرد، کاتێک عومەر ناوی تۆی لە شوڕا هێنا وتم بەشداری مەکە، ئێستا پێت دەڵێم و ئەو ئامۆژگاریەم لێ وەربگرە هەرشتێک دەڵێن تۆ بڵێ نەء تەنها ئەوە نەبێ خەلافەت بدەنە تۆ. ئاگادار بە ئەو کۆمەڵە ئەو فەرمانڕەوایەتیە لە ئێمە دووردەکەنەوە. عەلی وتی ئەگەر عوسمان بمینێ بە بیری دێنمەوە، ئەگەریش بمرێت خەلافەت لەناو بنەماڵەکەی خۆیدا بهێڵێتەوە، ئەگەر ئەم کارە بکەن لە ئاستێکدا دەمبینن کە خۆشحاڵ نابن ئەو کۆپلە شیعرەی گوت:

| | |
|---|---|
| حَلَفْتُ بِرَبِّ الرَّاقِصَاتِ[158] عَشِيَّةً | غَدَوْنَ خِفَافًا فَابْتَدَرْنَ الْمُحَصَّبَا |
| لَيَخْتَلِيَنْ رَهْطُ ابْنَ يَعْمُرَ مَارِئًا | نَجِيعًا بَنُو الشَّدَّاخِ وِرْدًا مُصَلَّبَا |
| سوێندم بە خوداوەندی ئێوارانی وشترەکان داوە | کە لەگەڵ بەیان کردنەوە بە لەش سوکیەوە پێشبرکێ دەکەن بەرەو محصب.[159] |
| نەوەی یعمر بە دڵنیاییەوە خۆیان دوور ڕادەگرن | توشی گۆمێکی خوێناوی دەبن کە ئاوی لێ ناخورێتەوە، دەبن بە نەوەی شداخ. |

لەو دوو دێڕە شیعریەدا زۆر ڕوونە عەلی هەڕەشەی شەڕێکی خوێناوی دەکات هەرچەندە بەلای خوێنەر ئەستەمە تێبگات ئەگەر پێشینەیەکی نەبێ لەسەر ڕووداوەکانی نێوان خزاعە و قصي. هەر بۆیە ڕوونکردنەوەیەک دەدەم لەسەر هەندێک لە ڕووداوەکانی پێش ئیسلام.

158 ئەو وشترانەیە کە بە خێرای بەرەو 'محصب' دەرۆن، شێوازی ڕۆیشتنەکەیان وەک سەما کردنە.

159 شوێنێکە لە 'منى' حاجیەکان بەردبارانی شەیتانی تێدا دەکەن. یان خەڵکی نێوان 'مەککە' و 'منى'یە. کاتی خۆی حاجیەکان وشترەکانیان دەمەو ئێواران لە دەرەوەی محصب دەحەساندەوە ئینجا بۆ بەیانیەکەی وشترەکان بە خێرای بەرەو محصب دەچون.

کاتێک نەوەی خزاعە گەشە دەکەن و دەبنە تیرەیەک کاروباری کەعبە لە دەسەڵاتی جرهەمیەکان وەردەگرن و دەیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. یەکەم کەس لە نەوەی خزاعە بە ناوی 'عمرو بن ربیعة' دەبێ ئەو کارەی دەکەوێتە دەستی، ئینجا ئەو تیرەیە بۆ ماوەی ٣٠٠ یان ٥٠٠ ساڵ کاروباری کەعبە دەگرنە ئەستۆی خۆیان.
قصي: ناوی 'زید کوڕی کلاب بن مرة القرشي' دەبێ پاش مردنی باوکی دایکی مێرد بە 'ربیعة بن حرام' دەکات و دەچن بۆ شام. 'زید' هەر وادەزانێ ربیعة باوکییەتی و لە ژێر باڵی ئەو پەروەردە دەبێ. کاتێک دایکی پێی دەڵێ کەس و کاری باوکت لە مەککەن ئەو دەگەڕێتەوە بۆ زێدی بابوباپیرانی. ناوی لێ دەنرێ 'قصي' بە هۆی توندڕەوی لەگەڵ کەس و کاری. پاش ئەوەی منداڵ و پارەی زۆر دەبێ قصي دەیەوێ دەست بەسەر کەعبە دابگرێت. بە هۆی ئەوەوە ناکۆکیەکی خوێناوی دروست دەبێ، قصي شەڕ ڕادەگەیەنێت  لە دژێ تیرەی 'خزاعة' و 'بني بكر' بە جۆرێک کوشتارێکی زۆر لە هەردووکلا دەکەوێتەوە.  ئینجا دەکەونە مەسلەت کردن و کەسێکی ناودار دەکەنە دادوەر.  'یعمر بن عوف' لە تیرەی 'كنانة' دەبێتە دادوەر لە نێوان تیرەی خزاعە و قصي. دادوەریەکەی بەم شیوەیە بوو:
یەک) کعبە دەخاتە دەستی قصي.
دوو) ئەوەی لەبەرەی قصي کوژرا کەسوکاریان پارەیان وەرگرت لە بری خوێنرژتنیان لەلایەن خزاعة، ئەوانەی لەبەرەی خزاعە کوژرا کەسوکاریان هیچیان وەرنەگرت لەلایەن قصي.
بۆیە لەو ڕۆژەوە دادوەرەکە 'یعمر بن عوف' ناوی لێنرا شداخ. شداخ زۆر مانای هەیە لەوانە 'شدخ الدماء': واتە 'إبطالها فلا دية لها ولا قود = بێ بەها کردن، پارە وەرناگیرێ بە بری خوێن ڕشتنەکە.'[160]
عەلی بە چەند پشتێک دەگەڕێتەوە بۆ نەوەی 'قصي' دیارە عەلی مەبەستی لە هەڵگیرساندنی شەڕی خوێناوی بووە و دەیەوێ بە زەبری شمشێر حوکمی کەعبە وەردەگرێتەوە واتە ناوەندی ئیسلام کە ئەویش خەلافەتە.

[160] سيرة النبوية لابن هشام، غلب قصي بن كلاب على أمر مكة، و جمعة أمر قريش، و معونة قضاعة له، قتاڵ قصي لخزاعة و بني بكر و تحاكمهم. ج ١ ل ١١٠// لسان العرب. هەروەها وشەی شداخ بەمانای ئەوەش دێت کە بەلای لایەنێک دایبشکێنێتەوە لە کاتی دادوەریدا.

زۆر ڕوونە ئەو قسانەی عومەر و عەباس و عەلی بۆنی خوێنی لێ دێت، ئەوەی سەیرە عەلی دەیتوانی لەسەردەمی هاتنی خەلیفەی یەکەم خۆی بسەپێنێ و نەوەی ئومەیە بکات بە پشتیوانی خۆی، هەڵوێستی ئەبوسوفیان دەرکەوت لەکاتی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر، هاتە لای عەلی و پێشنیاری کرد خەلافەت بگرێتە دەست بەڵام عەلی قایل نەبوو. کاتێک کار لە کار ترازا عەلی دەستی کرد بە هەڕەشەی بەنی عوسمان.

لە کاتی کۆبوونەوەی ئەو شەش کەسەدا، عەلی داوا دەکات بەیعەت لەگەڵ ئەو بکەن، عبدالرحمن دەڵێ ئەگەر دەنگ نەدەین بە تۆ کێ بە شیاو دەزانی ئەویش دەڵێ عوسمان. هەمان پرسیار ئاراستەی عوسمان دەکات ئەگەر دەنگ بە ئەو نەدرێت کێ بە شیاو دەزانێ ئەویش دەڵێ عەلی. لە کاتێکدا هەردووک باسی فەزلی خۆیان دەکەن و ڕۆڵی خۆیان لەناو ئیسلامدا باس کرد. وەک ئەوەی عوسمان باسی دەکات کە پەیامبەر پێ وتبوو ئەمینی زەمین و ئاسمانە.
پاشان عەلی داوا لە سعد دەکات دەنگ بە ئەو بدات. ئەو شەوە عبدالرحمن لە ماڵ هاتە دەر تا ڕای خەڵکی وەربگرێت خەڵکەکە نیوە بە نیوە دەنگ دەدەن بە عوسمان و عەلی. دەبن بە دووبەش هەندێکیان عەلی هەڵدەبژێرن و هەندێکیان عوسمان هەڵدەبژێرن ئەوەی جێگای سەرنجە وەسیەتەکەی عومەر ئەوە بوو لە ماڵ نەیەنەدەر هەتا یەکێک هەڵدەبژێردرێت کەچی عبدالرحمن لە ماڵ دێتە دەر و ڕای خەڵکی وەردەگرێ. دەڵێن لەو شەودا عبدالرحمن و عوسمان تا بەیانی بە گوێی یەکتریان چرپاندووە.
بۆ بەیانیەکەی هەموویان کۆدەکاتەوە بەرامبەر خەڵکی ئەنسارو موهاجیرەکان دەڵێت ڕای خۆتان بڵێن تا من یەکێک هەڵبژێرم. عەمار گووتی ئەگەر دەتەوێ ئاژاوە دروست نەبێ عەلی هەڵبژێرە. مقداد کوڕی اسود وتی عەمار ڕاست دەکات. کوڕی ئەبی سرح دەڵێ ئەگەر دەتەوێ ئاژاوە لەناو قورەیشیەکان ڕوونەدات عوسمان هەڵبژێرە. عەمار جوێنی بە کوڕی ئەبی سرح دا وتی تۆ لە کەیەکەوە چاکەی موسوڵمانانت دەوێ؟ هەروەها وتی خەڵکینە! ئەڵڵا! ئێمەی ڕێزدار کرد لە ڕێگای پەیامبەرەکەی، ڕێزداری کردین بە ئاینەکەی، ئێستا چۆن ئەو کارە لە بنەماڵەی

پەیامبەر دەستێنن؟ پیاوێک لە بەنی مخزم دەڵێ ئەی کوڕی سومیە سنوری خۆت بەزاند.
سعد بە عبدالرحمن دەڵێت پێش ئەوەی ئاژاوە دروست ببێت کۆتای پێ بهێنە.
عبدالرحمن بە عەلی دەڵێت پەیرەوی ڕێبازی ئەڵڵا لەسەر کتابی ئەڵڵا و سوننەتی پەیامبەر و هەردووک خەلیفە دەڕۆی؟ عەلی دەڵێت لەسەر توانستی خۆم و زانیاری خۆم. لە هەندێک گێڕانەوەی تردا عەلی دەڵێت نەخێر لەسەر توانستی خۆم. پاشان هەمان پرسیار لە عوسمان دەکات و ئەویش دەڵێت بەڵێ. ئینجا عبدالرحمن دەستی عوسمان دەگرێ و ڕووی لە ئاسمان دەکات دەڵێ ئەی ئەڵلا شاهید بە ئەوەی لەسەر ملی من بوو خستمە سەر ملی عوسمان. بەم شێوە خەڵک بەیعەتیان دا بە عوسمان. عەلی وتی ئەی لەو فێڵە ئای لەو فێڵە. لە هەندێک گێڕانەوەی تردا عەلی دەڵێت لەسەر من فەزلت کرد و داتەدەستی، ئەوە یەکەمجار نەبوو ستەمتان لە ئێمە کرد. ئارامی جوانە و ئەڵڵا یاریدەدەرە لەسەر ئەوەی دەیکەن. لەبەر ئەوە عوسمانتان کرد بە خەلیفە تاوەکو لە پاش خۆی ئێوە بێنێتە سەرکار بەڵام فەرمانەکانی ئەڵڵا لە ڕۆژگاردا دەگۆڕێن. مقداد بە عبدالرحمن دەڵێت ئەو کارەت بۆ ئەو کەسانە بەجێنەهێشت بە دادپەروەری بیبەن بەرێوە. ئەویش دەڵێت ئەوە بۆ موسوڵمانانم کرد. مقداد وتی هاوشێوەی ئەو ڕووداوەم نەدیوە کە بەسەر ئەو بنەماڵەیە هات لە پاش
پێغەمبەرەکەیان. سەیرم بە قورەیشیەکان دێت کەسێکیان پشتگوێ خست کەس بەقەد ئەو بلیمەت و زانا نەبوو. ئای! بە ئەڵڵا ئەگەر یاریدەدەرم بۆ کۆدەبۆوە! عبدالرحمن وتی ئەی مقداد لە ئەڵڵا بترسە ئەمە بۆنی فیتنەی لێ دێت. کەسێک بە مقدادی وت: ئەو بنەماڵەیە کێیە؟ ئەو پیاوە کێیە؟ مقداد وتی بني عبدالمطلب و پیاوەکەش 'عەلی کوڕی ابي طالب'ە. عەلی وتی خەڵک سەیری قورەیشیەکان دەکەن و قورەیشیەکانیش سەیری یەکتر دەکەن و دەڵێن ئەگەر بنی هاشم خەلافەت بگرنە دەست، لەدەستی ئەوان دەرناچێت، ئەگەر بخرێتە دەستی کەسانی تری ناو قورەیش ئەوا دەتوانن لەناو خۆتاندا دەستبەدەست بیگێڕن.
لە چەند گێڕانەوەیەکی تردا، دوو وتاری 'عوسمان و عەلی'مان بەرگوێ دەکەوێ. لە کاتی ناشتنی عومەردا عبدالرحمن کۆیان دەکاتەوە و عوسمان دەڵێ ئەڵڵا بە پیرۆزی ئەو فەرمانڕەواییەی بە ئێمە بەخشی و لەدەستی ئێمە دارناچێ و کەسی تر ئەو کارە ناگرێتە دەست مەگەر ئەوەی پشت بکاتە ڕاستی و گومڕا بێت. پاشان عەلی وتارێک

دەدات و لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت هیچ کەس پێش من بۆ وەڵامدانەوەی بانگێشی ڕاستی و دروستی و خزمایەتی نەهێناوەتە پێش. وتەکانم ببیستن و تێبگەن. ئەگەری هەیە لە دوای ئەو کۆبوونەوە شمشێرەکان لە کالآن دەربکێشرێن و پەیمانەکان بشکێنرێن دریت، دەستەیەکتان دەبنە ئەهلی تاریکی و دەستەیەکتان دەبنە شوێنکەوتوانی نەزانی.[161]

لە ڕاستیدا! بە بیستنی ئەو وتارانەی عوسمان و عەلی جگە لە خوێن ڕشتن هیچی تری لێ ڕەچاو ناکارێ. ئەو خوێنڕشتنەی تا ئیمڕۆ خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەو بابەتەمان لە بیر نەچێ و ئەوەشمان لە بیر نەچێ دەستی یەهود لەو هەڵبژاردنە نابینین. بە ئاشکرا هەڕەشە و گوڕەشە بەرامبەر یەکتر دەبینین، ئەستەم نییە ئەگەر چاوەڕێی شەڕێکی گەورە بین و پێشێلی بکرێ بەرامبەر هەموو پیرۆزیەکانی ئیسلام.

**٣ .٣ کارەکانی عوسمان**

* یەکەم کاری عوسمان، ئازاد کردنی کوڕەکەی عومەر بوو، بەندکرا بوو بە هۆی کوشتنی منالەکەی پیرۆز و هورمزان و جوفینە. عەلی دەیویست بیکوژرێتەوە بەڵام عوسمان هەستا ئازادی کرد. ئایا بۆچ ئازادی کرد لە کاتێکدا منالێکی ٦ ساڵان بە دەستی کوڕی خەلیفە بکوژرێت؟

عوسمان پێشنیاری کرد بە پارە مەسلەت بکەن لەگەڵ بنەماڵەی هورمزان و جوفینە، بەڵام بنەماڵەی پیرۆز کەس نەمابوو کە میراتگری بێت بۆیە پارەکەیان ناردە 'بیت المال'. بە ڕاستی سەیرە دەبێ مەسلەتیان لەگەڵ کێ کردبێ؟ کێ بڕیاری دابێ خوێن بابیەکەی بچێتە بیت المال. ئایا ئەمە گاڵتە کردن نییە بە شەرعی ئیسلامیش!

عبدالله و موسوڵمانان خۆیان دەپە ڕێنەوە لەو تاوانە گوایە وای زانیوە کچە بچکۆلانەکەی چەکی بۆ باوکی ش اردۆتەوە بۆیە کوشتویەتی . لە ڕاستیدا برای موسوڵمانەکان پێویست ناکات هێندە پاساو بۆ عبدالله بهێن ەوە کە گوایە بە هەلە کوشتویەتی. بەو پاساوە دەریدەخەن موسوڵمان زۆر بە بەزەییە و ڕەفتاری

---

[161] تأريخ الطبري، قصة الشورى، ج ٥ ل ٧٧ ـ ٨٦ // الكامل في التاريخ، ذكر قصة الشورى، ج ٢ ل ٤٥٩ ـ ٤٦٨ // البداية و النهاية، خلافة امير المؤمنين عثمان بن عفان، ج ٧ ل ١٦٢ ـ ١٦٨

جوامێرانەیان هەیە بەڵام عبدلله زۆر باشی کرد کچه بچکۆلانەکەی   پیرۆزی کوشت چونکه لای ئیمه باشتره که کوژرا و   به منداڵی و هەرزەکاری لاق ەیان نەکرد دەبێ شارستانیەتی میدیەکان دەستخۆشی له ئیوەی دەشتەکی بکات.
باوکی نەژادماد باش دەیزانی چی دەکات و چی ناکات. دوارۆژی خۆی و کچەکەی باش دەزانی. باش دەیزانی خوێنی ئەو بزر نابێت و له مێژو ئەبریقێتەوە. باشیش دەیزانی له ڕۆژانێ ئیمڕۆ ئەو چیرۆکه بۆ لاوانی نەژادماد ئەگێڕدرێتەوە!
لەسەردەمی عوسماندا هیچ گۆڕانکاریەک دروست نەبوو  تاوەکو بکوژ لێبوردەیی بۆ دەربکرێت بەڵام نازانین بۆچ بۆ عبدالله لێبوردەیی بۆ دەرکرا. له کاتێکدا دەبینین له مێژوی عوسماندا نامه  بۆ وەلیدی کوڕی عەقەبه دەنێرێت له کوفه بۆ کوشتنی چەند کەسێک که تاوانیان ئەوه بوو کوشتنی کەسێکیان ئەنجامدابوو     . کەواته بکوژی کەسێک بەناهەق له شەرعی ئیسلام دەبێ تۆڵەی بۆ بکرێتەوە بەڵام دیاره بۆ منداڵێکی ناموسوڵمان ئەو شەرعه لەسەری جێ بەجێ ناکرێ.

* یەکێکی تر لەکاره گرینگەکانی عوسمان بریتی بوو له لابردنی والی شارەکان له بری ئەوەدا خزمەکانی خۆی دانا. لەبەشی داهاتوودا به ناوی 'ناکۆکیەکان' ناوی والیەکان باس دەکەین.

* کۆکردنەوەی ئایەتەکانی قورئان و نوسینی لەناو پەڕاوێکدا به کارێکی گرینگی عوسمان هەژمار دەکرێ، ئەو پەڕاوه ناسراوه به موسحەفی عوسمان، تا ئیمڕۆ ئەهلی سوننه و شیعه لەسەری دەڕۆن.

* هەروەها ئازادی دا به خەڵک بەسەربەستانه لەناو وڵاتدا بڵاوببنەوە،[162] مێژوناسان ئەو خاڵه به خاڵێکی سەرەکی دادەنێن و دەڵێن ئەوه بووه هۆی ئەو فیتنەیەی که عوسمانی پێ کوژرا. لەسەردەمی عومەردا کۆچەرەکان و قورەیشیەکان له مەدینەدا قەتیس کرابوون عومەر نەیدەهێشت بچنه دەرەوه و تێکەڵی جیهان ببن بەڵام خەڵکی تری مەککەی ئازاد کردبوو. بەڵام کاتێک عوسمان بوو به خەلیفه ئەو ئازادیەی دا به

[162] تاريخ الطبري، ذكر بعض سير عثمان بن عفان، ج ٥ ل ١٧٥// الكامل في التاريخ، ذكر بعض سيرة عثمان، ج ٣ ل ٧٠

کۆچەریەکان و قورەیشیەکان. بەهۆی ئەو تێکەڵیەوە یەکەمین فیتنە دروست بوو. هەرچەندە ئەو خاڵە بە خاڵێکی بەهێز نابیندرێت ئەگەر شیکاری ڕووداوەکانی پر لە ئاژاوەی سەردەمی عوسمان بکەی.

### ٣. ٤ غەزوەکانی عوسمانی کوڕی عەفان

کاتێک عوسمان بوو بە خەلیفەی سێهەم دەستی کرد بە تەواوکردنی بەرنامەکانی عومەر و ئەبوبەکر هەروەک پەیمانی دابوو، هەربۆیە غەزوەکان دەستی پێکردەوە بۆ ئەو ناوچانەی دەستی بەسەردانەگیرا بوو یاخود هەڵگەڕانەوەی تیدا ڕوویدا بوو.
بێگومان پاشماوەی هەردووک زلهێزی ساسانی و ڕۆمیەکان ئامادەباشی جەنگیان دەستپێکردبوو تاوەکو بەرەنگاری موسوڵمانەکان ببنەوە. یەزدەگیرد لە شاری فەرغەنە خۆی کۆکردبۆوە، هەروەها هرقلس هێزێکی ئامادەکرد بە هاوکاری ئەو هێزانەی لە ئەسکەندەریە مابوون.
ئەو شەڕ و غەزوانەی خوارەوە لەسەرچاوەی طبري و ابن اثير و ابن کثير وەرگيراوە.[163]

### ٣. ٤. ١ ئەسکەندەریە

خەڵکی ئەسکەندەریە پەیمانی خۆیان شکاند و دەستیان کرد بە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ سوپای ڕۆمیەکان لە قوستەنتینەیە. هێزێک بەڕێکەوت بەسەرپەرشتی 'منویل الخصي' لە نزیک ئەسکەندەریە دابەزین. سوپای هەردووکلا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، پاش شەڕێکی قورس ڕۆمیەکان تیکشکان و بەرەو شاری ئەسکەندەریە چونەوە.
موسوڵمانان دوایان کەوتن و کوشتارێکی زۆریان لێکردن و سەرکردەکەیان 'منویل' کوشت. خەڵکی ئەسکەندەریە دیسان ڕێککەوتنەوە لەگەڵ موسوڵمانەکان. پاشان عمرو بن عاص قەڵا و تاوەر و دیواری چواردەوری ئەسکەندەریەی وێران کرد.
هەر لەو سەرچاوانەدا دەردەکەوێ موسوڵمانانەکان خۆیان لەناو فەلسەفەی ڕۆمیەکان دەدیتەوە وەک چۆن خۆیان تا ڵانیان کرد و خە ڵکیان بێزار کرد و ڕاپەڕینیان لە دژی ئەنجام دەدرا ئاواش دڵنیا بوون ڕۆمیەکان تاڵانی دەکەن و خەڵک

---

[163] تاريخ الطبري ج ٥ ل٨٩ ـ ١٣٣// الكامل في التاريخ، ج ٢ ل٤٧٦ ـ ٤٩٤ + ج ٣ ل٣ـ٢٩ // البداية و النهاية، ثم دخلت سنه خمسة و عشرين الى ثم دخل سنه خمس و ثلاثين، ج ٧ ل ١٦٨ ـ ١٨٩

بێزار دەکەن. بۆیە وتیان وازیان لێ بهێنن با تا لانی خۆیان بکەن و بەڵکو میسر بێزار دەبێت لە دەستیان. بەڵی هەرواش بوو. پاش ئەوەی هێرشەکان زیادی کرد و شە ڕ بەردەوام بوو خەڵکیان ڕوتاندەوە بۆیە خەڵکەکەش لە دژی ڕۆمیەکان هەستان و لایەنگریان نەکردن.

پاشان سعدی کوڕی ابي عاص هەواڵی پێگەیشت خەڵکی رەی پەیمانی ئاشتی دەشکێنن، بۆیە سوپایەکی ڕەوانە کرد و شەڕی دەیلەمیەکانی کرد، هەمان ڕیکەوتنی واژۆ کردەوە لەگەڵ خەڵکی ڕەی.

**٣. ٤. ٢ ئاشتی ئەرمەنستان و ئازەربیجان**

کاتێک عوسمان وەلیدی کردە والی کوفە پاش لابردنی سعدی کوڕی ابی عاص، 'عتبة کوڕی فرقد'ی لە فەرمانڕەوایەتی ئازەربیجان لادا. خەڵکی ئازەربیجانیش پەیمانی ئاشتیان شکاند. وەلید لە ساڵی ٢٥ی کۆچی سوپایەکی بەڕێکرد و هێرشیان کردە سەر خەڵکانی 'موقان و بیر و طیلسان'، داگیریان کرد و تالانیەکی زۆریان دەستکەوت. ئینجا شارەکانی ئازەربیجان لەسەر بنەمای ئاشتی ریککەوتن کە باجەکەی ٦٠٠ هەزار درهەم بێت. پاش وەرگرتنی ئەو سامانە سوپاکەی بە لەشکرێکی ١٢ هەزار جەنگاوەری و بە سەرکردایەتی سلمان کوڕی ڕەبیعە ڕەوانەی جەنگ کرد تاوەکو هەڵبکوتێتە سەر خەڵکی ئازەربیجان.

ئەو لەشکرە چووە ناو قولای ئەرمەنستانەوە بە جۆرێکی بێ وێنە خەڵکیان کوشتار کرد و تالانیان دەستکەوت. کاتێک سەلمان بە دەستێکی پر تالانیەوە گەڕایەوە بۆ لای وەلید، ئنجا ڕەوانەی لای موسڵ کرا لە شوێنک دابەزی ناوی حدیثە بوو. لەو کاتانەدا عوسمان نامەی نوسی بوو بۆ وەلید کە موعاویە بەرەنگاری لەشکرێکی ڕۆمی دەبێتەوە بۆیە هێزێکی ٨ هەزاری بۆ موعاویە ڕەوانە بکەن. سەلمان بە خۆی و هەشت هەزار جەنگاوەرەوە بەرەو لای موعاویە دەکەوێتە ڕێ. پاش گەیشتنی سوپای سەلمان بۆ ناوچەی شام، هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی ڕۆم و کوشتارێکی زۆریان لێکردن لەگەڵ ئەوەی تالانیەک و کەنیزەکێکی زۆریان دەستکەوت.

لە دواییدا چەندین شەڕ لە ناوچەی ڕۆمیەکان کرا، لە زۆربەی شەڕەکان موسوڵمانەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا وەک ناوچەی سیسجان، هەندێ ناوچەش

ڕێککەوتنیان واژۆ کرد بە مەرجی سەرانە وەک سراج طیر، بغروند، جرزان، تفلیس، بیلقان.
سوپای ئسیلام بەرەو شاری برذعة ڕۆیشت و کوشتاری خەڵکەکەیان کرد، خەڵکەکە وەک بەلقان رێککەوتنی ئاشتیان لەگەڵ بەستن. ئینجا بەرەنگاری کوردەکانی بلاشجان بوونەوە پاش شەڕێک ئەوانیش ڕێککەوتن. لەشکری ئیسلام هەر پێشرەوی دەکرد و شاری مێژویی بە ناوی 'شمکور'یان وێران کرد تا سەردەمی خەلیفەی عەباسی متوکل وێرانە بوو.
سلمان بەڕێکەوت تا گەیشتە أرس و کور دەستیان بەسەر تیرەکان داگرت و رێککەوتن هەروەک پاشاکانی شێروان و کۆێستانەکان لەگەڵ پیاوەکانی مسقط و شابران و شاری باب کە ماوەیەکی زۆر خۆڕاگریان کرد بەرامبەر لەشکری ئیسلام.

**٣. ٤. ٣ شەڕی موعاویە لەگەڵ ڕۆمەکان**
موعاویە بۆ شەڕی ڕۆمیەکان بەڕێکەوت، کاتێک گەیشتە عموریە بینی قەڵاکانی ئەنتاکیە تا تەرسو هەر هەمووی چۆڵکرابوو. ئەویش خەڵکی شام و جەزیرەی لەوێ دابەزاند تا خۆی لەشەڕەکانی تر گەڕایەوە، دواتر یەزیدی کوڕی حوری بۆ شەڕی سافیە ڕەوانەکرد ئەویش هەموو قەڵاکانی ئەنتاکیەی ڕوخاند و لەگەڵ خاک ڕێکی کرد.

**٣. ٤. ٤ شەڕی کابول**
لە ساڵی ٢٥ی کۆچی عوسمان هێزێکی نارد بەسەرپرشتی عبدالله کوڕی عامر بۆ کابول، بەڵام خەڵکەکەی خۆڕاگریان کرد تا ئەو کاتەی موعاویە مرد.

**٣. ٤. ٥ شەڕی ئەفریقا**
هەر لەو ساڵەدا واتە ساڵی ٢٥ی کۆچی، عبدالله بن سعد بن أبي سرح بۆ ناوچەکانی ئەفریکا ڕەوان کرا، عوسمان پێی گوت پێنجیەک لە پێنجیەکی تاڵانی بۆ خۆت بێت. سوپای ئیسلام، بە بێ شەڕ توانی دەست بەسەر چەند ناوچەیەک دابگرێ و تاڵانیەکی زۆری دەستکەوێ، بۆیە نامەی نارد بۆ عوسمان تاوەکو زیاتر پێشرەوی بکات، ئەویش ڕازی بوو بەو پێشنیارە و سوپایەکی گەورەی بۆ نارد.

هەروەها دەگێڕنەوە ،  عمرو کوڕی عاص بەرەو شاری تەوبە بە  ڕێ کەوت پاش شەڕێکی قورس بە سو لْح پێک هاتن. ئینجا بەرەو داگیرکردنی بەرقە و تە ڕابلوس و ناوچەکانی لیبیا چوون. ئینجا عمرو کوڕی عاص لابرا و عبدالله کوڕی سعد کرا بە ئەمیر ئەویش هێرش ی کردە سەر تونس و دەوروبەری  . پاش  ئەوەی زانیاری دەستکەوت لەسەر ئەفریقا نامەی بۆ عو  سمان نارد کە ئ ەو ناوچانە ڕزگار بکات عوسمان ڕاوێژی خەڵکی کرد ئەوانیش خۆیان ئامادەکرد بە ڕێکخستنی سوپایەک کە 'حارث بن حكم' بیێتە لێپرسراویان تا دەگەنە سوپاکەی عبدالله کوڕی سەعد.  پاش ئەوەی گەیشتنە شاری تەڕابلوس  لەوێ هێزێکی ڕۆمیان دیت  بە چەند کەشتیەکەوە کە لە کەناری دەریا ئامادەکرا بوو.

سوپای عبدالله بەڕێکەوت بۆ قوڵایی ئەفریکا تا گەیشتە شاری سەبیلی ئەفریکا لەوێ ڕووبەڕووی پاشای جرجیر بۆوە کە سنوری پاشایەتیەکەی لە تەڕابلوس هەتا تنجە بوو. ئەو پاشایە نە بە موسوڵمان بوون ڕازی بوو نە بەسەرانە. بۆیە شەڕێکی خوێناوی دەستی پێکرد. بە هۆی دووری مەیدانی جەنگ لە ناوەندی خەلافەتدا هەواڵ نەدەگەیشتە عوسمان بۆیە ئەویش 'عبدالله بن زبیر'ی لەگەڵ دەستەیەک ڕەوانەکرد بۆ ئەوەی هەواڵی جەنگ بزانێ. کاتێک گەیشتە لای سوپای موسوڵمانان بینی 'عبدالله بن أبي سرح' دیار نییە پرسیاری کرد لە کوێیە وتیان خۆی حەشار داوە چونکە جرجیر وتویەتی هەرکەسێک سەری 'عەبداللە'م بۆ بێنێت کچە جوانەکەی خۆمی ئەدەمێ. عبدالله کوڕی زوبێریش پێشنار دەکات عبدالله بانگەواز بکات بلێت ئەوی سەری جرجیرم بۆ بێنێت کچەکەی دەکەم بە هاوسەری و   ١٠٠هەزار دیناری پێ دەبەخشم.

شەڕی نێوان جرجیر و عبدالله درێژەی کێشابوو و موسوڵمانانی هیلاک کردبوو، عبدالله کوڕی زوبێر پێشنیار دەکات دەڵێت ئەوان لەسەر خاکی خۆیان شەڕ دەکەن و ئێمە دوورین لە وڵاتی خۆمان، ئەوان پشتیوانیان بۆ دێت. پێشنیارم ئەوەیە موسوڵمانە ئازاکان لە ناو خێوەتەکانی خۆیان بحەسێنەوە و ئەوانی تر شەڕ لەگەڵ ڕۆمیەکان بکەن، پاش ئەوەی جەنگ تەواو دەبێ هەردووکلا کە دەگەڕێنەوە ناو خێوەتەکانیان موسوڵمانە ئازاکان بێنە دەری و هێرش دەستپێبکەن. ئەو پێشنیارەیان جێ بەجێ کرد، بۆ بەیانیەکەی کە جەنگ دەستی پێکرد و کاتی ئەوە هات هەردووکلا بچنەوە ناو خێوەتەکانیان ئینجا دەستەی دووهەم هێرشیان کردە سەر ڕۆمیەکان

بەجۆرێک نەیان توانی خۆیان کۆبکەنەوە و ئامادەی شەڕ ببنەوە بۆیە موسوڵمانەکان بەسەریاندا زاڵ بوون. عبدالله کوڕی زبیر خۆی گەیاندە کەژاوەکەی جرجیر و سەری پەڕاند و خستیە سەر نوکی ڕمەکەی و کچەکەشی بە دیل گیرا. وەک خۆیان باسی دەکەن دەڵێن تالانیەکی بێ ئەندازە بەدەستی موسوڵمانان کەوت بە جۆرێک هەر سوارێک ٣هەزار دیناری دەستکەوت و هەر پیادەیەکیش هەزار دینار. کچی پاشا بەدەست کابرایەکی ئەنساڕی کەوت بەرەو حجاز بردی، هەندێکیش دەڵێن بۆ عوسمان ڕەوانە کراوە. پێنجیەکی تالانی ئەو جەنگە بە مەروان کوڕی حکم بەخشێنرا. لەگەڵ ئەوەی پێنجیەکی تالانی جەنگی یەکەم بە عبدالله کوڕی ئەبی سرح پەخشانکرا. پاش ئەوەی ئەو ناوچانەیان گرت عبدالله بن سعد لە ئەفریکا گەڕایەوە بۆ میسر.
بەڵام شەڕ و هەڵگەڕانەوە بەردەوام بوو هەتا کوشتنی عەلیش نائارامی بەخۆوە ئەبینی. پاش کوشتنی عەلی کوڕی ئەبی تالب، موعاویە زیاتر توانی کونترۆڵی ئەو ناوچانە بکات. لە هەمان کاتدا دووبەرەکی لە نێوان موسوڵمانانیش زیادبوو بە هۆی تێکەڵاوبوونی عێراقیەکان و چونیان بۆ ئەو ناوچانە.
درێژەی ئەو بابەتە لەو کتێبە باس ناکرێ بەڵکو لە بەرگی سێهەمی ئەو کتێبە باس دەکرێ.

### ٣. ٤. ٦ هێرشکردن بۆ سەر ئەندەلوس

کاتێک ئەفریکا دەستی بەسەرداگیرا، عوسمان فەرمانی بە عبدالله کوڕی نافع کوڕی حصین و عبدالله کوڕی نافع کوڕی عبدالقیس کرد تا بەرەو ئەندەلوس بەڕێبکەون هەردووکیان لە ڕێگای دەریاوە گەیشتنە ئەو ناوچە و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، پاش ئەو سەرکەوتنە عوسمان 'عبدالله کوڕی سعد'ی لەسەر فەرمانڕەوایەتی ئەفریکا لادا و 'عبدالله بن نافع عبدالقیس'ی لەجێ دانا. عبدالله گەڕایەوە میسر و ئەو پارانەی کە گلی دابۆوە بۆ عوسمانی نارد.

### ٣. ٤. ٧ هەڵگەڕانەوەی چەند ناوچەیەک

لەو ساڵەدا واتە ساڵی ٢٧ی کوچی دووجار خەڵکی ئیستەخر هەڵگەڕانەوە و عوسمانی کوڕی ئەبی عاص دەستی بەسەرداگرتەوە. هەروەها موعاویە کوڕی ئەبی سوفیان بەرەو شەڕی قینەسرین کەوتەڕێ.

**٣. ٤. ٨ قوبرس**

لە ساڵی ٢٨ی کۆچی معاویە نامەیەکی بۆ عوسمان نوسی کە لە ڕێی دەریاوە ناوچەکانی تری ڕۆمی ڕزگار بکەن. عوسمان ڕازی نەبوو چونکە دەیزانی موسوڵمانان شارەزای دەریا نین. بەڵام معاویە هەر جەختی لەسەر دەکرد. دواجار عوسمان وتی ئەگەر خێزانی خۆت دەخەیتە ناو دەریا ئەوا مۆڵەتت دەدەم وە نابێ موسوڵمانێک بچێتە ناو دەریا کە خۆی ڕازی نەبێ. موعاویە لەسەردەمی عومەریش هەر داوای دەکرد لە ڕێگای دەریاوە هێرش بکەنە سەرناوچەکانی ڕۆم. بەڵام عومەر نەی دەزانی دەریا چییە بۆیە بۆ عمرو کوڕی عاص دەنوسێ کە دەریا و کەشتی بۆ وەسف بکات. ئەویش دەڵێت دروستکراوێکی گەورەم بینیوە بونەوەری بچوک سواری دەبن، جگە لە ئاسمان و ئاو هیچی تر نابینن. گەر دەریا جوڵەی نەمینێ دڵەکان لەت دەکات بە نیگەرانی، ئەگەر دەریا بئاروژێ ئەقلەکان لە دەست دەردەچێ. دڵنیایی ڕوو لەکەمی دەکات و گومان زیاد دەکات. ئەوان وەک کرمێکی سەر چیلکەدارن، ئەگەر لەنگەر بگرێت نقوم ئەبن ئەگەر دەرباز بن ئابلەق(سەرسام) ئەبن. پاش ئەوەی عومەر گوێ بیستی ئەوە دەبێت دەڵێت هەرگیز هیچ موسوڵمانێک سواری کەشتی ناکەم.

پاش ئەوەی نامەی عو سمان گەیشتە موعاویە ، معاویە دەستی کرد بە پەرینەوە بۆ قوبرس، خەڵکی پەیمانی ئاشتیان واژۆ کرد بەرامبەر ٧ هەزار دینار لە ساڵێکدا، هەروەها موعاویە چەند مەرجێکی تری لەسەر دانان:

مەرجی موسوڵمان ئەوە بوو:

یەک: ئەگەر هێرش کرایە سەر خەڵکی دورگەری قوبرس ئەوا موسوڵمانەکان لەسەریان ناکەنەوە.

دوو: دەبێ خەڵکی قوبرس موسوڵمانەکان ئاگادر بکەنەوە لە هەر جموجۆڵێکی ڕۆمیەکان.

سێ: موسوڵمانان لە ڕێگای قوبرسەوە پەلاماری دوژمنی خۆیان دەدەن.

هەر لەو ساڵەدا موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر ئەو بەشەی سوریا کە ڕۆمیەکان لە ژێردەستیان دابوو.

**٣. ٤. ٩ شەڕی ئەستەخیر**

لەو ساڵەدا خەڵکی ئەستەخیر لە موسوڵمانەکان هەڵگەڕانەوە دژی عبدالله کوڕی عمیر جەنگان، پاش شەڕێکی قورس موسوڵمانەکان تێکشکان و شاری ئەستەخیر گەڕایەوە بەردەستی میدیەکان. موسوڵمانەکان هێزەکیان لە بەسرەوە ڕەوانەی ئەستەخر کرد، پاش شەڕێکی قورس دەستیان گرت بەسەر شاری ئەستەخیر، لە دوای ئەوەدا خەڵکی دارابجرد هەڵگەڕانەوە دیسان بە زەبری شمشێر ئەو ناوچەیە هاتەوە ژێر دەستی موسوڵمانەکان. بەڵام دیسان خەڵکی ئەستەخیر ڕاپەڕینەوە لە دژی موسوڵمانەکان ئەوانیش کوشتاریکی زۆریان لێکردن و کەوتەوە دەستی موسوڵمانەکان. پاشان گەمارۆی شاری 'جور'یان دا بە زەبری شمشیر ئەو ناوچەیان گرت و کۆنترۆڵیان کرد.

**٣. ٤. ١٠ شەڕی تەبرستان**

لە ساڵی ٣٠ی کۆچی موسوڵمانەکان بەسەرکردایەتی سەعیدی کوڕی عاص هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی تەبرستان. سەرەتا عبدالله کوڕی عامر بەمەبەستی خوراسان لە بەسەرە دەرچوو تا گەیشتە نیسابور. سعید هاتە جرجان لەسەر بنەمای باجدانی ٢٠٠ هەزار دینار ڕێککەوتن. دواتر ڕۆیشتە 'طمیسة'. ئەمانە هەموویان سەربەناوچەی تەبرستان بوون. خەڵکی بەرەنگاری موسوڵمانان بوونەوە بەڵام سەعید گەمارۆی خستە سەرشارەکان ئەوانیش داوای ڕێکەوتنیان کرد بە مەرجێک کەس نەکوژرێت. سعید ڕازی بوو ئەوانیش دەروازەکانیان کردوە، بەڵام سعید فێڵی لێکردن هەر کە گەیشتە ئەوێ پەیمانەکەی شکاند و هەرچی پیاو بوو کوشتی تەنها یەک پیاوی هێشتەوە. هەرچەند تێدەڕوانم نازنم بۆچ تەنها یەک پیاویان بە زیندوویی هێشتەوە. ئەڵڵا باشترین زانایە. ژنەکانیان هەمووی برد لەگەڵ گەنجینەی ئەو شارە. لە دواییدا سەعید لەگەڵ خەڵکی گورگان لە سەر بنەمای سەرانەی ساڵانە ڕێککەوتن کە بڕەکەی ١٠٠ هەزار دینار بوو.

**٣. ٤. ١١ شەڕی ذات صواري**

لە ئەنجامی کۆنترۆڵ کردنی ناوچەیەکی زۆر لەلایەن موسوڵمانەکان، قستەنتینی کوڕی هیرقەل هێزێکی کۆکردەوە بە پشتیوانی ٦٠٠ کەشتی جەنگ. بۆیە موسوڵمانان

٢٠٠ کەشتیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی بەربەستێک دروست بکەن و ڕووبەڕووی کەشتی ڕۆمیەکان ببنەوە. کەشتی هەردووکلا بەریکەوتن و بوو بەشەڕی شمشێر، لەو شەڕە سەختەدا هەردووکلا زیانێکی زۆریان پێگەیشت. قوستەنت بریندار بوو و هێزی ڕۆمیەکان شکستیان خوارد. قستەنتین بە کەشتیەکەی ڕۆیشتە دورگەی صقلیة [164]، بەڵام خەڵکی ئەویّ کوشتیان و خستیانە ناو کەشتیەکەی و ڕەوانەی قوستەنتینیەیان کرد.

### ٣. ٤. ١٢ کوشتنی یەزدەگیرد

پاش ئەوەی هێزی موسوڵمانا ن زیاد ی کرد و بەرەو ناوچەی خوڕاسان کشان، یەزدەگیرد لە ساڵی ٣١ی کۆچی لەشاری کرمان دە ڕوات بەرەو 'مرو'. مێژوناسانی ئیسلام چیرۆکی جۆراوجۆر باس دەکەن لەسەر هەڵاتنی یەزدەگیرد کە لە چ شارێک بۆ چ شارێک هەڵاتووە، تەنانەت چەندین چیرۆکی جیاواز هەیە لەسەر کوشتنی و ساڵەکەی، وا پێ دەچێت مێژوناسەکان نازانن و هەر کەسێک بە هەوای خۆی باسی کردووە. لەبەر دورودرێژی بابەتەکە بە کورتی دوو چیرۆکی جیاواز لەسەر کوشتنی یەزدەگیرد باس دەکەین:
یەزدەگیرد نامەی بۆ تورکەکان نارد تاوەکو یارمەتی بدەن. تورکەکانیش هاتن و بەسەریاندادا و هاوڕێکانی کوژران، بۆیە بە ناچاری یەزدەگیرد ڕووی کردە ڕوباری مورغاب و پەنای بردە ماڵی پیاوێک بەردی ئاشی دەتاشی. تورکەکان بەدوای داهاتن و لە ماڵی پیاوەکە گرتیان و کوشتیان. ئینجا بنەماڵەکەیان کوشتار کرد. تەنها یەک منداڵی دەرچوو ئەویش لە پاش مردنی چاوی بە دونیا هەڵێنا.[165]

چیرۆکێکی تر دەڵێت بەم شێوەیە نەبوو: ئەڵێن پاش هاتنی عەرەبەکان بۆ کرمان، یەزدەگیرد لەگەڵ چوارهەزار کەس بەرەو 'مەرو' بەڕێکەوتن. کاتێک گەیشتنە مەرو دوو سەرکردە بە ناوی براز و سنجان پێشوازیان لێکرد. ئەو دوو سەرکردە ناکۆکیان لەگەڵ یەک بوو بە جۆرێک یەزدەگیرد بێزار بوو هەوڵی کوشتنی سنجانیدا، ئەو هەواڵەش ئاشکرا بوو لەلایەن ژنێک بۆیە سنجانیش هاوەڵانی خۆی کۆکردەوە بۆ

---

[164] دورگەیەکە لە ئیتالیا ناوی سیسلیایە.
[165] پاش ئەوەی ئەو کورە گەورە دەبێ لە خوراسان چەندین منالّی دەبێ. لە دواییدا قەتیبەی کوڕی موسلیم دەست بەسەر سەغد دا دەگرێت دوو کچی وەک کەنیزیک بۆ حجاج ڕەوانە دەکات.

هێرشکردن، براز هەڵاتو یەزدەگیردیش ترسا و هەڵات تاگەیشتە لای ئاشەوانێک. ئاشەوان خواردنی دایە و داوای ٤ درهەمی لێکرد ئەویش پارەی پێ نەبوو پشتێنە زیرینەکەی دایە ئەویش وتی ٤ درهەمم بەسە. پاش ئەوەی یەزدەگیرد خەوی لێکەوت ئاشەوانەکە بە درندەترین شێوە بە تەور دەیکوژێت. هەرچی پێ دەبێت دەیبات و تەرمەکەش دەخاتە ناو ڕوبار.

قەشەیەکی مەسحی بە ناوی مەکران، **نەەکی ئاینی دەیگرێت**، ***نەەکی ئاین دەیگرێ***.

دەڵێت پاشایەکانیان زۆر بۆ ئێمە باش بووە. بە تایبەتی شیرنی نەنکی. بۆیە دەبێ ڕێزی لێبگیرێ و بە جوانترین شێوە بنێژرێت. جێی خۆیەتی شیوەنی بۆ بکەین و تابوتی بەردینی بۆ دروست بکەین. هەربۆیە سندوقێکی بەردینیان بۆ دروست کرد و لە باغێکدا گۆڕیان بۆ هەلکەند، پاش بە خاک سپاردنی گۆڕەکەیان هەڵچنی.

### ٣. ٤. ١٣ شەڕی خوڕاسان

لە ساڵی ٣١ی کۆچی عبدالله کوڕی عامر دەستنیشان کرا بۆ هێرشکردن بۆ سەر خوڕاسان. ئەویش زیاد کوڕی ئوبیەی لە 'بەسەرە' دانا و خۆی بەڕێکەوت. لەو کاتانەدا کرمان و سیستان لە موسوڵمانەکان هەڵگەرابوونەوە، ئەو پەیمانەی بەستوویان لێی پاشگەز ببوونەوە. ئەویش مجاشیع کوڕی مسعود کرد بە فەرمانڕەوای لەشکرێک تاوەکو شەڕی کرمان بکات و ڕەبیع کوڕی زیادی ڕەوانەی سیستان کرد. خۆشی بەڕێکەوت بۆ طبسین کە دوو قەڵای لێبوو بە دەروازەی خوڕاسان ناسرا بوو. پاشان بەڕێکەوت بۆ قهستان، خەڵکەکە بۆ ناو قەڵاکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد و دواتر پەیمانی ئاشتیان بەست. زۆربەی شارەکانی نیشابور وەک (بیهق، خواف، ئەسفراین، ارغیان) دەستی بەسەرداگیرا بە مەرجی باج دانی ساڵانە، سەرکردەی نیشابور ڕێککەوتنی لەگەڵ موسوڵمانەکان بەست بە هەزارهەزار درهەم واتە میلیونێک.

ئنجا بەرەو سەرخس ڕۆیشتن شەڕیان لەگەڵ کردن و ئەوانیش ڕێککەوتن ئینجا ناوچەی هرات و بازغیس و بوشنج ریکەوتنیان کرد.

پاشان لەشکرەکەی ئیسلام بەسەر 'بەغ'ی دادا و تاڵانی کرد، ئینجا رێککەوتنی ئاشتیان بەست.

خەڵکی تاخارستان بەرامبەر لەشکری ئیسلام خۆڕاگریان کرد، خەڵکی 'گوزگان=جوزجان' و 'تالەقان=طالقان'، 'فاریاب' و شوێنەکانی دەوربەریان سوپایەکی تۆکمەیان پێکهێناو ڕووبەڕووی مولسمانەکان بوونەوە. پاش شەڕێکی سەخت ئەحنەف کە سەرکردەی ئەو شەڕە بوو گەڕایەوە بۆ مروروز و سوپای میدیەکانیش گەڕانەوە بۆ گوزگان. پاشان هێرشیان بۆ گوزگان کردەوە و دەستیان بەسەر داگرت. لە دواییدا ناوچەی بەڵخ دەستی بەسەرداگیرا.

**٣. ٤. ١٤ شەڕی کرمان**

پاش ئەوەی مجاشع کوڕی مسعود 'کرمان'ی گرت بۆ ماوەیەک مایەوە و ئینجا ڕۆیشت بەرەو سیرجان و دەستی بەسەر داگرت. خەڵکی ئەو شارە ڕوویان کردە جیرفت، مجاشع زیاتر بۆ قوڵایی کرمان ڕۆیشت تا گەیشتە قفص لەوێ ڕووبەڕووی لەشکرێکی میدیەکان بوو، پاش شەڕێک ئەوانی سەرکوت کرد. خەڵکی کرمانیش هەندێک مانەوە لە شوێنی خۆیان و ئەوانەی تر کۆچیان کرد بۆ سیستان.

**٣. ٤. ١٥ شەڕی سیستان و کابول و ناوچەکانی تر**

پاش ئەوەی خەڵکی سیستان پەیمانی ئاشتیان شکاند، عبدالله کوڕی عامر سوپایەکی بەڕێکرد بە فەرمانداریەتی 'ربیع'ی کوڕی مسعد. ئەو سوپایە بەڕێکەوت تا گەیشتە ناوچەیەک بە قەڵای زالق ناسراوە. لە ئەنجامی شەڕێکی قورس فەرمانداری سوپای میدیەکان بە زێر و زیو ڕێککەوت لەگەڵیان. ئینجا ڕەبیع بەرەو ناشرواز و شرواز ڕۆیشت و دەستی بەسەرداگرت.

ڕەبیع بەڕێکەوت بۆ زرنج ئەوانیش سوپایەکیان بۆ ئامادەکرد تا بەرەنگاری ببنەوە، پاش شەڕێکی سەخت بۆ ناوشار گەڕانەوە و ڕەبیعیش گەمارۆی خستەسەر. لە دواییدا فەرمانڕەوای زرنج بڕیاری دا چاوپێکەوتنی ڕەبیع بکات تاوەکو ڕێکبکەون، ڕەبیع ڕازی بوو بەو چاوپێکەوتنە کاتێک سەرکردەکەیان نزیک بۆوە دیتی ڕەبیع لەسەر جەستەیەکی بێ سەر دانیشتوە و هاوڕێکانیشی بەهەمان شێوە. ئەو دیمەنە بەربەریە وای لەو سەرکردە کرد ڕازی بێت بە مەرجی ١٠٠٠ کۆیلە و هەرکۆیلەیەکیش جامێک زێڕی پێبێت.

سوپای ئیسلام چووە ناوشاری زرنج ئینجا بەڕێکەوتن بۆ دولی سنارۆز، سنارۆز ئەو شوێنە بوو کە ئەسپەکانی ڕۆستەمی لێ بوو. پاش شەڕێک دەستیان بەسەر ئەو شوێنەدا گرت. ئینجا رەبیع گەڕایەوە بۆ زرنج. لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا ڕەبیع دەستکەوتی ٤٠ هەزار دیل بوو. واتە بوو بە خاوەنی ٤٠ هەزار کۆیلە.

عبدالرحمن دەستی گرت بەسەر هەموو ئەو ناوچانەی نێوان 'زرنج' و 'کش'، سنوری داگیرکردنی تا سنوری هیندستان ڕۆیشت و هێزەکەی تالآنیەکی بێشوماریان دەستکەوت، هەرچی ئاسەوار بوو خاپوریان کرد بۆ نمونە بتێکی زێریان لە چیای 'ڕۆژ' دەستکەوت کە هەردووک چاوەکەی یاقوت بوو، عبدالرحمن هەردووک دەستەکەی شکاند و یاقوتەکانی هەڵگرت.

لە ڕاستیدا! دەبێ بپرسین تۆ بڵێی ئەوەی لە جەنگ کوژرابێ سەری پەری بێ؟ یان بە کوژراوی سەریان پەڕاند دبێ؟ یان بە زیندووی سەریان پەڕاند بێ؟ هەرچۆنێک بێت دەردەکەوێ سەربڕین کەلتورێکی ئیسلامی بووبێ. ئەگەر ڕەبیع لەسەر جەستەی بێ سەر دانیشتبێ! دەبێ چ ڕێزێک لە زیندو گیرابێ.

### ٣. ٤. ١٦ سەرکەوتنی تورکەکان و کوژرانی عبدالرحمن کوڕی رەبیع

لە ساڵی ٣٢ی کۆچی سوپای ئیسلام ڕووبەڕووی تورکەکان دەبێتەوە. بەر لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە تورکەکان وایان ئەزانی موسوڵمانەکان نامرن، دیارە ئەو پروپاگەندەیە هەبووە و ورەی لەشکری بەرامبەریان بەوە تێکشکاندوە. بۆیە لەناو دارستانێکدا تورکێک تیرێک بۆ موسوڵمانێک دەهاویژێ و دەیکوژێ بەمە بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە موسوڵمانەکانیش مرۆڤن و وەک ئەوان دەمرن. ئینجا هەر دووک سوپا لەناوچەی بلنجر ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە و شەڕێکی زۆر قورس دەست پێدەکات. سەرلەشکری ئیسلام 'عبدالرحمن' دەکوژرێ و سوپای ئیسلامیش تێکدەشکێ. پاش تێکشکاندنی سوپای ئیسلام ئەوەی دەم ێنێتەوە دەبێتە دوو بەش بەشێکیان بۆ باب ڕائەکەن و بەشەکەی تر بۆ گورگان و و گیلان ڕادەکەن.

لە دوای کوشتنی عبدالرحمن، عو سمان نامەی بۆ سعید نارد تاوەکو سلمانی کوڕی ڕەبیعە بنێرێت بۆ ئەوەی شاری باب داگیر بکات. پاش ئەوەی باب دەستی بەسەردادەگیرێ، لەشکرێک بە سەرۆکایەتی حەبیب کوڕی مەسلمە بۆ سەلمان دەنێردرێت. کاتێک سلمان و حبیب بەی ەک گەیشتن بوو بە ناکۆکی لەسەر

فەرمانڕەوای، تا  وای لێهات هەرلایەک دەیویست لە    ملی  سەرکردەی سوپاکەی بەرامبەری بدات. ئەم کێشەیەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکی خایەند. حوزیفە سێ جار بۆ شەڕ چووە دەر، لە جاری سێهەمدا هەواڵی کوژرانی عوسمان گەیشتەلایان.

**٣. ٤. ١٧ قاران**

قاران سوپایەکی گەورەی کۆکردەوە لە خەڵکی ناوچەکانی طبسین و باذغیس وهرات و ناوچە شاخاویەکان. قیس کوڕی هیثم بە 'عبدالله کوڕی حازم'ی وت چۆن تێ دەڕوانی و بەڕای تۆ چی بکەین. ئەویش وتی پێم باشە ناوچەکان چۆل بکەین، چونکە من فەرماندارم، نامەیەکی ساختەی دەرهێنا وتی فەرمانم لە کوڕی عامر وەرگرتووە هەرکاتێک جەنگی خوراسان بکرێ من فەرماندار بم. قیس نەیویست ئاژاوە دروست ببێت بۆیە بۆ لای عامر ڕۆیشت، 'عبدالله کوڕی حازم' وتی شارتان وێران کرد ئێستا بە جێی دەهێڵی.

کوڕی حازم پیلانی دانا چۆن بەرەنگاری ئەو لەشکرە ببێتەوە چونکە ئەو هێزەی نەبوو بەرامبەر سوپای قاران بوەستێتەوە. هێزی ئیسلام لە ٤ هەزار کەس پێکهاتبوو، ٦٠٠ جەنگاوەری دانا کە ببنە پێشەنگی سوپاکە، فەرمانی بەوانی تریش کرد کە رۆن لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. لە کاتی شەو، نزیکی سوپای قاران بوونەوە،    ٦٠٠ کەسەکە پێشرەویان کردو پاشان ئەوانی تر پارچە پەمۆیان بە رۆن کرد و بەسەری ڕمەکانیانەوە گرێ داو و ئاگریان تێبەردا. کاتێک ئەو   ٦٠٠ جەنگاوەرە لە گەڵ هێزی قاران تێکهەلقژان و جەنگاوەرەکانی قاران ئاگریان لە دوورەوە دەدیت کە وایان زانی چەپ و ڕاست پێشرەوی دەکەن، سوپاکە سەرقاڵی شەڕێکی سەرلێشێواوانە بوون بە جۆرێک موسوڵمانەکان گەیشتنە قاران و کوشتیان. بە کوشتنی قاران سوپاکە توشی شپرزەییەکی لە ڕادە بەدەر بوون و دەستیان کرد بە هەڵاتن، موسوڵمانەکانیش بە دوایان کەوتن و کوشتاریان کردن. تالانیەک و کەنیزەکێکی زۆریان دەستکەوت. زۆر بە ڕوونی هۆکاری سەرکەوتنی ئەو جەنگە دەبینین، بەشەو دایان بەسەر سوپای قاران و تاکتیکی فێڵبازیان بەکارهێنا، ئەمەش پیشەی بیابانی خۆیان بوو کاتێک بەسەر کاروانەکانیان دائەدا. بەڵام لەشکری ساسانیەکان دایم بە ڕۆژ ڕووبەڕووی لەشکری دوژمن بۆتەوە، ئەو جیاوازیە وای لە ئیسلام کرد سەرکەوتنی یەک لە دوا یەک بەدەست بێنێت.

بەهۆی ئەو سەرکەوتنە کوڕی حازم بە فەرمی بوو بە فەرمانڕەوای خوڕاسان.

**٣. ٤. ١٨ شەڕەکانی ساڵی ٣٣ی کۆچی**

لەو ساڵەدا چەند شەڕێک ڕوویدا لە ئەنجامی هەڵگەڕانەوەی ناوچەکانی ئەفریکا و خوراسان. هەروەها موعاویە هێرشی کردە چەند ناوچەیەکی ڕۆمیەکان، دەڵێن لەو ساڵەدا دەستیان گرت بەسەر قوبرس. لە ئەنجامی پەلامار و هێرشکردندا موسوڵمانەکان تالانیەکی زۆریان دەستکەوت.

دەبێ خۆێنەر باش لە وە تێبگات کاتێک باسی هەڵگەڕانەوە و پەیمان شکاندنەکان دەکەین مانای ئەوەی خەڵکی ئیسلامیان پێ قبوڵ نەبووە بۆیە ئەو ناوچانە لە موسوڵمانەکان ڕاپەریون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ ئیسلام لە ڕووی فەلسەفیەوە سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و باوەڕی بۆ خەڵکان دروست نەکرد، ە ەتا یەک دەنگی ناڕازی و ڕاپەڕین هەبێ واتە قبولکردنی ئیسلام لەلایەن خەڵک ڕەتکراوەتەوە، ئێمە ئەوەمان دەخوێند لەسەردەمی ع وەر ناوچەکان فتح کران و کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانان و خەڵکی ڕزگاریان بوو. ئایا ئەگەر خەڵک ڕزگاری بێ بۆچ ڕاپەڕین دەکات تەنها یەک وەڵام هەیە ئەویش خەڵک بە ناو و ڕووکەش و زۆرەملەیی بۆتە موسوڵمان.

لەو سالانەدا غەزوەکان تا ڕادەیەک ڕاوەستا بە هۆی ئەو ناکۆکیەی کەوتە نێوان موسوڵمانان بە تایبەتی لایەنگرانی عەلی و عوسمان بەسەختی کەوتنە ناو ململانەیەکی بێ هاوتا. ناکۆکیەکان خەست بۆوە لە نێوان خەڵکی کوفە و شام. سەرهەڵدانەوەی ناکۆکیەکانی بەنی ئەومەییە لە لەگەڵ بنی هاشم لە کەنالەکانی عائیشە و عەلی و عوسمان و موعاویە دەستی پێکردەوە. ئەوەی سەیرە ئەو ڕاستیانە هەمووی شاردراونەتەوە لە کاتێکدا هەر هەمووی لە پەڕاوە کۆنەکان 'کتب التراث' باس کراوە، ئەگەر کەسێک بتوانێ شیکاری بۆ بکات! هەرچەندە ئەو ناکۆکیانە و ئاژاوە ناوەکیانە بە فیتنە و دەستی دەرەکی هەژمار کراوە.

**٣. ٥ ناکۆکیەکان و ڕووداوی فیتنە**

سەیر لەوەیە ئەو ناکۆکیانە کە ڕوویداوە بە فیتنەیەکی دەرەکی هەژمار دەکرێت و ڕاستیە زەقەکان حەشار دەدرێت و دەخرێتە ئەستۆی چەند کەسێک بەهۆیەوە ١٤٠٠

ساڵە خوێن لە نێوان موسوڵمانی ئەهلی سوننە و شیعە دەڕێژرێت. ناكۆكیەكانی چەند ساڵەی دووبنەماڵەی عەرەبی لە هۆزی قورەیشی خوێنی چەند هۆزێكی تری عەرەبی و نەتەوەی تری پێ ڕژاوە.
سەیر لەوەیە ئەو دوو بنەماڵەیە هێندە خوێنیان لەگەڵ یەكتر نەرشت بە ڕادەی خوێنی ئەو میللەتانەی ناعەرەبی، بەقەد هەموو زیند و مردوەكانی ئەو دوو بنەماڵە میللەتان خوێنیان ڕشت بێ ئەوەی بزانن ڕەگ و ریشەی ئەو كێشانە لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە. لێرەدا تا پێمان بكرێ ناكۆكیەكان باس دەكەین كە بووە هۆی ئەو فیتنەییە:

### ٣. ٥. ١ ناكۆكی نێوان نەوی هاشم و ئومەییە' بني هاشم و بني أمية'

ئەو ناكۆكیە ڕەگ و ڕیشەی بۆ سەردەمانێكی زۆر كۆن دەگەڕێتەوە لە كاتێكدا عبدالمناف دوو كوڕی ئەبێ بەناوی هاشم و أمية ئەم دووانە بەشەڕی شمشێر برایەتیان لێک جیادەبێتەوە. ئەم ناكۆكیە پاشان بۆ عبدالمطلب و حرب دەمینێتەوە پاشان بۆ كوڕەكانیان أبي طالب و سفیان. هەربۆیە موعاویە و علي ناكۆكی بابوباپیرانیان بە میراتدەگرن. بەڵام دوژمنایەتی بەمەش ڕاناوەستێ هەتا حوسەین و یەزید دەگرێتەوە. ئەو ڕەگوڕیشەیە تاوەكو ئیمڕۆ درێژەی هەیە لە قالبی ئەهلی سوننە و شیعە قەدی گرتووە.
پێش ئەوەی شیعە و سوننە بەو خەستیە قوڵ ببێتە و دوو مەزهەبی جیاواز سەرهەڵبدات، لەسەردەمی عوسماندا بە لایەنگری دەستی پێكرد واتە لایەنگرانی عەلی و لایەنگرانی عوسمان. هاتنی عوسمان بۆسەر دەسەڵاتی خەلافەت و فەرامۆشكردنی عەلی ناكۆكیەكان زیاتر زەق بوونەوە.
ئەوەتا عومەر خۆی بە عباس دەڵێت قورەیشیەكان نەیان هێشت خەلافەت و پێغەمبەرایتی لە بەنی هاشم بێت. دیارە نهێنی زۆر هەبووە لە نیوان قورەیش و عومەر كە كێ ببێتە خەلیفەی سێهەم، یاخود خەلیفەی یەكەم و دووهەم عەلی نەكرا. ئەبێ ئەبوبەكر و عومەر لەگەڵ كێ كۆبووبنەوە تاوەكو نەهێڵن ببێتە خەلیفە. ئەو نهێنیە كێ بۆمان دەدۆزێتەوە. بێگومان مردوەكان نهێنیەكانیان لەگەڵ خۆدا بردە ژێر گڵ تەنها چەند كلیلێک و نەخشەیەكیان بۆ بەجێ هێشتین تاوەكو بگەرێین و هەڵیبكۆڵین بۆ دۆزینەوەی سندوقی مێژو كە پریەتی لە نهێنی خەتەرناک.

مادام شەڕ و ئاژاوە و ململانێ لە نێوان دوولایەن هەبێ ئەوا کێشە بچوکەکانیش زیاتر زەق دەبێتەوە و چاوپۆشی لێ ناکرێ. ئەوەتا عوسمان لە ساڵی ٢٩ی کۆچی دەچێت بۆ حەج و لە عەرەفە نوێژی تەواو دەخوێنێت خەڵکی ڕەخنەیان لێگرت کە دەبێ دوو رەکعەت بخوێندرێت. عەلی بە عوسمانی وت: نە کارێکی تازە هاتۆتە پێش و نە ئێمە لە ڕۆژگار و سەردەمی پەیامبەر دوورکەوتوینەتەوە، تۆ خۆت پەیامبەر و ئەبوبەکر و عومەرت بینی لێرەدا دوو رکعەتیان کرد. تۆ لەسەرەتای خەلافەتی نازانم کاری خۆت دەگەیەنیە کوێ!!!

ئەو ڕەخنەیە کەم نییە لە خەلیفەی ئیسلام بگیرێ و دەرگای بۆ خەڵک بکاتەوە بە ئارەزوی خۆی ڕەخنە بگرێ. لێرەدا ترسی موسوڵمان دەشکێ لە ڕەخنە چونکە دەزانن هێزێکی وەک عەلی لە ئارادایە و دەتوانرێت خۆیان بخەنە پاڵ عەلی.

ئەو ڕەخنانە چاوی موسوڵمان دەکاتەوە و وردو درشتەکان دەبینێ بۆیە کە عوسمان خزمانی خۆی دەکاتە فەرمانڕەوا خەڵکی ڕەخنەی لێدەگرن. لەشەڕی ذات الصواري، موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و موحەمەدی کوڕی ابی حوزیفە ڕەخنە لە عوسمان دەگرن لەلای خەڵک و دەروازەی ڕەخنەکەشیان لە ڕێگای 'عبدالله کوڕی سعد'ە. بەو جۆرە تیشک دەخەنە سەر عوسمان دەڵێن عوسمان ئاڵوگوری لە ئاینی ئەڵڵا کردووە و شێوازی ئەبوبەکر و عومەری شێواندوە عبدالله کوڕی سعدی کردۆتە فەرماندار لە کاتێکدا پەیامبەر داوای ڕشتنی خۆێنی کردبوو و چەند ئایەتێکی لەسەر دابەزی، پێغەمبەر چەند کەسێکی دوورخستبۆوە کەچی عوسمان هەمووی گەڕاندنەوە سەر کاری خۆیان. کاتێک عبدالله زانی (موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و موحەمەدی کوڕی ابی حوزەیفە) ڕەخنە لە عوسمان دەگرن، وتی لەسەر کەشتیەکەی من نەبن و ئەوانی لەسەر کەشتیەکی تر سەرخست بۆیە ئەوانیش شەڕێکی ئەوتۆیان نەکرد وەک موسوڵمانەکانی تر، وتیان ئێمە چۆن شانبەشانی عبدالله بجەنگین، عبداللەش هەڕەشەی لێکردن. خەڵکیش لەسەر زاری ئەوان کەوتنە ڕەخنە لە عوسمان.

هەروەها عەلی کوڕی تالیب هێزێک بوو ئەویش ڕەخنەی لە عوسمان دەگرت، وەک گوتمان کە هێزێکی نەیار هەبێ و دەرگا بکاتەوە بۆ ڕەخنەگرتن ئەوا خەڵکی پەنای بۆ دەبا هەربۆیە موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر دەبێتە لایەنگری عەلی و لە پێناو عەلیدا گیانی بەخت دەکات لە کاتێکدا عائیشە لایەنگری عوسمان بوو. ئەو خوشک و برایە لە دوو سەنگەری جیا دابون.

لەوانەیە کەسانێک پرسیار بکەن یان ڕەخنە بگرن و بلێن ئەو ناکۆکیانە بوونی نییە ئەوەتا عباس و ابوسوفیان زۆر هاوڕێن. ئەگەر ناکۆکی ڕەگو ڕیشەی هەبووایە ئەوا ئەم دوانە نەدەبوون بە هاوڕێ.
ڕاستە هاوڕێیەتی لە نێوان ئەم دوانە هەبووە بەڵام ئەوە ناگەینێت ناکۆکیەکانی نێوان پەیامبەری ئیسلام و ابوسوفیان فەرامۆش بکەین. ناتوانین ناکۆکیەکانی نێوان عەلی و ابوسوفیان فەرامۆش بکەین. ئەوەتا ابوسوفیان شەق لە گۆڕی هەمزەی مامی پەیامبەر دەدات واتە برای عەباس دەڵێت هەستە ئەی باوکی 'یعلی' ئەوەی تۆ شەڕت لەسەر کرد وا بە میرات کەوتە دەستمان.
هەروەها لەکاتێدا عوسمان دەبێتە خەلیفە هەڵوێستی 'ابوسوفیان'مان زۆر بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێ دەڵێ  ئەی هۆزی ئومەییە هەروەک تۆپ بیگرن دەی بەو کەسەی ئەبو سوفیان سوێندی پێ دەخوات من حەزم بەوەیە بە ویراسەتی بیدەن بە نەوەکانتان.[166] جا نازانین ئەبوسوفیان سوێند بە ئەڵلا دەخوا یان بە لات و عزی؟؟

**٣. ٥. ٢ فەرمانڕەوایی خزمەکانی عوسمان لەسەردەمی خەلافەتیدا**

بەڕوونی ئاشکرایە عوسمان ڕەچاوی خزمەکانی خۆی دەکرد و لە پلە و پایە بێ بەشی نەدەکردن هەروەها بەکارهێنانی بیت المال لە بەرژەوەندی خۆی و خزمانی بەکار دەهێنا. ئەمانە بونوە ڕەخنەی زۆر توند لەسەر خەلیفەی سێهەم.
ئەو پەخشانکردنەی پارەیەی ڕێی تێدەچێت لەسەر بنەمای دوو شت کردبی:
یەک: خۆی لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامدا خەرجیەکی زۆری بۆ ئیسلام کرد ئێستاش خۆی بە خاوەنی زۆر ئیمتیازات دەزانێ. لە کاتی گەماڕۆدانی ماڵی عوسماندا، بە عەلی دەڵێت من مافی برایەتی و خزمایەتی و زاوایەتی پێغەمبەرم هەیە، ئەگەر هیچ کام لەمانە نەدەبوو ئێمە لە ڕۆژگاری جاهیلی ژیانمان دەبردە سەر. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ دروست بوونی ئیسلام لە توانست و بەرنامەی خۆیان بووە نەوەک خوداوەندی بووبێ.[167]
دوو: داهاتی ئیسلام دووبەرامبەر داهاتی سەردەمی عومەر زیادی کرد بۆیە لای ئاسای بووە کە خۆی بە موڵکدار و دەسەڵات بزانێ. ئەوەتا لە      ڕۆژی شوکردنی

---

[166] واعیزەکان سولتان، علی وردی، ل ١٦٦
[167] التاریخ الکامل، الکامل في التاریخ، ذکر مسیر من سار الي حصر عثمان، ج ٣ ل ٥٧

کچەکەیدا ٢٠٠ هەزار درهەم دەداتە زاواکەی لە خەزێنەی بیت المال، ز ەیدی کوڕی ئەرقەم ناڕازی دەبێ بە گریانەوە داوا لە خەلیفە دەکات ئەو کارە بە ئەو نەسپێرێ.
عوسمان بەسەر سامیەوە پێ دەڵێت ئەی کورەکەی ئەرقەم ئایا دەگریت ئەگەر سیلەی ڕوحم جێ بەجێ بکەم، وەڵامی دایە و گووتی نەخێر ئەی ئەم یری بڕوادارا‌ن بەڵام بۆیە دەگریم وا گومان دەکەم ئەو پارەو پولە لە ب ری ئەو سامانایە کە لەسەردەمی پەیامبەر بەخشیوتە لە پێناوی ئەڵڵا. بە ئەڵڵا ئەگەر سەد درهەمت پێ بدایە زۆر بوو.[168]
دیارە عوسمان خزم دۆست بووە لەسەر بنەمای ئایەت و فەرمودەی پەیامبەر.[169]
عوسمان داهاتی 'بیت المال'ی پەخشان دەکرد بەسەر خزمانی واتە لەسەر بني أمية لە نەوەکانی أبي عاص ١٠٠٠ درهەمیان دەداتێ، دە هەزار درهەم دەداتە پیاوانی خێزانی 'ال الحكم' وە بە کۆی گشتی سەدهەزار وەردەگرن. بنەماڵەی عوسمان بەهەمان شێوە.[170]
خەڵکی جیاوازیان بەدی دەکرد لە جۆری مامەڵەکردنی نێوان عوسمان و عومەردا، یەک لەو خاڵانە ئەوە بوو عومەر دارایی بە یەکسانی دابەش نەدەکرد و وەک ئەبوبەکر و عوسمان، چونکە ئەو بڕوای وا بوو ئەوانەی زوو ئیسلامەتیان قبوڵ کردبو دەبێ جیاواز بن لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەی کە پاش 'فتح'ی مەکە ببوون بە موسوڵمان، ئەمەش قوڕەیشیەکانی سەرگەردان کردبوو. بەڵام کاتێک عوسمان هاتە سەر فەرمانڕەوایی ئەو خاڵەی عومەری فەرامۆشکرد کە کێ زووتر بۆتە موسوڵمان، ئەوانەی خزمی خۆی بوون هەموی کردنە خاوەن دەسەڵات. هەروەها خاڵێکی تریش کە عوسمان کردی دەوڵەمەندەکانی سەرپشک کرد لەوەی زەکات بدەن یان نەدەن. هەر بۆیە قوڕەیشیەکان ئەوانەی لە پاش فەتح بوون بە موسوڵمان بە تایبەتی بەنی ئومەییە پارەیەکی زیاتریان کۆکردەوە چونکە بڕوای یەقینیان بە ئیسلام نەبوو بۆیە

---

[168] واعیزەکانی سولتان، علی وردی ل ٣٥
[169] ئایەت زۆرە لەسەر پەیوەندی خزمایەتی وەک البقرة ٨٣، النساء ٣٦، البقرة ١٧٧، الاسراء ٢٦، هەروەها چەندی فەرمودەی پەیامبەر هەیە جەخت دەکات دەبێ پەیوەندی خزمایەتی توندوتۆل بێت وەک(ان الله يوصيكم بامهاتكم، ثلاثا ان الله يوصيكم بابائكم، ان الله يوصيكم بالاقرب فالاقرب. سنن ابن ماجه، كتاب الادب // من احب ان يبسط له في رزقه وينسا له في اثره فليصل رحمه. صحيح مسلم، كتاب البر و الصلة و الاداب // ايها الناس افشوا السلام، و اطعموا الطعام، وصلوا الارحام، وصلوا والناس نيام تدخلوا الجنة بسلام. سنن ابن ماجه، كتاب اقامه الصلاة و السنة فيها.)
[170] تأريخ الطبري ج ٥ل ١٥٢

ئەو خاڵەشیان وەک هەلێک قۆزیەوە کە سەر پشک بن لە زەکات دان یان نا. هەروەها لەسەردەمی عومەر دەوڵەمەند بۆی نەبوو بە کەیفی خۆی بگەڕێت کەچی لەسەردەمی عوسمان دەوڵەمەند ئازاد کران بە کەیفی خۆیان بگەڕێن. کەواتە ئەو خاڵانە بەنی ئومەییەی بەرزکردەوە لە ڕووی دارایی وەک دەزانین داراییش بڕبڕەی دەسەڵاتە. دەبێ لێرەدا زۆر بە ویژدانەوە باسی عومەر بکەین ئەو لە ڕووی هەڵسوڕاندنی دارایی بۆ موسوڵمانان کەسێکی هەقانی بووە بەڵام عوسمان بۆ موسوڵمان و ناموسوڵمان هەقانی نەبووە.

عوسمان لەگەڵ خزمەکانی زیاتر پەیوەندی توندوتۆڵ کرد، زۆرینەی لەسەر فەرمانڕەوایەتی دانیان. هەرچەندە دەڵێن لەسەر وەسیەتی عومەر کە بۆ ماوەی ساڵێک والیەکان نەگۆڕێ. بەڵام عوسمان هەر زوو دەستی پێکرد بە گۆڕینیان.

لە ساڵی ٢٥ی کۆچی عوسمان 'سعد بن أبي وقاص'ی کردە والی کوفە و 'المغيرة بن شعبة'ی لابرد کە لەسەردەمی عمر کرابوو بە والی.[171]

لەساڵی ٢٩ی کۆچی 'أبا موسی الأشعري' لە فەرمانڕەوایەتی بصرە لابردو کوڕە خاڵی خۆی بە ناوی 'عبدالله بن عامر' دانا.[172]

لە ساڵی ٣٠ی کۆچی وەلیدی کوڕی عەقەبە لابرا و سعیدی کوڕی عاصی کردە والی کوفە.

موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان لە پاش مردنی برای 'یزید' بە تەواوی شامی کەوتە دەست.

گۆڕینی والی مەککە لە خالیدی کوڕی عاص کوڕی هیشام کوڕی مغیرة، ر ەبیعەی کوڕی عبدالعزی کرد بە والی.

عوسمانی کوڕی ئەبی عاص سقفي والی بحرین بوو لابراو مەروانی کوڕی حکم لە جێی دانرا.

هەروەها باوکی مەروان بوو بەنوسەری خەلیفە.

عمری کوڕی عاس لە ویلایەتی میسر لابراو عبدالله کوڕی ئەبێ سرح بوو بە والی.

پاش دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان سعد و ئەشتەری کوڕی نەخەعی ، عوسمان ابوموسای الاشعری کردە والی.

---

171 تاريخ الطبري ج ٥ ل ٨٨

172 تأريخ الطبري ج ٥ ل ٩٩ - ١٠٠

ئەو خزمانەی عوسمان بوون بە باڵادەستی ئیسلام ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایەتی خەڵک. بۆ نمونە محمد بن أبي حذيفة و محمد بن أبي بكر سەرکۆنەی عوسمانیان کرد کە چۆن سەرپێچی لە ئیشەکانی ئەبوبەکر و عومەر کرد، دەیان گوت عبدالله کوڕی سعدی بەکارهێناوە لە کاتێکدا پەیامبەر خوێنی حەڵاڵ کردووە و ئایەتی قورئان بۆ کفرەکانی دابەزی. پەیامبەر چەند کەسێکی دەرکرد بەڵام ئەو ئەوانی گەڕاندەوە، هاوەڵانی پەیامبەری لابرد و سعيد بن العاص و 'ابن عامر'ی لە جێ دانا. هەر بۆیە ئەوانیش لەگەڵ 'عبدالله بن سعد' شەڕیان نەکرد لە دژی ناموسوڵمانەکان.[173]

### ٣. ٥. ٣ أبوذر الغفاري و شۆڕشی یەکسانی

ابوذر و شۆڕشی یەکسانی: یەکێک لە هاوەڵەکانی پەیامبەر بە ناوی ابوذری غەفاری لەسەردەمی عوسمان دەرکەوت و دژی ئەو نایەکسانیە ئاڵای شۆڕشی بەرزکردەوە. لە بۆچوونی ابوذر نایەکسانیەک هەبوو لە دابەش کردنی سامانی موسوڵمانان. ئەو تەنها بایەخی بە چینی موسوڵمانان دەدات نەوەک شۆڕشەکەی بۆ هەموو چین و توێژێکی مرۆڤایەتی. ئەو دەیدیت ئەو سامانە زۆرەی کە دەستی موسوڵمانەکان کەوتووە چینکی دەوڵەمەند و چینێکی هەژار کردووە. چینێک سەرمایەی بێهاوتای هەیە و هەندێکیش باری ئابوری وەکو خۆی ماوەتەوە بە هەمان شێوەی سەردەمانی پێش ئیسلام دەژیا. ئەو دژی موسوڵمانی دەسەڵاتداری دەوڵەمەند شۆرشی دەستپێکرد و پشتی بە ئایەتی ٤٣ سوڕەتی التوبة دەبەست و دەیوت:

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە، زۆر لە ئاخامەکانی جولەکە و قەشەکان ماڵ و سامانی خەڵک بە ناهەق دەخۆن، دژ بە ڕێبازی ئەڵلان، ئەوانەی زێڕ و زیو کۆ دەکەنەوە و خەرجی ناکەن لە پێناوی ڕێگای ئەڵلا، ئەوا موژدەی ئازارێکی کوشندەیان پێبدە . **يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيرًا مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ ۗ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ التوبة ٣٤**

ابوذر شۆڕشگێڕێک بوو لەناو چوارچێوەی ئیسلامدا خەباتی دەکرد، ئەو شۆڕشگێڕە لە ناو شامدا ئەو ئایەتەی سەرەوەی دەخوێند و هەژارانی هاندەدا. بەو کارە موعاویە سەغلەت بوو. بەڵام موعاویە کەسێکی زیرک و بەتوانا بوو. چونکە ئەو لە

---

[173] الكامل في التاريخ، ذكر غزوة الصواري، ج ٣ ل ١٤

بنەماڵەیەکی بازرگان و دەسەڵاتدار چاوی هەڵێنا بوو، بۆیە یاریزانێکی ڕامیاری لێ دەرچوو بوو، ئەیزانی جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بە ئاڕاستەی ئارەزووەکانی خۆی ببات. موعاویە دەکەوێتە یاری لەگەڵ ئەبوزەر، بۆیە بە نەهێنی ١٠٠٠ دیناری بۆ دەنێرێت. مرۆڤی شۆڕشگێڕیش ئەگەر لە ناخیدا پاک بێت ئەوا ناکەوێتە ناو ئەو یاریە. بۆیە ئەویش ئەو ١٠٠٠ دینارە دابەشی سەر هەژاران دەکات. بۆ خەڵکیش ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەو کەسە شۆڕشگێڕێکی پاکە. بۆیە موعاویە یاری دووهەمی لەگەڵ دەکات ئەو کەسە دەنێرێتەوە کە پێی بڵێت ئەی ئەبوزەر لە ئازاری موعاویە ڕزگارم کە ئەو پارەیە بەهەڵە بۆ تۆم هێناوە ئەو منی بۆ لای کەسانی تر ڕەوانە کردبوو.
ئەبوزریش دەڵێت کوڕم یەک دینارم پێ نەماوە ٣ ڕۆژ مۆڵەتم بدە تاوەکو لە خەڵکەکە وەربگرمەوە. کاتێک موعاویە دەزانێ ئەو کەسە دڵ و کردەوەی یەکە، بۆیە دەزانێ یاری لەگەڵ ناکرێ هەڵدەستێ وردەکاری بۆ عوسمان دەنوسێ. عوسمانیش دەڵێت دەبێ وشیار بیت لەوانە خۆت ڕزگار بکە، ئاژاوە سەری دەرکردووە بۆ لای منی بنێرە. موعاویەش بۆ عوسمانی دەنێرێت.
کاتێک دەێتە لای عوسمان، عوسمان پێی دەڵێت خەڵکی شام لە توند و تیژی زمانت بێزارن و گلەیی دەکەن. ابوزر وتی لە دەوڵەمەندەکان خۆش مەبە تا ڕێگای باشە بگرنە بەر، باش بن لەگەڵ هاوسێ و برادەران. کعب الاحبار لەوێ دەبێ و دەڵێت هەر کەسێ خەرجیە پێویستیەکان بدات کارەکەی ئەنجام داوە. ابوذریش لێی دەدا و سەری دەشکێنێ.
ابوذر لەناو بازاڕەکان دەردەکەوت و ئەو ئایەتەی سەرەوەی دەخوێند بەڵام عوسمان زۆر پێ سەغلەت بوو بۆیە ڕێگری لێکرد، ابوزر وتی ئایا عوسمان ڕێم لێ دەگرێ لە خوێندنەوەی کتابی ئەللا!
پاشان ئەبوزەر داوا دەکات مەدینە بە جێ بهێڵێ و هەندێکیش دەڵێن عوسمان خۆی دووری دەخاتەوە بۆ زەبرە و لەوێش مزگەوتێک دروست دەکات لە زمان و کردەوەی خۆی ناکەوێ.
ناکۆکیەکان زیاتر و ڕقەبەرایەتی زیاتر دەبینین لە هەڵوێستی عەلی و بنەماڵەکەی لەکاتی دوورخستنەوەی ابوزر. عوسمان فەرمانیدا کەس خوا حافیزی لێ نەکات کەچی عەلی و حسین و حسن و عقیل و عەمار خواحافیزیان لێکرد هەربۆیە عوسمان فەرمانیدا 'عمار'یش دەربکرێت بەڵام عەلی دێتە لای و لۆمەی دەکات بڕیار دەدات

'عەلی'یش دوربخاتەوە هەربۆیە هەندێک لە هاوەڵانی دێن بە عوسمان دەڵێن تۆ لە هەر کەسێک تورە بیت دوری دەخەیتەوە؟ ئەویش پاشکەز دەبێتەوە لە دوورخستنەوەی عەلی و عەمار.[174]
زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ ابوذر شۆڕشگێڕیکی نەتەوەپەرستی عەرەبی موسوڵمان بوو، ئەگەر بێینە سەر ڕاستی، کعب الاحبار ببوو بە موسوڵمان بەڵام لای ئەبوزەر هەر جولەکە بوو بۆیە لێیدا و نەیهێشت خۆی بخزێنێتە بابەتێکی ئیسلام. ئەو ناکۆکیە بووە هۆی فیتنەییەک و شۆڕشێک دژ بە بنەماڵەی عوسمانی خەلیفە.

**٣. ٥. ٤ عبداللەی کوڕی سەبەء 'عبدالله بن سبأ'**

موسوڵمانی ئەهلی سوننە، کوشتنی عوسمان بە دەستی دەرەکی و فیتنە دادەنێن، چەندین هۆکار دەخەنە پاڵ ئەو ئاشوبەیە. خوێنەری موسوڵمان و ناموسوڵمان وا تێدەگەیەنن ئەو ئاشوبەیە هۆکاری سەرکی دەسەڵات و کورسی نەبووە. زۆربەی زۆری ئاشوبەکە دەگەڕێننەوە بۆ کابرایەکی تازە موسوڵمانی کۆنە جولەکە کە گەشتی کردووە بە ناو شارەکانی موسوڵمانان و خەڵکی هانداوە لە دژی عوسمان، عەلی پایەدار تر کردوە لەسەری و بە هەقی زانیوە کە ئەو ببێتە خەلیفە نەوەک عوسمان. ئەو کەسە ناوی 'عبداللەی کوڕی سەبەء'ە، ئەو کەسە جولەکەیەکی خەڵکی 'صنعاء' بووە، دایکی حەبەشی بووە، لەسەردەمی عوسمان بۆتە موسوڵمان، لە وڵاتە بە ئیسلامکراوەکان گەڕاوە لە حجاز دەستی پێکردوە ئینجا بەرەو کوفە ڕۆیشتووە لە وێشەوە بۆ شام چووە، لە شام دەردەکرێ و لە میسر جێنشین دەبێ.
چەند پڕوپاگەندەیەکی بڵاودەکردەوە و ئەو ئایەتەی بۆ خەڵک دەخوێندەوە: بێگومان ئەو قورئانی بۆ تۆ ناردووە و دەت گەڕێنێتەوە . بڵێ پەروەردگارم زاناترە بەو کەسەی ڕێنموونیی (ئاییینی ڕاستی) هێناوە وە بەو کەسەی لە گومڕایی یەکی ڕوون و ئاشکرا دایە. **إِنَّ الَّذِي فَرَضَ عَلَيْكَ الْقُرْآنَ لَرَادُّكَ إِلَى مَعَادٍ قُلْ رَبِّي أَعْلَمُ مَنْ جَاءَ بِالْهُدَى وَمَنْ هُوَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ**.القصص 85
ئەیوت ئەگەر عسیا بگەڕێتەوە بۆچ موحەمەد نەگەڕێتەوە، پلەی پەیامبەری 'محمد' بە شایستە تر دائەنرێت. هەروەها بۆ هەموو پێغەمبەرێک میراتگرێک هەبووە موحەمەد دواهەمین پێغەمبەر و 'عەلی'ش دواهەمەین میراتگری پێغەمبەرانە ئەو دەبێ ڕابەری

[174] واعیزەکانی سولتان، ل ١٣٩

ئەو میللەتە بێت عوسمان بە ناهەق خەلافەتی لەدەست دەرهێناوە. ئیتر ڕاپەڕن لە ئەمیرەکانتان کاری باشە بکەن و کاری خراپە نەهێڵن.[175]

بەڵام زۆر کەسی بیرمەند کاتێک گوێبیستی ئەو چیرۆکە دەبێت بە چیرۆکێکی ئەفسانەی دادەنێت پاساو بۆ هاوەڵەکانی موحەمەد دێنێتەوە. کەسانی وەک 'طە حسین' و 'علي وردي' هەمان ڕایان هەیە بۆیە بە پێویستم زانی بۆچونێکی عەلی وەردی بنوسمەوە بۆ خوێنەر کە زۆر بە جوانی شیکاری کردوە لە پاشان منیش چەند خاڵێکی لەسەر زیاد دەکەم بەڕێزی دەڵێت:

ئەو کارە گەورانەی کە دەدرێتە پاڵ (ابن سبأ) هیچ کەس ناتوانێت پێی هەڵسێت مەگەر عەبقەرییەک یان جادوگەر یان خەولێخەرێکی موگناتیسی بە توانا بێت، دەبێت چاوی موگناتیسی هەبێت تا گابەردی پێ لەت بکات یان هێزی سایکۆلۆجی تیژی هەبێت بە جۆرێک خەڵکی لەبەردەمیدا ببنە مێگەل و بە شێویەک خۆشیان هەست نەکەن بچنە ژێر گاریگەری وتەکانیەوە.

ئەگەر پیاوێکی ئەوها لەسەردەمی عوسماندا سەری هەڵبدایە دەبوایە بە جۆرێک لە جۆرەکان وەسفیمان ببیستایە و بگەیشتبایە لامان. سەیر لەوەدایە لەسەرچاوە گرینگەکاندا کە باس لە ناکۆکی لەگەڵ عوسماندا دەکەن باس و خواسی (ابن سبأ)مان بەرچاو ناکەوێت، تەنها تەبەری لە یەک ڕیوایەتدا باسی دەکات ئەویش ڕیوایەتی (سیف عومەر)ە، مێژوناسەکانیش لە چیرۆکی (ئیبن سبأ)دا تەنها پشتیان بەو ڕیوایەتە بەستووە، بۆ مەرامە جۆراوجۆرە مەزهەبیەکانیان سوودیان لێ وەرگرتووە. جێگەی سەر سوڕمانیشە کە دەبینین ڕێبازە ئیسلامیەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە بڕوایان بە چیرۆکی (ئیبن سبأ) هەیە و زۆربەی بیروڕاکانیان لەسەر بنیات دەنێن. لە مێژودا هیچ چیرۆکێکم پێ شک نایەت کە بە درێژایی کات بمێنێتەوە وەک ئەم چیرۆکە هیچ و پوچە، لەوانەیە ئەم چیرۆکە لەگەڵ مەرامی هەموو مەزهەبەکاندا گونجاو بێت بۆیە دەستیان پێوەگرتووە و لە هەموو ڕووێکەوە پشتیان پێ بەستوە و شتیان لێ وەرگرتووە.

[175] تأريخ الطبري ذكر مسير من سار الى ذي خشب من اهل مصر، ج ٥ ل ١٤٧// الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد ل ١٢٤

ڕەحەمەت لەو کەسە زیرەکەی کە ئەو چیرۆکەی داهێنا، چونکە بەوە ئامێرێکی فیکری وای داهێنا کە هیچ کەمتر نییە لە ئامێری تەنبوور، دڵشاد و دڵتەنگ پێیدا دەکێشن و هەژار و دەوڵەمەند چێژی لێ وەردەگرێ.

شیعە سەرگوزشتەی 'ابن سبأ' دەکەن و هەرچی ناتەواوییە دەیدەنە پاڵی و ڕەفتارەکانی دەدەنە بەر تانە، ئەوان زیاد ڕۆچوون لە پیرۆزکردنی عەلی و بەخودا کردنی دەدەنە پاڵ 'ابن سبا'، لەوانەیە مەبەستیان لەوە ئەوە بێت تومەتی زیاد ڕۆچوون لە کەسایەتی 'عەلی'دا لە خۆیان دور بخەنەوە، هەروەها دەڵێن لەبەر زیاد ڕەوییان لە پیرۆزکردنی 'عەلی'دا. عەلی هاوەڵەکانی 'ابن سبا' بە ئاگر سوتاندوە و خۆشی دورخستەوە بۆ مەدائین.

بەو شێوە شیعە دوو پاسارییان بەیەک بەرد پێکا لە لایەکەوە پێشەواکەی خۆیان عەلی دور خستەوە لەوەی حەزی لەوە بووبێت خەڵکی زیاد ڕۆبچن لە خۆشەویستنیدا، لەلایەکی تریشەوە بەڵگەیان هێنایەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە سەبەئیەکان نیین(نەفرەتی خوا لە سەبەئیەکان). ئەهلی سونەش بە ڕۆڵی خۆیان سوودی زۆریان لە سەرگوزشتەی 'ابن سبا' وەرگرتوە، ئەوانەی پێش فەتح موسوڵمان بوون و ئەوانی لە دوای لە فەتح موسوڵمان بوون وەک مەروان و موعاویە خۆشیان دەوێن، هەروەها عەلی و 'ابوزر'یشیان خۆش دەوێت، ئەوان هەموو ئەوانەیان خۆش دەوێت کە بۆ یەک ڕۆژیش هاوەڵەتی پێغەمبەریان کردووە، لای ئەوان سەرجەمیان پاکن و بێگەردن خوا لێیان ڕازی بووە ئەوانیش لە خودا ڕازی بوون.[176] هەر لە هەمان سەرچاوەدا نوسەر زۆر بە ژیرانە و بە وردی عەماری کوڕی یاسر و عبدالله بن سبا دەکاتەوە یەک کەس، بە جۆرێکی لێهاتوانە هەلسوکەوت و ژیاننامە و ناونیشانی عبدالله بن سبأ دەگەڕێنێتەوە بۆ عەماری کوڕی یاسر. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ واعیزەکانی سولتان بەشی هەشتەم عمار کوڕی یاسر.

لە ڕاستیدا عەلی وەردی تا ئەو نوسینە، یان لە بابەتی شیعە و سونە تێنەگەیشتوە یان نەیتوانیوە لە قالبی عروبیەت دەربچێت، ئەهلی شیعە زۆر بە ڕاشکاوانە و بە پلەی یەک سەرزەنشتەی ئەبوبەکر و عائیشە و عومەر و عوسمان دەکەن ئەوان

[176] واعیزەکانی سوڵتان ل ١٤١ - ١٤٢

پێویستیان بە بەڵگەی ابن سبا نییە بۆ ئەوەی بجەنگن لە دژی ئەهلی سوننە.
پەرەپێدانی ئاژاوەکانی نێوان عوسمان و عەلی بەرەو ئاقاری ئەهلی سوننە و شیعە درێژکرایەوە، ئەمە درێژکراوەی کەلتوری عەرەبی و دەسەڵاتی سەر کورسی بوو.
نەوەک ناکۆکی نێوان دوولایەنی موخالیفی مەزهەبی.
لە پاش عەلی لایەنگرەکانی لە دوو چین پێک هاتن، بنەماڵەی هاشمی و هەندێ هۆزی تری عەرەبی لەگەڵ زەردەشتیە لادەرەکانی پارس، بەمشێوەیە شیعە لە دوو کەلتور و دوو مەزهەبی جیاواز دروست بوو کە هۆکاری تێکەڵبوونەکە لەو کتێبە نانوسرێ، بەڵام ئەهلی سونە درێژکراوەی کەلتوری رەسەنی عەرەبین. هەموو عەرەبێکی ئەهلی سوننە هاوەڵی موحەمەدیان پێ پیرۆزە هەرچەندە هەڵەشیان کردبێ. ئەهلی سونە زۆر چاک دەزانن موعاویە دەستی هەبووە لە کوشتنی عەلی کەچی لەبەر خاتری عوروبیەت ناتوانن دەستی لێ هەڵبگرن لە کاتێکدا معاویە کوڕی ئەبوسوفیان بوو.
ئیتر پێویست ناکات شیکاری زۆر لەسەر ئەبوو سوفیان بکرێت. لە هەمان کاتدا زۆر چاک دەزانن عوسمان بە دەستی عەلی کوژرا بەڵام دەبێ ئەو تومەتە بخرێتە سەر کەسێکی بێگانە. کەسێکی وەک ابن سبا بۆتە فریشتەی خوا بۆ نوسەرە عەرەبەکان تاوەکو هۆباڵی تاوانەکان بخەنە هۆباڵی. لە ڕاستیدا لەوانەیە ابن سبا ئاگاداری هیچ نەبووبێ ئەگەر بوونی هەبووبێ. تاوانەکانی نێوان لەتبونی ئیسلام دەگەڕێننەوە بۆ ئەو کابرایە تاوەکو ناکۆکی خۆیانی پێ بپۆشن.
ئەگەر ئەو بەڵگەیە ڕاست بێت عەلی هاوەڵەکانی 'ابن سبا'ی سوتاندوە و خۆشی دورخستۆتەوە بۆ مەدائین. بۆچ ئەویشی نەسوتاند و نەیکوشت بۆچ دوری خستەوە لە کاتێکدا 'ابن سبا' خۆی داهێنەری بیدعەکان بووە کە وتویەتی بۆ هەموو پێغەمبەرێک وصی هەبووە. وصي موحەمەد 'علي'ە!!
کەواتە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە  مێژوی ئیسلام خۆی ساغ نەکردۆتەوە ئایا ئەو کارێکتەرە بوونی هەیە یان نییە. ڕوونیشە ئەهلی سوننە لەهەموویان زیاتر دەیانەوێ ئەو کارێکتەرە بوونی بۆ دابنێن چونکە باڵی هەموو تاوانەکان دەخەنە ملی ئەو کۆنە جولەکەیە بۆ ئەوەی ناکۆکیەکانی نێوان عوسمان و عەلی و موعاویە بشاردرێتەوە لەلایەکی تریش ڕۆشنبیرانی ئیسلام بڕوایان بەو کارێکتەرە نییە بە تایبەتی کەسێکی مەزنی وەک طە حسین کە ئیبن سەبەء بە کەسێکی ئەفسانە دادەنێت و بەڵگەی لۆجیکی دەخاتە بەردەست. ئەو دەڵێت لەسەردەمی عوسمان ئیسلام هێندە لاواز

نەبووە و کەمتەرخەم نەبووە کە کابرایەکی نەناسراوی جولەکە گاڵتە بە ئاوازی ئیسلام بکات بە تایبەتی ئەو جولەکەیە درەنگانێک بۆتە موسوڵمان. هەروەها شتێکی ئاسان بووە کارمەندانی عوسمان شوێن پێی ئەو پیاوەیان هەڵگرتبا و یان ڕاوی نێن یان بەلایەنی کەم عوسمانی لێ ئاگادار بکەنەوە. هەروەها سەبارەت بە ابوذر چ پێویستی بە ئامۆژگاری کابرایەکی تازە موسوڵمانە کە فێری بکات هەژار مافی هەیە بەسەر دەوڵەمەندا.

ئەوەی منیش بۆی دەچم ئەگەر عوسمان ابوذر یاساغ بکات لە خوێندنەوەی ئایەتێکی قورئان وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەی چۆن نەیدەتوانی عبدالله کوڕی سبأ یاساغ بکات لە کاتێکدا ئەو دروشمێکی تریشی هەڵگرت ئەویش عەلی بە وەصی پەیامبەر دانا. عوسمان کەسێکی هێندە دڵنەرم نەبووە لەگەڵ لادەران تاوەکو ئاژاوەگێڕێکی وەک عبدالله سبا فەرامۆش بکات.

عبدالله سبأ بوونی هەبێ یان نەبێ ئەوەی ڕوویدا ڕوویدا کوشتنی عوسمان هۆکارەکانی دیارە کەسێکی یەهودی ناتوانێ هەموو ئیسلام گومرا بکات. لەهەمانکاتدا خۆیان دەڵێن عەلی و عوسمان و معاویە کەسانی زۆر ژیر بوون.  هۆکاری کوشتنی عوسمان دەسە ڵاتگەرایەتی بوو. عوسمان بە باش  یان خراپ دابنێن لە ڕوانگەی ئیسلام و نائیسلامدا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە یان عوسمان کەسێکی راستەقینە بووە و ئەو خەڵکلنەی کوشتویانە لەسەر هەق نەبوون  واتە عەلی و هاوەڵانی،  یان لادەرێکی ئیسلام بووە و ئیسلامی راستەقینە کوشتویانە.  لەوە زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر نییە. بۆ یەکلاکەرەوەش دەبێ سونە  و شیعە خۆیان بگەنە دەرئەنجام. ئەوەی دەبێ ئێمە بیزانیین عوسمان لەسەر ڕێچکەی ئیسلام  ڕۆیشتووە بە لێ تالانی بەناوی ڕزگارکردن هەر بەردەوام بووە لەسەر میللەتان.  کەواتە عوسمان بۆ ئیسلام باش بووبێ یان نەبووبێ فەرماندەی بکوژانی سەر میللەتانی ناموسوڵمان بووە.

**٣. ٥. ٥ هاندانی عائیشە بۆ کوشتنی عوسمان**

یەکێ لە هۆکارە کاریگەرەکانی رق لێبوونەوەی خەڵکی بەرامبەر عوسمان دەگەڕێتەوە بۆ عائیشەی ژنی  پەیامبەر. عائیشە پێگەیەکی گەورەی بە دەستهێنا بوو بۆیە خەڵکێکی زۆر گوێرایەڵیان دەکرد هەم لەبەر ئەوەی ژنی پەیامبەر بوو هەم لەبەر ئەوەی کچی خەلیفەی یەکەم بوو، هەرچەندە ئەو پێگەیە لە حفصەی کچی

عومەر نابینین. جا نازانین مێژو عائیشەی گەورەکرد، لەبەر شەڕی جمل بوو یان بۆ ئەو تەمەنە بچوکەی کە هەی بوو لەگەڵ پەیامبەر هاوسەرگیری دروست کرد!!!
لە هۆکاری ئەوە تێناگەین بۆچ عائیشە قینی لە عوسمان بۆتەوە ئەگەر لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە تێ بڕوانین عوسمان پاش ئەبوبەکر بۆتە خەلیفە، مەگەر هەر لەبەر ئەوەی فیتنە دروست بکات! چونکە عائشە قەت لایەنگری عەلی نەبووە هەمیشە قینی لێ بووە لەبەر ئەو ڕووداوەی لەگەڵ صفوان ڕوویدا. عەلی بە پەیامبەری وت وازی لێبێنە ژن زۆرە. دیارە ئەو گرێ و گرژیە لەناو دڵی عائیشە مابوو، ئەبێ ئەوەش بە بنەما بگرین عائیشە لە تەمەنێکی بچوک هاوسەرگیری کرد و لە تەمەنی ١٨ ساڵ بێ بەری بوو لەژیانی هاوسەرگیری چونکە بە پێی فەرمانی ئەڵڵا ژنانی پەیامبەریش بۆیان نەبوو هاوسەرگیری دروست بکەنەوە لەگەڵ کەسێکی تر. ئەمەش بێگومان دەبیتە هۆی تێکشکانی باری دەرونی و کەسێکی ڕارای لێ دروست بکات. ئەوەتا لەلایەک دەڵێ عوسمان بکوژن لەلایەکی تریش دەڵێ عوسمانیان کوشت بە ناهەق.
ئایا دەیویست عوسمان بکوژرێ بەسەر عەلی دابهێندرێت ئیتر ئێمە نازانین و تێناگەین هۆکاری دەست تێوەردانی عائیشە لە کوشتنی عوسمان بۆ چ هۆکارێک دەگەڕێتەوە!!
ئەو بەڵگەی لەسەر عائیشە هەیە کە دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسمان پارچە شیعرێکە. کاتێک عائیشە لە حەج دەگەڕێتەوە لە ڕێگادا پێی دەڵێن عوسمان کوژرا، ئەویش دەڵێت بم گەڕێننەوە! بم گەرێنەوە! واتە بۆ مەککە ئینجا وتی عوسمان بە ناهەق کوژرا، کوڕی کلاب کە خاڵۆزای دەبێت دەڵێت هەر تۆ خەڵکت هاندا تا بیکوژن تۆ دەتوت ئەو 'نعثل= کەمتیار'ە بکوژن کافر بووە. ئەوانیش کوشتیان، عائیشە دەڵێت وتەی ئێستام باشترە لە پێشترم ابن کلاب ئەو پارچە شیعرە دەڵێت

| | |
|---|---|
| **ئەو ڕایە لە تۆ دەرچوو، لە تۆ گۆڕا** | **لە تۆ با و لە تۆ باران** |
| **تۆ فەرمانت کرد بە کوشتنی ئیمام** | **پێت وتین بوو بە کافر** |
| **هەستاین و گوێڕایەڵت بووین لە کوشتنی** | **بکوژەکەی لای ئێمەیە کە فەرمانیدا** |
| **نە بانیش بەسەرماندا ڕوخا** | **نە ڕۆژمان گیرا و نە مانگ** |
| **خەڵک هەڵیبژارد ئەو پایەبەرزە(خەڵکی کەسێکیان هەڵبژارد خاوەن هێز بێت)** | **قرچۆکەکان لائەبات و خاوەن شکۆیەکان جێگیر دەکات** |
| **بۆ جەنگێک خۆ ئامادە دەکات (جلی جەنگ** | **وەفادار بێت نەک وەک ئەوەی تر** |

| | |
|---|---|
| لەبەر دەکات) | پەیمانی شکاند[177] |
| فمنك البداءُ ومنك الغِيَر | ومنك الرياح ومنك المطر |
| وأنت أمرت بقتل الإمام | وقلت لنا إنه قد كفر |
| فهبنا أطعناك في قتله | وقاتِلُهُ عندنا من أمَر |
| ولم يسقط السقف من فوقنا | ولم تنكسف شمسنا والقمر |
| وقد بايع الناس ذا تُدْرَأُ | يزيل الشّبَا ويُقيمُ الصَّعَر |
| ويَلْبِسُ للحرب أثوابها | وما من وفى مثل من قد غَدَر |

کەواتە عائیشە دەستی هەبووە لە هاندان و فیتنە تاوەکو عوسمانی پێوە بکوژرێت، لەهەمان کاتدا خۆی لەو فیتنەیە بێبەری کرد و داوای تۆڵەی کردەوە بۆ عوسمان. عائیشە خەڵکی مەککە و بەسرەی هاندا بۆ دژایەتی عەلی کوڕی ئەبی تالب، هەر بۆیە ئەو شەڕە گەورە دروست بوو کە بەشەڕی 'جمل' ناسراوە.[178]

ئەگەر بەسەر هەندێک فەرمودەکانی پەیامبەر دابرۆینەوە دەبینین عائیشە لەگەڵ پەیامبەر زۆر جار کێشەیان هەبووە و قسەی وای پێ گوتراوە لەمێژودا لەسەری کەوتووە. ئەویش بە هەمان شێوە قسەی بە پەیامبەر وتوە. لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا ئاماژە بەو ناکۆکیە و بێڕێزیە دەکرێت لە نێوان هاوسەرگیریەتی پەیامبەر و عائشەدا.

* جارێکیان عائشە لە قسەکانی تورە بوو وتی تۆ خۆت بە پەیامبەر دادەنێی، پەیامبەریش زەردەخەنەی هاتە سەرلێوان لە نەرم و شکۆی خۆیدا بەرگەی گرت.
وقالت له مرة في كلام غضبت عنده أنت الذي تزعم أنك نبي الله فتبسم رسول الله صلى الله عليه وسلم واحتمل ذلك حلما وكرما.[179]

ئەم قسەیە کەم نییە بە پەیامبەرێکی ئەڵلا بگوترێ لەلایەن نزیک ترین کەسی، ئەگەر عائیشە پێی گوتبێ تۆ خۆت بە پێغەمبەر دادەنێی واتە گومانی هەبووە لە پەیامەکەی!

---

[177] البداء: بۆچونێکی نوێی بۆ بێت. ذا تدرا: کەسێکی خاوەن پایەبەرز و بەرگری لە خەزەوری بکات. الشبا: بەرزی. الصعر: کەسێك رووی وەرگێرێ لە کەسێك.

[178] تأريخ الطبري ج ٥ ل ٢٢٦ ـ ٢٢٧

[179] كتاب آداب النكاح، باب الثالث في اداب المعاشرة و ما يجرى في دوام النكاح و النظر فيما على الزوج و فيما على الزوجة، ل ٢٠

* جارێکیان پەیامبەر تورە دەبێ لە عائشە و دەڵێ ئەڵڵا دەستەکانت ببڕێ. قَطَعَ اللَّهُ يَدَكِ.[180]

* بەڵام ئەوەی زۆر جێگای ئەندێشە و تێڕامانە لە پەیامبەر دەگێڕنەوە سەبارەت بە عائشە:
پەیامبەر هەستایە سەرپێ و وتارێکیدا، پەنجەی بۆ ماڵی عائیشە درێژکرد سێ جار وتی فیتنە ئا لێرەوە هەڵدەگیرسێ، قۆچی شەیتان لێرەوە دەردەچێ. قَامَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خَطِيبًا فَأَشَارَ نَحْوَ مَسْكَنِ عَائِشَةَ فَقَالَ هُنَا الْفِتْنَةُ ثَلَاثًا مِنْ حَيْثُ يَطْلُعُ قَرْنُ الشَّيْطَانِ.[181]

* لە گێڕانەوەی تردا هاتووە کاتێک عائیشە تورە بووە پەیامبەری ئیسلام لوتی گرتووە و پێی وتووە یا عووەیش بڵێ ئەی ئەڵڵا لە گوناحەکانم خۆش بە قینی دلم لابەرەو لە شەیتانەکان ڕزگارم بکە . أَنَّهَا قَالَتْ دَخَلَ عَلَيْنَا النَّبِيُّ عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ وَأَنَا غَضْبَى، عَلَى وَزْنِ عَطْشَى، فَأَخَذَ بِطَرَفِ الْمِفْصَلِ، بِكَسْرِ أَوَّلِهِ وَفَتْحِ ثَالِثِهِ، مِنْ أَنْفِي فَفَرَكَهُ، أَيْ دَلَكَهُ، ثُمَّ قَالَ يَا عُوَيْشُ، تَصْغِيرُ عَائِشَةَ تَصْغِيرُ تَرْخِيمٍ لِلتَّعَطُّفِ ، قُولِي اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي وَأَذْهِبْ غَيْظَ قَلْبِي وَأَجِرْنِي، خَلِّصْنِي، مِنْ الشَّيْطَانِ[182].
هەرچەندە نوسەر وشەی 'عویش'ی بەوە داناوە کە بۆ ناز و سۆز بەکارهاتووە، بەڵام پێ ناچێ ئەو بۆچوونە ڕاست بێت چونکە فاطمەی کچی پەیامبەر نازێکی بێپایەنی هەبووە بەڵام پەیامبەر نازناوی بچوککەرەوەی لێ نەناوە.
* هەروەها دەردەکەوێ پەیامبەری ئەڵڵا لە عائیشەی داوە لە گێڕانەوەیەکی دوورودرێژی 'مسلم'دا سەبارەت بەوە شەوێکیان پەیامبەر دەچێت سەردانی گۆڕستانی بقیع دەکات و عائیشەش بە دزیەوە بە دوای دادەچێت لە کاتی گەڕانەوەیدا پەیامبەر پێی دەزانێ، عائیشە دەڵێ (...لە سنگی دام و ئازاری پێگەیاندم.... فَلَهَدَنِي فِي صَدْرِي لَهْدَةً أَوْجَعَتْنِي....)[183]

---

[180] مسند أحمد، باقي مسند الانصار، اللهم اني بشر أغضب كما يغضب البشر
[181] صحيح البخاري، كتاب فرض الخمس، يصلي العصر و الشمس لم تخرج من حجرها.
[182] بريقة محمودية في شرح طريقة محمدية و شريعة نبوية في سيرة أحمدية، الباب الثاني في الامور المهمة في الشريعة المحمدية، الفصل الثالث في التقوى، النوع الثال العلاج العلمي للغضب بعد الهيجان و هو اربعة اشياء
[183] صحيح مسلم، باب الجنائز، باب تسليم على اهل القبور و الترحم عليهم و الدعاء لهم.

گێڕانەوەی ئەو فەرمودانە نازانین لە 'صحیح'ەکەی 'مسلم'دا تا چەند ڕاستە بەڵام با لە فەرمودە و گێڕانەوەکان زیاتر پشت بە قورئان ببەستین و باسی بکەین ئەویش دابەزینی ئایەتەکانی سورەتی 'التحریم'ە، کە پێنج ئایەتی یەکەم لەسەر عائیشە و حفصە دابەزیوە. بە ڕوونی دیارە عائشە ناکۆکیەک و گرژیەکی توندی هەبووە لەگەڵ پەیامبەر. لەو ئایەتەدا سێ وشە بەکارهاتووە کە هەرسێکیان ئاماژەی گرژی و سەرزەنشتکردنی عائیشە و حەفصەی تێدا بەدی دەکرێ. یەک: وشەی تۆبە کردن هاتووە و داوایان لێکراوە تۆبە بکەن ئیمەش دەزانین داواکردنی تۆبەکردن بۆ کەسێکی گوناحکار دێت. دوو: لادانی دڵ بە ناڕەوا، سێ: یەکگرتن لە دژی پەیامبەر. ئەو سێ وشەیە لەو ئایەتە گرژیەکان و سەرزەنشت کردنی عائشە دەردەخات. باش ئەوەیە کە هەردوکتان بەرەو ئەڵلا بگەڕێنەوە، دیارە دڵتان بەرەو ناڕەوا لایداوە. گەر لە دژی ئەم ببنە یەک، ئەوسا ئەڵلا مەزنیەتی و لەمە بەولا جوبرائیل و باوەڕدارانی بەرکەتی و فرشتەکان، پشتی دەگرن. إِنْ تَتُوبَا إِلَى اللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ مَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَلِكَ ظَهِيرٌ . التحریم ٤)

### ٣. ٥. ٦ چەند ئاژاوەیەکی تر

لە گێڕانەوەیەکدا باس لە ناکۆکی نێوان 'عبدالله بن مسعود' و عوسمان دەکات لەسەر سوتاندنی موسحەفەکەی عبدالله بن مسعود.[184] ابن مسعود بە یەکێک لەو کەسانە دادەندرێت کە پەیامبەری ئیسلام متمانەی پێ بووە و ٧٠ سورەتی لەسەر زاری پەیامبەر لە موسحەفەکەی نوسیوەتەوە. پەیامبەری ئیسلام دەڵێ لەسەر زاری چوار کەس قورئان بخوێنەوە: ابن مسعود، سالم کۆیلەی ابي حذیفة، ابي کعب، معاذ بن جبل. لە هۆکاری ئەوە تێ ناگەین بۆچ عوسمان موسحەفەکەی 'ابن مسعود'ی فەرامۆش کرد و سوتاندی! بە پێی هەندێک سەرچاوەی تر عوسمان فەرمانی داوە تا مردن لێی بدرێت.[185]

ناکۆکیەکی تر لە نێوان سعیدی کوڕی عاص و خەڵکی کوفە ڕوویدا، هۆکارەکەیش ئەوە بوو ڕایگەیاند سەواد دەستکەوتی قوڕەیشە. یەکێ لەوانەی قوڕەیشی نەبوو مالک الاشتر بوو وتی 'تۆ وای دادەنێی سواد کە بەشمشێری ئێمە دەستکەوتوە هی

[184] الفتنة الکبرى، ١ عثمان، طه حسين، ل ١٨١ ـ ١٨٢
[185] بحار الانوار، ج ٣١ ل ١٩٠ ـ ١٩٤

تۆ و هۆزەکەتە؟' ئینجا دەنگەدەنگ دروست بوو لە نێوان خەڵکی کوفە و سعید و هاوەڵانی. هێندەیان لە 'عبدالرحمن الاسد'ی دا تا بێهۆشیان کرد چونکە بەرگری لە سعید کرد. بۆیە سعید خۆی بە دوورخست لە خەڵکی کوفە، ئەوانیش لە کۆر و دانیشتنەکەیان جنێوبارانی عوسمانیان دەکرد. ئەوەش بووە هۆی نارەزایەتی سعید و نامە بۆ عوسمان دەنێرێت. عوسمانیش فەرمان دەدات کە ئەو چەند کەسە رەوانەی لای موعاویە بکات. معاویەش لە کەنیسەیکدا بەناوی 'مریم' ج ێنشرێ دەکات. معاویە پێیان دەڵێت ئێوە لە نەتەوەی عەرەبن زمان و رەوانبێژیتان هەیە، ئێوە بە هۆی ئیسلام شەرفمەند بوون، بەسەر گەلانی دونیا سەرکەوتن و سامانەکەتان داگیرکرد . پێیان ڕاگەیاندوم سەرزەنشتەی قورەیش دەکەن، ئەگەر قورەیش نەبوایە ئێوە بێ ڕێزترین و بەدبەخت ترین کەس دەبوون هەروەک پێشینەتان. تاوەکو ئیمرۆ ئیمامەکەتان پارێزەرتان بووە، باشتر وایە خۆتان بێ پارێزەر مەکەن، ئیمرۆ ئیمامەکەتان ئارامی گرتووە بەرامبەر هەڵەکانتان، ئیمامەکەتان ئەرکی بژێوی ئێوەی خستۆتە سەرشان، بە ئەڵڵا پێوستە وازبهێنن ئەگەر نا بە دڵنیایی ئەڵڵا تاقیتان دەکاتەوە بە فەرماندەیەک کە ئەرکێکی زۆرتان دەخاتە سەرشان و دەست خۆشیتان لێناکات بۆ ئەوەی دەیکەن. یەکێک لەوان بە ناوی صعصعة وتی لە ڕۆژگاری جاهیلی نە زۆرینەی عەرەب بوون نە لە عەرەبەکانی تر بە هێزتر بوون. موعاویە وتی تۆ وتاربێژەکەیانی کە ئەقڵت تیدا نابینم، من باسی ئیسلامت بۆ دەکەم تۆش باسی جاهیلیەتم بۆ دەکەی. ئینجا موعاویە دەڵێت خوداوەند لە سەردەمانی جاهیلیەت و ئیسلامدا قورەیشی پایەدار کرد، ڕەچەڵەکێکی خاوێن بوون. کاتێک ئەوانی تر یەکتریان دەخوارد بە هۆی خوداوەند پارێزران. تف لە خۆت و هاوڕێکانت، ئەی صعصعة گوندەکەی تۆ خراپترین گوندی عەرەبە، ماڵەکانتان وێرانترە، دۆڵەکانتان لە هەمووی قوڵترە، خراپترین دراوسێ، قەت شەڕیفێک تێیدا نیشتەجێ نەبووە، هیچ کەسێ نەبووە جنێوی پێنەدا. پاش جنێوبارانی موعاویە بە صعصعة پێیان دەڵێت ئەو شوێنە بە جێ بهێڵن، بۆ کوێ دەچن با بچن چونکە نە ئەڵڵا زیانی پێدەگات لەلایەن ئەوان نە سودیان بۆ خەڵک دەبێ.

ئەوان لە دیمەشق هاتنە دەر و نەچوونەوە کوفە، هەتا گەیشتنە لای کوڕی خالیدی کوڕی وولید ئەویش لێبوردنی بۆ دەرکردن.

چیرۆکی جۆراوجۆر باسکراوە، وەک ئەوەی صعصعة بە موعاویەی وتووە تۆ شیاو نی بۆ فەرمانڕەوایی، کەسانێک شیاون باوکیان و خۆیان لە پێش باوکی تۆ و خۆت پێشینەی ئیسلامی هەبووبێ، موعاویە وتی ڕاستە بەڵام ئێستا کەس وەک من بە توانا نییە. سەرچاوەکان بە ڕوونی دەریدەخەن کە کێشەیەکی قوڵ دروست بووە لە نێوان خەڵکی کوفە دژ بە عوسمان و خەڵکی شام.[186]

بەپێی ڕووداوەکان دەگێڕنەوە چەند کەسێک هێرش دەکەنە سەرماڵێک بەناوی 'ابن الحیسمان الخزاعي' و دەیکوژن. وەلید نامە بۆ عوسمان دەنێرێت و ئەویش دەڵێت بیکوژنەوە. بۆیە بکوژەکانی ابن الحیسمان ڕق لەسەر وەلید هەڵدەگرن. ڕۆژێکیان وەلید لەگەڵ برادەرێکی دەبێ بە ناوی 'أبو زید' کە هاتبوو سەردانی بکات لەوکاتانەدا چەند کەسێک لە کەسوکاری کوژراوەکان دێنە سەردانی ئەویش شتێک دەخاتە ژێر سیسەمەکەی ئەوانیش پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن کە مەی لەژێر سیسەمەکەی شاردۆتەوە.

گێژاوەی دووهەم کە دروست ئەبێ ڕۆژێکیان سیحربازێک دەهێنن بۆلای وەلید تاوەکو سزای بدەن کە سزای سیحرباز لە شەرع کوشتنە. 'ابن مسعود' بە خەڵکەکەی وت ئێوە چۆن دەزانن کە سیحربازە، ئەوانیش بە سیحربازەکەیان وت سیحرەکانت چیە: ئەویش وتی لەدەمی کەر دەچمە ژورێ و لە کونی قونی دێمە دەرێ. ابن مسعود بە وەلیدی گوت بیکوژە.

کەسێک بە ناوی جندی الازري شمشێرەکەی هەڵدەکێشێ و دەیکوژێت.

وەلید سزای دەدات چونکە جێ بەجێ کردنی ئەو کارە تەنها کاری ئیمامە یان جێگری ئیمامە. بۆیە خەڵکەکە وادەزانن وەلید شەرع جێ بە جێ ناکات. ڕۆژێکیان باوکی دوو لە کوژراوان دێنە لای عوسمان و دەڵێن ولید سەرخوش بووە و ئێمە شاهیدین،[187]

---

[186] تأریخ الطبري، ذکر تسییر من سیر من اهل الكوفة الیها ج ٥ ل ١٣٤-١٣٨// الكامل في التاریخ، ذکر تسییر من سیر من اهل الكوفة الی الشام، ج ٣ ل ٢٩ ـ ٣٥

[187] جارێکیان ولید بە سەرخۆشی پێشنوێژی دەکات بۆ موسلمانان لە جیاتی ٢ رکعەت چواران دەکات و ئاوریش دەداتەوە دەلیت هیچی ترتان ناوێ.

عوسمان فەرمان بە سعيد بن العاص دەكات سزای لێدانی بەسەردا بچەسپێنێ، ئینجا دەیکات بە والی کوفە، بەمەش ناکۆکی لە نێوانیان دروست دەبێ.[188]

لە کاتی گەمارۆدانی ماڵی عوسماندا، دەردەکەوێ خەڵکی میسر زۆر ڕقیان لێ بووە. بە جۆرێک لەکاتی وتاردانی نوێژدا خەڵکی میسر بەردبارانیان کرد تا بەردێکی پێکەوت و لە هۆش خۆی چوو. کاتێک عەلی چو بۆلای عوسمان مەروان لەوێ بوو سەرکۆنەی عەلیان کرد کە ئەو دەستی هەبووە لەو ئاژاوەیە. عەلیش تورە بوو ماڵی عوسمانی بەجێ هێشت. ئەمانە هەمووی بەڵگەن کە ناکۆکیەکی توند هەبووە لە نێوان هەر دووک بنەماڵە.

ئەوانەش هەمووی بونە هۆی ناڕەزایی لە دەسەڵاتی عوسمان، بەرەی دژ بە عوسمان لە کوفە زیادی کرد و لایەنگرانی عەلی زیادی کرد. لە شامیش خەڵک گوێرایەلی موعاویە بوون و عوسمانیان بە خەلیفەی ئیسلام دەزانی. لە مەدینەش لایەنگرانی عەلی لە زیاد بوون دابوون هەربۆیە کاتی ئەوە هات عوسمان لە خەلافەت لابدرێت. خاڵێکی تریش زۆر گرینگە تیشکی بخرێتە سەر هەروەک عوسمان دەرکی پێ کردبوو کە ئاژاوە سەر هەڵدەدات. لە گێڕانەوەیەکی سەرچاوەی 'طبري'دا عوسمان دەڵێ لە سێ شت دەترسم یەک کامەرانی و خۆشگوزەرانی، گەورەبونی منداڵی کەنیزەکان، لە قورئان خوێنی ناعەرەبەکان.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو سێ خاڵە بکەین بە جوانی ئاژاوەکان و بەرەو هەڵدێر چوونی ئیسلام دەبینین هەروەک پەیامبەری ئیسلام خۆی پێشبینی کردبوو دەڵێت (بدأ السلام غريبا و ستعود غريبا):

* ئەگەر خاڵی یەکەم شیکار بکەین، دەبینین ژیانی عەرەبی ئەو کاتە لە بارێکی سەختی بۆ بارێکی خۆشگوزەرانی چوو بەمەش مرۆڤێکی هەڵچوی لێ دروست دەبێ و هەرگیز نایەوێت بەرەو ژیانی سەخت بڕواتەوە، هەربۆیە شەڕی دەسەڵات دەکات و ئامادەیە لە پێناوی بەرژەوەندی خۆی خوێن برژێنێت، گومان لەوەشدا نییە گەندەڵی تا سەر شادەمارەکانی میللەت دەڕوات.

[188] الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد ل١١٦ – ١٢١// تاريخ الطبري، ذكر السبب في عزل عثمان الوليد عن الكوفة و توليته سعيدا عليها ج٥ ل ١٠٤– ١١١ // الكامل في التاريخ، ذكر عزل الوليد عن الكوفة وولاية سيعد ج ٣ ل ٣ – ٥

موسوڵمانەکان بە جۆرێک دەوڵەمەند بوون هەرگیز خەونیان بەوە نەدەدی ڕۆژێک لە ڕۆژان ببن بە خاوەنی ئەو داهاتە. بۆ نمونە لە سەرچاوەی واعیزەکانی سوڵتان و مروج الذهب باسی ئەو سامانە کراوە و موسوڵمانان چۆنیان دەست کەوتووە.
موسوڵمانە یەکەمینەکان بە سێ جۆر ماڵ و سامانەکانیان پەرە پێدەدا:
یەک) کڕینی کۆیلە و بەکارهێنانیان لەبازرگانی و پیشەی جۆراوجۆر. جۆرێک لە باجیان بەسەر کۆیلەکاندا سەپاند تاوەکو ڕۆژانە بیدەن بەگەورەکانیان.
دوو) پارەوپولیان بە بازگانەکان دەدا بۆ ئەوەی پەرەی پێ بدەن و دواتر قازانجەکەی لە نیوان خاوەن و بازرگانەکان دابەش دەکرد.
سێ) فرۆشیار بە قەرز شتومەکی دەدا بە کەسێک لە نرخی بازاڕ گرانتر بێت عائشە ناوی لێنا (الربا العاجل).

بۆیە داهاتی موسوڵمانان هێندە زۆر بوو لە مێژو بە سەرسامیەوە باس کراوە چونکە هەرگیز خەونیان بەو سامانەوە نەدیبوو.
ئەو ڕۆژی عوسمان کوژرا سەد و پەنجا هەزار دینار لەگەڵ هەزار هەزار درهەمی بە جێ هێشت واتە ملیونێک درهەم. ئەو نرخەی لە وادی القری و حنین و شوێنی تر بە جێ مان نرخی ١٠٠ هەزار دینار بوو، لەگەڵ چەندەها ئەسپی بە جێهێشت. سامانی الزبیر بن العوام لەسەردەمی عوسمان زیادی کرد، چەندین کۆشکی دروست کرد لە بەسرە و میسر و کوفە و ئەسکندەریە. سامانەکەی هێندە زۆر بوو لە ژماردن نەدەهات، کاتێک مرد پەنجا هەزار دینار و هەزار ئەسپی بەجێ هێشت لەگەڵ هەزار کۆیلە و کەنیزەک. سامانی طلحة بن عبیدالله بە هەمان شێوە کۆشکی لە کوفە دروست کرد ناسراو بووە بە 'الکناسة' هەروەها خانوێکی لە مەدینە دروست کرد بە داری ساج و بە گەچ سپیکاری کرد. سامانی عبدالرحمن بن عوف زیادی کرد و کۆشکێکی مەزنی دروست کرد، هەزار ئەسپ و هەزار وشتر، و هەزارەها مەڕی هەبوو، کاتێک مرد چارەکێکی پارەکەی بریتی بوو لە ٨٤ هەزار دینار واتە ٣٣٦ هەزار دینار. سامانی بڕوادارێک گەیشتە ٤٠٠ هەزار دیناری ئەو سەردەمە هەزار ئەسپ و هەزار کۆیلەی هەبوو. دەستکەوتی تەنها یەک ڕۆژی بڕوادارێکی تر لە عێڕاق گەیشتە ١٠٠٠ دینار، بڕوادارێکی تر لە عێڕاق ١٠٠٠ وشتر و ١٠٠٠٠ هەزار درهەمی هەبوو، زید بن ثابت هێندە زێر و زیوی هەبوو کە مرد بە تەور

سامانەکەیان لەت کرد و دابەشیان کرد لەگەڵ چەندین کەلوپەل نزیکەی ١٠٠ هەزار دینار بوو. مقداد کۆشکێکی لە مەدینە دروست کرد. يعلى بن منية کاتێک مرد ٥٠ هەزار دیناری بەجێ هێشت، پارەیەکی زۆری لەلا بوو، خانوبەرەی زۆری بەجێ هێشت بڕی نرخەکەی ٣٠٠ هەزار دینار بوو.[189]

عەلی وەردی دەڵێ: کۆیلەکان لە ڕێگای دیل گیران لە جەنگدا هێندە زۆر بوون زۆربەشیان خاوەنی پیشە و دەستڕەنگی نی بوون، جەنگاوەرەکان لە ڕێگای خودا! لە وڵاتی خۆیان گرتبوویانن و بۆ پایتەختی ئیسلام ڕەوانەیان کردبوون، دابەشیان کردبوون بەسەر بڕواداران. کۆیلە بە ڕۆژ ئازاد بوون و کاریان دەکرد ئێوارانیش دەهاتنەوە بۆ ئەوەی ئەو باجە بدەن بە گەورەکانیان کە بەسەریاندا سەپێندرا بوو. کە بریتی بوو لە باجی کۆیلایەتی. هەر کۆیلەیەک ڕۆژانە بڕێک پارەیان دەدایە گەورەکانیان ئەو بڕە پارەی لە دەستیان دەمایەوە بۆ بژێوی خێزانی خۆیان بوو. زۆر جار خاوەن کۆیلەکان باجێکی زۆریان دادەنا بە شێوەیەک زۆربەی خەراجەکەی بۆ خاوەنەکی دەبوو ئەستەم بوو خێزانی خۆی پێ بەخێو کرابا و دەستی دەکرد بە بۆڵە بۆڵ و سکاڵاکردن بەڵام کەس وەڵامی نەدەدایەوە. کۆیلەکان ڕەنجیان دەکێشا بۆ ئەوەی سامانی زیاتر بۆ گەورەکانیان زیاد بکەن چونکە گەورەکان باوەڕداری موجاهید بوون. بەڵام کویلەکان جگە لە نەفرەت شیاوی هیچی تر نەبوون.[190]

* خاڵی دووهەم سەبارەت بە گەورە بوونی منداڵی کەنیزەکان، ئەمەش گومانی تێدا نییە دایک کۆرپەی خۆی گەورە ئەکات و باسی باوکی ڕاستەقینەی خۆی بۆ ئەکات. مەحالە باسی ئەو شارستانیەتەی کە لێی هاتبوو بۆ منداڵی خۆی باس نەکات، منداڵیش کە گەورە بوو بەراوردەکان دەبینێ و هەق و ناهەق جیا دەکاتەوە.

* خاڵی سێهەم، کەسێک عەرەب نەبێ و زمانی عەرەبی نەزانێ چۆن لەو ئاینە تێدەگات و چۆن ئاینی زگماکی خۆی لە بیر دەکات و دەبێتە شوێنکەوتەی لاقەی ئاینی باوباپیرانی. مەبەستی عوسمان ئەوە نییە قوڕئان بە هەڵە بخوێندرێتەوە و

---

[189] مروج الذهب و معادن الجوهر، ذكر نسبه و لمع من أخباره و سيره، ثروته + ثروة( الزبير بن العوام، طلحة بن عبيدالله، عبدالرحمن بن عوف، قوم من الصحابة)، ج ٢ ل ٢٦١ - ٢٦٣

[190] واعیزەکانی سولتان، ل ٩٤ - ٩٥

خەڵکی توشی گوناح بن بەڵکو مەبەست لە هاتنی خەڵکی ناعەرەبە بۆ ناو ئیسلام چونکە ئاشوب قەت دروست نابێ بە خوێندنەوەیەکی نادروست.
لە ڕاستیدا ئەو سێ خاڵەی عوسمان باسی کرد و پێشبینی بۆ کرد ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە دورست بوونی ئاشوبی نێوان موسوڵمانەکان.

### ٣. ٥. ٧ گرژی نێوان عوسمان و زۆرینەی موسوڵمانان

چەند کەسێک لە هاوەڵانی پەیامبەر نامەیان بۆ یەکتری نوسی وتیان وەرن بۆ ئێرە شەڕ لە ڕێگای ئەڵڵا لێرەیە. خەڵک کارەکانی عوسمانیان بە دڵ نەبوو و سەرکۆنەیان دەکرد.
کاتێک عوسمان مزگەوتی فراوان دەکرد خەڵکی دەیان گوت مزگەوت فراوان دەکات کەچی سوننەتی موحەمەد جێ بەجێ ناکات.[191]
هاوەڵانی پەیامبەر پشتیوانی عوسمان نەبوون و ڕێگر نەبوون لەو ڕەخنانەی کە لێی دەگیرا جگە لە دەستەیەکی کەم نەبێ. خەڵک لە ماڵی عەلی کۆبوونەوە تا چارەیەک بدۆزنەوە. عەلی چوو بۆ لای عوسمان وتی: خەڵکانێک هاتونەتە لای من قسەیان سەبارەت بە تۆ کردوە. بە ئەڵڵا نازانم چیت پێ بڵێم شتێک نییە کە نەیزانم و تۆ نەیزانی، ڕێنماییەک بکەم کە نەزانی، ئەوەی من دەیزانم تۆ دەیزانی، لە شتێک لە پێش تۆ نەبووین کە پێت ڕاگەیەنین، هیچ شتێکمان بێ تۆ نەکردوە. تۆ پەیامبەرت دیوە و هاوەڵیت کردووە و لە ئەو شتت بیستوە، بووی بە زاوای. نە کوڕی قحافە شیاوترە بۆ ئەنجامدانی کارێک، نە کوڕی خەتاب باشترە لە تۆ بۆ ئەنجامدانی باشیەک. تۆ نزیکی پەیامبەر بوی و زاوای بوی ئەوی پێت بڕا بە کەس نەبرا. خۆت بپارێزە نە کوێری بینابیت پێ بدەم نە نەزانی تا فێرت بکەم. ڕێگایەکان ڕوون و ئاشکران، پایەکانی ئاین پایەدارە، دەبزانە ئەی عوسمان باشترین کۆیلەی ئەڵڵا ئیمامێکی دادپەروەرە، دە سوننەتە زانراوەکان جێ بەجێ بکە، بدعەکان بمرێنە. ڕێگایەکان ڕوون و ئاشکران و سوننەتەکان سەقامگیر و زانراون، بیدعەکان بونیان هەیە و ئاشکران، خراپترین خەڵکان لای ئەڵڵا ئیمامێکی ستەمکارە کە سوننەتەکان بمرێنێت و نەشیاوەکان زیندوبهێڵێتەوە. من لە پەیامبەری ئەڵڵام بیست کە لە ڕۆژی هەستانەوە ئیمامی ستەمکار هاوەڵی نییە، نە بەڵگەی پێیە، فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخ وەک ئاش

---

[191] واعیزەکانی سولتان، ل ٣٥ لەسەرچاوەی طە حسین وەرگیراوە.

دەسوڕێتەوە و ئینجا بەرەو قولایی. من ئاگادارت دەکەمەوە ئەشکەنجەی ئەڵڵا بەتینە، من ئاگادارت دەکەمەوە تۆ ئیمامێکی کوژراوی ئەو میللەتە دەبی، ئینجا دەروازەی کوشت و کوشتاری بەردەوام دەبێ لەسەریان هەتا ڕۆژی هەستانەوە. ڕووگەی ڕاستی نابینن خراپەکان جێگای دەگرێتەوە.
عوسمان وتی من دەمزانی ئەوەی وتت، بە ئەڵڵا ئەگەر تۆ لە جێگای من بای من عەیبدارم نەدەکردی، نە ڕەخنەم لێدەگرتی و نەسەرکۆنەم دەکردی لەسەر ئەوەی خزمایەتیت بەهێز بکەی، ڕێگام نەدەدا پێشێلکەرێک پەنا بدەیت و کەسانێک بێنیتە سەر کار کە عومەر هێنای. ئەی عەلی سوێندت دەدەم دەزانی مغيرة بن شعبة لێرە نییە؟ عەلی وتی بەلێ، دەزانی عومەر ئەوی وەک فەرماندار دانا؟ عوسمان وتی کەواتە بۆچ ڕەخنە لەمن دەگرن کە عبدالله کوڕی عامرم لەبەر خزمایەتی کردوە بە فەرمانڕەوا؟ عەلی وتی ئەگەر عومەر خزمێکی لاڕێی هەبوایە ئەوا بە قاچی خۆی دەیگەوزاند کەچی تۆ سستی دەکەی و هەڵوێستت نییە بەرامبەر خزمەکانت. پاشان عوسمان وتی دەزانی عومەر موعاویەی هێنایە سەرکار، منیش هەمان کارم کرد. عەلی وتی سوێندت دەدەم موعاویە لە یەرفا زیاتر دەترسا! [مەبەستی لە (کۆیلەکەی عومەر)ە کە موعاویە زیاتر لە ئەو دەترسا نەوەک عومەر] کەچی ئێستا بە بێ پرسی تۆ کار هەڵدەسورێنێت.

لەدوای ئەو ڕەخنە و توانجانە عەلی هاتە دەر و عوسمانیش چووە سەرمینبەر و خەڵکەکەی سەرکۆنەکرد لەگەڵ بەراوردێکی لەگەڵ خۆی و عومەر کە تێیدا گووتی ئێوە لە کارێک ڕەخنەتان لەمن گرت بۆ عومەرتان بەرەوا زانی، ئەو بەدەستی خۆی زللەی لێدان بە زمانی خۆی سەرکۆنەی کردن، بەڵام من نەرمیم لەگەڵ ئێوە کرد بۆیە توندن لەگەڵم. سوێند دەخۆم من سوپایەکی بەهیزترم هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێوە ئەگەر بلێم وەرن یەکسەر دێن. بەڵام من ئێوەم بەخشی توڕەیی خۆم نیشانی ئێوەدا کە ئاکارم نەبوو، ئەو وتانەم هێنایەسەرزمان کە پێشتر نەمهێنابوو. زمانتان لەمن دوورکەنەوە و ڕەخنە لە فەرمانڕەوا و ڕێبەرتان مەگرن. من چ کەمتەرخەمی کردووە؟ من پێشێلی یاساکانی کەسانی پێش خۆم نەکرد(واتە ئەبوبەکر و عومەر) ئەو کارانە ئەنجام دەدەم کە ئەوان کردویانە کەچی گەمارۆی ئەوانتان نەدا.

مەروان بن حەکەم وتی: ئەگەر بتانەوێت سوێند بە ئەڵڵا شمشیر لە نێوان ئێوە و خۆمان دەکەینە دادپەروەر، ئێمە لەو کەسانە نین کە باسیان کردوین. عوسمان پێی دەڵێ بێ دەنگ بە من و هاوڕێکانم بەجێ بهێڵە، ئەمە کاری تۆ نییە! پێشتر پێم نەوتی قسە مەکە؟ مەروان بێ دەنگ بوو عوسمانیش لەسەر مینبەرەکە هاتە خوارێ. قسەکەی مەروان خەڵکی زیاتر پەست کرد.[192]

هەروەها دانیشتنێکی تر باس دەکرێ لە نێوان عەلی و عوسمان و موعاویە و طلحة و زوبیر، لە کاتێکدا موعاویە دەڵێ ئێوە هاوەڵانی پەیامبەرن و هەڵبژێردراوەکانی ئەون باشترین سەرکاری ئەو میللەتەن. لە ئێوە زیاتر تەماحکاری بۆ خەلافەت نابینم، ئێوە خەلیفەی خۆتان هەڵبژاردووە بەبێ زۆرەملەیی و بەرژەوەندی تاکەکەسی، ئێستە بۆتە کەسێک بە تەمەن و ژیانی هێندەی نەماوە، ئەگەر کەمێکی تر چاوەڕێ بکەن لەسەر پیریەکەی ئەوا فەرمانڕەوایەتیتان لە دەست دەبێ. ئومێدەوارم شکۆمەند بێ و ئەڵڵا بیگەیەنێتە ئەو ئاستە. قسەوباس بڵاوبۆتەوە ئەترسم لە ئێوە سەرچاوەی گرتبێ، لە هیچ شتێک ڕەخنانەتان لێ نەگرتووە. ئەوە دەستی من بۆ هاوکاریتان. تەماحکاری مەخەنە پێش خەڵک بۆ کاری خۆتان، بە ئەڵڵا ئەگەر تەماحکاریەکە بیان گرێ ئەوا ئێوە لە پاشەکشە زیاتر لەوان نابینن. عەلی دەڵێ ئەی بێ دایک ئەوە چ پەیوەندی بە تۆوە هەیە. ئەویش دەڵێ واز لە دایکم بێنە ئەو لە دایکە خراپەکانی ئێوە نەبوو، ئەو موسوڵمان بوو و بەیعەتی لەگەڵ پەیامبەر کرد. [193] لەو دانیشتنەش بە ڕوونی گرژی نێوان عەلی و موعاویە دەبینین. فتیلەی بۆمبەکە ئامادەکراوە بۆ گرتێبەردانی.

عوسمان وتی کوڕی برام ڕاست دەکات. کار لە دەستی خۆم دایە، هاوڕێکانم پێش من (ئەبوبەکر و عومەر) بۆ ڕەزامەندی ئەڵڵا لە خۆیان و هەرکەسێک بیانویستبا ستەمیان دەکرد. پێغەمبەر بەخشینی دەدایە نزیکەکانی خۆی، منیش لە هۆزێکی زۆرم کەم دەرامەتن من لەپی دەستم کردۆتەوە بۆیان لەو پارەیە(بیت المال) ئەگەر دەزانن هەڵەم پێم بلێن دەیگەڕێنمەوە. گوتیان ٥٠ هەزار درهەمت داوەتە عبدالله کوڕی خالید، ١٥هەزارت داوەتە مەروان، ئەو پارانە وەر بگرەوە. عوسمانیش ڕازی بوو، ئەوانیش بەرڕەزامەندی ڕۆیشتنە دەر.

---

[192] الكامل في التاريخ، ذكر ابتداء قتل عثمان، ج ٣ ل ٤٢-٤٤// تاريخ الطبري، ذكر صفة اجتماعهم لذلک و خبر الجرعة، ج ٥ ل ١٤٥ ـ ١٤٦

[193] تاريخ الطبري، ذكر مسير من سار الى سار الى ذي خشب ج ٥ ل١٥٠

**٦.٣ گەمارۆدانی ماڵی عوسمان**

بە پێی سەرچاوەکان [194] لە ساڵی ٣٥ی کۆچی، هێزێکی کۆکراوە هاتنە ناو شاری مەدینە و ماڵی عوسمانیان گەمارۆدا. ئەو هێزە پێکهاتبوو لە هەڵگەڕاوەکانی کوفە و میسر و بەسرە.

لە میسر چوار تیپ هاتن و هەرتیپێک هەزار چەکدار بوون. هەر تیپێک ئەمیرێکیان هەبوو بە ناوی( عبدالرحمن بن عدیس البلوي، کنانة بن بشر التجیبي، سودان بن حمران السکوني، قتیرة بن فلان السکوني) ئەمیری گشتی غافقي بن حرنب العکي بوو.

هەزار چەکدار لە کوفەوە هاتن بە چوار تیپ. زید بن صوجان العبدي، الاشتر النخعي، زیاد بن النضر الحارثي، عبدالله بن الاصم. ئەمیری گشتی عمرو بن الاصم بوو.

هەزر پیاویش لە بەسەر ە هاتن بە چوار تیپ (حکیم بن جبلة العبدي، ذریح بن عباد العبدي، بشر بن شریح القیس، ابن المحرش ابن عبدالحنفي) ئەمیری گشتی حرقوص بن زهر السعدي بوو.

ئەو سێ تاقمە هەر هەموویان یەک ڕا بوون لەسەر ئەوەی عوسمان لەسەر خەلافەت لاببردرێت بەڵام هاوڕا نەبوون لەسەر ئەوەی کێ ببێتە خەلیفە. خەڵکی میسر دەیانویست عەلی ببێتە خەلیفە، خەڵکی کوفە دەیان ویست زوبێری کوڕی عەووام بێتە خەلیفە، خەڵکی بەسەرەش دەیان ویست تەڵحە کوڕی سبح ببێتە خەلیفە.

وا دەردەکەوێ ئەو سێ هێزە بۆ کوشتنی عوسمان نەهاتونەتە مەدینە بەڵکو ئامانجیان لابردن و نەهێشتنی دەسەڵاتی عوسمان بووە. پاش ئەوەی عوسمان بەو مەرجانەی خوارەوە رێکەوتنیان لەگەڵ دەکات ئەوان لە مەدینە دەچنە دەرەوە تاوەکو بچنەوە شوینی خۆیان. مەرجەکان بەم شێوەیە بوو:

یەک: ئەوەی دوورخراوەتەوە دەبێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

دوو: ئەوەی بەشی خوراوە بەشەکەی بدرێتێ.

سێ: بەخشیش و موچە زیادبکرێ و بە دادپەروەرانە دابەش بکرێ.

---

[194] تاریخ الطبري، ذکر مسیر من سار الی سار الی ذي خشب ج ٥ ل١٤٧ـ١٦٣// الکامل في التاریخ، ذکر مسیر من سار الي حصر عثمان ج ٣ ل ٤٥ ـ ٥٧// البدایة و النهایة، ذکر حصر أمیر المؤمنین عثمان بن عفان لما وقع یوم الجمعة، ج ٧ ل ١٩٧ ـ ٢١٠ // الخلفاء الراشدون بین الاستخلاف و الاستشهاد. ل ١٤١– ١٤٢، ل ١٤٤، ل١٥١، ل ١٦٤، ل ١٦٩– ١٧٢، ل ١٨٢ – ١٨٣//ذو النورین عثمان بن عفان ل ١٧٩ – ١٨٨ // البدایة و النهایة، ذکر حصر أمیر المؤمنین عثمان بن عفان لما وقع ما وقع یوم الجمعة الی فصل ولما وقع هذا الامر العظیم الفظیع الشنیع، ج ٧ ل ١٩٧ – ٢١١

چوار: ئەو کەسانە بکرێت بە فەرمانڕەوا کە بەهێز و پاکبن.
پێنج: بڕیاردرا عبدالله کوڕی عامر بگەڕێتەوە بۆ بەسرە، ئەبو موساش بە والی کوفە بمینێتەوە. بەم شێوەیە عوسمان سو لّحی لەگەڵ کردن. کەواتە بۆمان دەردەچێ کە هەموو کێشەکان لەسەر ئەو چەند خا لّە بووە. کەواتە فیتن ەکانی عبدالله بن سبا و کەسانی تر کە باس دەکرێ هەموو ناڕاستیە . چونکە خاڵی مەرجەکان ڕوون و ئاشکرایە تەنانەت باسی لابردنی عوسمان نەکراوە و باسی وصی بوونی 'عەلی'ش نەکراوە. ئەگەر عبدالله بن سبا'یش لە مێژو هەبووبێ تا ئەو گەماڕۆدانەش بوونی نییە.
کاتێک ئەو هێزانە لە مەدینە دەردەچن لە چوار دەوری مەدینە دەمینێنەوە، نێرمنداڵێک تێدەپەرێ بە جۆرێک خۆی نیشانیان دەدات وەک بڵێی من شتێکم پێیە! بۆ خۆی گومان دەخاتە سەرخۆی بۆ ئەوەی ڕایبگرن. ئەوانیش دەڵێن تۆ کێی ئەویش دەڵێ من پەیامنێری عوسمانم. کاتێک دەیپشکنن دەبینن نامەیەکی هەڵگرتوە لە عوسمانەوە بۆ والی میسر تێیدا نوسراوە ' ئەوانەی گەڕانەوە هە لّیان بواسن یان قاچ و دەستیان بپەڕێنن'
هەر بۆیە ئەو هێزانە گەڕانەوە بۆ مەدینە و گەمارۆی ماڵی 'عوسمان'یان دا. عوسمان حاشای لێکرد و د لّنیایان دەکاتەوە کە نامەکە ساختەیە و ئەنگوستیلە خ ەتمەکەیان تەزویر کردووە. خەڵکی عێراق و بەسرەش گەڕانەوە عەل ی دەڵێت ئێوە چۆنتان زانی بەو نامەیە لە کاتێکدا بۆ ماوەیەکی زۆر ڕێگایان بڕیبوو و لە میسریەکان جیا بوونەتەوە. لەهەمان کاتدا بەیەکەوە گەیشتنەوە.
لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوە دەبێ شیکار بکرێ! ئەوەی سەیر و جێگای تێڕامانە، باس لە کەسایەتی پەیامنێرەکە بە ڕوونی ناکرێ، هەندێک دەڵێن کۆیلەی عوسمان بووە و هەندێک دەڵێن ناوی ئەو کەسە ' أبو الأعور السلمي' بووە. ئەگەر بە فەرمانی عوسمان ئەو پەیامنێرە نەنێردرابێ و نامەکە لە نوسراوی ئەو نەبێ دەبێ لە توانای کێدا هەبووبێ کە خۆی گەیاندبێتە لای ئەو پەیامنێرە بە جۆرێک لە جۆرەکان بتوانێ ئەنگوستیلەی عوسمان تەزویر بکات و ئینجا ئەو نامەیە بنوسێ! بێگومان ئەو کەسە دانیشتوی مەدینە بووە ناشێت ئەو کەسە دانیشتوی شوێنێکی تر بێت و پەیامنێری عوسمان بێت. کەواتە دەستێکی ڕێکخستن لەناو شاری مەدینە هەبووە هەر بۆیە ئەو چەند بۆچوونانە دەخەینە ڕوو:

* ئەگەر ئەو پەیامنێرە سەر بە سێ هێزەکەی(میسر و بەسرە و کوفە) نەبووە تەنها سەر بە تاقمەکەی عەلی بووە. ئەوا دەردەکەوێ عەلی بۆ ئەوەی خۆی لەو گومانە دووربخاتەوە بە هێزی بەسرە و کوفەی گوت ئێوە چۆنتان زانی بەو نامەیە تاوەکو لەگەڵ میسریەکان بەیەکەوە بگەڕێنەوە ، وەک دەری بخات ئەوان خۆیان ئەو کارەیان ڕێکخستووە. بۆ ئەو کارەش دەبوایە عەلی بە پەیامنێرەکە بلێ دەبێ خۆت دەربخەی تاوەکو ئەو نامەیە بدۆزرێتەوە. هەروەها دوو کەسیشی ناردبێ بۆ لای تاقمەکەی بەسرە و کوفە.

* ئەگەر ئەو پەیامنێرە سەر بە گشتیان بووە ئەمەش دەری دەخات ئەو سێ هێزە لەگەڵ عەلی کار و پلانی کوشتنی عوسمانیان دارشتووە. ئەوەی سولحیان لەسەر کرد مەبەستی سەرەکیان نەبوو. دەبێ کوشتنی عوسمان لەناو مەدینە پلانی بۆ داندارا بێت.

* ئەگەر ئەو پەیامنێرە سەر بە سێ هێزەکە بووە و عەلی ئاگادار نەبووە، واتە ئەوان پێش هاتنیان بۆ مەدینە ئەو پلانەیان دارشتووە، شانۆگەریەکیان بۆ مێژو تۆمار کرد گوایە عوسمان ویستویەتی هەڵگەڕاوەکان بکوژێ.

* ئەگەر ئەو پەیامنێرە سەر بە تاقمەکەی عەلی و سێ هێزەکە نەبووبێ دەبێ کێ لە پشتی ئەو ئاژاوە بووبێ؟ ئەگەر مەروان ئەو کارەی کردبێ ئەوا پاشەڕۆژی خۆی بە دوو شێوە دیوە: ئەگەر پلانەکەی سەربگرێ بە کوشتنی هەڵگەڕاوەکان ئەوا نەیارانیان لە ناودەچن و خۆشی دەسەڵاتی زیاتر دەبێ، ئەگەر پلانەکەشی سەر نەگرێ ئەوا یان بەسەر ئەو دادێت و دەکوژرێ یان بەسەر لایەنێکی تر دادێت. مەروان هێندە گەمژە نەبووە کارێکی ئاوا ئەنجام بدات کە حسابی بۆ دواڕۆژ نەکردبێ. مەروان بە کەسێکی ئاژاوەگێر ناسراوە کاتی خۆی پەیامبەری ئیسلام ڕقی لە مەروان و باوکی بوو ناوی لێ نابوو ترسنۆکی کوڕی ترسنۆک و دووریخستبۆوە بۆ تایف. لەسەردەمی ئەبوبەکر و عومەردا هەر لە شوێنی خۆی مابۆوە، کاتێک

عوسمان بوو به خەلیفە مەروانی هێنایەوە و کردیە وەزیری دەستە ڕاستی و مۆری خەلافەت کەوتە دەستی. دووڕوویی مەروان زۆر بە ڕوونی دەبینرێت.
* ئەکرێ مەروان ئەو نامەی ناردبێ بەڵام پەیامنێرەکە خۆی ئارەزوی ئەوەی کردوە گومانی بخرێتە سەری تا نامەکە بدۆزنەوە! ئامانجی ئەو پەیامنێرە چی بووە ئەو نامەیەی ئاشکرا بکات و ئەو فیتنیە دروست بکات!

* ئەگەر ئەو پەیامنێرە هەر خۆی ئەو فیتنەیەی دروست کردوە و سەر بەکەس نەبووە، دەرئەنجامی ئەوە دەکەین عوسمان کەسێکی باوەڕپێکراو و ئیمانداری داناوە لە جێگایەکی هەستیار کەچی ئەو کەسە نزیکە ڕقی لێ بووە!
سەراغ بوونەوەی ئەو بابەتە ئەستەمە کێ نوسیویەتی و کێ ناردویەتی، ئەو کاتە کۆمپیوتەر نەبووە تا نوسراوێک لەسەر پەڕاوێک چاپ بکرێ و تەنها مۆری لێ درابێ، نوسراوەکە بەدەستنوس نوسراوە، ئایا بە خەتی کێ نوسراوە؟ کەواتە کێ ئەو مۆرەی تەزویر کردووە و بە دەستنوسی کێ ئەو نامەیە نوسراوە ئەگەر عوسمان خۆی ئەو نامەیەی نە نوسیبێ! ئەگەر هەڵگەڕاوەکان دەستنوسی عوسمانیان ناسیبێ ئەوا هەقیان بووە لە کوشتنی. ئەگەر دەستنوسی عوسمان نەبووە هی کێ بووە؟ پێ ناچێ عوسمان دڵڕەق بووبێ مەگەر ئەو کاتە بەرژەوەندی بنەماڵەی زیاتر بە بنەما گرتبێ لەسەرو ئیسلام. ئێمەش لە ناخی عوسمان بۆ هەتا هەتایە تێ ناگەین. ئەوەی دەیڵێین تەنها بۆچوونە و نازانین کامیان ڕاستە، مەگەر کەسێک بتوانێ ڕاستیەکە بدۆزێتەوە لە پلەی ڕوحانی و شیکردنەوەدا کارامە بێت.

لە چەند گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێن هێزێک بە هەزار کەسێ بەرەو مەدینە دەچن لە ناوچەیەک جێنشین دەبن بەناوی 'الجرعة' کاتیک سعد بن عاص بەرەو کوفە دەچێت ڕێی پێ دەگرن و دەڵێن بۆت نییە بچیت بۆ کوفە ئێمە أبا موسی الاشعری مان کردووە بە والی.
پاش ئەوەی لە بە بسرە و کوفە ئارام گیری ڕوویدا عوسمان 'معاویە ، عبدالله بن عامر ، عبدالله بن سعد ، سعد بن العاص و عمر بن عاص' کۆدەکاتەوە.
دەڵێت ئێوە ئامۆژگاریتان چییە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو کێشەیە، عبدالله بن عامر دەڵێت ئەوان سەرقاڵی جیهاد نیین بۆیە بواری فیتنەیان بۆ دروست بووە، باشتر وایە

فەرمانی جیهاد دەربکەی تاوەکو سەرقاڵیان بکات ئەو کاتە غەمی هیچیان نابێت تەنها غەمی چوار پێ و چەکیان لەگەڵ شەڕکردن. سعد بن عاص دەڵێت بۆ هەموو هێزێک سەرۆکەکەی گرینگە. ئەگەر سەرۆکی ئاژاوەکە بکوژین ئەوا هێزەکە لەناودەچێت.
عوسمان دەڵێت ئەوەش ڕای منە بەڵام سەرۆکەکانیان ئیسلامن چۆن ئیسلام بکوژم.
عباللە بن سعد بن ابی سرح وتی پارە بدەن بەو کەسانە. معاویە وتی با هەرکەسێ بچێتەوە بۆ شوێنی خۆی و کاروباری خۆی ڕێکبکات من شام ڕێکدەکەمەوە.
پێش ئەوەی معاویە بڕوات بۆ شام پێشنیاری بە عوسمان کرد کە لەگەڵی بچێت بۆ شام وتی با کەس زەفەرت پێ نەبات بەڵام عوسمان ڕازی نەبوو. پاشان معاویە دەڵێت با لەشکرێکت بۆ بنێرم ئەو بەسەرهاتە ساڵی ٣٤ی کۆچی بوو.

لە گێڕانەوەی تردا چۆنیەتی گەمارۆدانی ماڵی عوسمان بەمشێوەیە بوو: لەوەرزی حەج خەڵکی مەدینە هاتنە دەر بەرەو مەککە ڕۆیشتن، هێزەکانی دژ بە عوسمان کە لە خەڵکی میسر و کوفە و بەسرە پێکهاتبوون خۆیان گەیاندە نزیک شاری مەدینە.
لەشکری بصرە لە 'ذا خشب' دادەبەزێ، لەشکری کوفە لە 'الاعوص' دادەبەزێ، لەشکری میسر لە 'ذا المروة' دادەبەزێ. ئینجا شاندیان دێتە لای عوسمان و سکاڵای خۆیان دەردەبرن بۆ نمونە میسریەکان ڕازی نابن لە والی خۆیان کە 'عبداللە بن سعد'ە. عوسمان ڕازی دەبێت بە داوکاریان بە جۆرێک محمد بن ابی بکر ببێتە والی.
کاتێک لەشکرەکان دەگەڕێنەوە بەرەو شاری خۆیان محمد بن ابی بکر نێردراوێکی عوسمان دەبینێت بەرەو میسر دەڕوات. نامەکەی لێدەگرن کە بۆ 'عبداللە بن سعد'ی نوسیبوو. دەڵێت محمد بن ابی بکر بکوژە، هەروەها چەند ناوێکی تریشی تێدایە.
هەروەها ئاماژە بەوە دەکات و پێی دەڵێت کە خۆت والی میسری و ئەو فەرمانەش ڕەتبکەوە کە تۆ لابراوی.
بۆیە محمد بن ابی بکر نامەکە بۆ خەڵکەکە دەخوێنێتەوە و بەرەو مەدینە بەڕێدەکەونەوە و ماڵی عوسمان گەمارۆ دەدەن.
عوسمان سوێند دەخوات کە ئەو نامەیە ئەو نەینوسیوە. خەڵکی میسر پێی دەڵێن کۆیلەکانت سواری وشتری 'بیت المال' دەبن و مۆری تۆ لە نوسراوەکان دەدەن تۆ ئاگاداری؟ عوسمان وتی بەڵێ ئەوانیش وتیان یان ڕاست دەکەی یان درۆ دەکەی، ئەگەر ڕاست بکەی ئەوا بە ناڕەوا کوشتنی ئێمەت دەرکردووە بۆیە دەبێ دەست

هەڵبگری، ئەگەر درۆش بکەی ئەوا هەر دەبێ دەست هەڵبگری چونکە تۆ شیاوی ئەو کارە و بەرێوەبەرایەتیە نی و بێگای لە چواردەوری خۆت. عوسمان وتی ئەو کراسەی ئەڵڵا لەبەری کردوم داپناکەنم سوێند دەخۆم دەست لە خراپەکاری هەڵبگرم. میسریەکان وتییان جاری یەکەمت بوایە تۆبەت قبوڵ بوو، بەڵام هەموو کاتێک تۆبە دەکەی و دەگەڕێیەوە هەمان سەرکاری خراپە. بۆیە تازە ئێمە ناڕۆین یان دەتکوژین یان لاتدەدەین. هەر کەسێک هاوکاریت بکات بۆ ئەوەی دەستمان پێت نەگات شەڕی لەگەڵ دەکەین.

لە کاتی گەمارۆدانی ماڵی عوسمان پێدەچێت کەسانی مەدینە لە پشتی نەبوونە ئەگینا ئیمام وخەلیفەی موسوڵمانان نەدەکوژرا. دەگێ ڕنەوە عەلی وتویەتی من بەرگریت لێدەکەم بەڵام عو سمان ڕازی نەبووە و نەیویستووە. ئاخو عەلی بۆچ چاو ڕێی ئەو وەڵامە بووە لە کاتێکدا سەد لەسەد دەیزانی دەیکوژن. عەلی ئەگەر دەستی نەبووبێ لە کوشتنی عوسمان ئەوا جدیش نەبووە لەبەرگری کردن. ئەگەر وەفاداری عوسمان بوایە هەر بەرگری لێدەکرد. واتە گومانێکی زۆری هەیە لەسەر دەست تێوەردانی عەلی. بەڵام چونکە لە هەردووکلا شیعە و سونە قودسیەتی هەیە بۆیە باس لە کارگێری فیتنەی عەلی ناکرێت بەڵام ئەگەر کەسایەتی عەلی بخوێنینەوە ئەوا هەمان پەروەردەی موح ەمەد بەدی دەکەین. چونکە هەموو کەسێک دەزانێت عەلی توان ای بەرگری هەبووە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کاتێک ئەهلی م یسر و عێراق گەڕانەوە کە ئەو نامەیان بیستبوو کە گوایە عوسمان لە نامەکەی نوسی بوی ئەگەر لادەرەکان(واتە میسریەکان) گەڕانەوە بیانکوژن یان دەستوپێیان بب ڕنەوە. عەلی بە عێراقیەکانی وت ئێوە چۆن بەو نامەتان زانی لەکاتێکدا ئێوە لە خەڵکی م یسر دوورکەوتبوونەوە. کەواتە دەیزانی پلان هەیە و عوسمان دەکوژرێت بەڵام هیچ هەڵوێستی نەبوو.

بە پێی طبري ح ەسەنی کوڕی ئامۆژگاری عەلی دەکات دیارە لە کاتی گەمارۆدانی عوسمان پێی وتووە لە مەدینە دەربچێت. پاش کوشتنی عوسمان بەیعەت وەرنەگرێت تاوەکو هەموو هەرێمەکان دێن و بەیعەت دەدەن. هەروها خۆت مەگلێنە لە کارەکانی طلحة و زوبیر. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات عەلی دەستێکی هەبووە لە کوشتنی عوسمان ئەگەرنا خەلافەتی وەرنەدەگرت و شاری بەجێدەهێشت پێش کوشتنی.

نیازی عەلی بەرامبەر عوسمان دیارە، دەگێڕنەوە لە کاتی گەمارۆدانەکە جارێکیان عوسمان داوا لە عەلی دەکات کە ئەو خەڵکە دووربخاتەوە، عەلیش دەڵێ پەیمانی چی بدەم تاوەکو ئەو خەڵکە دووربکەویتەوە، عوسمان دەڵێ ئەوەی خۆت پێت باشە پێیان بڵێ، عەلی ئەڵێ هەموو کات قسەکانی من پشتگوێ دەخەی فەرمانەکانی موعاویە و کوڕی عامر دەخەیتە کار، ئەو دەڵێ فەرمانەکانیان پێشێل دەکەم، پاش ئەوەی عەلی قسە بۆ میسریەکان دەکات ئەوان دەگەڕێنەوە میسر. لە دواییدا مەروان دێتە لای عوسمان بۆ جارێکی تر هەڵیدەخەڵەتێنێ و پێی دەڵێت بە خەڵکەکە بڵێ خەڵکی میسر بابەتی ناڕاستیان بیستبوو لەسەر فەرمانڕەواکانی خۆیان و ئەوان گەڕانەوە خاکی خۆیان، ئەمە بکە پێش ئەوەی لایەنگرانی تریان بۆ بێت و نەتوانی بەرەنگاریان ببیتەوە. پاش ئەوەی عوسمان لەسەر مینبەر ئەو قسانە دەکات عمرو کوڕی عاص بە عوسمان دەڵێ تۆبە بکە ئێمەش وەک تۆ هەڵەمان کردوە، عوسمان دەڵێ تۆ لێرەی لەوەتای تۆم لەسەر کار لابردوە ئەسپێ لە گیرفانتە. ئەویش قسە بە باوکی عوسمان دەڵێ "ئێمە 'العاص کوڕی بن وائل'مان دیت و باوکی تۆمان دیت 'عفان'، 'عاص' لە باوکت باشتر بوو". لە سوچێکی مزگەوتەکە دەنگە دەنگ بەرزبۆوە وتیان تۆبە بکە با خەڵک دەست لە تۆ هەڵبگرێت.

ئەو گرژیەی نێوان عوسمان و خەڵکی دەستێکی مەروانی تێدا بووە، بەڵام ئایا ئەو گرژیەی مەروان دروستی کرد لە دڵسۆزی بوو یان بەرژەوەندی خۆی تێدا بوو، چونکە بۆ جارێکی تریش مەروان گرژی دروست دەکات لە کاتێکدا عوسمان وتار بۆ خەڵک ئەدا، مەروان لەوێ نابێ کاتێک عوسمان دێتەوە ماڵ مەروان دەڵێ من قسە بۆ ئەو خەڵکە بکەم، ژنی عوسمان لە فیتنەی مەروان تێدەگات کەچی عوسمان تێ ناگات. ژنەکەی عوسمان بە مەروان دەڵێ بێ دەنگ بە سوێند بە ئەڵڵا دەیکوژن و بەگوناحکار هەژمار دەکرێ. مەروان دەڵێ کارت بەوە چییە و دەنگە دەنگ دروست دەبێ، پاشان عوسمان دەڵێ برۆ قسەیان بۆ بکە. مەروان ڕۆیشتە دەر و بە خەڵکەکەی ووت ئەوە بۆ کۆبونەتەوە دەڵێی بۆ تاڵانی هاتوون؟ لاچن دەموچاوتان شێواندراوە(قەیزەوەن). هەریەکێکتان گوێی ئەوی تر بگرێ و بڕوات. هاتوون پاشایەتی لەدەستی ئێمە دەربێنن، بڕۆن ئەگەر مەبەستی خراپەتان هەیە بەڵایەکتان

بەسەر دادێت ڕازی نەبن لە ئەنجامەکەی، سەرتان سوڕبمینێ. بڕۆنە ماڵ ئەوەی لەدەستی ئێمەدایە ژێرناکەوێ(واتە خەلافەت لە دەستی ئێمە دەرناچێ).

بەو وتارانەی مەروان عەلی توڕە بوو، ڕۆیشە لای عوسمان وتی تۆ لە مەروان ڕازی بووی کە ئەو ڕازی نابێ هەتا لە ئاین و ئەقڵ لات نەدات وەک وشتری کاروان بۆ کوێت بەرێ دەت با. مەروان نە خاوەنی خۆیەتی و نە ئاین. سوێند بە ئەڵلا هاوکاریت ناکات لەکاتی تەنگانە. جارێکی تر ناگەڕێمەوە بۆ لای تۆ. دەڵێن عەلی هیچی تر نەچۆوە لای عوسمان و هاوکاری نەکرد ئەوە نەبێ کە ئاویان لێ قەدەغەکرد عەلی گووتی ئاوی بۆ بەرن.
عبدالرحمن کوڕی الاسود دەڵێ ئەڵلا ڕووی مەروان ڕەش بکات، عوسمان هاتە دەر و خەڵکی ڕازی کرد بەڵام مەروان عوسمانی پاشگەز کردەوە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێندرێت ئەو فیتنەی مەروان ئەنجامی داوە بکەری سەرەکی دیار نییە کە 'عبدالله بن سبا'ە پێم سەیرە ئەوەندەی کوڕی سبأ باس دەکرێ باسی مەروان ناکرێ. لە کاتێکدا هەموو گرژیەکانی نێوان عوسمان و گەماڕۆچیەکان مەروان ئەنجامی داوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ڕقی خەڵکی. ئەوەتا خۆیان دەڵێن خەڵکی گەڕنەوە بۆ شارەکانی خۆیان و چەند مەرجێکیان لە عوسمان وەرگرت. کەچی قاسیدێکیان دیت و نامەی عوسمانی هەڵگرتبوو بە مۆری ئەو نوسراوەکە واژۆ کرابوو. ئایا عبدالله کوڕی سبأ لە کوێ بووە؟ ژنی عوسمان نزیکترین کەس بووە لە عوسمان دەڵێ مەروان لە خۆت دوربخەوە ئەو لای خەڵک نە نرخی هەیە نە ترس، نە خۆشەویستی، خەڵک لە زیانی ئەو لە چواردەورتدا نەماون. لە هەمان کاتدا دەڵێت لەسەر ڕێچکەی ئەبوبەکر و عومەر بڕۆ. واتە ڕۆڵی کێ زیاتر دەبینین عبدالله کوڕی سبأ یان مەروان؟ هەڵەکانی عوسمان یان عبدالله بن سبا؟

**٧.٣ کوشتنی عوسمان**

بە پێی سەرچاوەکان[195] لە کاتی گەماڕۆدانی ماڵی عوسماندا، چەند جارێک عوسمان چوو بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی وتاریان بۆ بدات و دڵی خەڵکی نەرم بکاتەوە بەڵام ئەو

[195] تاريخ الطبري، ذكر قتل عثمان ج ٥ ل ١٦٣-١٨٤// الكامل في التاريخ، ذكر مقتل عثمان ج ٣ ل ٥٧ - ٦٩// الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد. ل ١٤١- ١٤٢، ل ١٤٤، ل١٥١، ل ١٦٤، ل ١٦٩-

سوکایەتی پێ دەکرا لەلایەن موسوڵمانەکان. ڕۆژێک هاتە مزگەوت و سڵاوی کرد و خەڵکی وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە، یەکێک لە موسوڵمانەکان بە ناوی 'جبلة بن عمرو الساعدي' وتی بۆ وەڵامی کەسێک دەدەنەوە کە ئەوەی کردووە و ئەمەی کردوە، زنجیرێکی بەدەستەوە بوو وتی یان لە ملی تۆ توندی دەکەم یان چواردەورەکەت لەسەر فەرمانڕەوایەتی لا دەدەیت.
موعاویە لەشکرێک دەنێرێت لە شامەوە بە سەرۆکایەتی 'حبیب بن مسلمة الفهري'.
هەروەها 'عبدالله بن سعد' لە میسرەوە لە شکرێک دەنێرێت بە سەرۆکایەتی معاویة بن خديج السكوني. هەندێک لە لایەنگرانی عوسمان لە کوفە بە سەرۆکایەتی القعقاع بن عمرو التميمي دەکەونە ڕێ.
بەڵام ئەو هێزە ناگاتە جێ، سەرچاوەی ابن الاثير دەڵێ (فتربص به معاوية) ئەو وشەیە واتە کەسێک چاوەڕی بێت ئینجا بزانێ باشە ڕوودەدات یان خراپە. دیارە موعاویە چاوەڕێ بووە تاوەکو بۆ موسوڵمانان یەکلایی ببێتەوە یا بەکوشتنی عوسمان یان بە لابردنی یاخود بە مانەوەی عوسمان. موعاویە کەسێکی ژیر بوو، دەیزانی ئەگەر عوسمان بکوژرێ ئەوا بەرژەوەندی خۆی تێدایە و خۆی دەبێتە خەلیفە چونکە لە ئەو زیاتر کەس شیاوی ئەو نییە تۆلەی عوسمان بکاتەوە، ئەو دەیزانی عەلی دەستی هەیە لەو ئاژاوەی کە دروست بووە. بۆیە سۆزی خەڵکی بۆ خۆی ڕادەکێشا. ئەگەر عوسمان لەسەر کاریش مابایەوە ئەوا بەرژەوەندی موعاویە هەر وەک خۆی دەبوو، ئەگەر لەسەر فەرمانڕەوایەتی لابرابا ئەوا موسوڵمانیش دەبوون بە دووبەش لەسەر ئەوەی کێ ببێتە خەلیفە، بۆیە ئەو چاوەڕوانیەی موعاویە یەکلاکەرەوەی نێوان خێر و شەڕ بوو.
عوسمان خۆی ئامادەی جەنگ کرد بەڵام ئەو هێزەی کە پشتی پێ بەستبوو نەگەیشتە جێ و نەشی دەتوانی بە هێزێکی کەمی مەدینە گەمارۆچیەکان تێکبشکێنێ بۆیە بڕیاری شەڕی نەدا.
لە ڕیوایەتێکی تری نادروستدا دەڵێن ٧٠٠ کەس لە خانوەکەی عوسمان بوون بۆ بەرگری بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئەقڵ نایبڕێ ٧٠٠ کەس پشتیوانی عوسمان بووبێ.

---

١٧٢، ل ١٨٢ – ١٨٣//ذو النورين عثمان بن عفان ل ١٧٩ – ١٨٨ // المعجم الكبير، الطبراني، سنن عثمان و وفاته رضي الله عنه، الطبراني، ج ١ ل ٧٧_ ٩٢ // البداية و النهاية، فصل ولما وقع هذا الامر العظيم الفظيع الشنيع الى ذكر شئ من سيرته وهي دالة على فضيلته. ج ٧ ٢١١ – ٢٣٩

چونکە هیچ خانوێکی ئەو کاتە جێگای ٧٠٠ کەسی تێدا نەبۆتەوە مەگەر عوسمان ڤێلای هەبووبێ لەسەر خوێنی میل لەتانی تر. ئەگینا چۆن ٧٠٠ کەس لە خانوی عوسمان جێگایان دەبێتەوە.
بەڵام لەو ٧٠٠ کەسە چەند کەسێک ناوی هەیە دەڵێن یەهودیەک پارێزگاری عوسمان دەکات بە ناوی 'عبدالله بن سلام'. دەڵێت ئەی میللەت ئیمامەکەتان مەکوژن. شاری مەدینە بە فریشتە پاسەوانی کراوە ئەگەر بیکوژن فریشتەکان ئەو شارە بەجێ دەهێڵن.
چەند کەسێکی تر ناوی هەیە لە بەرگریکردن لە عوسمان ( مغيرة بن الاخنس، حسن بن علی، محمد بن طلحة، سعد بن العاص، مەروان بن حكم، عبدالله بن زبير، زياد بن نعيم الفهري، نيار بن عبدالله الاسلمي، ابو هريرة).
عوسمان بۆ جارێکی تر داوای لە عەلی کرد هاوکاری بکات، عەلی وتی من ناتوانم ئەو کارە بکەم جاری یەکەم بە ناوی تۆوە پەیمانم بە خەڵک دا بەڵام تۆ پەیمانەکەت شکاند، ئەمجارەش فێڵ لە من مەکە، عوسمان پێی دەڵێ هەرچ پەیمانێکییان ویست بەڵێنیان پێ بدە و منیش بەجێی دەگەیەنم.
پاش ئەوەی عەلی لەگەڵ خەڵکی کۆبۆوە گوتیان ئێمە وتاری بێکردارمان ناوێ، بۆیە عەلی هاتەوە لای عوسمان گووتی کاتێک دیار بکە بۆ ئەو خەڵکە، وتی ناتوانم داواکاری ئەو هەمووە بەیەک ڕۆژ جێبەجێ بکەم. عەلی وتی ئەوانەی مەدینە کێشە نییە بەڵام ئەوانەی دەرەوە کاتێک دیار بکە، وتی سێ ڕۆژ. عەلی بە خەڵکی ووت لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژە هەموو ستەمێک چارەسەر دەکات. ئەوانەی خەڵک پەسەندی ناکەن ئەو لەسەر کار لای دەبات. بۆیە خەڵک بڵاوەیان لێکرد بەڵام عوسمان سەرقاڵی خۆ کۆکردنەوەی جەنگ بوو. دیار بوو چاوەڕێی لەشکری هاوپەیمانەکانی بوو. بۆیە کە سێ ڕۆژ تەواو بوو هیچ کارێک ئەنجام نەدرا. خەڵک دەستیان بە شۆرش کردەوە. بۆیە خەڵک ڕژانە ناو شاری مەدینە و بە عوسمانیان گوت یان خۆت لادەچی یان ئەوانەی چوار دەورت لادەدیت یان دەتکوژین، بە توندی ماڵیان گەمارۆدا.
ڕۆژێکیان عوسمان کۆیان دەکاتەوە قسەیان بۆ دەکات ئەوەی زۆر گرینگە شیکاری لەسەر بکرێت هاوکێشەی ئاین دەخاتە دەستی خەڵک، مرۆڤی تێگەیشتوو دەتوانێ شیکاری ئەوە بکات کە دروست بوونی ئیسلام بەهۆی دەسەڵاتەوە دروست بووە

نەوەک کارێکی ئیلاهی بووبێ عوسمان دەڵێ : **بە ئەڵڵا سوێندتان دەدەم ئێوە لە ئەڵڵا پارانەوە لە کاتی کوشتنی عومەر کە کەسێکتان بۆ هەڵبژێرێ لە باشە کۆتان کاتەوە. ئێوە دەڵێن ئەڵڵا وەڵامی پاڕانەوەکەی ئێمەی نەدایەوە، ئێوە لای ئەڵڵا بێ نرخ بوون؟ لە کاتێکدا ئێوە خەڵکانی هەق بوون لە بەندەکانی و هیچ دووبەرەکیەک لە ئارادا نەبوو. یان دەڵێن ئەڵڵا نرخی بە ئاینەکەی خۆی نەدا، گوێی نەدا بەوەی کێ بەڕێوەی دەبات، لەو ڕۆژەشدا ئەڵڵا دەپەرسترا لە ڕێگای ئایندا و کەسیش توشی دووبەرەکی نەببوو. یان دەڵێن هەڵبژاردنەکە بە راوێژکارانە نەبوو، بەڵکو بە زۆرەملەیی بوو، ئەڵڵا ئەو گەلە پشت گوێ دەخات ئەگەر گوناحی بەرامبەر بکەن بەوەی ڕێبەر هەڵنەبژێرن. یان ئێوە دەڵێن ئەڵڵا پاشە ڕۆژی منی نەدەزانی کە چی دەکەم. ثم قال أنشدكم بالله هل تعلمون أنكم دعوتم الله عند مصاب عمر أن يختار لكم ويجمعكم علي خيركم أتقولون أن الله لم يستجب لكم وهنتم عليه وأنتم أهل حقه أم تقولون هان علي الله دينه فلم يبال من ولي والدين لم يتفرق أهله يومئذ أم تقولون لم يكن أخذ عن مشورة إنما كان مكابرة فوكل الله الأمة إذا عصته ولم يشاوروا في الإمامة أم تقولون إن الله لم يعلم عاقبة أمري.**

**لە سەرچاوەی طبري ئەو بڕگەیە زیاد کراوە: یان ئێوە دەڵێن ئەڵڵا پاشە ڕۆژی منی نەدەزانی کە چی دەکەم. کە هەندێک شتی چاکەم کرد بووە هۆی ڕەزامەندی خەڵکی ئەم دینە. تا ئێستاش هیچ کارێکم نەکردووە ببێتە هۆی تورە بوونی ئەڵڵا و ئێوە کە ئەڵڵا ئاگاداری نەبووبێ لەو ڕۆژەدا ئەو پۆشاکی خۆی پێ بەخشیم. أم تقولون لم يدر الله ما عاقبة أمري فكنت في بعض أمري محسنا ولأهل الدين رضا فما أحدثت بعد في أمري ما يسخط الله وتسخطون مما لم يعلم الله سبحانه يوم اختارني وسربلني سربال كرامته.**

لە دواییدا عوسمان دەڵێ خوێنی سێ کەس ڕەوایە برێژرێت، پیاویکی خێزاندار زینا بکات، کەسێک لە دین هەڵگەڕێتەوە ، کەسێک بە ناهەق کەسێک بکوژێ.

خەڵکەکە ووتیان پاش کوشتنی عومەر خەڵکی لە ئەڵڵا پاڕانەوە تاوەکو کەسێک ببێتە ڕێبەری، تۆ هەڵبژێردرای ئەوا ئەڵڵا تاقی کردیەوە. سەبارەت بە چاکەکانت پێش ئیسلام کە کردت ڕاست دەکەی، بەڵام کە بووی بە خەلیفە گۆڕای و خراپەت کرد. ئینجا سەبارەت بەوەی کە دەڵێی سێ کەس خوێنی ڕەوایە برێژرێت، یەکیان ئەوەیە کە کەسێکی بێتاوان بکوژی، تۆ لە نوسراوەکەتدا ئاماژەی کوشتنی چەند کەسێکت کردبوو. بەڵام لە کتێبی ئەڵڵا کوشتنی خەڵک زیاتر دەبینین و بۆئەوانەش هاتووە: ئەو کەسەی لەسەر زەوی خراپە بکات، ئەو کەسەی ستەم بکات، ئەوەی ڕاستی بشارێتەوە و مافی خەڵک نەدات و لەو ڕێگەیەوە شەڕ بکات.

بەو قسانە نیشانیاندا کە خوێنی عوسمان ڕشتنی ڕەوایە. ئەگەر سەرنجی ئەو گفتوگۆیە بدەین لە نێوان عوسمان و هەڵگەڕاوەکان دەبینین عوسمان پاساوێک نادات بە دەستەوە کە بکوژرێ. چونکە ڕوونی دەکاتەوە موسوڵمانەکان لەسەر هەق بوون و دووبەرەکی لە نێوانیاندا نەبوو. لە هەمان کاتدا لە ئەڵڵا پاڕانەوە تا یەکێک ببێتە خەلیفە. بەهەلبژاردنی عوسمان واتە بە ویستی ئەڵڵا بووە لە کاتێکدا ئەڵڵا نازانێ عوسمان لە دواڕۆژدا خراپە دەکات. یان ئەوەتا ئەڵڵا بایەخی بە ئاینی خۆی نەدا لە کاتێکدا خەڵکی دەیان پەرست. عوسمان شی کردنەوەیەکی تەواوی داوە و زۆر بە ڕاشکاوانە ئەڵڵا و موسوڵمانەکان دەخاتە تای تەرازوو و ئەبێ لایەنێک تاوانبار بن یان ڕاستیەکان لە لای لایەنێک وون بووە! یان لەو گفتوگۆیەدا دەرئەنجامی بابەتێکی تر دەکەین، عوسمان ئاماژە بەوە دەکات کە موسوڵمانەکان ئەهلی هەق بوون و ئەڵڵا لەسەر ویستی ئەوان عوسمانی کردە خەلیفە. ئەی چی روویدا ئەو موسوڵمانە پاکانە گومڕا بن. پرسیاری ئێمەش ئەوەیە ئایا ئەڵڵا نەی دەزانی ئەو موسوڵمانە پاکانە هەڵدەگەڕێنەوە و گومڕا دەبن! کەواتە لە بنەڕەتدا کەسانی پاک نەبوون ئەی ئەڵڵا چۆن پاڕانەوەیانی قبوڵ کرد؟؟؟؟

گەمارۆدانەکەی عوسمان زۆر توند بوو بە جۆرێک ئەم جارەیان نەی توانی بەهیچ شێوەیەک بێتە دەرێ تەنانەت نان و ئاویشیان لێ قەدەغەکرد. لە مێژوی تەبەری دەڵێت کاتێک عوسمان گەما ڕۆ دەدەن هاوە لانی بە گەما ڕۆچیەکان دەڵێن کاری ئێوە نە لەکافر و نە لەهی موسوڵمان دەچێت. فارس و ڕۆمیەکان نان و ئاو دەدەنە دیلەکان. هەندێک دەڵێن عەلی ئەو قسەی هێناوەتە سەرزمان. بەهەر حاڵ خەڵکەکە ووتیان یەک دڵۆپە ئاویش ناهێڵین بچێتە لای. لەکاتێکدا ئەو موسوڵمانانە لە بیریان چوو کە بەپارەی عوسمان کاتی خۆی بیری ئاوی کڕی و موسوڵمانانی لە تینویەتی ڕزگار کرد.

کاتێک میسریەکان زانیان کاتی حاجیەکانە بگەڕێنەوە مەدینە و ٤٠ ڕۆژیش بوو ئەو گەمارۆیە بەردەوام بوو بۆیە دەستیان پێش خست بۆ کوشتنی عوسمان. چەند کەسێک ویستیان بەرگری لە عوسمان بکەن، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو. ئەو کاتەی لە نوێژ تەوا بوو فەرمانیدا هەموویان بچنەوە ماڵی خۆیان، تەنها خۆی و ژنەکانی و خزمەتکارەکانی مانەوە.

له ڕۆژی هەینیدا، دەرگای ماڵەکەیان سوتاند بۆ ئەوەی پێیدا دزە بکەن و بچنە ژوور. ئەوەی لە چواردەورەی عوسمان بوو تەنها چەند کەسێک بوون، مەروان بۆیان هاتە دەر، لە پشتەوە لێیان دا و دەماری ملیان پچراند وایان زانی کوشتویانە. غافقي هێرشی کردە سەر عوسمان و بریندارى کرد و شەقێکی لە قورئانەکەی عوسماندا و قورئانەکەش تەقڵەیەکی لە ئاسمان لێداو بە کراوەیی کەوتە پێش عوسمان. پاشان 'سودان بن حمران السکوني' هات و بە شمشێر هێرشی کردە سەر عوسمان، بۆیە ژنەکەی عوسمان خۆی بەسەردا دا، لە ئەنجامدا شمشێرەکە بەر پەنجەکانی ژنی عوسمان کەوت و پەنجەکانی قرتاند، ئینجا سودان کەمەری ژنی عوسمانی گرت (یاری بە سمتی کرد)و گووتی قونێکی قەڵەوە(گەورەیە) فغمز اوراکها و قال انها لکبیرة العجیزة'، لە دواییدا عوسمانی کوشت. ئینجا خزمەتکارەکەی عوسمان بەناوی نجیح سودانی کوشت. کاتێک قتیره بن فلان السکونی دیتی نجیح سودانی کوشت ئەویش ئەوی کوشتەوە. پاشان خزمەتکارێکی تری عوسمان قتیرەی کوشت. لە گێڕانەوەیەکی تردا دەڵێن ژنەکەی خۆیدا بەسەردا تا ژێر کراسەکەی بەدەرکەوت و ئەویش تەماشای پشتی دەکرد. ژنەکەی هاواری بۆ کۆیلەکەی عوسمانی کرد کە ڕزگاری بکات لەدەست ئەو پیاوە. کۆیلەکەش ئەوی کوشت و پاشان کۆیلەکەیان کوشت و ئینجا عوسمانیان کوشت. پاش کوشتنی عوسمان ئەوەی لە ماڵەکەدا بوو تاڵانیان کرد تەنانەت جلی ژنەکانیشیان برد، پیاوێک بە ناوی 'کلثوم بن تجیب' بە نائیلەی خێزانی عوسمانی ووت: 'وای لە دایکت، ئەو قونە چ پڕە(گۆشتنە)! ویح امک من عجیزة ما أتمک'!

دەڵێن عوسمان هێشتا گیانی نەدابوو عمرو بن حمق هاتوو لەسەر سنگی دانیشت نۆ جار بە شمشێر لێیدا، وتی سێجار لە پێناوی ڕازیبوونی ئەڵڵا، شەش جارەکەش بۆ ئەوەی لە دڵم دابوو. 'عمیر بن ضابي' هات شەقێکی لە لاشەکەیدا و وتی باوکی منت زیندانی کرد و ئەشکەنجەتدا هەتا مردن، ئیتر بەلەقە پەراسوێکی شکاند. ئیجا هەولی ئەوەیان دا سەری لە لاشەی جیا بکەنەوە بەڵام نائیلەی پەنجە قرتاو خۆی خستە سەری و نەیهێشت.

پاشان ماڵی عوسمانیان تاڵانکرد بە شەرعی ئەڵڵا، چونکە ئەو شەرعە دەڵێ ماڵی کافران دەبێ تاڵان بکرێ، ئەگەر خوێن حەڵاڵ بێت ئەوا ماڵیش حەڵاڵ دەبێت. تەنانەت جلی ژنەکەشیان تاڵانکرد.

پیاوێک بە ناوی 'كلثوم بن التجيبي' هێرشی کرد سەر نائیلەی پەنجە قرتاو و جلەکانی لێ برد و وتی نەفرەت لە دایکت لەو قونە بەرزە، پاشان خزمەتکارێکی عوسمان کوشتی بە ناوی 'صبيح' بۆیە گەماڕۆچیەکان ئەویشیان کوشت. هەروەها دوو کەسی تر لە بەرگریکردنەکەی عوسمان کوژران بە ناوی 'مغيرة' ، 'نيار'.

خەلافەتەکەی عوسمان ١٢ ساڵ ١٢ ڕۆژ کەم بوو، لە تەمەنی ٨٣ ساڵی کوژرا. ئەوی ئێمە دەبێ بیلێین و بە ویژدانانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین دەڵێین کوشتنی عوسمان کوشتنێکی بەربەریانە بوو، ئەوانەی ئەو کارەیان ئەنجامدا موسوڵمان بن یان ناموسوڵمان بن کەسانی بەربەری بوون. ئەگەر عوسمان کافر بووە یان موسوڵمان بووە مرۆڤێک بووە و ئەبوایە بەو شێوە دڕندەییە نەیان کوشتبا.

مێژو بکوژی عوسمانی بۆ تۆمار نەکردین بۆیە بکوژەکە بزرە و لێلە لە نێوان کوڕی ئەبوبەکر و پیاوێکی مصری. موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر ڕیشی عوسمان دەگرێ تا جیرەی ددانی هات و سوکایەتی پێکرد و وتی ' لقد كفرت يا نعثل واتە کافر بووی ئەی 'نعثل'[196]، موعاویە هیچ کارێکی بۆ نەکردی، کوڕی عامر نەهاتە فریات'. عوسمان دەڵێ کوڕی برام ئەگەر باوکت مابا ئەوەی نەدەکرد وتی ئەگەر تۆی بدیبا و ئاگاداری کارەکانت بواییە ڕەخنەی لێدەگرتی تەنها بەڕیشگرتنت وازی لێ نەدەهێنای. ئینجا بە تیر لەناوچەوانی دەدات. ئینجا یەکێکی تر بە ناوی 'كنانة' دێت بە تیر لە بن گوێی دەدات هەتا قورگی دەبات و پاشان دەیکوژن. هەندێک دەڵێن بە ئاسن هەڵدەکوتنە سەری و پاشان سودان بە شمشێر دەیکوژێ، بۆیە دەڵێن هەر هەموویان بەیەکەوە کوشتیانە واتە دەستی کوڕی ئەبوبەکری تێدابووە.

کەوابوو دەرئەنجامی ئەوە دەکەین عەلی دەستی تێدا هەبووە لە کوشتنی چونکە موحەمەد کوڕی ئەبوبەکر یەکێک بووە لە دوژمنانی عوسمان و پاشان بوو بە والی.

[196] ئەو وشەیە مانای کەمتیاری نێرینە، یان پیرێکی گێل. هەروەها دەڵێن پیاوێکی ڕەش هەبووە لە میسر بە عوسمان چووە. بۆیە ووتیان عوسمان بە نعثل دەچێ. بەڵام ئەو تێڕوانینە ڕاست نییە چونکە ئەو پیاوە هێندە ناسراو نەبووە تاوەکو بلێین عوسمان بە ئەو دەچێ ئەگەر ئەو چیرۆکە ڕاست بێت ئەو دەبوایە بە 'نعثل'یان وتبا تۆ بە عوسمان دەچی. نەوەک خەلیفەیەک بە کەسێکی سادە بچوێنن. ئەو کەسەش عەرەب بووە لە میسر عەرەب نەبووە بەلکو عەرەبەکانی عەرەبستان چوون بۆ میسر، ئەی بۆ ڕەگ و ڕیشەی ئەو کابرایە دیار نییە. کاتێک وەسفی عوسمان دەکەن دەڵێن کەسێکی ئاداگار رێک و جوان بووە کەواتە بە کاک نعثل نەچووە. ئەمە تەنها بۆ ئەوەی لە ریزی عوسمان کەم نەکەنەوە، بەڵام سەیرە ئەوان عوسمانیان کوشت و پێیان وت درۆزن و خراپەکار. ئیتر چی ماوە پێی نەکەن. ئەو وشەیەش هاتە سەری، پاساوی چی بۆ بکوژانی عوسمان دەکەن.

ئەمە مەحاڵە عەلی و تاقمەکەی دەستیان نەبووبێ لە کوشتنی عوسمان چۆن قایل بوون ئەو ماوەیە نان و ئاوی لێ قەدەغە بکەن.
نوسەرە هەڵخەڵەتێنەرەکان بە چەند قسەیەکی عەلی پاکانەی بۆ دەکەن، کە ووتویەتی بە ئەڵڵا من عوسمانم نەکوشتووە و فەرمانم بە کوشتنی دەرنەکردووە بەڵام قینێکم لێ هەڵگرت. **والله ما قتلت ولا أمرت ولكني غلبت.**
یان وتویەتی ئەگەر خەڵک بیەوێت لە شوێنی پێگەی ابراهیم سوێند دەخۆم کە من نە عوسمانم کوشتوە نە فەرمانم پێکردون، من قەدەغەم کردن بەڵام سەرپێچیان کرد. **قال علي إن شاء الناس حلفت لهم عند مقام إبراهيم بالله ما قتلت عثمان ولا أمرت بقتله، ولقد نهيتهم فعصوني**. بەڵام لە شەڕی جمل عەلی وتویەتی. ئەی ئەڵڵا من بێبەریم لە کوشتنی عوسمان من ئەقلم لە دەست دا لە ڕۆژی کوشتنی عوسمان. **اللهم إني أبرأ إليك من دم عثمان، ولقد طاش عقلي يوم قتل عثمان.**
بەڵام ئەو نوسەرانە دیارە لە جیهانی ڕامیاری زۆر ناشارەزان، کەسێک وەک عەلی ڕامیارزان بووبێ و قوتابی موحەمەد بووبێ ئەگەر دەستی هەبو وبێ چۆن دەڵێت من دەستم هەبووە لەو تاوانە ئایا ڕێی تێدەچێت کەسێک دان بە تاوانی خۆی دابنێت.
بەڵگە زۆرە کە عەلی دەستی هەبوو لە کوشتنی عوسمان چونکە کاتێک ویستیان حسن بنێژن لەلای پەیامبەری ئیسلام خەڵک دەیانوت سەیرترین شت ئەوەیە کوڕی بکوژی عوسمان لەلای بنێژرێت. چونکە لە وەسیەتەکەی حسن هاتووە و دەڵێ "لەلای پەیامبەری ئەڵڵا بمنێژن بەڵام ئەگەر ئاشوب هەڵگریسا ئەوا لە گۆڕستانی موسوڵمانان بمنێژن"، حسن لەساڵی ٥١ی کۆچی دەمرێت. واتە هەتا ئەو کاتەش خەڵک هەر گومانی هەبووە عەلی دەستی هەبووبێ لە کوشتنی عوسمان، بەڵام نازانین چی ڕوویدا لەپاش تێپەربوونی سەدەکان بە جۆرێک لە موسوڵمانێکی ئەو سەردەمە نابیستین بڵێ عەلی دەستی هەبووە لەو تاوانە گەورەیە.
سەری داو زۆرە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کوشتنی عوسمان. پێمان سەیرە لەو کاتەی خەڵک گەمارۆی ماڵی عوسمانیدا و خەریکی کوشتنی بوون، ئەوکاتە وەرزی حەج بوو، کوڕی عبدالله چوو بۆ حەج، عائیشە چوو بۆ حەج کەچی عەلی نەچوو بۆ حەج. پرسیار ئەوەیە عەلی بۆچ نەچوو و چاوەڕێی چی بوو. دەزانرا کوشتنی عوسمان لەو کاتە دەبێ خەڵک لە حەجە، بۆیە عەلی مایەوە چونکە پاش کوشتنی عوسمان دەبوایە یەکێک هەڵبژێرن. ناکرێ شار بێ ڕێبەر و موسوڵمان بێ خەلیفە بێت. ئەگەر عەلی لە حەج بوایە ئەوا بێگومان لە پاش عوسمان کەسێکی تر دەبوو بە خەلیفە. ئەگەر عەلی

چووبا بۆ حەج ئەوا گومانی کوشتنی لەسەر لادەچوو یان لەوانەیە کەسێک بیگوتبا ئەوا پلانی داناو خۆی بە جێی هێشت، بەڵام ئەوەی گرینگ بوو ئەگەر ڕۆیشتبا ئەوا هەلی بەدەستکەوتنی خەلافەتی لەدەست دەچوو بۆیە باشترین کار ئەوە بوو شاری بەجێ نەهێشت. تەنانەت هاوەڵانی پێی دەڵێن خۆت دوور ڕابگرە و ئێرە بە جێ بهێڵە نەوەک گومانی کوشتن بکەوێتە سەر تۆ. کەچی ئەو بەجێی ناهێڵێ.

موسوڵمانەکانی ئەهلی سوننە کوشتنی عوسمان بە هۆکاری پلانی دەرەکی دادەنێن ئەگەر وابێت دیارە تۆڵەکردنەوەی ئەو شارستانیەتە بووە کە ئیسلام تالآنی کرد و سوتاندی، ئەگەر پلانەکە بە دەستی مەگوسیەکان دابنێن من دە ڵێم دیارە تۆڵەی ئەو شارستانیەتە مەزنە بووە کە بەدەستی عەرەب وێران بوو. ئەوان پتر لە هەزار ساڵ نیوەی دونیایان بەدەستەوە بوو، ١٢٧ نەتەوەیان بەڕێوە دەبرد، ئەوان ئەنجومەنی پیرانیان هەبوو مەحاڵە نەتوانن عەرەبی دەشتەکی بەیەکدا بدەن و تۆڵەی ئەو هەموو ڕۆڵانە نەکەنەوە، تۆ بڵێی نەتوانن پیلانێک دابنێن تاوەکو بۆ هەتا هەتایە عەرەب بەیەک دانەدەن. ئەمە شانازیە بۆ مەگوسیەکان کە خاون ئەو توانستەن ئەگەر دەستی ئەوانی تێدا هەبووبێ.
ئەگەر ئەو پلانەش بە دەستی یەهودیەکان دابنێین دیارە تۆڵەی قڕکردنی هۆزەکانی (مصطلق و خەیبەر ئەوانی تریش) بوو کە پیاوەکانیان کوشت و ژنەکانیان بردن. ئایا تۆڵە بوو یان بەرژەوەندی بوو؟ ئەوە بۆ یەهودیەکان بەجێ دەهێڵین ئەگەر دەستی ئەوانی تێدا هەبوو بێ.

**٣. ٨ ناشتنی عوسمان کوڕی عەففان**

بە پێی طبري چەند چیرۆکێکی جیاواز هەیە بۆ ناشتنی عوسمان هەندێک دەڵێن نێژرا لە باغچەیەک بەناوی 'حش کوکب'. دوو لە کۆیلەکانی لە تەنیشتی نێژران. ئەو گۆڕستانە گۆڕستانی جولەکەکان بوو کاتێک موعاویە هاتە سەرتەخت دیوارەکەی ڕوخاند و لەگەڵ گۆڕستانی موسوڵمانان کردیەوە بەیەک. هەروەها لاشەی کوژراوەکانی گەماڕۆچیەکانیان فڕێدایە سەرانگوێلک(زبڵخانە) و سەگ لاقی خواردن. لەسەرچاوەیەکی تر دەڵێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ نەیانتوانی عوسمان بنێژن پاشان لە دەرەوەی شار لای دارخورمایەک کە دیواری هەبووە، دیوارەکەیان ڕوخاندووە و

لەوێ ناشتیان و تەنها 'مروان بن حکم' و خزمەتکارەکەی و کچەکەی تەرمەکەیان بینیوە. هەندێکیش دەڵێن لە گۆڕستانی الغرقد نێژراوە کە گۆڕستانێکی خەڵکی مەدینەیە. دەشڵێن دوو ڕۆژ لە ماڵ ماوەتەوە پاشان دەریان هێنا، کاتێک ویستویانە بینێژن ڕێگریان لێکردوە و پەراسوێکیان شکاندوە هەروەها بەردبارانی تابوتەکەیان کردووە. پاشان بە بێ شوشتن و کفن کردن نێژراوە. [197] بەڵام لە سەرچاوەی شیعەکان بە پێچەوانەیە دەڵێن لاشەی عوسمان لەسەر زبڵخانە فرێدراوە و سەگ قاچێکی خواردوە، ئەو گۆڕەی کە ئێستا خەڵک دەیبینێ ئەوا گۆڕی کەسێکی ترە بە ناوی "عوثمان بن مضعون" [198] زیاتر سەرچاوەی شیعەکان باوەڕپێکراوە چونکە باری مەدینە زۆر ناهەموار بووە بۆ ئەوەی عوسمان بنێژرێت، چۆن لاشەی گەماڕۆچیەکان لە سەر زبڵدان فرێ دەدرێت لە کاتێک ئەوان سەرکردەیان بوون و خۆشیان کۆتنرۆڵی مەدینەیان کرد. کەواتە هەر ئەبێ لاشەی کوژراوەکانی گەماڕۆچیەکان بە ڕێزەوە نێژرابن و عوسمان بە سوکی فرێ درابێتە سەر زبڵخانە. ئەگینا هچ تەفسیرێک بۆ ئەوە نییە. لە کاتێک خۆیان دەڵێن بني أمية هەموویان بەرەو شام هەڵاتن. هەروەها کەسێکی وەک عائیشە پێش کوشتنی عوسمان هەڵات بە پاساوی ئەوەی کە دەچێت بۆ حەج تەنانەت مەروان وتی مەڕۆ گووتی دەتەوێ وەک 'ام حبیب'م لێ بێت کێ فریام دەکەوێ. [199] کەواتە مەحاڵە عوسمان لە بارێکی ئاوادا نێژرابێ. هەر بۆیە سەرچاوەکان زانیاری جیاواز دەدەن طبري دەڵێت لە باغی 'کوکب' نێژراوە هەندێکیان دەڵێن لەلای پەیامبەر نێژراوە.

بەڵگەیەکی تریش لەسەر نەزانینی ناشتنی عوسمان ئەوەیە کە هاودەنگ نیین ئایا 'جوبیری کوڕی مەتعطم' نوێژی لەسەر کرد یان 'زبیر بن عوام' نوێژی لەسەر کرد و هەندێکیش دەڵێن 'میسوری کوڕی مەخزەمی ' نوێژی لەسەر کرد کەواتە مێژووەکە بزرە.

هەر بۆیە لە دوو ڕیوایەتدا دەڵێن لە نێوان مەغریب و عیشا نێژراوە، لە هەندێک سەرچاوەی وەک معجم الکبير ئاماژەی بە هەندێک گێڕانەوەی تر داوە کە گوایە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ تەرمەکەی لە سەرانگوێلک فرێدراوە.[200]

---

[197] تأريخ الطبري، ذكر الخبر عن الموضع الذي دفن فيه عثمان، ج ٥ ل ١٩٤ ـ ١٩٨

[198] الانوار النعمانية، ج١ ل ٩١

[199] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عن قتله و كيف قتل، ج ٥ ل ١٧٦ ـ ١٧٧

[200] المعجم الكبير، الطبراني، سن عثمان و وفاته رضي الله عنه. ج ١ ل ٧٧ ـ ٩١

ئەهلی سوننە زۆر جەخت دەکەن کە ناکرێ تەرمی عوسمان سوکایەتی پێ کر ابێ چونکە ئەوان لاشەی کوژراوانی کافران دەشارنەوە نەخوازەڵا لاشەی موسوڵمانێکی پایە بەرزی وەک عوسمان چۆن دەبێ لاشەی فرێ بدەنە سەر کەلاوە. بەڵام ئەگەر ئەوان بتوانن بیکوژن و کەسیش پارێزگاری لێ نەکرد بۆچ شەرمە فرێ ی بدەنە سەر زبڵخانە و دوورنیە سەگ لاقی خواردبێ وەک شیعە ئاماژەی بۆ دەکەن.

**کورتکراوەی بەشی چوارەم**

لەم بەشەدا، تەواوکەری سوتاندنی شارستانیەتی ساسانیەکانی نەوەی میدیەکان بوو. ئەوەی بەشی نەبوو لە تالآنی سەردەمی عومەر ئەوا لەسەردەمی عوسمان بەری کەوت، ئەوەی نەکەوتە ژێر سێبەری شمشێری ئیسلام لەسەردەمی عومەردا ئەوا بارانی خوێناوی لە ژێر سێبەری شمشێرەکان لەسەردەمی عوسماندا تەری کرد و تێیداگەوزا، ئەوەی لاقە نەکرا لەسەردەمی عومەر ئەوا لە سەردەمی عوسمان لاقە کرا. بەهەشت و دۆزەخ پێوەری جیهاد و بەرگری کردن لە خاک و گەل بوو.
ئەوەی کوژرا لە موسوڵمانەکان تا ئێستا چاوەڕێی پەیمانەکانی بەهەشتی ئەڵڵان ئەوەی نەکوژراش بەهەشتێکی خوێناوی لەسەر ئەرز وەرگرت. بەهەشتێک دارەکانی بە خوێنی گەلان ئاودرا، حۆریەکانی چاو بەفرێسک بوون وەک ئەو بەهەشتە بەڵێن پێدراوە نەبوو بە دڵێکی خۆشەوە زەردەخەنەی موسوڵمانان بە لێویان بمژن.
حۆریەکانی دونیا ئاگر لە سینەیان پەنگی دەخواردەوە. شەڕابەکانی بەهەشتی سەردونیا کانیاوە سازگارەکانی میزۆپۆتامیا بوون جیاواز بوو لە ئاوی کەوسەر.
بەهەشتێکی کورت بوو چونکە ژێر ئەو بەهەشتە دۆزەخ بوو. خۆشگوزەرانی و بەهەشتی موسوڵمانەکان کورتخایەن بوو بە هۆی دروستکردنی دۆزەخێک هەم لەسەر دونیا و هەم لە دواڕۆژ ئەگەر هەبێ چونکە پەیامبەر ئەڵێ موسوڵمان بەدەستی موسوڵمان بکوژرێ هەردووک بۆ دۆزەخ دەچن. کەواتە موسوڵمان چ سودێکی وەرگرت لەو ئەنفالە. بەهەشتێکی کاتی، بێ تام، نە حۆریەکان بزەیان لەسەر لێو بوو، نە بەرهەمی خاک زگی تێردەکردن، نە کەژوکێوەکان چاوی بیابانی لێ ون دەکردن. ئیتر پێم ناڵێن سودی چیتان وەرگرت لەو ئەنفالە، کامتان بە ژیانێکی پر کامەرانی لە ژێر گڵ نێژران. زۆربەتان کوژران و هیلاکی دونیاتان دەستکەوت. ئەو بەهەشتەش ئەگەر هەبێ کەمێکتان نەبێ کەستان نای بینێ.

ئەوەی لە ناموسوڵمانەکان کوژرا بەختەوەری ویژدانی بەجێ هێشت و بە زردەخەنەوە گیانی لەدەست دا، چونکە باش دەیزانی بەهەشتی دونیا و ئاخیرە تەنها ئاسودەکردنی ویژدانە لەوە زیاتر بۆ نەوەی داهاتوو جێ ناهێڵێ. نەوەی داهاتووش بەهەشتێک دروست دەکەن بەهەشتی ڕابوردووی پێ ئاسودە دەکەن. ئەو کاتە دەزانن ئەوەی کردیان بە فیرۆ نەچوو وا نەوەی داهاتوو مێژوی سەروەریان دەنوسێتەوە و گیانیان ئاسودە دەکات.

### ٤. ١ عەلی کوڕی ئەبی تالیب 'علي بن أبي طالب' و کەسایەتیەکەی

* عەلی کوڕی (أبي طالب عبدمناف کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم کوڕی عبدمناف)ە. دایکی ناوی (فاطمة کچی أسد کوڕی هاشم کوڕی عبدمناف)ە.

* عەلی ٧ساڵ پێش ئیسلام و هەندێکیش دەڵێن به ٥ ساڵ پێش ئیسلام لە دایک بووە.

چونکە عەلی پەروەردەی دەستی پەیامبەرە بۆیە زۆرێک لە خەسڵەتی ئەوی وەرگرتووە، تەنانەت لە ژنهێنانیش فرەژنی هەبووە و ئەویش هەتا فاطمة لەسەر ژیان بوو هەر لەگەڵ ئەو بوو کەچی پاش ئەو ڕێچکەی تاکهاوسەری شکاند و فرەژنی پەیڕەو کرد: ئەو ژنانەی هەیبوو لە پاش فاطمة(أم البنين، ليلي، أسماء، أم حبيب، أمامة، أم سعيد) هەروەها چەندین ژنی تری هێنا منداڵەکانی ناسراوە کەچی ناوی دایکیان دیار نییە دەڵێن لە کەنیزەکان(أم الولد) [201] بووە ناوی ئەو منداڵانە (أم هاني، ميمونة، زینەبی گچکە، 'رملة'ی گچکە، 'أم كلثوم'ی گچکە، فاطمة، أمامة، خديجة، أم الكرام، أم سلمة، أم جعفر، جمانة، نيسفة) هەروەها عەلی ژنێکی تری هێنا بە ناوی 'محياة' کچی امرىء القيس بن عدي بوو، کچێکی لێ بوو ناوی جارية بوو کاتێک دەهاتە مزگەوت دەیانگوت خاڵۆکانت کێن دەیوت 'وە وە'، واتە سەگ. بە کۆی گشتی ١٤ کور و ١٧ کچی هەبوو.[202]

ئەو هەموو ژنانە لە قۆناغێکدا هێناویەتی کە تەمەنی بەرەو پیری ڕۆیشتووە، ئەوەشمان لە بیر نەچێ لەو قۆناغەدا عەلی لە ژیانێکی پڕ ئاژاوە دابووە. پەیامبەر لە ١٣ی کۆچی مرد و 'فاطمة'ی کچی لە پاش ٦ مانگ مرد خۆشی لە ساڵی ٤٠ی کۆچی مرد. واتە لە ماوەی ٢٧ ساڵی توانی ئەو هەموو ژن و ژنخوازیە پێکبهێنێ.

* لەو کاتانەی موحەمەد لەگەڵ خدیجە بو و ژیانێکی پڕ کامەرانی هەبوو. أبی طالب کەوتە قەیرانێکی ئابوری، موحەمەد و ع ەباسی مامی چونە لای ابی طالب وتیان

---

[201] ئەو کەنیزەکەیە کاتێک منداڵی دەبێ لە خاوەنەکەی پێی دەڵێن 'ام ولد' ئینجا چ کور یان کچ بێنێتە سەر ژیان. واتە لە کاتی سێکس کردن لەگەڵی منداڵی بوو ئینجا پێی دەوترێت أم الولد. نمونەی ام ولد(مارية القبطي، هاجری ژنی ابراهيم خليل،....) خوێنەر دەبێ ئاگادار بێت ئەو سێکس کردنە لە ڕێگای هاوسەرگیری نییە. بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێوە بۆ کتێبی سێبەری شمشێرەکان.

[202] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عن أزواجه و أولاده، ج ٦ ل ٦٨ - ٦٩

دەمانەوێ یارمەتیت بدەین. هەریەکێک لە ئێمە منداڵێکت بۆ بەخێو دەکەین. ئەویش دەڵێت بەس عقیلم بۆ بەجێ بهێڵن کێ دەبەن بیبەن. لەو ڕۆژەدا عەلی لەسەر دەستی موحەممەد گەورە دەبێ. ئەگەر بە وردی هەڵسوکەوتی عەلی هەڵبسەنگێنی ڕێک ڕەنگدانەوەی پەیامبەری تێدا دەبینی. کاتێک پەیامبەر ئیسلام ڕادەگەیەنێ عەلی موسوڵمان دەبێ، کاتێک عباس موسوڵمان دەبێت جعفر موسوڵمان دەبێت ، ئەمەش ئەوەمان بۆ بەدەر دەکەوێ ئەگەر عقیل پەروەردەی بن دەستی پەیامبەر بوایە ئێستا عقیل ڕوحی شیعەکان دەبوو.

* عەلی کەسێکی زیرەک و شارەزا بوو لە قورئان وتەیەکی هەیە دەڵێت ( بە ئەڵڵا هیچ ئایەتێک دانەبەزی من زانیاریم نەبێ لەسەر چی دابەزی، لە کوێ دابەزی، لەسەر کێ دابەزی. خواکەم دەرک پێکردنێکی خێرا و زمانێکی پاراوی داوەتە من. والله مانزلت اية الا وقد علمت فيما نزلت، واين نزلت، وعلى من نزلت، ان ربي وهب لي قلبا عقولا و لسانا طلقا)[203]

* سەرەرای عەلی کەسێکی بە توانا بووە لە بواری ڕەوانبێژی و لێکدانەوەی ماناکانی` قورئان، کەسێکی لێهاتووە بووە لە بواری جەنگ و سەربڕیندا، لە غەزای 'بني قريظة' هێرشی بردە سەر قەڵاکانیان و ئەوان زانیان توانای شەڕیان نییە بۆیە دەست هەڵدەبڕن و خۆیان دا بەدەستەوە و دەڵێن بە دادی 'سعدي کوڕی معاذ ' ڕازین، بەڵام دادی ئەو کوشتنی پیاوەکانیان و بە کەنیزەک کردنی ژن و مندا ڵیان بوو. عەلی و زوبیر دەست دەکەن بە سەرپەڕاندنی دیلەکان.
بۆمان دەردەکەوێ عەلی یەکێک بووە لە پیاوکوژەکانی پەیامبەر، لە نمونەیەکی تردا، لە کاتی گرتنی مەککە پەیامبەر دەڵێ چەند کەسێک هە ن بیان کوژن ئەگەر لە ژێر پەردەی کەعبەش دا بن. بۆیە 'حوريش کوڕی ثقيد' بە دەستی عەلی دەکوژرێت.

### ٢.٤ خەلافەتی علي کوڕی أبي طالب

[203] الطبقات الكبرى، ج ٢ ل ٣٣٨ // قلب عقول: فهم: سريع الادراک: واتە تێگەیشتنێکی خێرا ـ لسان العرب لابي منظور + معجم: الغني

له ڕاستیدا بۆمان دەرکەوتووە زۆرێک لە ڕووداوەکانی ئیسلام جێگای گومانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە و شیکاری زیاتر هەیە، لە هەڵبژاردنی عەلی بۆ خەلیفەی چوارەم گومانێکی زیاترمان بۆ دروست دەبێ ئەگەر گێڕانەوەکانی ئەهلی سوننە بەهەند وەربگرین. بەکورتی، [204] پاش کوشتنی عوسمان شاری مەدینە و ئیسلام بە بێ ڕێبەر مایەوە، عەلی لە ماڵی خۆی دانیشت، شار لە ئەمەویەکان چۆل ببوو. ئەوەی تێیدا مابوو لە بکوژانی عوسمان و هەندێک لە ئەنساڕی و موهاجیرەکان زیاتر نەبوو.

خەڵکی میسر و بەسرە و کوفە لەسەر کوشتنی عوسمان کۆک بوون بەڵام لەسەر ڕێبەری ئایندە کۆک نەبوون. میسریەکان هاتنە لای عەلی داوایان لێ کرد کە ببێتە خەلیفە بەڵام عەلی ڕازی نەبوو. خەڵکی کوفە هاتنە لای زوبێر بەڵام ئەویش ڕازی نەبوو، خەڵکی بەسرەش هاتنە لای تەلحە بەڵام ئەویش ڕازی نەبوو. پاشان بە دوای 'سعدی کوڕی وقاص'یان نارد ئەویش وتی من و کوڕی عومەر پێویستیمان بەو کارە نییە. مێژوناسان هەر مێژوەکە ئەنوسنەوە و شی ناکەنەوە لەسەر ئەو ڕووداوانە بۆ نمونە مێژونوسەکان دەڵێن ئەو سێهێزە بڕیار دەدەن و دەڵێن ئەگەر خەڵک بگەڕێتەوە شوێنی خۆی و ڕێبەر نەبێ ئەوا ئەو گەلە ئاسودە نابیت بۆیە خەڵکی مەدینە کۆدەکەنەوە و دەڵێن تا بەیانی کەسێک بۆخۆتان دەست نیشان بکەن و ئێمە دەبینە شوێنکەوتەی ئەگەر نەیکەن ئەوا ئێمە عەلی و زوبیر و تەلحە و چەندین کەسی تر دەکوژین. بۆیە خەڵکی دەچنە لای عەلی و دەڵێن بەیعەت بە تۆ دەدەین. پرسیار ئەوەیە ئەو سێ هێزە بۆچ خۆیان کەسێکیان دیاری نەکرد. ئەوان خەلیفەیان کوشت و سوکایەتیان پێکرد. کەچی غیرەتی ئەوەیان نەبێ لەلای خۆیانەوە ڕێبەر دەستنیشان بکەن. لە هەمان کاتدا دەڵێن ئەگەر ئێوە کەسێک دەستنیشان نەکەن ئێمە عەلی و زبیر و تەلحە دەکوژین ئایا بۆچ ناوی ئەوان هاتە سەرزمان. ئەمە دەبێ چ فێڵێک لە پشتی ئەو ڕووداوە هەبێ. ئەمانە هەمووی بوونەتە نەهێنی گەورە ئەهلی سوننە و شیعە بوێری خۆیان نیشانی ئەو شیکاریانە نادەن. کێشەکە ئەوەیە هەتا قودسیەت بدرێ بەکەسێ ئەستەمە نەهێنیەکان بدۆزرێتەوە. ئەهلی شیعە گرەوی خۆی بردۆتەوە چونکە قودسیەتی سێ خەلیفەی یەکەم نەهێشتوە بەڵام ئەهلی سوننە ناتوانن

[204] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عن بيعة من بايعه، الوقت الذي بويع فيه + اتساق الامر في البيعة لعلى بن أبي طالب، ج ٥ ل ٢٠٥ـ ٢١٤// الكامل في التاريخ، ذكر بيعة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب ج ٣ ل ٧٧ ـ ٨٧ // البداية و النهاية، ذكر بيعة علي رضي الله عنه بالخلافة، ج ٧ ل ٢٥٢ ـ ٢٥٥

قودسیەتی کەس بشکێنن، ئایا ئەو ژیریە بۆ بەرژەوەندی ئاینە یان ئابوریە؟ وەڵام هەردوکیانە چونکە هەردووک ئاوێتەی یەکن بە ئاین ئابوریان دروستکرد و بە ئابوریش ئاین دەهێڵنەوە، هەردووک وەک دووسەرەکەی سۆندەن و بەناویەکدا دائەچن.
پاش ئەوەی خەڵک زۆری لە عەلی دەکەن ببێتە خەلیفە ئەو دەڵێ واز لە من بهێنن برۆن یەکێکی تر بدۆزنەوە. بەڵام ئەوان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن دەبێ ئەو ببێتە خەلیفەی چوارەم. ئەویش دەڵێ من وەڵامم دانەوە، دەبزانن ئەگەر وەڵامتان بدەمەوە دەیکەم بەوەی دەیزانم، ئەگەر وازتان لە من هێنا من دەبم بە یەکێک لە ئێوە، گوێڕایەڵ و پابەندی ئەو کەسە دەبم کە ئێوە هەڵیدەبژێرن. ئەوانیش ڕۆیشتن و پەیمانی ئەوەیاندا بەیانی یەکتر ببیننەوە. لە دواییدا بە جیا چوونە لای زوبیر و تەلحە بەزۆر فەرزیان کرد بەیعەت بدەن بە عەلی. تەنانەت مالکی ئەشتەر بە ڕیسوایی تەلحەی پێش خۆی خست بۆ ئەوەی بێتە مزگەوت و بەیعەت بە عەلی بدات. زبیر دەیوت دزێک لە دزەکانی عبدالقیس هاتە سەرسەرم کاتێک بەیعەتم دا شمشێرم لەسەر بوو. تەلحەش هەمان قسەی دەوت کاتێک بەیعەتی دا بە عەلی.
لە چیرۆکێکی تردا. تەلحە و زبیر دێنەلای عەلی تا بەیعەتی بدەنێ و بیکەن بە خەلیفەی ئسیلام. ئەویش ڕازی نابێ دەڵێ واز لە من بهێنن و پێویستم بەو کارە نییە، من پێم باشترە وەزیر بم نەوەک ئەمیر. ئەوانیش چەند جارێک چوونە لای و وتییان لە تۆ باشترمان دەست ناکەوێ. ئەویش وتی بەیعەتکردن دەبێ لە مزگەوت بێت نابێ بە شیوەیەکی نەهێنی بێت. بۆیە دەچنە مزگەوت و خەڵکی کۆدەکەنەوە. لە ئەنجامدا یەکەم کەس دەستی درێژ کرد تەلحەی کوڕی عوبیدالله بوو، حبیب کوڕی زویب سەیری کرد و وتی یەکەم کەس دەستی درێژ کرد گۆج بوو، پەنا بە ئەڵڵا، ئەو کارە ناگاتە کۆتایی. پاشان زبیر بەیعەتی پێ کرد، علی وتی ئەگەر ئێوە بەیعەت بە من ناکەن من بە ئێوەی دەکەم. لە ئەنجامدا چەند کەسێک بەیعەتیان بە عەلی کرد و چەند کەسێک ڕازی نەبوون. هەندێکیشیان چاوەڕێ بوون هەموو بەیعەت بکەن ئینجا ئەوانیش بیکەن. عەلی داوای لە سعد کوڕی ابی وقاص کرد بەیعەتی پێ بدات ئەویش وتی هەتا هەموو خەڵک بەیعەت نەکات من نایکەم. لە دواییدا عەلی داوای لە کوڕی عومەری کوڕی خەتاب کرد بەیعەتی پێ بدات ئەویش وتی بەیعەتت پێ نادەم تا خەڵکی بەیعەتت پێ بکات. تەنانەت عەلی وتی کەسێک بکە بە وەکیلی خۆت وتی کەس

ناناسم، ئەشتەر وتی با لەگەردەنی بدەم. عەلی وتی وازی لێبێنە من دەبمە کەفیلی. زۆرینەی ئەنسارییەکان بەیعەتیان بە عەلی نەکرد. ئەوانەی بەرژەوەندیان لەگەڵ عوسمان هەبوو لە دژی ئەو بەیعەتەی عەلی بوون.
لە چیرۆکێکی تردا، دەڵێن زبیر و تەلحە بە زۆرەملەیی وترسی مردن بەیعەتیان بە عەلی کرد. هەندێکیش دەڵێن بەیعەتیان نەکرد. هەرچۆنێک بوو ئەوەی ڕوویدا لەساڵی ٣٥ی کۆچی بوو. پێنج ڕۆژ لە پاش کوشتنی عوسماندا عەلی بوو بە خەلیفەی موسوڵمانەکان.

## ٤. ٣ کارەکانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب

* پاش ئەوەی عەلی بوو بە خەلیفەی ئیسلام، تەلحە و زبیر هاتن و داوای بکوژانی عوسمانیان کرد. عەلی وتی براکان من بێ ئاگا نیم لەوەی ئەیزانن، بەڵام چی بکەم لەو خەڵکە ئێمەیان بەدەستەوەیە ئێمە ئەوانمان بەدەستەوە نییە. ئەوان لەگەڵ کۆیلەکانی ئێوە و عەرەبە دەشتەکیەکانتان ڕاپەریون هەرچیان بوێت دەتوانن بیکەن. ئێوە هێزێکتان دەوێ ئایا لە مندا دەیبینن؟ وتییان نەخێر. عەلی وتی ئەو کارە کارێکی سەردەمانی جاهیلیە، ئەو خەڵکە ڕەگوڕیشەیان داکوتاوە، هیچ کاتێک شەیتان شەریعەتێک ناهێنت تا لەزەوی بڵاوەی پێ نەکات و خەڵک وەری نەگرێ. ئەگەر ئەو کارە بکەین دەستەیەک لەگەڵ ئەوان دەبن و دەستەیەک لەگەڵیان نابن و دەستەیەک بێلایەن دەبن. بۆیە دەبێ، خەڵکەکە ئارام ببنەوە و دڵەکان بچێتەوە جێگای خۆی، مافەکان وەردەگیرێ، ئارام بن لەسەرم، چاوەڕێ بن پاشان وەرنەوە.
* کاری جدی عەلی ئەوە بوو نەیهێشت قوڕەیشیەکان شاری مەدینە بەجێ بهێلن وەک ئەمەویەکان بەجێیان هێشت. عەلی کەسێکی ژیر بوو دەیزانی کۆچباری شۆڕشی گەورەی لێ دروست دەبێ چونکە خۆیان لە کۆچباریەوە شۆڕشی ئیسلامیان سەرخست. بۆیە دەیویست لەناو شاری مەدینە سەرکپیان بکات.

* عەلی فەرمانی دەرکرد کۆیلە ئەمانی لەسەر هەڵدەگیرێ ئەگەر بۆ خاوەنەکەی نەگەڕێتەوە واتە خوێنی کۆیلەی بەهەدەر کرد.

* نارەزایی خەڵکانێک دەرکەوت لە سەرەتای ڕۆژانی خەلافەی عەلی، گوتیان ئەو لەوانەی پێش خۆی زۆر توندترە لەسەر قورەیشیەکان.
عەرەبە دەشتەکیەکان و سبەئیەکان تورە بوون وتیان سبەینێ فەرمانێکی هاوشێوە لەسەر ئێمەش دەردەکات و ناتوانین بەرهەڵستی ببین. هەروەها وتی عەرەبە دەشتەکیەکان لە خۆتان دووربکەنەوە. سبەئیەکان سەرپێچی ئەو فەرمانەی عەلیان کرد، عەرەبەکانیش زیاتر پەیوەستی سەبەئیەکان بوون و عەلیش چووە ماڵی خۆی بە زبیر و تەلحەی وت ئەو خوێنەی داواتان دەکرد بڕۆن بیکوژن. تەلحە وتی فەرمانم پێ بدە با بچم بۆ بەسرە بە هێزێک بێمەوە لات، زبیر دەڵێ ڕێم پێ بدە با بچم بۆ کوفە و بە هێزێک بێمەوە لات. عەلی دەڵێ بابزانم.
لێرەدا مێژوناسەکانی ئیسلام، خەڵک چەواشە دەکەنەوە بە سەبەئیەکان، هێزێکی سێقۆلی لە بەسرە و کوفە و میسر بە ڕێکەوت. سەرکردەکانیانی هەر هەموویان دیارن، کەچی سەرکردەیەک نابینین بە ناوی عبدالله بن سبا. لەو کوشتنەی عوسماندا گوێمان لە سبا نەبوو هەتا عەلیش نەبوو بە خەلیفە گوێمان لە سبا نەبوو. ئەی بۆچ کە عەلی فەرمانی توندڕەوی دەرکرد سەبەئیەکان زیندوو بونەوە، بۆچ ئەو هێزە بوون بە سەبەئی.
ئیتر تاوانی پەرەی سپی چییە کاتێک قەڵەم لەسەری ڕادەوستێ و پیسی دەکات. دەبێ تاوانی قەڵەم چی بێت کاتێک خوداوەندەکەی ڕوحەی بە بەردادەکا و بە شمشێر نوکی تیژ دەکات و خوێن دەڕژێنێتە دڵی. ئیتر مێژو تاوانی چییە کاتێک ئەو پەڕانە خۆیان دەخەنە باوەشی کتێبخانەکان. ئیتر مرۆڤی بەستەزمان تاوانی چییە ئەو مێژوە ئەخرێتە ئەقڵی. ئیتر تاوانی ئەو ئەقڵە چییە فەرمان بە دستەکان دەکات تا هەڵگری شمشێر بێت. ئیتر تاوانی کێیە لەژێر سێبەری ئەو شمشێرە خوێناویانە مێژوو تۆمار دەکات. خەتای کێیە ڕاستیەکان نادرکێنێ؟!

* کاتێک عەلی دەبێتە خەلیفە شاری مەدینە بەجێ دەهێڵێ و کوفە دەکاتە پایتەختی ئیسلام لە کاتێکدا مەدینە پایتەختی ئیسلام بوو لەسەردەمی پەیامبەر و ئەبوبەکر و عومەر و عوسماندا. هۆکارەکەش زۆر ڕوون نییە ئایا تەنها لەبەر ئەوەی بیکاتە بنکەی سەربازی و لەمەیدانی جەنگ نزیک بێت دژ بە موعاویە؟؟

* عەلی چەند کەسێکی سوتاند  کە بڕوایان هەبوو کردبوویان بە خودا . بۆ سێ ڕۆژ مۆڵەتی دانێ. ڕۆژی یەکەم بانگی کردن بەڵام ئەوان هەر لەسەر قسەی خۆیان بوون. بۆ ڕۆژی دووهەم بە هەمان شێوە. بۆ ڕۆژی سێهەم ئاگرێکیان بۆ دەکاتەوە هەموویان دەسوتێنێ. هەروەها چەندجارێک کاری سوتاندن دووپات دەکاتەوە  بەڵام ابن عباس ڕازی نابێت چونکە دە  لێ ئەمە ئازار  و ئەشکەنجە ی ئەڵلایە بە لام بیان کوژن.[205]

هەروەها لە صحیح البخاري هاتووە عەلی کۆمەڵێک دەسوتێنێ کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە کاتێک ئەو هەواڵە دەگاتە ابن عباس دەڵێ ئەگەر من بام نەم دەسوتاندن، چونکە پەیامبەر لە وتەیەکدا ئاوای وتوە کە ئەشکەنجەیان بە ئاگر مەدەن. دەم کوشتن وەک پەیامبەر وتویەتی، ئەوەی ئاینی بگۆڕێ بیکوژن. انه لما بلغ ابن عباس أن عليا ابن أبي طالب أحرق قوما لأنهم ارتدوا عن الاسلام قال لو كنت أنا لم أحرقهم لان النبي صلى الله عليه و سلم هكذا ذكرت في الحديث قال: لا تعذبوا بعذاب الله و لقتلتهم كما قال النبي صلى الله عليه و سلم أيضا (من بدل دينه فاقتلوه).[206]

* گوندێک دەسوتێنێ چونکە ئارەقی تێدا فرۆشراوە. [207] سەیر م  لە ئیسلام  دێت، ئارەق خواردنەوە زیانی زیاتر  ە یان  تالانی و کوشتن و بردنی ژن و منداڵ وەک کۆیلە. لە کاتێکدا هەر  لە قورئاندا هاتووە دەڵێت لە ئارەق زیان و سودی هەیە  بەڵام چ سودێک لە کوشتن و بڕینی خەڵک هەیە!

* ناوچەی ڕۆژهەڵات لەساڵی  ٣٧ی کۆچی فارسەکان هە ڵیان کوتایە سەر والی و ڕاپەڕینیان ئەنجامدا، عەلی 'زیاد بن ابیه' بە چوار هەزار چەکدار نارد و کپی کردەوە. هەروەها لە خو ڕاسان دیسان ڕاپەیرن ڕوویدا بەڵام ع ەلی نامەی نارد بۆ ابن عباس تاوەکو چارەسەی بکات. ئەویش ڕەبیعی کوڕی ئەبی عەوبر  ی نارد و ڕاپەڕینەکەیان کپ کردەوە.

---

[205] سيرة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب، ل ٣١٦

[206] صحيح البخاري، كتاب الجهاد و السير// تفسير ابن كثير سورة النحل، اية ١٠٥

[207] سيرة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب، ل ٢٦٢

* یەکێک لە کارە ناژیرەکانی عەلی لەسەر بنەمای پتەوی ئاینی خۆی ویستی موعاویە و کوڕی عامر لەسەر کاری ویلایەتدا لابەرێت. لە کاتیکدا مغیرة کوڕی شعبة لەگەڵ عبدالله کوڕی عباس زۆر ئامۆژگاریان کرد تاوەکو ئەو کارە نەکات. بەڵام ئەو بە قسەی کوڕی عەباسی نەکرد هەرچەندە دەیزانی ئەو وەک مغیرة نییە و لە بەرژەوەندی عەلی ئەو ئامۆژگاریە دەکات. بەڵام عەلی سوێندی خوارد کە دووڕۆژ موعاویە لەسەر کار ناهێڵمەوە. وتی ئاینی خۆم لاواز ناکەم، تەنانەت نوکی شمشێرەکەی بە بنەما گرت. کوڕی عەباس زۆر بە ژیرانە ئامۆژگاری کرد، وتی ئەگەر موعاویە لابەریت ئەوا دژی تۆ شۆڕش دەکەن و خەڵکی شام و عێراق لە دژی تۆ هاندەدەن دەڵێن بە بێ ڕاوێژ بوو بە خەلیفە و عوسمانی کوشت، ئەوان نەوەی بەنی ئومەییەن لە بەر بەرژەوەندی دونیا گوێ نادەن کێ دەبێتە خەلیفە. بەڵام عەلی وتی جگە لە نوکی شمشێر هیچ شتێکی تری نادەمێ. عەباس وتی تۆ پیاوێکی ئازایت بەڵام لە کاروباری شەڕ و وڵات هیچ نازانیت. تۆ نەت بیستووە پەیامبەر وتویەتی شەڕ فڕوفێڵە وتی بەڵێ، ئەگەر بوارم پێ بدەی من ئەیانخەمە سەر ئاوێک وا بە جێیانبهێڵم سەیری کۆتایی بابەتەکان بکەن و نەزانن سەرچاوەکەی لە کوێیە بە بێ ئەوەی سەری تۆ بگرێتەوە و گوناحێکت توش ببێ. عوسمان ئاگاداری کردەوە کە ئەو کارە خراپانە و کوشتنی عوسمان دەخەنە ملی تۆ. عەلی وتی برۆ تۆم کردە والی شام. عەباس وتی ئەوە ڕاست نییە، موعاویە کورە مامی عوسمانە بە هۆی خزمایەتی نێوان من و تۆ دەترسم لە بری خوێنی عوسمان لەگەردەنی من بدات کەمترین کار ئەوەیە من بخاتە زیندان. هەرچی هاتۆتە سەر تۆ بیخاتە سەر من بەڵام بنوسە بۆ موعاویە و پەیمانی پێ بدە بەڵام عەلی بەو پێشنیارانەی کوڕی عەباس ڕازی نەبوو. مغیرەش هەمان ئامۆژگاری کرد بەڵام ڕازی نەبوو بۆیە ئەو مەدینەی بە جێ هێشت و چوو بۆ مەککە.[208]

ناکۆکیەکان زۆر ڕوونە کە خەلیفەکان ناکۆکیان هەبووە بەڵام پێی لێ نانێن بۆ نمونە هەر خەلیفەیەکی هاتبێت والی شارەکانی لاداوە کەواتە ڕازی نەبوونە بە کارەکانی یەکتر. کاتێک عەلی بوو بە خەلیفە والیەکانی گۆڕی؛

لە ساڵی ٣٦ی کۆچی عەلی فەرماندارەکانی خۆی بۆ شارەکان ڕەوانە کرد و بە نیازی لابردنی فەرماندارەکانی سەردەمی عوسمان.

---

[208] لە هەمان لاپەرەکانی پێشوی هەردوو سەرچاوەی (التاريخ الطبري + الكامل في التاريخ)

'سهل بن حنيف'ی بۆ شام ڕەوانە کرد، بەڵام موعاویەی ژیر هەستی بەو گۆڕانکاریە کردبوو، چونکە مێژو خۆی دووبارە دەکاتەوە، هەر خەلیفەیەک کە هات والیەکانی گۆڕی و کەسانی نزیکی خۆی دانا. بۆیە ئەویش هێزێکی لە دەرەوەی دیمەشق دانابوو بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی والی نوێ ببێتەوە. کاتێکی سهیل گەیشتە تەبوک ڕووبەڕووی هێزێک بۆوە وتیان کێی وتی والیم وتیان ئەگەر عوسمان تۆی ناردووە بەخێر بێیت ئەگەر نا برۆوە. وتی دیارە نەتان بیستوە چی ڕوویداوە وتیان بیستومان بگەرێوە. ئەویش بۆ لای عەلی گەڕایەوە.

قیس کوڕی سعد بۆ میسر ناردرا، ئەویش ڕووبەڕووی هێزێک بۆوە وتیان کێی، وتی لە هەڵاتوەکانی عوسمانم، وتیان وەرە لای ئێمە. کاتێک گەیشتە میسر بینی خەڵکی میسر بۆتە چەند ڕایەک، ئەویش ئەو هەواڵەی بۆ عەلی نارد.

عمارة کوڕی شهاب ناردرا بۆ کوفە لە ڕێگادا توشی 'طليحة بن خويلد' بوو وتی بگەڕێوە چونکە خەڵکەکە والی خۆیان دەوێ ئەگەر نەگەڕێیەوە دەتکوژم، ئەویش گەڕایەوە بۆ لای عەلی.

عوسمانی کوڕی حنیف بۆ بەسرە ڕەوانەکرد، کوڕی عامر هیچ هەڵوێستێکی نەبوو بەڵام خەڵکی ببوون بە چەند ڕایەک.

عبیدالله کوڕی عباس بۆ یەمەن ڕەوانە کرا. لەوێ والی بە ناوی 'يعلي بن منية' هەموو باج و داهاتەکەی کۆکردەوە بەرەو مەککە بەڕێکەوت.

کاتێک عەلی ئەو هەڵوێستانە دەبینێ نامەیەک بۆ ئەبوموسای ئەشعری لە کوفە و موعاویە لە شام دەنێرێت.

ئەبوموسا وەڵامی دەداتەوە دەڵێ خەڵکی کوفە بەیعەتیان داوە، لە نامەکەش دەنوسێ کێ بەیعەتی نەداوە.

موعاویە وەڵامی نامەکە ناداتەوە هەتا ماوەی ٣ مانگێک لەسەر تێپەربوونی کوشتنی عوسمان. پاشان نێردراوەکەی عەلی لەگەڵ نێردراوەکەی خۆی ڕەوانەی مەدینە دەکات.

کاتێک نێردراوەکەی موعاویە داوای ئەمان دەکات، نامەکە دەخوێنێتەوە تێیدا نوسراوە:

لە پشت سەری خۆم خەڵکانێکم بە جێهێشتوە تەنها بە خوێن لە بری خوێن ڕازی دەبن!

علی وتی لە کێ؟
نێردراو دەڵێ: لە دەماری ملتدا. ئینجا بەردەوام دەبێ لە خوێندنەوەی نامەکە و دەڵێ: من شەش هەزار پیاوی بەتەمەنم بە جێ هێشتووە لە ژێر کراسەکەی عوسمان کە لە مزگەوتی دیمەشق هەڵواسراوە دەگرین.
عەلی وتی: خوێنی عوسمانیان لە من دەوێ؟
ئەو نامەیە ئاشکرا کردنی جەنگ بوو لە نێوان عەلی و موعاویە. عەلی ڕووبەڕووی شەڕێکی دژوار بۆوە. قسەکانی ابن عباس ڕاست دەرچوو کە وتی خوینی عوسمانیان لە تۆ دەوێ، ئامۆژگاریەکانی بەهەند وەرنەگرت. لەهەمان کاتدا حەسەنی کوڕی هەمان ڕای هەبوو، وتی دەست بکشێننەوە لە خەلافەت و لە ماڵی خۆت دانیشە. بەڵام عەلی بە قسەی کوڕی خۆشی نەکرد.
خەڵکی ویستیان بزانن عەلی چی دەکات و 'زیادی کوڕی حنظلة'یان نارده لای.
ئەویش وتی خۆت ئامادە بکە و جلوبەرگ لەبەر بکە. وتی بۆچی وتی شەڕ لەگەڵ شام.
ئەویش هاتە دەرێ و بەخەڵکەکەی وت شەڕ. لەوکاتە زبیر و تەلحە هاتن ڕوخسەتیان لە عەلی وەرگرت تاوەکو بچن بۆ عەمرە، ئەویش ئیزنی دان و ئەوانیش کۆچیان کرد بۆ مەککە. کاتێک خۆیان گەیاندە مەککە بوون بە پاشکۆی عائشە.
عەلی سوپایەکی ئامادەکرد و جێگرێکی لە جێی خۆی دانا و نامەیەکی بۆ ئەبوموسای ئەشعەری نارد کە خەڵک هان بدات بۆ شەڕی شام.

**٤.٤ ڕووداوی شەڕی جمل**
بە پێی سەرچاوەکان[209]، لەو کاتانەی عەلی لەشکری ئامادە دەکرد بۆ شەڕی شام، هەواڵی پێگەیشت 'عائشة=عائیشە' و 'طلحة=تەلحە' و 'زبیر=زوبیر' چوون بۆ بەسرە، عەلی وتی ئەگەر هێرش نەکەنە سەر ئێمە ئەوا ئێمە هێرش ناکەینە سەریان. هەر لەو کاتەش کوڕی عومەر پشتی لە عەلی کرد و چوو بۆ شام.

[209] الكامل في التاريخ، ذكر ابتداء أمر وقعة الجمل الى ذكر قصد الخوارج سجستان، ج ٣ ل ٩٩ – ١٤٩// تاريخ الطبري، ذكر استئذان طلحة و الزبير عليا الى اخر حديث الجمل بعثة على بن أبي طالب قيس بن سعد أميرا على مصر، ج ٥ ل ٢١٧ – ٢٨٤ // البداية و النهاية، ابتداء وقعة جمل، ج ٧ ل ٢٥٦ – ٢٨٠

ڕووداوی 'جمل' واتە وشتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کاتێک عائیشە لە گەڕانەوە بوو بۆ مەدینە لە ڕێگادا چاوی بە پیاوێک کەوت وتی هەواڵی مەدینە؟ ئەویش وتی عوسمانیان کوشت. خەڵک هەشت ڕۆژ چاوەڕێیان کرد پاشان بەیعەتیان بە عەلی دا. عائیشە وتی بمگەرێنەوە بمگەڕێنەوە واتە بۆ مەککە. هەروەها هەر دەیگوت عوسمانیان بە ناهەق کوشت، سوێند بە ئەڵڵا داوای خوێنی عوسمان دەکەم. پیاوێک وتی بۆ ئەم قسانە دەکەی، تۆ یەکەم کەس بووی وتت ئەو 'نعثل'ە بکوژن کافر بووە، ئینجا کوڕی أم کلاب ئەو شیعرەی خوێندەوە کە لەبەشی پێشو باسمان کرد.
عائیشە دەستی کرد بە وتاردان لە شاری مەککە و وتی: ئاژاوەچیەکانی شارە دوورەکان و خەڵکی ئاو و کۆیلەکانی شاری مەدینە کۆبوونەوە، بە ناهەق ئەو پیاوەیان دوێنی کوشت لەکەداریان کرد بەوەی پیاوە گەنجەکانی لە فەرمانڕەوایەتی دانا لە شوێنی پیاوە بە تەمەنەکاندا. پێگەی تایبەتیان بۆ خۆیان پاراست هەرچەندە لە پێش ئەو پلانی بۆ داندرا بوو کە نەدەتواندرا بگۆڕێ. بەڵام ئەو هەر ویستی ئاشتی بەرقەرار بێت، پاشەکشەی کرد لە هەندێک نەخشە و پلان. ئینجا ئەوان هیچ بیانوێکیان نەما شەڕانگێزی خۆیان نیشان دا. قسە و مەرامەکانیان وەک یەک نەبوو. خوێنی حەرامکراوەکانیان ڕژاند، ڕێزی شاری حەرامیان شکاند. ڕێزی مانگی حەرامیان نەگرت و سامانیان تاڵان کرد. بە ئەڵڵا پەنجەیەکی عوسمان باشترە لە هەموو هاوشێوانی ئەو کەسانە کە لەسەر گۆی زەوین. خۆتان بپارێزن لە لایەنگری ئەوان، لێیان گەڕێن با سزا بدرێن و شوێنکەوتوەکانیان بترسێن. بە ئەڵڵا! ئەگەر ئەو تاوانەی کە پێیان لەکەدار کرد ڕاست بووبێ ئەوا لێی پاک دەبۆوە هەروەک چۆن زێر لە خڵتەکەی جیا دەبێتەوە یان وەک چۆن چڵکی جل و بەرگ بە ئاو پاک دەبێتەوە.

لە دوای ئەو وتارەی عائیشە خەڵکەکە داوای خوێنی عوسمانیان کرد و هەڵاتوانی 'بني أمية' دوای کەوتن، یەکەم جار لە حجاز دەستیان بە قسەکردن و ئامادەباشی کرد. عبدالله کوڕی عامر لە بەسرا پەیوەندی کرد.
'يعلي بن منية' پێش کوشتنی عوسمان بە هێزە و هاتبوو ب ۆ بەرگری لە عوسمان بەڵام کە زانی کوژراوە لە مەککە مایەوە پەیوەندی کرد بە عائیشە. زبیر و تەلحە گەیشتنە جێ.

جارچیەکەی عائیشە وتی هەرکەسێ دەیەوێت هێز بە ئیسلام ببەخشێت لەگەڵ خوێن خۆرەکان شەڕ بکات و تۆڵەی عوسمان بکاتەوە و ئەسپ و جلی نییە با بێت.
هەندێک لە موسوڵمانان دەیان وت بچین بۆ مەدینە، هەندێک دەیان وت بچین بۆ شام لەگەڵ معاویە یەکتر بگرین. پاشان بڕیاریان دا بچن بۆ بەسرە.
هێزێکیان کۆکردەوە هەندێک دەڵێن ٩٠٠ جەنگاوەر بوون هەندێک دەڵێن ٣ هەزار بوو. وا دەر دەکەوێ لەناو ئەو هیزە ناتەبایی هەبوو، وەک دەڵێن ئەگەر ئێمە سەرکەوتباین ئەوا کوشتاری یەکتریمان دەکرد چونکە نە زبیر کارری تەلحەی پێ ڕەوا بوو نە تەلحە کاری زبیری پێ ڕەوا بوو.
هێزی عائیشە بەڕێکەوتن تا گەیشتنە 'ذات عرق' لەوێ سعید کوڕی عاص ڕووبەڕووی 'مروان بن حکم' بۆوە وتی بۆ کوێ دەچن؟ لە دوای خۆتان بەرپرس لە خوێنی عوسمانتان بە جێ هێشتووە؟ واتە عائیشە و تەلحە و زبیر؟ بڕۆن بیان کوژن و بگەڕێنەوە ماڵەوە. وتیان دەرۆین تا هەموو بکوژەکانی عوسمان دەکوژین. پاشان سەعید لەگەڵ تەلحە و زبیر دانیشت وتی ئەگەر سەرکەوون لەگەڵ کێ بەیعەت دەکەن گووتیان یەکێ لە ئێمە. سەعید وتی دەبێ تەسلیمی کوڕی عوسمانی بکەن چونکە ئێوە بۆ تۆڵەی ئەو دەردەچن وتیان واز لە موهاجیرە پیرەکان بێنین تەسلیمی بێ باوکەکانی بکەین! سەعید وتی منیش هەولی ئەوە دەدەم خەلافەت لە دەستی منداڵانی عبدالمناف دەربهێنم، ئەو گەڕایەوە و عبدالله بن الاسد لەگەڵی گەڕایەوە. مغیرە وتی بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە مغیرە وتی، هەر کەسێ لەخەڵکی سەقیف لێرەیە با بگەڕێتەوە ئەوان گەرانەو لەگەڵ کورەکانی عوسمان.
لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ئەوە شەڕی دەسەڵاتە نەوەک شەڕی تۆڵەکردنەوەی خوێنی عوسمان. کێشەکان ئاڵۆزە و ڕووداوەکان بە جۆرێک باس دەکرێ مرۆڤ سەری لێ سوردەمینێ ئەبێ دەرونی موسوڵمانان چۆن بووبێ لەلایەک خەلیفە کوژراوە لەلایەک هاوسەری پەیامبەری ئەڵلا دژ بە کوڕی مامی پەیامبەر 'عەلی' دەجەنگێ. تەلحە و زوبیر لەلایەک تۆڵەی عوسمان دەکەنەوە لەلایەک دژی ئەوەن کوڕی عوسمان ببێتە خەلیفە و خۆیان دەیانەوێ دەسەڵات وەربگرن. ئەو دژ بە ڕایانە موسوڵمانانی توشی دڵەڕاوکێ کردبوو و دەبی ڕاستی لە کوێ بێت. هەر بۆیە ئەو موسوڵمانانە زۆرینەی کەوتبوونە ژێر کاریگەری نزیکترین فەرمانرەوا لێیان.
خەڵکی مەدینە کەوتبوونە ژێر کاریگەری عەلی، خەڵکی شام کەوتبونە ژێر کاریگەری

موعاویە. خەڵکی مەککە کەوتبوونە ژێر کاریگەری عائیشە. وتارەکانی عائیشە کاری کردبووە سەر خەڵک بۆ نمونە هاوەڵانی عوسمان بن حنیف بوون بە دوو دەستە دەستەیەک وتیان ژن ڕاست دەکات دەستەکەی تر وتیا ژن درۆ دەکات بۆیە هەردووکلا کەوتنە بەردبارانی یەکتری.
کاتێک عائیشە گەیشتە بەسرە والی وتی بۆچی هاتو ون؟ عائیشە وتی بۆ تۆڵەکردنەوەی عوسمان هاتو وین. نیازی خۆمان ناشارینەوە. ئینجا نامەیان بۆ والی کوفە نارد کە ئەبوموسای ئەشعەری بوو پێی ڕادەگەیەنن سوپاکەی بچێتە ماڵەوە و بێ وەیی هە لێژێرن. تا ئەو کاتە هەوا ڵێ خۆش و چاک کردنەوەی کارو باری موسوڵمانەکانی پێدەگات.
عائیشە و زوبێر و تەلحە نامەیان نارد بۆ سەرۆک هۆزەکان تاوەکو هاوکاریان بکەن و تۆڵەی عوسمان بکەنەوە.
بەڵام هەندێک کەس وەڵامی عائشەی نەدایەوە بۆ نمونە 'جارية بن قدامة' هات وتی ئەی دایکی باوەڕداران، بە ئەڵڵا کوشتنی عوسمان هێورترە لە دەرچوونی تۆ لە ماڵەوەت، لەسەر پشتی ئەو وشترە نەفرەتیە کە ڕووبەڕووی چەکی دەکەیەوە. تۆ لای ئەڵڵا ڕێز و ڕوپۆشێکت هەبوو، ئەو روپۆشەت ئەتک کرد و ڕێزەکەت شکاند.
هەروەها پیاوێک لۆمەی زبیر و تەلحەی کرد وتی ئێوە ژنی خۆتان نەهێناوەتە ئێرە کەچی دایکی ئێوە دەبینم.
یەکەم شەڕ کە دەستی پێکرد حکیم بن جبلة هێرشی کرد ە سەر تاقمەکەی عائیشە لە دۆڵێکی بچوک. هێزی عائیشە بۆ ماوەیەک بێ دەنگ بوون تا چوون بۆ گۆڕستانی 'بنی مازن' ئینجا ڕوویان کردە 'دار الرزق' لەوێ کۆبوونەوە. حکیم بۆ بەیانیەکەی هێرشی دەست پێکرد و شەڕێکی قورس ڕوویدا و زۆرێکیان لێکوشتن. پاشان ئەوەی لە شەڕ بێزار بوون کەوتنە ئاشتی و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کەسێک بنێرن بۆ مەدینە بزانن ئایا زوبیر و تەلحە بە زۆر بەیعەتیان داوە یان نا. ئەگەر بەزۆر بەیعەتیان دابێ ئەوا عوسمان دەبێ 'بەسرە' بە جێ بهێڵێت، ئەگەر بە زۆر بەیعەتیان نەدابێ ئەوا زبیر و تەلحە دەبێ 'بەسرە' بەجێ بهێڵن.
نێردراوێک دەنێرن بە ناوی كعب تاوەکو لێکۆلینوە بکات. ڕۆژی هەینی دەگاتە مەدینە و بە خەڵکی دەڵێت ئایا زبیر و تەلحە بە زۆر بەیعەتیان داوە؟ کەس وەڵامی ناداتەوە تەنها 'أسامة بن زيد' نەبێ وتی بەڵێ بە زۆر بەیعەتیان داوە. بۆیە خەڵکی ویستیان

بیکوژن. کعب گەڕایەوە و ئەو هەواڵەی گەیاندە هەردووکلا. لەوکاتانەدا بڕیار درا کە عوسمان 'بەسەرە' بە جێ بهێڵێ. لە شەوێکی تاریک و باراناویدا زبیر و تەلحە هێزیان کۆکردەوە چوونە مزگەوت. عوسمان نوێژی خەوتنانی درەنگ دابەست و خەڵکی نوێژیان درەنگ دابەست ئەو هیزەی کە کۆکرابۆوە لەلایەن 'زبیر و تەلحە'دا هێرشیان کردە ناو مزگەوت و کوشتاریان کردن، عوسمانیشیان قۆڵبەست کرد.
عائیشە وتی بیکوژن بەڵام ژنێک سوێندی دان کە وازی لێبهێنن بۆیە زیندانیان کرد.
مجاشع وتی موی سەری و برۆی و برژانگی هەڵبکیشن و ڕیشی بتاشن. ئینجا ٤٠ قامچیان لێدا و ئازادیان کرد.
پاش ئەوەی ئەو بەسەرهاتە دەگاتە لای حکیم، بڕیار دەدات تۆڵەی عوسمان بکاتەوە. بۆیە شەڕێکی قورسی خوێناوی هەڵدەگریسێنێ، لەو شەڕەدا لاقێکی دەقرتێ و پاشان دەکوژرێ. زوبیر و تەلحە جەنگاوەرەکانی خەڵکی مەدینە دەکوژن جگە لە حرقوص کەسی تر ڕزگاری نابێ. پاش ئەوە خەڵکی بەسرە بەیعەت بە زبیر و تەلحە دەکەن.
زبیر وتی: کوا بۆ ١٠٠٠ جەنگاوەرێک بەڕێبکەم بۆسەر عەلی و بیکوژم لە شەوێکدا یان لە ڕۆژێکدا پێش ئەوەی ئەو بگاتە ئێرە ، کەس وەڵامی نەدایەوە. لەوکاتانەدا عائیشە نامە بۆ خەڵکی مەدینە و یەمامە دەنێرێت تاوەکو هاوکاریان بکەن.
سوپای عەلی گەیشتە 'ربذة=رەبزە' لەوێ وتاری بۆ خەڵک دا ئەوی گرینگە وتی: ئاگادار بن ئەو ئۆمەتە دەبێتە ٧٣ بەش خراپترین بەش ئەوەیە من بکاتە ئاینی خۆی و بەشیوەی من هەڵسوکەوت نەکات. لە ڕوناکی من ڕێنوێنی وەربگرن چونکە ڕوناکی پێغەمبەری ئێوەیە.
ئینجا عەلی لە رەبزە بەڕێکەوت گەیشتە 'ذي قار' لەوێ چاوی بە عوسمان کەوت. عوسمان وتی "بە ڕیشەوە منت نارد کەچی بە لوسی هەتمەوە لات. بعثتني ذا لحية و قد جئتك أمرد"[210]. وتی پاداشتی خێر و چاکەت دراوەتەوە. عەلی لە بارێکی سەرسوماوی دابوو ئەی وت: زبیر و تەلحە بەیعەتیان بە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان کرد. کەچی لەگەڵ من نەیان کرد لەکاتێکدا پێگەی من لەوان کەمتر نییە.
لەو کاتانەشدا: حەسەنی کوڕی لەگەڵ ئەشتەر داوای هاوکاری هێزیان دەکرد لە خەڵک چوون بۆ کوفە لەوێ دیتیان ئەبوموسای ئەشعەری دەڵێت خەڵکینە هاوکاری

[210] وشەی أمرد گەنجێک موی لێ نەهاتبێ.

عەلی مەکەن. ئەوانیش سەرکۆنەی دەکەن و دەری دەکەن لە کوفە. لە کوفە ١٢ هەزار کەس کۆدەکەنەوە بۆ هاوکاری عەلی دەکەونە ڕێ.

پێش ئەوەی جەنگی گەورە ڕوبدات. عەلی قعقاعی نارد بۆلای طلحة و زوبیر تاوەکو ڕێکبکەون. قعقاع یەکەم جار چوو بۆلای عائیشە. عائیشە وتی کوڕی خۆم لە پێناوی چاکسازی ئاشتەوای ناو خەڵک هاتوم. ئەویش وتی با تەلحە و زوبیر بێن گوێت لە قسەکانی من و ئەوان بێت.

پاش ئەوەی بیستی کە ئەوان داوای بکوژانی عوسمان دەکەن ئەگەر ئەنجامی نەدەن ئەوا پشت گوێ خستنی قورئانە وتی: ئێوە بکوژانی 'عوسمان'تان لە بەسرە کوشت پێش ئەو کوشتارە ئێوە لە ڕێگای ڕاستی نزیک تر بوون لە ئێستا، ئێمرۆ ٦٠٠ کەستان کوشت شەش هەزار کەس لە ئێوە جیابۆوە. داوای 'حرقوص'تان کرد ٦ هەزار کەس پارێزگاری لێ کرد. ئەگەر وازیان لێ بهێنن ئێوە وازدەهێنن لەوەی دەیلێن. ئەگەر شەڕیان لەگەڵ بکەن، ئەوا ئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی ئێوە نابێ، ئەوەی کە خۆتان لێ بەدوور دەگرت بەرەوپیرتانەوە دێت ئەوەندەی منیش پێشبینی دەکەم زۆر خراپترە لەو ترسەی کە هەتانە. ئەگەر بەرەنگاری 'مضر' و 'ربیعة' لەو شارە ببنەوە ئەوان لەگەڵ ٦ هەزار کەسەکە یەکدەگرن و ڕووبەڕووی ئێوە دەبنەوە، هەروەک ئەوان کۆبوونەتەوە لەسەر ئەو کارە دژوارە و گوناحە گەورەیە.

عائیشە وتی ئێ ئێستا چی دەڵێی؟ قعقاع وتی ئەو کارە تەنها بە ئارام بوونەوە چارە دەکرێ، ئەگەر ئارام بۆوە ئەوا بڵاوەی لێ دەکرێ. ئەگەر بەیعەتمان لەگەڵ بکەن ئەوا خێر بەرێوە دەبێ و خوێنی ئەو پیاوە بە فیرۆ ناچێت ئەگەر نەیکەن ئەوا شەڕی لێ دەبێتەوە، ئەو سامانەش بە فیرۆ دەچێ، ئیوە کلیلی خێر و چارەسەری بن توشی بەڵامان مەکەن و خۆشتان توش مەکەن. بە ئەڵڵا سوێند دەخۆم من بانگێشەی ئەوەتان بۆ دەکەن چونکە من دەترسم ئەو ئاشتەواییە دروست نەبێ هەتا ئەڵڵا دادی خۆی لەو ئۆمەتە وەرنەگرێ کە پێداویستیەکانی ڕووی لە کەمبوونەوەیە. ئەو زیانەی کە ڕوویداوە(بەسەر ئەو ئۆمەتە هاتووە) وەک کێشەکانی تر نییە، نە وەک پیاوێک پیاوێکی کوشت بێ، یان چەند کەسێک پیاوێک بکوژن، یان هەموو تیرەکە پیاوێک بکوژن، ئەوانیش وتیان قسەکانت باش بوو دە بگەرێوە ئەگەر عەلی وەک تۆ بیری کردەوە ئەوا هەموو کارەکان چاک دەبێ.

قعقاع دەگەڕێتەوە  بۆ ذي قار کار و قسەکانی بۆ عەلی دەگێڕێتەوە عەلی بەوە ڕازی ئەبێت عەلی دووپیاوی تری نارد بۆ دڵنیا بوونی خۆی کاتێک گەڕانەوە هەمان قسەیان گێرایەوە بەمەش ڕێکەوتن هەر کەسێ لای هۆزەکەی خۆی بژی.
عەلی بەڕێکەوت بۆ لای سوپاکەی تەلحە و زبیر و تەنها ئەوانەی لەگەڵ نەبێ کە دەستیان هەبوو لە کوشتنی عوسمان. ئەمەش باشترین بەڵگەیە عەلی دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسمان بۆچی بکوژانی عوسمانی نە دەکوشتن لە کاتێکدا دەیزانی کێن؟
ئەو کاتە هەردووک سوپا بەرامبەر یەکتر ڕاوەستان زبیر و تەلحە هاتنە دەر و عەلیش هاتە دەر بەرەو ڕووی یەکتر ڕۆیشتن تا ئەو کاتە لوتی ئەسپەکەی عەلی بە لوتی ئەسپەکانی ئەوان کەوت وتی ئێوە وەک ئەو ژنە مەبن (سورەتی النحل       ١٦) مەگەر من برای دینی ئیوە نەبووم. خوێنی منتان دەپاراست و منیش هی ئێوە. ئایا شتێکی تازە ڕوویداوە خوینی من بۆ ئێوە ڕەوا بێت؟ تەلحە وتی خەڵکت لە دژی عوسمان هاندا. عەلی بە ئایەتی (سورەتی النور  ٢٤) وەڵامی دایەوە. ئەی تەلحە بوکی پێغەمبەرت (مەبەست لە عائیشەیە)هێناوەتە ئێرە تا بە هێزی ئەو شەڕ بکەی کەچی ژنی خۆت لە ماڵەوەیە. ئایا بەیعەتت بە من نەکرد؟ وتی شمشێر لەسەر ملم بوو.
ئینجا عەلی بە زبیری وت چ هۆکارێک تۆی گەیاندە ئێرە. زبیر وتی تۆ بوویتە هۆی ئەوە من بێمە دەر. چونکە ئەو کارە لە خۆمان بۆ کەس زیاتر بە شیاوی نازانم. عەلی وتی ئایا دوای عوسمانیش من بەو کارە شیاو نیم، عەلی زۆر شتی بە بیرهێنایەوە، تەنانەت ئەو ڕۆژەی بەبیر هێنایەوە کە پەیامبەر پێ وتبوو ڕۆژێک دێت لەگەڵ عەلی شەڕ دەکەی و ستەمکاری. کاتێک زبیر ئەوەی بەبیر هاتەوە هاواری کرد وتی ئەگەر لە بیرم بایە ئەوا قەت من نە دەگەیشتمە ئێرە. من دەکشێمە و شەڕ ناکەم.
زبیر دەکشێتەوە و دەگەڕێتەوە لای عائیشە، دەڵێ من شەڕ ناکەم کورەکەی عبدالله سەرکۆنەی دەکات دەڵێ تۆ ترسای. هەندێک دەڵێن هۆکاری کشانەوەی زبیر ئەوە بووە کاتێک دەبینێ عەمار بن یاسر لەگەڵ عەلی دایە ئەو دەکشێتەوە چونکە بیستبووی کە کەسێکی ستەمکار عەمار دەکوژێ ئەو دەقەی ڕەچاو دەکرد(عەمار بە دەستی کەسانی ئاژاوەچی دەکوژرێ. تقتل عمارا الفئة الباغية). بەڵام زبیر پەشیمان دەکەنەوە کە شەڕ بکات لەگەڵ عەلی. خەڵکی بەسرە دەبن بە سێ دەستە. دەستەیەک لەگەڵ عائیشە و زبیر و تەلحە، دەستەیەک لەگەڵ عەلی، دەستەیەک بێ لایەن بوون و شەڕیان بە ڕەوا نەدەزانی.

هەردووک سوپا بەرامبەر یەک سەنگەریان گرت، لە هەمان کاتدا پەیمانی ئاشتیان هەبوو. ئیتر مێژووی ئیسلام نازانن چۆن پەڕۆ و پینەی بکەن. لەلایەک دەڵێن پەیمانی ئاشتیان هەبوو لەلایەکیش سەرکۆنەی زبیر دەکەن کە شەڕی عەلی ناکات!!
لەلایەکی تریش ئاماژە بەوە دەکەن سەبەئیەکان و ئەوانەی دەستیان هەبوو لە کوشتنی عوسمان لەوە دەترسان کە هەردوولا ڕێکبکەون و پاشان ئەوان بکوژن. بۆیە ویستویانە ئەو شەڕە ڕووبدات. بۆیە هێرشیان کردە سەر هێزەکەی طلحة و زبیر و عەلی تاوەکو هەردووکلا وابزانن هێرشیان کراوەتە سەر لەلایەن لەشکری بەرامبەریان.
عەلی وتی جارێ هیچ وەڵام مەدەنەوە هەتا بەڵگەمان بەدەستەوە دەبێت. دواجار شەڕێکی قورس ڕوودەدات. لەو شەوەدا تیرێک بەر قاچی تەلحە دەکەوێ و کۆیلەکەی دەیگەیەنێتە بەسرە و لە کەلاوەیەک دایدەنێ. تەلحە هەوادارێکی عەلی دەبینێ دەڵێ تۆ لە هاوەڵانی ئەمیری باوەڕدارانی؟ دەڵێ دەستت بێنە پێش با بەیعەت بدەم بە ئەو. واتە پێش مردنی بەیعەت دەداتە عەلی ئینجا دەمرێ.
زبیر پەشیمان دەبێتەوە و مەیدانی جەنگ بە جێدەهێڵی. عەمار زۆر هەوڵی دەدا شەڕی لەگەڵ بکات بەڵام ئەو خۆی بە دوور دەخست تاوەکو فەرمودەکەی پەیامبەر نەیەتەجێ و لەگەڵ ئاژاوەچیەکان هەژمارد نەکرێ.
کاتێک بەلای ئەحنەف بن قیس تێدەپەرێ پێی وت" ئەو بێلایەنیە چییە، موسوڵمانانت ڕووبەڕووی یەکتر کردەوە تاوەکو لەیەکتر بدەن و چویتەوە ماڵەوە." هەربۆیە یەکێکی بە دوایدا دەنێرێت و دەیکوژێ.
عائیشە بەسواری وشترێک کە یعلی بە ٨٠ هەزار درهەم بۆی کڕی بوو بەرەو پیری سوپاکەی عەلی بەڕێکەوت تا خۆی بەشداری مەیدانی جەنگ بکات، هەر بۆیە ئەو شەڕە بە شەڕی جمل ناسراوە لە بەرواری ١٦ جەمادی دووهەمی ساڵی ٣٦ی کۆچی بوو لە ناوچەی ذابوقة.
عائیشە و هەندێک لە جەنگاوەرەکان قورئانیان هەڵگرت تاوەکو بیکەن بە دادوەر لە نێوان خۆیان و ئەوان.
کعب کوڕی سور هەڵگری قورئانێک بوو وتی با سولح بکەین بەڵام ئەوان تیربارانیان کرد و کوشتیان. ئەو شەڕە شەڕێکی حەماسی بوو شەڕی نێوان ژن و کوڕەمامی پەیامبەر بوو. خۆڕاگری لایەنگرانی عائشە بەرامبەر هیزێکی گەورەی عەلی جێگای

سەرسورمان بوو. کوشتارێکی زۆریان کرد و بەردەوام تیربارانی عائیشەیان دەکرد. عائیشەش بەردەوام نەفرەتی لە بکوژانی عوسمان دەکرد.
هێزێکی شەڕکەری بوێر چواردەورەی کەژاوەکەی عائیشەیان دابوو، عەلی وتی تا ئەو وشترە لەسەر پێی بێت لایەنگرانی عائیشە بەو شێوەیە دەجەنگن بۆیە هەوڵبدەن بیخەن.
ویژدانی عائیشە بەرامبەر ئەو کوژراوانە نەدەبزوا بۆیە دەیان گوت

| | |
|---|---|
| ئەی دایکمان! کەلەرەقترین دایک! دەزانین کە | دایک نان دەدات بە کوڕی و سۆزی بۆ هەیە |
| ئەوە نابینی چەند بوێر بریندار بوو | سەر و مەچەکی بڕا |
| یا أمنا أعق[211] أم نعلم | والام تغذو ولدها و ترحم |
| أما ترين كم شجاع يكلم | وتختلي هامته و المعصم |

دواجار هێرشێکی توند کرایە سەر کەژاوەکەی عائیشە و وشترەکەیان دا بەعەرد دا ئینجا کەژاوەکەیان لە وشترەکە جیا کردەوە و 'عائیشە'یان برد بۆ لای عەلی، عەلی هاواری کرد بە دوای هەڵاتوان مەکەون و بریندارن مەکوژن جگە لە غەنیمەی جەنگ هیچی تر مەبەن.
موحەمەدی برای سەری بردە ناو کەژاوەکە کە بزانێ تەندروستە یان نا، ئینجا بۆ عەلیان هێنا. عەلی وتی ئەڵڵا لێت ببورێ ئەویش وتی لە تۆش.
عەلی بردیە بەسرە لە ماڵی 'عبدالله کوڕی خلف' داینا. خۆشی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە بەسرە مایەوە پاش ئەوەی خەڵکی بەسرە بەیعەتیان لەگەڵ کرد و عبدالله کوڕی عباس بوو بە والی بەسرە.
ڕووداوێکی تریش هەیە سەبارەت دەستپێکردنی ئەو شەڕە دەڵێن عەلی وتویەتی کێ ئەو قورئانە هەڵدەگرێ تاوەکو بیکەین بە دادوەر لە نێوان ئێمە و ئەوان، ئەگەر دەستی ڕاستیان پەڕاند ئەوا بە دەستی چەپی هەڵیبگرێ ئەگەر ئەویشیان پەڕاند بە ددانی، کەس هەڵناستێت تەنها گەنجێک نەبێ، ئەو گەنجە قورئان هەڵدەگرێ ئەوان

[211] لە هەندێک سەرچاوەی تر گوتراوە 'یا أمنا خير أم'، بەڵام وشەی أعق زیاتر شیاوترە ئەگەر هەردووک دێری شیعر بخوێنیەوە.

دەستی دەپەڕێنن ئینجا بە دەستی چەپی هەڵیدەگرێ ئەویش دەقرتێنن پاشان دەگەوزێ بەسەر قورئانەکە. عەلی دەڵێ ئێستا ڕەوای شەڕە دەست پێبکەن.
ئەو شەڕە بە یەکەمین شەڕی گەورەی خوێناوی موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان دەژمێردرێت. کاتێک ئەو شەڕەش کۆتایی دێت بەهای خوێنەکان نرخێکی نابێ بۆ نمونە عائیشە وتی با سەرکۆنەی یەکتری نەکەین، بە ئەڵڵا لە نێوان من و عەلی هیچ شتێک لە رابوردوودا لە ئارادا نەبوو جگە لەوەی ژن لەگەڵ خزمی مێردی . تەنانەت عەلی چەند کەسێکی سزا دا ئەوانەی جنێویان بە عائشە دابوو.
هەروەها عەلی وتی تالانی مەکەن. سەبەئیەکان وتیان خوێنمان بۆ حەلاڵ دەکات کەچی تالانیمان بۆ حەلاڵ ناکات؟
ئایا ئەو هەموو خوێنە لە پێناوی چی ڕژا. لە پێناوی دەسەلات بوو یان لە پێناوی خوێنی عوسمان یان لە پێناو ناکۆکی خێزانی؟
لەو شەڕەدا ژمارەی کوژراوان دیار نییە هەندێک دەڵێن بە هەردووکلا ٢٠ هەزار کەس کوژرا هەندێکیش دەڵێن لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٣ هەزار بوو.
لەوە ناخۆشتر بۆ موسوڵمانان کە فەرمودەیەکی پەیامبەری ئیسلام ناڕاست دەرچوو کە دەڵێ شەڕی نێو موسوڵمانان کوژراو و بکوژ لە دۆزەخن. کەچی زبیر و تەلحە هەردوکیان موژدەی بەهەشتیان پێدرابوو کەچی نازانین ئەو دوانە دواڕۆژیان چی لێ بەسەر دێت. ئەگەر وتەکەی یەکەمی ڕاست بێت ئەوا لە دۆزەخن و فەرمودەی دووهەمی ناڕاست دەبێ کە دەڵێ ئەو دوانە لە بەهەشتن!!!!
پاش تەواوبوونی جەنگ عەلی بە تەمابوو و ژنەکانیان بکات بە کەنیزەک و دابەشیان بکات بەلام پەشیمان بۆوە، خەڵکیش وتیان خوێنیان حەلاڵ بێت بەلام ژنیان حەلاڵ نەبێت ئەویش وتی دەوەرن تیروپشک بکەن لە سەر عائیشە بزانن بەرکێ دەکەوێت. خەڵک بێ دەنگ بوون لە بری ژن یەکی ٥٠٠ درهەمی لە بیت مال دابەشکرد بەسەریاندا. ئەمەش هەر لە قوتی خەڵکی میزوپۆتامیا دەرهات.

**٤. ٤. ١ ڕووداوەکانی پاش شەڕی 'جمل'**

لە ڕۆژانی سەرهەڵدانی هەڵگەڕاوەکان دژ بە عوسمان، خەڵکی هاندەدران لەلایەن 'موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر' و 'موحەمەدی کوڕی أبي حذيفة'. ئەو دوو کەسە کاریگەریان خستبوە سەر خەڵکی میسر، کاتێک هێزەکەی میسر بەڕێکەوت بۆ مەدینە

موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکری لەگەڵ بوو بەڵام موحەمەدی کوڕی ابی حذیفة لە میسر مایەوە و 'عبدالله کوڕی سعد بن ابی سرح'ی دەرکرد. ئەویش چووە دەرەوەی میسر کاتێک کە هەواڵی بیست عوسمان کوژراوە خۆی گەیاندە لای موعاویە.
موحمەمەدی کوڕی ابی حذیفة کەسێک بوو لەلایەن عوسمان بەخێوکرابوو کەچی لێی هەڵگەڕایەوە. لەو کاتانەی خەڵکی لە میسر هاندەدا عوسمان بارێکی دیاری بۆ نارد بەڵام ئەو هات لە ناو بازاڕ نمایشی کردو وگوتی عوسمان بەرتیلم دەداتێ. بۆیە زیاتر خەڵکی لێ هاندا. کاتێک عوسمان کوژرا ئەو بەیعەتی کرد بە عەلی. لە شامیش عمرو کوڕی عاص بەیعەتی لەگەڵ موعاویە کرد.
لە دوای شەڕی 'جمل' عەلی والیەکی نوێ ڕەوانەی میسر کرد بە ناوی 'قیس بن سعد'. تاوەکو موحەمەدی کوڕی ابي حذیفة لابەرێت. هۆکاری ئەوە نەزانراوە لە کاتێکدا ئەو کەسە هاوڕێیەکی نزیکی موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر بوو هەروەها لایەنگری عەلی بوو!
کاتێک موعاویە دەزانێ قیس ڕەوانە کراوە ئەویش لەشکرێک ئامادە دەکات دەیەوێ پێش ئەو بگاتە جێ. بۆیە موعاویە چەند فرتوفێڵێک بەکاردەهێنێ تاوەکو موحەمەد لە میسر دەرپەڕێنێ بۆیە ئەویش دەیێتە 'عِرِیش=عیریش' لەوێ بە مەنجەنیق بەردبارانی دەکەن و دەیکوژن. لەو کاتانەدا قیس خۆی دەگەیەنێتە میسر و دەبێتە والی.
موعاویەی ژیر دەیویست 'قیس'یش بکاتە لایەنگری خۆی بۆیە نامەیەکی بۆ دەنێرێت دەڵێت: ئەگەر سەرکۆنەی عوسمانتان کرد لەسەر ئەوەی دیتتان، یان لەسەر لێدانی قامچی، یان لەسەر جنێوبارانی پیاو یان بەکارهێنانی گەنجان، ئێوە دەزانن کە خوێنی حەڵاڵ نەبوو بیکوژن. کارێی نەشیاو و نەگونجاوتان کرد. دە تۆبە بکە ئەی قیس تۆ یەکێک بووی لەو کەسانەی خەڵکت هاندەدا دژی عوسمان، بە دڵنیایەوە دەزانین هاوڕێکەی تۆ یەکێک بوو خەڵکی هاندەدا لە دژی عوسمان. تۆ شوێنکەوتەی ئێمە بە، تا ئەو کاتەی من دەسەڵاتم هەبێ و لە ژیاندابم دەسەڵاتی عێراق بۆ تۆ دەبێت و حجازیش بۆ یەکێک لە بنەماڵەکەی تۆ دەبێت. جگە لەوەش هەر چیەکت بوێ بۆت دەهێنمە دی.
لەو نامەی موعاویە وا نیشان دەدات یەکەم ئاگادارە لە کوشتنی عوسمان و دەستی هەبووە، دوو دەرگای تۆبە والایە ئەگەر ببێتە لایەنگری ئەو، واتە دەبێ قیس خۆی یەکلای بکاتەوە و چاری نەمینێ؟ واتە یان لەگەڵ منی یان لەگەڵ عەلی.

قیس دەزانێ یاری لەگەڵ دەکرێ بۆیە ئەویش دەیەوێ یاری پێ بکات و کات بکوژێ تاوەکو هێرشی نەکاتە سەر. نامەیەکی بۆ دەنێرێت و ئاماژەی ئەوە دەکات کە نزیکی ئەو کارە نەبۆتەوە واتە کوشتنی عوسمان و کەسی هان داوە لە دژی، هەروەها دەڵێ ئاگاداری ئەوەش نەبووم کە هاوڕێکەم خەڵکی هاندا بێت، سەبارەت بە پاداشتەکەش دەڵێ ماوەم پێ بدە تا بیری لێ بکەمەوە، لەلایەن منیش هیچ شتێکت توش نابێ کە ڕقت لێی بێت.

موعاویە لە نامەکەی قیس تێ دەگات کە دەیەوێ کات بکوژێ نامەیەکی تری بۆ دەنێرێت دەڵێ نە نزیک بوویتەوە تا بزانم ئاشتیت دەوێ، نە دوور خۆت ڕاگرت کە بزانم ئامادەی جەنگی، ئەو هەڵوێستەی تۆ وەک مەلاشوی وشترێکی سەربڕاوە.[212] تۆ وەک من نی پیاوانی زۆر لە چواردەورەی بێت و جڵەوەی ئەسپی لەدەست دابێ. فڕوفێڵ دروست بکەم و تەلەکان پوچەڵ بکەمەوە.

قیس دەزانێ تازە موعاویە هەڵناخەڵەتێ بۆیە نیازی دڵی خۆی بۆ موعاویە ئاشکرا دەکات و دەڵێ: تۆ دەتەوێ من فڕیو بدەی و تەماحی لەمن دروست بکەی، تۆ دەتەوێ من لە شوێنکەوتەی کەسێک بە دوور بم کە لە هەموو کەسێک شیاو ترە. لە هەموو کەسێک لەسەر هەق ترە، لە هەموو کەسێک لە پێغەمبەر نزیکترە، تۆ دەتەوێ بچمە ژێر ڕکێفی تۆ، تۆ کوڕی دوو کەسی ڕێ لێ تێکچوەکانی (واتە کوڕی سوفیان و هند) تۆ لە تاغوتی تاغوتەکانی شەیتانی. سەبارەت بەوەی باست کرد کە میسر پڕ دەکەی لە سوار و پیادە ئەوا وا سەرقاڵت دەکەم تەنها خۆت لەبیر بێت.

کاتێک موعاویە بە تەواوی دڵنیا دەبێ لە هەڵوێستی قیس فێڵێکی تری لێ دەکات ئەویش تێکدان و شکاندنی بەندی متمانەی نێوان عەلی و قیس. موعاویە دەست دەکات بە پڕوپاگەندە کە گوایە قیس بۆتە لایەنگری ئەو تاوەکو عەلی دڵی لێ ڕەش بێت.

موعاویە بە خەڵکی شام دەڵێ کەس جنێو بە قیس نەدات، مەهێڵن هێرش بکرێتە سەری ئەو لایەنگری ئێمەیە و ئامۆژگاریمان بە نەهێنی دەکات. ئێوە نابینن چی دەکات لەگەڵ براکانتان لە خەڵکی 'خِرِیتَـا = خیریتا' کەلوپەل و ئازوقەیان دەداتێ، هەر کەسێ ڕووبکاتە ئەو بەڵای توش نابێ.

---

[212] لە زمانی عەرەبیەکە هاتووە (حنک الجزور)، حنک چەند مانایەکی هەیە(مەلاشوە، ناوەوەی دەم بەشی سەروو، لموز)، جزور وشترێکی سەربراوە.

موعاویە دەزانێ سیخوڕەکانی عەلی لە شام قسەکان دەگوازنەوە بۆیە ئەویش بە ئاشکرا ئەو پڕوپاگەندانەی بڵاودەکردەوە، ئاماژە بەوەش دەکەن دەڵێن موعاویە نامەی 'قیس' ی خوێندۆتەوە و وتوویەتی قیس شوێنکەوتەی خوێنی عوسمانە، هەروەها بۆ تۆڵەکردنەوەی عوسمان چەند پیاوی شەڕکەر دەخاتە ژێر دەستی موعاویە.
ئەو هەواڵانە دەگاتەوە لای عەلی و ئەویش موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر و کوڕی جەعفەری کوڕی ئەبی طالب کۆدەکاتەوە و دەڵی ڕای ئێوە چۆنە. دەڵێن نامەی بۆ بنوسە کە شەڕ لەگەڵ 'خیریتا' بکات. 'عەلی'ش فەرمان بە قیس دەکات ئەو شەڕە بکات. بەڵام قیس وەڵام دەداتەوە دەڵێ ئەوان گەورە پیاوانی میسرن، ئەوان لە من ڕازی بوون کە ئەمانیان بدەمێ و ئازوقە و کەلوپەلیان بدەمێ، من دەزانم ئەوان لەگەڵ هەواداری موعاویەن. ئەو نامەیە بۆ عەلی دەنێرێت تاوەکو حالەتەکە ڕوون بکاتەوە دەزانێ ئەگەر شەڕی ئەوان بکات ئەوا دەچنە پاڵ موعاویە کە هێزیشیان دەهەزار کەس دەبێ. بۆیە لای سەیرە کە عەلی ئەو فەرمانە دەردەکات. کاتێک ئەو هەڵوێستی خۆی بۆ عەلی ڕوون دەکاتەوە کە شەڕیان لەگەڵ ناکات. عەلی بۆی دڵنیا دەبێ قسەی موعاویە ڕاستە بۆیە فەرمان دەکات کە لەسەر ویلایەت لایبەرێ و مالک ئەشتەر بچیتە جێگای.
کاتێک مالک ئەشتەر بەڕێدەکەوێ موعاویە بەو کارە دەزانێ بۆیە لە ڕێگادا هەنگوینێکی ژەهراوی دەدەنێ و دەیکوژن. بۆیە موعاویە دەڵێ ئەڵڵا سەربازی لە هەنگوینیش هەیە. پاشان عەلی موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر دەنێرێت تاوەکو ببێتە والی میسر. چیرۆکەکان پاش و پێشی هەیە بۆیە هەندێک دەڵێن موحەمەد دەکوژرێ ئینجا مالک دەنێردرێت.
کاتێک قیس بەوە دەزانێ کە لەسەر فەرمانڕەوایەتی لادراوە دێتەوە مەدینە و ئینجا عەلی دەزانێ کە ئەوەی گوتراوە هەڵە بووە بۆیە شان بەشانی عەلی لە دژی موعاویە دەنجەنگێ.
هەر لەو ساڵەدا علی جرير بن عبدالله بن البجلي دەنێرێتە لای موعاویە تاوەکو بەیعەتی بداتێ. بەڵام موعاویە داوای خوێنی عوسمان دەکات، یان بکوژەکانی عوسمان عەلی بیان کوژێ، یان بکوژەکان ڕادەستی ئێمە بکات. ئەو کاتە جرير دیتی کراسە خوێناویەکەی عوسمان و پەنجە قرتاوەکانی نائلە داندراوە لەسەر مینبەر و

خەڵکی بەدەوریدا دەسوڕێنەوە بۆ ماوەی ساڵێک دەگرین. خەڵکی سوێندیان خواردووە تا ئەو ڕۆژەی تۆڵەی عوسمان دەکەنەوە تخونی ژنەکانیان نەکەون و غوسل لە خۆیان دەرنەکەن تەنها لەکاتی شەیتانی نەبێ. جریر دەگەڕێتەوە بۆ لای عەلی مەبەستی موعاویە دەگەیەنێ. ئەشتەر پێی ناخۆش بوو کە جریر وەک نێردراو چوو و عەلی ئەوی نەنارد، جریر وتی ئەگەر تۆ بچوبای ئەوا یەکسەر دەیان کوشتی چونکە تۆ کەسێکی لە بکوژەکانی عوسمان.[213] ئەمەش باشترین بەڵگەیە عەلی هاوڕێی بکوژانی عوسمان بووە و داڵدەی داون.

**٤. ٥ ڕووداوی شەڕی 'صِفِين = سیففەین'**

شەڕی سیففەین بە یەکێک لە خوێناویترین و گەورەترین شەڕی نێوان موسوڵمانان هەژمارد دەکرێ لەلایەن هەردووک سەرکردە عەلی و موعاویە بەرێوەچوو. ڕووداوە سەرەتاییەکان لەوە دەست پێ دەکات کاتێک عوسمان کوژرا 'ام حبیب' کە کچی 'ابوسوفیان'ە کراسە خوێناویەکەی عوسمان لەگەڵ پەنجە قرتاوەکانی 'نائلة' بە نوعمانی کوڕی بەشیر نارده لای موعاویە.

موعاویە لە وتاری هەینی بە گریانەوە کراسەکەی نیشانی خەڵک داو کە پەنجەکانی نائلەی بە قۆڵیەوە هەڵواسراو بوو. بەمەش تورەیی خەڵکی خرۆشاند و هەموو داوای تۆڵەیان دەکرد.

عەلی چەند جارێک نامەی بۆ موعاویە دەنێرێت بەڵام موعاویە وەڵامی ناداتەوە لە کۆتاییدا کەسێک دەنێرت و بە عەلی دەڵێت ٦٠ هەزار کەسم دیوە لە ژێر کراسەکەی عوسمان دەگریان.

هەر بۆیە علی سوپایەکی ٥٠ هەزار جەنگاوەری کۆدەکاتەوە، هەروەک باسمان کرد لە پاش شەڕی 'جمل' عەلی لە بەسرە بەڕێکەوت بۆ کوفە.

لەوێ هێزێکی زیاتر کۆدەکاتەوە و موعاویەش بەهەمان شێوە هێزێکی زۆری کۆکردەوە. عەلی لە کوفە بەڕێکەوت لە ' نُخَيلة = نوخەیلە' دابەزی پاشان چوو بۆ

---

[213] التاريخ الطبري، اخر حديث الجمل، بعثة علي بن أبي طالب قيس بن سعد بن عبادة اميرا على مصر الى خروج على بن ابى طالب الى صفين، ج ٥ ل ٢٨٤ – ٢٩٤// الكامل في التاريخ، ذكر قتل محمد بن أبي حذيفة الى ذكر تتمة أمر صفين ج ٣ ل ١٥٠ – ١٧٢ // البداية و النهاية، وقعة صفين بين أهل العراق و أهل الشام، ج٧ ل ٢٨٠ – ٣٠٥

مدائین ئینجا بۆ 'رقة'. عەلی فەرمانیدا خەڵکی رەقە پردێک دروست بکەن تاوەکو لە ئاوی فورات بپەڕێتەوە خەڵکی سستیان کرد بەڵام ئەشتەر وتی سوێند بە ئەڵڵا پیاوانتان دەکوژم وڵاتتان وێران دەکەم و سامانتان تاڵان دەکەم بۆیە خەڵکی ئەو پردەیان دروست کرد و لە ئاوی فورات پەڕینەوە تا گەیشتنە سیففەین. موعاویەش لەشکرەکەی نزیکی سیففەین بۆوە.

عەلی، ئەشتەر دەنێرێت کە بگاتە لەشکرەکەی 'زیاد بن النضر' و 'شریح بن هانئ' تاوەکو ببێتە سەرکردەیان و ئەوانیش پابەندی بن. زیاد دەبێتە لەشکری دەستە ڕاستی و شوریحیش دەبێتە سەرکردەی لەشکری دەستە چەپی و ئەشتەریش لە ناوەراستدا. هەروەها عەلی داوایان لێ دەکات پەلە نەکەن لە شەڕ تا ئەوان دەست بە شەڕ نەکەن.

لەشکرەکەی ئەشتەر ڕووبەڕووی لەشکرێکی موعاویە بۆوە بە سەرکردایەتی 'ئەبوئەعوەر = أبو الاعور'. بەرامبەر یەکتر سەنگەریان لێدا. شەو ئەبوئەعور هێرشی کردە سەر ئەشتەر بەڵام خۆ ڕاگریان کرد. بۆ ماوەیەکی کەم جەنگ بەردەوام بوو. بۆ ڕۆژێکی تر دیسان شەڕ هەڵگیرسا بەڵام هەردووکلا خۆڕاگریان کرد. هەردووک سوپا هاوکاری بۆ هات، عەلی گەیشتە لای ئەشتەر و عمرو بن عاص گەیشتە لای ئەبوئەعوەر. شەڕەکە زیاتر خەست بۆوە ئەشتەر توانی ناوچە ئاویەکان بگرێ.

عەلی دوو ڕۆژ لەوێ مایەوە نامەی بۆ موعاویە نارد بەڵام موعاویە وتی لە نێوان ئێمە و ئێوەدا تەنها شمشێر دادوەری دەکات.

هەر بۆیە عەلی دەستی کرد بە جەنگ لەگەڵ موعاویە کە ماوەی مانگێک شەڕ بەردەوام بوو، ساڵی ٣٦ی کۆچی کۆتایی پێهات کەوتنە ساڵی نوێ و مانگی یەکەم کە مانگی حەرام کراوە لە شەڕ. بۆیە شەڕیان ڕاگرت بۆ ماوەی مانگێک.

لە ماوەی ئەو مانگەدا عەلی شاندی دەناردە لای موعاویە بەڵام شاندەکە ڕۆڵی ئاشتیان نەبوو، چونکە مەرجیان ئەوە بوو بەیعەت بدەن بە عەلی دەنا وەک شەڕی 'جمل'یان لێ بەسەر دێت. موعاویەش دەیوت ئێوە بۆ ئاشتی نەهاتوون بۆ هەڕەشە هاتوون، دەیوت من کوڕی 'حرب'م لە هەڕەشە ناترسم. هەروەها دەیوت بکوژانی عوسمان یان خۆتان بیان کوژن یان ڕادەستی ئێمەی بکەن و ئێمە بیان کوژین. تەنانەت داوای 'عمار بن یاسر'ی دەکرد کە کاتی خۆی کۆیلە بوو و دەستیشی هەبوو لە کوشتنی عوسمان، داواکاریەکەی نەک لەبەر عوسمان بەڵکو لەبەر کۆیلەکەی

عوسمان که کوشت بوویان. دیاره موعاویه ئەو ئایەتەی ڕەچاو کردبوو که کەسێک له تۆڵەی ئازادێک دەبێ ئازاد بکوژێ، کۆیله له تۆڵەی کۆیله.[214] ئەوانیش وتیان ناگەیته عەمار تا سەران له ملان نەکەوێ(تاوەکو خوێن ڕشتنێکی زۆر نەکەوێتەوه دەستت ناگاته عەمار).

کاتێک مانگی حەرام تەواو بوو هەدووکلا ئامادەی جەنگ بوون، عەلی وتاریدا وتی من مۆڵەتەم پێدان بۆ لای ڕاستی بگەڕێنەوه له فەرمودەکانی ئەڵڵا بەڵگەم بۆ هێنان و پێشنیاری گەڕانەوەم پێدان، ئێوه وەڵامی ڕاستیتان نەدایەوه، ئێستا شەڕ لەگەڵ ئێوەدا ڕادەگەینم چونکه ئەڵڵا خیانەت کاری خۆش ناوێ. هەروەها عەلی به سوپاکەی خۆی گوت دەستپێشخەری مەکەن تا ئەوان دەست پێ دەکەن، بڕینداران مەکوژن، ئەندامی لەشیان مەبڕن.

شەڕی سیففەین چەند ڕۆژێکی خایاند حەفت ڕۆژی یەکەم هێزێکی سوپاکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونه و یەکەم ڕۆژ ڕۆژی چوارشەم بوو، لەو ۷ ڕۆژه کوشتارێکی زۆر له هەردوکلا کەوتەوه. بەڵام جەنگێکی یەکلاکەرەوه نەبوو. بۆیه عەلی وتی دەبێ هەموو هیزەکانمان بەیەکەوه هێرش بکاته سەر سوپای موعاویه. له ڕۆژی چوارشەمدا عەلی هەموو هێزەکەی خۆی کۆکردەوه هێرشی دەست پێکردەوه و بڕیاریدا هەر هۆزێک بەرامبەر هۆزی خۆی بجەنگێ. ئەو هۆزانەی که له سوپای موعاویه نەبوون ڕووبەڕووی هۆزی تری کردنەوه.

**ئێمه لەو نیازەی عەلی تێناگەین بۆچ هەر هۆزێک بەرامبەر هۆزی خۆی بجەنگێ تۆ بڵێی نیازی ئەوەی هەبووبێ ئەم خوێن ڕشتنه بەردەوام بێت و دووبەرەکی قەت کۆتایی نەیەت یان مەبەستی ئەوه بووه که ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوه شەڕ نەکەن. ئەوەیان ڕێی تێناچێ چونکه جەنگێکی خوێناوی ئەگەر ژنی پەیامبەر لەگەڵ کوڕه مامی پەیامبەر شەڕ بکات، ئەگەر برا دژی خوشک بێت ئەوا تیرەگەرایەتی لەو کاتانەدا دەست لەیەکتری ناپارێزن بەڵکو له ئایندەدا برین زیاتر دەکولێتەوه بەردەوامی زیاتر دەبێ. هەرچۆنێک بیت ناتوانین سەد له سەد له دەرونی عەلی تێبگەین چونکه ئەو زۆر لەسەروی مرۆڤایەتی بوو بۆیه دەڵێن مێژو ئەو نەهێنیەی**

---

[214] دەقی ئایەتی ۱۷۸ سورەتی البقرة: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوه لەسەرتان تۆلەسەندنەوه ئازاد به ئازاد، کۆیله به کۆیله، مێینه به مێینه... يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمْ الْقِصَاص فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْد بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى....

**برده ژێر گڵ. ئەوەش نازانین _هەمەدانیەکان لە هەردووکلا سەنگەریان گرتبوو یان نا؟ جێگای متمانەی عەلی بوون یان نا؟_ هەر ئەڵلا لە سینەی خەڵک دەزانێ. الله اعلم بما في الصدور**

لەو ڕۆژەدا شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا تا ئێوارە بەردەوام بوو کوشتارێکی زۆر کەوتەوە، ئینجا گەڕانەوە بۆ لای بنکەکانی خۆیان و بۆ بەیانی دیسان هێرشی کردەوە سەر لەشکرەکەی موعاویە. شەڕ بەردوام بوو هەتا شەوی هەینی کە ناسراوە بە شەوی هەریر. بە جۆرێک کەوتنە ناویەک تیریان پێ نەما و ڕمیان شکا و شمشێریان لە دەسک ترازا. وەک دەڵێن ئینجا کەوتنە شەڕی دەستەو ئێخە. شەڕەکە بەلای عەلی داشکایەوە

باڵی دەستی ڕاستی هێرشیان برد بەرەو خێوەتەکەی موعاویە. بەڵام موعاویە هێزێکی زۆر لە چوار دەوری خۆی کۆکردبۆوە بۆیە ئەو هێزەیان شکشت پێ هێنا و هێرشیان کردەوە سەر عەلی، ئەو باڵە شکستی هێنا و عەلی ڕایکرد بۆ باڵی چەپی لەشکرەکە و ئەشتەری نارد بۆ باڵی ڕاستە. ئەشتەر ورەی بەرزکردنەوە و کۆیکردنەوە بەرەو خیوەتەکەی موعاویە ڕۆیشتن. لەشکری عەلی لە سەرکەوتن دابوون، عەلی دەیوت

بیان کوژن من موعاویە نابینم ئەو چاوزەقەی ورگ زلە . اقتلهم ولا ارى معاوية الجاحظ العين العظيم الحاوية.[215]

موعاویە پێنج ڕیز جەنگاوەری دانابوو لە پێش خێوەتەکەی. ئەشتەر توانی چوار ڕیز تێکبشکێنێ. کاتێک موعاویە زانی لە دۆڕان دایە بۆیە سواری ئەسپەکەی بوو ویستی رابکات بەڵام پەشیمان بۆوە و ڕاینەکرد. عەلی هاواری کرد وتی ئەی موعاویە بۆ خەڵک بە کوشت دەدەی، داوای شەڕە شمشێری کرد وتی هەرکەسێ سەرکەوی ئەو خەلافەت وەردەگرێ.

عمرو وتی ئەم پیاوە دادوەری کرد.

موعاویە وتی دادپەروەری نابینم تۆ دەزانی ئەو شمشێربازی لەگەڵ هەرکەسێک بکات دەیباتەوە.

عمرو وتی شیاو نییە ڕووبەڕووی نەبیتەوە.

موعاویە وتی تەماحی ئەوەت کرد لە پاش من خەلافەت وەربگری.

---

[215] وشەی 'الحاوية' مانایەکی تری هەیە واتە دواوەی مرۆڤ

عمرو وتی کەواتە پێشنیاری کارێکت بۆ دەکەم هێز بداتە سوپاکەت و بلاوە بەوان بکەی.
موعاویە وتی دەی:
عمرو وتی قورئان بەرز دەکەینەوە و دەڵێن با قورئان دادوەر بێت لە نێوان ئێمە و ئەوان. دەستەیەک لەوان ڕازی دەبن و دەستەیەک ڕازی نابن بۆیە دووبەرەکی دروست دەبێ. ئەگەر ڕازی بن بەڵاو و کوشتارمان لەسەر لادەچێ. قورئان لەسەر نوکی رمەکان دابنێن.
موعاویەش ئەو پێشنیارە قبوڵ دەکات بۆیە شەڕەکە ڕادەگرن.
بەمشێوەیە شەڕی سەففین کۆتای هات و بە لەناوچونی هەزارەها موسوڵمان. دەیان هۆنراوەی جەنگ لە هەردووکلا دەخوێندرایەوە کەسی وەک عەمار تامەزرۆی بەهەشت نەبوو دەیوت مەرگ لەسەر نوکی ڕمەکانە و بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکانە، وا دەرگای ئاسمان کرایەوە و حۆریەکان خۆیان ڕازاندۆتەوە. ئەو حەماسەتەی عەمار، عەماری بەکوشتدا وا ئێستا لە بەهەشت دایە لەگەڵ حوریەکان کە بە ژیانی دیلی نەی دی بوو. بەڵام ئەوەی موسوڵمانی توشی دڵەڕاوکێ کرد ئەوەی بڕوای بەو وتەیەی پەیامبەر بوو دەیوت عەمار دەکوژرێ لەسەر دەستی کەسێکی ئاژاوەگیر. بەڵام موعاویە توانی خەڵکی شام ئاسودە بکات و بڵێ ئەوەی عەماری کوشت ئەو کەسە بوو هێنایە جەنگ.[216]
ئەوەی ئێمە دەزانین و موسوڵمانانی سەردەمی ئەو کاتە لە بیریان کرد پەیامبەر چی وتبوو سەبارەت بە خوێنڕشتنی موسوڵمانان. ابن کثیر لە اسنادی الترمذي دەڵێ لە ئەبوهورەیرە دەگێڕنەوە پەیامبەر وتویەتی: هەموو موسوڵمانیک پارە و ناموس و خوێنی حەرامە لە موسوڵمان، کارێکی خراپە بۆ کەسێکە کە بە چاوێکی کەم سەیری برا موسوڵمانەکەی بکات. **كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حَرَامٌ مَالُهُ وَعِرْضُهُ وَدَمُهُ، حَسْبُ امْرِىءٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحْقِرَ أَخَاهُ الْمُسْلِمِ.**[217]

[216] التاريخ الطبري، خروج علي بن أبي طالب الى الصفين الى ما روي من رفعهم المصاحف و دعائهم الى الحكومة ج ٥ ل ٢٩٣ - ٣٣٠ // الكامل في التاريخ، ذكر تتمة أمر صفين، ج ٣ ل ١٧٢ - ١٩٢// الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد. ل ٢٥٦ – ٢٦٢
[217] تفسير ابن كثير، سورة الحجرات، اية ١٢.

هەروەها لە هەمان سەرچاوە ئەو فەرمودەی پەیامبەر دەخاتە ڕوو و دەڵێ: خوێنی کەسی موسوڵمان حەڵاڵ نییە کە شایەتمان بێنێت کە هیچ خودایەک نییە تەنها ئەڵلا نەبێ و موحەمەد پەیامبەری ئەڵلایە تەنها بە سێ بابەت نەبێ: گیانێک لە بری گیانێک، زیناکەرێک، وازهێنان لە ئاینەکەی و جیاواز لە کۆمەڵەکەی. **لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللهِ، إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: النَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالزَّانِي الْمُحْصَنُ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ.**[218]

لە 'بخاري'دا ئاماژە بە فەرمودەیەکی تری پەیامبەر کراوە دەڵێت: لە پاش من نەگەڕێنەوە بۆ کفر و بە شمشیر لە ملی یەکتر بدەن. **لاَ تَرْجِعُوا بَعْدِي كُفَّارًا، يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ**،[219] کەواتە بە پێی ئەو فەرمودە ئەوا هەردووکلا کافرن.[220]

هەروەها فەرمودەیەکی تر هەیە دەڵێ ئەگەر شمشێر کەوتە نێوان موسوڵمانان ئەوا کوژراو و بکوژ هەردووک لە ئاگرن . **يَقُولُ إِذَا الْتَقَى الْمُسْلِمَانِ بِسَيْفَيْهِمَا فَالْقَاتِلُ وَالْمَقْتُولُ فِي النَّارِ.**[221]

کەوابوو ئەو شەڕانەی کرا دژی ئەو فەرمودانە بوو، ئەگەر ئەهلی سوننە موعاویە و هێزەکەی بە موسوڵمان دادەنێن ئەوا هەردووکلا کافرن واتە موعاویە و عەلی و هێزەکانیان. کەواتە ئەهلی سوننە و شیعە بە دوای کافران کەوتون.

### ٤. ٦ هەڵگرتنی قورئان لەسەر نوکی ڕمەکان

پاش ئەوەی لایەنگرانی موعاویە قورئان لەسەر نوکی ڕمەکان هەڵدەگرن، تا قورئان ببێتە دادوەر و ئەو ئایەتەیان کرد بە بەڵگە( أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيبًا مِنَ الْكِتَابِ يُدْعَوْنَ إِلَى كِتَابِ اللَّهِ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ يَتَوَلَّى فَرِيقٌ مِنْهُمْ وَهُمْ مُعْرِضُونَ. ال عمران ٢٣)

---

[218] تفسير ابن كثير، سورة الاسراء، اية ٣٣

[219] صحيح البخاري، كتاب الفتن، باب قول النبي صلي الله عليه وسلم: لاترجعوا بعدي كفارا، يضرب بعضكم رقاب بعض

[220] تفسير ابن كثير، سورة الانعام، ايه ٦٥.

[221] صحيح البخاري، كتاب الايمان، باب و ان طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فاصلحوا بينهما فسماهم المؤمنين.

هەندێک لەلایەنگرانی عەلی ڕازی دەبن بەڵام عەلی ڕازی نابێ. عەلی دەڵێ بجەنگن لەسەر هەق و ڕاستی خۆتان دژ بە دوژمنانتان. من ئەوانە(معاوية، عمرو بن العاص، ابن أبي معيط، حبيب بن مسلمة، ابن أبي سرح، ضحاك بن قيس) دەناسم ئەوان هاوەڵی ئاین و قورئان نیین، من باشتر لە ئێوە دەیان ناسم. من هاوەڵی ئەوانم بە منداڵی و گەورەیی کردووە. خراپترین منداڵ و خراپترین پیاو بوون. داڕزێن! ئەوەی ئەوان بەرزیان کردۆتەوە نە دەیزانن و نە پەیرەوی دەکەن. بەرزیان کردۆتەوە تەنها بۆ فریودانی ئێوەیە، بۆ تەڵە دانانەوەیە.

وتیان کاتێک پێشنیاری ئەوەیان داوە ناتوانین ڕازی نەبین.

'مسعر بن فدكي التميمي' لەگەڵ 'زيد بن حصن الطائي' و دەستەیەک قورئان خوێن وتیان ئەی عەلی ئێستا پێشنیاری گەڕانەوەیان بۆ لای ئەللا کردوە دەبێ ڕازی بی ئەگەر نا تۆ و بنەماڵەکەت تەسلیمی ئەوان دەکەین ئەو بەڵایەی بەسەر عوسمان هات بەسەر تۆی دێنین. هەروەها داوا لە ئەشتەر بکە بێت و شەڕ رابگرێ. عەلی 'یزید بن هانئ' دەنێرێ بەڵام ئەشتەر سەرقاڵی جەنگ دەبێ نایەت ئەوانیش دەڵێن تۆ پێت وتوە شەڕ ڕانەگرێ بۆیە هەڕەشەی لێدەکەن ئەویش دەڵێ من لەبەر چاوی ئێوە کەسێکم نەنارد بۆ لای ئەشتەر تاوەکو بێتە ئێرە؟ بۆیە عەلی دیسان بە یزید دەڵێ داڕزێی برۆ بە دوای ئەشتەر، ئەوە فیتنە دروست بوو و هەڵگەڕانەوە، ئەوە پلانی کوڕی لەشفرۆشە، بزانە چی لێ بەسەر هێناین. دەگێڕنەوە عەلی داوای کردوە ئەشتەر بێت دەنا دەمکوژن وەک عوسمان.

هەروەها هەڵوێستی ئەشتەریش وەک عەلی دەبێ نایەوێ شەڕ رابگیرێ بەڵام یزید پێی دەڵێ تۆ ڕازی لێرە سەرکەوتن بێنی و عەلی لەوێ بکوژرێ بۆیە ئەشتەر ڕازی دەبێ و دەست لە شەڕ هەڵدەگرێ و دێتە لای عەلی. بە عێراقیەکان دەڵێ ئەوان قورئان و فەرمودەکانیان پشتگوێ خستووە کاتێک سەردەکەوتین ئەوان قورئانیان بەرزکردەوە، لێم گەڕێن با سەرکەوم بەسەریاندا بەڵام ئەو دەستەیە ڕازی نابن، بۆیە ئەشتەر بەبیریان دەهێنێتەوە دەڵێ ئێوە گەورەکانتان کوژرا و ڕیسواکانتان ماوە، پێم بڵێن کێ لەسەر ڕاستی بوو! ئەگەر ئێستا دەست لە جەنگ هەڵگرن بەهەڵەداچو بوون یان ئەوە ڕێگای ڕاستە و گەورەکانتان لە دۆزەخن، ئێمە بۆ ئەڵڵا جەنگاین و بۆ ئەڵڵا واز لە جەنگ بهێنین؟ سوێند بە ئەڵڵا ئێوە هەڵخەڵەتاون نەعلەت لە ئێوە. بۆیە ئەوانیش جنێویان بە ئەشتەر داو بوو بەشەڕە قامچی بەڵام عەلی وتی ڕاوەستن.

له دواییدا ئەشعس دێتە لای عەلی دەڵێ مۆڵەتم پێ بدە بچم بۆ لای موعاویە بزانم نیازیان چییە. عەلیش مۆڵەتیان پێ دەدات.
کاتێک دەگاتە لای موعاویە دەڵێ ئێوە بۆ قورئانتان بەرزکردەوە، وتی بۆ ئەوەی ئێمە و ئێوە بۆ فەرمودەی ئەڵڵا بگەڕێینەوە، ئێوە لە خۆتان کەسێک هەڵبژێرن و ئێمەش کەسێک ئەوان پەیمان بدەن لە سەر فەرمودەکانی ئەڵڵا و پەیامبەر بجوڵێینەوە، سنور نەبەزێ، دواتر لەسەر چی ڕێککەوتن پشتی پێ دەبەستین.
ئەشعەس ڕازی بوو وتی کارێکی ڕەوایە، خەڵکی شام 'عمرو بن العاص'یان هەڵبژارد، ئەشعەس و 'زيد بن حصين' و 'مسعر بن فدكي' گوتیان ابوموسى الاشعري هەڵدەبژێرین، عەلی وتی پێشتر بە فەرمانی من نەجوڵانەوە و ئێستاش لە فەرمانی من لامەدەن با کوڕی عەباس بچێت ئەوان ڕازی نابن دەڵێن هەر ئەو(ابوموسى الاشعري) ئێمەی لە بەڵاو گێژاو ڕزگار کردووە. وتیان کوڕی عەباس لەگەڵ تۆ چ جیاوازیەکی هەیە؟ هەرچەندە عەلی بڕوای بە ابوموسا نەبوو بەڵام ناچاریان کرد، هەروەها هاولێکی عەلی بە ناوی ئەحنەف هاتە لای وتی ئەو پیاوە دەناسم چارەنوسی لا نییە دەبێ کەسێک ڕووبەڕووی ئەوان بێتەوە بەهێز بێت. من بنێرە ئەگەر عمرو هەر گرێک دروست بکات من ئەیکەمەوە. بەڵام خەڵکی ڕازی نەبوون.
پاش ئەوەی عەلی ڕازی بوو یەکەمین گرێ دروستیان کرد بۆ عەلی گوتیان نابێ بنوسرێت ئەمیری باوەڕداران، دەبێ بەناوی خۆی بنوسرێ عەلی کوڕی أبي طالب. گوتیان ئەو پێشەوای ئێمە نییە، عەلی یەکەمجار ڕازی نەبوو تەنانەت ئەحنەف وتی ئەگەر ئەو ناونیشانە بسڕیەوە گومان دەکەم قەت وەری ناگریەوە. عەلی وتی وەک پەیماننامەی حودیبیە کە ناوی پێغەمبەریان ڕەشکردەوە، عمرو وتی عەلی ئێمەی کردە بێباوەڕ، عەلیش جنێوی پێدا وتی ئەی کوڕی لەشفرۆش. [222] عەلیان ملکەچ کرد هەروەک چۆن پەیامبەر لە پەیمانامەی حودەیبیە پەیامبەر ناوی خۆی ڕەشکردەوە نوسی محمد بن عبدالله عەلیش بەهەمان شێوە ناونیشانی ئەمیری باوەڕدارانی لێ ڕەشکرایەوە.

---

[222] ئەو جنێوەی عەلی بە 'عمرو بن عاص' هەرەمەکی نەبووە چونکە مێژوی لە دایک بوونی عمرو بەم جۆرە بووە(دەگێڕنەوە دایکی 'عمرو' لەشفرۆش بووە و لە مەککە ئالای لەبەر دەرگا بووە، لە ڕۆژێکدا نۆ کەس دەچن لاقەی دەکەن لەو ناودارانە (ابولهب، امية بن خلف، هشام بن المغيرة، ابو سفيان، العاص بن وائل)، پاش نۆ مانگ 'عمرو' لە دایک بوو هەریەک لەوانە داواکاری 'عمرو' بوون بەڵام نابیغەی دایکی دای بە 'عاص بن وائل' چونکە خێری زیاتری بۆ هەبوو. بۆیە ناونرا عمرو بن عاص) کەسێک لەو تێکەڵیە لە دایک بووبێ دەبێ هێندە فێڵ باز و تەڵەکە باز بێ.

نامەکە بەم شێوەیە نوسرا:
ئەمە نامەی دادوەری کردنی عەلی کوڕی ابی تالیب و موعاویە بن ابی سوفیانە،
عەلی نوێنەرایەتی خەڵکانی کوفە و هاوەڵان دەکات کە باوەڕدارن و موسوڵمانن.
موعاویە نوێنەرایەتی خەڵکی شام و هاوەڵانی دەکات کە باوەڕدارن و موسوڵمانن.
ئێمە بە فەرمودەکانی ئەڵڵا و پەیامبەر ڕازین، کتیبی ئەڵڵا لەسەرەتا تا کۆتایی لە نێوان ئێمەدایە. دادوەرەکان 'عمرو بن عاص' و 'ابوموسا الاشعریە'، هەرچیان لە قورئان دەستکەوت پشتی پێدەبەستن، ئەگەر لە قورئان دەستیان نەکەوت ئەوا پشت بە وتەکانی پەیامبەر و سوننەت دەبەستن.
بڕیاردرا لە 'دومە الجندل' کۆبنەوە ئەگەر کۆنەبوونەوە ئەوا ساڵێکی تر لە ئەزەرح کۆدەبنەوە.
لەو دانیشتنەدا تەنها دوو گێڕانەوەی گرینگ باس کراوە:
یەک:
عمرو دەست بە قسە دەکات و وتی ئەی ابوموسا بۆچوونی من ئەوەیە یەکەم بڕیارمان سەبارەت بە ڕاستی و ناڕاستی پەیمان بۆ خەڵکان دادوەری بکەین.
ابوموسا وتی چۆن.
عمرو وتی: مەگەر نازانی موعاویە لەگەڵ خەڵکی شام لە کاتی دیاریکراو هاتن.
ابوموسا وتی: بلێ
عمرو وتی: دە ئەمە بنوسە. پاشان وتی ئەی ابوموسا نابینی عەلی لەکاتی خۆی نەهات.
ابوموسا وتی: بەلێ
عمرو وتی: دە ئەمە بنوسە. ئەی ئەبو موسا دەتوانی کەسێک دابنێی تا کاروباری ئەو ئۆمەتەی پێ بسپیرین، ئەگەر شوێنکەوتەی تۆ شیاو بێت دوای دەکەوین ئەگەر نا دەبێ تۆ شوێنکەوتەی ئێمە بیت.
ابوموسا وتی: عبدالله بن عمر
عمرو وتی: من ڕازی نیم بەڵکو موعاویە کوڕی ئەبی سوفیان پێشنیار دەکەم.
ابوموسا هاتە دەرێ وتی عمرو هاوشێوەی ئەو ئایەتەیە(بیخوێنەوە هەواڵی ئەو کەسانەی کە نیشانەی خۆمان پێ بەخشی کەچی خۆی لێ داماڵی و شەیتان دوای کەوت. واتل علیهم نبأ الذي اتيناه فانسلخ منها فاتبعه الشيطان.. الاعراف ١٧٥)

عمرو وتی ابوموسا هاوشێوەی ئەو کەرەیە هەڵگری کتێب بێت. مثل الحمار يحمل أسفارا.[223]

دوای ئەو پەیمان نامەیە نوسرا وتیان ئەشتەر ڕازی نییە واژۆی بکات، عەلی وتی منیش لەسەرەتا ڕازی نەبوم، کە من ڕازی بووم ئێوە پەشیمان بوونەوە، ڕەوا نییە سنوری قورئان ببەزێندرێت.

هەر لەسەرەتای دانیشتنەکە عەلی فەرامۆش کرا لە کاتێک دەڵێن ئەو دانیشتنە ٨
مانگی خایاند.

دووهەم: عەلی ٤٠٠ کەسی نارد بە سەرکردایەتی 'شريح بن هانی' تاوەکو لەگەڵ ابوموسا بەڕێکەون، 'ابن عباس'ی کرد بە پێشنوێژی ئەوان. موعاویەش ٤٠٠ کەسی نارد لە خەڵکی شام، ڕوویان لە دومە جندل کرد لە ئەزرەح کۆبوونەوە.

کاتێک دادوەرەکان یەکتریان بینی عمرو بن عاص وتی ئەی ئەبو موسا عوسمان بە ستەم کوژرا.

ابوموسا وتی: بەڵێ.

وتی: دەزانی موعاویە و کەسانی بنەماڵەکەی جێگرەوەی ئەوەن؟

وتی: بەلێ

وتی: ئەڵڵا دەڵێ ' هەر کەسێک بە گوناح بکوژرێ دەسەلاتمان داوەتە نزیکترین خزمی تۆڵەی بۆ بکاتەوە، بە جۆرێ زیاد ڕەوی نەکات لە کوشتن، ئەو کەسە پشتیوانی لێکراوە. **مَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ ۖ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا . الاسراء ٣٣**

هەروەها وتی چ ڕێگریەک هەیە موعاویە میراتگری عوسمان بێت(مەبەستی ئەو ئایەتەی سەرەوەیە کە مافی تۆڵەسەندنەوەی هەبێ هەروەها شیاو بێت بۆ خەلافەت)، لەناو قورەیش پێگەیەکی هەیە، ئەگەر دەترسی خەڵک بلێن ئەو هیچ پێشینەیەکی نییە لەسەر ئیسلام. دەتوانی بڵێی من میراتگری عوسمانی خەلیفەی بە ستەم کوژراوم دۆزیەوە و داواکاری خوێنیەتی، کەسێکی سیاسەتمەدار، کەسێکی بە مشورە، برای 'ام حبيب'ە کە خێزانی پەیامبەرە. یەکێک بوو لە هاوەڵانی پەیامبەر. ئەگەر موعاویە دەسەلات وەربگرێ پێگەیەکت پێ دەبەخشێ هیچ خەلیفەیەک ئەو کارەی نەکردبێ

---

[223] ئەو دەربڕینە لە ئایەتی ٥ی سورەتی الجمعة دەرهاتووە. مثل الذين حملوا التوراة ثم لم يحملوها كمثل الحمار يحمل أسفارا....

ابوموسا وتی: ئەی عمرو لە ئەللا بترسە. سەبارەت بە پێگەی موعاویە بزانە خەلافەت بە پێگە نییە، ئەگەر پێگە پێوەر بێت ئەوا خەلافەت بۆ بنەماڵەی 'ابرهە مصباح' دەبوو. خەلافەت تایبەتە بە ئاییناس و ئەڵلاپەرستی، ئەگەر من بیدەم بە بیروباوەڕترین کەس و باشترین پەیگەی هەبێ لە قورەیش ئەوا بە عەلیم دەسپارد.
سەبارەت بە پەیدابونی دەسەڵات ئەگەر هەموو دەسەڵاتی خۆی بە من ببەخشێ خەلافەت بە ئەو ناسپێرم، سەبارەت بە کاروباری ئەللا من بەرتیل وەرناگرم.
ابوموسا بە هیچ پێشنیارێکی عمرو ڕازی نەبوو، یەکێ لەو پێشنیارانە کوڕی عومەری کوڕی خەتاب ببێتە خەلیفە. عمرو دەڵێ ئەگەر بە کوڕی عومەر ڕازی نیی بۆچ بە کوڕی من ڕازی نابی. ابوموسا دەڵێ کوڕەکەت کوڕێکی ڕاستگۆیە بەڵام پەلکێشت کردووە بۆ فیتنە.
عمرو دایم ابوموسای پێش دەخست لە قسەکردن تەنانەت 'ابن عباس' گومانی هەبوو کە بۆچ عمرو هەمیشە ابوموسا پێشدەخات لە قسەکردن.
ئەو پێشخستنە تەڵەیەک بوو بۆ ابوموسا. ابوموسا وتی پێشنیاری من ئەوەیە هەردووکلا(عەلی و موعاویە) لەسەر کاری خەلافەت لابردرێن.
عمرو وتی ڕاستە و بۆچونێکی دروستە.
پاشان بەرامبەر خەڵکی هەستان عمرو ئەوی پێشخست!
ابوموسا پاش ئەوەی ناوی ئەڵلای هێنا، وتی ئەی خەڵکینە لەکاروباری ئەو ئۆمەتە ورد بومەوە بۆ چاکسازی و نەهێشتنی دووبەرەکی. بەباشم زانی موعاویە و عەلی لەسەر کار لابەرم. خەڵکان خۆیان کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ خەلافەت.
عمرو وتی: خەڵکینە بینیتان ئەو هاوڕێکەی خۆی لەسەر کار لابرد، منیش لەسەر کار لای دەبەم بەڵام هاوڕێی خۆم موعاویە دەکەم بە خەلیفە چونکە ئەو خوازیاری خوێنی عوسمانە.
ابوموسا وتی خیانەتت کرد. نمونەی تۆ وەک ئەو سەگەیە دەوەڕێ پەلاماری بدەی و نەدەی.
عمرو وتی تۆ لە کەرێک دەچی کە کتێب هەڵدەگرێ.
شوریح بە قامچی لە 'عمرو'ی دا کورەکانی ئەوانیش بە قامچی لێیاندا. بەم شێوەیە خەلافەت درایە موعاویە.
کاتێک چوونەوە شام خەلافەتیان بە 'موعاویە' سپارد.

لەو ڕۆژەوە عەلی لە نویژدا دەیگوت ئەوانە بە نەعەلەت بن(موعاویە، عمرو، ابو الاعور، حبیب، عبدالرحمن بن خالد، ضحاک)
موعاویەش بەهەمان شێوە ئەو کەسانەی (عەلی، ئەشتەر، ابن عباس، حسن، حسین) بە نەعلەت دەکرد.
بەمشێوەیە عەلی خەلافەتی لە ناوچەی شام بە تەواوەتی لەدەست دەدات لەنێوچەوانی ئەبوموسا.[224]

## ٤. ٧ خەواریجەکان

لەو کاتانەی پەیماننامەی دادوەری دروست بوو، دەستەیەک لە عەلی جیابونەووە چون بۆ 'حەرورا = حَرُرَاء'، ڕەخنەیان گرت چۆن بۆ بڕیار و دادوەری بە نەوەی ئادەم بسپێردرێت چونکە ئەو کارە تایبەتە بە ئەڵڵا. ١٢ هەزار کەس لە عەلی جیادەبنەوە و دەچنە دەرەوەی کوفە و سەنگەر دەگرن هەندێک دەڵێن ١٤ هەزارن و ابن کثیر دەڵێ ٨ هەزار کەس دەبن، ئەوانە پێیان دەگوترا خەواریجەکان.
خەواریجەکان سێ بەڵگەیان هەبوو کە بە هۆیەوە لە عەلی جیابوونەوە:
یەک: حوکم کردن لە کاری ئەڵلایە حوکمەکەش تەنها هی ئەڵلایە.
دوو: خوێنی حەلال کرد بەڵام ژن و ماڵ ومنداڵی حەلال نەکرد، ئەگەر کافر بوون ماڵیان حەڵاڵە ئەگەر موسوڵمان بوون خوێنیان حەڵاڵ نەبوو.
سێ: لە کاتی پەیماننامەکە وشەی میری باوەڕەدارانی سڕیەوە ئەگەر میری باوەڕداران نەبێ دیارە میری کافرانە.
بۆیە ابن عەباس دەچێت قسەیان لەگەڵ دەکات تاوەکو بیان هێنێتەوە ژێر ئاڵای عەلی کە بەمشێوەیە وەڵامی دانەوە، بۆچ ڕەخنە لەو دادوەریە دەگرن، ئەڵڵا دەڵێ ( ئەگەر ئاشتەوایان ویست ئەڵڵا چاکیان دەکاتەوە . ان یریدا اصلاحا توفق الله بینهما. سورة النساء ٣٥) بۆ ئۆمەتی موحەمەدیش بەمشێوەیە. خەواریجەکان وتیان: ئەو حوکمانەی کە دراوەتە دەستی مرۆڤ، ئەڵڵا فەرمانی داوە تێیدا ورد ببنەوە و چاکسازی تێدا بکەن، ئەمە بۆ مرۆڤە وەک فەرمانی داوە. بەڵام ئەو حوکمەی کە ئەڵڵا فەرمانی

---

[224] الکامل في التاریخ، ذکر تتمة أمر صفین، ل ١٩٢ ـ ٢٠١ // تاریخ الطبري، ما روي من رفعهم المصاحف و دعائیهم الی الحکومة، ج ٦ ل ٣ ـ ١٢ // البدایة و النهایة، قصة التحکیم، ٣٠ ٥ ـ ٣١٤

لەسەر داوە دادوەری تەنها بۆ ئەوە، حوکمی زانی ١٠٠ جەڵدەیە، بڕینەوەی دەستی دزە، ئەوا مرۆڤ ناتوانێ حوکمی لەسەر بکات.

ابن عباس وتی ( دوو کەسی شارەزا دادوەری بکات. یحکم به ذوا عدل منکم. سورة المائدة ٩٥)

ئەوانیش وتیان تۆ حوکمی ڕاو و کێشەی ژن و مێرد وەک حوکمی خوێن ڕژانی موسوڵمانان سەیر دەکەی؟ ( **خوێنەری ئازیز لەو گفتوگۆیەدا مانا دابەخشێ هەتا ئەو دوو ئایەتە بە تەواوی نەخوێنیەوە ابن عباس ویستی یاری بە ئایەتی قورئان بکات، چونکە لە هەردووک ئایەت کە هێنایەوە، نیوەی خوێندەوە، چونکە ئەو ئایەتەی یەکەم بۆ کێشەی ژن و مێردە، ئایەتەکەی دووهەم بۆ کێشەی ڕاوە. بۆیە ئەوانیش تێنەکەوتن و بەمشێوەیە وەڵامی 'ابن عباس'یان دایەوە)**[225]

یەکەم کەس بە ناوی 'حرقوص بن زهیر' لە عەلی جیابۆوە، بوو بە خەواریج کە ناسراو بە 'ذو الخویضرة التمیمي'، کاتی خۆی ئەو کەسە بە پەیامبەری وتبوو دادوەر بە لەسەر دابەشکردنی غەنیمە، عومەری کوڕی خەتاب دەڵێ با لەگەردەنی بدەم.

هەروەها پەیامبەری ئیسلام بەو کەسانەی وت: ئەوە و هاوەڵانی قورئان دەخوێنن لە قورگیان ئاوا نابێ، لە ئاین دەردەچن وەک تیر لە کەوانەکەی . **إنَّ هَذَا وَأَصْحَابَهُ يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ لَا يُجَاوِزُ حَنَاجِرَهُمْ يَمْرُقُونَ مِنْهُ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنْ الرَّمِيَّةِ.**[226]

پاشان عەلی دەچێتە لایان دەڵێ بۆ دژایەتی من دەکەن، یزد کوڕی قیس دەڵێ بە هۆی دادوەری، عەلی سوێندی پێدادا وتی ئەو کاتە قورئان بەرزکرایەوە من نەم وت ئەو کەسانە هەڵتان دەخەڵەتێنن ئەو کاتەی بیر خستنەوە کە دەیوت لە مناڵیەوە دەیان

---

[225] ئەگەر زانیتان کێشەی نێوان ژن و مێرد دروست دەبێ، ئەوا کەسێکی دادوەر لە کەسی پیاوەکە بهێنن و کەسێکیش لە خێزانی ژنەکە بهێنن. ئەگەر ئاشتەوایان ویست ئەڵڵا چاکیان دەکاتەوە، ئەڵڵا کەسێکی زانا و ئاگایە. وان خفتم شقاق بینهما فابعثوا حکما من اهله و حکما من اهلها **ان یریدا اصلاحا یوفق الله بینهما** ان الله کان علیما خبیرا. النساء ٣٥. // ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، لە کاتی ئیحرامدا نێچیر ڕاو مەکەن، ئەوەی بە ئارەزوو ڕاوی بکات لە تۆڵەیدا دەبێت قوربانیەکی وەک ئەو نێچیرە پێشکەش بکات و ئەو بڕیارەش دەبێ دوو کەسی شارەزا دادپەروەری بکات....... یا ایها الذین امنوا لاتقتلوا الصید و انتم حرم و من قتله منکم متعمدا فجزاء مثل ما قتل من النعم یحکم به ذوا عدل منکم...... التوبة ٩٥

[226] صحیح مسلم، کتاب الزکاة، باب ذکر الخوارج و صفاتهم

ناسم کە خراپترین منداڵ و خراپترین پیاو بوون. وتیان پێمان بڵێ ئایا ئەمە ڕاستە دادپەروەری پیاوان بکرێ لە خوێن؟

عەلی وتی: ئێمە پیاوانمان نەکردوە بە دادوەر بەڵکو قورئان، قورئان نوسراوێکە قسە ناکات، پیاوان قسەی پێ دەکەن. وتیان ئێمە کفرمان کرد و تۆبەمان کرد تۆش تۆبە بکە تا بەیعەتت پێ بدەین.

عەلی وتی بڕۆن ناو شار شەش مانگی تر چاوەڕێ بن تا خەڕاج کۆدەبێتەوە دواتر ڕووبەڕووی دوژمن دەبینەوە، قسەی ئەوان وەرناگرین ئەوان درۆیان کرد. عەلی زۆر پێویستی بە خواریج بوو چونکە هێزێکی زۆر بوون و نەی دەویست لەدەستی ئەو دەربچن بۆیە دەیویست لەگەڵیان نەرم بیت.

هەروەها دەڵێن کاتێک عەلی خەڵکی ڕەوانەی دادوەری کرد، دوو کەس هاتنە لای 'زرعة بن البرج الطائي' و 'حرقوص بن زهير السعدي' وتیان دادپەروەی بۆ ئەڵڵایە.

عەلی وتی: دادوەری تایبەتە بە ئەڵڵا

حورقوس وتی لە گوناحی خۆت خۆش بە تۆبە بکە ئێمە بنێرە بۆ جەنگ.

عەلی وتی پێشتر ئەو پێشنیارەم بۆ کردن. بە فەرمانی منتان نەکرد. لە نێوان ئێمەو ئەوان مەرجمان داناوە و پەیمان نوسراوە ئەللا دەڵێ: بە وەفا بن بۆ ئەو پەیمانەی ئەڵڵا کە بەستوتانە، پەیمان نەشکێنن پاش ئەوەی بڕیاری لەسەر درا، ئێوە ئەڵڵاتان کردووە بە وەکیل، ئەڵڵا زانایە بەوەی دەیکەن. **وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا ۚ إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ.** النحل ٩١.

رزعە وتی: سوێند بە ئەللا ئەگەر کەسێک بکەیتە دادوەر سەبارەت بە کتێبی ئەڵڵا ئەوا لە دژی تۆدا دەجەنگم.

عەلی وتی بەدبەخت بی دڵتەنگ بی، من دەتبینم کوژراوی و با بەسەر لاشەتدا هەڵدەکات.

ئەوان لە مەبەستی دادوەری تێنەدەگەیشتن دادوەری لە ڕێگای قورئان دەکرێ نەوەک قورئان دادوەری بکرێ.

خەواریجەکان عەرەب بوون چۆن لەوە تێنەدەگەیشتن. ئەو دادوەریە هەڵسەنگاندنی قورئان نەبوو تەنها دادوەری لە نێوان دووکۆمەڵ بوو لە ڕێگای قورئان هەقانیەتی لایەنەک دەردەکەوێ.

بۆچ خەواریج تەنها لە عەلی دەرچوون بۆچ لە شام دەرنەچوون. ئەو بیرۆکە لە خەڵکی شام دەرچوو نەوەک لای عەلی. موعاویە و عمرو بیرۆکەی دادوەریان دانا کەچی ئێخەی عەلیان گرت.
هەروەها بۆچ یەکەم جار ڕازی بوون و پاشان پەشیمان بوونەوە. ئایا هەموو تەڵە و فێڵ نەبووە لە عەلی کراوە.
دەگێڕنەوە لە کاتی وتاردانی عەلی خەڵکی هاواریان دەکرد دادوەری تەنها بۆ ئەڵڵایە. عەلی وەڵامی دانەوە وتی بێ دەنگ بن، ئەگەر لە دژی ئێمە ئالا بەرزبکەنەوە لە دژیان دەجەنگین واتە دژی خەواریجەکان.

خەواریجەکان لە نزیک پردی نەهرەوان جێگیر بوون نامەیان بۆ خەڵکی بەسرە نارد تاوەکو پشگیریان لێبکرێت، خەواریجەکان لە کوفە دەرچوون ئەو ئایەتەیان دەخوێند (کاتێک لە شار بە ترسەوە دەرچوو، چاوەڕێ بوو شتێ ڕووبدات، وتی ئەی خوایە لەو خەڵکە ستەمکارە ڕزگارم کە. کاتیک بەرەو شاری مەدین ڕۆیشت، وتی ئومێدەوارم کە خودا ڕێگای ڕاستم نیشان بدات. فخرج منها خائفا یترقب قال رب نجنی من القوم الظالمین. ولما توجه تلقاء مدین قال عسی ربی ان یهدینی سواء السبیل. القصص ٢١، ٢٢).
هەندێ لە هاوەڵانی عەلی و شوێنکەوتوانی بەیعەتیان دووبارە کردەوە لەسەر بنەمای کتێبی ئەڵڵا و سوننەتی پەیامبەر. تەنها 'ربيعة بن أبي شداد' نەبێ وتی لەسەر سوننەتی ئەبوبەکر و عومەر، عەلی وتی دەتبینم لە خەواریجەکان دەبی و دەکەویە ژێر سمی ئەسپەکان و دەکوژرێی.
عەلی نامەی بۆ خەواریجەکان نوسی تاوەکو بگەڕێنەوە هەر هەموویان لە سەنگەرێک بن دژی دوژمنانیان. بەڵام دواتر ئەوان وەڵامی عەلیان دایەوە کە ئەو کارەی ئەو تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیەتی دەبێ تۆبە بکات. پاشان عەلی هێزێکی گەورەی کۆکردەوە لە خەڵکی کوفە و بەسرە کە ژمارەیان دەگەیشتە ٦٨٢٠٠ جەنگاوەر.
خەواریجەکانیش خۆیان کۆکردەوە و دەچنە گوندێک پیاوێک دەکوژن و سەری دەبڕن، ئینجا خوینەکەی دەخەنە ناو ئاو. پاشان پەلاماری ژنەکەیان دا وتی من ژنم بەڵام گوێیان نەدایە و سکیان هەڵدڕی و منداڵەکەی ناوزگی دەردێنن. کاتێک عەلی

ئاگادار بوو لەو کردارانەی خەواریج، نوێنەرێک دەنێرێت تا لێکۆڵینەوە بکات پاشان ئەو دەگاتە نەهرەوان لەوێ ئەی کوژن.
عەلی لە ڕوباری فوڕات دەپەڕێتەوە، کەسێک دەنێرێت تا بکوژانی ئەو چەند کەسە(مەبەست لە نوێنەر و ژن و پیاوەکەیە) تەسلیم بکەن، ئەوانیش وتیان ئێمە هەمووشمان بکوژی ئەوانین و خوێنی ئێوەش بۆ ئێمە حەڵاڵە.
لەشکرەکەی عەلی لە باڵی ڕاست و چەپ پێکهاتبوو لەگەڵ ڕیزێک لە سوار و تیرهاویژ، خەواریجەکانیش بەهەمان شێوە لەشکرەکەیان لە دوو باڵ پێکهاتبوو. لە ئەنجامی شەڕێکی قورس لەشکری عەلی توانیان خەواریجەکان بە تەواوی تێکبشکێنن و سەرکردەکانیان بکوژن. سەرهەڵدان و لێدانی خواریجەکان لە ساڵی ٣٧ی کۆچی بوو هەندێکیش دەڵێن لە ساڵی ٣٨ی کۆچی بووە.
ئەوەی سەیرە ڕوویدا لە پاش تەواو بوونی جەنگی ئیسلام لەگەڵ ئیسلام، عەلی بڕیار دەدات جیهاد دەست پێ بکات بەڵام خەڵکی خۆیان لە شەڕی جیهاد دەدزنەوە. عەلی سەرزەنشتی ئەو هاوەڵانەی خۆی دەکات بۆچ خۆیان لە جیهاد دەشارنەوە.[227]
ئەوەی من ئاگادار بم تا ئێستا موسوڵمانێکی زانا شیکاری ئەو هۆکارانەی نەکردووە بۆچ خەواریجەکان لە عەلی هەڵگەڕانەوە، لە کاتێکدا خۆیان بەو دادوەریە ڕازی بوون کە عەلی ڕازی نەدەبوو. هەروەها لەو هۆکارانە تێناگەین بۆچ هاوەڵانی عەلی شەڕی خەواریجیان کرد کەچی خۆیان لە جیهاد دزیەوە!!

### ٤. ٨ ڕووداوەکانی ساڵی ٣٨ی کۆچی

پاش ئەوەی عەلی فەرمانداریەتی میسر دەداتە موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر، موعاویە نیازی هێرش کردنی سەر خەڵکی میسری دەبێت، لەو کاتانەدا شوێنکەوتوانی خوێنی عوسمان دژی موحەمەد دەوستنەوە، دەبنە لایەنگری موعاویە. عەلی دەیەوێ موحەمەد لابەرێ ئەشتەر بکاتە والی میسر بەڵام موعاویە بەو کارە دەزانێ و پلانی کوشتنی ئەشتەر دادەڕێژێ. ڕووداوەکانیش دەڵێن بەم شێوەیە سەرچاوەی گرتووە: موحمەد شەڕی ڕاگەیاند دژی خەڵکی خیربەتا، 'ابن مضاهم الكلبي'ی نارد بەڵام

---

[227] تاريخ الطبري، اعتزال الخوارج و اصحابه و رجوعهم بعد ذلک، ج ٦ ل ١٢ - ٣٠ // الكامل في التاريخ، ذكر اعتزال الخوارج عليا و رجوعهم اليه+ خبر الخواريج عند توجيه الحكمين و خبر يوم النهر + ذكر قتال الخوارج + ذكر رجوع علي الى الكوفة، ج ٣ ل ٢٠٢ - ٢٢٥// البداية و النهاية، خروج الخوارج من الكوفة و مبارزتهم عليا، ج ٧ ل ٣١٤ - ٣٥٢

ئەوان کوشتیان و بەڕاشکاوانە داوای خوێنی عوسمانیان کرد. بۆیە باری میسر شێوا هەر بۆیە عەلی ئەشتەر دەنێرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکات. بەڵام ئەشتەر لە ڕێگادا دەکوژرێ. ڕووداوی کوشتنی ئەشتەر بەمشێوەیە دەگێڕنەوە.
موعاویە کەسێک دەنێرێت بۆ لای جایستار ئەو کۆکەرەوەی باج بوو. وتی ئەشتەر بووە بە کارگوزاری میسر، ئەگەر ئەوم بۆ لەناو بەرێت تا ئەو کاتە بمینێم و تۆ بمینێ خەراج لە تۆ وەرناگرم، ئەشتەر گەیشتە 'قلزم'، جایستار پێشوازی لێکرد و هەنگوینێکی ژەهراوی دایە و کوشتی. کاتێک ئەو هەواڵە گەیشتە لای موعاویە وتی عەلی دوو دەستی هەبوو یەکیان لە شەڕی سیففەین بڕایەوە ئێستاش دەستەکەی تری بڕایەوە. مەبەستی لە عەمار بن یاسر و ئەشتەر بوو.
ئەوەی جێگای پرسیارە، شام و کوفە لێک دوورن، هەردووک موعاویە و عەلی کارەکانیان بە نەهێنی ئەنجام داوە، ئەو هەواڵانە چۆن گوازراوەتەوە لە کاتێکدا نە تەلەفۆن و نە سەتەللایەت و تیڤی هەبووە، یاخود چۆن جێگای ئەشتەریان زانی و کوشتیان. ئەوەی من بزانم ڕووداوەکان ڕوویداوە پاشان چیرۆکبێژەکان ڕێکیان خستووە و کات و شوێنیان بۆ داناوە.!!! بۆیە دەبینین کوشتنی ئەشتەر لە دوو قۆناغی جیاواز باس دەکرێ. هەر ئەللا زانا و کارامەیە.
موعاویە نامە بۆ دۆست و دوژمن دەنێرێت تاوەکو پەیوەستی بن ئەگەر نا بە جەنگ کۆتایی دێنێت. نامە بۆ مسلمة بن مخلد و موعاویە کوڕی حدیج دەنێرێت کە هەردووک لە میسر دەبن. ئەوانیش نامەی بۆ دەنێرن کە یارمەتیان بدات چونکە سوپای ئەوان کەمە بە بەراورد لەگەڵ سوپاکەی موحەمەد. موعاویە خۆی لە فەلەستین بوو، ٦ هەزار کەس بەسەرپەرشتی عمرو بن عاص دەنێرێت، کاتێ نزیک زەمینی میسر دەبێتەوە شوێنکەوتوانی عوسمان بەرەوپیری دەچن. ئینجا نامەی خۆی و موعاویەی بۆ موحەمەد نارد. نامەی خۆی تێیدا نوسرا بوو کە حەز ناکات زاڵ بێت بەسەریدا و باشترە میسر بە جێ بهێڵێت. نامەی موعاویەش تێیدا نوسراوبو کە حەز ناکات ئەندامەکانی لەشی قوڕەیشیەک ببڕن چونکە ئەوانەی ناردویەتی سوێندیان خواردووە ئەندامەکانی لەشی ببڕن.
کوڕی ئەبوبەکر نامە بۆ عەلی دەنێرێت هەردووک نامەکەش ڕەوانە دەکات و دەڵێت هێزێکی زۆر کۆبوونەتەوە ئەگەر پێویستت بەو سەرزەمینەیە هاوکاری بنێرە. عەلی وەڵامی دەداتەوە ئاماژە بەوە دەکات دەڵێ هەردووک نامەکەم خوێندەوە نامەی

(فاجری کوڕی فاجر موعاویە لەگەڵ فاجری کوڕی کافر عمرو) [228] کەلەسەر خراپە کۆبوونەتەوە، ئەگەر وەڵامت نەداونەتەوە وەڵامیان بدەوە. عەلی داوا لە خەڵک دەکات خۆیان ئاماد بکەن بەڵام زۆربەیان خۆیان دەدزنەوە. بۆیە عەلی زۆر نیگەران دەبێ تەنها هێزێکی زۆر کەمی بۆ کۆدەبێتەوە ناگەنە هاوکاری موحمەد.

کاتێک عمرو نزیک بۆوە، موحەمەد 'کنانە بن بشیر'ی نارد تا ڕووبەڕووی عمرو ببێتەو بەڵام هێزەکەی تێکدەشکێت و دەکوژرێ. بە بیستنی ئەو هەواڵە هاوەڵانی موحمەد خۆیان لەشەر دەدزنەوە موحەمەد بە تەنها دەمینێتەوە ئەویش ڕێگا دەگرێت و دەڕوات تا لە کەلاوەیەک خۆی حەشار دەدات. ئەوانیش دەری دەهێنن و بە دەست بەستراوی دەیبەن بۆ لای موعاویە. براکەی عبدالرحمن لەگەڵ سوپای عمرو دەبێت داوا دەکات بەری بدەن بەڵام موعاویە بەری نادات. موحەمەد داوای ئاو دەکات بەڵام ئەو ئاوی ناداتی دەڵێ عوسمان بە ڕۆژو بوو داوای ئاوی کرد نەتان دایە، وتی تۆ چ کارت بەمەیە ئەو گوناحکار بوو ڕەخنەمان لێگرت و کوشتمان ئەو ئایەتەی پێ دەڵێت: ئەوەی بەو فەرمانەی کە ئەڵلا دایبەزاندووە نەجوڵێتەوە ئەوا لە یاخی بوان دایە. **وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ. المائدة ٤٧**

موعاویە موحەمەدی کوشت و خستیە ناو زگی کەرێک ئینجا هەردوکیانی بەیەکەوە سوتاند.[229]

خەڵکانێکی زۆر لەوساڵەدا لە عەلی جیابوونەوە، خریت بن راشد لە نەوی ناجیە کاتی خۆی لە بەسرە بەرێکەوتبوون لەگەڵ عەلی شەڕی جەمل و سیففەینیان کردبوو. ئەوان ٣٠٠ کەس بوون کوفەیان بە جێهێشت و لە عەلی جیابوونەوە. ئەوان سەر بە خەواریج نەبوون بەڵام لە کردەوەکانی عەلی ڕازی نەبوون، هەمان بۆچوونیان هەبوو بۆچ عەلی ڕازی بوو لەگەڵ موعاویە دادوەری ئەنجام بدات. ئەو کۆمەڵە کە جیابوونەوە لە ڕێگادا پرسیار لە کەسێک دەکەن کە بۆچوونی لەسەر عەلی چۆنە وتی کەسێکی ئاینزان و میری باوەڕدارانە بۆیە ئەوانیش لەتوپەتیان کرد،

---

[228] ئێمە لە بەشی پێشو باسمان کرد عمرو چۆن لە دایک بووە بۆیە عەلی بەو شێوەیە جنیوی پێدا چونکە فاجر بە مانای (گ.ن)دان دێت. دیارە معاویەش لە شێوازێکی وەک عمرو لە دایک بووە یان لەسەردەمانی جاهیلی لەگەڵ ئەبو سوفیان ئەو خەسڵەتەیان هەبووە. ئەڵلا زانا و کارزانە.

[229] تاريخ الطبري، ثم دخلت سنة ثمان و ثلاثين، ج ٦ ل ٣٠ - ٤١// الكامل في التاريخ، سنة ثمان و ثلاثين، ذكر ملک عمرو بن العاص مصر ، وقتل محمد بن أبي بكر الصديق، ج ٣ ل ٢٢٦ - ٢٣٢

پاشان له کابرایکی تریان پرسی وتی من ئەهلی ذیمەم وتیان برۆ. عەلی زۆر نیگەران بوو کە ئەو هەواڵەی بیست بۆیە هێزیکی نارد تا کوشتاریان بکات بەڵام هەندێکیان دەکوژرێن و هەندێکیان خۆیان دەگەیننە ئەهواز لەگەڵ کوردەکان یەکدەگرن. عەلی هێزێکی تر دەنێرێت بە فەرمانداریەتی معقل تا لەگەڵیان بجەنگێ. معقل دەڵێ ئیمرۆ لەگەڵ کافران و کوردان و ئەوانەی خەراج نادەن دەجەنگین، پاش شەڕێکی خوێناوی ٣٠٠ کەس لە کوردان و نەوەی ناجیە دەکوژن. هەر لەو کاتانەدا مەسیحیەکی زۆر هەڵگەڕانەوە وتیان ئاینی کۆنی خۆمان باشترە خوێن ڕشتن و تالاّنکردنی تێدا نییە.
هەر لەو ساڵەدا پاشماوەی خەواریجەکانی شەڕی نەهرەوان، چەند جارێک خۆیان ئامادەکردەوە و بەگژ 'عەلی'دا داچوونەوە بەڵام هەموو جارێک شکستیان دەهێنا. هۆکاری شکستیان یان بۆ کەمی ژمارەیان دەگەڕێتەوە یاخود پشتیوانیان لە عەرەب نەبووە، بۆ نمونە أبومریم سعدي تەنها ٦ عەرەبی لەگەڵ دەبێ کاتێک دەچێتە شارەزور و ئەوانی تر کۆیلەکان دەبن. شەڕی دوو بەرەکی نێوان عەرەبە ئیسلامیەکان بە جۆرێک لەسەردەمی عەلی گرژ ببوو جیهاد لە پێناوی ئەڵلا کاڵ ببۆوە تەنها دەسەڵات و خۆسەپاندن جێگای گرتبۆوە.[230]

### ٤. ٩ ڕووداوەکانی ساڵی ٣٩ و ٤٠ی کۆچی

لەو ساڵەدا موعاویە سوپایەکی ڕێکخست بەرەو سنوری عەلی ڕۆیشت، عەلی ویستی سوپایەک ڕێکبخات بەڵام خەڵکی بەرەو پیری نەڕۆیشتن و نەیتوانی بە هاوشێوەی موعاویە سوپا ڕێکبخات. ئەو هێزەی عەلی ناردی توانی پاشەکشە بە هێزی موعاویە بکات بۆیە هێزەکە چوو بۆ 'عین التمر'، لەوێ والی ڕایکرد خۆی گەیاندە کوفە. عەلی داوای لە خەڵک کرد بەرەنگاری ببنەوە بەڵام کەس نەچوو بە هانای. هەر بۆیە هاتە سەر مینبەرەکەی و خەڵکی کوفەی ڕیسواکرد وتی ئێوە وەک مارمیلۆق چوونە ناو کونەوە، وەک کەمتیار لە ماڵدا خۆتان شاردەوە.
هۆکاری ئەو سستیە نازانین بۆچ بەمشێوەیە لە عەلی دوورکەوتنەوە و خەڵکی شامیش هێندە ملکەچی موعاویە بوون!

---

230 تاريخ الطبري، الخريت بن راشد واظهاره الخلاف على علي، ج ٦ ل ٤٣ ل ٥٦ // الكامل في التاريخ، ذكر خبر الخريت بن راشد و بني ناجية+ ذكر أمر الخوارج بعد النهروان، ج ٣ ل ٢٣٥ ـ ٢٤٤

لەو ساڵەدا موعاویە سوپایەکی ٦ هەزار کەسی نارد بۆ مەدائین و ئەنبارو هەردووک شوێنی گرت و تالانی کرد ئینجا بۆ لای موعاویە گەڕانەوە. موعاویە سوپایەکی بە فەرمانداریەتی عبدالله کوڕی مسعدة کە ١٧٠٠ کەس بوون ڕێکخست و ڕەوانەی 'تیماء'ی کرد بۆ ئەوەی زەکات کۆبکەنەوە وە هەرکەسێک نەیدات بیکوژن. عەلی موسیب بن نجبة الفرازي نارد و ڕووبەڕووی بۆوە، تا نیوەڕۆ شەڕێکی قورس ڕوویدا و هێزەکەی موعاویە هەڵاتن.

هەر لەو ساڵەدا موعاویە 'ضحاک'ی بەرەو خواری واقصة بەڕێکرد و خوێنی خەڵکیان ڕشت. پاشان موعاویە خۆی بەرەو دیجلە بەڕێکەوت و گەڕایەوە.

هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی موعاویە، خەڵکی فارس و کرمان بڕیاریاندا سەرانە نەدەن زانیان هێزی عەلی پەشۆکاوە بۆیە توانیان والیەکەیان دەرپەڕێنن. بەڵام عەلی توانی هێزێک بنێرێت و سەرکوتیان بکات. لەو سەردەمانەدا ئەوەندە ' بیت مال' پڕ بوو، ابن النباح هاتە لای عەلی وتی خەزێنە پڕ بووە لە زەردو سپی ئەویش ئەڵلا و ئەکبەری کرد وتی خەڵکی کوفەم بۆ بانگ بکەن. هەموو 'بیت مال'ی دابەش کرد بەسەر خەڵک و ئینجا دوو رکعەت نوێژی کرد . ئایا عەربستان کە خاوەنی هیچ نەبوون بیت مال پارەی لە کوێ بۆ هات. ئەگەر ع ەلی دادپەروەر بوایە بەرمبەر ئەهلی کوفە دابەشی نەدەکرد بەڵکو بەسەر خاوەنەکانیان ی دابەش دەکرد. لە کوێ تالان ی کرا با بۆ ئەو شوێنەی بگەڕاندبایەوە، بەڵام چونکە هەر هەموویان لەسەر یەک سستەم بوون بۆیە لەسەردەمی عەلیشدا هەڵگەڕانەوەکان بەردەوام بوون. تەنانەت نرخ و بەهای کەلوپەلەکانیان نەدەزانی، ڕۆژێکیان قاپێکی ئا ڵتونیان بۆ هێنا لە غەنیمەی ناوچە تالانکراوەکان. ع ەلی ویستی پارچە پارچەی بکات، خەڵکی (دەهقانە) وتیان بەس پارچە پارچەی مەکە ئێمە بە چەند قات لێت دەکرینەوە چونکە نرخەکەی دەشکێ. ئەویش ڕازی نابێت و هەر پارچە پارچەی کرد.

لە ساڵی ٤٠ی کۆچی، موعاویە 'بوسر = بسر بن أبي أرطاه'ی لەگەڵ ٣ هەزار کەس نارد بۆ حجاز، بوسر گەیشتە مەدینە و پێ داگیری کرد و خەڵکی بەیعەتیان لەگەڵ کرد. هاتە سەر مینبەر وتی ئەگەر فەرمانی موعاویە نەدەبوو ئەوا یەک پیاو یەک گەنجی پێگەیشتووم نەدەهێشت، پاش وێران کردنی چەند ماڵێک لە مەدینە بەرەو مەککە ڕۆیشت و ابوموسا هەڵات. ئینجا ڕووی لە یەمەن کرد والی ئەویش هەڵات کە

عبیدالله بن ابن عباس بوو، خۆی گەیاندە کوفە و 'عبدالله بن المدان' لە جێگای خۆی دانا.
بوسر ئەو چەند کەسەی کوشت: عبدالله بن المدان و کورەکەی کوشت، دوو منداڵی عبیدالله بن عباس کە لای کابرایەک بوو، پاشان ئەو کابرایەشی کوشت.
عەلی هێزێکی نارد بە سەرکردایەتی جاریە بن قدامة، بەڕێکەوت تا گەیشتە نجران لەوێ شوێنکەوتوانی عوسمانی کوشتار کرد و بوسر هەڵاتو گەڕایەوە بۆ شام، جاریە چوو بۆ مەدینە لەوێ ئەبوهوریرە هەڵات، وتی ئەگەر باوکی پشیلەم دەدیت یەکسەر دەمکوشت. ئەو ڕووداوە پاش مردنی عەلی بوو، دواتر بە خەڵکی مەدینەی وت دەبێ بەیعەت لەگەڵ سەروەری باوەڕداران بکەن واتە عەلی، ئەوانیش وتیان مردووە ئەویش وتی دەبێ لەگەڵ حسن بیکەن.
بەم شێوەیە لە ماوەی دووساڵدا موعاویە شەڕێکی پارتیزانی لەگەڵ سوپای عەلی دەکرد و هێزی لە عەلی بڕی و ئارامی لە عێراق نەهێشت ئینجا نامەیەکی بۆ نارد وتی ئەگەر دەتەوێ ئاشتی سەقامگیر بێت و شمشێر لەسەر ملی ئەو ئۆمەتە هەڵبگری ئەوا عێراق بۆ تۆ و شام بۆ من. عەلی بەو داواکاریە ڕازی بوو بۆیە ئاشتی سەقامگیر بوو. ئەوەی عەلی لەسەری ڕازی نەبوو ئەوا بە ملکەچی ڕازی بوو پاش دۆڕاندنێکی زۆر و ڕشتنی خوێنێکی زۆر. بە بێ ڕشتنی ئەو خوێنە کاتی خۆی موعاویە ئەوەی دەویست کە شام بە تەواوی لە دەستی ئەو دابێت بەڵام عەلی ڕازی نەبوو بەڵام موعاویە توانی بە هۆی فرتو فێڵی سیاسی سەرکەوتن بەسەر عەلی دابێنێت.
هەر لەو ساڵەدا هەواڵ دەگاتە لای عەلی کە ابن عباس دەستی داوەتە داگیرکردنی ئەو سەرانەی کە کۆکرابۆوە، بۆ خۆی هەڵدەگرێ. پاش چەند نامە گۆڕینەوەیەک لەنێوان عەلی و ابن عباسدا، ابن عباس خزمانی خۆی کۆدەکاتەوە ئەوەی لە 'بیت المال' هەیە دەستی بەسەر دادەگرێت و 'بەسرە' بەجێ دەهێڵن، خەڵکی 'بەسرە' ڕێی پێ دەگرن بەڵام خزمانی دەڵێن هەتا یەک کەس لە ئێمە مابێت ئەو سامانە ناگاتە دەستی ئێوە.

ابن عباس خۆی دەگەیەنێتە لای حەسەن تا عەلی دەکوژرێت. پاش کوژرانی عەلی دەستدەخاتە 'بيت المال' و دەچێتەوە مەککە.[231]

**٤. ١٠ وردبوونەوەیەک لە ڕووداوەکانی سەردەمی عەلی**

چەند خاڵێکی زۆر گرینگ هەیە لەسەر ئەو ڕووداوانەی ڕوویدا لەسەردەمی عەلی وردبوونەوەی تێدا نەکراوە یاخود ئەگەر کرابێ دەرنەخراوە. هۆکاری دەبێ چی بێت! بۆچ ڕووە ڕاستیەکان دەرناخرێت! لە کتێب دەنوسرێ بەڵام بە زار ناگوترێ!

**٤. ١٠ . ١ ئایا عەلی دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسمان؟**

لەو چوار خەلیفەی ڕاشیدین ئەوەی بەختی هەبوو لە مێژو عەلی کوڕی أبي طالب بوو، ئەهلی شیعە سێ خەلیفەکەی پێش عەلی دەدەنە بەرتوانج و ڕەخنەی قورس بەڵام عەلی تەقدیس دەکەن. ئەهلی سوننەش هەر چوار خەلیفەی ڕاشیدین تەقدیس دەکەن و کەس بۆی نییە ڕەخنە و توانجیان لێ بدات کەواتە ئەوەی بەر بەختی سپی مێژو کەوت عەلی بوو.

ئەو کوشتنەی عوسمانیش هەردووکلا خوێنەکەیان لە ملی عەلی دەرهێنا و خستیانە سەر ملی جولەکە و عبدالله بن سبأ بە جۆرێک بنەماڵەی ئەبوسوفیانیش تەقدیس کران لەلایەن ئەهلی سوننە. بکوژی عوسمان دیارە لە پەڕەی مێژو کەچی زمان بە مەڵاشوەوە دەنوسێ کاتێک پەڕەی مێژو دەخوێنیەوە ئەوە دەبێ چ سحرێک بێت خوێنەر نەتوانێ زمان بکاتەوە و لە دڵیشەوە بزانێ بکوژ کێیە.

تۆ بڵێی شوێنکەوتوانی عوسمان لەگەڵ عەلی لەسەر میراتی خەلافەت جەنگا بن لە کاتێکدا دەبینین عوسمان پێش عەلی بوو بە خەلیفە.

چەند ڕاستیەک لەسەر عەلی هەیە و مێژو دەریخستوە کەسێکی چاونەترس بووە، گوێی نەداوەتە هیچ ترسێک و شەرێک و بێ باک بووە لە مردن، تەنانەت کارێکتەری ئەفسوناویش هاتۆتە سەر پاڵەوانیەتەکەی . کەچی بکوژانی عوسمان لەسەردەمی

[231] تاريخ الطبري، ثم دخلت سنة تسع و ثلاثين الى ذكر الخبر عن مقتل علي بن أبي طالب، ج ٦ ل ٥٦ ـ ٦٢// الكامل في التاريخ، سنة تسع و ثلاثين ـ سنة اربعين الى ذكر مقتل أمير المؤنين علي بن أبي طالب عليه سلام، ج ٣ ل ٢٤٤ ـ ٢٥٤// البداية و النهاية، ثم دخلت سنة تسع و الثلاثێن الى ذكر مقتل أمير المؤمنين علي بن أبي طالب و ما ورد من الاحاديث النبوية من الاخبار بمقتله و كيفيته، ج ٧ ل ٣٥٢ ـ ٣٥٦

عەلی بوونە خاوەن پایە لە کاتێکدا دەری دەبڕێ کە پێی ناخۆش بووە عوسمانیان کوشتوە، ئەمە ڕێی تێ ناچێ بکوژانی عوسمان لە ژێر فەرمانی کەسێکی گەورەی وەک عەلی ئەنجامی کوشتنەکەیان نەدابێ. مالیکی ئەشتەر لای عەلی هێندە پایەی گەورە بووە عەلی وەسفی کردوە دەڵێ ئەشتەر بۆ من وەک من وابووە بۆ پێغەمبەری ئەڵڵا. واتە چەند عەلی هاوکاری پەیامبەری ئەڵڵای کردوە ئەشتەریش بەو ئەندازەیە هاوکاری عەلی بووە. لەکاتێکدا ئەشتەر یەکێک بووە لە هاندەران و بکوژانی عوسمان.

نمونە لەو بارەوە زۆرە، سەیری ئەو هاوکێشەیە بکەن کاتی کوژرانی عومەری کوڕی خەتاب کورەکەی هەستا بە کوشتنی هۆرمزان و منداڵەکەی پیرۆز لە کاتێکدا ئەوان کۆیلە بوون. کەچی عەلی داوای تۆڵەی دەکردەوە بۆ ئەو کۆیلەیە کەچی دەبینین خەلیفەی پەیامبەریان لەبەرچاوی کوشت لە جیاتی تۆڵەی بۆ بکاتەوە بەڵکو هەمووی کردنە خاوەن پلە و پایە. دیارە عەلی بڕوای وابووە عوسمان ستەمی کردوە و تووشی گەندەڵی دەسەڵاتداریەتی بووە. هەروەها عەمار کۆیلەیەک بوو بە ڕاشکاوانە باسی کوشتنی عوسمانی دەکرد و سەرفرازانە دەیگوت ئەو کفری کردوە، لە کاتێکدا دەبینین عەمار یەکێک بووە لە هاوەڵە نزیکەکانی عەلی و زۆر بێ کەسیش بووە. ڕێی تێ ناچێ تەنها لەبەر ئەوەی پەیامبەر ڕێزی لێگرتووە عەلی چاوپۆشی لە عەمار کردبێ لە کاتێکدا دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسمان. هەروەها کوڕی ئەبوبەکر ڕیشی عوسمانی گرت و سوکایەتی پێکرد و دەڵێن یەکێک بووە لە بکوژەکانی عوسمان. ئایا بۆچ عەلی بێدەنگ بووە لەو هەموو سوکایەتیە، تەنها عەلی دەیوت لەو خوێن ڕشتنە من بێبەریم.

ئەگەر سەرچاوەی شیعەش بخوێنیەوە وەک ئاماژە کراوە لە ('نهج البلاغة' لە بەشی نامەکانی ئەمیری باوەڕدران، لە نامەی نۆیەم کە بۆ موعاویە دەنێرێ) نامەکەش وەڵامدانەوەی 'موعاویە'یە کە داوای لێ کردبوو بکوژانی عوسمان تەسلیم بکات.

عەلی دەڵێ (سەبارەت بەوەی داوات کردووە بکوژانی عوسمانت بۆ بنێرم. من بەسەر ئەو بابەتە داچوومەوە، ئەوەی من دەیبینم لە توانامدا نییە بۆت بنێرم یان بۆ هەر کەسێکی تر. سوێند بە ژیانم ئەگەر واز لە دووڕوەت و یاخی بونت نەهێنی ئەوان – واتە بکوژانی عوسمان– خۆیان بە تۆ دەناسێنن. لە جیاتی تۆ داوایان بکەی ئەوان داوای تۆ دەکەن لە دەریا لە وشکانی، لە دەشتدا لە چیادا، ئەوان داواکاریەک دەکەن

بۆ تۆ ئاسان و خۆشحاڵی نییە. نەفرەت لەو ڕۆژە دەکەی کە داوای ئەوانت کرد. و أما ما سالت من دفع قتلة عثمان اليک: فانی نظرت في هذا الامر، فلم اره يسعني دفعهم اليک، ولا الی غيرک، ولعمري لئن لم تنزع عن غيک و شقاقک، لتعرفنهم عن قليل يطلبونک، لا يکلفونک طلبهم في بر، ولابحر ، ولا جبل، ولا سهل، الا انه طلب يسوؤک و جدانه، وزور لا يسرک لقيانه.[232]

ئەگەر لەو نامەیە ورد ببینەوە لاوازی عەلی نیشان نادات بەرامبەر بکوژانی عوسمان بەڵکو لایەنگری نیشان دەدات و موعاویەی پێ دەترسێنێ. ئەگەر دەسەڵاتی بەسەر ئەوان نەبوایە ئەوا دەیتوانی لەگەڵ موعاویە یەکبگرێ و لەناویان بەرێ. بەڵام ڕوونە عەلی پارێزەرانی بکوژانی عوسمان بوو.

لێرەوە تەنها یەک وتاری ابن عباس دەخەینە ڕوو و دەڵێ: ئەگەر خەڵکی داوای خوێنی عوسمان نەکەن، لە ئاسمانەوە بەردباران دەکرێن. لو أن الناس لم يطلبوا بدم عثمان لرجموا بالحجارة من السماء.[233]

شیکەرەوانی ئەو بابەتە ئەگەر قسەی عەلی و ابن عباس هەڵسەنگێنن ئەوا بکەری سەرەکیمان بەر چاو دەکەوێ!

### ٤. ١٠ . ٢ بۆچ عەلی هاوەڵانی لەدەست چوو

ئەگەر سەرنجی مێژوی نوسراوی ئیسلام بدەین زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێ موسوڵمانانی بەرەی موعاویە زۆر بە بێ دوودڵی شەڕی عەلیان دەکرد و زۆر لە ژێر ملکەچی موعاویە دابوون. تەنانەت موعاویە کە بۆ شەڕی صەفین خەڵکی برد لە ڕۆژی چوارشەم نوێژی هەینی پێ کردن هەروەک مسعودی دەگێڕێتەوە. بەڵام موسوڵمانانی بەرەی عەلی بەم شێوە نەبوون. هەربۆیە کابرایەک لە شەڕی صفین گومانی بۆ دروست دەبێ لە ڕەوایی ئەم شەڕە. بۆیە عەماری کوڕی یاسر پێی دەڵێ ئەو لەشکرەی موعاویە هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ لەشکرەکەی 'ابوسوفیان'ی باوکی نییە کە جەنگا لەگەڵ پەیامبەر، عەماریش لەسەر هەمان بنەما دەجەنگێ کە پێغەمبەر جەنگا لەگەڵ موشریکەکان، هەر بۆیە ئەو پیاوە گومانی لێ دەڕەوێتەوە کە جەنگ دژی موعاویە ڕەوایە.

---

232 نهج البلاغة، باب المختار من کتب امير المؤنين و رسائله و عهوده و وصاياه، و من کتاب له عليه السلام الی معاوية. ل ٢٧٢ ـ ٢٧٣

233 المعجم الکبير، الطبراني، نسبة عثمان بن عفان رضي الله عنه، ج ١ ل ٨٤

له لایەکی تریشەوە دەبینین خەزیمەی کوڕی سابتی ئەنصار گومانی لا دروست دەبێ شەڕ بکات یان نەیکات. بەڵام پاش کوژرانی عەمار بۆی ڕوون دەبێتەوە بەرەی موعاویە بەرەی ناهەقە چونکە فەرمودەیەکی پەیامبەر بەبنەما دەگرێت سەبارەت بە عەمار، پەیامبەر کاتی خۆی بە عەماری وتبوو ( کەسانێکی ئاژاوەگێڕ دەتکوژێ. تقتلك الفئة الباغیە). ئەو کاتە عەمار دەکوژرێ خەڵکی شامیش واتە بەرەی موعاویە دڵیان لە گۆڕان دەبێ هێندەی نامینێ فەرمودەکەی پەیامبەر کار لەوانیش بکات هەر بۆیە دەستبەجێ موعاویە وتارێک پێشکەش بە خەڵکی شام دەکات و گووتی ئێمە 'عەمار'مان نەکوشتوە بەڵکو ئەو کەسانە کوشتیان کە هێنایانە شەڕ، بەمەش خەڵکی شام کەوتنەوە ملکەچی.[234]

ئەگەر بەراورد بکەین لە نێوان عەلی و موعاویە دەبینین هەردووکیان ڕامیارزانێکی بە بلیمەت بوون هەرچەندە موعاویە زۆر ڕامیاریەکەی ڕوونتر بوو کەچی خەڵک زیاتر لەگەڵ ئەو تەبا بوون. ئەگەر سەیری ئەو نمونەیە بکەین کە لە سەرچاوەی واعیزەکانی سولتان داهاتووە موعاویە بە عائیشە دەڵێت: هیوام دەخواست ڕۆژی جەمەل بکوژرابای عائیشە دەڵێ بۆچی؟ گووتی تۆ دەمردی و دەچووی بۆ بەهەشت ئێمەش تۆمان دەکرد بەگەورەترین لەکە لەسەر عەلی.
ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو ڕامیاریەی موعاویە کە بخوازێت خێزانی پەیامبەر بکوژرێ تەنها بۆ ئەوەی لە کەسایەتی عەلی بدات ڕێک دەرئەنجامی ئەوەش دەکەین هەمان خواستی هەبووە بۆ کوشتنی عوسمان، بێگومان خۆ دواخستنی هێزەکەی بۆ فریاکەوتنی عوسمان بواری خۆش کرد زوو لەناوی ببەن و کردیشیان بە لەکە لەسەر عەلی. موعاویە سودی لە کوژرانی عوسمان وەرگرت هەتا نەببوو بە خەلیفە تۆڵەی عوسمانی دەکردەوە و داوای بکوژانی لە عەلی دەکرد بەڵام پاش ئەوەی خۆی بوو بە خەلیفە ئەوا گوێی نەدا بە بکوژانی عوسمان. لەسەرچاوەی عەلی وەردی چیرۆکێکی موعاویە دەگێڕێتەوە ڕێک مەبەستی موعاویە زۆر بە ڕوونی ئاشکرا دەبێ دەڵێن: کچی عوسمان داوا لە موعاویە دەکات تۆڵە لە بکوژان بکاتەوە ئەو دەڵێ ئەی کچە برام، خەڵکی گوێڕایەڵیان پێداوین و ئیمەش ئەمانمان پێ داون. خەون و ئارامیەکمان نیشان داون تورەیی لە ژێردایە، ئەوان گوێڕایەڵیان نیشانی ئێمە داوە

[234] واعیزەکانی سولتان. ل ٤٣ - ٤٤

ڕقوقینەی لە ژێردایە. لەگەڵ هەر مرۆڤێکیش شمشێری خۆی لەگەڵدایە و شوێنی هاوەڵانی دەزانێ. ئەگەر ئێمە پەیمانەکەمان لەگەڵ شکاندن ئەوانیش پەیمانەکەمان لەگەڵ دەشکێنن. ناشزانین ئەنجام بۆ ئێمە دەبێت یان بۆ ئەوان. جا تۆش کچە مامی میری باوەڕداران بیت باشترە لەوەی ژنێک بیت وەک ژنانی تر(مەبەستی لە ژنێکی ئاسایی و ناودار نەبێت).[235]

لەسەر ئەو دەقەی موعاویە ئەهلی سوننە هیچ هەڵوێستێکیان نییە و هیچ لەکەیەک بۆ موعاویە نانوسن. کەچی ئەگەر عەلی هاوەڵان و نزیکی خۆی سەرزەنشت بکردبا ئەوا دەستبەجێ وەڵامی توندیان دەدایەوە، لە نمونەیەکی تردا هەر لەهەمان سەرچاوەی پێشو: عەلی نامەیەکی بۆ ابن عەباس نارد ئەوساتە والی 'بەسرە' بوو، سەرزەنشتی کرد و ترساندی بە ئەڵڵا بەوەی شتێکی برد بوو لە 'بیت المال'. ابن عەباس وەڵامی دایەوە وتی باشترە بچیتە بەردەم ئەڵڵا و شتێکی 'بیت المال'ت لەگەردن دابێت نەک بچیتە بەردەم ئەللا خوێنت لەگەردن دابێت. کە لەڕۆژی 'جمل' و 'صفین' و 'نهروان'دا ڕژابێت. علی وتی ئەی ابن عباس ئەی خۆت بەشداریت نەکرد لەو خوێن ڕشتنە.[236]

خاڵێکی تر لەسەر دوورکەوتنەوەی هاوەڵانی عەلی ئەویش بە بنەما نەگرتنی کەسوکار و بە بنەما گرتنی سامانی موسوڵمانان بوو. ئەو دژی ئەو گەندەڵیەی سەردەمی عوسمان بوو. ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان عەلی و عوسماندا. عوسمان لە کاتی شوکردنی کچەکەی پارەیەکی لە 'بیت المال' دەرهێنا بۆ زاوەکەی. کەچی لەسەردەمی عەلیدا براکەی بە ناوی عقیل هات و داوای پارەی لێکرد تا لە 'بیت المال' بیداتێ. ئەویش گووتی بڕۆ بۆ بازاڕ و قوفڵی دوکانەکان بشکێنە هەرچی تێدا بوو بیبە. ئەویش دەڵێ دەتەوێ بمکەی بە دز. ئەویش دەڵێت ئەی تۆ دەتەوێ بمکەی بە دز پارە لە 'بیت المال' دەربهێنم بەبێ زانیاری موسوڵمانان. هەربۆیە عەقیل چوە شام بۆ لای موعاویە و گوزەرانی خۆش بوو. عەقیل دەیوت براکەم 'عەلی' باشترە بۆ دینم موعاویە باشترە بۆ دونیام.

---

[235] واعیزەکانی سولتان، ل ١٨٩
[236] واعیزەکانی سولتان. ل ٢٥٤

ئەوەی لە موعاویە کۆببۆوە کەسانی سودمەند بوون بەڵام ئەوانەی لە عەلی کۆببوونەوە کەسانی بێ دەسەڵات و سودی ماڵیان نەبوو. کەسێکی وەک عەمار بن یاسر لە عەلی نزیک ببۆوە لە کاتێکدا عەمار بە کەسێکی پایەدار نەخەملێندراوە. عەمار کەسێکی ڕەشتاڵە بوو بۆیە بە کۆیلە ڕەشەکە ناسرا بوو، قورەیشیەکان زۆر ڕقیان لێ بوو. عەلی وەردی لەسەرچاوەی واعیزەکانی سوڵتان بەمشێوەیە باسی عەمار دەکات و دەڵێ (عەمار ئەو کۆیلەیە بوو ئیسلام ئازادی کردبوو بە چەند فەرمودەیەک بەرگری لە خۆی دەکرد ئەو بیرکردنەوەی و واقیعەی کە تێی کەوتبوو بۆ هیچ لایەک هەرس نەدەکرا. ئەو بە کوڕی ژنە کۆیلەکە ناسرابوو لەلایەن قورەیشیەکان بەڵام ئەو خۆی بە کوڕی ژنە شەهید دائەنا چونکە دایکی یەکەم ژن بوو بەدەستی بێ باوەڕەکانی قورەیش کوژرا. جارێکیان لەگەڵ عبدالله کوڕی ئەبی سەرح دەمەقاڵیان دەبێت، ئەو لەسەر عوسمان بە دەنگ دێت تاوەکو بیکەن بە خەلیفە کەچی عەمار پێی دەڵێت تۆ لە کەیەوە بویتە ئامۆژگاریکەری موسوڵمانان یەکێک پێی دەڵێت سنورت بەزاند کوڕی سومییە ئەمەش لەکەدارکردنی عەمار بوو. عەمار چونکە دایکی و باوکی بەدەستی قورەیش کوژران و براکەیان لەسەر دیوار فرێدایە خوارێ ئەو رقوقینەی زیاتر بوو کاتێک دیتی ئەوان لەسەردەمی خەلافەتی عوسمان پلەوپایەیان پێ دراوە.

عەمار بە راشکاوی دژی عوسمان بوو تەنانەت دەیگوت عوسمان کفری کرد چەند کفرێکی زۆر گەورەی کرد. لقد كفر عثمان كفرة صلعاء.[237] تەنانەت قورەیشیەکانی بە کافر دادەنا، عەمار دەی وت ئەوانە موسوڵمان نەبوون، بەڵکو تەسلیم بوون کوفریان شاردبۆوە، هەروەها لە صفین دا عەمار وتارێکیدا بە موسوڵمانەکانی گوت ڕاپەرن ئەی بەندەکانی ئەڵڵا دژی کۆمەڵێک کەوا دەزانن داوای خوێنی کەسێک دەکەن کە ستەمکار بووە لە نەفسی خۆی و دەسەڵاتدار بووە بەسەر بەندەکانی ئەڵڵا، ئەو پیاوە چاکانە کوشتیان کە ڕێگرن لە خراپە و دوژمنایەتی و فەرمانکەرن بە چاکە).

عەمار لایەنگری عەلی بوو ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو، کەچی بە کوشتنی ئەو کۆیلەیە هەرچەندە پەیامبەر وتبووی کۆمەڵێ ئاژاوەچی دەیکوژن خەڵکی شام زیاتر قایل بوون بە وەڵامدانەوەی موعاویە واتە فەرمودەکەی پەیامبەریش هیچ ئەرزشی نەبوو.

---

[237] كفرة: کۆی کفرە واتە چەند کفرێک. صلعاء: کارێکی زۆر گەورە، واتە داهیة دێت. لسان العرب

بەڵام ئەگەر پرسیار بکەین ئەگەر عەمار لە لایەنگری موعاویە بایە و بکوژرابا ئایا بەو فەرمودەی پەیامبەر چەند کەسی تر لە عەلی جیا دەبۆوە؟

هۆکارێکی تر دەبێ بزانین بۆچ عەلی تەنها چەند کەسێکی قورەیشی لەگەڵ بوو کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران کەچی موعاویە ١٣ تیرەی قورەیشی لەگەڵ بوو.

ئێمە تێبینی زۆر بابەتی گرینگ دەکەین لە مێژوی 'عەلی'دا، ئەو کەسێکی ژیر و دانا بوو لەهەمان کاتدا ئەو بارە ئالۆزەی کە تێیدا بوو توشی هەڵەی ڕامیاری دەکرد. هەڵەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بارە دەرونیەکەی چونکە موعاویە زۆرجار ڕێگاکانی لێ دەگرت. بۆ نمونە ئەو هەڵەی کە کردی موحمەدی ئەبوبەکری کرد بە والی میسر لە کاتێکدا میسر وەک قورقڕاگەی شام بوو هەر کاتیک موعاویە دەستی بۆ بردبا شام بە تەواوی دەکەوتە دەستی. بۆیە دەبوایە کەسێکی ئازا و شەرڤانێکی سەربازی وەک ئەشتەری ناردبا. ئەشتەر کەسێکی جیاواز بوو لە کوڕی ئەبوبەکر. ئەو هەڵەی عەلی زۆر خراپ بەسەری داشکایەوە چونکە موحەمەدی کوڕی ئەبوبەکر هیچ شارەزایی ڕامیاری و سەربازی نەبوو. بۆیە نەی دەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ لایەنگرانی عوسمان بکات. کاتێک عەلی بەسەر ئەو هەڵەی خۆیدا چۆوە بەباشی زانی ئەشتەر بنێرێ تاوەکو ئەو ببێتە والی میسر. بەڵام موعاویە لە ئەو زۆرزان تر بوو بۆیە ئەشتەریان دەرمان خوارد کرد وەک لە بابەتی پێشوتر باسمان کرد. لە مێژو و گێڕانەوەکان و نامەکانی نێوان عەلی و موحمەدی کوڕی ئەبوبەکر نیشانی ئەوە دەدات کە دڵی زویر بووبێ لە عەلی. ڕێی تێدەچێ ئەو دڵ زویریەی کوڕی ئەبوبەکر بووبێتە هۆی تێکشکانی هێزی میسر بەرامبەر موعاویە. خەڵکانی دەوروبەری پشتیان تێکرد ئایا بە هۆی ئەوەی کە زانیان سەرکردەکەیان شەرڤان و لێهاتوو نییە یاخود خۆی ئەو دۆڕانەی خستە ملی خۆی. ئەویش مەیدانی جەنگی بەجێهێشت و لە کەلاوەیەکدا گرتیان و لەناو زگی کەرێکدا سوتاندیان. لە ڕاستیدا چەند جارێک وتومە لەناخی ئەوان تێناگەین چیان لە سینەدا بووە. تەنها ئێمە شرۆڤەی دەکەین بە پێی نوسراوەکان. سەیرە و خەفەتە بۆ عەلی کەسێکی وەک موحمەدی کوڕی ئەبوبەکری لەدەستدا. چونکە ئەو لەهەموو کەسێک دڵسۆزتری بوو. ئەوەی سەیرە سەرچاوەکانی شیعەش ئاماژە بە وتەیەکی ئەو زاتە دەدەن کە دڵسۆزیەکی بێ

هاوتامان بۆ دەردەخات. ڕۆژێکیان موحەمەد کوڕی ئەبوبەکر بە عەلی دەڵێ دەستت بێنە با بەیعەت بدەمێ، ئەویش دەڵێ ئەی پێشتر نەتکرد؟ دەڵێ بەڵێ، ئەویش دەستی درێژ دەکات، ئەویش وتی من گەواهی ئەدەم کە تۆ ئەو ئیمامەی کە ئەرکە ئیتاعە بکرێی و باوکم لە ئاگرە . قال لأمیر المؤمنین (علیه السلام) یوما من الأیام: ابسط یدك أبایعك، فقال: أوما فعلت؟ قال: بلى، فبسط یده، فقال: أشهد أنك إمام مفترض طاعتك وأن أبي في النار.[238]

ئایا دڵسۆزی لەوە زیاتر کەسێک باوکی خەلیفەی یەکەمی ئیسلام بووبێ گەواهی ئەوە بدات لە ئاگردایە و وەفاداری بۆ عەلی دەربخات. ئایا ئەمە چ هەڵەیەک بوو عەلی کردی کەسێکی کردە والی و پاشان لای برد کە زانی شایستەی ئەو جێگایە نییە. دەبێ مرۆڤ لەوە تێبگات ئاستی هوشیاری چەند بەرز بێت هەر دەکەویە هەڵەی گەورە، ئەوەی گرینگە بۆ مرۆڤ وانە لە هەڵەکانی خۆی وەربگرێت یاخود وانە لە هەڵەکانی مرۆڤی تر وەربگرێت هەر بۆیە حسن کوڕی عەلی وانە وەردەگرێت و ناکەوێتە هەڵەوە. وەک لە بەشی داهاتوو باسی دەکەین.

**٤. ١١ کوشتنی عەلی**

پاش ئەوەی موعاویە و عەلی ڕێککەوتن ناوچەکانی شام و عێراق دابەش بکرێت بەسەر هەردووکلا، عبدالرحمن ابن ملجم کە خەڵکی میسرە لەگەڵ 'بورک بن عبدالله' و 'عمرو' کۆدەبنەوە دەڵێن پاش کوژرانی براکانمان ژیان هیچ سودێکی نییە. ئەگەر عەلی و موعاویە و عمرو بکوژرێت ئەوا کێشەی موسوڵمان حەل دەبێ.

'ابن ملجم' دەڵێت من عەلی دەکوژم. بورک کوڕی عبدالله دەڵێت من موعاویە دەکوژم، عمرو دەڵێت عمری کوڕی عاص بۆ من دابنێن. هەر بۆیە شمشێرەکانیان تیژ دەکەن و ژەهراوی دەکەن.

ابن ملجم دەچێت بۆ کوفە لەوێ لەگەڵ کەسانی کوژراوانی نەهرەوان کۆدەبێتەوە و کچێکی جوان دەبینێت و داوای دەکات ئەویش دەڵێت هەتا دڵم ئاو نەدەیت شوت پێ ناکەم. ئەویش دەڵێت بە چی دڵت ئاودەدرێت. دەڵێت ٣ هەزار درهەم، کۆیلەیەک، کەنیزەکێکی گۆرانی بێژ، کوشتنی علی کوڕی طالب. ئەو کچە باوک و برای کوژرا بوون لە شەڕی نەهرەوان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت خەڵکی کوفە زۆر عەلیان خۆش

[238] بحار الأنوار، ج ٣٣، ل ٥٨٣ ـ ٥٨٤

نەدەویست و ڕقیان لێ هەڵگرتبوو، 'ابن ملجم' ناتوانێت بە تەنها کارەکە ئەنجام بدات بۆیە داوا لە دوو کەسی تر دەکات بە ناوی 'شبیب بن بجرة' و 'وردان'. بە یەکەوە لە ڕێگای مزگەوت هێرش دەکەنە سەر عەلی، 'شبیب' شمشێرێک دەوەشێنێت بە دەرگا دەکەوێ و 'ابن ملجم' لە دەمو چاوی دەدات. وەردان هەڵدێت. خەڵکەکە وەردان و شبیب دەکوژن. لە کاتی هاوارکردنی عەلی خەڵک کۆدەبنەوە و 'ابن ملجم' دەگرن.
'ابن ملجم' زۆر بە بوێری باسی کوشتنەکە دەکات بە 'ام کلثوم' دەڵێت من خەنجەرەکەم بە هەزار کڕیوە و بە هەزاریش ژەهراویم کردوە، ئەگەر لە خەڵکی میسرم بدابا ئەوا کەسیان دەرنەدەچوون.
عەلی دەڵێت بۆم بانگ بکەن پێی دەڵێ بۆ ئەم کارەت کرد. ئەویش وتی من ٤٠ ڕۆژ ئەو شمشێرەم تیژ کرد و پاڕامەوە لە خراپترین بونەوەر بدات. عەلی وتی لە خۆت دەدرێت چونکە خراپترین بونەوەری.
لە پاش مردنی عەلی، حسن بەهەمان شمشێر دەیکوژێ و پاشان هەردووک دەستو قاچی دەبرن و دەیخەنە ناو سەبەتەیەک و ئاگری تێبەردەدەن.
هەر لە هەمان شەوی بریندار بوونی عەلی، 'بورک' پەلاماری معاویەی دا و برینداری کرد بەڵام پاسەوانەکان کوشتیان. پزیشکی معاویە دێت دەڵێت دوو چارت هەیە یان بە ئاسنی سورکراوە لە شوێنی برینەکەت دەدەم یان دەرمانێک دەخۆیت بەڵام منداڵت نابێت. ئەویش دەڵێت 'عبدالله و یەزید'م هەیە تەحەمولی ئاگر ناکەم.
بۆ بەختی مێژو ئەو شەوە عمری کوڕی عاص توشی زگ هێشە دەبێت و ناتوانێت بچێت بۆ نوێژکردن، سەرۆکی پاسەوانەکەی دەنێرێت بۆ نوێژ بۆیە پاسەوانە دەکوژێت و خۆی دەربازی دەبێت.
ئابەم شێوەیە کۆتایی بە خەلافەتی عەلی دەێت کە ماوەکەی ٥ ساڵ و ٣ مانگ بوو هەندێکیش دەڵێن ٤ ساڵ و ٩ مانگ و یەک ڕۆژ بوو.[239]

**کورتکراوەی بەشی پێنجەم**

لەم بەشەدا باسی خەلیفەی چوارەممان کرد لەگەڵ بەردەوام بوونی ئاژاوەکانی سەردەمی عوسمان. لە سەرچاوەکانی ئەهلی شیعە و سوننەدا ئەو ئاژاوانە و شەڕە

[239] تأريخ الطبري، ذكر الخبر المقتل علي بن أبي طالب، ج ٦ ل ٦٢ ـ ٦٨// الكامل في التاريخ، ذكر مقتل أمير المؤنين علي بن أبي الطالب ج ٣ ل ٢٥٤ ـ ٢٦١

گەورانە باس کراوە کەچی لەسەر زمانی هیچ مەلایەک باسی لێ ناکرێت ئەگەر باسیش بکرێت هەمووی دەخرێتە سەر ملی سەبەئیەکان. هەرچەندە ئێمە زۆر بە جوانی ڕوونمان کردەوە سەبەئیەکان بوونیان نەبوو، تەنها لەو کاتانە دروست دەبن کە فیتنەکە تەواو دەبێ ئینجا دەڵێن ئەوە دەستی سەبەئیەکان بوو. لەکاتی گەمارۆدانی ماڵی عوسمان و کوشتنیدا باسی سەبەئیەکان نابیستین کەچی کەباسی خەلافەت کرا گوتیان سەبەئیەکان دەڵێن ئەگەر کەسێک هەڵنەبژێرن ئەوا عەلی و زبیر و تەڵحە دەکوژین. لەشەڕی 'جمل' شەڕکردن لە نێوان ئامۆزای پەیامبەر و ژنی پەیامبەر بوو کەچی نەمان زانی سەبەئیەکان لە کوێ بوون. یان ئەو شەڕە گەورەی لە نێوان موعاویە و عەلی ڕوویدا ڕۆڵی سەبەئیەکان چی بوو و سەرکردەکانیان کێ بوون. تۆ بڵێی کابرایەکی یەهودی هێندە زیرەک هەبووبێ یاری بە ئەقڵی پەیامێکی ئەڵڵا کردبێ، ئەهلی سوننە دەڵێن خەلیفەکانی ڕاشیدین هەمووی چاکەکەر و خاوێن و هەڵبژاردەی ئەڵڵا بوون لە پاش پەیامبەر، ئەی بۆچ کەوتنە ناو داوی فیتنەی یەهود و یارییان پێ کرا.

کێشەی ئیسلام ئەوەیە کاتێک خاڵێکی لاوازی لێ دەر دەکەوێ دەبێ پاساوێکی بۆ بهێنێتەوە، هیچ کاتێک دان بەهەڵەی خۆیان دانانێن هەمیشە دەبێ بەرامبەریان بە تاوانبار دابنێن. موسوڵمانەکان ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە ئیسلام پەیامێکی خوداوەندیە و دەبێ لەلایەن ئەڵڵاوە بپارێزرێ و نابێ تۆوی دووبەرەکی و دووڕووی لەناو ئیسلامدا ڕووبدات. کەچی دەبینین قورەیشیەکان کە خاوەن پێشینەی ئیسلام نەبوون دەبنە باڵادەست و شەڕی گەورترین و بەڕێزترین هاوەڵی پەیامبەر دەکەن. هیچ کاتێک موسوڵمانەکان خۆیان ناخەنە ناو شیکاریەکی ڕامیاری و ڕاڤەی مێژویی خۆیان بکەن. بە ڕوونی دیارە قورەیشیەکان ڕامیارزانێکی سەردەمانی جاهیلی و ئیسلامی بوون، توانیان عوسمان بخەنە ناو بەرەی خۆیان و هەموو کارێکی نەشیاوی پێ بکەن و هەر خۆشیان بە کوشتی بدەن، کەچی ئەهلی سوننە لەو هەڵوێستە خۆیان بەدوور خستووە بە جۆرێک موعاویە پیرۆز دەکەن وەک هیچ گوناحێکی نەبووبێ. ئەوەیان لە بیر دەچێ موعاویە لەسەردەمانی پاش گرتنی مەککە و بەمەرج موسوڵمان دەبێ. هەرکەسێک بە مەرج موسوڵمان ببێ دیارە بڕوای یەقینی نییە. کەچی بۆچ مێژو دەرهەق بە موعاویە بێ دەنگە. ئەهلی سوننە هاوەڵانی پەیامبەر بە فریشتە و باڵی پەیامبەر دەزانن بۆیە تاوانە ئەگەر ڕەخنە بگری لە یەک

هەڵەیان. هەرچەندە ئەهلی شیعە خۆی لە تەقدیس کردنی سێ خەلیفەکەی پێش عەلی دەرهێناوە و بەڵام عەلیان لە پلەی ئەڵڵا داناوە و خاوێنیان کردۆتەوە لە هەموو هەڵەیەک. لە کاتێکدا دەبینین عەلی ئەو فریشتە خاوێنە نەبووە کە باس دەکرێ ئەگەر بێینە سەر کوشتنی عوسمان ئێمە زۆر بە ڕوونی ئاماژەمان بەوە کرد عەلی دەستێکی باڵای هەبووە لە کوشتنی عوسمان هەرچەندە ئەهلی شیعە و سوننەش خۆیان لەو بابەتە نادەن وەک باسمان کرد هۆکاری ئەوەیە عەلی قودسیەتی هەیە لەلایەن هەردوو ئەهلی سوننە و شیعە.

ئەوەی ماوە بیڵێین ئایا عەلی شیاوی گرتنی خەلافەتی یەکەمی هەبووە یان غەدری لێکراوە لەلایەن سێ خەلیفەکەی پێش خۆی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ چاوێک بە بەشی حەوتەمی ئەو کتێبە دابخشێنین هەرچەندە ئەو بەشە بەشێکی بەرگی سێهەم بوو بەڵام من کورتم کردەوە و خستمە ناو ئەو کتێبە تاوەکو خوێنەر پێشینەیەکی هەبێ لەسەر ڕووداوەکان و ململانێیەکانی نێوان خەلیفەکان و هۆکاری دروست بوونی شیعەو سوننە. لەو بەشەدا بۆت ڕوون دەبێتەوە ئایا عەلی شیاوی وەرگرتنی یەکەمین خەلافەتی ئیسلامی هەبوو یان نا!

## ١.٦ حەسەنی کوڕی عەلی 'حسن بن علي'

حەسەن کوڕە گەورەی عەلی کوڕی أبي طالب بوو دایکی فاطمةی کچی پەیامبەر بوو. لە ساڵی ٣ی کۆچی لە شاری مەدینە لە دایک بووە.

حەسەنیش هەروەک ڕێچکەی باو و باپیرانی هاوسەرگیریەکی زۆری کرد تەنانەت لە سنوری باوک و باپری تێپەریدا. لە هەندێک ڕیوایەتدا دەڵێن ٧٠ ژنی ئازادی هێناوە لەگەڵ چەندین ژنی کۆیلە، بە پێی هەندێک سەرچاوە ٢٠٠ ژنی هێناوە و هەندێکیش دەڵێن ٢٥٠ و هەندێکیش دەڵێن ٣٠٠ ژن. فرەژنی حەسەن وای لێهات عەلی باوکی شەرمەزار بوو بەخەڵکی کوفەی وت ژنی مەدەنێ ئەو تەڵاقیان دەدات. دەترسا دوژمنایەتی بۆ دروست ببێت لەگەڵ هۆزەکان بە هۆی تەڵاقدانی زۆرەوە. بەڵام خەڵکی کوفە دەیان وت ئەگەر هەموو ڕۆژێ ژنمان لێ بخوازێ دەیدەینێ، کابرایەکی هەمەدانی دەڵێت بە ئەڵڵا ژنی دەدەینێ ئەوەی ویستی با لەلای بمینێتەوە ئەگەر نا با تەڵاقی بدات. عەلی زەردەخەنەی دێت و لە جیاتی بە شمشێر وەڵامی بداتەوە بە شعرێک وەڵامی دەداتەوە دەڵێت:

لو كنت بوابا على باب جنة لقلت لهمدان ان دخلوا سلاما

ئەگەر دەرگەوانی بەهەشت بام بە هەمەدانیەکانم دەوت بە ئاشتی وەرنەژورێ.

لە بەر زۆری ژنەکانی پێویست ناکات ناوی هەموویان بنوسین. تەنها خەرجیەکانی لە ژنهێنان بنوسین بەسە بۆ خوێنەر. دەڵێن حەسەن ئافرەتێکی مارەکردوە سەد کەنیزەکی ناردووە لەگەڵ هەر یەکێکیان هەزار درهەمی ناردووە.

ڕۆژێکیان دوو ژن بە یەک ڕۆژ تەڵاق دەدات یەکیان لە هۆزی بني اسد و ئەوی تر لە بني فرازة بۆ هەریەکێکیان ١٠ هەزار(درهەم) دەنێرێ. دەشڵێن لە ڕۆژێکدا دوو موتعەی کردووە بە ٢٠ هەزار. بێگومان حەسەن پارەیەکی زۆری هەبوو چونکە موعاویە ساڵانە ١٠٠ هەزاری بۆ دەنارد. [240] دیارە لای ئەوان پارە زۆر بێت لە ژنانهێنان خەرجی دەکەن.

## ٢.٥ خەلافەتی حەسەنی کوڕی عەلی

[240] البداية و النهاية، ج ٨ ل ٤١ ـ ٤٣

پاش کوژرانی عەلی خەڵکی بەیعەتیان لەگەڵ حەسەن بەست، یەکەمین کەس بەیعەتی بەست قەیس کوڕی سەعید بوو، پێشتر سەرکردەی لەشکری عێراق بوو لەلایەن عەلی دامەزرا بوو.

لەسەرەتای بەیعەت کردن لەگەڵ حەسەن بۆ خەلافەتی پێنجەم ئەو نیازی خۆی دەرخست کە دەیەوێ خەلافەت بخاتە دەستی موعاویە تاوەکو ئاشتی سەقامگیر بێت چونکە کاتی خۆشی ئامۆژگاری باوکی کردبوو واز لە خەلافەت بهێنێت. هەرچەندە زۆر کەسی دەوروبەری ڕازی نەبوون بەو ئاشتیە چونکە زەرەرێکی زۆریان لێکەوتبوو هەرچەندە ئەمەش دژی ویستی باوکی خۆی بوو. هەروەک پێشتر باسمان کرد بە هیچ شێوەیەک عەلی تەنازولی لە خەلافەت نەدەکرد. هۆکاری دەستبەرداربوونی خەلافەت بەم شێوەیە دەگێڕنەوە، حەسەن سوپایەکی ١٢ هەزار جەنگاوەری بە سەرکردایەتی قەیس ڕەوانەی شام کرد خۆی بەرەو مەدائن کەوتە ڕێ چونکە خەڵکی عێراق داوایان لە حەسەن کرد کە هەڵکوتێتە سەر ئەوانەی لە ئەڵلا و پەیامبەرەکەی یاخی بوون.

کاتێک ئەو هێزە بەرەو شام دەرچوو، معاویەش بە هێزێکەوە دەرچوو بەرەو عێراق و هێزەکەی گەیشتە گوندی (جسر منیج) لەوێ لایدا. ئینجا بەرەو 'مسکن' کەوتە ڕێ. هەردووک هێز بەرەو ڕووی یەکتری بوونەوە و سعد کوژرا بەمەش هەواڵ گەیشتە حەسەن و خەڵکی دەوروبەری، هەربۆیە چوارەدەورەکەی پشتیان بەردا و هەڵیان کوتایە سەری و لە 'حەسەن'یان دا ئینجا تالانی خێوەتەکەیان کرد و هیچی بۆ نەمایەوە ئەویش ڕێگای گرت و چوو بۆ مەدائین لە کۆشکی سپی نیشتەجێ بوو.[241] کاتێک حەسەن زانی خەڵکی پشتیان بەردا و بڵاوەیان لێکرد هەستا نامەی بۆ موعاویە نارد تاوەکو خەلافەت بداتە دەستی و لەگەڵی ڕێکبکەوێت. موعاویەش عبدالله کوڕی عامر و عبدالرحمن کوڕی سعدی ناردە لای تاوەکو ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن. حەسەن مەرجی ئەوەی دانا پارەی بیت المال هەڵبگرێ کە ٥ ملیون بوو لەگەڵ داهاتی باجەکانی دارابگرد بۆ ئەو بێت. واتە هەموو ئاواتی بریتی بوو لە پارە و ژیانی دونیایی و لە بیرچوونەوەی خێزان و ئاین.

[241] لە زۆربەی کتێبەکانی ئەهلی سوننەدا خەڵکی عێراق تاوانبار دەکرێن بە دوو فاقی و فیتنەیی و هۆکاری ئاژاوەکان دەخەنە ئەستۆی خەڵکی عێراق.

ئینجا هەستا سەر پێی و وتی ئەی خەڵکی عێراق سێ شت وای لە من کرد واز لە ئێوە بهێنم باوکی منتان بە کوشتدا، لە منتان دا، ماڵی منتان تاڵان کرد.
دوای ئەوە خەڵکی لەگەڵ موعاویە بەیعەتیان بەست. مەرجەکانی 'حەسەن'یش بریتی بوو لە هەڵگرتنی 'بیت المال'ی کوفە، جنێو بە باوکی نەدریت، کۆکراوەی خەڕاجی دارابگرد بۆ ئەو بێت.
چەند گێڕانەوەیەکی تر هەیە کە زۆربەیان هاودەنگن و هاوچیرۆکن سەبارەت بە بەدەستەوەدانی خەلافەتەکە: دەگێڕنەوە دەڵێن حەسەن  بە عبدالله کوڕی جعفر دەڵێ بۆچونێکم هەیە ئەویش دەڵێت چیە؟ دەڵێ من دەگەڕێمەوە مەدینە و خەلافەت بۆ معاویە بەجێدەهێڵم. بەمەش عبدالله هاودەنگ دەبێت. بەڵام حوسەین دەڵێت پەنات لێبگرم بە ئەڵلا تۆ عەلی لە گۆڕدا بە درۆزن دەردێنی و معاویە بە ڕاستگۆ. حەسەن تورە بوو بۆیە حوسەین دەڵێ ئێمە بەیعەتمان بە تۆ داوە تۆ چی دەکەی بکە.
حەسەن هەستا وتارێکیدا سەبارەت بەو ڕێککەوتنە بۆیە خەڵکەکان لێی هەستان و سەیری یەکتریان کرد و وتیان بە تەمای ئاشتی لەگەڵ موعاویە و لاوازی نواند بۆیە هێرشیان کردە سەری و تەنانەت جلەکانیان برد کەسێک بە ناوی 'عبدالرحمن کوڕی عبدالله کوڕی ئەبو جعال'ی عەباکەی لەبەرداکەند. تەنها شمشێرەکەی مایەوە و سواری ولاخەکەی بوو. کەسێک ڕێگەی پێگرت و بە ئاسنێکی تیژ دای لە ڕانی ئەوانی لەگەڵ حەسەن مابوون ئەو کەسەیان کوشت.
'حەسەن'یان بە برینداری برد بۆ مەدائین لە کۆشکی سپی دایان نا کە بە 'أبیض مدائن' ناسراوە. حەسەن سەریسوڕما لەو خەڵکە وتی بەیعەتیان داو بە من لەگەڵ کێ ئاشتەوایی بکەم و لەگەڵ کێ بجەنگم. من بەیعەتم بە معاویە داوە.
پاش ئەوەی حەسەن وازی لە خەلافەت هێنا چوو بۆ کوفە و مدائنی بەجێ هێشت. معاویەش لە مەسکەنەوە بەرەو نەخیلە و ئینجا بەرەو کوفە بەڕێکەوت. لە نێوان نەخیلە و دار الرزق لایدا. حەسەن لە کوفە بەرەو نەخیلە کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی پێشوازی لە معاویە بکات.

حەسەنی کوڕی علی لەگەڵ موعاویە لە نەخیلە بەیەک دەگەن و معاویە پێی دەڵێت دەهەستە و ڕای بگەیەنە بە خەڵک کە خەلافەتت داوەتە من. ئەویش خەلافەت بۆ موعاویە رادەگەیەنێ.[242]
ئابەم شێوەیە خەلافەتی ڕاشیدین کۆتایی هات بە هاتنی موعاویەی کوڕی ابوسوفیان.

**٣.٥ ڕووداوەکانی پاش دەستبەرداری خەلافەت لەلایەن حەسەن**

لەو کاتانەی 'عبیدالله کوڕی عباس' دەزانێ حەسەن داوای ئەمانی کردووە لە موعاویە ئەویش نامە بۆ موعاویە دەنێرێت کە ئەمانی پێ بدات و سەروەتەکەی بپارێزێ، موعاویەش بەم داواکاریە ڕازی دەبێ.
عبیدالله بە شەو لەشکرەکەی حەسەن بە جێدەهێڵێ و پەیوەستی لەشکری موعاویە دەبێ، سوپاکەش 'قیس بن سعد' دەکەنە سەرۆکی خۆیان و شەڕ لە دژی موعاویە ڕادەگەیەنن.
موعاویە دەیەوێ بە تەواى ئەوانیش بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و دەڵێ بۆ کێ دەجەنگی ئەوەی تۆ بەیعەتت لەگەڵ بەست وا بەیعەتی بە من بەست. بەڵام قەیس ڕازی نابێ. بۆیە موعاویە پەڕێکی سپی دەنێرێت و لە ژێرەوە واژۆی دەکات و دەڵێ بنوسە لەوەی داوا دەکەی من بۆت جێ بەجێ دەکەم. ئەویش داوای ئەمانی کرد بۆ خۆی و بۆ ئەوانەی لایەنگرانی عەلی بوون کە دەستیان هەبوو لە خوێن ڕشتن.
موعاویە ڕازی بوو هەر بۆیە لە ئەنجامدا قەیس پەیوەستی موعاویە بوو.
هەر لەو ساڵەدا حەسەن و حوسین هاتنەوە کوفە بە ماڵ و داهاتەکانیانەوە، پاش ئەوەی برینەکەی چاک بۆوە هاتە مزگەوت و ماڵئاوایی لێکردن و بەرەو شاری مەدینە بەڕێکەوتن.
خەڵکی 'بەسرە' ڕازی نەبوون ماڵات و خەراجی دارابگرد ببێتە موڵکی حەسەن گوتیان ئەوە تالانی ئێمەیە بۆیە لە ڕێگای قادسیە خەڵکی پێیان وت ئەی سەرشۆڕکەری عەرەب.[243]

---

[242] تاريخ الطبري، ذكر بيعة الحسن بى علي، ذكر الخبر عما كان فيها من الاحداث فمما كان فيها من ذلك تسليم الحسن الامر الى معاوية و دخول معاوية الكوفة، و بيعة اهل الكوفة معاوية بالخلافة، ج ٦ ل ٧١ ـ ٧٤ // الكامل في التاريخ، ذكر بيعة الحسن بن علي الى ذكر صلح معاوية و قيس بن سعد، ج ٣ ل ٢٦٧ ـ ٢٧٤ //البداية و النهاية، خلافة الحسن بن علي رضي الله عنه، ج ٨ ل ١٥ ـ ٢٠

[243] تاريخ الطبري، دخول الحسن و الحسين المدينة منصرفين من الكوفة، ج ٦ ل٧٥// الكامل في التاريخ، ذكر صلح معاوية و قيس بن سعد، ج ٣ ل ٢٧٤ ـ ٢٧٥// البداية و النهاية، ج ٨ ل ٤٤ ـ- ٤٨

هەتا حەسەن لەسەر ژیان بوو کێشەی لەگەڵ موعاویە دروست نەکرد و موعاویەش چاوێکی باشی لەسەر بوو. موعاویە کەسێکی زیرەک بوو زۆر جار بە پارە چاو و دەمی حەسەن و حسینی ئەنوساند و دەبەست. ساڵانە پارەی دەدانێ جارێکیان ٤٠٠ هەزار هەزار دەرهەم دەداتە حەسەن، ئەو پارەیە زۆرە چاوی حەسەنی نوساندبوو بە جۆرێک هەموو ناکۆکیەکانی لەبیر چوبۆوە. جارێکی تر حەسەن و عبدالله بن زبیر دەچنە لای موعاویە، موعاویە بە حەسەن دەڵێ بە خێر بێی کوڕی پەیامبەری ئەڵڵا و ٣٠٠ هەزاری دەداتێ، پاشان بە کوڕی زوبێر دەڵێ بەخێر بێی کوڕە پوری پەیامبەری ئەڵڵا و ١٠٠ هەزاری دەداتێ.

جارێکی تر موعاویە ١٠٠ هەزار بۆ حەسەن دەنێرێ، لەو کاتەدا ١٠ کەسی لەلا دەبێ و پارەکە لەسەریان دابەش دەکات، هەریەکە ١٠ هەزاریان بەر دەکەوێ.

موعاویە هەر بۆ حەسەن پارەی نەدەنارد بەڵکو بۆ کەسە نزیکەکانی حەسەن و کەسانی تری دەنارد تاوەکو پێگەی خۆی بکاتەوە، جارێکیان بۆ هەریەک لەوانە (عبدالله بن جعفر و مروان بن الحکم وابن عمر و عبدالله بن الزبیر) ١٠٠ هەزاری نارد. جارێکی تریش ملیۆنێک دەدات بە ابن عباس و دەڵێ برۆ دابەشی کە بەسەر کەسوکارت.[244]

### ٥. ٤ کوشتنی حەسەن

لە ساڵی ٤٩ی کۆچی ژنی حەسەن بە ناوی 'جعدة بنت الاشعث بن قیس الکندي' ژەهرخواردی دەکات. لەسەر وەسیەتنامەی خۆی داوای ئەوەی کردبوو لەلای پەیامبەری ئەڵڵا بنێژرێت ئەگەر دووبەرەکی دروست نەبێ، ئەگەر نا لە گۆڕستانی موسوڵمانان بینێژن. بەڵام دیارە ڕازی نابن بۆیە لە گۆڕستانی موسوڵمانان دەینێژن.[245]

لە سەرچاوەی طبقات باسی لە کوشتنی حەسەن دەکات کە ژنەکەی دەرمان خواردی کردوە. هەروەها دەڵێ کاتێ حەسەن دەچوو بۆ سەرئاو و دەهاتە دەرێ دەی وت پارچەیەک لە جەرگم توایەوە. چەند جارێک ژەهرخوارد کراوم هیچ جارێک وەک ئەم جارە سەخت نەبووە.

---

[244] البدایة و النهایة، ج ٨ ل ١٤٥ ـ ١٤٦

[245] الکامل في التاریخ، ذکر وفاة الحسن بن علي بن أبي طالب علیه سلام، ج ٣ ل ٣١٥- ٣١٧ // البدایة و النهایة، ج ٨ ل ٤٦

بەڵام سەرچاوە شیعەکان بە پاڵپشتی سەرچاوە سوننەیەکان دەڵێن دەستی یەزیدی کوڕی معاویە بووە لە ڕێگای ژنەکەی دەرمان خوارد کراوە. ئەمە بوونی هەبێ یان نەبێ کاری ئێمە نیە پاساو بۆ یەزید بکەین یان نا. بەڵام ئەوەی کە دێت لە پاش بەرگی ئەم کتێبە دەبێتە سەلماندنی ڕاستیەکان و ژیانی ئیسلامی عەرەبی دەردەکەوێت کە چ دووفاقیەک لەگەڵ یەکتر و ململانە گڵاوەکانیان لەگەڵ یەکتر ئەنجام دەدەن. بۆیە هەموو شتێکیان لێ دەوەشێتەوە بە تایبەتی یەزیدی کوڕی معاویە. خوێنەر سەری ئەلەقەیێ و دەڵێ دەبێ لەگەڵ ناموسوڵمانان چیان کردبێ لە کاتێکدا ئەوان عەرەب بوون و هەم موسوڵمان بوون.

**کورتکراوەی بەشی شەشەم**

پاش ئەوەی موعاویە دەست بەسەر خەلافەتی ئیسلامدا دەگرێت خەلافەتی ڕاشیدین کۆتایی دێت کە تەمەنی ئەو ماوەیە بە هەر پێنجییان ٣٠ ساڵ بوو. ئەگەر مێژوە کورتەکەی حسن بخوێنیەوە لەناو مێژوی باوکیدا ئەوا زۆر بە جوانی هەست بە ئاشتی خوازانە و بێ وەی پێوە دەبینین. ئەو لەسەردەمانی عوسماندا ئامۆژگاری باوکی کرد تاوەکو فیتنەیی دروست نەبێ. لە گفتوگۆیەکدا لە نێوان حەسەن و عەلیدا کاتێک هێزەکەی عائیشە 'بەسەرە'یان گرت و عەلیش لەگەڵ هاوەڵانی گەیشتنە 'ربذة'. حەسەن بە عەلی وت من ئاگادارم کردیەوە تۆ بە قسەت نەکردم بەیانی دەکوژرێی و سەرکەوتن بەدەست ناهێنی. 'عەلی پێی وت تۆ هێشتا دەگری وەک کچێکی بچکۆلانە، تۆ چیت بە من وتووە من بە قسەم نەکردوی. حەسەن پێی دەڵێ کاتێک گەمارۆی ماڵی عوسمانیان دا پێم وتی لەشار دەرچوو با لە کوشتنی ئەو تۆ ئامادە نەبی. کاتێک کوشتیان وتم بەیعەت لەگەڵ خەڵک مەکە تا نوێنەرەکانی هەموو عەرەب دێنە لات و بەیعەتی هەموو شوێنەکانت بۆ دێت. تۆ بە قسەت نەکردم. پێم وتی کاتێک ئەو ژنە و دوو پیاوە (عائشە، تەڵحە، زوبێر) دەرچوون لە ماڵی خۆت دانیشە تا بە ئاشتی بگەن، ئەگەر گومڕایی و خراپەکاری دروست بوو با لەسەر دەستی کەسێکی تر بێت تۆ لەوانە هەموو بەقسەت نەکردم. عەلی دەڵێ کورەکەم: سەبارەت بە وەی پێت وتم لە مەدینە دەرچم لەکاتی گەمارۆدانی عوسمان بە ئەڵڵا گەمارۆی ئێمەشیان دا هەروەک چۆن گەمارۆی ئەویان دا. سەبارەت بەوەی کە من بەیعەتم نەکردبا هەتا بەیعەتی شوێنەکانی ترم بۆ دەهات، ترساین کارەکەمان لە بن دەست دەربچێ. (چونکە) کاتێک

پەیامبەر مرد من بڕوام وابوو کەس بۆ خەلافەتی موسوڵمان شیاو تر نییە جگە لە من بەڵام خەڵک بەیعەتی بە ئەبوبەکر کرد و منیش بەیعەتم پێدا. پاش مردنی ئەبوبەکر من خۆم بە شیاو تر دەزانی بەڵام خەڵکی بەیعەتیان بە عومەر کرد من بەیعەتم پێ کرد. کاتێک ئەو کوژرا خۆم بە شیاوتر زانی بۆ خەلافەت کەچی یەک بەش لە شەش بەش بەرمن کەوت (مەبەستی لەو ڕاوێژکردنە بوو کە پێنجیان لایەنگری عوسمان بوون)، پاش کوشتنی عوسمان خەڵکی بە ڕەزامەندی و بێ ڕقوقین بەیعەتیان بە من دا. سەبارەت بە دەرچوونی تەڵحە و زوبێر ئەوا سەرجەم ئۆمەتی ئیسلام توشی لاوازی بوو. بە ئەڵڵا لەو کاتەوە بووم بە خەلیفە بابەتەکان بە بەردەوامی بەرەو ڕووی من هات و من بچوک دەکاتەوە. هیچم بە دەست نەهێنا کە ئەبوایە بە دەستی بهێنم بەوەی گوتت کە دەبوایە لەماڵەوە دەرنەچم ئەی من چۆن دەتوانم ئەرکەکانم جێ بەجێ بکەم. تۆ دەتەوێ وەک کەمتیار گەماڕۆم بدەن و بڵێن 'دباب دباب' لێرە نییە هەتا چنگەکانی ببەستنەوە و دەریبێنن. ئەگەر من هەڵنەستم بە ئەرکی سەرشانم و ئەوانەی پەیوەندیان بە منەوە هەیە، کێ بیکات؟ واز لە من بێنە کوڕەکەم.[246]

لەسەردەمی باوکی هەڵوێستی حەسەن هەڵوێستێکی ئاشتی خوازانە و ڕامیارزانانە بوو بەڵام کە خۆی بوو بە خەلیفە هەڵوێستێکی پارەپەرستانە بوو دەبینین لە سێ مەرجی دووانی باسی پارە دەکات و ئەوی تری دەڵێ جنێو بە باوکم نەدەن. هیچ بەندێکی تری ئاشتیخوازانە نابینین لەو ڕێککەوتنەی نێوان حەسەن و موعاویە.

ئەو بۆچوونەی حەسەن سەبارەت بە عەلی زۆر ڕاست دەرچوو، کوشتنی عوسمان بەسەر ئەو داهات ئەگەر دەستیشی نەبووبێ لە کوشتنیدا. ڕاستە سەرکەوتنی بۆ بەدەستهات لە شەڕی جمل بەڵام دەرئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی موعاویە بوو و ئەویش هیچ کەسێکی لەدەوروبەری نەما. هەر بۆیە حەسەن خەلافەتەکەی تەسلیمی موعاویە کرد، هەرچەندە ئەویش بە کوشت چوو. بەڵام ئەگەر عەلی بەقسەی حەسەنی بکردبا ئەوا خەلافەت تەنها بۆ موعاویە دەبوو هەرچەندە ئەو خەلافەتی هەر گرت بەڵام ئەو کاتە زوتر بەدەستی دەهێنا و عەلی و حەسەن و حوسێنیش نەدەکوژران. مێژوش بە جۆرێکی تر تۆمار دەکرا.

---

[246] تاريخ الطبري، خروج علي الى الربذة يريد البصرة، ج ٥ ل ٢٢٤ ـ ٢٢٥// الكامل في التاريخ، ذكر ابتداء أمر وقعة الجمل، ج ٣ ل ١١٤ ـ ١١٥ // البداية و النهاية، ابتداء وقعة الجمل، ج ٧ ل ٢١٦ // دباب: ئەو دەنگەیە کەمتیاری پێ لە کولانەکەی دەردێنن.

**١.٦ شیعه و سوننه**

دروستبوونی ڕێچکەی شیعە و سوننە لەناو ئاینی ئیسلام بۆ ناکۆکیەکی سەرەتای ناو بنەماڵەیەک دەگەڕێتەوە، ئەو ناکۆکیە ڕەگ و ڕیشەی داکوتا و باڵی کێشا بە دروست بوونی ئیسلام و فراوان بوونی دەسەڵاتەکەی. ئەگەر ئیسلام نەبوایە ئەوا ئەو کێشەش کەس نەیدەزانی وەک هەزارەها کێشەی نێوان بنەماڵەکان کۆتای هاتووە و مێژوش بێئاگا بووە.

ئەوەی جێگای داخە ناکۆکی نێوان ئەو بنەماڵە عەرەبیە باڵی کێشاوە بەسەر دوو ڕێچکەی ئیسلام بە جۆرێک خەڵکی ناعەرەب و موسوڵمان بە گشتی بە هۆیانەوە ئەتلێنەوە. فارسی ئیمڕۆ خۆیان بە شیعەوە هەڵواسیەوە لە کاتێکدا هیچ پەیوەندیەک نادۆزینەوە جگە لەوەی هەندیک لێکۆلینەوە نەبێ ئەویش هۆکارەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕوخانی دەوڵەتی ساسانی لەسەردەمی عومەر و عوسماندا، بۆیە فارسەکان خۆیان هاویشتە ناو ئەو ململانێیە. لە ڕاستیدا ئەوە بۆچونێکی چەوتە هەرگیز لەگەڵ ئەقڵ تێکناکاتەوە مەگەر تەنها سەرلێشێواوی نەبێ.

ئەگەر سەرەتای دروستبوونی ناکۆکیەکان باس بکەین تا ڕوخانی ئێران دەبینین تەقینەوەکانی نێوان ئەو بنەماڵەیە زیادی کردبوو لەو کاتانەش فارس لە ژێر سایە ساسانیەکان ژیانێکی کامەرانیان هەبوو و زۆر بێئاگا بوون لە دورگەی عەرەبی.

ناکۆکیە سەرەتاییەکان دروست بوو لە نێوان هاشم و 'أمية=ئومەییە'. کە هەردوکیان نەوەی یەک بەرەباب بوون. ڕووداوەکان بە ئەفسانەیەک دەست پێ دەکات دەڵێن باوکی ئومەیە واتە 'عبدالشمس' لەگەڵ هاشم دوانە بوون لە کاتی لەدایک بووندا بەیەکەوە نوسا بوون بۆیە بە شمشێر لێکیان کردنەوە بۆیە دەڵێن شمشێر و خوێن ڕشتن بەردەوام دەبێت لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە. هەرچەندە ئەستەمە ئەو چیرۆکە باوەڕی پێ بکرێت بەڵام ڕووداوەکانی دواتر زیاتر جێگای باوەڕە دەڵێن هاشم و ئومەیە هەردووک هەبوون بوون، هاشم پارەیەکی زۆری بۆ حاجیان خەرج دەکرد لە کاتێکدا کاری (رفادة و سقايه) [247] لە ئەستۆیدا بوو لەلایەن باپیرەی پێ سپێردرابوو. بەڵام برازاکەی 'ئومەیە' ئەو کارەی نەدەکرد بۆیە بووە مایەی سەرزەنشتی قورەیش بۆیە ڕقی هەڵدەستێ و بڕیار دەدات ٥٠ وشتر لە کاتی حەجکردن سەرببڕدرێت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ. ئەمە ناکۆکیەکی سەرەتای بووە هەرچەندە شیعەکان ناوی دەنێن

[247] رفادة: بڕی ئەو پارەیە بوو خواردنی پێ دەکردرا بۆ حاجیە هەژارەکان. سقاية: دابینکردنی ئاو بۆ حاجیەکان.

دوژمنایەتی بەڵام ئەو ناکۆکیە لە هەموو بنەماڵەیەک ڕوودەدات. پاشان ناکۆکیەکان گوازترایەوە بۆ عبدالمطلب کوڕی هاشم و کوڕی ئومەیە بە ناوی حرب. ئینجا بۆ موحەمەد و ابوسوفیان. لەوێشەوە بۆ عەلی و موعاویە و پاشان بۆ 'حسین' و 'یزید'.
زۆر جاریش لە کتێبەکانی ئەهلی سوننە خەڵکی عێڕاق بە تاوان بار دادەنێن کە خەڵکی دووفاقی و فیتنەچی بوون و هۆکاری ئاژاوەکان دەخەنە سەر ئەستۆیان. بۆ نمونە خەڵکی عێڕاق بەوە تومەتبار کراوە حسین بە دەستیان کوژراوە، لە گێڕانەوەیەک دا کابرایەکی عێڕاقی بە عبدالله کوڕی عومەر دەڵێ ئەگەر خوێنی مێشولە بە جلەوە بنوسێ نوێژ دروستە یان نا. ئەویش وتی سەیری ئەهلی عێڕاق بکەن، کوڕی کچی پەیامبەریان کوشت واتە حسین کەچی باسی خوێنی مێشولە دەکەن.[248] هەروەها حەجاجیش بەهەمان شێوە خەڵکی عێڕاق بە فیتنەچی ناوزەد دەکات. سەیر لەوەیە ناکۆکیەکانی بنەماڵەی نێوان حجاز دەخەنە سەر ئەستۆی خەڵکی عێڕاق.
وا پێ دەچێت گرژیەکان لەسەردەمی ئیسلام زیاتر خەست بووبێتەوە چونکە هەتا پێش ئیسلامیش ژن وژن خوازی لە نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە هەبووە ئەبولەهەب مامی پەیامبەر دەبێ کە خوشکی ئەبوسوفیان لای دەبێ بە ناوی 'أم جميل'، پاشان پەیامبەر بە هۆی کاری سیاسی کچی ئەبوسوفیان دەهێنێ.
کەوابوو کێشەکان لە کوێوە زیاتر سەری هەڵدا.
لە ڕۆژی شەڕی بەدر 'عبيدة بن حارث' باپیری موعاویە 'عتبة بن ربيعة' دەکوژێ کە دەکاتە باوکی هیند 'دایکی موعاویە'، هەروەها عەلی 'وليد بن عتبة' دەکوژێ. حەمزەی مامی پەیامبەر 'شيبة بن ربيعة' دەکوژێ. ئەوانە دەبێتە هۆی خەستبوونەوەی ناکۆکیەکان، بەرەو دوژمنایەتی بردنی، ئەو بنەماڵەیە واتە بنەماڵەی ابوسوفیان و هیند دژ بە ئیسلام و بنەماڵەی پەیامبەری ئەڵلا نەوەک دوژمنایەتی نێوان هاشم و ئومەیە.
ئەستەمە ئەو کوشتارکردنەی بنەماڵەی هند لە بیر بکرێ لەلایەن موعاویە، بۆیە هند کە چاوی بە پەیامبەر دەکەوێ دەڵێ بە منداڵی پەروەردەمان کردن تۆش بە گەورەی لە ڕۆژی بەدر کوشتارت کردن. ربيناهم صغارا و قتلتهم كبارا يوم بدر.[249]

---

[248] تفسير ابن كثير، سورة طه اية ٨٩
[249] تاريخ الطبري، ذكر الخبر عن فتح مكة، ج ٣ ل ١٧٤

مێژوی هەردووکلا شیعە و سوننە ئاشکرایە ابوسوفیان لە ڕۆژی گرتنی مەککە بە نابەدڵی بوو بە ئیسلام. کاتێک پەیامبەر پێی دەڵێ بڕوا بە من دەکەی دەڵێ شتێک لە دڵم ماوە عەباس دەڵێ شایەتمان بێنە. پاشان ئەوان بوونە کۆمەڵەی 'المؤلفة القلوب'. هەروەها ئەو مەرجەش دادەنێ کە موعاویە ببێتە کاتبی وەحی. [250] دیارە بەمەش ویستویەتی موعاویە ئاگاداری هەموو کارو کردەوەیەکی پەیامبەر بێت.

لە پاش مردنی پەیامبەری ئیسلام، خەلافەت درایە دەستی ئەبوبەکر و هەندێک لە لایەنگرانی عەلی ئەوەیان بە ستەم زانی و عەلیان زیاتر بە شیاو دانا. بەڵام ناکۆکیەکان زیاتر بەرەو دوژمنایەتی نەڕۆیشت بەڵکو بۆمبێک ئامادەکرا و تەمەن کورتی خەلافەتی ئەبوبەکر تەقینەوەی ئەو بۆمبەی دواخست و پاشان عومەری کوڕی خەتاب خەلافەتی گرتە دەست، کێشەکان زیاتر قوڵ بۆوە بەڵام داگیرکردنی وڵاتی میزۆپۆتامیا و شام خەڵکی لە ئاژاوەی ناوەکی دوورخستبۆوە هەروەها توندوتیژی عومەر هۆکارێک بوو بۆ ڕاگرتنی گڕتێبەردانی ئاگری فتیلەکە. هەرچەندە بە ناهەق عەلی هەلنەبژێردرا بۆ خەلافەتی دووهەم. بەڵام کاتێک عوسمان بووە خەلیفەی سێهەم و عەلی دیسان فەرامۆشکرا، فتیلەی بۆمبەکە گڕی تێبەربوو و بە تەواوی ئەو بۆمبە تەقیەوە.

پاش کوشتنی عوسمان، موعاویە و لایەنگرانی ئەو تۆمەتی کوشتنی عوسمانیان خستە سەر عەلی، دوو گروپ دروست بوون، ئەوانەی لایەنگری عوسمان بوون ناویان لێنان عوسمانیەکان(العثمانية) و لایەنگرانی عەلی بە (العلوية، عەلەویەکان)ناسران لەگەڵ ئەوەش ناوی شیعەیان لە خۆ گرتبوو، ئەو دووناوە مابوو هەتا کۆتایی سەردەمی ئەمەویەکان، لەسەردەمی عەباسیەکان ئەو دوو ناوە واتە عەلەویەکان و عوسمانیەکان بە شیعة و ئەهلی سوننە جێگای گرتەوە.

الشيعة: واتە شوێنکەوتە و لایەنگر، بۆ کۆ و تاک و نێر و مێ بەکار دەهێندرێت. ئەو ناوە بەسەر ئەو کەسانە دابرا کە لایەنگرانی عەلی و 'ئەهلی بیت= اهل بيت' بوون. ئەوانەی زۆر بە دڵسۆز و لایەنگرانی عەلی ناسراون 'مقداد ابن الاسود'، 'سلمان فارسی'، 'ابوذر جذب بن جنادة الغفاري'، 'عمار بن یاسر'.

[250]ە تفسير ابن كثير، سورة الشعراء، اية ٢٢٧

به پێی تێپەربوونی کات شیعەش چەند لقێکیان لێ بۆوە: الاثنا عشرية، الزيدية و الاسماعيلية لەگەڵ چەند گروپێکی تر کە نەماون وەک( الكيسانية، الافطحية، الواقفة، الناوسية)

ئەوەی زۆر کاریگەری هەبێ و زۆرینە بن شیعەی 'الاثنا عشر' و 'الاسماعيلية'یە.

شیعەی الاثنا عشر دوانزدە ئیمامیان هەیە و بڕوایان بەوە هەیە ئەو ١٢ ئیمامە هیچ هەڵەیەکیان نییە و زانیاری تەواویان لە (ظاهر و باطني) قورئان هەیە، قسەکانیان تەشریعین و لە سەنگی فەرمودەکانی پەیامبەرە بۆ ڕاڤەی قورئان. ئەو ڕێچکەیە بڕوایان بەوە هەیە ئیمامی ١٢ لەساڵی ٣٢٩ی کۆچی خۆی ون کردووە و لەسەردەمی دەجال دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئیسماعیلیەکان ئەوان لە ١٢ ئیمام زیاتریان هەیە و بڕوایان هەیە بۆ هەموو سەردەمێک ئیمامێک هەیە. تا ئێستا ٤٩ ئیمامیان زانراوە، دواهەمین ئیمام لە فەرەنسا دەژیەت و ناوی 'شاه كريم الحسيني'ە. ئیسماعیلیەکان لە پاش مردنی ئیمامی شەشەم دروست دەبن ئەوان بڕوایان بەوە هەبوو ئیمامەتی بۆ کورە گەورەکەی 'اسماعيل' دەبێ بەڵام ئەوانی تر بڕوایان بەوە هەبوو دەبێ ئیمامەتی بۆ 'موسى' بێت چونکە اسماعيل پێش باوکی مردووە. ئەمانە ناوی ئیمامەکانیانە:

| ژ | الاثنا عشر | الاسماعيلية |
|---|---|---|
| ١ | الامام علي بن أبي طالب(المرتضى) | الامام علي بن أبي طالب(المرتضى) |
| ٢ | الامام الحسن بن علي(المجتبى) | الامام الحسن بن علي(المجتبى) |
| ٣ | الامام الحسين بن علي(الشهيد) | الامام الحسين بن علي(الشهيد) |
| ٤ | الامام علي بن الحسين(زين العابدين) | الامام علي بن الحسين(زين العابدين) |
| ٥ | الامام محمد بن علي(الباقر) | الامام محمد بن علي(الباقر) |
| ٦ | الامام جعفر بن محمد (الصادق) | الامام جعفر بن محمد( الصادق) |
| ٧ | الامام موسى بن جعفر (الكاظم) | محمد بن اسماعيل( المكتوم) |
| ٨ | الامام علي بن موسى (الرضا) | (الوافي احمد) عبدالله بن محمد |
| ٩ | الامام محمد بن علي (الجواد) | (التقي محمد) أحمد بن عبدالله |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | الامام علي بن محمد (الهادي) | (الزكي عبدالله) الحسين بن أحمد |
| ١١ | الامام الحسن بن علي (العسكري) | عبيد الله بن الحسن (المهدي)، دامەزرێنەری فاطمیەکان. |
| ١٢ | الامام المهدي المنتظر (محمد بن الحسن) | محمد بن عبيد الله الحسين (القائم بأمر الله) |

دەبێ بپرسین بیری ئەو دوانزدە ئیمامە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە:

لە فەرمودەیەکی پەیامبەردا دەڵێ ئەو ئاینە بەردەوام دەبێ هەتا ڕۆژی هەستانەوە یان دوانزدە خەلیفە فەرمانڕەوایەتیتان دەکات هەر هەموویان لە قورەیشن. لَا يَزَالُ الدِّينُ قَائِمًا حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ أَوْ يَكُونَ عَلَيْكُمْ اثْنَا عَشَرَ خَلِيفَةً كُلُّهُمْ مِنْ قُرَيْشٍ.[251]

لە پەیامبەری ئەڵڵام گوێ لێ بوو وتی لە پاش من ١٢ میر دێت، پاشان نازانم چی وت، پرسیم وتیان وتی هەموویان لە قورەیشن. سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ يَكُونُ بَعْدِي اثْنَا عَشَرَ أَمِيرًا ثُمَّ لَا أَدْرِي مَا قَالَ بَعْدَ ذَلِكَ فَسَأَلْتُ الْقَوْمَ فَقَالُوا قَالَ كُلُّهُمْ مِنْ قُرَيْشٍ.[252]

لەو فەرمودەیەدا دەردەکەوێت ئەگەر ١٢ خەلیفە لە قورەیش بە دوای یەکدا خەلافەتیان کرد ئەوا ڕۆژی کۆتایی دێت، ئەگەر لە ڕوانگەی شیعەدا تێ بڕوانین ئەوا ١١ ئیمامیان هاتووە و دوانزەهەمیان لە سەردابە هەر کاتێک بێتەوە ئەوا ڕۆژی کۆتایی دێت. دەردەکەوێت ئەو ئەفسانەیان دروست کردووە تاوەکو ئەو فەرمودەیە بە ڕاست بزاندرێت!

**٢.٦ هۆکارەکانی تەقینەوە و دروست بوونی شیعة**

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا هۆکاری بەرفراوان بوونی دەسەڵات درێژەی بە ناکۆکیە سەرەتاییەکان دا و زیاتر زیندوی کردەوە، ئەگەر عەلی یەکەم خەلیفە بوایە لەوانەیە مێژو لە تۆمارگەیەکی تر نوسرابایەوە. بەڵام بۆچ عەلی هەڵنەبژێرا و وتەکانی

[251] صحيح مسلم، باب الامارة، كتاب الامارة، باب الخلفاء من قريش // مسند أحمد، اول مسند البصريين، لايزال الدين قائما حتى تقوم الساعة

[252] مسند احمد، اول مسند البصرين، يكون بعدي اثنا عشر أميرا

پەیامبەر پێشێل کرا دەبێ لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێ. ئەگەر وردببینەوە دەبینین کێشەکان تەنها لە بنەماڵەی ئەهلی بیت و ئەبوسوفیان و موعاویە نابینین بەڵکو کێشە لە بنەماڵەی عومەر و ئەبوبەکریش زیاتر دەبینین. شیعەکان بڕوایان بە عەلی هەیە کە ئەو میراتگری خەلافەتە نەوەک (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان).

بۆیە لێرەدا هەندێک ڕووداوی مێژویی باس دەکەین و ڕاڤەی دەکەین هەم لەسەر هەڵبژاردنی عەلی و هەم لەسەر ناکۆکیەکانی نێوان بنەماڵەی عەلی لەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان.

**٦. ٢. ١ هەڵ نەبژاردنی عەلی بۆ خەلیفەی یەکەم**

کاتێک پەیامبەری ئیسلام کۆچی دوای کرد، موسوڵمانەکان کۆبوونەوە بۆ ئەوەی کەسێک بکەن بە خەلیفەی خۆیان وەک لە بەشی یەکەم باسمان کرد، لەو بەشەدا تەنها چەند بابەتێکی تر زیادە دەکەین. کاتێک ئەنسارییەکان بە موهاجیرەکانیان وت با ئەمیرێک لە ئێمە و ئەمیرێک لە ئێوە، عومەر و ئەبوبەکر ڕازی نەبوون وتیان دەبێ لە عەشیرەت و خێڵی خۆمان بێت. ئەوەی سەیرە ئەبوبەکر و عومەر گوتیان دەبێ خەلافەت لە موهاجیرەکان و قورەیش بێت کەچی 'عەلی'یان فەرامۆش کرد و خۆیان بوون بە خەلیفەی ئیسلام. عەلی لەسەر ئەو خاڵە دەڵێت ئەگەر موهاجیرەکان ڕاست بکەن ئەوا دەبێ ئێمە بین. ئەگەرنا ئەنسارییەکان لەسەر هەقن. ڕاستیەکە هەر وایە عەلی لە هەموویان لە پێشترە هەر بۆیە بنەماڵەی 'هاشم' و 'زبیر بن العوام' و ١٣
پیاوی ئەنساری و موهاجیر لەگەڵ عەلی بوون. بەڵام عەلی بە شەڕ نەیویست خەلافەت وەربگرێ.

کۆمەڵگای عەرەبی تەنها ١٠ ساڵ حوکمی ڕێبەرایەتی پەیامبەریان دی، بۆیە لە پاش خۆی دەبوایە یەکێکی تر حوکمی بکربا لە ئیسلام و هەڵسوکەوتی پەیامبەر نزیک بوایە. شیعەکان دەڵێن تەنها ئەو بنەمایە لە عەلی زیاتر کەسی تر نەی بوو. بەڵام مێژو دەریخستووە ئەبوبەکر بەهەمان هەڵسوکەوت جولایەوە و شەریعەتی ئیسلامی جێ بەجێ کرد بۆیە شیعەکان لەو ڕەخنەیە زۆر لاوازن ئەگەر بڵێن لە عەلی زیاتر هیچ کەسێکی تر لە هەڵسوکەوتی پەیامبەر نزیک نەبووە و کەس بەقەد ئەو شارەزایی لە ئیسلام نەبووە، ئەگەر سەرنج بدەینە شەڕی 'ردة' تەنها ئەبوبەکر جەختی لەسەر دەکردەوە کە پێویستە بکرێ و هیچ هەڵوێستی عەلی دیار نییە تەنها لە پاش

خۆئامادەکردنی لەشکری ئیسلام نەبێ. بۆیە مەرجی خەلافەتی لە نێوان عەلی و ئەبوبەکر نابێ لەسەر بنچینەی شارەزایی لەسەر ئیسلام بێ چونکە هەردووک وەک یەک شارەزا بوون. بەڵام شیعەکان دەتوانن چەند خاڵێکی گرینگ بە بنەما بگرن ئەویش نزیکایەتی وبەندی خزمایەتی و خۆشەویستی، لەگەڵ ئەو متمانەی پەیامبەر بە عەلی هەیبوو زیاتر بە بنەما بگرن هەروەک لە چەندین فەرمودەی پەیامبەر ئاماژەی پێکراوە، خۆ ئەگەر شارەزاییەکەی عەلی لەسەر ئیسلام بخرێتە سەر ئەو خاڵە گرینگانەی باسمان کرد ئەوا بە بێ دوودڵی عەلی لە هەموو خەلیفەکانی پێش خۆی زیاتر شیاو بووە، بە پشت بەستن بە چەند فەرمودە و ڕاڤەی چەند ئایەتێکی قورئان:

* لەشەڕی خەیبەر پاش ئەوەی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان هەڵدێن و دەشکێن پەیامبەر دەڵێ من ئەو ئاڵایە دەدەمە دەستی پیاوێک ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی خۆش دەوێ و ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی خۆشیان دەوێ، پێشڕەوی دەکات و لە هەڵاتوان نابێ. سأعطين الراية لرجل يحب الله و رسوله و يحبه الله و رسوله كرارا و ليس بفرار.[253]
* هەروەها لەسەرچاوەی مسند احمد بەو جۆرە گێڕدراوەتەوە: پەیامبەر وتی بەوەی(ئەڵڵا) ڕووی موحەمەدی شکۆمەند کردووە ئەو ئاڵایە دەدەمە پیاوێک هەڵنەیەت(لە مەیدانی جەنگدا)، ئەی عەلی بگرە(ئەو ئاڵایە)، عەلی دەرچوو(بۆ جەنگ) هەتا ئەڵڵا خەیبەر و فەدکی لەسەر دەستی ئەو ڕزگار کرد. قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَالَّذِي كَرَّمَ وَجْهَ مُحَمَّدٍ لَأُعْطِيَنَّهَا رَجُلًا لَا يَفِرُّ هَاكَ يَا عَلِيُّ فَانْطَلَقَ حَتَّى فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ خَيْبَرَ وَفَدَكَ.[254]

* لە ئایەتی ٧ سوڕەتی البينة دەڵێت: ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کاری چاکە دەکەن، ئەوان باشترین دروستکراون. ان الذين امنوا و عملوا صالحات اولك هم خير البرية. لە تەفسیر ئەو ئایەتە لەلایەن السيوطي دەڵێت کاتێک کۆمەڵێک لەلای پەیامبەر دانیشتبوون عەلی هات، پەیامبەر وتی ئەوەی گیانی منی بەدەستە ئەو و شوێنکەوتوانی لە ڕۆژی هەستانەوە براوەن، ئینجا ئەو ئایەتە دابەزی، کاتێک عەلی

253 کرار: واتە پێشڕەوی بکات و بە پێچەوانەی هەڵاتن دێت.
254 مسند أحمد، باقي مسند المكثرين، من ياخذ بحقها فجاء فلان فقال انا قال أمط ثم جاء رجل فقال أمط ثم قال النبي صلي الله عليه و سلم و الذي كرم وجه محمد لاعطينها رجلا لا يفر هاک يا علي فانطلق حتى فتح الله عليه.

دەهاتە لای هاوەڵانی پەیامبەر دەیان وت 'خیر البریة' هات.  عن جابر بن عبد الله قال كنا عند النبي صلى الله عليه و سلم فأقبل علي فقال النبي صلى الله عليه و سلم : " والذي نفسي بيده إن هذا وشيعته لهم الفائزون يوم القيامة ونزلت إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات أولئك هم خير البرية " فكان أصحاب النبي صلى الله عليه و سلم إذا أقبل علي قالوا : جاء خير البرية

هەر لەهەمان سەرچاوە و هەمان تەفسیری ئەو ئایەتەدا چەند وتارێکی تر باس کراوە کە سەنگی بنەماڵە و بەتایبەتی عەلی نیشان دەدات:

* پەیامبەر بە عەلی دەڵێ: تۆ و شوێنکەوتوانت لە ڕۆژی هەستانەوە دێنە لای پەروەردگارتان کە ڕازی کردبون و ئەوتان ڕازی کردبوو، دوژمنانت بە زەلیلی و چاوشۆڕیەوە دەچنە لای پەروەردگاریان.  يا علي انك ستقدم على الله وشيعتك راضين مرضيين وقدم عليك عدوك غضاب مقمحين.[255]

* لە عەلی دەگێڕنەوە پەیامبەر پێی وتم: تۆ ئەو وتەیەی ئەڵڵات نەبیستوە (ان الذين امنوا....)، تۆ و شوێنکەوتوانت، چاوپێکەوتنی من  و ئێوە لە حەوزیە.  عن علي قال : قال لي رسول الله صلى الله عليه و سلم : " ألم تسمع قول الله : إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات أولئك هم خير البرية أنت وشيعتك وموعدي وموعدكم الحوض.

واتە پەیامبەر و عەلی و بنەماڵەکەی لە حەوزی کەوسەر یەکدەگرنەوە، واتە پلە و پایەی بنەماڵە لە ئاستی پەیامبەرایەتیە.

* عائیشە بە پەیامبەر دەڵێ بە ڕێزترین بوونەوەر(کەس)ی ئەڵڵا کێیە؟ پەیامبەر وتی: ئەی عائیشە تۆ نەتخوێندۆتەوە ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کاری چاکە دەکەن ئەوانە 'خیر البریة'ن.  عن عائشة قالت : قلت يا رسول الله : من أكرم الخلق على الله ؟ قال : " يا عائشة أما تقرئين إن الذين آمنوا وعملو الصالحات أولئك هم خير البرية.

* سەبارەت بە ئایەتی المودة کە ئایەتی ٢٣ سوڕەتی 'الشوري'ە، دەڵێت: ئا ئەوەیە(بەهەشت) ئەڵڵا موژدە بەو بەندانە دەدات کە باوەڕیان هێنا و کاری چاکەیان کرد. پێیان بڵێ من هیچیانم لێ ناوێن تەنها خۆشەویستی خزمان نەبێ. ئەوەی چاکە ئەنجام بدات ئێمە چاکەی زیاتر لەگەڵ دەکەین. ئەڵڵا لێبوردە و سوپاسگوزارە. ذَٰلِكَ

[255] الدر المنثور، تفسیری ئایەتی ٧ی سورەتی البينة لەم سەرچاوە فەرمودەکە کۆتای دێت بە راضين مرضيين // لەسەرچاوەی مجع الزوائد، ج ٩ ل ٢١٣ فەرمودەکە ئەو پاشکۆیەی بۆ زیادکراوە (وقدم عليک عدوک غضاب مقمحين)// راضين مرضيين هەندێک کەس وا لێکی دەداتەوە کە ئەوان لە ئەڵڵا رازی بوون و ئەڵڵاش لەوان رازی بوو.// مقمحين: الاقماح: سەریان بەرزکراوەتەوە و چاویان کزبووە

الَّذِي يُبَشِّرُ اللَّهُ عِبَادَهُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ ۗ قُلْ لَا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْرًا إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَىٰ ۗ وَمَنْ يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْنًا ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ. الشوري ٢٣.
له تەفسیری 'الدور المنثور'ی ئەو ئایەتە، لە پەیامبەریان پرسیوه ئەو خزمانەت کێن دەبێ خۆشەویستیمان بۆ هەبێ ئەویش دەڵێ عەلی و فاطمه و کورەکانی.

* لەسەرچاوەی 'المعجم الاوسط'دا پەیامبەر دەڵێت: پابەندی خۆشەویستی 'ئەهلی بیت'بن، ئەوەی دەچێتە بەر قاپی ئەڵلا و ئێمەی خۆش بوێت دەچێتە بەهەشت، ئەوەی گیانی منی بەدەستە هیچ بەندەیەک کارەکانی سودی نابێ تەنها بە دەرک پێکردنی هەقی ئێمە نەبێ. الزموا مودتنا أهل البيت فإنه من لقي الله عز و جل وهو يودنا دخل الجنة بشفاعتنا والذي نفسي بيده لا ينفع عبدا عمله إلا بمعرفة حقنا.[256]

* له تەفسیری هەمان ئایەتی ٢٣ی سورەتی 'الشوري' له سەرچاوەی 'ابو سعود' بە شێوەیەکی تر باس کراوە دەڵێت: کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی پێیان وت ئەی پەیامبەری ئەڵلا کێن لە نزیکەکانت (خزمانت) کە ئەرکە لەسەرمان تا خۆشمان بوێن(چاک بین لەگەڵیان)، وتی عەلی و فاطمه و کورەکانیەتی، بەهەشت حەرام کراوە لەو کەسانەی کە: ستەم لە بنەماڵەکەم دەکەن، ئازارم بدات بە ئازاردانی نەوەکانم. ما نزلت قيل يا رسول الله من قرابتك هؤلاء الذين وجبت علينا مودتهم قال علي وفاطمة وابناهما وعن النبي صلى الله عليه و سلم حرمت الجنة على من ظلم أهل بيتي وآذاني في عترتي[257]

* هەروەها فەرمودەیەکی تریش هەیە زۆر گرینگە بە "الثقلين" ناسراوە هۆکاری ناولێنانی دەگەڕێتەوە بۆ دوو قورسایی: یەکەمین قورسایی قورئانە و دووهەمین قورسایی وەچەی پەیامبەرە. پەیامبەر وتی من دوو قورساییتان بۆ بەجێ دەهێڵم یەکیان لە ئەوی تر قورسترە: کتابی ئەڵلا کە گوریسی درێژکراوەیە لە نێوان زەوی و ئاسمان، وە وەچەی بنەماڵەکەمە و قەت لەیەکتر ناترازێن هەتا ئەو ڕۆژەی ئەوان دێنەوە لام لە حەوز(واتە لە حەوزی کەوسەر بە بنەماڵەکەی شاد دەبێتەوە). قَالَ

---

[256] المعجم الأوسط، الطبراني، ج ٢ ل ٣٦٠
[257] تفسير اية ٢٣ سورة الشوري، أبو السعود: ارشاد العقل السليم الى مزايا القران الكريم

رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنِّي تَارِكٌ فِيكُمْ الثَّقَلَيْنِ أَحَدُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ الْآخَرِ كِتَابُ اللَّهِ حَبْلٌ مَمْدُودٌ مِنْ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ وَعِتْرَتِي أَهْلُ بَيْتِي وَإِنَّهُمَا لَنْ يَفْتَرِقَا حَتَّى يَرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ.[258]

* پەیامبەر وتی فاطمة بەشێکە لە من، ئەوەی ئازاری بدات ئازارم ئەدات. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّمَا فَاطِمَةُ بَضْعَةٌ مِنِّي يُؤْذِينِي مَا آذَاهَا.[259]

* پەیامبەر وتی حسین لە منە و من لە 'حسین'م. ئەڵڵا ئەو کەسەی خۆش دەوێ حوسەین'ی خۆش بوێ، حوسەین گەلێکە لە گەلەکان. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حُسَيْنٌ مِنِّي وَأَنَا مِنْ حُسَيْنٍ أَحَبَّ اللَّهُ مَنْ أَحَبَّ حُسَيْنًا حُسَيْنٌ سِبْطٌ مِنْ الْأَسْبَاطِ[260].

پەیامبەری ئەڵڵا وتی ئەوەی ئەوانی خۆش بووێت منی خۆشویستوە، ئەوەی ڕقی لێ ببنەوە ڕقی لە من بۆتەوە واتە حسن و حسین. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَنْ أَحَبَّهُمَا فَقَدْ أَحَبَّنِي وَمَنْ أَبْغَضَهُمَا فَقَدْ أَبْغَضَنِي يَعْنِي حَسَنًا وَحُسَيْنًا[261].

ئەوەی لە مێژو تۆمار کرا موعاویە دژی عەلی جەنگا و ڕۆژانە لە مزگەوت جنێوی بە عەلی و حەسەن و حوسەین دەدا، هەروەها یەزیدی کوڕی موعاویەش دژایەتیەکی ڕاستەوخۆی کرد و کاتێک سەریان لە لەشی جیاکردەوە بە چیلکەدارێک گەمەی بە سەرە بڕاوەکەی دەکرد.

لەو فەرمودانە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەرکە لەسەر موسوڵمانان بنەماڵەی پەیامبەریان خۆش بوێت و ئازاریان نەدەن. بە ئایەتێکی تر دەتوانرێت جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەویش ئایەتی ' ٣١ ال عمران'ە: پێیان بێژە ئەگەر ئەڵڵاتان خۆش دەوێ بە دوای من کەون، جا ئەڵڵا ئێوەی خۆش دەوێ، لە گوناحەکانتان خۆش دەبێ، ئەڵڵا

---

[258] مسند احمد، باقي مسند المكثرين، اني تارک فيكم الثقلين احدهما اكبر من الاخر كتاب الله حبل ممدود من السماء الى الارض و عترتي اهل بيتي.

[259] صحيح مسلم، كتاب فضائل الصحابة، ان بني هشام بن المغيرة استاذوني ان ينكحوا ابنتهم علي بن ابي طالب فلا اذن لهم

[260] سنن الترمذي، كتاب المناقب، صدق الله انما اموالكم و اولادكم فتنة فنضرت الى هذين الصبيين يمشيان و يعثران فلم اصبر حتى قطعت حديثي و رفعتها.// حسين سبط من الاسباط أي أمة من الامم في الخير. لە قوڕئان سبط بە ئاماژەی ئەو کەسە دێت کە وەچەی لێ بکەوێتەوە. بۆ نمونە ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم چەندین هۆزی لێ دروست بوو ئەو هۆزانە پێیان دەڵێن الاسباط. بە دوانزدە کوڕەکەی 'یعقبوب' دەگوترێ الاسباط، بۆیە 'حسین' بە ئۆممەتێک حساب دەکرێ و وەچەی لێ بۆتەوە.

[261] مسند أحمد، باقي مسند المكثرين، من أحبهما فقد أحبني ومن ابغضهما فقد ابغضني يعني حسنا و حسينا

بەخشندە و لێبوردەیە. ﻗُﻞْ إِنْ ﻛُﻨْﺘُﻢْ ﺗُﺤِﺒُّﻮنَ اﻟﻠَّﻪَ ﻓَﺎﺗَّﺒِﻌُﻮﻧِﻲ ﻳُﺤْﺒِﺒْﻜُﻢُ اﻟﻠَّﻪُ وَﻳَﻐْﻔِﺮْ ﻟَﻜُﻢْ ذُﻧُﻮﺑَﻜُﻢْ ۗ وَاﻟﻠَّﻪُ ﻏَﻔُﻮرٌ رَﺣِﻴﻢٌ.

ئەوە باشترین بەڵگەی قورئانییە بۆ شیعەکان کە دەڵێن دەبێ بنەماڵەی پەیامبەرمان خۆش بوێت و شوێنکەوتەی بین.

* نزیکی عەلی لە پەیامبەری ئەڵڵا زۆر زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە، لە ڕووداوێکدا دەڵێن موحەمەد عەلی بۆ غەزوێک دەنێرێ و ئەویش بەسەر کەنیزەکێکدا دەکەوێت، دیارە هاوەڵانی پەیامبەر ئەو کارەیان لە عەلی چاوەڕێ نەدەکرد بۆیە چواریان هاتن و گازەندەی خۆیان گەیاندە پەیامبەر. ئەویش لە جیاتی عەلی تەمێ بکات تورە بوو. وتی چیتان لە عەلی دەوێ، چیتان لە عەلی دەوێ، چیتان لە عەلی دەوێ، عەلی لە منە و منیش لە ئەوم ئەو وەلی هەموو ئیماندارێکە لە پاش من.

ئەمەش دەقی نوسراوەکەیە: بعث رسول الله صلى الله عليه وسلم جيشا واستعمل عليهم علي بن أبي طالب فمضى في السرية فأصاب جارية فأنكروا عليه وتعاقد أربعة من أصحاب رسول الله صلى الله عليه وسلم فقالوا إذا لقينا رسول الله صلى الله عليه وسلم أخبرناه بما صنع علي وكان المسلمون إذا رجعوا من السفر بدءوا برسول الله صلى الله عليه وسلم فسلموا عليه ثم انصرفوا إلى رحالهم فلما قدمت السرية سلموا على النبي صلى الله عليه وسلم فقام أحد الأربعة فقال يا رسول الله ألم تر إلى علي بن أبي طالب صنع كذا وكذا فأعرض عنه رسول الله صلى الله عليه وسلم ثم قام الثاني فقال مثل مقالته فأعرض عنه ثم قام الثالث فقال مثل مقالته فأعرض عنه ثم قام الرابع فقال مثل ما قالوا فأقبل رسول الله صلى الله عليه وسلم والغضب يعرف في وجهه فقال ما تريدون من علي ما تريدون من علي ما تريدون من علي إن عليا مني وأنا منه وهو ولي كل مؤمن بعدي.[262]

وشەی وەلی واتە سەرپەرشتی کەسێک بێت واتە عەلی سەرپەرشتی باوەڕدارانە، پەیامبەر لەسەر ژیان بوو عەلی بە وەلی دانا لە پاش مردنی خۆی، کەواتە لۆجیکە عەلی ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان لە پاش مردنی پەیامبەر! وشەی 'بعدي' واتە لە پاش من. کەواتە جێگەی پێغەمبەرایەتی تەنها خەلافەت جێگای دەگرێتەوە کەواتە عەلی دەبێ ببێتە یەکەمین خەلیفەی ئیسلام.

[262] سنن الترمذي، كتاب المناقب، باب مناقب علي بن أبي طالب رضي الله عنه

* له صحیحی 'بخاري'دا هاتووه پەیامبەری ئەڵلا پێگەی عەلی بە هاوشێوەی هارون بۆ موسا دادەنێ. پەیامبەر بە عەلی وت: تۆ حەز ناکەیت پێگەی تۆ بۆ من وەک پێگەی هارون بۆ موسا بوو. قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لِعَلِيٍّ أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى.[263] ئەمە وەک دەقی ئایەتی ١٤٢ سورەتی 'الاعراف' کە هارون بوو بە خەلیفەی موسا لە پاش ڕۆیشتنی.

* له 'مسند احمد'دا پاشکۆیەک بۆ ئەو فەرمودەیە دروست کراوە کە دەڵێت: تەنها تۆ پێغەمبەر نیت لە پاش من، من ناتوانم ئێرە بە جێ بهێڵم هەتا خەلیفەیەک لە پاش خۆم بەجێ نەهێڵم. فَقَالَ لَهُ أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى **<u>إِلَّا أَنَّكَ لَسْتَ بِنَبِيٍّ إِنَّهُ لَا يَنْبَغِي أَنْ أَذْهَبَ إِلَّا وَأَنْتَ خَلِيفَتِي</u>**.[264]

کەوابوو پەیامبەر هەموو دەسەڵاتێک و هەقێکی دایە هەروەک چۆن موسا دای بە هارونی برای جگە لە پەیامبەرایەتی نەبێ.

له تەفسیری 'طبري' لە ئایەتی ٢١٤ سورەتی الشعراء، پەیامبەر سەبارەت بە عەلی بەو شێوەیە دەدوێت: ئەوە جێگری من، خەلیفەی منە بۆ ئێوە، گوێڕایەڵ و پابەندی بن. ان هذا في وصيتي و خليفتي فيكم فاسمعوا و أطعوا.

هەروەها چەند نمونەیەکیش دەهێنینەوە کە عەلی کەسێکی شارەزا بوو لە قورئان و شەریعەتدا:

* بە ئەڵلا هیچ ئایەتێک دانەبەزی من زانیاریم نەبێ لەسەر چی دابەزی، لە کوێ دابەزی، لەسەر کێ دابەزی. والله مانزلت اية الا وقد علمت فيم ا نزلت، واين نزلت، وعلى من نزلت، ان ربي وهب لي قلبا عقولا و لسانا طلقا.[265]

---

[263] صحيح البخاري، كتاب فضائل الصحابة، الا أعلمكما خيرا مما سالتماني اذا اخذتما مضاجعكما تكبرا اربعا و ثلاثين و تسبحا ثلاثا و ثلاثين و تحمدا ثلاثا وثلاثين فهو خير لكما من خادم

[264] مسند أحمد، ومن مسند بني هاشم، مسند عبدالله بن العباس بن عبدالمطلب عن النبي صلي الله عليه و سلم، انما يرد الله ليذهب عنكم الرجس اهل البيت و يطهركم تطهيرا.

[265] الطبقات الكبرى، ج ٢ ل ٣٣٨

* پەیامبەری ئەڵڵا هەزار دەرگای زانستی فێرکردم، لە کردنەوەی هەر دەرگایەک هەزار دەرگای تری هەیە. علمني رسول الله الف باب من العلم، يفتح من كل باب الف باب.[266]

* عەلی وتی: لێم بپرسن سەبارەت بە کتێبی ئەڵڵا هیچ ئایەتێک نییە کە نەزانم بە شەو دابەزیوە یان بە ڕۆژ، لە دەشت یان لە شاخ دابەزیوە. قال علي: سلوني عن كتاب الله فإنه ليس من آية إلا وقد عرفت بليل نزلت أم بنهار، في سهل أم في جبل.[267]

### ٦. ٢. ٢ قوڕەیشیەکان و بنەماڵەی هاشم

لە گێڕانەوەیەکی پێکەناویدا لە نێوان 'عومەر' و 'ابن عباس'دا باس لەو هۆکارە دەکرێ بۆچ بنەماڵەی بني هاشم خەلافەتیان بەدەست نەگەیشت لەهەردوو سەردەمانی ئەبوبەکر و عومەردا. عومەر دەڵێ ئەی کوڕی عەباس دەزانی پاش موحەمەد چی بەربەستی ئێوە بوو لەسەروی قوڕەیش بن (واتە بۆچ خەلافەتتان نەگرتە دەست). ابن عباس دەڵێ نەمویست وەڵامی بدەمەوە ئینجا وتی ئەگەر من نەزانم ئەوا میری باوەڕداران پێم دەڵێ. عومەر دەڵێ پێیان ناخۆش(ئەستەم) بوو پێغەمبەرایەتی و خەلافەت لە ئێوە بێت و ئێوە شانازی بەخۆتانەوە بکەن و خۆتان بە گەورە بزانن بەرامبەر نەتەوەی خۆتان(واتە قوڕەیش)، قوڕەیشیەکان یەکێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد و سەرکەوتوو بوون. ابن عەباس دەڵێ ئەگەر میری باوەڕداران بوارم پێ بدات قسە بکەم و توڕە نەبێت. عومەر وتی قسە بکە، ابن عباس وتی ئەوەی وتت قوڕەیش بۆ خۆیان خەلیفەیان هەڵبژارد و سەرکەوتوو بوون، ئەگەر ئەوەیان هەڵدەبژارد کە ئەڵڵا بۆی هەڵبژارد بوون ئەوا ڕاستی لای ئەوان دەبوو بێ ئەوەی لێیان بستێندرێتەوە و ڕژدیان پێ بەرن. سەبارەت بەوەی وتت کە نەیان هێشت خەلافەت و پێغەمبەرایەتی لە دەستی ئێمە بێت، ئەوا ئەڵڵا ئەوانەی بە 'ڕقلێبو'وەکان وەسف کردووە. (ئەوانەی بێ باوەڕ بوون، نەگبەتی بەشیان دەبێ، کارەکانیان پوچ دەبێ چونکە ڕقیان لەوە بوو ئەوەی ئەڵڵا دایبەزاند، کارەکانیان پوچەڵ دەبێتەوە.[268] **وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ. ذلك بأنهم كرهوا ما أنزل الله فأحبط أعمالهم. محمد ٨-٩)**. عومەر دەڵێ ئەی

[266] ابن سعد

[267] الطبقات الكبرى، ج ٢ ل ٣٣٧

[268] ابن عباس تەنها ئایەتی ٩ی سورەتی محمد دەڵێ، بەڵام بە هۆی پەیوەندی ئایەتی ٩ بە ئایەتی ٨ پێم باش بوو هەردووکیان بنوسمەوە تاوەکو خوێنەر لە مەبەستی ابن عباس تێ بگات.

کوڕی عەباس بە ئەڵڵا من قسەم دەبیستەوە لەسەرت حەزم نەدەکرد پێت بلێم تاوەکو پێگەت کەم نەبێتەوە. ئەویش دەڵێ چییە، ئەگەر ڕاست بن نابێ پێگەی من کەم ببێتەوە لەلایەن تۆ ئەگەر ڕاستیش نەبێ ئەوا کەسێکی وەک من ناڕاستیەکان لەخۆی دووردەخاتەوە. عومەر وتی پێیان وتومە تۆ وتوتە لە دەستی ئێمەیان دەرهێنا بە هۆی ڕژدی و ستەم و ڕق لێ بوونەوەیان بەرامبەر ئێمە. کوڕی عەباس وتی سەبارەت بە ستەمکردن ئەوا ڕوون بۆتەوە بۆ زانا و نەزان. سەبارەت بە رژدی بردن، ئەوا شەیتان ڕژدی بە ئادەم برد و ئێمەش نەوەی ئادەمین ڕژدیان پێ بردین. عومەر وتی زۆر دوورە زۆر دوورە، بە ئەڵڵا دڵی ئێوە ئەی نەوەی هاشم لە ڕژدی و ڕقوقینە پاک نابێتەوە. کوڕی عەباس وتی لەسەرخۆ ئەی میری باوەڕداران! بەو شێوەیە باسی دڵی کەسانێک مەکە کە ئەڵڵا ئەوانی خاوێن کردۆتەوە لە ڕق و ڕژدی، دڵی پەیامبەر لە دڵەکانی نەوەی هاشمە. عومەر وتی بڕۆ وازم لێبێنە ئەی کوڕی عەباس.[269]

ئەو گفتوگۆیەی نێوان عومەر و کوڕی عەباس نەهێنی زۆرمان بۆ دەردەخات، یەک ئەوانەی قوڕیشی بوون و حەزیان نەکرد نەوەی هاشم خەلافەت وەربگرێ کێ بوون؟ پێکەناویەکە ئەوەیە نەوەی هاشم خۆیان قوڕەیشی بوون. ئیتر بۆچ قوڕەیش لە نەوەی هاشم جیا دەکرێتەوە! ئایا مەبەستی لە قوڕەیش بەڵادەستەکانی 'بني اومیە' بوو. ئێمە نازانین ئەوەی دەیزانین کەسانێک لە قوڕەیش باڵادەست بوون و حەزیان نەکردووە خەلافەت بۆ 'بني هاشم' بێت.

خاڵێکی گرینگیش ئەوەیە واتە پێش مردنی پەیامبەر نەخشەی بۆ کێشراوە کە خەلافەت لەدەستی نەوەی هاشم دەرچێ، چونکە کاتێک پەیامبەر مرد خەڵکەکە شڵەژا بوون، پاشان ئەنساڕیەکان کۆبوونەوەیان کرد و ویستیان خەلافەت وەربگرن، ئەوەی چوو بۆ لای ئەنساڕیەکان ئەبوبەکر و عومەر و ئەبوعوبیدەی کوڕی جەراح بوو. هەر لەوێ خەلافەت درایە ئەبوبەکر وەک لە بەشی یەکەم باسمان کرد. کەواتە ئەوانەی حەزیان نەکرد لە قوڕەیشیەکان تەنها خۆی و ئەبوبەکر و ئەبوعوبیدەی جراح دەگرێتەوە ئەگەر ئەوانیش نەبووبن ئەوا نەخشەی بۆ کێشراوە پێش مردنی پەیامبەر.

---

[269] الكامل في التاريخ، ذكر بعض سيرته رضي الله عنه، ج ٢ ل ٤٥٨// ئەو ئایەتەی کوڕی عەباس وتی تەنها ئایەتی ٩ سورەتی محمد بوو بۆیە ئایەتی' ٨'م نوسی تاوەکو خوێنەر زیاتر لە مەبەستی ئایەتەکە تێ بگات.

### ٦. ٢. ٣ ئاشوبەکانی نێوان موسوڵمانان

دروست بوونی ئاشوبەکانی نێوان موسوڵمانەکان بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە هەرچەندە تا ئێستا بە وردی بۆچوونەکان نەیان پێکاوە. هەوڵ ئەدەم چەند هۆکارێک بنوسم و شیکاری بکەم و بڕیاریش بۆ خوێنەر جێ بهێڵم.

#### ٦. ٢. ٣ . ١ تێکەڵکردنی کەلتور بە ئاین

لێرەدا ئەو خاڵە گرینگە دەخەینە ڕوو ئەگەر بە ڕەگەز پەرست هەژمارد نەکرێین. کاتێک لەشەریعەتی ئیسلام و کەلتوری عەرەبی قوڵ دەبیەوە زیاتر ڕاستیەکان ئاشکرا دەبن. ئەو هۆکارەی کە زۆر دەبێ پێی لەسەر دابگرین پێکهاتەی قورئانە کە بە پاشماوەی کەلتوری عەربی و ئاینەکانی سامی دادەندرێت. ئەستەم بوو ئیسلام بتوانێ هەموو کەلتوری عەرەبی بگۆڕێ چونکە پەیامەکە لەناو ئەو کەلتورە سەریهەڵدا و پەیامبەریش کەسێک بوو لەناو ئەو کەلتورە لە دایک بوو. هەرچەندە ئاینی ئیسلام چەند شەریعەتێکی جوانی هێنا و هەندێک کەلتوری بێ ئابرویی ناو کەلتوری عەرەبی سڕیەوە وەک هاوسەرکردن لەگەڵ باوەژەنی خۆت بەڵام چەند کەلتورێکی عەرەبی هێشتەوە هەروەک لەبەرگی یەکەمی ئەو کتێبە باسی هەندێک ئایەتمان کرد لەناو قورئان ڕەنگی دایەوە کە کەلتورێکی عەرەبی بوو. ئاخو چۆن ئەڵڵا کەلتوری نەتەوەیەک لەناو ئاینێک رەونەقی دەداتێ و گشتگیری دەکات بەسەر هەموو نەتەوەکان. وەک پیرۆز کردنی چوار مانگی عەرەبی (ذو العقدة، ذو الحجة، المحرم، رجب) ئایا ڕۆژەکان و مانگەکانی ئەڵڵا هەروەک یەکنین؟! ئەمە کەلتوری عەرەبی بوو بۆچ لەناو قورئان مایەوە و پیرۆزیش کرا. بابەتی تاڵانی و ئەنفال کەلتورێکی عەرەبی بوو کەچی قورئان دەقی پێوە گرت. میللەتێک بە درێژای ساڵانی ئەو کەلتورەی پەیڕەو کردبێ زۆر ئەستەمە ئاینی ئیسلام بە خێرایی لەدڵ بچەقێ بەبێ ئەو کەلتورە.

لەلایەکی ترەوە، زیاد بوونی سەروەت و سامانی موسوڵمانان لە ڕێگای دەستکەوتی شەڕدا کە دژی ناموسوڵمانەکان ئەنجامیاندا، هەروەک مێژو بۆمان دەگێڕێتەوە چوون بۆ هەر شوێنێک کاولیان کرد و پیاوەکانیان دەکوشت و ژن و منداڵیان بە کۆیلە دەکرد، ئەستەمە ئەو ڕەفتارە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی دانەبڕێنێ، ئەستەمە بڵێین ئەو مرۆڤە دادپەروەرە ئەگەر لە ژێر پەردەی هەر فەلسەفەیەک و بیروباوەڕێکی ئاینی

بێ. ئەگەر مرۆڤێک ڕەوا بدات بە شمشێرەکەی سەری خەڵک بپەڕێنێ ئەستەمە بڵێین لەگەڵ سێبەری خۆشی نەجەنگێ. ئایا میللەتێک ئەوە پیشەی بێت پێش ئیسلام و پاش ئیسلام چۆن شەڕی دەسەڵات ناکات لەگەڵ نەتەوەی خۆی. ڕەگوڕیشەی کێشەکانی بەنی ئومەیە لەگەڵ بەنی هاشم بۆ سەردەمانێکی زۆر دەگەڕێتەوە ئەگەر پەیامبەرایەتی لە ناو ئومەیە بایە بەنی هاشم هەمان ململانەیان دەکرد. ئەگەر ئەبوسوفیان پەیامبەر با ئەوا موحەمەدی دەوری ئەبو سوفیانی ئیمڕۆی دەدیت. شیعەکانیش 'یەزید' و 'موعاویە'یان دەپەرست. ئەگەر ئیسلام بە چاوێکی تەسەوف سەیر نەکەین ڕێک شەڕی دەسەڵات دەبینین کە لە هەموو سەردەمانێک ڕووی داوە، بەڵام ئەوەی لەو کاتە ڕوویدا لە بەرگێکی ئاینی بوو.

ئەگەر بە وردی سەیری هەڵسوکەوتی پەیامبەری ئیسلام بکەین لە قۆناغی مەککەیدا دەقێک و ڕواڵەتێکی ئاینی گرتبوو و دەیویست عەرەب لە بتپەرستی دەربهێنێ. بەڵام بەرنامەکەی ئەو ئەستەم بوو لە کەلتورێکی ئاوادا سەربگرێ هەر بۆیە لە هۆزەکەی خۆشی بڕوایان پێ نەدەکرد. مرۆڤایەتی لە ناخیدا هەبووە. هیچ مێژوناسێک ناتوانێ بڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیامبەری ئیسلام زللەیەکی لە کۆیلەیەک دابێت یاخود قامچیەکی لە کۆیلەیەک دابێ. ئەمە خۆی بەرزراگرتنی نرخی ئەو زاتەیە و لە قۆناغی مەککە هەولێدا دڵی کۆیلەکان بۆ ئاینی ئیسلام ڕاکێشێ. ویستی شۆرشەکە شۆرشێکی جەماوەری بێت هەربۆیە هەندێک لە کۆیلەکان دڵیان بۆ بزوا. بەڵام سەدەها کۆێلەی دەسەڵاتدارەکان نەچوونە ژێر ئاڵاکەی پەیامبەر خۆ ئەبوایە دڵی ئەوانیش ڕابکێشێ دیارە ئەو پەیامە لەگەڵ کەلتوری عەرەبی نەدەهاتەوە. پەیامبەر توانی هاوسەنگیەک لە نێوان کۆیلە و خاوەن کۆیلە ڕابگرێ. لێرەدا زیرەکایەتی پەیامبەرمان بۆ دەردەکەوێ. بەڵام کەلتورێک چ لێ بکات کۆیلایەتی و گەورایەتی لەناخی ناخی چەقی بێت. یاساغ کردنی ئەو کەلتورە کە مرۆڤی بە کۆیلە دەکرد ئەستەم بوو دەرهەلکێشی بکات. ئەگەر هەقیش بڵێین ماوەی ژیانی پەیامبەرایەتی ئەو زاتەش زۆر کورت بووە هەموی ٢٣ ساڵ بوو لەوانەیە دەسەڵاتێکی زۆر بەهێزی هەبوایە و چەند ساڵێکی تر لە ژیان بایە کۆیلایەتی نەهێشتبا، ئێمە نازانین چی ڕوویدەدا و لە سینەی ئەو زاتە چی هەبووە.

ناسیخ و مەنسوخ بۆچی دروست بوو! ژینگەی ئەو کاتەی تێیدا ژیا ئەبوایە ئەو ئایەتە دروست بکات. چونکە قۆناغی مەدینە قۆناغێکی تر بوو. یاخی بوون و تۆڵە ڕەنگی

دایەوە. پەیامبەر هاتەوە سەرقۆناغ و دەستوری قورەیشیەکان بە بەرگێکی ئاینی.
یاخی بوو لە هەندێک کەلتور بەڵام پەیوەست بوو بە هەندێک کەلتور، چاو بە چاو ددان بە ددان بوو بە پەیڕەوی ئەو کە پێی دەڵێن کەلتوری تۆڵەسەندنەوە، پەیڕەوکردنی قبوڵنەکردنی ئاینی غەیرە ئیسلام بوو بە شەرعی موحەمەدی.
لەکەلتوری عەرەبی کەس کەسی قبوڵ نەبوو ٣٦٠ تیرە هەبوو هەرکەسێک بتی خۆی هەبوو. پەیامبەر هەموو بتەکانی تێکشکاند و ئەڵڵایەکی بۆ دروست کردن، لە ڕووی خوداوەندیەوە ئەوانی کردەوە یەک بەڵام لە ڕووی دەسەڵاتیەوە نەیتوانی یەک دەسەڵات دروست بکات. هۆکەشی ئەو کلتورە عەرەبیە بوو. هەربۆیە پاش مردنی، لە کاتێک تەرمەکەی لەو گەرمایە کەوتبوو، موسوڵمانان ڕوالەتی ئیسلامەتیان بزرکرد ڕێک بۆ قۆناغی پێش ئیسلام گەڕانەوە و کەس لە پشتی ئیسلام نەما دەقا و دەق کەلتورەکەی عەرەب زاڵ بوو بەسەریاندا، شمشێر یەکلاکەرەوە بوو وەک پێشتر یەکلاکەرەوەی دەسەڵات بوو. ڕاستە لەو ساتە شمشێرەکان لە کاڵان دەرنەهاتن بەڵام ئەو گرژیە نوکی ڕم و شمشێرەکانی تیژتر کرد و فتیلەی بۆمبەکەی ئامادە کرد. ئینجا شەڕی 'ردە' دەستی پێکرد و شمشێرەکان لە کاڵان نەحەسانەوە و موسوڵمانەکان لە خوێن زیاتر هیچی تریان نەدەدی. ئاخۆ مرۆڤ دەرونی چی لێ دێت دایم خوێن ببینێ لە جیاتی سروشتێکی پر سەوزای کە بەیانیان بە جریوەی باڵندەکان لە خەو هەڵسێت. ئەمە ڕاستیە دەرون و سروشتی دوو مرۆڤ جیاوازە ئەگەر یەکیان مامەڵە لەگەڵ خوێن و بازرگانی مرۆڤ بکات لەگەڵ مرۆڤێک مامەلە لەگەڵ کەژو کێو و سەوزایی سروشت بکات.
گەورەترین زیان لە مرۆڤایەتی کەوت کۆچکردنی پەیامبەر بوو بۆ مەدینە. ئەو دەرفەتە کە بۆی ڕەخسا زیانی لەهەموو مرۆڤایەتیدا بە ئەندازەی یەکەم لە خۆی و ئیسلامدا. پەیامبەر ١٣ ساڵ لە مەککە بە ئاشتی ئاینەکەی بەرپا کرد و ئارمیەکی زۆری گرت ئەگەر ئەو دە ساڵەی ژیانی هەر لە مەککە مابا ئەوا بە کوشتنی یان بە مردنی پەیامە ئاشتیەکەی وەک مەسیح دەگوازرایەوە بۆ ناوچەی تری وەک مەدینە و دەوروبەری، لەوانەیە شۆرشێکی هزری و ئاینی لە ژێر ئاڵای پەیامبەر و قورئان پاش چەند ساڵێک سەریهەڵدابا و گەشەی کردبا، بە پێی تێپەربوونی کات مەککەش ئەو ئاینەی وەردەگرتەوە چونکە بە سەرچاوەی سروش دائەنرا، بۆ ڕێزێک لە ئاینەکە بتەکان دەشکان و ئەڵڵا بە تەواوی لە بەرگێکی مەزن و مەزدادا خۆی بۆ حجاز

ئاشکرا دەکرد و لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا بە یەکێک لە ئاینە ئاشتیخوازەکان هەژمارد دەکرا.
ئەو ماوەی پەیامبەر لە مەدینە کاتی بردە سەر، لە مەککە مابا و بەردەوامی بە پەیامە ئاشتیەکەی دابا و شەرعیەتەکەی زیاتر قوڵ بکردبایەوە و دژی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و تاڵانی بوایە بێگومان لە دواڕۆژدا ئەو ئامانجە هەر دەهاتە دی و شکۆمەندی بۆ ئیسلام دەنوسرا. مەرج نەبوو لەو ساتەی ئەو شەریعەتەکەی دادەنا جێ بەجێ کرابا ئەوەی گرینگ بوو بنوسرابا ئیتر ڕۆژگارێک دەهات جێ بەجێ دەکرا. ئەگەر تێبینی شەرعی ئیسلام بکەین سەبارەت بە کۆیلە دەبینین ئازادی کردووە و ئازادی نەکردووە. ئازاد کردنی تاکی کۆیلە لە چەند ڕێگایەک دانا:
* لە ڕێگای ئارەزو و ویستی خاوەنەکەی کە بۆی هەیە کۆیلە ڕزگار بکات، هەرچەندە ئەو ڕێگایە پێشتر بینراوە لەلایەن کەسانی تر پێش ئیسلام.
* کۆیلە بتوانێ نرخی خۆی پەیدا بکات و بیداتە خاوەنەکەی.
* کەسێک بە بێ تاوان کەسێک بکوژێ کەفارەتەکەی ئازادکردنی کۆیلەیەک بێت.
کەوابوو کەلتوری عەرەبی لار کرد بەڵام ڕاستی نەکردەوە. پەیامبەر دەیتوانی ئەو هەڵوێستە بنوێنێ چونکە ئەو لە دەسەڵاتدا نەبوو تا هاوسەنگی بکات لە نێوان هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتی کۆیلە و خاوەنەکەی. بۆیە ئەو ئاینە بە ئاشتی بلاو دەبۆوە و ئایەتی شمشێر دروست نەدەبوو. ئەو دوو زلهێزەی جیهانی ئەوکاتەش لەناو نەدەچوو بە دەستی ئیسلام و مرۆڤایەتی زەرەرمەند نەدەبوو. ئەو دووزل هێزە لە شەڕی ٦٠٠ ساڵە دابوون. بەڵام فەرهەنگ وداب ونەریت و زانست لە پێشکەوتن رانەوەستابوو. چەند ساڵێک شەڕ ڕویدەدا پاشان ئاشتیان سەقامگیر دەکرد، زیانەکانیش بەو ڕێژەیە نەدەبوون. بەڵام بە هاتنی ئیسلام ٤٠٠ ساڵی تر لە عێڕاق شەڕ بەردەوامی پێدا، ئەو کاتە بوو بەشەڕی موسوڵمانی عەرەبی لەگەڵ ناموسوڵمانی ناعەرەبی. هەروەها شەڕی شیعە و سوننە دروست بوو تاوەکو ئێستا موسوڵمان باجەکەی دەدات. ئەو شارستانیەتەی لەناوچەی میزوپۆتامیا هەبوو هەموو کاول بوو بەردەوامی ئەو شەڕانە ئێمەی سست کردو پێشکەوتن کەوتە ئەوروپا. هەمەجیەتی ئەوروپاش لە هەمەجیەتی عەرەب باشتر نەبوو. ئیسلام درزێکی گەورەی خستە ناو پێشکەوتنی میزۆپۆتامیا. ئەو درزەش هەرگیز بە کارەساتێکی سروشتی نەبێ پر نابێتەوە.

ئەوەی پەیامبەر دەستی دایە تێکەڵ کردنی کەلتوری عەرەبی بە ئاین بوو. ئەوەش ئیزدیواجیەتی لێ دروست کرد. چونکە کۆیلە لە شەریعەتی ئیسلام مایەوە بۆیە دەبینین کۆیلە نرخی هەبوو لەهەمان کاتدا نرخی نەبوو. ئەو کۆیلانەی لە نزیکی پەیامبەر بوون ڕێزیان لێ گیرا 'زیدا' بوو بەسەر لەشکری ئیسلام لە دژی ڕۆمیەکان ناردرا. لەسەردەمی عومەردا بیلال زیاتر فەزلی هەبوو لەسەر خالیدی کوڕی وەلید لە کاتێکدا شەڕەکان هەموو خالید بۆ ئیسلامی کرد ئەمەش لەوانەیە بیلال کارتی ڕامیاری بووبێ عومەر بەکاری هێنا بێ لە دژی خالید. لەوانەشە وەک ئەو هەڵوێستەی پەیامبەر بووبێ چونکە جارێکیان عەمار جنێو بە خالید دەدات خالید گووتی ئەی پەیامبەری ئەڵڵا ئایا لێ دەگەڕێی ئەو کۆیلە جنێو بە من بدات دەی بە ئەڵڵا ئەگەر تۆ نەبویتایە ئەو جنێوەی بە من نەدەدا. ئەو ئەبو سوفیانە کە لەسەر دەقی خۆی مابوو ڕۆژێکیان لەگەڵ سوهێلی کوڕی عەمر لەبەر دەرگای عومەر ڕاوەستابوون مۆڵەتی چوونە ژوورەوەیان وەردەگرت بەڵام ئەوان نەکرانە ژورەوە بیلال و سوهەیب دوو کۆنە کۆیلە بوون کرانە ژوورەوە. ئێمە لەناخی عومەر نەگەیشتین ئەو کاتە چی لە مێشکدا بووە. بۆچ بیلال و سوهەیب چوونە ژورەوە ئەو دوو گەورە پیاوە نەکرانە ژورەوە. ئایا هۆکاری قینی کۆن بوو؟ لەوانەشە هەر وا بێت چونکە عومەر دابەشکردنی دارایی لەسەر بنەمای کێ لە پێش کێ بۆتە ئیسلام دابەش دەکرد. دیارە لە ناخیدا بڕوای بەوە هەبووە ئەبو سوفیان لە دڵەوە ئیسلام نەبووە چونکە لە کۆمەڵەی مؤلفة القلوب بوو. بەنی ئومەیە لەسەر ئەو شکۆمەندیە کە هەیان بوو خۆیان بە زیاتر دەزانی لەسەر ئەو ئەڵڵایەی موحەمەد بەڵام جلەوی واقیعەت ئەوەی سەپاند کە دەبێ ملکەچی ئەڵڵا بن ئەگەر بڕواشیان پێ نەبێ. بۆیە لەسەردەمی عوسمان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا.

علی وەردی پشت بەسەرچاوە و تێڕوانی 'عباس محمود عقاد'دا ئەو ڕاستیەی دەرخستوە ئەبو سوفیان پاش ئیسلام بوونی حەزی کردوە لەشکری نائیسلام بەسەر ئیسلام سەرکەوێ، لەشەڕی حونەین و یەرموک ئارەزوەکەی زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێ.[270]

لە هەڵبژاردنی خەلیفە لەپاش عومەر موسوڵمانان بە ئاشکرا بوون بە دوو بەرە قوڕەیشیەکان 'عوسمان'یان دەویست، ئەعرابەکان و عەمار و ابوذر و سلمان فارسی

---

[270] واعیزەکانی سولتان، ل ١٥٨

'عەلی'ان دەویست. کاتێکی ابن عوف ویستی پەیامەکە ڕابگەیەنێ عەمار هاواری کرد ئەگەر دەتەوەێ موسوڵمانان دووبەرکی تێ نەکەوێ پەیمان بدە بە عەلی، عبدالله کوڕی سرحیش کە برای شیری عوسمان بوو گووتی ئەگەر دەتەوەی قوڕەیش دووبەرەکی تێ نەکەوێ ئەو پەیمانە بدە بە عوسمان. عەمار بە عبدالله کوڕی سرح دەڵێ لە کەیەوە بوویتە ئامۆژگاریکەری موسوڵمانان لایەنگرانی عوسمان دەڵێن ئەی کوڕی سومیەی سنوری خۆت بەزاند قوڕەیش ئەمێریک بۆ خۆی دادەنێ. لەوە دەچێت عومەری کوڕی خەتاب دەرگای ئاژاوەی کردەوە بۆ موسوڵمانان ئەو تەقینەوەی کە دەبوایە بتەقێتەوە لە پاش مردنی عومەر بەیەکجارەکی تەقیەوە. عومەر دەیتوانی ئەو تەقینەوەیە دوا بخات ئەگەر خۆی خەلیفەی لەپاش خۆی دانابا هەمووی ملکەچ دەبوون. بە تێپەربوونی کات بەنی ئومەیە کاڵ دەبۆوە لەوانەشە هەر پاش مردنی عەلی کێشەی بەنی ئەومەیە سەری هەڵدابایەوە.
ئەگەر تێبنی بکەین لەسەر دەمەقاڵێی نێوان 'عبدالله کوڕی سرح' و 'عەمار'، عەمار کە پێی دەڵێت لەکەیەوە بویتە دەمراستی موسوڵمانان چونکە ئەو درەنگ بۆتە موسوڵمانان و لەهەمان کاتدا لە هەڵگەڕاوەکان بوو لە دژی پەیامبەر، ئەو کەسە بوو کە وتی وەحی پەیامبەر درۆیە. 'عەمار'یش کۆیلە بوو ئایا کۆیلەیەک چۆن دەتوانێ وەڵامی گەورەیەکی قوڕەیش بداتەوە. لە هەمان کاتدا عەمار پەرۆشی ئیسلامەتی بوو وتی با ئیسلام دووبەرەکی تێ نەکەوێ کەچی عبدالله پەرۆشی قوڕەیش بوو دەڵێ با قوڕەیش دووبەرەکی تێ نەکەوێ. ئەمە ڕوونە قوڕەیش پایەبەرز کرا لەسەر ئیسلام لەلایەن بەنی ئومەیە. بە هۆی درێژەپێدانی ناکۆکیەکانی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە دوژمنایەتیەکی قوڵی لێکەوتەوە بە جۆریک ڕەوتی ئیسلامی بەرەو دوو مەزهەبی دوژمنداری هەزار ساڵە برد، زۆر ئەستەمە یەکگرتنەوەیەکی زۆرەملێیش لە ژێر باری هەر کەشوهەوایەکدا ڕێکیان بخات.

**٦. ٢. ٣. ٢ زویر بوونی فاطمة لە ئەبوبەکر و عومەر**

یەکەمین هۆکاری زویر بوونی فاطمة لە ئەبوبەکر لە سەر بابەتی میرات بوو. کاتێک پەیامبەر دەمرێت فاطمة دەچێتە لای ئەبوبەکر بۆ ئەوەی ئەو پارچە زەویەی بداتێ کە کاتی خۆی پەیامبەر لە شەڕی خەیبەر دەستی کەوتبوو. بەڵام ئەبوبەکر دەڵێت پەیامبەران میرات جێناهێڵن ئەوەی دەمینێتەوە بۆ خێراتە. ئەمەش دەبێتە هۆی زویر

بوونی فاطمە و هەتا مردن قسەی لەگەڵ نەکرد، پاش شەش مانگ فاطمة دەمرێ و عەلی بەشەو ئەینێژێت و بە ئەبوبەکر و عومەر ناڵێت.[271]

لەسەرچاوەی شیعەدا هاتووە کە هەندێک بابەتیان لەسەرچاوەی سوننە وەرگرتووە و چیرۆکێکی تێکەڵەیان دروست کردووە و دەڵێن: کاتێک فاطمة نەخۆش دەکەوێت ئەبوبەکر و عومەر دەچن سەردانی بکەن بەڵام فاطمة ڕازی نابێت. پاشان بە عەلی دەڵێن تکایەکمان بۆ بکە تاوەکو بیبینین. عەلی داوا لە فاطمة دەکات ئەم دووانە هاتوون بۆ سەردانت ئەویش دەڵێت من بە هیچ شێوەیەک قسەیان لەگەڵ ناکەم. عەلی ئەڵێت ئەگەر من داوات لێبکەم. ئەویش دەڵێت ژن ملکەچی پیاوە با بێنە ژورێ. ئەو کاتە دێنە ژورێ فاطمة رویان تێناکات. ئەبوبەکر و عومەر تکای لێدەکەن تا سەیریان بکات ئەویش دەڵێت من قسەتان لەگەڵ ناکەم. سوێندتان بە ئەڵڵا دەدەم نەتان بیستوە پەیامبەر دەڵێ فاطمة بەشێکە لە من و منیش بەشێکم لە ئەو، هەر کەسێک ئازاری بدات ئەوا ئازاری منی داوە. هەرکەسێک من ئازار بدات ئەوا ئەڵڵای ئازار داوە، هەر کەسێک ئازاری بدات لە پاش مردنم وەک ئازاری دابێ من لەسەر ژیان بم، هەر کەسێک ئازاری بدات من لەسەر ژیان بم وەک ئازاری دابێت لە پاش مردنم. ئەوانیش وتیان بەڵێ. ئەویش وتی ستایش بۆ ئەڵڵا ئێوە منتان ئازار داوە کە زیندوم و لەپاش مردنم، بە ئەڵڵا قسەتان لەگەڵ ناکەم هەتا چاوم بە ئەڵڵا دەکەوێت و گازاندەی خۆمی پێڕادەگەینم کە چیتان لە من کردووە. ئەبوبەکریش وتی بریا دایکم منی نەبووبا.

پاشان عەلی بانگ دەکات ئەڵێ من وەسیەتێکم هەیە، ئەگەر مردم لە سەعاتی خۆم بمنێژە و مەهێڵە دوژمنانی پەیامبەری ئەڵڵا بێن نوێژم لەسەر بکەن لەگەڵ ئەوەی کە چۆنم دەوێت ئاوا تابوتەکەم بۆ دروست بکە وەک فریشتەکان بۆیان وێنە کردووم و فلانیش بکە هاوسەرت. کاتێک فاطمة ئەمرێت بەشەو عەلی ئەینێژێت و بە ئەبوبەکر و عومەر ناڵێت. بۆ بەیانیەکەی عومەر و ئەبوبەکر دەزانن فاطمة مردوە، عومەر دەڵێت ئەوەشت کرد لەگەڵ ئێمە موحەمەدت شوشت و نەتهێشت ئێمە لەگەڵیدا بین لە ناشتنی فاطمەش بە بێ ئێمە بوو. عەلی دەڵێت لەسەر داواکاری خۆی بوو، عومەر

[271] صحيح مسلم، كتاب الجهاد و السير، باب قول النبي صلي الله عليه و سلم لا نورث ما تركنا فهو صدقة // صحيح البخاري، كتاب المغازي، وا عجبا لک وبر تدادا من قدوم ضان

دەڵێ کەوابوو گۆڕەکەی هەڵدەکەنین بەڵام عەلی هەڕەشەی لێ دەکات و دەبێتە دەنگە دەنگیان و ئەنسارەکان و موهاجیرەکان کۆئەبنەوە لێیان.[272]

وا دەردەکەوێ بابەتی ئەو میراتە 'عەلی' تورە کرد بوو، لەسەرچاوەی 'مسلم'دا ڕۆژێکیان عەلی و عەباس دەچنە لای عومەر، عومەر دەڵێ تۆ(عەلی) وات دەزانی ئەبوبەکر کەسێکی درۆزن و گوناحکەر و فێڵکەر و خائن بوو، ئەڵڵا دەزانێ ئەو چەند ڕاستگۆ و بێ گوناح و ڕێنیشاندەر و بەدوای هەقدابوو. ئەبوبەکر مرد من جێگری پەیامبەری ئەڵڵام، تۆ وادەزانی من کەسێکی درۆزن و گوناحکەر و فێڵکەر و خائنم. ئەڵڵا دەزانێ من ڕاستگۆم و بێ گوناحم و ڕێنیشاندەرم و بەدوای هەقدام. فرأيتماه كاذبا آثما غادرا خائنا والله يعلم إنه لصادق بار راشد تابع للحق ثم توفي أبو بكر وأنا ولي رسول الله صلى الله عليه وسلم وولي أبي بكر فرأيتماني كاذبا آثما غادرا خائنا والله يعلم إني لصادق بار راشد تابع للحق.[273]

لە قسەکانی عومەر دیارە عەلی ئەبوبەکری بە کەسێکی درۆزن و خائین و گوناحکەر داناوە، هەربۆیە عومەر پاکانە بۆ خۆی و ئەبوبەکر دەکات.

لە سەرچاوەی العقد الفريد ئاماژە بەوە کراوە عەلی و عەباس و زوبێر لەماڵی 'فاطمة' بوون، ئەبوبەکر عومەری ناردە سەریان تاوەکو بەیعەتی پێ بدەن، وتی ئەگەر ڕازی نەبوون بیان کوژن. عومەریش ئاگر لەگەڵ خۆی دەبات و دەچێتە بەردەم ماڵی فاطمة. فاطمة چاوی پێ دەکەوێ و دەڵێ ئەوە هاتوی ماڵمان بسوتێنی. ئەویش دەڵێ بەڵی یان ئێوەش بەیعەت دەکەن وەک ئەو خەڵکە . **فأما عليّ والعباس والزبير فقعدوا في بيت فاطمة حتى بَعث إليهم أبو بكر عمرَ ابن الخطاب. ليُخرجهم من بيت فاطمة وقال له: إن أبوا فقاتِلْهم. فأقبل بقبس من نار على أن يُضرم عليهم. الدار فلقيته فاطمةُ فقالت: يا بن الخطاب أجئت لتُحرق دارنا قال: نعم أو تدخلوا فيما دخلتْ فيه الأمة.**

پاشان عەلی دەچێت بەیعەتی پێ دەدات. بەڵام هەر لەو سەرچاوە دەڵێ هەندێک دەڵێن پاش شەش مانگ بەیعەتی پێ دەدات پاش مردنی فاطمة.[274]

ئەو هۆکارانە هەمووی بوون بە بۆمبی چێندراوی ژێر ڕووکەشە خوداوەندیەکان، ژێر ئەوانەی خۆیان بە جێگری پەیامبەر و ڕێبەری ئیسلام دادەنا. ئەو بۆمبە هەر دەبوایە بە قاچی کەسێکدا بتەقیبایەوە کە هەنگاوی بەرەو دەسەڵاتی خەلافەت بنابایە.

---

[272] الانوار النعمانية، ج ١، ٦٠ – ٦١//

[273] صحيح مسلم، كتاب الجهاد و السير، باب حكم الفئ

[274] العقد الفريد، ج ٢ ل ٢٥٠

**٦. ٣ تێڕوانینی شیعە بۆ سوننە**

ئەگەر ورد ببینەوە درێژەی کێشەکان هەر لەو دوو بنەماڵەیە نییە بەڵکو ئەهلی شیعة دوژمنایەتی خۆیان لەگەڵ عومەریش درێژ دەکەنەوە هەرچەندە دەبینین کچی عەلی دەبێتە هاوسەری عومەر لە کاتێکدا عەلی ئەو کەسە بووە کەس نەیتوانیوە بە زۆر کچی لێ داگیر بکات. بەڵام بە پێی سەرچاوەکانی شیعە بە حساب وتویەتی سقایة و زمزم لە ع ەلی دەبوم. هەربۆیە عباس زۆری لە عەلی کردووە تا ڕازی بکات . بەڵام قەت شیعەکان ناتوانن پاساو بۆ ئەم هاوسەرگیریە بدۆزنەوە لەلایەک ئەڵێن عومەر کوڕی زینایە و لەلایەکیش شەرع ڕێگا نادات کچی ئیماندار هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕی زینا بکات. بۆیە شیعەکان چیرۆکێکی تر دروست دەکەن کە گوایە ع ەلی کچێکی یەهودی دەهێنێت لە ئەهلی نەجران بە ناوی سحیفة بن حريرية تاوەکو وەک أم کلثوم بیرازێنەوە و بیکەن بە بوکی عومەر. هەتا ڕۆژی گواستنەوە عومەر بەو فێڵەی نەزانی، کاتێک زانی ئەو ژنە ام کلثوم نییە وتی کەس لەسەر ئەو ئەرزە لە بني هاشم ساحر ترنییە، پاشان ژنەکە دەکوژێت.[275]

ئەم چیرۆکە لە ئەفسانەی مێژو زیاتر نییە دەیانەوێ ئەو ناکۆکیانەی نێوان عومەر و عەلی زیاتر ئاڵۆزی بکەن. ئەگەر سەیری چیرۆکێکی تر بکەین دەبینین خەڵکی نەجران دێنە لای عەلی دەڵێن ئەی ئەمیری باوەڕداران، عومەر ئێمەی دەرکرد لەسەر خاکی خۆمان تۆ بمانگەڕێنەوە، عەلی دەڵێ ئەی قور بەسەرینە 'ویل لکم' عومەر لە بڕیار تەندروستە من هیچ شتێک ناگۆڕم کە ئەو کردبی. کەواتە ڕێکی دەبینین نەوەک دوژمنایەتیەکی سەخت وەک شیعە ئاماژەی پێ دەدات و بە هەموو شێوەیەک دەیانەوێ پلەی عەلی بەرزکەنەوە لەسەر هەر سێ خەلیفەی پێش خۆی.

بیروبۆچوونی ئەهلی شیعە لەگەڵ ئەهلی سوننە لە زۆر ڕوانگەوە لە یەکتری دوورن هەم لە شەریعەت و هەم تێڕوانینیان بۆ هاوەڵەکانی پەیامبەر. تەنانەت کەسێکی وەک 'میرزا حسين نوري' دەڵێ عەلی لە پاش مردنی پەیامبەر قورئانی کۆکردبۆوە جیاوازە لەگەڵ ئەو قورئانەی هەیە لە ڕووی پێکهاتە و ڕیزبەندی سورەتەکانەوە. [276] لە

---

[275] الانوار النعمانية ج ١ ل ٦٥ – ٦٦

[276] فصل الخطاب في مسألة تحريف الكتاب، ل ١٢٠

کتێبەکەیدا ئاماژەی بە گۆڕانکاریەکانی و دەستکاریەکانی قورئانی ئەهلی سوننە داوە ئەشێ لە بەرگێکی تردا باس بکرێ.
لە بەرگی یەکەم هیچ سەرچاوەیەکی شیعەمان بەکار نەهێنا چونکە ڕێژەی موسوڵمانی ئەهلی سوننە زیاترە لە ئەهلی شیعە. بەڵام دەبێ لەو کتێبەدا سەرچاوەی شیعە فەرامۆش نەکەین و ڕەچاوی بکەین. چونکە هەردووک بۆ ئێمە موسوڵمانن ئینجا چ لای یەکێکیان فەرمودەکان ئیستینادی لاواز بێ یان لای ئەوی تر بەهێز بێ کاری ئێمە نییە. بۆ ئەوەی ئێمە خۆمان لەو گێژاوە هەڵنەقورتێنین چ لاواز و چ لاواز نییە دەبێ شیعە و سونە خۆیان دابنیشن بگەنە تەسفیەکردنی وتارەکانی خۆیان تاوەکو کتێبێکی یەکگرتوو بدەنە دەستی موسوڵمانان. هەتا ئەو ڕۆژە دێت هەردووک سەرچاوە بایەخی پێ دەدەین. هەر کاتێک خۆیان یەکیان گرت و کتێبێکی یەکگرتوویان لەسەر پەیامبەر و مێژوی ئیسلام دەرهێنا ئەو کاتە ئێمەش ئەو کتێبە دەکەین بە سەرچاوەی سەرچاوەکان لەو گۆشەیەوە دەڕوانینە ئسیلام. بەڵام لە ئێستادا هەردووک سەرچاوە وەک یەک تەماشا دەکەین و بەڵگەکان لای خۆیان بەڕاست دادەنێن ئێمەش نازانین کامیان لەسەر هەقن ئەوە نەبێ ئەوەی لەگەڵ لۆجیک دێتەوە؟!
لەو چەند بەشەی خوارەوە تێڕوانینی شیعەکان لەسەر کەسایەتیە پیرۆزەکانی ئەهلی سوننە باس دەکەین:

**٦. ٣. ١ تێڕوانینی شیعە بۆ ئەبوبەکر**

ئەبوبەکر لە ڕوانگەی شیعەدا کەسێکی شیاو نەبووە بۆ خەلافەتی ئیسلام بەڵکو کەسێکی سەرپێچکەری شەریعەت و سوننەتەکانی پەیامبەر بووە. ئەو قودسیەتەی سوننە دەیدات بە ئەبوبەکر دەقاودەق دژی بۆچوونەکانی شیعەیە. ئەهلی سوننە ئایەتی ٤٠ی سورەتی التوبة دەکەنە بەڵگەی قودسیەتی ئەبوبەکر، با سەرنجی ئەو ئایەتە بدەین و شیکاری شیعەکان بەدەربخەین تاوەکو خوێنەر بڕیاری خۆی لەسەر بدات (ئەگەر پشگیری پەیامبەر نەکەن. ئەوا ئەڵڵا پشگیری کردو سەریخست. کاتێک بێ باوەڕەکان دەریان کرد(واتە پەیامبەر) ئەو یەکێک بوو لەو دووکەسە. کاتێک ئەو دووکەسە لە ئەشکەوتدا بوون. پەیامبەر بە هاوڕێکەی وت خەفەت مەخۆ ئەڵڵا لەگەلماندایە. ئینجا ئەڵڵا ئارامی بۆ نارد-واتە بۆ هاوڕێکەی- ئەڵڵاش بە لەشکرێک کە

ئێوە نەتان دیوە پشتگیری لێ کرد. وشەکانی بێباوەڕان بن خست و وشەکانی ئەڵڵا هەر بەرزە. ئەڵڵاش بۆ خۆی بەدەسەڵات و کارزانە . إِلَّا تَنْصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لَا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا ۖ فَأَنْزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَىٰ ۗ وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ. التوبة ٤٠.) ئەهلی سوننە دەڵێن ئەو هاوڕێیە ئەبوبەکر بووە کاتێک لەگەڵ پەیامبەر لە مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە. بێ باوەڕەکان بە دوویان کەوتن، ئەوانیش خۆیان لە ئەشکەوتێک حەشاردا تاوەکو نەبینرێن.

سەرچاوەی شیعەش ڕوونی دەکاتەوە کە باسی ئەبوبەکر نەکراوە لەو ئایەتە وە ئەگەر مەبەستیش لە ئەبوبەکر بێت ئەوا هیچ قودسیەتێک ناداتە سەر کەسایەتیەکەی بە هۆی لێکدانەوەی ئەو خالانەی خوارەوە:

یەکەم: کۆبوونەوەی موحەمەد لە ئەشکەوت کە بوونەتە دووکەس. ئەمە مەرج نییە ئەبوبەکر کەسێکی پیرۆز بێت چونکە ئیماندارێک لەگەڵ نائیماندارێک دەبن بە دوو، ئیماندارێک لەگەڵ ئیماندارێک هەردەبن بە دوو، کەواتە کۆبونەوەی دووان هیچ پیرۆزی نادات.

دووهەم: کۆبوونەوەیان لە جێگایەکی وەک ئەشکەوت هیچ پیرۆزیەک نادات چونکە لە ئەشکەوت پیرۆزتر مزگەوتە، چەندین جار موحەمەد لەگەڵ موشریک و مونافیق لە مزگەوت کۆبۆتەوە. کەواتە کۆبوونەوەکەی هەردووکیان لە جێگایەک مانای پیرۆزی نییە. باشترین نمونەش کەشتیەکەی نوحە کە ئاژەڵ و شەیتانیشی سوار کردبوو.

سێهەم: 'صاحب' کە بە مانای هاوڕێ دێت، لە زمانی عەرەبی صاحب بۆ زۆر شت بەکار دێت بە مانای کەریش دێت.

چوار: ئەو ڕستەی کە پێی دەڵێت زویر مەبە ئەمەش مانای ئەوەیە ئەبوبەکر کەسێکی ڕارا بووە و کەسێکی خۆڕاگر نەبووە.

پێنجەم : کاتێک دەڵێت ئەڵلا لەگەڵمانە ئەمەش ئەبوبەکر ناگرێتەوە چونکە (ن)ی عەرەبی زۆرجار بۆ گەورەکردن بەکاردێت ئەمەش شتێکە زۆر ڕوونە لە زمانی عارەبی وەک لە قورئانیش ئاماژەی پێکراوە وەک ئەڵێت( لنحن نحي و نميت و نحن الوارثون) هەروەها ئەگەر مەبەستی لەدووانیش بێت ئەوا مەبەستی لە عەلی کوڕی طالبە! کاتێک پەیامبەر عەلی بە جێهێشت لەسەر جێگاکەی خۆی دانا، ئەویش وتی نیگەران مەبە ئەڵلا لەگەڵمانە واتە لەگەڵ خۆی و عەلی بووە.

شەشەم: کاتێک ئەڵڵا ئارامی نارد، ئەوا بۆ ئەبوبەکری نەنارد چونکە بۆ ئەو کەسە هات کە سەربازیشی بۆ نارد، ئەگەر بۆ ئەبوبەکر بایە ئەو ئارامیە ئەوا سەربازەکانیش بۆ ئەو دەبوون بەڵام ئەمەش لۆجیک نییە چونکە سەرباز بۆ ئیمانداران دێت و مەبەست لە پەیامبەری ئیسلامە.
هەروەها ئاماژەیان بە چەند سەرچاوەیەک داوە گوایە ئەبوبەکر ویستویەتی پێی لە ئەشکەوتەکە دەربێنێت بۆ ئەوەی بێ باوەڕەکان بیان بینن بەڵام مارێک بە پێی ئەبوبەکریەوە داوە و گریاندویەتی، ئینجا موحەمەد چاکی کردۆتەوە.[277]

هەر لەهەمان سەرچاوەدا باسی ئەبوبەکر دەکەن لەو ساتانەی بۆتە خەلیفەی ئیسلام، دەڵێن نامەیەک بۆ باوکی دەنێرێت و دەڵێت لە خەلیفەی پەیامبەری ئەڵڵا بۆ باوکم قحافة. خەڵکان بە من ڕازی بوون کە بووم بە خەلیفەی ئەڵلا. کاتێک باوکی نامەکەی دەخوێنێتەوە بە پەیامنێرەکە دەڵێت بۆچ 'عەلی'یان نەکرد بە خەل ىفە، ئەویش وتی عەلی تەمەنی گچکەترە. ئەویش نامەکەی بۆ دەنێرێتەوە دەڵێت نامەکەتم لە ڕێگای پەیامنێرەکە بەدەستگەیشت، ئەبینم نامەیەکی گێلانەیە و هەمو و دژی یەکە تۆ لەلایەکەوە دەڵێی من خەلیفەی پەیا مبەری ئەڵلام و جارێک دەڵێت خەڵک بە خەلیفەی ئەڵلا منیان هە ڵبژاردووە. لە درێژەی نامەک ەدا دەڵێت ع ەلی موستەهەقی ئەو خەلافەتەیە.

### ٦. ٣. ٢ تێڕوانینی شیعە بۆ عومەر

بە پێی سەرچاوە و باسکردنەکانی ئەهلی شیعە کە خۆیان بە چەند بەڵگەیەکی کتێبی ئەهلی سوننە پابەند کردووە، بە جۆرێکی قەیزەوەن باسی ڕەچەڵەکی عومەر دەکەن. ئەو خاڵە لێک نادەنەوە ئەگەر عومەر هەر شتێک بووبێ ئەوەی گرینگە لە دواییدا بۆتە موسوڵمان. بەڵام ئەوان ئەو بەراوردە دەکەن و دەڵێن مادام عومەر لەو ڕەچەڵەکە بووە بۆیە شیاو نییە بووبێتە خەلیفە. سەبارەت بە ڕەچەڵەکی عومەر خۆیان بە سەرچاوەی 'محمد بن سائب ابن بشير الكلبي' بەستۆتەوە کە دەڵێن کەسێکی سوننە بووە بەڵام زۆرێک لە ئەهلی سوننە دەڵێن کابرایەکی بووە مەیلی شیعەی هەبووە. هەرچۆنێک بێت ئێمە نازانین ئەوەی دەیزانین نوسراوە لە کتێبەکەی.

---

[277] الانوار النعمانية ج ١ ل ٦٧ ـ ٦٨

ئەو ڕەچەڵەکناسە دەڵێت عومەر ئەگەڕێتەوە بۆ خێلی 'عدي' کە خێڵێکی زۆر چەرچی بوون و لەلایەن خەڵکی مەککە زۆرجار شاربەدەرکراون. باپیری عومەر ناوی 'نفیل' بوە ئەو کەسە کۆیلەیەک بووە خاوەنەکەی ناوی 'ولید بن مغیرة' بووە، پاشان خاوەنەکەی ئەمرێت و ئەبێتە کۆیلەی عبدالمطلب. ڕۆژێکیان کەنیزەکێکی لە حەبەشە بۆ عبدالمطلب بە ناوی 'صهاک' دەنێرن. ئەم کەنیزەکە ئەبێتە شوانی مەڕەکانی و 'نفیل'یش ئەبێتە شوانی حوشترەکانی. عبدالمطلب دەرپێیەک لە چەرم بۆ 'صهاک' دروست دەکات و قوفلی لێدەدات و کلیلەکەی لای خۆی دادەنێ بۆ ئەوەی کاری بزێوی نەکات. هەرچۆنێک بێت ڕۆژێکیان هەردوکیان جووت ئەبن و پاشان 'صهاک' خطابی ئەبێت، لەو کاتە 'صهاک' پێی شەرم ئەبێت کە 'خطاب'ی ئەبێت بۆیە لەسەر زبل فرێی دەدات و ژنێکی یەهودی بەخێوی ئەکات. بەڵام دایکی هەر سەردانی ژنە یەهودیەکە دەکات و خطاب نازانێت کە ئەمە دایکیەتی. ڕۆژێک صهاک عەورەتی بەدەردەکەوێ و خطابیش هەستی بۆ ئەچێت و جووت ئەبێت بەمەش کچێکی لێ دەبێت بە ناوی 'حنتمة'. کچەکە فڕێدەدەنە سەرانگوێلک هەروەک خطاب فڕێدرا. بەمەش هشام بن مغیرة بە خێوی دەکات تا گەورە ئەبێت بەڵام خطاب ڕۆژێک زەوقی لێ هەڵدەستێ و لەگەڵی جووت ئەبێ بەمەش عومەری لێ دەبێ. عومەر ژنێکی لەشفرۆش بەخێوی ئەکات و شیری ئەداتێ. ئەم ژنە ناوی 'حبا' دەبێت. ئەم ژنە بە زینا و فاحیشە بەناوبانگ ئەبێت.

کەواتە صهاک هەم دایکی خطاب دەبێت و ژنی ئەبێت، هەروەها 'حنتمة' هەم ژن و کچی خطاب ئەبێت، خطاب هەم باوک و باپیری عومەر ئەبێت، حنتمة هەم دایکی و خوشکی عومەر ئەبێت. قوڕبەسەر خوێنەر کە چۆن سەری لەم بابەتە دەربچێ ئەگەر ڕاست بێت، نا ئازیزم قوڕی سور بەسەر میللەتێک کە عومەر حوکمی بکات ئەگەر ئەم چیرۆکە ڕاست بێت. قوڕ بەسەری ئەو کەسەی کە لە خێزانێکی ئەوا پەروەردە بێت ئەگەر ئەم چیرۆکە ڕاست بێت. ئەبێ ئەو کەسە چ نەخۆشیەکی دەروونی لەگەڵ بێت کاتێک چاوی بە کەسانی خانەدان و میللەتی خاوەن شارستانیەت بکەوێ. ئەگەر ڕاستیش بێت ئاساییە لەسەردەمانی جاهیلی خێزانی ئاوا هەبووبێ!

هەر لە سەرچاوەی شیعەدا زیادەڕۆییەکی زیاتر دەکرێ وەک دەڵێن کاتی خۆی عبدالعزی بن ریاح بەسەر صهاک دادەکەوێ و نفیل لە دایک دەبێ. بە پێی ئەو سەرچاوە صهاک دوو جۆرە سێکسی سەیروسەمەرە دەکات یەکەمیان لەگەڵ

کوڕەکەی خۆی، پاشان لەگەڵ نەوەکەی جووت بووە. ئەمەش لە خانەی لۆجیک دەردەچێ، مەگەر صهاک ئەو کاتە تەمەنی ١٣ ساڵ بووبێ و ئینجا کاتێک لەگەڵ کوڕەکەی جوت بووە تەمەنی کوڕەکەی ١٢ ساڵێک بووبێ پاشان لەگەڵ نەوەکەی دەبێ تەمەنی ١٢ بۆ ١٥ ساڵ تێپەڕی نەکردبێ. ئەمەش خەون و خەیاڵی نوسەری شیعەکانە.

شیعەکان درێژە بە چیرۆکەکەیان دەدەن و دەڵێن، خ طاب لەسەردەمی پێش ئیسلامدا دەستی لە دزیەتی بڕاوە و دایکی کەنیزەکی 'ز بیر بن عبدالمطلب ' بووە و نفیل کەوتۆتە سەری کە دەکاتە باوکی خطاب و زگی پڕکردوە. هەربۆیە 'نفیل' لە ترسی 'زبیر' هەڵدێت و دەچێت بۆ 'طائف'. 'زبیر' بە دوای کەوت بۆ طائف بەڵام 'نفیل' هەڵدەیت و دەچێت بۆ شام. کاتێک زبیر بۆ بازرگانی دەچێت بۆ شام دەچێتە لای پاشای 'الدومة'. پاشا پێ دەڵێت م ن کارێکم پێتە ئەویش دەڵێت چیت بۆ بکەم ئەی پاشا. ئەڵیت تۆ منداڵی کەسێکت بردووە ئەو کەسە ئەهلی خۆتانە ، حەزدەکەم بۆی بگەڕێنیەوە. لە درێژکراوەی چیرۆکەکەدا زبیر بە ئاسنی سورکراو ناوچەوانی باوک و کوڕ داغ دەکات و دەڵی مەهێڵن لە دانیشتنی خۆتان ئەوان تێیدا بەشدار بن.

عومەر لە ژیانی پێش ئیسلام 'عسیف' بووە، 'عسیف' واتە کەسێک لای کەسێک ئیشبکات و سوک بێت، لێی بدرێت و سەرشۆربکرێت- بەداخەوە خوێنەری ئازیز وشەی کوردیم بۆ عسیف نەدۆزیەوە چونکە لە فەرهەنگی ئێمە ئەو کاروپیشەیە نەبووە-[278]

عومەر لە ژیانی ڕۆژانەی زۆر سوکایەتی پێدەکرا زۆرجار بە 'ابن خطاب' بانگ نەدەکرا بەڵکو بە 'ابن صهاک' یاخود بە 'ابن حنتمة' بانگ ئەکرا. ئەو کەسەی کە بەم شێوە باسی ڕەچەڵەکی عومەری کردوە کەسێکە بخاري پشتی پێبەستوە. ئەهلی سوننە زۆر دەیانەوێ بە پەناوپێچی قسەکانی 'ابن الکلبي' بە هەند وەرنەگرن. چونکە جارێکیان 'ابن الکلبي' هاتۆتە لای بنەماڵەی پەیامبەر وتویەتی من وتەکانی موحەمەدم لەبیر دەچێ پاشان دەرمانێکیان داوەتێ بەمە چاک بۆتەوە. بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین ئەو کەسە باسی ئەوەی کردووە کە حەدیثی لەبیرچۆتەوە، بەڵام هەر خۆشیان ئەڵێن سەرۆکی ڕەچەڵکناسە. ئەوەی ئێمە باسی ئەکەین ڕەچەڵەکە نەوەک حدیث لەهەمان

---

[278] مثالب العرب، ل ٨٨ // باس کردنی ڕەچەلەکی عومەر لەلایەن ئەو ڕەچەلکناس 'ابن الكلبي' باسکراوە ئەهلی شیعە و سوننە دەڵێن مەزنترین ڕەچەلەکناس بووە.

کاتدا بخاري پشتی به گێڕانەوەکانی ئەویش بەستوە لە گێڕانەوەکانی بە ناوی محمد بن بشير ئاماژەی پێکردووە. کەوابوو ئەوەی نوسراوە بەڵگەن بە ئەهلی سوننە و شیعە.

عومەری کوڕی خەتاب زۆر جار بە ناوی "ابن صهاك' بانگ ئەکرا تەنانەت خالیدی کوڕی وەلید پێی ئەوت یا'ابن صهاك' ئەمەش بۆتە تورەیی عومەر هەر بۆیە کە خەلافەتی دووەمی ئیسلامی گرتە دەست یەکەمین کار ئەوە بوو خالیدی کوڕی وەلیدی لابرد و 'أبي عبيدة بن جراح'ی کرد بە سەرکردەی لەشکری ئیسلام. [279]

بۆ خوێنەری موسوڵمانی ئەهلی سوننە پێویستە لەسەرچاوەی ئەهلی شیعە بخوێنێتەوە چونکە ئەوان پلەیەکی بەرزی شارەزایان هێناوە سەبارەت بە عومەر چونکە ١٤٠٠ ساڵە هەر خەریکی لێکۆلینەوەن تاوەکو ئێوەش ئەی ئەهلی سوننە لە ڕاستیەکان تێبگەن و ڕێچکەی ڕاستی خۆتان بدۆزنەوە یاخود لە ڕێچکەی شیعە تێبگەن کە ئەهلی درۆ و هەڵبەستراوی چیرۆکی ئەفسانەن ئەگەر بەرژەوەندیتان لەگەڵ ئەهلی سوننە نەبێ و بە بڕواوە قایل بن شیعە چیرۆکی هەڵبەستراو دروست دەکەن ئەوکاتە خەتێکی پان بەسەر شیعە دابێنن و بە ڕافیزە ناویان بێنن. ئەوەش دەمینێتەوە سەر ئەقڵ و لۆجیکی خوێنەری سوننە.

هەروەها ئەهلی شیعە دیسان باسی کەسایەتی عومەر دەکەن کە کەسێک بووە لەگەڵ پیاو جووت بووە دیسان بەڵگە لەسەرچاوەی سوننی باوەڕپێکراو دەهێننەوە وەک سیوطي و طبقات لابن سعد و بخاري. لێرەوە قسەی من نییە و قسەی ئەوانە خوێنەری موسوڵمان گوێ بگرن:

(لە کتێبەکانمان، ئەوەی 'نعمة الله الجزائري' باسی کردووە، ئەو (واتە عومەر) لە کۆمیدا نەخۆشیەکی هەبوو بە هیچ چاک نەدەبۆوە تەنها بە ئاوی پیاو نەبێ. هەروەک 'جلال الدين السيوطي' باسی کردووە کە یەکێکە لە زانا گەورەکانی خۆیان. لە پەڕاوێزە تۆمارکراوەکەی فەرهەنگیدا سەبارەت بە وشەی 'الابنة' دەڵێ: ئەو ڕەوشتە لە پێنج کەسی سەردەمانی جاهیلی هەبوو، یەکێک لەوانە گەورەمان عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای ئەڵڵای لەسەر بێت.(هەروەها بگەرێوە بۆ سەرچاوەی الجزائري).

لە چاپە کۆنە هیندیەکەی کتێبی صحيح البخاري باشترین بەڵگەیە سەبارەت بەو مانایە، گەورەمان عومەر 'مأبون' بووە و بە ئاوی پیاو چارەی خۆی کردووە. بەڵام

---

[279] تأريخ الكامل، ج ٢ ل ٢٧٦

له چاپی ئیمڕۆدا ئەو برگەیە نەماوە. هەرو ەک چۆن پاساوەکەی ابن حجر العسقلاني له ( فتح الباري في شرح صحيح البخاري) نەماوە کە مانای 'ئاوی پیاو'ی گۆڕی بوو بە گیایەکە لە یەمەن، کە خۆشاوی پیاو نەبووە.![280]
بۆیە ئەی برای ئازیز، دەبێ لێزان و ئاگادار بی کە چۆن زانا ساختەچیانە بابەت ون دەکەن لە چاپەکانیان و دەیگۆڕن، هەر کاتێک بڕگەیەک تانە بێت لە خەلیفەکانیان و گەورەکانیان ونی دەکەن و دەیگۆڕن. باشترە بگەڕێیەوە بۆ هەندێک سەرچاوەکانی زانا و شارەزا 'السید مرتضی'، کە ئاماژەی بە چەندین بەڵگەی ڕوون داوە.
سەرەڕای ئەو هەموو پاساو و بڕین و شاردنەوەی ڕاستی، هەر بەڵگە دەمینێ و گەواهی دەدرێت کە عومەر کەسێکی 'منکوح' 'مأبون' بووە، بە زاراوەی ئیمڕۆ پێ دەڵێن 'شاذ'. لەو بەڵگانەی تا ئیمڕۆ ماوە، لەسەرچاوەی 'طبقات بن سعد' باسی وتەیەکی عومەر دەکات دەڵێ: هیچ کارێکی جاهیلی لە من نەماوە جگە لەوەی من گوێ نادەم بەوەی نیکاحم لەگەڵ کێ کردبێ یان کێ لەگەڵم بکات. (بگەڕێوە الطبقات الکبری ج ٣ ل ٢٨٩، ذكر استخلاف عمر رحمه الله)[281]
ئەوە عومەرە(.....)....... جەخت دەکات کە ناتوانێ واز لەو ڕەوشتە بهێنێ کە لەسەردەمی جاهیلی هەیبووە، هەروەها السيوطي باسی کردووە دەڵێ عومەر گوێ نادات لەگەڵ کێ نیکاحی کرد، وە کێ نیکاحی لەگەڵ کرد!
لەوانەیە نەیاران ئەو وشە ناشیرنە بە مەبەستی هاوسەرگیری دابنێن، بە مانای گوێ نادات لەگەڵ کێ هاوسەرگیری کرد یان کێ ببێتە هاوسەری کچەکانی، بەڵام ئەو تەفسیرە پێکەنیناویە، ئەگەر وابا ئەوا نەی دەوت ڕەوشتێکی جاهیلیە تاوەکو لەکەدار بێت. ئەگەر وابێت بۆچ تکای لە پەیامبەر کرد تاوەکو کچەکەی 'حفصة' بکات بە هاوسەری. ئینجا عومەر چەند کچی هەبوو تا بەو شێوەیە دەربیبڕیت کە بە مانای کۆ دێت. (ئەوەی تر وەرناگێڕدرێت بۆ سەر زمانی کوردی بەڵام لە نوسراوە عەرەبیەکەی ژێرەوە ژێرهێڵ کراوە).
فمن كتبنا، ما حكاه السيد المحدث نعمة الله الجزائري (قدس سره) من أنه كان في دبره (لعنه الله) داء لا يشفى إلا بماء الرجال . وهو إنما حكاه عن جلال الدين السيوطي

---

[280] الانوار النعمانية، ج ١ ل ٥٢، وشەی مأبون واتە کەسێک کرمێکی لە کۆمدا هەبێ و بە ئاوی پیاو چارەی خۆی بکات.

[281] الطبقات الكبرى، ج ٣ ل ٢٨٩، ذكر استخلاف عمر رحمة الله. منكوح واتە کەسێک لەلایەن کەسێک سێکسی لەگەڵ کرابێ!

الذي هو من أكابر علمائهم، إذ قد كتب في حاشيته المدونة على القاموس عند ترجمة لفظة (الأبنة) ما لفظه: "إن هذه الخصلة كانت في خمسة نفر في زمن الجاهلية أحدهم سيدنا عمر بن الخطاب رضي الله عنه"! (راجع أيضا زهر الربيع للسيد الجزائري رحمة الله عليه).

وقد كان في الطبعة الهندية القديمة من صحيح البخاري شاهد جلي على ذلك، إذ قد ورد فيه ما معناه "كان سيدنا عمر مأبونا ويتداوى بماء الرجال"، لكن ذلك حذف كما ترى من الطبعات الموجودة اليوم، كما قد حذف التبرير الذي ساقه ابن حجر العسقلاني في (فتح الباري في شرح صحيح البخاري) وتحريفه للمعنى عندما قال أن ماء الرجال إنما هو نبت يخرج من اليمن وليس هو مني الرجال!

ويجب – أيها الأخ العزيز – أن تكون خبيرا متتبعا لكثرة ما حذفه علماء النواصب من طبعات كتبهم، وكثرة تحريفاتهم لها، فكلما التفتوا إلى نص يقدح في خلفائهم وأئمتهم، حذفوه أو حرّفوه! ولك أن ترجع إلى بعض كتب العلامة السيد مرتضى الرضوي إذ قد سجل شواهد من ذلك.

بيد أنه مع كل هذا البتر و التقطيع و التلبيس، تبقى هنالك شواهد و أدلة على كون عمر منكوحا مأبونا و شاذا جنسيا على الاصطلاح الحديث، ومنها ما هو موجود إلى اليوم في طبقات ابن سعد الذي روى عن عمر قوله: "ما بقي في شيء من أمر الجاهلية إلا أني لست أبالي إلى أي الناس نكحت، وأيهم أنكحت"! (راجع الطبقات الكبرى ج ٣ ص ٢٨٩، ذكر استخلاف عمر رحمه الله).

فهذا عمر (لعنة الله عليه) وبكل صفاقة ووقاحة يؤكد أنه لم يستطع التخلي عن عادته التي كانت فيه أيام الجاهلية (والتي ذكرها السيوطي) فلا يبالي من نكح، ومن أنكح نفسه له!

ولعل المخالفين سيفسرون هذا القول الوقح منه على أنه يقصد الزواج، بمعنى أنه لا يبالي بمن تزوج أو من زوج من بناته مثلا، لكن هذا التفسير مضحك للثكلى كما لا يخفى، فلو أنه كان كذلك لما قال أنها عادة من عادات الجاهلية فتكون مذمومة! ولو أنه كان كذلك لما تحين الفرص وتوسل بالنبي الأعظم (صلى الله عليه وآله وسلم) ليقبل ابنته حفصة زوجة له، إذ هو لا ليس يبالي أي الناس ينكح حفصة! ثم.. كم كان لعمر بن الخطاب من البنات حتى يعبر بمثل هذا التعبير الذي يفهم منه الكثرة! إنه لدليل لا

يرتاب فيه المؤمن، وواضح أن مقصوده (لعنه الله) أنه يقدم نفسه رخيصة لكل قذر سافل وضيع مثله![282]

له ڕوانگەی شیعه عومەر کەسێکی بەدڕەوشت بووە، کەسێک بووە بە ئاوی پیاو دامرکاوەتەوە و له بنەماڵەیەکی سوک لەدایک بووە و له ژینگەیەکی پیس گەشەی کردووە. بەڵام ئەگەر بە ویژدانی قەڵەمەوە بنوسین وەک من شارەزایم هەبێ له زمانی عەرەبی له سەرچاوەی الطبقات کە دەڵێ: إلا أني لست أبالي إلى أي الناس نكحت، وأيهم أنكحت ئەگەر چوکلەکانی بۆ دابنێن ئەوا بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە ' إلا أني لست أبالي إلى أي الناس نَكَحْتُ وأيهم ُأنْكِحْتُ. واتە دەقاودەق بە مانای هاوسەرگیری دێت واتە گوێ ناداتە بەوەی لەگەڵ کێ هاوسەرگیری کردووە یان کەسێک لەگەڵ کێ هاوسەرگیری پێ بکات. خۆ ئەگەر بیگوتبا 'إلا أني لست أبالي إلى أي الناس نَكَحْتُ أو أيهم نَكَحَنِي' ئەوا دەمان گوت قسەکانی شیعە تەواوە. بەڵام ئەوانیش ئەو قسانە بە پاڵپشتی سەرچاوەی سیوطي بەڵگەیان بەهێز دەکەن کە دەڵێت ' فلا يبالي من نكح، ومن أنكح نفسه له' بە ڕاستی ئەوەش نازانین هەتا چەند سەرچاوەکان ڕاستن و بۆچ زانایەکی گەورەی ئەهلی سوننە بەو شێوەیە باسی کردووە. چونکە سیوطي هەم لە وشەی الابنة تانەی لە عومەر داوە هەم لە بابەتی 'نكاح'. ئەمەش دەبێ ئەهلی سوننە بە دوای ئەو بابەتە بکەون.

شیعەکان بە تانەلێدانی کەسایەتی عومەر ناوەستن بەڵکو گشت ئەهلی سوننە بە مأبون دادەنێن ئەگەر بەسەر سەرچاوەی کتێبی 'تفسير العياشي' دابچینەوە ئەوا ئەهلی سوننە توشی هیستریا دەبێ، ئەو زاتە دەڵێ:

له ابراهيم بن أبي يحيى له جعفر بن محمد درودی لەسەر بێت دەڵێ: هیچ منداڵێک له دایک نابێ کە ئیبلیسێک له ئیبلیسەکان ئامادە نەبێ. ئەگەر ئەڵڵا بزانێ له ڕێچکەی ئێمەیە ئەوا بەربەستێک بۆ ئەو شەیتانە دروست دەکات. ئەگەر له ڕێچکەی ئێمە نەبێ ئەوا شەیتان پەنجەی شایەتمانی لە کۆمی ئەنێ و ئەوا 'مأبون' دەردەچی ئەگەر کچ بوو پەنجە لە.....ڕادەکا پاشان...... دەردەچێ. ئەو کاتە لە زگی دایکی دەردەچێ گریانێکی زۆر دەگری. پاشان ئەڵلا بە ئارەزووی خۆی شت ڕەش ئەکاتەوە لە جێی

[282] (1) http://www.alqatrah.org/question/index.php?id=15 // (2) http://www.voice-hussein.com/vb/showthread.php?t=10165

دائەنێ و ماکی هەموو کتێبانیش وا لای ئەوە . عن ابراهیم بن أبي یحیی عن جعفر بن محمد علیه السلام قال: من من مولد یولد الا ابلیس من الابالیسة بحضرته، فان علم الله انه من شیعتنا حجبه عن ذلک الشیطان، وان لم یکن من شیعتنا أثبت الشیطان اصبعه السبابة في **دبره** فکان **مأبونا**(وذلک ان الذکر یخرج للوجه) فان کانت امراة أثبت في **فرجها** فکانت **فاجرة**، فعند ذلک یبکی الصبي بکاءا شدیدا اذا هو خرج من بطن امه، والله بعد ذلک یمحو ما یشاء و یثبت و عنده أم الکتاب.[283]

شیعەکان بابەتی زۆریان لەسەر عومەر نوسیوە، بە پێی سەرچاوەی شیعە[284] عومەر نامەیەکی بۆ موعاویە ناردوە دەڵێت (بزانە ئەی معاویە موحەمەد هات بوختان و سحری هێنا، ئێمەی لە للات و العزی داب ڕاند، ڕووی ئێمەی هەڵسوراند بۆ کعبة کە دەڵێ قیبلەی ئیسلامە. ئەو زۆر لێزان و بەرزترە لەو سحرەی موسا و عیسا و هەموو بەنی ئیسرائیل کردیان. ئێمە لەسەر ئەوەین کە پێشتر لەسەری بووین و 'لات و العزی و الهبل 'مان واز لێ نەهێناوە. کاتێک موحەمەد مرد لەگەڵ ٤٠ پیاوی هاوئاینمان(هاوڕا) ڕازی بووین و گەواهیماندا ئەوەی گەورانی قورەیش وتیان.
عەلیمان لە خلافەت لادا کە ئەوی دانابوو و تایبەت بە ئەوی کردبوو . پاشان قۆڵبەستمان کرد و لە ماڵەوە دەرمان هێنا و بردمانە لای ئەبوبەکر و فەرمانمان بە خەڵکدا بەیعەتی پێ بدەن. ئێمە وا خۆمان نیشان دەدا کە لەسەر سوننەتی ئەوین تاوەکو خەڵک هەڵنەگەڕێتەوە لێمان، بەڵام لە ژێرەوە ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین کە لەسەری بوین. ئێمە تۆڵەمان لە منداڵەکان و نەوەکانی کردەوە بە پێی توانا. بەڵام تۆ ئەی معاویە وەسیەتت بۆ دەکەم لێبوردنت نەبێت لەگەڵیان، منداڵەکان و نەوەکانی بکوژە، ئەوەی دەستت پێ دەگات. بەڵام ئەگەر نەت توانی بگەیتە تایەفەکەیان لە ترسی ئەوەی خەڵک لێت دوربکەوێتەوە و لێتهەڵگەڕێنەوە، تۆ لە ژێرەوە لە پەلەو پایەیان کەم بکەوە. لە خۆشەویستی لات و عزی دەرمەچوو. ئەمە ڕێگای ئێمە و بابوباپیرانمانە.

[283] تفسیر العیاشي، ج ٢ ل ٢٦٥// دیارە ئیبلیس پەنجەی هەیە وەک مرۆڤ! دیارە ئەهلی سوننە بە پیاو و ژنیەوە بەدڕەوشتن! هەتا ئەو ڕۆژە ئەو کەسە دەبێتە شیعە ئەو خەسلەتە دەمینێ لە ئەهلی سوننە. ئەمەش بە ئارەزوی ئەڵلایە چونکە هەر خۆی دەتوانێ کارێک یان بابەتێك ڕەش بکاتەوە شتێکی تری لە جێگای دابنێ. ڕێژێیەکی زۆر لە ئیسلام بە دوای ئەم ئەقڵیەتە کەوتوون.
[284] الانوار النعمانیة ج ١ ل ٤٥

ئەوەی من زۆرم بەلاوە سەیرە زۆرینەی ئەهلی شیعە هەر شتێک لەلایەن ئیمامەکانیان نوسرا بێت پێی بڕوا دەکەن هەروەک چۆن ئەهلی سوننە بڕوا بە هەموو وتەکانی ئیمامەکانیان دەکەن. ئەگەر سەیری ئەو نامەیە بکەی تەنها یەک بەڵگەی بچوک بەسە بۆ ئەوەی بزانی ئەوی وتراوە لەسەر عومەر ڕاست نییە. ئەویش دەڵێت ئێمە لەسەر ئاینی بابوباپیرانمان ماوین و لە ژێرەوە ئێمە هەر بڕوامان بە لات و عزی هەبووە. ئایا بۆچ بیر لەوە ناکەنەوە عومەر لەساڵی ٣ی پەیامبەرایەتی بوو بە موسوڵمان و هیچ فشارێکی ڕامیاری و بەرژەوەندی ماڵی لەسەر نەبوو. ئەگەر عومەر وەک ئەبوسوفیان و موعاویە لە پاش گرتنی مەککە بووبا بە ئیسلام ئەوا دەمان توانی بڵێین ئەو نامەیە تا ڕادەیەک ڕاستی تێدایە.

**٦. ٣. ٣ تێڕوانینی شیعە بۆ عوسمان**

بەپێی سەرچاوەی 'الصراط المستقیم'[285] ئەویش پشتی بە سەرچاوەی 'مثالب العرب' لە نوسینی 'ابن الكلبي' بەستوە عوسمان لەو کەسانە بووە گەمەی لەگەڵ کراوە و ' مُخَنَّث ' و دەف لێدەر بووە. قال الكلبي في كتاب المثالب: كان عثمان ممن يلعب به و يتخنث و كان يضرب بالدف.

لە سەرچاوەی 'بحار الانوار' [286] تەنها باسی ئەوەی کردوە عوسمان گەمەی لەگەڵ کراوە و دەفی لێداوە. بەڵام ئەو ڕستەی سەرەوە بۆ عبیداللە باوکی 'طلحة'ی بەکارهێناوە.

لە درێژکراوەی باسەکانیان لەسەر مخنث چەند کەسایەتیەکی تر لەکەدار دەکەن وەک 'عفان'ی باوکی عوسمان. سەبارەت بە طلحەش کە باوکی مخنث بووە خۆشی بەم شێوەیە لە دایک بووە: ناوی دایکی 'صعبة بنت الحضرمي' بووە. ئەم ژنە ئاڵای لەبەر دەرگا بووە واتە کاری لەشفرۆشی کردووە. ڕۆژێکیان ئەبوسوفیان بەسەریدا دەکەوێت و پاشان عبیداللە هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. پاش ٦ مانگ طلحة لە دایک

[285] الصراط المستقیم، ج ٣ ل ٣٠ // مخنث دوو مانای هەیە: ١- ئەو پیاوەیە ڕەوشتی ژنانەی هەبێ و ئارەزوی لەبەر کردنی جلی ژنانەی هەبێ و بە نەرمی و هێواشی قسە بکات. ٢- ئەو مرۆڤەیە هەردووک ئەندامی نێرینە و مێینەی هەبێ.

[286] بحار الأنوار، ج ٣١ ل ٥٠٥، ل ٧١٥

دەبێ ئیتر هەردووک لەسەری شەڕ دەکەن و داوای دەکەن. لەبەر ئەوەی سەردەمی ئەوکاتە زۆر جار ژن بڕیاری لەدەست بووە بۆیە ئەو بڕیارە بۆ '      صعبة' بەجێ دەهێڵن و ئەویش عبیدالله بە باوکی کوڕ هەڵدەبژێرێت، لەو ڕۆژەوە طلحة دەبێ بە کوڕی عبیدالله.

لە درێژەی باسکردنەکانی شیعەدا دەڵێن عوسمان هاوسەرگیری لەگەڵ دوو کچی موحەمەد دەکات. بەپێی سەرچاوەکانیان 'رقیة' لە ئەنجامی لێدانی عوسمان دەمرێ نەوەک بە نەخۆشی وەک ئەهلی سوننە ئاماژەی پێ دەکەن. دەگێڕنەوە ڕۆژێکیان عوسمان زۆری لێدەدات تەنانەت جێگای قامچیەکانی بە لەشیەوە دیاردەبێت، هەر بۆیە دەگەڕێتەوە ماڵی باوکی بەڵام پەیامبەر پێی دەڵێت بڕۆوە ماڵی مێردت. پاش ئەوەی دەچێتەوە ماڵی عوسمان دیسان توشی لێدان دەبێ بۆیە بۆ جارێکی تر ماڵ بەجێ دەهێڵێ و دەچێتەوە لای پەیامبەر. دیسان پەیامبەر داوای لێ دەکات بچێتەوە ماڵی مێردی ئەویش لەسەر ڕەزامەندی باوکی دەگەڕێتەوە ماڵی عوسمان. لە ئەنجامدا بۆ جارێکی تریش توشی لێدان دەبێ لەلایەن عوسمان. پەیامبەر بە عەلی دەڵێت بڕۆ بیهێنە ماڵەوە. کاتێک رقیة دەگەڕێتەوە  ماڵی باوکی لە ئەنجامی ئەو لێدانە دەمرێت. هەروەها شیعەکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر ئەو دوو کچەی پەیامبەر واتە ئەوانەی ببوون بە هاوسەری عوسمان ئەڵێن هەردووکیان کچی پەیامبەر نیین بەڵکو لە مێردە کۆنەکەی خەدیجە لە دایک بوون.[287]

ئەو سێ خەلیفەی پێش عەلی لەلایەن ئەهلی شیعە بوونەتە کارێکتەرێکی قەیزەوەن، سەرچاوەکانیان بریتیە لە تێکەڵکردنی سەرچاوەی ئەهلی سوننە لەگەڵ سەرچاوەکانی خۆیان کە لەلایەن ئیمامەکانیان نوسراوەتەوە. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئایا پەیامبەر چۆن هاوەڵایەتی ئەو کەسانەی کردووە و ڕێزی لێناون. ئەگەر ئەبوبەکر و عومەر بەو جۆرە بوون کە باسکراوە ئایا چۆن پەیامبەر کچی ئەوانی هێناوە. عومەر ئەگەر ئەو ڕەچەڵەکەی هەبووبێ چۆن پەیامبەر کچی ئەوی هێناوە. تەنها یەک تەفسیر هەیە یان قسەکان هەڵبەستراون یان پەیامبەریش لە ڕیزی ئەوان بووە. لە هەمان کاتدا عەلی کچی خۆی دەداتە عومەر و دەشڵێن عەلی زۆر قارەمان بووە و لە

[287] الانوار النعمانیة ج ١ ل ٦١ – ٦٣

کەس نەترساوە ئەی بۆچ کچی خۆی دا بە عومەر. دەبینین شیعەکان کارێکتەرێکی ئەفسانەیی دەدەنە پاڵ عەلی لە خەون و فیلمەکانیش نای بینین، ئەگەر نمونەیەک بهێنینەوە تەنها بۆ ئەوەی خوێنەر پێ بکەنێ چونکە دەزانم تا ئێستا لەو کتێبە زەردەخەنەی نەهاتۆتە سەر لێوان. دەگێڕنەوە لە شەڕی خەیبەر کە عەلی بۆیان دەرچوو و ئازادی کرد. جوبرائیل هاتە لای پەیامبەر و موژدەی کوشتنی 'مرحب'ی پێدا. ئەویش پرسیاری سەرکەوتنەکەی لێکرد و جوبرائیل وتی: ئەی پەیامبەر کاتێک عەلی شمشێرەکەی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی لە 'مرحب' بدات، ئەڵڵا فەرمانی بە اسرافیل و میکائیل کرد کە قۆڵی بگرن تا بە هەموو هێزی لێی نەدات، هەرچەندە کردیە دوو کەرتەوە، وە شمشێرەکەی عەلی چینەکانی زەوی بڕی ئەڵڵا پێ گوتم ئەی جوبرائیل خۆت بگەیەنە شمشێرەکەی نەوەک بگاتە چەقی زەوی تاوەکو زەوی سەراوگێڕ نەبێ، منیش خۆم گەیاندێ و گرتمەوە و خستمە سەر باڵەکانم. باڵەکانم زۆر قورس تر بوو لەو ڕۆژەی کە ٧ شارەکانی نەتەوی 'لوط'م لەسەر یەک پەرەموچی باڵەکانم دانا و بردم بۆ ئاسمان، چاوەڕێی ئەڵڵا بووم فەرمانم پی بدات تاوەکو هەڵیگێڕمەوە. قەت ئەو قورساییە نەبوو بەقەد هەڵگرتنی شمشێرەکەی عەلی.[288] ئەی بۆچ عەلی نوکە شمشێرێکی لە عومەر نەدا و موسوڵمانان و ناموسوڵمانی ڕزگار نەکرد. ئەوە باوکی لۆلۆە بە کۆیلایەتی مۆرکی زەردەشتیەتی لە عومەر دا و ناوی خۆی لە مێژو تۆمار کرد. 'عەلی'ەک هێندە بە هێز و بە توانا بوایە چۆن توانیان شەڕی لەگەڵ بکەن و بەدەستی ابوملجم بکوژرێ. ئێمە لەوە تێ ناگەین لە لایەکەوە شیعەکان دەڵێن عومەر لەگەڵ پیاوان کاری... کردووە لەو لاشەوە دەبینین عەلی کچی خۆی دەداتێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەناو عەرەبدا زۆرجار حەسب ونەسەب زۆر بایەخیان پێنەداوە. یاخود عەلی بە کاری جاهیلی داناوە ئەگەر عومەر تۆبەی کردبێ. بەڵام لەهەمان کاتدا عومەر دەڵێ وازم لەو کارەی جاهیلی نەهێناوە ئەی ئەمە چۆن شیدەکرێتەوە. یاخود دەڵێن ئەو کچەی عەلی 'أم كلثوم' نەبووە بەڵکو کەسێکی تر بوە لە ئەهلی نەجران و عومەریان پێ هەڵخەلەتاندووە ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە عەلی کەسێکی لاواز بووە نەیتوانیوە بەرەنگاری عومەر ببێتەوە.

---

[288] الانوار النعمانية، ج ١ ل ٤٥

ئێمە لەو هاوکێشانە تێ ناگەین هەتا ئەو دوو لایەنە خۆیان شی نەکەنەوە و ببنەوە یەک ئەگەر نا ئەم پرسیارانە جێگای سەرسورمانە و گومان دەخاتە ناو کارێکتەری پەیامبەری ئیسلام و عەلی. ئەگەر سەرچاوەکانیش ڕاست نیین موحەمەد و عەلی کەسانی خاوەن ڕەوشت پاک بن ئەبێ شیعەکان ئەو کتێبانە بسوتێنن کە لەسەر عومەر و ئەبوبەکر و عوسمان نوسیویانە، ئەهلی سوننەش کتێبەکانی بخاری و موسلیم بسوتێنن لەگەڵ لابردنی چەند ئایەتێکی قورئان تاوەکو بگوترێت ئەوە ئیسلام نەبووە وەک باسیان کردووە. ئەو کاتەش ئێمە لێبوردن دەردەکەین بۆ بکوژەکانی سەردەمانی ئەنفالکراوەکان. تا ئەو کاتە دێت ئێمە نازانین کامیان لەسەر هەقن چونکە خۆیان شیروتیر ئەسون لەیەکتری. ئایا ئێمە بە دوای کامیان بکەوین و کامیان لەسەر ڕاستین. کام مەزهەب و کام ڕێچکە. ئەگەر ئەمە ئاینێکی تەواوی ئاسمانی بوایە. لە مێژبوو ئەڵلا خۆی یەکلایی کردبۆوە ئەو هەموو جیاوازیە و ناکۆکیە دروست نە دەبوو. بەڵام ئەمەش وەک حزبێکی کۆنی پارچە پارچەکراو دیارە و بۆیە ئەبێ دەرهەڵکێش بکرێت لەلایەن سەردەمی نوێدا.

**٦. ٣. ٤ تێڕوانینی شیعة بۆ عەلی**

شیعەکان ڕوونی دەکەنەوە مافی عەلی بووە ببێتە خەلیفەی یەکەم و ستەمی لێکراوە چونکە ئەو جیاواز بووە لەوانەی تر بە جۆرێک هەموو پلەکانی پیروزی دەدەنە پاڵ عەلی. دەڵێن سێ سیفاتی هەبووە لەوانی تردا نەبووە، یەک قەت بتی نەپەرستووە، پێش ئەوانی تر بۆتە موسوڵمان، لەوان ئازاتر و بەوەفا تر بووە. ئەوان دەڵێن لە مێژو باس کراوە یەکێکی وەک عومەر ویستویەتی پەیامبەر بکوژێ، پاش ئەوەی بوو بە ئیسلام وەک عەلی تێگەیشتنی نەبووە لە قورئان و شەریعەتدا. ئایەتی نرخاندن بۆ عەلی دابەزیووە لە کاتی سوژدە بردندا زەکاتی داوەتە هەژاران و ئایەتی ٥٥ی سورەتی 'المائدة'ی بۆ دابەزیوە بەڵام عومەر لە دواوە سێکسی لەگەڵ ژنی خۆی کردووە و ئایەتی ٢٢٣ی سورەتی 'البقرة'ی بۆ دابەزیوە. عومەری کوڕی خەتاب سەدان و هەزاران کەس لەسەر دەستی ئەو سەربڕاون و ژن و ماڵ و منداڵیان بوون بە کەنیزەک کەچی عەلی نەیهێشووە کەنیزەکەکان بە ڕووتی بفرۆشرێن. ئەو سیفاتانە لە عەلی بەدی کراوە بەڵام لە سێ خەلیفەکەی تر بەدی نەکراوە.

عەلی هێندە گوێڕایەڵی پەیامبەر بووە کە هیچیان وەک ئەو نەبوون زۆر جار کاری بۆ پەیامبەر ئەنجام داوە بێ ئەوەی لە هۆکار و ئەنجام بپرسێ جارێکیان پەیامبەر پێی دەڵێت بڕۆ و ئاوڕمەدەوە هەتا ئەڵڵا لەسەر دەستی تۆ ڕزگاری دەکات، ئەویش هەنگاوێک دەڕوات و ڕادەوستێ و ئاوڕناداتەوە و هاوار دەکات دەڵێ لەسەر چی خەڵک کوشتار بکەم (یاخود شەڕی چیان لەگەڵ بکەم) ئەویش دەڵێت: شەڕیان لەگەڵ بکە هەتا گەواهی دەدەن هیچ خوایەک نییە تەنها ئەڵڵا نەبێ و موحەمەد پەیامبەری ئەڵڵایە. ئەگەر کردیان ئەوا خوێنیان و ماڵیان حەڵاڵ نییە تەنها بە هەق نەبێ، لێپرسینەوەش لەسەر ئەڵڵایە. وقال امش ولا تلتفت حتى يفتح الله عليك قال فسار علي شيئا ثم وقف ولم يلتفت فصرخ يا رسول الله على ماذا أقاتل الناس قال قاتلهم حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله فإذا فعلوا ذلك فقد منعوا منك دماءهم وأموالهم إلا بحقها ، وحسابهم على الله.[289]

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ عەلی کەسێکی گوێڕایەڵی پەیامبەر بووە قەت سستی نەنواندووە لە فەرمانەکانی، هەروەک چۆن سەری ٧٠٠ دیلەکانی 'بني قريظة' لەگەڵ زوبێر ئەپەڕێنن.

هەروەها شیعەکان بڕوایان بەوە هەیە لە دوو سوڕەتی قوڕئاندا ناوی عەلی هاتووە و ئاماژەی خەلافەتی بۆ کراوە ئەویش سوڕەتی 'الولاية' و 'النورين'ە بەڵام ئەهلی سوننە ئەو دوو سوڕەتەیان لە قوڕئان لابردووە:

سورة الولاية

يا أيها الذين آمنوا آمنوا ا بالنبي و الولي اللذيّن بعثنا هما يهديانكم إلى الصراط المستقيم. نبي و ولي بعضهما من بعض و أنا العليم الخبير. إن الذين يوفون بعهد الله لهم جنات النعيم. و الذين إذا تليت عليهم آياتنا كانو بآياتنا مكذبون. إن لهم في جهنم مقاماً عظيماً إذا نودي لهم يوم القيامة أين الظالمون المكذبون للمرسلين. ما خلفتهم المرسلين إلا عني و ما كان الله ليظهرهم إلى أجل قريب و سبح بحمد ربك و عليّ من الشاهدين.

سورة النورين

يا أيها الذين آمنوا أمنوا بالنورين أنزلناهما يتلوان عليكم آياتي ويحذرانكم عذاب يوم عظيم.
نوران بعضهما من بعض وأنا السميع العليم. إن الذي يوفون ورسوله في آيات لهم جنات نعيم.
والذين كفروا من بعد ما آمنوا بنقضهم ميثاقهم و ما عاهدهم الرسول عليه يقذفون في الجحيم.
ظلموا أنفسهم وعصوا الوصي الرسول أولئك يسقون من حميم. إن الله الذي نور السموات

[289] صحيح مسلم، كتاب فضائل الصحابة، باب من فضائل علي بن أبي طالب رضي الله عنه

والأرض بما شاء واصطفى من الملائكة وجعل من المؤمنين أولئك في خلقه. يفعل الله ما يشاء لا إله إلا هو الرحمن الرحيم. قد مكر الذين من قبلهم برسلهم فأخذهم بمكرهم إن أخذي شديد أليم. إن الله قد أهلك عادا وثمودا بما كسبوا وجعلهم لكم تذكرة فلا تتقون. وفرعون بما طغى على موسى وأخيه هارون أغرقته ومن تبعه أجمعين. ليكون لكم آيته وإن أكثركم فاسقون. إن الله يجمعهم في يوم الحشر فلا يستطيعون الجواب حين يسألون إن الجحيم مأواهم وإن الله عليم حكيم. يا أيها الرسول بلغ إنذاري فسوف يعلمون. قد خسر الذين كانوا عن آياتي وحكمي معرضون. مثل الذين يوفون بعهدك إني جزيتهم جنات النعيم. إن الله لذو مغفرة وأجر عظيم وإن عليا من المتقين. وإنا لنوفيه حقه يوم الدين. وما نحن عن ظلمه بغافلين. وكرمناه على أهلك أجمعين. فإنه وذريته لصابرون وإن عدوهم إمام المجرمين. قل للذين كفروا بعدما آمنوا أطلبتم زينة الحياة الدنيا واستعجلتم بها ونسيتم ما وعدكم الله رسوله ونقضتم العهود من بعد توكيدها وقد ضربنا لكم الأمثال لعلكم تهتدون. يا أيها الرسول قد أنزلنا إليك آيات بينات فيها من يتوفاه مؤمنا ومن يتولاه من بعدك يظهرون. فأعرض عنهم إنهم معرضون. إنا لهم محضرون. في يوم لا يغني عنهم شيئا ولا هم يرحمون. إن لهم في جهنم مقاما عنه لا يعدلون. فسبح باسم ربك وكن من الساجدين. ولقد أرسلنا موسى وهارون بما استخلف فبغوا هارون فصبر جميل. فجعلنا منهم القردة والخنازير ولعناهم إلى يوم يبعثون. فاصبر فسوف يبصرون. ولقد آتينا بك الحكم كالذين من قبلك من المرسلين. وجعلنا لك منهم وصيا لعلهم يرجعون. ومن يتولى عن أمري فإني مرجعة فليتمتعوا بكفرهم قليلا فلا تسأل عن الناكثين. يا أيها الرسول قد جعلنا لكم في أعناق الذين آمنوا عهدا فخذ وكن من الشاكرين. إن عليا قانتا بالليل ساجدا يحذر الآخرة ويرجو ثواب ربه. قل هل يستوي الذين ظلموا وهم بعذابي يعلمون. سيجعل الأغلال في أعناقهم وهم على أعمالهم يندمون. إنا بشرناك بذريته الصالحين. وإنهم لأمرنا لا يخلفون فعليهم مني صلوات ورحمة أحياء وأمواتا ويوم يبعثون. وعلى الذين يبغون عليهم من بعدك غضبي إنهم قوم سوء خاسرين. وعلي الذين سلكوا مسلكهم مني رحمة وهم في الفرقان آمنون والحمد لله رب العالمين.

**٦. ٣. ٥ تێڕوانینی شیعە بۆ موعاویە**

بە ڕوونی ئاشکرایە شیعەکان لەسەر زاری عەلی و وتارەکانی موعاویە بە کوڕی ئەبوسوفیان دانانێن، لە هەندێک سەرچاوە دەڵێن دایکی 'هیند' لەگەڵ چوار کەسی تر بووە. لە کتێبی نهج البلاغة عەلی وەڵامی نامەیەکی موعاویە دەداتەوە کە داوای لێکردبوو شامی بداتێ، لەو نامەیە عەلی دەستەواژەی زۆڵ بۆ موعاویە بەکاردەهێنێت، ئەمەش نامەکەی 'عەلی'ە:

سەبارەت بەوەی داوای 'شام'ت کرد بۆ تۆ بە جێبهێڵم، ئەوەی ئیمڕۆ نایدەم پێت دوێنێش نەم داوە پێت. بەوەی کە دەڵێی شەڕ عەرەبی خوارد (لەناوی برد) تەنها

مرۆڤه لاوازەکان ماوه [290]، دەڵێم ئەوەی لەسەر هەق خورا وا له بەهەشته ئەوەی ناهەقی خواردی ئەوا له ئاگر دایه. سەبارەت بەوەی من و تۆ له شەڕ و جەنگاوەردا وەک یەکین، بێگومان تۆ له گومانت به باوەڕ هاوتا نیت لەگەڵ من به دڵنیا بوونم له باوەڕ، خەڵکی شام بۆ تەماحکاری دونیا زیاتر ناڕوانن بەرامبەر خەڵکی عێراق که بۆ دواڕۆژ دەڕوانن. بەوەی گوتت که ئێمەش نەوەی 'عبدالمناف'ین، بەڵام ئومەیه وەک هشام نییه، نه 'حرب'یش وەک 'عبدالمطلب'ه، نه 'ابوسوفیان' وەک 'ابي طالب'ه، نه کۆچەرەکان وەک 'طلیق'ەکانن [291]. **نه لەدایکبونی رەسەنایەتی وەک له 'لصیق'ەکانه**[292]، نه هەق وەک ناهەق وایه، نه باوەڕدار و (دوو ڕوو) 'مدغل' [293] وەک یەک وان. وای بۆ ئەو کەسه شوێنکەوتەی باپیرانی بێت که بزانێ له دۆزەخه. تا ئێستا شکۆمەندی ئەو پەیامه لەدەستی ئیمه دایه که سەرسەختەکانمان پێ نەوی کرد و چینی خوارەوەمان پی بەرزکردەوە. کاتێک ئەڵڵا خەڵکی عەرەبی خسته ناو ئاینەکەی خۆی به لێشاو، ئەو میللەته بوون به ئیسلام به ئارزومەندانه یان به ملکەچی، ئێوه لەوانه بوون یان بۆ دەستکەوتی ماڵی یان له ترسا، ئەوانه سەرکەوتو بوون که زوو باوەڕیان هێنا، کۆچەره پێشینەکانیش شکۆمەندیان بەدەستهێنا. مەهێڵه شەیتان پشکی هەبێ لەگەڵتا(واته شەیتان هۆشت ببات)، مەهێڵه بەسەرتدا زاڵ بێت.

وأما طلبك إلي الشام، فإني لم أكن لأعطيك اليوم ما منعتك أمس. وأما قولك :إن الحرب قد أكلت العرب إلا حشاشات أنفس بقيت، ألا ومن أكله الحق فإلى الجنة، ومن أكله الباطل فإلى النار. وأما استواؤنا في الحرب والرجال فلست بأمضى على الشك مني على اليقين، وليس أهل الشام بأحرص على الدنيا من أهل العراق على الآخرة. وأما قولك :إنا بنو عبد مناف ! فكذلك نحن، ولكن ليس أمية كهاشم، ولا حرب كعبد المطلب، ولا أبو سفيان كأبي طالب، ولا لمهاجر كالطليق، ولا الصريح كاللصيق، ولا المحق كالمبطل، ولا المؤمن كالمدغل .ولبئس الخلف خلف يتبع سلفا هوى في نار جهنم. وفي أيدينا بعد فضل النبوة التي أذللنا بها العزيز، ونعشنا بها الذليل .ولما أدخل الله العرب في دينه أفواجا، وأسلمت له هذه الأمة طوعا وكرها، كنتم ممن دخل في الدين، إما رغبة وإما رهبة، على حين فاز أهل السبق بسبقهم، وذهب المهاجرون الأولون بفضلهم، فلا تجعلن للشيطان فيك نصيبا، ولا على نفسك سبيلا.[294]

---

[290] مرۆڤی لاوازم بەکارهێناوه. له عەرەبیەکه حشاشات بەکارهاتووه، حشاشة: واته گیانێك له جەستەیەکی نەخۆش مابێ.

[291] ئەو کەسانه بوون له ڕۆژی گرتنی مەککه تەسلیم بوون، ناویان لێنرا طلقاء

[292] لصیق: ئەو کەسەیه باوکی نەبێ و خۆی به کەسێکەوه نوساندبێ، گومان هەیه ابوسوفیان باوکی معاویة نەبێ چونکه دایکی چوار دۆستی هەبووه.

[293] مدغل: داغل: ئەو کەسەیه خراپەی هاوەڵی خۆی بوێت.

[294] نهج البلاغة، ٢٥٨ ـ ومن كتاب له عليه السلام الى معاوية جوابا عن كتاب منه اليه، ل ٢٧٨ ـ ٢٧٩

لەسەرچاوەیەکی تر [295] بە تەواوی ئاماژەیان بە دایکی موعاویە داوە کە چوار دۆستی هەبووە و ئەوانە بوون (عمارة بن الوليد بن المغيرة المخزومي، مسافر بن عمر، أبي سوفيان لەگەڵ یەکێکی تر)، هەروەها دایکی زۆر ئارەزوی پیاوی ڕەش پێستی هەبووە، ئەگەر منداڵی ڕەشی بوبایە ئەوا ئەی کوشت. 'حمامة' دایکی ئەبوسوفیان بووە واتە نەنکی موعاویە ئاڵای لەبەر دەرگای هەبووە واتە کاری لەشفرۆشی کردووە.

شیعەکان بە موعاویەوە ناوەستن و باسی کورەکەیشی دەکەن دەڵێن: یەزید'یزید' حەزی لە پوری خۆی بوو ئەو کاتە کچ بوو. بەڵام پێی شەرم بوو کە بزانێ کاتی هاتووە یان نا بۆیە ویستی تاقی بکاتەوە. ڕۆژێک دەچنە باغێک و پورەکەی دادەنیشێ، یەزید فەرمانی کرد  ئەسپەکە سواری ماینەکە بکەن تاوەکو پوری ببینێ. کاتێک ئەنجامدرا و یەزید هاتەلای و وتی هەستە. کاتێک لە شوێنی خۆی هەستا یەزید بینی شوێنەکە تەڕ بووە واتە بە (خۆشاوی ژنان) شوێنەکەی تەڕ ببوو. بۆیە یزید زانی کە ئیستا کاتی ئەوە هاتوە و حەزی لێبێت. بۆیە جوت بوو لەگەڵی بەڵام بینی کچێنیەتی نەماوە. یەزید وتی کوا کچێنیەتیت ئەویش وتی باوکت هیچی نەهێشتوە. بەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پوری یەزید لەگەڵ موعاویە دەستی تێکەل کردبوو.

لە دایک بوونی یەزیدیش بەم شێوەیە بووە کاتێک موعاویە میز دەکات دوپشکێک بەسەری ئەندامی نێرینەیەوە ئەدات، ژنێکی پیر دەڵێت لەگەڵم جوت بە تاوەکو چاکببیتەوە، لە کاتی جووتبووندا تنۆکەیەک لە ژەهری دووپشکەکە بە ڕەحمی ژنەکەوە دەنوسێ و یەزید لە دایک دەبێ. واتە بە ئاوی موعاویە و ژنەکە و دوپشکەکە لەدایک ئەبێت. هەندێکیش دەڵێن موعاویە کەنیزەکێکی هیندی دەبێت و سێکسی لەگەڵ دەکات و یزید لەدایک دەبێ. لەسەر فەرمودەی پەیامبەریش دەڵێ لە یەهود و هیندی خۆ بپارێزن ئەگەر ٧٠ نەوەیان بەسەردا ڕۆیشتبێ.[296]

هەروەها لەسەرچاوەی سوننەشدا، باسی سوکایەتی پێکردنی موعاویە کراوە لەلایەن عەلی، وەک لە بەشەکانی پێشو باسمان کرد عەلی بە موعاویە دەڵێ ئەی بێ دایک، یان لە شەڕی سیففەین پێی دەڵێ چاو زەقی قونزل. لە ڕاستیدا ئەهلی شیعە و سوننە

[295] الانوار النعمانية ج 1 ل 54
[296] الانوار النعمانية ج 1 ل 54

سەرچاوە بۆ یەکتری دەهێننەوە، بەڵام تا چەند ڕاستە و ناڕاستە ئێمە نازانین. بەڵام ئەوەی ئێمە دەیزانین هەردووکلا خۆیان پێ ڕاستە و موسوڵمانانی لە دایک بوی ژێر دەستی هەردووکلا بە زگماکی بە دوایان دەکەوێ. ئەستەمە لە ڕۆژگارێکی وەک ئیمڕۆدا موسوڵمانێک هەڵکەوێ بەدوای ڕاستیەکان بکەوێ و ڕێبازی خۆی بگۆڕێ، کەسانی وەک 'حسن شحاته' و 'السيد حسين الموسوي' [297] زۆر کەمن بتوانن واز لە ڕێبازی خۆیان بێنن و بەرەنگاری مەرگ ببنەوە. لەوە دڵنیان ڕۆژێک دەکوژرێن چونکە ڕێبازی خۆیان گۆڕی. حسن شحاته بە ئاشکرا وازی لە سوننە هێنا و بوو بە شیعە، 'حسین موسوی'ش وازی لە شیعە هێنا و بوو بە سوننە. هەردووکیان زانای گەورەی هەردووک مەزهەب بوون. کەواتە موسوڵمانی کەم زانیاری چی بکات و بە دوای کێ بکەوێ؟؟؟

**٦. ٣. ٦ تێڕوانینی شیعە بۆ عائشة**

لە ڕوانگەی شیعەدا، قودسیەت بۆ هەندێک لە ژنەکانی پەیامبەری ئیسلام دانانرێت وەک عائشە و حفصة و ام حبیب ئەوانی تریش بایەخی پێ نادەن و باسی ناکەن. ئەوەی گرینگی پێ دەدەن تەنها خەدیجەی خێزانی یەکەمە.

شیعەکان چەند قینیان لە (ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و موعاویە)یە دە بەرامبەر قینیان لە عائشەیە و بە سەرچاوەی فیتنەی دائەنێن. لەوە تێ ناگەین ئەهلی سوننە زۆر گێڕانەوەیان لە عائشە گێڕاوەتەوە بە جۆریک دەریدەخات کە کەسێکی بە ئاژاوە بووە و دەستی لە فیتنە و تێکبەردانی خەڵکی هەبووە، هەندێکیمان باس کرد لە بەشی چەوارەمی ئەو کتێبەدا بە ناونیشانی 'هاندانی عائیشە بۆ کوشتنی عوسمان'، ئێستاش زیادەیەکی تر دەنوسین لەسەر بیروڕاکانی شیعە سەبارەت بە عائیشە.

لە فەرمودەیەکی پەیامبەردا وتویەتی ( خذوا نصف دينكم عن هذه الحميراء) وشەی 'حمیراء' لە لایەن ئەهلی سوننە بە ڕەنگی سپی دێت و هەندێک ڕەنگی سوری تێدا بێت واتە سور و سپی. بەڵام لەلایەن ئەهلی شیعە ئەو وشەیە واتە ژنێک زوو زوو

[297] السيد حسين الموسوي: لە شاری نەجەف لە دایک بووە، زانایەکی گەورەی ئەهلی شیعە بووە بەجۆرێك پەیوەندی بە حەوزەی ئێران و نەجەف بووە. لە نوسینەکانی دەریخستووە هاوڕێی خومەینی و چەندین زانای بەبلیمەتی وەک 'كاشف الغطاء' و 'الصدر' و 'عبدالحسين شرف' بووە. پاش ئەوەی مەزهەبی خۆی دەگۆڕێ کتێبی 'لله ثم للتاريخ' چاپ دەکات. هەندێک لە شیعەکان دەڵێن پارەی دراوەتێ لەلایەن پاشای سعودیە و هەندێکیان دەڵێن ئەو کەسە بونی نییە و وەهمێکە چونکە کەسێکی ئاوا نەزانراوە لەلایەن هەموو حەوزەکانەوە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت ئەی چۆن دەڵێن پارەی دراوەتێ، ئایا پارە چۆن دەدرێتە کەسێک بوونی نەبێ!!!

بکەوێتە مانگانەی خۆی. شیعە دەڵێ بۆ وشەی سور و سپی بۆ پیاو وشەی 'أزهر' بەکاردێت و بۆ ڕەگەزی مێ 'زهراء' بەکاردەهێندرێت هەروەک بۆ 'فاطمة'ی کچی پەیامبەر بەکارهاتووە چونکە سپی و سور بووە کەواتە کێشەی زمانەوانی کەوتە ناو وشەی 'حميراء' جا نازانین کامیان ڕاستن. شیعەکان بەڵگەکان زیاتر کۆنکریت دەکەن بە ئاماژەی وتەیەکی پەیامبەر کە بە عائیشەی گوتوە 'حميراء الساقين'، شیکاریان بۆ ئەو دەستەواژە ئەوەیە کە ژنانی ئەو کاتە کەرەستەی خاوێنراگریان نەبووە وەک سەردەمی ئێستا بۆیە زۆر جار خوێن بە قاچی ژنان دەهاتە خوارێ. بۆیە عەرەبەکان بۆ سوکایەتی ئەو دەستەواژەیان بەکارهێناوە. هەروەها عەرەب پەندێکیان هەبووە وتویانە خراپترین ژن ئەوانەی ڕەش دەبن لەکاتی نەخۆشی، لەوان خراپتر حمیرائی بێ نوێژ. شر النساء السويداء الممراض و أشر منها الحميراء المحياض.
دواکەوتویی عەرەب سەبارەت بە ژن ڕادە بەدەر بوو بۆیە وایان ئەزانی هەندێک ژن لە دواوە توشی 'حيض' دەبێ بەو جۆرە ژنانەیان دەگوت ' سلقلقية'، شیعەکانیش ئەو خەسڵەتەیان بۆ عائیشە لکاندوە بێ ئەوەی سەرچاوەی سوننە بدۆزنەوە دەڵێن تەنها گومانمان هەیە کە ئەو خەسلەتەی هەبووبێ چونکە عائیشە زۆر باسی 'حيض'ی کردووە. ئەقڵ ئەوە قبوڵ ناکات ژن لە دواوە تووشی حيض ببێت مەگەر،،،،،
لە دوایشدا شیعەکان زیادەڕۆیەکی زۆر دەکەن بێ ئەوەی ئاگاداری خۆیان بن تانەکان هەمووی لە پەیامبەرە چونکە ئەو ئایەتەیان لە بیر چۆتەوە دەڵێ ( ولا تنابزوا بالالقاب سورة الحجرات ١١) واتە ناو و ناتۆر لە یەکتری مەنێن. کەوابوو چۆن پەیامبەر سەرپێچی ئەو ئایەتە دەکات و بە عائشة دەڵێ حميراء یاخود ناوی ئەبوهوریرە بە هاوەڵێکیەوە دەچەسپێنێ واتە باوکی پشیلە. الله اعلم

ئەوەی زۆر گرینگە شیعەکان کوشتنی پەیامبەری ئیسلام بۆ عائشە و دەوروبەری دەگەرێننەوە.
یەکەم بابەت ئەگەر باس بکرێ جارێ دەبێ بڕوا بهێنین بە پێی سەرچاوەی ئەهلی سوننە پەیامبەر کوژراوە نەوەک بە مردنی خۆی دونیای بە جێ هێشتبێ. لە عبدالله دەگێڕنەوە وتویەتی: نۆ جار بە ئەڵڵا سوێند بخۆم پێم خۆشترە لە جارێک کە بلێم پەیامبەری ئەڵڵا کوژراوە، ئەڵڵا بە پێغەمبەر هەڵیبژارد و بە شەهیدبوون بردیەوە. لَأَنْ

أَحْلِفَ بِاللَّهِ تِسْعًا إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قُتِلَ قَتْلًا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ أَحْلِفَ وَاحِدَةً وَذَلِك بِأَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ اتَّخَذَهُ نَبِيًّا وَجَعَلَهُ شَهِيدًا.[298]

کەوابو ئەهلی شیعە و سوننە قایلن بەوەی پەیامبەری ئیسلام کوژراوە، جا با بزانین شیعەکان تێڕوانینیان چۆنە: ئەڵێن لە ڕۆژی خەیبەر پەیامبەر دەرمان خوارد کراوە بۆیە هۆکاری ئەو ژەهرە بووە کوشتویەتی. بەڵام شەڕی خەیبەر ساڵی ٧ی کۆچی ڕوویداوە واتە ئەستەمە بڕوا بکەین ئەو ژەهرە پاش ٣ ساڵ کاریگەری کربێتە سەری و کوشتبێتی.

دەڵێن، کاتێک پەیامبەر زۆری بۆ دێت لە کاتی سەرمەرگیدا، چەند جارێک لە هۆشخۆی دەچێ، لەو کاتانەدا دەرمانێک دەکەن بە دەمیدا، ئەو دەرمانە تاڵە و بەدەستی عائشە دەخرێتە دەمی. کاتێک پەیامبەر بە هۆش خۆێ دێتەوە دەڵێت ئەوە من پێم قەدەغە نەکردبوون هیچم نەدەنێ ئەوانیش وتیان تامی دەرمانەکە بوو. وتی کەس لە ئێوە نامینێ. هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کاتێک پەیامبەر بەهۆش خۆی هاتەوە وتی کێ ئەوەی کرد، ئەوانیش وتیان عباس بوو.

لە 'بخاري'دا هاتووە ابن عباس و عائیشە دەگێڕنەوە کاتێک پەیامبەر کۆچی دوایی کرد ئەبوبەکر هات و ناوچەوانی ماچ کرد. عائیشە وتی ئێمە دەرمانمان خستە ناو لایەکی دەمی بەڵام ئەو هێمای بۆ کردین کە نەیخەینە دەمی. ئێمەش وتمان حەزی لە دەرمانەکە نییە وەک هەموو نەخۆشێک حەزی پێ ناکات. کاتێک بەهۆش خۆی هاتەوە وتی من پێم نەوتن بە زۆر ئەو دەرمانە نەخەنە دەمم، ئێمەش وتمان وامان زانی تەنها لەبەر ئەوەی حەزت لە دەرمانەکە نەکرد. پەیامبەر وتی ئەوەی لەو خانووەدایە ئەو دەرمانە بخاتە ناو لایەکی دەمی منیش تەماشای دەکەم جگە لە عەباس ئەو گەواهی کارەکەتان نەبووە. عن ابن عباس وعائشة أن أبا بكر رضي الله عنه قبل النبي صلى الله عليه وسلم وهو ميت قال وقالت عائشة لددناه في مرضه فجعل يشير إلينا أن لا تلدوني فقلنا كراهية المريض للدواء فلما أفاق قال ألم أنهكم أن تلدوني قلنا كراهية المريض للدواء فقال لا يبقى في البيت أحد إلا لد وأنا أنظر إلا العباس فإنه لم يشهدكم.[299]

لێکۆڵەرەوە موسوڵمانەکان باش دەزانن کێ پەیامبەری دەرمان خوارد کرد. بەڵام بەرژەوەندی وای لێکردون کە ڕاستیەکان حەشار بدەن و بیخەنە سەر قالبێکی تر

[298] مسند أحمد المكثرين من الصحابة، لان أحلف بالله تسعا ان رسول الله صلى الله عليه و سلم قتل قتلا أحب الي من ان احلف واحدة.
[299] صحيح البخاري، كتاب الطب، باب اللدود

وەک باسمان کرد گوایە لە شەڕی خەیبەر دەرمان خوارد کراوە. ئەگەر وابێ بۆچ 'بشر کوڕی براء' لە هەمان ڕۆژ مرد کە ئەویش بە حساب لەگەڵ پەیامبەر دەرمانخوارد کرا بەڵام پەیامبەر پاش ٣ ساڵ کۆچیکرد، بابەتێکی نالۆجیکە پەیامبەر بە دەستی جولەکە کوژرابێت. کەوابوو کێ دەستی هەیە لە دەرمانخوارکردنی پەیامبەری ئیسلام، ئایا ئەبوبەکر و عومەر دەستیان هەبووە. ئایا عائیشە دەستی هەبووە؟ ئەگەر لە ڕوانگەی ئاینەوە تێ بڕوانین بۆ ئەو دەرمانخواردنە و بڕوامان بە پەیامبەر بێت کە نێردراوی ئەڵڵایە، کەواتە دەبێ دان بەوە دابنێین پەیامبەر زانیوەتی شتێک لەو دەرمانە هەیە بۆیە هێمای بۆ کردوون کە نەیدەنێ. ئایا پەیامبەر نازانێ دەرمان خۆی تامی ناخۆشە بۆچ حەزی نەکردووە ئەو دەرمانەی بدرێتێ، ئایا جوبرائیل شتێکی بۆ نە درکاندووە؟ خوێنەر سەیری ئەو گفتوگۆیە بکە، ئەوان وەک مرۆڤێکی سادە تێ دەڕواننە پەیامبەر دەڵێن وەک هەر نەخۆشێک حەزی لە دەرمان نییە. کەچی پەیامبەر لە خۆیەوە قسە ناکات (وما ينطق عن الهوى. ان هو الا وحي و يوحى. النجم ٣ -٤) لە ئەڵڵاوە پێی ڕاگەیاندراوە کە ئەو دەرمانە نەخوات. لە پاشان دەڵێ لەبەر چاوی من ئەو دەرمانە بخەنە ناو دەمی خۆتان ئایا پەیامبەر گومانی لەشتێک هەبووە بۆیە ئەو فەرمانەی پێکردون؟ بەڵام پەیامبەر مرد و ئێمەش نەمان زانی ئەو دەرمانە چی بوو! ئایا ئەوانیش بە قسەی پەیامبەر ئەو دەرمانەیان خوارد یان نا؟

بەڵام وا دیارە عائیشە بڕوای نەبووە پەیامبەر نێردراوی ئەڵڵا بووبێ لە گێڕانەوەیەکدا: پەیامبەر لە گەشتێک دەبێ و لە ژنەکانی صفية و عائیشەی لەگەڵ دەبێ، پەیامبەر فەرمانیدا بارەکەی صفية بخەنە سەر وشترەکەی عائیشە. عائیشە وتی کاتێک ئەوەم بینی وتم ئەی هاوار ئەو ژنە یەهودیە بەسەر ئێمە کەوت، پەیامبەر وتی ئەی داکی عبدالله بارەکەی تۆ سوک بوو وە بارەکەی صفيە قورس بوو، کاروانەکە سستی تێکەوت. بۆیە بارەکەی ئەومان خستە سەر وشترەکەت و بارەکەی تۆمان خستە سەر وشترەکەی تۆ. عائیشە وتی تۆ خۆت بە پەیامبەری ئەڵڵا دادەنێی! پەیامبەر زەردەخەنەی هاتە سەر لێوان وتی تۆ هیچ گومانێکت هەیە ئەی دایکی عبدالله! عائیشە وتی خۆت بە پەیامبەری ئەڵڵا دادەنێ و دادوەریت نەکردا ئەبوبەکر گوێی لێم بوو بە سەرسورمانەوە هات و زللەیەکی لێدام. پەیامبەر وتی لەسەرخۆ ئەی ئەبوبەکر، وتی تۆ گوێت لێ نەبوو چی وت. پەیامەر وتی ئەوانەی ئێرەیی دەبەن

خواررووی دۆڵێک لە سەرەوە نابینن. کان النبي(ص) في سفر ومعه زوجتاه صفية وعائشة، فأمر بوضع أسباب صفية على جمل عائشة، قالت عائشة: فلما رأيت ذلک قلت: يا لعباد الله غلبتنا هذه اليهودية على رسول الله! قالت فقال رسول الله: يا أم عبد الله إن متاعک کان فيه خف وکان متاع صفية فيه ثقل، فأبطأ بالرکب فحولنا متاعها على بعيرک، وحولنا متاعک على بعيرها. قالت فقلت: ألست تزعم أنک رسول الله! قالت : فتبسم قال أوفي شک أنت يا أم عبد الله؟ قالت قلت: ألست تزعم أنک رسول الله أفلا عدلت! وسمعني أبو بکر وکان فيه غرب أي حدة فأقبل عليَّ فلطم وجهي، فقال رسول الله: مهلاً يا أبا بکر. فقال: يا رسول الله أما سمعت ما قالت؟! فقال رسول الله: إن الغيراء لا تبصر أسفل الوادي من أعلاه.[300]

ڕووداوە مێژوییەکان دەی سەلمێنن عائیشە کێشەی لەگەڵ پەیامبەر و بنەماڵەکەی هەبوو وەک لە بەشەکانی تر باسی شەڕی نێوان عائشە و عەلیمان کرد. شیعەکان دەڵێن عائیشە زۆر ناکۆک بووە لەگەڵ فاطمەی کچی پەیامبەر، دیارە هۆکارەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ئەو خۆشەویستیەی پەیامبەر هەی بوو بۆ فاطمة. دەڵێن پەیامبەر ڕۆژانە ئەگەر حەزی بکردبا بۆنی میوەجاتی بەهەشت بکات ئەوا دەهات بۆنی 'فاطمة'ی کچی دەکرد و ماچی دەکرد. شەوان نەئەنوست هەتا ماچی نەکردبا و بۆنی نەکردبا. بە پێی سەرچاوەکانی شیعە ئاماژەی ئەوە دەکەن کاتێک جوبریل پەیامبەری هەڵفراند بۆ ئاسمان لەوێ سێوێکی دەداتێ بیخوات. لە کاتی دابەزینی بۆ سەر ئەرز لەگەڵ خەدیجەی خێزانی جووت بوو، تنۆکەیەکی ئەو سێوە فاطمەی لێ دروستکرا. واتە فاطمة لە ئاوی پەیامبەر و خەدیجە و ئەو سێوە دروست بوو. ئەو خۆشەویستیەی پەیامبەر بۆ فاطمة وای لە عائیشە کرد رژدی پێ بەرێت و دوژمنایەتی بکات. هەربۆیە ئەبوبەکریش لەبەر عائیشەی کچی کەوتە دوژمنایەتی فاطمة، ئینجا عومەریش کەوتە دوژمنایەتی چونکە ئەویش هاوڕێی ئەبوبەکر بوو. کەواتە شیعەکان هۆکاری دوژمنایەتی عائیشە و ئەبوبەکر و عومەر بۆ فاطمة دەگەڕێننەوە تەنها بۆ ئەو ڕژدی بردنەی عائیشە.[301]

---

[300] السيرة الحلبية، ج ٣ ل ٣١٣ // مجمع الزوائد، ج ٤ ل ٣٢٢

[301] الانوار النعمانية، ج ١ ل ٦٣

هەر لەسەر بنەمای ئەو ڕقلێبوونەوەی فاطمة و ئەبوبەکر ئاماژە بە وتەیەکی پەیامبەر دەکەین و دواڕۆژی ئەبوبەکر دەزانین ئەگەر ڕاستی هەبێ لە فەرمودەکە و ئەو چیرۆکەی کە باس کراوە کە فاطمة کێشەی لەگەڵ ئەبوبەکر هەبووە:

پەیامبەری ئیسلام دەستی حسن و حسینی گرت وتی ئەوەی ئەوانەی خۆش بوێت لەگەڵ دایکی و باوکیانی، ئەوا لە ڕۆژی قیامەت لەهەمان پلەی من لەگەڵمدا دەبێ. أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَخَذَ بِيَدِحَسَنٍ وَحُسَيْنٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا فَقَالَ مَنْ أَحَبَّنِي وَأَحَبَّ هَذَيْنِ وَأَبَاهُمَا وَأُمَّهُمَا كَانَ مَعِي فِي دَرَجَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ.[302]

## ٦.٤ تێڕوانینی سوننە بۆ شیعە

بێگومان زانایانی ئەهلی سوننە ناڕاستەوخۆ تانە لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلام دەدەن بێ ئەوەی موسوڵمانی سادەی ئەهلی سوننە دەرک بەو ڕاستیە بکات. کاتێک دەڵێن شیعە ڕافیزە خۆ باش دەزانن شیعە بریتیە لە عەلی و حەسەن و حسین و فاطمة. شیعە مەزهەبێکی جیاواز نییە و خۆی بەو بنەماڵەیە هەڵواسیبێ، ڕاستە هەندێک لە لادەرانی زەردەشتی پەیوەندیان بە شیعەوە هەبوو بەڵام سەرەتای سەرهەڵدانەکە لە لای ئەوان نەبوو بەڵکو سەرچاوەی دروست بوونی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ عەلی و بنەماڵەکەی. ئەگەر لێکۆڵینەوە لەسەر شیعە بکرێت دەبینین ئەو چوار کەسە بەبنەما وەرگیراوە لەهەمان کاتدا شەڕیعەت و وتەکانی ئەوان بەبنەما وەرگیراوە نەوەک شەڕیعەتی زەردەشتی یان یەهودی. ئەقڵ ئەوەش قبوڵ ناکات تەنها لەبەر ئەوەی حسین 'شاە زنان'ی دەستکەوت و 'زین العابدین'ی لێ بوو بە هۆی ئەوە شیعە هەلقولاوی زەردەشتیەت بێت.[303]

دەبێ لە ئەهلی سوننە بپرسین ئایا هیچ وتەیەکی عەلی هەیە کە شیعە وزە و گیانی لێوەردەگرێ بنەمایەکی زەردەشتی تێدا هەبێ یان یەهودی، ئیتر بە چ بەڵگەیەک شیعە ڕەت دەکرێتەوە یاخود تومەتی مەجوسیان دەخرێتە پاڵ؟! لە کاتێکدا ئەهلی شیعە لەسەر هەمان سەرچاوەی ئەهلی سوننە شەڕی خۆیان دەکەن دژ بە سوننە. کاتێک

---

[302] مسند أحمد، مسند العشرة المشرين بالجنة، مسند الخلفاء الراشدين، من أحبني و أحب هذين و أباهما و أمهما كان معي في درجتي يوم القيامة

[303] زين العابدين ناوی 'عەلی'ە، دایکی ناوی شاە زنان-واتە شای ژنان- کچی یەزدەگیر بوو، لە شاری مەدائین بوو بە دەستکەوتی جەنگاوەرەکانی موسلمانان، ئەو شاژنە وەک کەنیزەک بردیان بۆ دورگەی عەرەبی و پێشکەش بە 'حسین' کرا. 'زين العابدين' بە ئیمامی چوارەمی شیعەکان دادەندرێت. ئەگەر شیعە هەڵقوڵاوی زەردەشتیەت بێت کەواتە ئەو ژنە ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە پشتی پەردەوە شیعەی دروست کردووە و مێژو نایناسێ؟؟؟

دێتە سەر ئەوەی کێ ببێتە خەلیفەی یەکەم، شیعەکان لەسەرچاوەی سوننە بەڵگە دەهێننەوە کە عەلی موستەهەقی ئەو خەلافەتە بووە نەوەک سێ خەلیفەکەی پێش خۆی. هەر لەسەرچاوەی ئەهلی سوننە بنەماڵەی بەنی ئومەییە تانە و توانجی لێدراوە بەڵام ئەگەر ئەهلی شیعە باسی بکات ئەوا یەکسەر بە ڕافیزە و مەجوسی ناوزەد دەکرێن.

با بزانین ڕای زانا بە ناوبانگەکانی ئەهلی سوننە چییە لەسەر شیعە، لەسەرچاوەی 'الموسوعة الوهابية و الشيعة الامامية' [304] نوسەر لە پەڕاوێزەکەیدا چەند فەتوایەکی ابن تيمية و ابن حجر الهيثمي و الشيخ الحنفي و ابن باز و ابن عثمين بڵاوکردۆتەوە کە ئەمە دەقەکانیانە:

لەساڵی ٧٠٥ی کۆچی بەرامبەر ١٣٣٥ی زاینی، ابن تيمية فتوایەکی بەناوبانگی دەرکردوە بە کوشتنی شیعة و دەڵێ: جیهاد کردن لە دژی ئەو کەسانەی سزایان لەسەرە، باشترین پەرستنە و زۆرترین ئەرکە، ئەمە باشترە لەوەی ئیسلام دژی موشریکەکانی ئەهلی کتاب بجەنگێ. جیهاد کردن لەسەر ئەو کەسانە پاراستنی ئەو وڵاتە ئیسلامیانەیە کە فتح کراوە. ففي سنة ٧٠٥ هـ / ١٣٣٥ م أطلق ابن تيمية فتواه المشهورة بقتال الشيعة قائيلا فيها: ان جهاد هؤلاء اقامة الحدود عليهم من أعظم الطاعات أكثر الواجبات وهو أفضل من قتال المسلمين للمشركين اهل كتاب فان جهاد هؤلاء حفظ لما فتح من بلاد الاسلام.[305]

هەر لەسەر بنەمای ئەو فتوایە سەربازەکانی شام بە سەرۆکایەتی جمال الدين أقوش الاخرم چیاکانی 'ظنيين'یان گەمارۆدا، کە دەڕوانێتە طرابلس لە بەشی ڕۆژهەڵات. کوشتاری خەڵکەکانیان کرد و ئەوەی مایەوە بەدیلیان گرت پاش ئەوەی چیاکانیان گرت و ماڵەکانیان وێرانکرد. وعلى أثر هذه الفتوى احاطت عساكر الشام بقيادة جمال

---

[304] الموسوعة الوهابية و الشيعة الامامية، ل ١٦ ـ ١٨

[305] بەداخەوە لە سەرچاوەی 'مجموع فتاوى ابن تيمية' بەو شێوەیە نەنوسراوە نوسەر دەستکاری فەتوایەکەی کردووە بگەرێیەوە بۆ بەرگی ١٣ی ئەو سەرچاوەیە، ئەو فەتوایە بۆ بەشێک لە شیعەکانە'نصري' فەتوایەکە بەو شێوەیە بووە 'ولا ريب أن جهاد هؤلاء وإقامة الحدود عليهم من أعظم الطاعات وأكبر الواجبات، وهو أفضل من جهاد من لا يقاتل المسلمين من المشركين وأهل الكتاب؛ فإن جهاد هؤلاء من جنس جهاد المرتدين، والصديق / وسائر الصحابة بدؤوا بجهاد المرتدين قبل جهاد الكفار من أهل الكتاب؛ فإن جهاد هؤلاء حفظ لما فتح من بلاد المسلمين، وأن يدخل فيه من أراد الخروج عنه. وجهاد من لم يقاتلنا من المشركين وأهل الكتاب من زيادة إظهار الدين. و حفظ راس المال مقدم علي الربح. بەرگی ٣٥ ل ٤٧ ،باب حكم المرتد.

الدين أقوش الاخرم بجبال الظنيين وهي الجبال المطلة على طرابلس من جهة الشرق وقد قتلوا وأسروا من بها من الناس بعدما احتلوا الجبال و خربوا أبنيتها.[306]
لەساڵی ٩٢٢ کۆچی بەرامبەر ١٥١٦ی زاینی، شێخ نوح الدمشقي فتوایەکی هاوشێوەی وەک 'ابن تیمیة'ی دەرکرد، سلتان سەلیمی یەکەم عوسمانی پشتی پێ بەست بۆ ئەو قەسابخانەی لەسەر شیعە کردی لە باشووری شامدا، فەتوایەکە بەو شێوەیە بوو: بزانە! ئەڵڵا دڵخۆشت کا، ئەو کافرانە و لادەرانە(دەرچووان لە ڕاستی). ڕێچکەیان بریتیە لە [کفر و لادەر(زێدەڕۆیی) و فەسادی و دەرچوون لە پەرستنی ئەڵڵا و زەندیقی و بڕوا نەبوون بە خودا]. هەر کەسێ بێ هەڵوێست بێت لەسەر: (کفرکردنیان، بێ باوەڕیان بە خودا، ئەرکی شەڕکردن لەگەڵیان، نە کوشتنیان) ئەوا وەک ئەوان کافرە. وفي سنة ٩٢٢ هـ/ ١٥١٦ م أصدر الشيخ نوح الدمشقي فتوى مماثلة لفتوى ابن تيمية اعتمد عليها السلطان سليم الاول العثماني في المذابح التى اقامها لشيعة شمال بلاد الشام وكان نص فتوى: اعلم اسعدك الله ان هؤلاء الكفرة والبغي الفجرة جمعوا بين اصناف الكفر و البغي والفساد وانواع الفسق و الزندقة والالحاد ومن توقف في كفرهم والحادهم و وجوب قتالهم وجواز قتلهم فهو كافر مثلهم.[307]

لە ساڵی ١٣٩٥ی کۆچی بەرامبەر ١٩٧٥ زاینی، نامەیەکی شاندی پەروەردە(فێرکردن)ی سعودیە لە یەمەن بەدەستی 'ابن باز' دەگات و لێی دەپرسێ ئایا نوێژ لە پشتی 'الزيدية جۆرێکن لە شيعة' دروستە، 'ابن باز' فتوایەک دەردەکات لەسەر ئەو بابەتە بە ژمارەی ١٤٣، کە دەڵێت: نوێژ کردن لە پشتی 'زیدیة' بە دروستی نازانم چونکە زۆرینەیان زیادەرۆیی لە 'ئەهلی بیت' دەکەن بە جۆرێک لە 'شرک'. لەگەڵ ئەوەش جنێو بە هەندێک لە هاوەڵانی پەیامبەر و ئەوانی تر دەدەن. وفي عام ١٣٩٥ هـ/ ١٩٧٥ م وصلت رسالة من البعثة التعليمية السعودية في اليمن الى الشيخ عبدالعزيز بن باز فسئل عن جواز الصلاة خلف الزيدية فاصدر ابن باز فتوى بهذا الشان تحت رقم ١٤٣، وكان مما ورد فيها: اما الصلاة خلف الزيدية فلا ارى

[306] نوسەر لەسەرچاوەی 'تاريخ ابن وردي ج ١' وەریگرتووە، چیاکانی 'ظنيين' لە بنەڕەتدا ناوی 'داناوس'ە بە هۆی ئەوەی شیعەکانی 'ظنية' و 'نصرية'ی تێدا نیشتەجێ بوون بۆیە ئەو ناوەی بەسەردابرا.
[307] نوسەر لەو دوو سەرچاوە وەری گرتووە 'حلب و التشيع للشيخ ابراهم نصرالله' و 'تاريخ الشيعة في ساحل بلاد الشام الشمالي'

صحتها خلفهم لان الغالب عليهم الغلو في اهل بيت بانواع من الشرك مع سبهم لبعض الصحابة و غيرهم.[308]

لەسەرچاوەی 'فتاوی مهمة لعموم الامة ل ١٤٥ - دار الوطن' پرسیار لە شێخ 'ابن عثیمین' دەکرێ: ئایا شیعە لە حوکمی کافرەکانن، ئایا موسوڵمان لە ئەڵڵا بپارێنەوە کافران بەسەریاندا زاڵ بن؟ لە وەڵامدا وتی: شیعة، باشترە بڵێن ڕەتکراوەکان چونکە شوێنکەوتەیان بۆ عەلی شوێنکەوتەیەکی زێدەڕۆییە عەلی ڕازی نابێت. ئەو ڕەتکراوانە هەروەک شیخی ئیسلام ابن تیمیة باسی کردوە لە کتیبەکەی(إقتضاء الصراط المستقیم) لاپەرە ٣٩١، ئەوان درۆزنترین بەشن لە ئەهلی ئەهواء و هاوەڵ بۆ ئەڵڵا دادەنێن. لەناو ئەهلی ئەهواء لەوان(واتە شیعة) درۆزنتر نادۆزیەوە، لەوان دوورتر لە تاکپەرستی نادۆزیەوە (واتە شیعە لە تاکپەرستی دوورن)، تەنانەت ئەوان مزگەوتی ئەڵڵا تێکدەدەن کە ناوی ئەڵڵای لێ دێت و دایدەبڕێنن لە جومعە و جەماعەت. گومبەت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکەن کە ئەڵڵا و پەیامبەرەکەی قەدەغەیان کردبوو. وجاء في كتاب 'فتاوى مهمة لعموم الامة ص ١٤٥ - دار الوطن' سئل الشيخ ابن عثيمين: هل يعتبر الشيعة في حكم الكافرين وهل يدعو المسلم الله تعالى ان ينصر الكفار عليهم؟ فاجاب بقوله: الشيعة، والصواب ان يقال الرافضة لان تشيعهم لعلي بن ابى طالب رضى الله عنه تشيع متطرف غال لا يقبله علي رضي الله عنه فالرافضة كما وصفهم شيخ الاسلام ابن تيمية يرحمه الله في كتابه (إقتضاء الصراط المستقيم) حيث قال ص ٣٩١ هم أكذب طوائف أهل الأهواء، وأعظمهم شركا، فلا يوجد في أهل الأهواء أكذب منهم، ولا أبعد عن التوحيد منهم، حتى إنهم يخربون مساجد الله التي يذكر فيها اسمه فيعطلونها عن الجمعة و الجماعات، ويعمرون المشاهد التي على القبور ، التي نهى الله ورسوله عن اتخاذها.[309]

ئەمە بیروباوەڕی گەورە پیاوانی ئەهلی سوننەیە بۆ شیعە، ئەوەی سەیرە و جێگای سەرسوڕمانە ئەهلی سوننە دەڵێ ئەهلی شیعە زێدەڕۆیی دەکەن لە پیرۆزکردنی عەلی و حسن و حسین لەهەمان کاتدا خۆشیان عومەر و ئەبوبەکر و عوسمان پیرۆز

[308] نوسەر لەسەرچاوەی 'الرد على ابن باز للشيخ عبدالرحمن الخير' وەریگرتووە.
[309] نوسەر لەسەرچاوەی ' فتاوى مهمة لعموم الامة ص ١٤٥ -دار الوطن' وەریگرتووە// أهل الاهواء: واتە ئەوانەی دژ بە شەرعن

دەکەن. هەر ڕەخنەیەک لەو زاتانە بگیرێ دەبێتە تەشهیر لەسەر ئیسلام نەوەک لەسەر مەزهەبەکە. ئایا کەس دەتوانێ لە ئەهلی سوننە ڕەخنەیەک لە سێ خەلیفەکەی پێش عەلی بگرێت. ئەهلی سوننە نەک پیرۆزکردنی ئەو سێ خەلیفەیە بە ئەرک دەزانن تەنانەت موعاویەش بە کەسێکی پیرۆز دادەنێن. زۆرێک لە زانایانی ئەهلی سوننە ئەو تۆزەی چۆتە لوتی ئەسپەکەی موعاویە لە عومەر بن عبدالعزیز باشتر دادەنێن. لە ئیمام أحمد بن حنبل دەپرسن کامەیان باشترە موعاویە یان عمر بن عبدالعزیز، وتی ئەو تۆزەی دەکەوێتە سەر لوتی ئەسپەکەی موعاویە کە لە دەستی پەیامبەر دایە باشترە لە عمر بن عبدالعزیز. سئل الإمام أحمد بن حنبل رضي الله عنه أيما أفضل معاوية أو عمر بن عبد العزيز فقال لغبار لحق بأنف جواد معاوية بين يدي رسول الله خير من عمر بن عبد العزيز رضي الله تعالى.[310]

هەروەها شێخی ئیسلام ابن تیمیة لە سەرچاوەی مناهج السنة بە جۆرێکی تر قودسیەت دەداتە موعاویە و دەڵێ: ئەو تۆزەی چۆتە ناو لوتی موعاویە لەگەڵ پەیامبەری ئەڵڵا بوو باشترە لە کاری عمر بن عبدالعزیز. غبار دخل في أنف معاوية مع رسول اللهصلى الله عليه وسلم أفضل من عمل عمر بن عبد العزيز.[311]

ئایا پیرۆزی لەوە زیاتر دەبێ لە کوێ بێت؟؟؟

جگە لەوەی ئەهلی سوننە ئەهلی شیعە بە لادەر و ڕەتکراوە دادەنێن لەلایەکی تریش گاڵتە بە زهنیەتی شیعە دەکەن بە تایبەتی لە کاتی عاشورادا کاتێک سەرجەم شیعە شین و ڕۆڕۆ دەکەن، ئەوان گاڵتە بەو کەلتورە دەکەن. بەڵام کەس نەیپرسیوە ئەو شین و ڕۆڕۆیە بۆچی دەکەن؟؟؟ ئێمە لە مێژوی کۆن و نوێدا نەمان دیوە بۆ هیچ پێغەمبەرێک، پاڵەوانێک، فەیلەسوفێک، ڕزگارکەرێکی نەتەوەیی، فەریادرەسێک خەڵک بەو وێنەی شیعە شین بکەن بۆ شوێنکەوتەکەی خۆیان ئەوەی کراوە لە کاتی خۆی چەند فرمێسکێک ڕژاوە لە پاش چلەی ئەو فرمێسکەشی بۆ نەڕژاوە جگە لە کەس و کاری خۆی. کەسمان نەدیوە وەک شیعە بە وەفا بێت بۆ عەلی و حەسەن و حسین و فاطمة، نەک بۆ ئەوان بەڵکو بۆ کۆرپە لەبەرچوەکەی فاطمەش شینی بۆ دەکەن. دەبێ هۆکاری دەبێ چی بێت بۆ پەیامبەری ئیسلام بە ژەهر تیرۆر کرا شینی بۆ ناکرێ کەچی بۆ نەوەکانی بە زنجیر خۆیان ئەکوتن؟ لە یادی پەیامبەر شیرنی دابەش

[310] شذرات الذهب، ج ٦ ١ ل ٦٥
[311] مناهج السنة النبوية، كلام الرافضي على عثمان رضي الله عنه، ج ٦ ل ٢٢٧

دەکرێ و لە مردنی کەس نازانێ چ ڕۆژێکە، کەچی نەوەکانی ڕۆژی لەدایک بوونیان دیار نییە و ڕۆژی کوشتنیان شین واوەیلایە و ڕق و قین دابەش دەکرێ. ئەگەر وتەکانی قورئان و پەیامبەر بەراورد بکەی لەگەڵ حسن و حسین جیاوازیەکی ڕادە بەدر دەبینی لە هەموو بوارەکانی ڕێنمایی و تەشریعی کەچی ئەو شینە هەر بۆ ئەوان دەکرێ.

ئەبینین گاڵتە بە شین و ڕۆڕۆی شیعەکان دەکرێ لەلایەن بیرمەندان و سەیرکەرانیان. کەچی هاژەی زنجیر و شلپەی لە خۆدان گاڵتە بە بیرو ئاوەزنی ئەوان دەکات چونکە ئەوان لەو فەلسەفەیە ناگەن. دەبێ چ هێزێک لە پشتی ئەو شینە بێ، ئەمە هێز و یەکگرتن نیشان دەدات، پتەوی و بەوەفایی نیشان دەدات، دووبەرەکی و ڕق و قین نیشان دەدات، ناسەقامگیری ئیسلام نیشان دەدات، شەڕی بەردەوام نیشان دەدات. ئای دەبێ کێ لە پشت ئەو پلانە دابووبێ و چی لە بن سەربووبێ؟ چ ئاقڵێک و ژیرێک توانیبێ هەزاران ئەقڵ بکاتەوە یەک ئەقڵ و ئەویش ئەقڵی خۆی بێت.

**٦. ٤. ١ تێڕوانینی سوننە بۆ عەلی**

ئەهلی شیعە زۆر بە ڕاشکاوی تانە لە هاوەڵانی پەیامبەر(ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان)دەدەن لەگەڵ هاوسەرانی پەیامبەر وەک عائیشە بە پلەی یەک و حەفسە بە پلەی دوو و 'ام حبيب' و ئەوانی تر  بە پلەی سێ و چوار. بەڵام ئەڵن سوننە ناتوانن تانە لە هاوەڵانی پەیامبەر بدەن و لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆیانەی نێوان عەلی و عوسمان و موعاویە دروست بوو. لەسەردەمی کوژرانی عەلی زۆر بە ڕاشکاوانە کوشتنی عوسمان خرایە ملی عەلی و لە شام ڕۆژی هەینی جنێوبارانی عەلی دەکرا. بەڵام ئەو جنێوپێدانە و ڕەخنانە کاڵ بوونەوە. زۆر بە کەمی دەبینین ڕەخنە لە عەلی بگیرێ یاخود لە قودسیەتی عەلی و ئەهلی بیت کەم بکرێتەوە ئەوەی دەیبینین تەنها 'ابن تيميە' نەبێ ئەگینا ئەهلی سوننە بە ڕێزەوە سەیری عەلی دەکەن.

لە سەرچاوەی 'مناهج السنة النبوية' لەلایەن 'ابن تيمية' بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە پلە و پایەی عەلی دەهێنێتە خوارێ کاتێک بەراوردی دەکات لەگەڵ خەلیفەکانی پێش خۆی. بۆ نمونە دەڵێ:

* عەلی شەڕی کرد بۆ ئەوەی: خەڵکی پابەندی بن، کۆنترۆڵیان بکات، لە پێناوی پارە. باشە چۆن ئەو شەڕە لە پێناوی ئاین هەژمار دەکرێ. ئەبوبەکر شەڕی ئەوانەی کرد

کە: لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، ئەوانەی ئەرکەکانیان جێ بەجێ نەکرد کە ئەڵڵا داینابوو. تەنها بۆ ئەوەی پابەندی ئەڵڵا و پەیامبەر بن، وە چۆن ئەو شەڕانە بۆ ئاین هەژمار ناکرێ؟ علي يقاتل و يتصرف في النفوس و الاموال فكيف يجعل هذا قتلا على الدين؟ وأبوبكر يقاتل من ارتد عن الاسلام ومن ترک ما فرض الله، ليطع الله و رسوله فقط، ولا يكون هذا قتال على الدين؟[312]

* ئەڵڵا ئایەتی ٤٣ی سورەتی 'النساء'ی لەبەر عەلی دابەزاند چونکە بە سەرخۆشی نوێژی کرد و وشەکانی بە تێکەڵی خوێندەوە، ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ وەک تانە لای 'ابن تيمية' باس کراوە.[313]

* کاتێک پەیامبەری ئەڵڵا فەرمانی کرد شەونوێژ بکات، عەلی پاساوی هێنایەوە وتی ئەگەر ئەڵڵا ئارەزوی هەبێ هەڵمان دەستێنێ. پەیامبەر زانی ئەوە بڕوبیانووە وتی 'وكان الانسان اكثر شيء جدلا' واتە مرۆڤ هەمیشە بە بڕوبیانووە. طرقني رسول الله صلى الله عليه وسلم و فاطمة فقال: ألا تقومان تصليان؟ فقلت يا رسول الله انما أنفسنا بيد الله ان شاء ان يبعثنا بعثنا. قال فولى و هو يقول: وكان الانسان أكثر شيء جدلا. سورة الكهف ٥٤. فانه لما أمرهم بقيام الليل فاعتل علي (رضي الله عنه) بالقدر، وأنه لو شاء الله لايقظنا علم النبي صلى الله عليه وسلم أن هذا ليس فيه الا مجرد الجدل الذى ليس بحق، فقال وكان الانسان أكثر شيء جدلا.[314]

* هەزار رکعەت نوێژی دەکرد –مەبەست لە عەلی– ئەوەش هیچ فەزیلەتی نییە و درۆیە. إنه كان يصلى الف ركعة، فان هذا لا فضيلة فيه، و هو كذب.[315]

* هەروەها دەڵێ ئەو فەرمودە لاوازە کە پەیامبەر دەڵێ من شاری زانستم و عەلی دەرگایەکەیەتی. أنا مدينة العلم و علي بابها.[316] هەرچەندە لە سەرچاوەکانی سوننە بە فەرمودەیەکی صحیح ناسراوە لە هەموویان گرنگتر لەسەرچاوەی مستدرک على الصحيحين.[317]

---

312 مناهج السنة النبوية، لابن تيمية، ج ٨ ل ٣٢٩ ـ٣٣٠

313 هەمان سەرچاوە، ج ٧ ل ٢٣٧

314 هەمان سەرچاوە، ج ٣ ل ٨٥ ـ ٨٦، ج ٧ ل ٢٣٨

315 هەمان سەرچاوە، ج ٤ ل ٤٢

316 هەمان سەرچاوە، ج ٧ ل ٥١٥

317 المستدرک على الصحيحين، ج ٣ ل ١٣٦ ـ ١٣٧

* هەروەها 'ابن تيمية' تانە لە 'فاطمە'ش دەدات و دەڵێ: ئەبوبەکر بۆ بەرژەوەندی خۆی کار ناکات، ئەو پارەی بۆ خۆی نەبوو بەڵکو بۆ موسوڵمانان بوو کەچی فاطمە بۆخۆی دەویست. فان أبابكر امام لا يتصرف لنفسه بل للمسلمين، والمال لم ياخذه لنفسه بل للمسلمين، و فاطمة تطلب لنفسها.[318]

لە سەرچاوەی باسکراوی سەرەوەدا، چەندین نمونەی تر هێندراوەتەوە تەنها بۆ ئەوەی پێگەی عەلی بەرامبەر ئەهلی شیعە دابەزێندرێت، هەروەها پێگەی هەر سێ خەلیفەی پێش خۆی بەرز ڕاگیراوە. کەواتە دەبێ بگەینە ئەو دەرئەنجامە ئەو ململانەیەی نێوان ئەهلی سوننە و ئەهلی شیعە دەیگێڕن دەستی گەورە زانایانە. لە بری ئەوەی هەردووکلا دەستی ئاشتی بۆیەک درێژکەن شمشێر بۆ ملی یەکتر هەڵدەکێشن. لە جیاتی ئەوەی ئاوێک بەو ئاگرە دابکەن زیاتر گڕی تێ بەردەدەن. جێگای داخە ئەبینین ڕۆژانە دەیان کەس ئەکوژرێ لە پێناوی ململانەیەک گەورە پیاوانی ئاینی ئەیگێڕن، ئەبێ مەقاشەکە کێ بێ و کێ ئەوانە وەک داشی دامە بجوڵێنێ. ئایا بەرژەوەندی پارەیە؟ ڕق و قینی کۆنە؟ شەڕی دوو کەلتوری شاراوەیە و هەردووک بە بەرگی سوننە و شیعە دەری دەبڕن؟ ئاقڵ ئەو کەسەیە تێگەیشت و خۆی لەو شەڕە بە دوور گرت، پشکۆی ئەو ئاگرەی لە خۆی بە دوورگرت. کێ بوو کێ کردی، مێژو پێمان ناڵێ، ئەگەر بشزانرێ ئەوا نەهێنی قەڵەمە و نای درکێنێ!

**کورتکراوەی پەرتوکەکەم**

ئەگەر بێت و پێنوسەکەم نەکەوێتە ژێر سێبەری شمشێرەکان، لەسەر لوتکەی شاخێک و ڕوو لە خۆر پەرتوکێکی تر دەنوسمەوە. پەرتوکێک لەسەر درێژە پێدانی ناکۆکیەکانی نێوان شیعە و سوننە لەگەڵ دەستدرێژیەکانی سەردەمی خەلافەتی ئەمەوی و عەباسی و عوسمانی تا سەردەمی ئیمڕۆ. مێژوی ون بووی کورد لەناو ئیسلام زیاتر دەدۆزینەوە، ئەنفالەکانی کورد و سەر میللەتانی تر زیاتر باس دەکەین. زیاتر ڕوونی دەکەینەوە میللەتان لەگەڵ ئێوە ئاشنا نەبوون و شەڕی سەدەها ساڵیان لەگەڵ ئێوە کرد، دەیان سەردارانی خوێنڕێژتان نارده سەر میللەتان وەک چۆن

[318] هەمان سەرچاوە، ج ٥ ل ٥٢٢

'حجاج بن ثقفي' له شارەزور کەللە سەری بابوباپیرانی کوردی پەراند. لەو پەرتوکەدا ڕوون دەکرێتەوە چ دڕندەیەک بوون خاوەن شمشێرە خوێناویەکان، یەزیدی کوڕی موعاویە بە چیلکەدارێک یاری بە کەللەسەرەکەی حوسێنی کوڕی عەلی دەکرد، یاری بەکەللەسەری نەوەی پەیامبەری ئیسلام بکرێ دەبێ چ جۆرە دڕندەییەکیان بەکارهێنا بێت بەرامبەر میللەتانی ناموسوڵمان. قوڕی سورتان بەسەر ئەو خەڵکەدا کرد، بەڵام قوڕ بەسەر مێژوی نوسراو کە چۆن لە چاڵ دەنرێ و مێژوی ون بوو زیندو دەبێتەوە، ئەو مێژوەش هەر لەسەر زاری ئێوە و لە سەر چاوەکانی ئێوەدا ئەدۆزرێتەوە ئەو کاتە زەنگ لێ ئەدرێت بە بەر گوێی ڕۆڵەی زاگرۆسیەکان و نەتەوەکانی تر. گەمە شاراوەکان و ڕۆڵی کوردیش زیاتر ئاشکرا دەکەین چۆن موسوڵمانان لە ژێر سێبەری شمشێردا جەنگان و زەردەشتیەکان لە ژیر باڵی زەردەشت شمشێرەکانیان بە ئەقل لەتو پەت دەکرد و بە ژیرانە توانیان ڕۆڵەی کورد تا ئیمرۆ بهێڵنەوە بە جۆرێک توانیان کورد بکەن بە هاوسەنگی دونیا.

کوردەکان لە پشت پەردەوە خەلیفە لە دوا خەلیفەکانیان هەڵماڵی و کەنیزەکەکانیان ئازادکرد. دەوڵەتی میدیا لەناو جەرگی ئیسلامدا دروست بوو بەڵام مەخابن نەوەی ڕۆمەکانی سەردەمی ساسانیەکان خەون و هیواکانیان تێکدا. زەردەشت نەگەیشتە ئاوات و خەونی خۆی، بۆیە باڵەکانی شکا بەڵام کوردی تا ئیمرۆ هێشتەوە. خوێنەر! تۆ دەزانی کام ڕێبەری زەردەشتی لەناو جەرگی ئیسلامدا بۆ جارێکی تر زلوڵاتی میدیای دروستکردەوە؟ تا بەرگێکی تری ئەم کتێبە ستایشی ئاهوراتان لێ بێت.

دەبێ نەهێنی چی بێت میللەتێکی وەک کورد هەزارەها ساڵ بمینێ و نەفەوتێ. پاش ئەو هەموو وێرانیە و ئەنفالە هێشتا زۆرینەی دانیشتوی ئێران و میزوپۆتامیایە. لە ١٢٧ نەتەوە هەر کورد و چەند نەتەوەیەک ماوە ئەویش لەسایەی کورد پارێزراوە. هێزێکی تۆکمەی شاراوە دەبێ هەبێ بۆ پاراستنی ئەو ڕۆڵەیە. ئەو هێزە تەنها هێزی ئاهوراییە لەسەر دەستی کورد گێڕدرا و پشت بە پشت دایانە دەستی، ئەو هێزە هێزی زەردەشت بوو، هێزێکی ئاهۆرایی بوو، ئەو هێزەش تەنها کەلتور و ویژدانی ئەو گەلە بوو کە فەلسەفەی دێرینی زەردەشت بوو.

ئەوەی ماوە بیڵێم لە بەرگی یەکەم و دووهەمی کتێبەکەم زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئاینی ئیسلام ئاینێکی عەرەبیە هیچ کاتێک باوەڕیان بەو نەتەوانە نە ئەهێنا کە بە زۆر

یان بە ئاشتی ئەبوون بە ئیسلام. لە سەردەمی کۆن و نوێدا هەمیشە خۆیان بە گەورەی نەتەوەکان زانیوە و شمشێرەکانیان تیژ و بڕە بووە بۆ ملی میللەتان.
لەسەردەمی کۆندا ڕوونکرایەوە بە چ جۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ میللەتان کرد وا لە سەردەمی نوێشدا بە چاوی خۆمان دیتمان کاتێک خومەینی ئیسلامی بورژاندەوە لەسەر ئاستی دونیا. [319] بەڵام لە بەر ئەوەی لە ڕەگەزی عەرەب نەبوو لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئیراندا وڵاتە عەرەبیەکان بە ئاشکرا یارمەتی سەدامیان دەدا و ئێرانیان بە مەجوس دادەنا. لەو کاتانەش زیاتر لە ٤٨٠٠ گوندی کوردستان بە تی ئێن تی تەقێندرایەوە لە کاتێکدا هەموو گوندێک مزگەوت و قورئانی تێدا بوو، ئایا کورد میللەتێکی موسوڵمان نەبوو؟ پاشای ئوردن بە چاوی دونیا فتیلەی تۆپی دورهاوێژەکەی بە دەستی خۆی ڕاکێشا و یارمەتی خۆی لەو جەنگەدا ئاشکرا کرد، لەگەڵ ئەوەش کچە کوردەکانیان فرۆشتە میسر و سعودیە و کوێت. بۆیە عەرەب هەر خۆی بە خاوەنی ئاینی ئیسلام دەزانێ و میللەتەکانی تر بەکاردەهێنێت بۆ خزمەت و بەرژەوەندی خۆی. ئیتر دەتوانین لەو مێژوە نوێیە مێژوی کۆنی تێدا بدۆزینەوە چونکە مێژو خۆی دووبارە دەکاتەوە و مەحاڵە ئەو ڕووداوەی سەردەم لە ڕابوردوودا ڕووینەدابێ.
ئەگەر پێم بڵێن کە ئەوە ڕاستیەکان بێت بۆچ میللەت پەی پێنابات و مەلاکان دەرهەق بەو ڕاستیانە متن! لە وەڵامدا دەلێم چوار جۆرە مەلا لەناو میللەتی کوردا هەیە:
یەک: جۆرە مەلایەک هەیە زۆر باش تێیگەیشتووە بەڵام کەسێکی ترسنۆکە و ناوێرێ ڕاستیەکان بدرکێنێ بۆیە بە مەلایەتی خۆی ماوەتەوە.
دوو: جۆرە مەلایەک هەیە زۆر باش تێیگەیشتووە بەڵام وا دەزانێ ئەگەر ئیسلام نەبێ کەلتوری کوردەواری نامینێ، خراپە جێگای چاکە دەگرێتەوە، بەم شێوەیە شرۆڤە بۆ کۆمەڵگا دەکات و دەڵێ مرۆڤەکان بڕوایان بە بەهەشت و دۆزەخ هەیە هەر خراپە دەکەن ئەی ئەگەر ئەو بەڵێنانە نەبێ چی دەکەن؟! وا دەزانێ خراپە و چاکە تەنها لەلایەن ئیسلام سەرچاوەی گرتووە بۆیە بە ئەستەمی دەزانێ ئاینێکی تر جێگای بگرێتەوە یان ئیسلام نەمینێ. بۆیە هەر بە مەلایەتی خۆی ماوەتەوە.

[319] لەبەرگی داهاتودا ڕوون دەکرێتەوە خومەینی فەرمانبەرێک بوو بە کارهێندرا بۆ زیندوبونەوەی ئیسلام تا خزمەتی سیاسەتی سیستەم بکات.

سێ: جۆرە مەلایەک هەیە زۆر باش تێیگەیشتووە بەڵام پارەو پولی لە ناویژدانیەوە بۆ دێت و سعودیە گیرفانی پر دەکات. هەر کەسێک ڕەخنە لە ئیسلام بگرێ شمشێری سعودیە لە کالان دێنێتە دەر و فەتوای کەلتورێکی عەرەبی بەسەر میللەت دەچەسپێنێ. هەندێکیش لەو مەلایانە ڕەچەڵەکیان لە زاگرۆسیەکان نییە بۆیە هەتا کورد دواکەوتو بێت بۆ ئەوان سودی هەیە! بۆیە هەر بە مەلایەتی خۆیان ماونەتەوە.
چوار: جۆرە مەلایەک هەیە زۆر باش تێ نەگەیشتووە چونکە خودای خۆش دەوێ، وا دەزانێ ئەڵڵا و خودا هەر یەکن، هەر کەسێکیش کەسێکی خۆش بوێ هەڵەکانی نابینێ و سۆمای چاوی بە وشەکانی میهرەبان و سۆز و ترس پەردەپۆش دەکرێ. بۆیە هەر بە مەلایەتی خۆی ماوەتەوە.
ئاگاداری جۆری سێهەمیان بن خەتەرناکترین جۆری مەلان.
ئاخر چۆن من بەمشێوەیە بیرناکەمەوە، کاتێک هەزاران ژنی کەنیزەک و منداڵی جل دڕاو لە ژێر سێبەری شمشێرەکان ئەبینم دلۆپەی خوێنیان بەسەردا دەبارێ، فرمێسک و خوێن تێکەڵ دەبێ. ئەو خوێنە خوێنی ملێکە هەزاران جار لە ئامێز گیراوە، لە ئامێز گیراوە لەلایەن دایک و باوک و برا و خوشک و هاوژین و زارۆکەکەی. چۆن سنوری دڵ ناپچرێ و ویژدانم نابزوێنێ بۆ گرتنە دەستی پێنوسێک. ئاخر چۆن دەتوانم مت بم دەرهەق بەو ستەمکارانەی دونیای تاریکی! چۆن خوێن لە ویژدانی پێنوسەکەم ناچۆرێ و تێکەڵ بە خوێنی مێژوێکی خوێناوی نابێ!
ئەو هەموو کوشتن و کوشتارکردنە بە ناوی خودا و دروستکەری گەردوون بەڕێووە چوو لە کاتێکدا ئەو خودایە ئاگاداری ئەو ستەمە نییە! بۆیە بەزیم بەو خودا دادێت کە مرۆڤ دۆزیەوە و دوورە لە خودای ڕاستی، لە وەتەی خودای مرۆڤ دۆزراوەتەوە کۆیلەی بن دەستیەتی و تا ئێستا هەر لە کۆنی دایە و تازە نابێتەوە. خودایەکەی قەدی گرتووە بە وشە ئەفسانەکانی مرۆڤ و لێی دەرناچێ.
بەزەیم بە خودایەکی گەورەدا دێت خاوەنی گەردوون بێت و کۆیلەی دەستی مرۆڤێکی نەزان بێت. بەزەیم بە خودا دادێت دیلی ژێر دەستی مرۆڤە نزمەکانە لە کاتێکدا مرۆڤە بەرزەکان بە نرخێکی گەردوونی هەڵیدەسەنگێنن.
گەر لێم دەپرسی چۆن دەڕوانم بۆ ستەمەکانی مرۆڤ و خودای مرۆڤ! من وەک گەردونێک نیم بە گەروی خودادا ڕۆبچم، بە هەناسەیەک بێمە دەرێ و لە بۆشایی

بفرم. نە ئەو کەسەم بە قامچی خودای خۆم تەمێ بکەم کە ویژدانی خۆمە چونکە ئەو من تەمێ دەکات. نە لەو باڵندانەم بە ئاسماندا بفرم و بۆ کرمێ چاو لە زەوی بکەم.
من مرۆڤێکی سەربەستم لە ژیانێکی کۆیلایەتی ئازادیم وەرگرت، من ئەو کۆیلەیە بووم کۆیلەی ئەقڵی خێزان و کۆمەڵگا و سروشت و خودای مرۆڤ، ئازادیم لە ڕێگای دۆزینەوەی خودای گەردوون بوو نەوەک خودای مرۆڤ کە مرۆڤ بۆتە خاوەنی و خودای ئەو. من ئێستا لە دروستکراوەکەی مرۆڤ بەرزتر و بەزەییتر بۆ کۆیلە ئەڕوانم.
ئەوانەی لە کۆیلایەتی دەرناچن هەر یەکجار کۆیلایەتی ئەبینین ئەوانەی لە کۆیلایەتی ڕزگاریان دەبێ یان دەبن بە کۆیلەی شۆرشێک بۆ ئازاد کردنی کۆیلایەتی یان دەبن بە ئازادێکی بێ کاریگەر کە دەبێ بەرەو کۆیلایەتی خۆیان بگەڕێنەوە. من کۆیلەی شۆرشێکی ئازادیم بۆ رزگارکردنی مرۆڤی ژێر ترسی دێودرنجەکانی ئاین، بۆ ئازادکردنی کۆیلەکانی ژێر دەستی سەرمایەداری، ئازادکردنی کۆیلەکانی ژێر دەستی خاک داگیرکەرەکان.
ئەگەر خودای من و خودای ئەوان یەک بێت پێی دەڵێم ئەی خودا ئەگەر پێت ناکرێ و لە دەستت نایە بۆ ڕۆژێک بمخەرە شوێنی خۆت تا بورجی بورجواکان لە بنەوە هەڵتەکێنم تا هەژاری لە بنی بنەوە بنبڕبکەم. ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی و بێمە شوێنی تۆ ڕەنگی پێستەکان دەکەمەوە یەک ڕەنگ، جوانی و ناشیرنم ئاوێتەی یەک دەکرد تا دیدێکی ترم بدابا ئەو گەردونە. لێم گەرێ با ئەو سروشتە ئاسودە بکەم بورکانی ژێر شاخەکان دامرکێنمەوە با ترس لە بەفر بڕەوێنمەوە و درەختی سەر لوتکەکان بروێنمەوە. رێگەم پێ بدە با ئاینێکی تر بێنمە سەر ئەو ئەرزە تا لە ئاشتی و جوانی بە پەیامبەرەکەیدا زیاتر نەنێرم، دڵنیات دەکەمەوە لە فرمێسکی منداڵە هەژارە و بێ باوانەکان دروستی ناکەم، لە جوانی سروشت دروستی دەکەم، لە تۆ زیاتر کەسی تر ناکەمە ئەو پەیامبەرە. لە خۆشەویستی زیاتر بۆ مرۆڤایەتیم لە ڕێگای تۆ زیاتر نەئەنارد، تا ئەوانەی نەفرەت لە خوداش دەکەن تۆیان خۆشبوێ، ئەوساکە تۆم دەخستەوە شوێنی خۆت.
بەڵام دەزانم خودای گەردوون بەمشێویە نییە تا من بەو شێوەیە وەسفی بکەم و سەرزەنشتی بکەم. ئەوان ئەنفالیان کرد بە ناوی خودای گەورە! ئەو خودایە بێ ئاگا بوو لە ستەمکارانی دونیای تاریکی! نەفرەت لەوەی ئەنفالی کرد و پیروپەککەوتەی

جەرگ سوتاو کرد. نەفرەت لەوەی ئەنفالی کرد منالٚ و زارۆکی بێ باوان کرد. نەفرەت لەوەی سروشتی سوتاند بۆ ڕوناکردنەوەی سامانی خۆی، نەفرەت لەوەی ئەو شەڕەی ڕەوا کرد لە پێناوی مێژویەکی خوێناوی پر لە حۆری دلٚشکاو. نەفرەت لەوەی گوێی مێژو کپ دەکات، چاوی قەلٚەم کوێر دەکات، پەڕی سپی بە ناڕاستی ڕەشدەکاتەوە. نەفرەت لە وشەی نەفرەت ئەوەی دروستی کرد و ڕوحی پێدا کرد، نەفرەت لە هەموو وشەیەکی نەفرەتی و کرداری نەفرەتی، نەفرەت لەوەی بیر و وتە و کرداری چاک ئەسڕێتەوە لە جیاتی ئەوان بیری نەفرەتی و وشەی نەفرەتی و کرداری نەفرەتی دەخاتە جێگایان.

**سەرچاوەکان**


1. القرآن
2. القرآن عربی- کوردی (وەرگێرانی مامۆستا هەژار)، نشر احسان.
3. تفسير القران العظيم، / ابن كثير، مكتبة الايمان للنشر و التوزيع المنصورة- أمام جامعة الأزهر. الطبعة الأولى ١٤١٧هـ / ١٩٩٦م. المحقق: طه عبدالرءوف سعد.
4. الجامع لأحكام القرآن، المؤلف : أبو عبد الله محمد بن أحمد بن أبي بكر بن فرح الأنصاري الخزرجي شمس الدين القرطبي (المتوفى: ٦٧١ هـ)، المحقق : هشام سمير البخاري، الناشر : دار عالم الكتب ، الرياض ، المملكة العربية السعودية، الطبعة: ١٤٢٣ هـ/ ٢٠٠٣ م، عدد الأجزاء: ٢٠
5. الإتقان في علوم القرآن، المؤلف : جلال الدين عبد الرحمن بن أبي بكر السيوطي، تحقيق : مركز الدراسات القرانية، المملكة العربية السعودية، وزارة الشؤون الاسلامية و الاوقاف و الدعوة و الارشاد، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف، الامانة العامة، الشؤون العلمية.
دار النشر : دار الفكر - لبنان - ١٤١٦هـ- ١٩٩٦م ، الطبعة : الأولى، عدد الأجزاء / ٢
6. الدر المنثور، المؤلف : عبد الرحمن بن الكمال جلال الدين السيوطي، الناشر : دار الفكر - بيروت، ١٩٩٣، عدد الأجزاء: ٨
7. إرشاد العقل السليم إلى مزايا القرآن الكريم (تفسير أبي السعود - أبو السعود)، المؤلف : محمد بن محمد العمادي أبو السعود، الناشر : دار إحياء التراث العربي - بيروت
عدد الأجزاء: ٩
8. صحيح البخاري، للامام أبي عبدالله محمد اسماعيل البخاري، طبع. نشر. توزع دار الفؤاد، الطبعة الثانية ١٤٢٧هـ / ٢٠٠٦ م.
9. خوێندنەوەی تەورات بە سێ زمان.
10. صحيح مسلم للامام أبي الحسين مسلم بن الحزاز بن مسلم القشيري النيسابوري، طبع. نشر. توزع دار الفؤاد، الطبعة الثانية ١٤٢٧هـ / ٢٠٠٦ م

11. السنن الكبرى للنسائي، للإمام النسائي
12. الجامع الصحيح سنن الترمذي، المؤلف : محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، الناشر : دار إحياء التراث العربي – بيروت ، تحقيق : أحمد محمد شاكر وآخرون، عدد الأجزاء: ٥
13. سنن البيهقي الكبرى، المؤلف : أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، الناشر : مكتبة دار الباز - مكة المكرمة، ١٤١٤ – ١٩٩٤، حقيق : محمد عبد القادر عطا، عدد الأجزاء: ١٠
14. مسند الإمام أحمد بن حنبل، المؤلف : أحمد بن حنبل أبو عبدالله الشيباني، الناشر : مؤسسة قرطبة – القاهرة، عدد الأجزاء : ٦
15. سنن ابن ماجه، المؤلف : محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني، الناشر : دار الفكر – بيروت، تحقيق : محمد فؤاد عبد الباقي، عدد الأجزاء : ٢
16. فتح الباري بشرح صحيح الامام أبي عبدالله محمد بن اسماعيل البخاري، للامام الحافظ أحمد بن علي بن حجر العسقلاني، ٧٧٣ - ٨٥٢ هـ ، تحقيق و تعليق عبدالقادر شيبة الحمد عضو هيئة التدريش بقسم الدراسات العليا بالجامعة الاسلامية سابقا و المدرس بالمسجد النبوي الشريف، الطبعة الاولى ١٤٢١ هـ / ٢٠٠١ م
17. المصنف، تاليف: عبدالله بن محمد بن أبي شيبة، دار الفكر، سنة النشر: ١٤١٤ هـ / ١٩٩٤ م، عدد الاجزاء: ثمانية أجزاء
18. كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، المؤلف : علي بن حسام الدين المتقي الهندي، الناشر : مؤسسة الرسالة - بيروت ١٩٨٩م،
19. المعجم الكبير، المؤلف : سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني، الناشر : مكتبة العلوم والحكم – الموصل، الطبعة الثانية ، ١٤٠٤–١٩٨٣، تحقيق : حمدي بن عبدالمجيد السلفي، عدد الأجزاء: ٢٠
20. الطبقات الكبرى، ابن سعد، اسم المؤلف : محمد بن سعد بن منيع، الكنية : أبو عبدالله، اللقب والنسب : البصري الزهري، الناشر: دار صادر - بيروت، الطبعة ١ - ١٩٦٨ م، عدد الاجزاء: ٨.

21. المستدرک على الصحيحين، المؤلف: محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النسابوري، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت، الطبعة الاولى، ١٤١١ – ١٩٩٠، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، عدد الاجزاء: ٤
22. الاكراد حسب المصادر العربية، ، د. أرشاک بولاديان. نقله الى العربية الدكتور خشادور قصباريان و الاستاذ عبدالكريم ابا زيد. منشورات اكاديمية العلوم في جمهورية ارمينيا السوڤيتيه. معهد الاستشراق –يرڤان. ١٩٨٧
23. هاونەتەوەیی کورد و ماد، حەبیبوڵلای تابانی، وەرگێرانی جەلیل گادانی. چاپی دووهەم ٢٠١٠
24. کوردگال نامەک، ئاخوەند محەمەد سالح زەنگەنە بەلوج، وەرگێرانی هیوا محەمەد زەندی. چاپی یەکەم ٢٠١٢.
25. كورش الاكبر، صالح صابر زغلول، دمشق – القاهرة، الطبعة الاولى ٢٠١١.
26. حدود كردستان الجنوبيه تاريخا و جغرافيا خلال حمسة الاف عام. تأليف: عبدالرقيب يوسف. الطبعة الاولى ٢٠٠٥. الطبع: مطبعة شڤان.
27. ئاڤێستا، نوسینی جەلال ئەمین بەگ، چاپی یەکەم، ١٩٩٩
28. مینۆرسکی و کورد، وەرگێڕانی ئەنوەری سولتانی، چاپی دووهەم ٢٠٠٦، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی.
29. سيرة إبي بكر الصديق، شخصيته و عصره، تأليف: الدكتور علي محمد الصلابي، مؤسسة اقرأ للنشر و التوزيع و الترجمة، الطبعة الاولى: ١٤٢٧هـ – ٢٠٠٦م
30. سيرة أمير المؤمنين علي بن أبي طالب شخصيته و عصره، تاليف: علي محمد محمد الصلابي، مؤسسـ اقراء للنشر و التوزيع و الترجمة، الطبعة الاولى للناشر ١٤٢٦ هـ/ ٢٠٠٥ م
31. الروض الأنف في شرح السيرة النبوية لابن هشام، المؤلف : أبو القاسم عبد الرحمن بن عبد الله بن أحمد السهيلي (المتوفى: ٥٨١هـ)، المحقق : عمر عبد السلام السلامي، الناشر : دار إحياء التراث العربي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٤٢١هـ/ ٢٠٠٠م
32. السيرة الحلبية، وهو الكتاب المسمى ( إنسان العيون في سيرة الأمين المأمون)، علي بن برهان الدين الحلبي، عدد الأجزاء / ثلاثة أجزاء

33. السيرة النبوية، للامام أبى الفداء إسماعيل بن كثير، ٧٠١ - ٧٧٤ هـ ، تحقيق مصطفى عبدالواحد، عدد الأجزاء ٤، ١٣٩٦ ه- ١٩٧٦م
34. السيره النبويه لابن هيشام، أبي محمد عبدالملك بن هشام المعافري، تقديم و مراجعة صدقي جميل العطار، تحقيق و تعليق: سعد محمد اللحام. دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع ٢٠٠٧م، عدد الأجزاء ٤.
35. مناقب أمر المؤمنين عمر بن خطاب للامام أبي الفرج عبدالرحمن ابن الجوزى. دراسته و تحقيق الدكتور السيد الجميلى، دار الكتاب العربي، بيروت-لبنان، ١٤٣١ هـ - ٢٠١٠ م
36. المعاريف لابن قتيبة، أبي محمد عبدالله بن مسلم، حققه و قدم له دكتور ثروت عكاشة، دار المعاريف بمصر، الطبعة الثانية ١٩٦٩.
37. تأريخ الطبري و هو تاريخ الرسول و الملوك و من كان في زمن كل منهم لأبي جعفر محمد بن جرير الطبري المتوفي ٣١٠ هـ، تقديم و مراجعة صدقي جميل العطار، دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع، الطبعة الثانية ١٤٣٣هـ / ٢٠٠٢م ، عدد الأجزاء ١٣
38. البداية و النهاية للحافظ عماد الدين أبي الفداء اسماعيل ابن عمر بن كثير القرشي الدمشقي، تحقيق الدكتور عبدالله بن عبدالمحسن التركي بالتعاون مع مركز البحوث و الدراسات العربية و الاسلامية بدار هجر للطباعة و النشر و التوزيع و الاعلان، الطبعة الاولى ١٤١٧ هـ / ١٩٩٧م. عدد الاجزاء: ٢١
39. العقد الفريد، تاليف: الفقية أحمد بن محمد بن عبدره الاندلسي، بتحقيق محمد سعيد العريان، دار الفكر بيروت، عدد الأجزاء ٨.
40. الكامل في التأريخ، للامام العلامة عمدة المؤريخين أبي الحسن علي بن أبي الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني المعروف بابن الأثير الجزري. المتوفي سنة ٦٣٠ هـ تحقيق أبي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العللمية. بيروت- لبنان. الطبعة الاولى ١٤٠٧ هـ- ١٩٨٧ م.
41. مروج الذهب و معادن الجواهر، الامام أبي الحسن بن علي (المسعودي)، اعتنى به و راجعه كمال حسن مرعى، الطبعة الاولى: ١٤٢٥ هـ / ٢٠٠٥ م. المكتبة العصرية، صيدا -بيروت.

42. عصر الخلافة الراشدة، المؤلف : أكرم بن ضياء العمري، الناشر : مكتبة العبيكان.
43. عبقرية خالد، عباس محمود العقاد، الناشر: دار نهضة؛ مصر للطباعة و النشر و التوزيع، ابريل ١٩٩٩م.
44. كتاب آداب النكاح، الامام أبي حامد الغزالي
45. الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف و الاستشهاد، اقتبسها و صاغها الدكتور صلاح عبدالفتاح الخالدي، دار القلم- دمشق & دار الشامية – بيروت، الطبعة الثانية ١٤٢٠ هـ / ١٩٩٩م.
46. عبقرية عمر، تأليف: عباس محمود العقاد، منشورات المكتبة العصرية، صيدأ - بيروت.
47. موسوعة فقه عمر، تاليف: الدكتور محمد رواس قلعجي، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع، بيروت - لبنان، الطبعة الرابعة ١٤٠٩ هـ - ١٩٨٩ م
48. بريقة محمودية في شرح طريقة محمدية و شريعة نبوية في سيرة أحمدية، المؤلف: محمد بن محمد بن مصطفى بن عثمان، الناشر: مطبعة الحلبى، الطبعة: ١٣٤٨ هـ عدد الاجزاء: ٤
49. ذو النورين عثمان بن عفان، محمد رضا، حققه و علق عليه محمد أمين ضناوي، دار الكتب العلمية بيروت- لبنان، الطبعة الثانية ١٤٢٢هـ / ٢٠٠٢م.
50. خلفاء الرسول، خالد محمد خالد، دار الجليل بيروت، ٢٠٠١م
51. مناهج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية، أبو العباس تقي الدين أحمد بن عبدالحليم ابن تيمية، تحقيق الدكتور محمد رشاد سالم، الطبعة الاولى ١٤٠٦ - ١٩٨٦، الناشر مكتبة ابن تيمية القاهرة، عدد الاجزاء: تسعة أجزاء
52. واعيزەکانی سوڵتان، د. عەلی وەردی، وەرگێرانی عبدوڵلا جەبار، چاپخانەی: گەنج، چاپی سێهەم، سلێمانی ٢٠٠٣.
53. بحار الأنوار، العلامة المجلسي، الناشر: دار إحياء التراث العربي - بيروت - لبنان، عدد الأجزاء: ١١٠
54. تفسير العياشي، محمد بن مسعود العياشي، تحقيق و تصحيح و تعليق: السيد هاشم الرسولي المحلاتي. تصدر لطبعه و نشره السيد الجليل الحاج السيد

محمود الكتابچي و أولاده صاحب المكتبة العلمية الاسلامية. طهران – سوق الشيرازي.
55. الكنى و الألقاب، المؤلف: الشيخ عباس القمي، الناشر: مكتبة الصدر – طهران. عدد الاجزاء: ٣.
56. فرحة الزهراء، المؤلف: أبو على الاصفهاني، الناشر: المؤلف، الطبعة الاولى: ربيع الاول ١٤٢٢ هـ . ق.
57. الصراط المستقيم، علي بن يونس العاملي، المجموعة: مصادر الحديث الشيعية– القسم العام، تحقيق: تصحيح و تعليق: محمد الباقر البهبودي، عدد الاجزاء: ٣، المطبعة الحيدري، الناشر: المكتبة المرتضوية لاحياء الاثار الجعفرية.
58. شذرات الذهب في اخبار من ذهب، ابن العماد الحنبلي، دار الكتب العلمية، عدد الاجزاء: ٨
59. سفينة البحار، تاليف: المحدث الخير و المحقق الجليل المرحوم الشيخ عباس القمي، الناشر: دار الاسوة للطباعة و النشر، المطبعة: اسوه، الطبعة: الثانية، تاريخ النشر: ١٤١٦ هـ ق، عدد الاجزاء: ٨.
60. دقائق التصريف، أبي القاسم بن محمد بن سعد الؤدب، تحقيق: الاستاذ الدكتور حاتم صالح الضامن، المطبعة: دار الشام للطباعة، الطبعة الأولى: ١٤٢٥ هـ / ٢٠٠٤
61. مجمع الزوائد، المؤلف: الهيثمي، عدد الاجزاء: ١٠، المجموعة: مصادر الحديث السنية قسم الفقه، سنة الطبع: ١٤٠٨ – ١٩٨٨م، الناشر: دار الكتب العلمية – بيروت – لبنان.
62. المنجد في اللغة و الأعلام، دار المشرق بيروت، الطبعة الأربعون ٢٠٠٣.
63. لسان العرب ابن منظو ، المؤلف : محمد بن مكرم بن منظور الأفريقي المصري، الناشر : دار صادر – بيروت، الطبعة الأولى، عدد الأجزاء: ١٥.
64. In The Shadow of the Sword, Tom Hollands, Little, Brown printed in 2012

## Table of Contents

ئاش و ئەنفال ........1
سوپاسنامە ........2
پێشەکی چاپی یەکەم و دووەم ........3
ڕوون کردنەوەیەک: ........5
١. خەلیفەکانی ڕاشیدوون ' الخلفاء الراشدون' ........9
١. ١ ئەبوبەکری سدیق (أبوبکر الصدیق) و کەسایەتی ........11
١. ٢ هەڵبژاردنی ئەبوبەکری سدیق ........21
١. ٣. ١ هەڵگەڕاوەکان ........27
١. ٣. ٢ فتح کردن ........41
١. ٣. ٢. ١ فتح کردنی عێراق ........42
١. ٣. ٢. ٢ فتح کردنی شام ........51
١. ٣ کوچی دوای ئەبوبەکر ........56
کورتکراوەی بەشی یەکەم ........60
٢. ٢ ژیانی عومەر پێش ئیسلام ........63
٢. ٣ بە ئیسلام بوونی عومەر ........64
٢. ٤ 'عومەر'ی کوری خەتاب و توندڕەوییەکەی ........67
٢. ٥ عومەری کوڕی خەتاب و دڵنەرمی ........75
٢. ٦ ڕەنگدانەوەی عومەر لەناو قوڕئان ........77
٢. ٧ هەڵبژاردنی عومەری کوڕی خەتاب بە خەلیفەی دووەم ........78
٢. ٧. ١ کارەکانی عمری کوڕی خطاب لەسەر دەمی خەلافەتی ........79

٢. ٧. ٢ لادانی عومەر لەسەر شەرعی ئیسلام ........................84

٢. ٨ عومەر و لەدەستدانی وەحییەکی ئێللا ........................91

٢. ٩ غەزوەکانی عومەری کوڕی خەتاب ........................93

٢. ٩. ١ شەڕی فیحل و داگیرکردنی شام' غزوة فحل و فتح الشام' ......95

٢. ٩. ٢ شەڕی ئەلنەمارق 'النمارق' ........................96

٢. ٩. ٣ شەڕی ئەلسەقاتیع لە کەسکەر 'السقاطیع بکسکر' ........................97

٢. ٩. ٤ شەڕی باروسما ........................97

٢. ٩. ٥ شەڕی پرد ........................97

٢. ٩. ٦ شەڕی بوەیب ........................98

٢. ٩. ٧ تالانی بازاڕی خەنافس 'خنفاس' ........................99

٢. ٩. ٨ شەڕی قادسیە ........................99

٢. ٩. ٩ شەڕی مرج الروم ........................104

٢. ٩. ١٠ شەڕی 'حیمس'حمص ........................105

٢. ٩. ١١ شەڕی قینەسرین 'قِنَّسرين' ........................105

٢. ٩. ١٢ داگیرکردنی چەند ناوچەیەکی تری شام ........................106

٢. ٩. ١٣ داگیرکردنی مەداین ........................107

٢. ٩. ١٤ شەڕی جەلەولا و حلوان و خانەقین ........................109

٢. ٩. ١٥ گرتنی چەند شار و شارۆچکەیەکی تر ........................110.

٢. ٩. ١٦ گرتنی جەزیرە 'الجزیرة' و ئەرمینیا ........................110

٢. ٩. ١٧ گرتنی ئەهواز و مەنازیر'مَنَاذر' و ڕوباری تیرە'تیرَی' و رامهرمز و تەستەر و سوس، گوندەیسابور 'جُنْدَیسَابور' ........................110.

٢. ٩. ١٨ گرتنی میسر و ئەسکەندەریە ........................112

٢. ٩. ١٩ شەڕی نەهاوەند ............................113........................

٢. ٩. ٢٠ داگیرکردنی شاری هەمەدان و رەی و قومس و گورگان و ئازربیجان 114

٢. ٩. ٢١ ڕزگارکردنی بەرقە و تەرابلس ............115..............

٢. ٩. ٢٢ داگیرکردنی باب ...............................115........................

٢. ٩. ٢٣ جەنگی خوراسان .............................116......................

٢. ٩. ٢٤ شەڕی شارەزور .............................117.......................

٢. ٩. ٢٥ گرتنی توج ......................................117.....................

٢. ٩. ٢٦ گرتنی ئەستەخەر و فەسا داربەجرد و سیستان و مەکران 117

٢. ٩. ٢٧ ەەواڵی پەیوەندی لە ئەهواز و کوردەکان. ..118........................

٢. ١٠ کوشتنی عومەر ...................................119......................

٢. ١١ هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر عێراق و شام .........126

کورتکراوەی بەشی سێیەم ............................138......................

٣. ١ عوسمانی کوڕی عەفان 'عثمان بن عفان' ....142.....................

٣. ٢ عوسمان و شێوازی هەڵبژاردنەکەی بۆ خەلیفەی سێیەمی ئیسلام 144

کە لەگەڵ بەیان کردنەوە بە لەش سوکیەوە پێشبرکێ دەکەن بەرەو محصب.145

٣. ٣ کارەکانی عوسمان ..................................149.......................

٣. ٤ غەزوەکانی عوسمانی کوڕی عەفان ...........151..............

٣. ٤. ١ ئەسکەندەریە .......................................151.....................

٣. ٤. ٢ ئاشتی ئەرمەنستان و ئازەربیجان .........152..................

٣. ٤. ٣ شەڕی موعاویە لەگەڵ ڕۆمەکان ...........153..............

٣. ٤. ٤ شەڕی کابول ......................................153......................

٣. ٤. ٥ شەڕی ئەفریقا ...................................153......................

٣. ٤. ٦ هێرشکردن بۆ سەر ئەندەلوس ............155............
٣. ٤. ٧ هەڵگەڕانەوەی چەند ناوچەیەک ............155............
٣. ٤. ٨ قوبرس ............156..........................................
٣. ٤. ٩ شەڕی ئەستەخر ............................157...............................
٣. ٤. ١٠ شەڕی تەبرستان .........................157.............................
٣. ٤. ١١ شەڕی ذات صواري .....................157..........................
٣. ٤. ١٢ کوشتنی یەزدەگورد .....................158..........................
٣. ٤. ١٣ شەڕی خوراسان .........................159.............................
٣. ٤. ١٤ شەڕی کرمان ...........................160.................................
٣. ٤. ١٥ شەڕی سیستان و کابول و ناوچەکانی تر ......................160
٣. ٤. ١٦ سەرکەوتنی تورکەکان و کوژرانی عبدالرحمن کوڕی رەبیع 161
٣. ٤. ١٧ قاران ............162..........................................
٣. ٤. ١٨ شەڕەکانی ساڵی ٣٣ی کۆچی ............163............
٣. ٥ ناکۆکیەکان و ڕووداوی فیتنە ............163...................
٣. ٥. ١ ناکۆکی نێوان نەوەی هاشم و ئومەییە' بني هاشم و بني أمية' 164
٣. ٥. ٢ فەرمانڕەوایی خزمەکانی عوسمان لەسەردەمی خەلافەتیدا ...166
٣. ٥. ٣ أبوذر الغفاري و شۆڕشی یەکسانی ....................169.......
٣. ٥. ٤ عبداللەی کوڕی سەبەء 'عبدالله بن سبأ' ..........................171.
٣. ٥. ٥ هاندانی عائیشە بۆ کوشتنی عوسمان ......................175....
٣. ٥. ٦ چەند ئاژاوەیەکی تر ......................179..........................
٣. ٥. ٧ گرژی نێوان عوسمان و زۆربەی موسوڵمانان .................185
٣. ٦ گەمارۆدانی ماڵی عوسمان .................188.......................

٣. ٧ کوشتنی عوسمان ..................................195......................

٣. ٨ ناشتنی عوسمان کوڕی عەففان ................203.........

کورتکراوەی بەشی چوارەم .............................205.......................

٤. ٢ خەلافەتی علي کوڕی أبي طالب ................208.........

٤. ٣ کارەکانی عەلی کوڕی ئەبی تالیب ..............211............

٤. ٤ ڕووداوی شەڕی جمل .............................216.......................

٤. ٤. ١ ڕووداوەکانی پاش شەڕی 'جمل' ...........225..............

٤. ٥ ڕووداوی شەڕی 'صِفین = سیففەین' .........229.................

٤. ٦ هەڵگرتنی قورئان لەسەر نوکی ڕمەکان ......234...................

٤. ٧ خەوارجەکان ..........................................240...................

٤. ٨ ڕووداوەکانی ساڵی ٣٨ی کۆچی ................244..........

٤. ٩ ڕووداوەکانی ساڵی ٣٩ و ٤٠ی کۆچی .........247...................

٤. ١٠ وردبوونەوەیەک لە ڕووداوەکانی سەردەمی عەلی 250..............

٤. ١٠ . ١ ئایا عەلی دەستی هەبووە لە کوشتنی عوسمان؟ 250...........

٤. ١٠ . ٢ بۆچ عەلی هاوەڵانی لەدەست چوو .....252....................

٤. ١١ کوشتنی عەلی .......................................257....................

کورتکراوەی بەشی پێنجەم .............................258......................

٦. ١ حەسەنی کوڕی عەلی 'حسن بن علي' ........261.................

٥. ٢ خەلافەتی حەسەنی کوڕی عەلی ................261..........

٥. ٣ ڕووداوەکانی پاش دەستبەرداری خەلافەت لەلایەن حەسەن 264....

٥. ٤ کوشتنی حەسەن .....................................265......................

کورتکراوەی بەشی شەشەم ..........................266....................

٦. ١ شیعە و سوننە ........................268........................................
٦. ٢ هۆکارەکانی تەقینەوە و دروست بوونی شیعە ........................272
٦. ٢. ١ هەڵبژاردنی عەلی بۆ خەلیفەی یەکەم ........................273
٦. ٢. ٢ قورەیشییەکان و بنەماڵەی هاشم ...............280...........
٦. ٢. ٣ ئاشووبەکانی نێوان موسوڵمانان ............282.............
٦. ٢. ٣. ١ تێکەڵکردنی کەلتور بە ئاین ............282.............
٦. ٢. ٣. ٢ زویر بوونی فاطمة لە ئەبوبەکر و عومەر ........................287
٦. ٣ تێڕوانینی شیعە بۆ سوننە ..................290........................
٦. ٣. ١ تێڕوانینی شیعە بۆ ئەبوبەکر ..........291.................
٦. ٣. ٢ تێڕوانینی شیعە بۆ عومەر ............293....................
٦. ٣. ٣ تێڕوانینی شیعە بۆ عوسمان ..........301.................
٦. ٣. ٤ تێڕوانینی شیعە بۆ عەلی ...............304......................
٦. ٣. ٥ تێڕوانینی شیعە بۆ موعاویە ..........306.................
٦. ٣. ٦ تێڕوانینی شیعە بۆ عائشة .............309....................
٦. ٤ تێڕوانینی سوننە بۆ شیعە ..................314........................
٦. ٤. ١ تێڕوانینی سوننە بۆ عەلی .............319....................
کورتکراوەی پەرتوکەکەم ...........................321................................
سەرچاوەکان ..........327................................................